عەلی باپیر

ڕێگای صالح بوون و بەرەوخواچوون

تەزکیەی نەفس لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەت دا

چاپی پێنجەم

www.iqra.ahlamontada.com

Scanned by CamScanner

بسم الله الرحمن الرحيم

ڕێگای صالح بوون و بەرەو خوا چوون

Scanned by CamScanner

ڕێگای چاکبوون و بەرەو خوا چوون

تەزکیەی نەفس

لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتدا

چاپی پێنجەم

عەلی باپیر

Scanned by CamScanner

ناوی کتێب: ڕێگای صاڵح بوونو بەرەو خواچوون

ناوی نوسەر: عەلی باپیر

چاپ و بڵاوکردنەوەی: نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن/هەولێر

نەخشەسازی ناوەوە: عزالدین محمد عمر

خەت: نەوزاد کۆیی

بەرگ: ئەمین مخلص

نۆرە و ساڵی چاپ: پێنجەم ١٤٣٣ك – ٢٠١٢ز

تیراژ: ١٥٠٠ دانە

ژمارەی سپاردنی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیریو هونەر/ هەولێر (٦٣٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) پێدراوە

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ
نوسینگەی تەفسیر

نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر تونێلی شیرین پالاس
Mob:00964 750 460 51 22
Tel: 0964 750 26 18 138
www.tafseer-pub.com
tafseeroffice@yahoo.com

Scanned by CamScanner

چاپکردنی ئەم شێوەی کتێبە کاغەزییە بەنرخە بەگوێرەی

توانا و هەل و مەرجی ئێستا و رۆژگارەوە.

وە لە مێژ بوو هیوام وا بوو شێوە چاپکردنێکی

وام بۆ بڕەخسێ کە مایەی بەهرە لێوەرگرتنی زیاتری

خوێنەرانی تێدابێ. جارێ ئێستا سوپاسی خوای بەخشەر

دەکەم کە خۆ نووسینەکەی تەفسیر بەو کارە هەڵکەوتی.

خوا بەرەکەتی بخاتە ئیش و کاریانەوە و کۆمەکیان

بێت، هەمیشە سوپاسیان دەکەم.

عەلی باپیر

بسم الله الرحمن الرحیم

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله محمد وعلى آله

بەندە د. عەلی باپیر، بەڕێزان مامۆستا مخلص و

نەوزاد سینگەیی تەفویزم تەخویل کرد بۆ چاپ و

بڵاوکردنەوەی کتێبەکانم. خوا بەرەکەتی پتر زیاتر

بخاتە ئیش و کاریانەوە.

وە جگە لەوان هیچ کەسێکی تر مافی چاپ و

بڵاوکردنەوەی کتێبەکانی بەندەی نیە.

(واژوو)

عەلی باپیر

١١ ربیع الثانی ١٤٢٦

٢٠٠٥/٥/١٩

هەولێر

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

﴿ وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّىٰهَا ۝٧ فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا
وَتَقْوَىٰهَا ۝٨ قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّىٰهَا ۝٩ وَقَدْ
خَابَ مَن دَسَّىٰهَا ۝١٠ ﴾ الأحزاب

Scanned by CamScanner

پێشکەشە

بەو مسوڵمانانەی کە لە سایەی تەزکیـە بوونیانەوە:

- زەین هۆشیارو .
- دڵ بێـدارو .
- جوان ئاکـارو.
- خۆش ڕەفتارنو .
- بۆ خوای پەروەردگار بەندەی ڕاستو پاکو .
- لەگەڵ براو خوشکانیاندا هەتا بڵێی وەفادارو چاکن.

Scanned by CamScanner

پێشەکی چاپی پێنجەم

إن الحمدَ لِلَّـهِ، نَحمَـدُهُ، وَنَـستَعِينُهُ، وَنَـستَغفِرُهُ، وَنَعُـوذُ بِاللَّـهِ مِـنْ شُـرُورِ أَنْفُسِنَا، وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا، مَنْ يَهْدِهِ اللَّهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا اللَّهُ وَحْدَهُ لا شَرِيكَ لَهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ﴿١٠٢﴾﴾ آل عمران.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ﴿١﴾﴾ النساء.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ﴿٧٠﴾ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ﴿٧١﴾﴾ الأحزاب.

أَمَّا بَعْدُ فَإِنَّ خَيْرَ الْحَدِيثِ كَلَامُ اللَّهِ، وَخَيْرُ الْهُدَى هُدَى مُحَمَّدٍ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، وَشَرُّ الأُمُورِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُل مُحْدَثَةٍ بِدْعَة، وَكُلُّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ[1].

---

١) هذه الخطبة تسمّى (خطبة الحاجة) وهي تُشرَعُ بين يَدَي كل حاجة، رواها كل من: الترمذي برقم: (١١٠٥) وَحَسَّنَهُ، والنسائي برقم: (١٤٠٤)، وابن ماجه برقم: (١٨٩٢)، والطبراني في (الأوسط) برقم: (٢٤١٤)، وأحمد برقم: (٣٧٢٠)، وروى طرفاً منها مسلم في صحيحه.

Scanned by CamScanner

خوێنـەرە بەڕێزو خۆشەویستەکان !

ئەم چـاپەی پێنجەمی ئەم کتێبـە (ڕێگای صاڵح بوون و بەرەو خـوا چـوون) بێجگـە لـە ڕاسـتکردنەوەی هەنـدێك وردە هەڵـەی چاپیـی و چـەند وردە دەسـتکارییەکی کـەم دوو جیـاوازیی دیکـەی سـەرەکی هـەن لەگـەڵ چـاپە پێشـووەکان دا:

یەکەم: سەرجەم فەرمایشتەکان لە سەرچاوە متمانـە پێکراوەکـانی سوننەتەوە (تخریج) کراون، لەلایەن برایەکی گەنجەوە، کە نەیویست ناوی بهێنم، خـوا پاداشتی بداتەوە، کە دیارە ئەو لە ئەسڵ دا بۆ تەرجەمە عەرەبییەکەی ئەو ئەرکەی کێشابوو[١]، بەڵام دوایی (تخریج)ەکانی خستنە سەر ئـەم چاپی پێنجەمە کوردییەش.

شایانی باسیشـە چەند دەقێك کـە لـە ڕووی سـەنەدەوە بێهێـز بـوون، لامان بردن.

دووەم: لە سۆنگەی ئەوەوە کە زیاتر لە دە (١٠) ساڵ بەسەر دوا پێداچوونەوەمدا بۆ ئەم کتێبـە تێپەڕیوە، کە (٢٠٠٠/١٠/٣٠) یە، لە مـاوەی ئـەو یـازدە سـاڵەدا هەورازو نشێوی زۆرم هاتوونەڕێ، کـە کاریگـەرییان لەسـەر حاڵـەتی بـەرەو خواچوونم هەبووە، بە پێویـستم زانـی، ئەگـەر بەکـورتیش بـووە، جارێکی دیکــە دوا بۆچــوون و ســەرنجەکانی خــۆم لەبــارەی تەزکیــەی نــەفس و ســەفەری صــاڵح بــوون و بــەرەو خــوا چــوونەوە تۆمـار بکـەم، بەتایبـەت ئەزموونی بیست و دوو (٢٢) مانگەی زیندانیی کردنم لەلایەن ئەمریکاوە.

هیواداریشم ئەم کتێبە لەم چاپی پێنجەمەی دا – بە زمـانی کـوردی- و لـە چاپە عەرەبیی و فارسییەکەیشی دا[٢]، ئەو ئامانجانەی، کە بۆیان نووسـراوە بـە

---

١) کە ئێستا (دار الحکمة)ی لەندەن سەرگەرمی چاپکردنیەتی.

٢) سوپاس بۆ خوا ئەویش بەڕێوەیە.

Scanned by CamScanner

جوانترین شێوە بیانپێکیو خوای بەخشندە بە بەزەیی بێسنووری خۆی، ئەم کتێبەو سەرجەم بەرهەمەکانی دیکەشم بکاتە مایەی زیاتر تێگەیشتنو چاکتر پێگەیشتنی مسوڵمانان، بەتایبەت چینی تازەپێگەیشوو و گەنجمان لە کوڕانو کچان، کە بێگومان لەم ڕۆژگارەدا لە هەموو کاتێك پتر پێویستییان بە لەخوا نزیکبوونەوەو صالح بوونو نەفس تەزکیەبوون هەیە، چونکە لە لایەکەوە گەردەلوولو ڕەشەبای فەسادو داڕووخانی ڕەوشت و خووی پەسند، ئێستاکە توندتر لە هەر سەردەمو ڕۆژگارێکی پێشوو هەڵیکردوە، لە لایەکی دیکەشەوە تەوژمی ئیسلامیی، خەریکی هەرچی زیاتر دەبێتە جێگای هیواو ئومێدی کۆمەڵگاکانی مسوڵمانانو، بەدیلی ڕژێمە خۆسەپێنە سێکۆلاریستەکان!

دیارە هەر کام لەم دووانەش لەسەر تەوژمی ئیسلامییو ئەندامەکانی بەتایبەتو، مسوڵمانان بەگشتی پێویست دەکەن، کە لەڕووی ئیمانو تەقواو تەزکیەی نەفسو لایەنی مەعنەوییەوە، هەرچی زیاتر خۆیان بەهێزو پێز بکەن تاکو لەبەردەم ڕەشەباو گێژەڵووکەی بەرهەڵدایی و فەساددا، خۆڕاگرو نەلەخشاو بنو، لە بنباری بەرپرسیارێتی پاکسازییو چاکسازیی کۆمەڵگاشدا، جێی متمانەو وەك پێویست و شیاو بن.

خوایە ! بە کەرەمو بەزەیی و چاکەی بێ سنووری خۆت، هەرچی زیاتر ئیمانمان کامڵترو پارێزکارییمان زیاترو خواپەرستییمان چاکترو ڕەوشتو خوومان جوانترو .... سەرەنجام نێزیکیمان لەخۆت زیاتر بکە.

سبحانك اللهم و بحمدك اشهد ان لاّ إله الاّ انت استغفرك واتوب إليك

بەغدا

ئەنجوومەنی نوێنەران

٢٨ صفر ١٤٣٣ - ٢٠١٢/١/٢١

Scanned by CamScanner

پێشەکی چاپی چوارەم

الحمدلله رب العالمين وصلى الله تعالى وسلم وبارك على جميع الأنبياء والمرسلين، خصوصا سيّدهم وخاتمهم محمد إمام المتقين وقائد المجاهدين وآله أجمعين من الصَّحْب والأزواج والقرابة والتابعين لهم بإحسان الى يوم الدين.

خوێنەرە بەڕێزو خۆشەویستەکان !

بەپێویستی دەزانم، کە لە پێشەکی ئەم چاپەی (ڕێگای صالح بوون و بەرەو خوا چوون)دا، کە لەلایەن نووسینگەی تەفسیرەوە ئەنجام دەدرێ، ئاماژە بۆ چەند خاڵێك بکەم:

١/ تەزکیەی نەفس: خاڵی هاوبەشی نێوان سەرجەم مسوڵمانان و ئەهلی ئیمانەو، لەسەر هەر کامیان پێویستە کەم و زۆر بەشك و بەشی تێیدا هەبێ، ئەگەر بیەوێ بە مسوڵمان و ئیماندار لەقەڵەم بدرێ، بەڵگەش لەسەر ئەمە، ئەوەیە کە خوای کاربەجێ سبحانه وتعالى سەرفرازیی (فلاح)ی کردۆتە ئەنجام و بەرهەمی تەزکیەی نەفس. وەك فەرموویەتی:

١- ﴿ وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّىٰهَا ﴿٧﴾ فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَىٰهَا ﴿٨﴾ قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّىٰهَا ﴿٩﴾ وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّىٰهَا ﴿١٠﴾ ﴾ الشمس.

٢- ﴿ قَدْ أَفْلَحَ مَن تَزَكَّىٰ ﴿١٤﴾ ﴾ الأعلى.

Scanned by CamScanner

وشـەی (فـلاح)یـش، کـە ئێمـە بـە (سـەرفرازیی)مـان تەرجەمـە کـردوە، بریتیــە لە:

{بـە ئامـانج و مـراد گەیـشتن و لەخـەم و پـەژارە دەربـازبوونی موتڵەق لـە دنیاو دواڕۆژدا}.

جا لە سۆنگەی ئەوەوە، کـە خـوای زانـاو توانـا (جـلّ شـأنە) ڕایگەیانـدوە، کـە (تزکیـة) سـەرفرازیی (فـلاح) بەرهـەم دێنـێ و، پێچەوانەکەیـشی، کـە (تدسـیة)یــە – واتــە نقـومکردنی نــەفس لــە چڵــک و چـەپەری گونــاح و خەسڵەتە پەستەکاندا- زیانباریی و پەشیمانیی (خیبة) وەدی دێنـێ، کەواتـە: هەر مسوڵمانێك بەتەمای سەرفرازیی و لەخەم ڕەخسین و بەختـەرەوەر بـوون بێ، دەبێ کەم و زۆر پشك و بەشی لـە تەزکیـەدا هـەبێ، ئەگـەرنا بـە مـەرەدی ئەو کەسـە دەچێ، کـە بـەبێ مەلـەزانین خـۆی بـە دەریایـە دادەدات، یـان بـە گیـرفانی خاڵی کەلوپەلـی کڕین سەودا دەکات!

٢/ بـەڵام ئەگـەر (خـۆ تەزکیـەکردن) جارێـك بـۆ مـسوڵمانان بەگـشتی فـەڕزو پێویـست بێـت، ئـەوە بێگومـان بـۆ کەسـانێك، کـە لـە مەیـدانی کـارو چـالاکی ئیسلامییدان و دەیانەوێ خـەڵك و دەوروبەرەکـەیان بەرەو خوا بانگ بکـەن و، فێـری خواپەرسـتیی و دینـداریی بکــەن، چـەندان جـار پێویـستە، چـونکە ئاشکرایە، کە کەسێك شـتێك شـك نـەبات پێـی نابەخـشرێ (فاقد الشيء لا يعطيه)، دیارە پاکسازیی بە پاکان و چاکسازیی بە چاکان و (إصلاح)یش بـە (صالح)ان دەکرێ!

پێویـستبوونی تەزکیـەش بـۆ ئیـشکەران (العـاملین) لـە مەیـدانی کـارو چـالاکی ئیـسلامییدا، وێـڕای مـەرجبوونی بـۆ سـەرفرازیی و بەختـەوەریی دواڕۆژیان، لە دوو ڕووەوەیە:

یەکەم: - وەك پێشتر گوتمان- کەسێك خۆی لەخۆیدا پاك و چاك نەبێ، ناتوانێ پاکسازیی و چاکسازیی لە دەوروبەریدا بکات.

دووەم: کەسێك کەم و زۆر خۆی تەزکیە نەکردبێ، سەختیی و دژوارییەکانی ڕێی خەڵك بۆ لای خوا بانگکردن و فەرمان بە چاکە و ڕێگرتن لە خراپە و...هتد ی پێ تەحەممول ناکرێ و، بەرگەی فشار و کۆسپ و لەمپەر و سەرئێشەکان ناگرێ و دووچاری پەککەوتن و وازهێنان، یان سەرگەردانیی و لادان دەبێ و، کارەکەی نەك هەر بنەتۆ و ناکاتەوە، بگرە زۆریشی لەسەر قەرزدار دەبێتەوە! نموونەی ئەو جۆرە کەسانەش، چ لە مێژووی مسوڵمانان و چ لە واقیعی ئەمڕۆشماندا زۆرن[1].

دیارە ئەم ڕاستییەش یەکێکە لە حیکمەتەکانی ئەو هەموو جەخت کردنەی خوای پەنهانبین (جل وعلا) دەرهەق بە پێغەمبەرەکەی صلی الله علیه وسلم، کە لە چەندان شوێنی قورئانێداو لە سیاقی قسەکردن دەربارەی بانگەوازو هەقبێژیی و فەرمان بەچاکە و ڕێگرتن لە خراپە و تێکۆشان لەڕێی خوادا، فەرمانی پێدەکات بە هەرچی زیاترو چاکتر، لە خوا نزیککەوتنەوەو، پشت بە خوابەستن و، خوا بە پاکگرتن و ستایشکردنی و، زۆر یادکردنی و، سەجدە بۆ بردنی و، شەونوێژکردن و، قورئان خوێندن و، دوارۆژ لەبیربوون و، دنیا بە کەمگرتن و...هتد، وەك لەم ئایەتانەدا دەبینرێ، کە چەند نموونەیەکن لەو بوارەدا:

١- ﴿ كَلَّا لَا تُطِعْهُ وَٱسْجُدْ وَٱقْتَرِب ﴿١٩﴾ ﴾ العلق.

---

١) بە تێوەڕامانی دیاردەی لادان (انحراف)ی ئەو جۆرە کەسانەش بە ڕوونی دەبینرێ، کە خۆشویستنی دنیاو شوێنکەوتنی ئارەزووەکان و خۆدەرخستن و...هتد. لەپشت ئەو نەخۆشییانەوەیەوەن، ئەمانەش هەموویان نیشانەکان (أعراض)ی نەبوونی تەقواو تەزکیەن.

٢- ﴿ وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّكَ يَضِيقُ صَدْرُكَ بِمَا يَقُولُونَ ﴿٩٧﴾ فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَكُن مِّنَ
السَّاجِدِينَ ﴿٩٨﴾ وَاعْبُدْ رَبَّكَ حَتَّىٰ يَأْتِيَكَ الْيَقِينُ ﴿٩٩﴾ ﴾ الحجر.

٣- ﴿ إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْقُرْآنَ تَنزِيلًا ﴿٢٣﴾ فَاصْبِرْ لِحُكْمِ رَبِّكَ وَلَا تُطِعْ مِنْهُمْ آثِمًا
أَوْ كَفُورًا ﴿٢٤﴾ وَاذْكُرِ اسْمَ رَبِّكَ بُكْرَةً وَأَصِيلًا ﴿٢٥﴾ وَمِنَ اللَّيْلِ فَاسْجُدْ لَهُ
وَسَبِّحْهُ لَيْلًا طَوِيلًا ﴿٢٦﴾ ﴾ الإنسان.

٤- ﴿ فَاصْبِرْ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ غُرُوبِهَا
وَمِنْ آنَاءِ اللَّيْلِ فَسَبِّحْ وَأَطْرَافَ النَّهَارِ لَعَلَّكَ تَرْضَىٰ ﴿١٣٠﴾ وَلَا تَمُدَّنَّ عَيْنَيْكَ
إِلَىٰ مَا مَتَّعْنَا بِهِ أَزْوَاجًا مِّنْهُمْ زَهْرَةَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا لِنَفْتِنَهُمْ فِيهِ وَرِزْقُ رَبِّكَ خَيْرٌ
وَأَبْقَىٰ ﴿١٣١﴾ ﴾ طه.

بەڵێ (تەزکیەی نەفس) مایەی:

أ/ سەرفرازیی و بەختەوەریی دوارۆژو،

ب/ سەرکەوتن و پیت و پێز هەبوون لە کارو چالاکی داو،

ج/ سەلامەتیی و پارێزران لە پەککەوتن و ڕووخان و بەزین، یان گەندەڵ بوون و لادان و هەتڵەبوونە، لە مەیدانی تێکۆشان و کارو جموجۆڵی ئیسلامیی دا.

هەر بۆیەش، من هەر کاتێک بابایەک دەبینم، کە لە مەیدانی کارو چالاکی ئیسلامییدا خۆی خەریک کردوە، بەڵام لە خواپەرستییە تایبەتییەکان دا ساردو سڕەو، هیچی لە خەڵکی عەوام زیاد نیە، یەکسەر لە مێشکم دا نیشانەیەکی پرسیاری گەورە پەیدا دەبێ:

Scanned by CamScanner

تۆ بڵێی ئەو بەڕێزە ڕاست بکات، کە لە خەڵکی عەوام زیاتر خوای خۆشدەوێ‌و لێی دەترسێ‌و شەرمی لێ دەکات‌و، لەوان پتر ئیمانی بە ڕۆژی دوایی‌و لێپرسینەوەو بەهەشت‌و دۆزەخ هەیە و...هتد.؟!

ئەدی ئەگەر ڕاست دەکات، بۆچی هیچی لەوان زیاد نیە؟! ئەگەر ڕاستیش ناکات، بۆچی ئیددیعای وادەکات، بابایەك بۆخۆی وێران بێت، چۆن چۆنی غەیری خۆی ئاوەدان دەکات؟!

٣/ وەك چۆن ئەنجام (نتيجة)ێك، کە پەیوەستە بە چەند پێشەکی (مقدمة)یەکەوە، بەبێ ڕێزکردن‌و ئامادەکردنی ئەو پێشەکییانە، چاوەڕوانکردنی شتێکی پووچ‌و ناماقووڵە، بە هەمان شێوەش چاوەڕوانیکردنی هاتنەدی حاڵەتی (تەزکیە)، بەبێ ئامادەکردنی هۆکارەکانی‌و، گرتنەبەری ڕێبازەکانی‌و بەکارهێنانی شێوازەکانی، شتێکی بێجێ‌و خەیاڵێکی بەتاڵە!

جا ئێمە لە دوو توێی ئەم کتێبەدا بە ڕوونیی باسی ئەو بابەتەمان کردوەو خستوومانەتە ڕوو، کە ئینسانی مسوڵمان چۆن چۆنی دەستی لە تەزکیەی نەفس گیردەبێ‌و، ئەو ئامانجە گرنگ‌و گەورەیەی بۆ مەیسەر دەبێ، بۆیە لێرەدا هەر بە کورتی وەك ئاماژەیەك دەڵێم:

هەرکەسێك ویستی خۆی لە (فجور) بزار بکات‌و، بە (تقوى) بڕازێنێتەوەو، ببێتە خاوەنی نەفسێکی پاك‌و چاك (نفس مزكاة) پێویستە:

١) چاو بە تێڕوانین‌و ئیمان‌و عەقیدەیدا بگێڕێتەوە، کە بناغەی دینداریی‌و مسوڵمانەتییەو بەو جۆرەی لێبکات، کە خواو پێغەمبەرەکەی لە قورئان‌و سوننەتدا ڕوونیان کردۆتەوەو بە ڕاست‌و پەسندیان داناوە، چونکە بێگومان ئیمانی ڕاست‌و دروست، بناغەو ڕووح‌و هەوێنی تەقواو تەزکیەیەو، بەبێ وی، ئینسان هەرچەندە خۆی ماندوو بکات‌و ڕەنج‌و

تەقەللا بدات، بێهوودەیەو هیچ بە هیچ ناکات، خوای زاناو تواناش بە پێغەمبەری خوای صلی الله علیه وسلم فەرمووە: ﴿ فَٱعۡلَمۡ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ وَٱسۡتَغۡفِرۡ لِذَنۢبِكَ وَلِلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِۗ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ مُتَقَلَّبَكُمۡ وَمَثۡوَىٰكُمۡ ١٩ ﴾ محمد. وەك دەبینین هەتا فەرمانی پێنەکردوە بە خوا بەیەکگرتن (التوحید)، فەرمانی پێنەکردوە بە داوای لێبوردن لە خواکردن، کە هەنگاوی یەکەمی بۆ خوا صولْحان و تەزکیەی نەفسە !

٢) سەرنجی خواپەرستییەکان(عبادات)ی بدات، بەتایبەت نوێژەکەی، کە کۆڵەگەی مسوڵمانەتییەتی و پەیژەی لەخوا نزیکبوونەوەیەتی لەڕووی:

أ- (خشوع)ەوە، کە ڕووحی نوێژو هەر خواپەرستییەکی دیکەشەو، خوای پەروەردگاریش ڕایگەیاندوە، کە مسوڵمانانی نوێژکەر بە گەردنکەچییەوە، سەرفرازن: ﴿ قَدۡ أَفۡلَحَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ١ ٱلَّذِينَ هُمۡ فِي صَلَاتِهِمۡ خَٰشِعُونَ ٢ ﴾ المؤمنون.

ب- بەجێهێنانی لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا: ﴿ ...إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ كَانَتۡ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ كِتَٰبٗا مَّوۡقُوتٗا ١٠٣ ﴾ النساء، پێغەمبەری خواش صلی الله علیه وسلم کاتێك پرسیاری لێکراوە: چ کردەوەیەك لە هەموو کردەوەیەك باشترە؟! فەرموویەتی: {الصَّلاةُ عَلَى وَقْتِهَا}[1].

ج- پاراستنی پایەو فەرزو سوننەتەکان و بەجێهێنانی بەو شێوەیەی، کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم نوێژی بەرپاکردوە، چونکە خوای کاربەجێ ئەو نوێژکەرانەی بە سەرفراز وەسف کردوە، کە پارێزگاریی لە

١) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ، البُخَارِي برقم: (٥٠٤)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٢٦٤)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (١٧٠) عَنْ عَبْدِ اللّهِ بْنِ مَسْعُودٍ رَضِيَ اللّهُ عَنْهُ.

نوێژەکانیان دەکەن: ﴿ وَٱلَّذِينَ هُمۡ عَلَىٰ صَلَوَٰتِهِمۡ يُحَافِظُونَ ۝٩ ﴾ المؤمنون: پێغەمبەری خواش صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: {صَلُّوا كَمَا رَأَيْتُمُونِي أُصَلِّي}[1].

د- ئەنجامدانی بەکۆمەڵ -واتە هەرکام لە پێنج نوێژە فەرزەکان- چونکە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم نوێژی بە کۆمەڵی بە بیست و حەوت پلە بە چاکتر داناوە لە نوێژی تاک: {صَلاَةُ الْجَمَاعَةِ، أَفْضَلُ مِنْ صَلاَةِ الْفَذِّ بِسَبْعٍ وَعِشْرِينَ دَرَجَةً}[2].

هـ- کردنی نوێژە سوننەتەکان، بەتایبەت شەونوێژ (صلاة الليل)و وەترو ڕەواتیب، چونکە بە سوننەتەکان، کەلێن و کەموکووڕیی فەرزەکان پڕ دەکرێنەوە، وەك لە فەرموودەی پێغەمبەردا صلی الله علیه وسلم هاتوە.

هەروەها سەرنجی سەرجەم جۆرەکانی دیکەی خواپەرستییە شەخسیی و تایبەتییەکانی دیکەی وەك: ڕۆژووگرتن، زیکری خواکردن، پاڕانەوە، قورئان خوێندن...هتد، بدات و بە ئەمیەت پێدانی تایبەتی بەو جۆرو چۆنیەتییەی، کە شەریعەت بۆ هەرکامێکیان دیاری کردوە، ئەنجامیان بدات.

٣) چاو بە هەڵسوکەوت (تعامل)و ڕەوشت و خوویدا بخشێنێتەوە، لە هەموو بوارەکانی ژیانیداو، وردو درشتی بە تەرازوی قورئان و سوننەت هەڵسەنگێنێ و، هەر شتێك لە شەرعدا جێی نەبۆوە، دەستبەرداری بێت و خۆی لێ بەزار بکات.

---

١) رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ برقم: (٦٠٥)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (١٦٥٨) عَنْ مَالِكُ بْنُ الْحُوَيْرِثِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ.
٢) رَوَاهُ مُسْلِمٌ برقم: (١٥٠٩) وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٢٠٥٢) عَنِ ابْنِ عُمَرَ، وَلِلْبُخَارِيِّ مِنْ حَدِيثِ أَبِي سَعْدٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ: {بِخَمْسٍ وَعِشْرِينَ دَرَجَةً}.

Scanned by CamScanner

٤/ تەفاعول کردنیش لەگەڵ کتێبی خوادا - کە مەبەستم پێی ڕاستو دروست خوێندنیو لەبەرکردنیو، چاك لێتێگەیشتنیو بە جیددی پێوەپابەندبوونیەتیو، تاکە ڕێبازی ڕوونو بێچەندو چوونو ڕاستو بێگریو گۆڵی بەرەو خوا چوونو صاڵح بوونو نەفس تەزکیە بوونە، ئەدی ئەوەنیە خوای تبارك و تعالی فەرموویەتی: ﴿ إِنَّ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانَ يَهۡدِي لِلَّتِي هِيَ أَقۡوَمُ وَيُبَشِّرُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ٱلَّذِينَ يَعۡمَلُونَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أَنَّ لَهُمۡ أَجۡرٗا كَبِيرٗا ﴿٩﴾ ﴾ الاسراء.

کەواتە: هەرکەسێك دەیەوێ بەرەو خۆ تەزکیەکردن هەنگاو بنێ، با هەتا پێی دەکرێ لەگەڵ کتێبی خوا (کتاب الله)دا خەریك بێتو، زۆرترین کاتی خۆی بۆ تەرخان بکات، ئاشکراشە، کە بەبێ شوێن پێهەڵگرتنی پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وسلم و، ئاشنایی بە سوننەتو ڕێبازی موبارەکی، چاك لێتێگەیشتنی کتێبی خواو پێوەپابەندبوونی، مەیسەر نابێ، وەك خوای کاربەجێ جل جلاله فەرموویەتی: ﴿ ... وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلذِّكۡرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيۡهِمۡ وَلَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٤٤﴾ ﴾ النحل.

سا خوای پەروەردگارمان ! بەناوە هەرەچاكو پەسندەكانت لێت دەپاڕێینەوە، كە یارمەتیمان بدەی بەهۆی چاك تەفاعول كردنمان لەگەڵ كتێبە بەڕێزو موبارەكەكەتداو، بەهۆی باش شوێن پێهەڵگرتنی پێغەمبەرەكەتەوە صلی الله علیە وسلم، بتوانین خۆمان تەزكیەو پاكو چاك بكەین، تاكو صاڵح بینو بەرەو تۆ بێینو بە دیدارت شاد بین، ئامین.

عەلی باپیر
٣ ڕەمەزان ١٤٢٦ - ٢٠٠٥/١٠/٦
هەولێر

Scanned by CamScanner

پێشەکی چاپی سێیەم

إِنَّ الحَمْدَ للهِ؛ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلْ فَلاَ هَادِيَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ

وَصَلَّى اللهُ وَسَلَّمَ وَبَارَكَ عَلَى سَيِّدِنَا مُحَمَّدٍ الأَمِينِ الْمَبْعُوثِ رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ وَآلِهِ أَجْمَعِينَ مِنَ الصَّحَابَةِ وَالقَرَابَةِ وَالتَّابِعِينَ لَهُمْ بِإِحْسَانٍ إِلى يَوْمِ الدِّينِ.

خوێنەری بەڕێز :

ئەم چاپی سێیەمەی کتێبی (ڕێگای صاڵح بوون و بەرەو خوا چوون) کە نزیکەی یازدە (١١) ساڵ پاش نووسران و چاپی یەکەمیەتی ، لە کاتێك دایە، کە مسوڵمانانی دنیا بەگشتی و مسوڵمانانی کوردستان بەتایبەتی، لە سۆنگەی شەڕو خراپەی دەروونیان و ڕەفتارو کرداری بەدیان لە لایەکەوە، گیرۆدەو دووچاری چەندان گیروگرفت و دەردو نەخۆشی و گرفتاریی و ناهەمواریی بوو ون.

بۆیە پەسندو بگرە بە پێویستیشم زانی، کە چاوێکی جیددی بەم کتێبەدا بگێڕمەوەو گۆڕانکارییەکی گەورەو ڕیشەیی تێدا بکەم، کە لە (ڕێ خۆشکردن)دا ئاماژەم پێکردوە.

بەڵێ، ئێمەی مسوڵمان لە گەرمەی کێشەو قەیرانەکانماندا زیاترو چاکتر تێدەگەین و دڵنیا دەبین، کە وەك خوای زاناو تواناو کاربەجێ فەرموویەتی بۆ گۆڕین و چاکسازی و پاکسازی واقیع و بارودۆخی ناڕێك و پێك و شپرزو

شێواومان، هەر دەبێ لە دەروونی خۆمانەوە دەستپێبکەین و ئاوێک، کە لە سەرچاوە لێڵ و قوڕاو بێت، لە جۆگایە بۆت ڕوون نابێتەوەو، دیواریێکیش، کە لە بناغەوە لارو خوار بێت، لە سەرێڕا بۆت ڕاست نابێتەوە: ﴿... إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا۟ مَا بِأَنفُسِهِمْ...﴾ (١١) الرعد، واتە: خوا حاڵ و باڵ و واقیعی هیچ کۆمەڵێک ناگۆڕێ، هەتا ئەوان دڵ و دەروونیان پێیەوە گیرۆدە بووە، نەیگۆڕن و چاکی نەکەن.

بەڵێ، بەڕاستی بنک و ڕیشەی کردەوەو ڕەفتارە خراپ و ناشەرعییەکانمان لە دڵ و مێشک و دەروونمان دایە، هەربۆیەش پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فێری کردووین، کە بڵێین : {نَعُوذُ بِاللهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا...} .

فاکتەرو هۆکاری تێشکان و بەزین و زەفەر بێبرانیشمان لە بەرانبەر دوژمناندا، بەر لە هەر شتێک هەڵەو ناشەرعیی و کردەوەو سیفەتە خراپەکانمانن، وەک خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ...﴾ (٣٠) الشوری، هەروەها فەرموویەتی: ﴿أَوَلَمَّآ أَصَٰبَتْكُم مُّصِيبَةٌ قَدْ أَصَبْتُم مِّثْلَيْهَا قُلْتُمْ أَنَّىٰ هَٰذَا ۖ قُلْ هُوَ مِنْ عِندِ أَنفُسِكُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ﴾ (١٦٥) آل عمران، واتە: ئایا کاتێک بەڵایەکتان تووش بوو (کە تێشکانە لە جەنگی ئوحوددا) بە سەرسوڕمانەوە گوتتان: ئەوە چۆن و بۆچی و لە کوێوە بوو؟ لە حاڵێکدا کە ئێوەش (لە جەنگی بەدردا) دووقاتی ئەوەتان بەسەر دوژمن هێنابوو، بڵێ - ئەی موحەممەد - ئەوە لەلایەن نەفسی خۆتانەوە بوو، بێگومان خوا لەسەر هەموو شتێک توانادارە.

Scanned by CamScanner

هەروەهـا خوای پەروەردگـار، هەر لەبارەی هۆی تێشکان و پاشەکشەکردنی ژمارەیـەك لـە هـاوەڵانی پێغەمبـەرەوە صـلی الله علیـە وسـلم لـە جەنگـی ئوحـــوددا فەرموویـــەتی: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَوَلَّوۡاْ مِنكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡتَقَى ٱلۡجَمۡعَانِ إِنَّمَا ٱسۡتَزَلَّهُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ بِبَعۡضِ مَا كَسَبُواْۖ وَلَقَدۡ عَفَا ٱللَّهُ عَنۡهُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ حَلِيمٞ ١٥٥ ﴾ آل عمران، واتـە: بێگومـان ئەوانـەتان، کـە لـە ڕۆژی بەرەنگاربوونـەوەی دوو کۆمەڵەکەدا پشـتیان هەڵکردو ڕایان کرد، ئـەوە تـەنیا لـە سۆنگەی ئـەوەوە بوو، کە شەیتان بـەهۆی هەنـدێك لـە گوناحەکانیانـەوە خلیـسکاندنی، بێگومـان خوا لێیان بوردوە، چونکە خوا لێبوردەو هێمنە.

جـا خـوا بـە کـەرەمی خـۆی هیدایـەتمان بـدات، کـە بتـوانین تەزکیـەی نەفسمان بکەین و لـە ڕیشـەو بنکی سیفەتە نـزم و پەسـتەکان (رذائل) پاکی بکـەینەوەو بە بـژار بـڕی تـەقوا بژاری بکـەین و، خۆشمـان بـە سیفەتە بـەرزو جوانــەکان بڕازێنینـــەوە، تـــاکو زەمینـــەی بـــەرەو خـــوا چـــوون و لـــە خـــوا نزیکبوونـــەوەمان خۆشتـــر بکـەین و، لـە سـایەی صـاڵح بـوون و خـۆ پـاك و چاککردنیـشمانەوە سـەرفرازی موتڵـەق و شـەیطـان پـێ نـەوێرانمان: ﴿ إِنَّ عِبَادِي لَيۡسَ لَكَ عَلَيۡهِمۡ سُلۡطَٰنٌ ... ٦٥ ﴾ الإســراء، وە لــە فـێڵ و پیلانـی دوژمنـان پارێزران: ﴿ ... وَإِن تَصۡبِرُواْ وَتَتَّقُواْ لَا يَضُرُّكُمۡ كَيۡدُهُمۡ شَيۡـًٔا... ١٢٠ ﴾ آل عمران. بۆ خۆمان دابین و مسـۆگەر بکەین

١٣ / ڕەجەب/ ١٤٢١ کۆچی

١١ / ١٠ / ٢٠٠٠ زایینی

ئەحمەد ئاوا

Scanned by CamScanner

پێشەکی چاپی دووەم

الْحَمْدُ لله كَمَا يَنْبَغِي لِجَلاَلِ وَجْهِهِ وَعَظِيمِ سُلْطَانِهِ وَصَلّى اللهُ تَعَالى وَسَلَّمَ وَبَارَكَ عَلَى مُحَمَّد النَّبِيِّ الأُمِّي وَآلِهِ الطَّيِّبِينَ وَصَحْبِهِ الأَكْرَمِين والتَّابِعِينَ لَهُمْ بِإِحْسَانِ الواصلين منهم والسائرين.

مسوڵمانی بەڕێزو خۆشەویست !

ئەم کتێبەی بەردەستت، کە بۆ یەکەمجار لە ساڵی (١٤١٠)ی کۆچی نووسراو چاپ کرا، هەوڵێکی بەندە بوو بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێن و بۆشاییە زلەی، کە لە لایەنی مەعنەوییەوە لە کاری ئیسلامیدا هەستی پێدەکرد، جا ئێستاش:

واتە پێنج ساڵ دوای ئەو کاتەی هەرچەندە کارو حاڵەتی ئیسلامیی لە کوردستان و شوێنەکانی دیکەی جیهانی ئیسلامییشدا، بە شێوەیەکی گشتی لەچاو ئەوسا زۆر گەشەی کردووەو بەرەو پێش چووە، بەڵام بەڕای بەندە لەڕووی مەعنەویی و ئەخلاقییەوە ئەو کەلێن و بۆشاییە هەر هەستی پێدەکرێ، بگرە لەگەڵ گەورەبوونی قەوارەو کیانی کارو حاڵەتی ئیسلامیدا ئەویش زلتر بووە !

بۆیە لەسەر داواکردنی چەند برایەکی خەمخۆرو دڵسۆزیش بەپێویستمان زانی، کە لەم قۆناغەدا بەشێوەیەکی فراوانترو چاکتر لە جاری پێشوو (ڕێگای صالح بوون و بەرەو خوا چوون) چاپ و بڵاو بکرێتەوە، پاش دەستکارییەکی کەم لە هەندێ شوێنیدا.

٣٠ / ١١ / ١٩٩٥

Scanned by CamScanner

بۆچی ئەم کتێبەم ناوناوە

ڕێگای صالح بوون و بەرەو خوا چوون ؟!

وەك سەرنجی ئەو ئایەت و فەرموودەو شوێنەواران (آثار)ەم داوە، کە پەیوەستن بە لایەنی مەعنەویی و پاك و چاك (تزکیة)کردنی نەفسەوە، بۆم دەرکەوت و بە تەجرەبەو ئەزموونی کردەیی خۆشم زیاتر حاڵی بووم، کە ئامانج لە پەروەردەکردن و تەزکیەکردنی نەفس، دوو شتە:

یەکەم: چاك و پاك و شایستەبوون و بەکەڵك هاتن و ئامادەبوونی مرۆڤ بۆ نزیکبوونەوە لە خوای میهرەبان و پەروەردگار.

دووەم: شادبوون و گەیشتنی بە دیداری پڕ خێرو خۆشی و پیت و پێزی خوا - سبحانه وتعالی - کە لە دنیادا بریتیە لە ناسینێکی ئەوتۆ، کە چاکترین جۆرە بەندایەتیی و پەرستنی لێ پەیدا دەبێ و، لە دوارۆژیشدا بریتیە لە گەیشتن بە بەهەشتە ڕازاوەو نەبڕاوەکەی و، دیتنی و تێوەڕامانی بە چاوی سەر، وەك فەرموویەتی: ﴿ وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاضِرَةٌ ﴿٢٢﴾ إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٌ ﴿٢٣﴾ ﴾القيامة، پێغەمبەری خواش صلی علیه وسلم فەرموویەتی: {إِنَّكُمْ سَتَرَوْنَ رَبَّكُمْ عِيَانًا}(١). واتە: بێگومان لەمەودوا - لە بەهەشت دا - پەروەردگارتان بە ئاشکرا دەبینن. هەروەها فەرموویەتی: {إِذَا دَخَلَ أَهْلُ الْجَنَّةِ الْجَنَّةَ، يَقُولُ اللَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى: تُرِيدُونَ شَيْئًا أَزِيدُكُمْ؟ فَيَقُولُونَ: أَلَمْ تُبَيِّضْ وُجُوهَنَا ؟

---

١) رَوَاهُ البخاري برقم: (٦٩٩٨).

Scanned by CamScanner

أَلَمْ تُدْخِلْنَا الْجَنَّةَ وَتُنَجِّنَا مِنَ النَّارِ؟ قَالَ: بلى، فَيُرفع الْحِجَاب، فينظـرون الى وجه الله، فَمَا أُعْطُوا شَيْئًا أَحَبَّ إِلَيْهِمْ مِنَ النَّظَرِ إِلَى رَبِّهِمْ عَزَّ وَجَلَّ، ثُمَّ تَلاَ هَـذِهِ الآيَةَ: ﴿لِّلَّذِينَ أَحْسَنُوا۟ ٱلْحُسْنَىٰ وَزِيَادَةٌ ... ﴿٢٦﴾﴾ يونس}[1]، واتە: هەرکات بەهەشتییەکان چوونە بەهەشتەوە، خوا تبارك وتعالى دەفەرموێ: چیتان دەوێ بۆتان زیاد بکەم؟ دەڵێن: ئەدی ڕوومانت نەدرەوشاندۆتەوەو نەتخستووینەتە بەهەشتەوەو لە ئاگر دەرباز نەکردووین؟ دەفەرموێ: با، ئنجا پەردە لادەدرێ‌و تەماشای ڕووی خوا دەکەن، ئیدی هیچ شتێکیان نەدراوەتێ لە لایان خۆشەویستتر بێ لە تەماشاکردنی ڕووی پەروەردگاریان، پاشان ئەمەی خوێندەوە: بۆ ئەوانەی چاکەیان کردوە پاداشتی هەرەچاك‌و زیادەش هەیە...

هەربۆیەش خودای دادگەر دەربارەی کافرو لاڕێبووانی تاوانبار فەرموویەتی:

﴿كَلَّآ إِنَّ كِتَـٰبَ ٱلْفُجَّارِ لَفِى سِجِّينٍ ﴿٧﴾ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا سِجِّينٌ ﴿٨﴾ كِتَـٰبٌ مَّرْقُومٌ ﴿٩﴾
وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿١٠﴾ ٱلَّذِينَ يُكَذِّبُونَ بِيَوْمِ ٱلدِّينِ ﴿١١﴾ وَمَا يُكَذِّبُ بِهِۦٓ إِلَّا كُلُّ مُعْتَدٍ أَثِيمٍ
﴿١٢﴾ إِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِ ءَايَـٰتُنَا قَالَ أَسَـٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿١٣﴾ كَلَّا ۖ بَلْ ۜ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا۟
يَكْسِبُونَ ﴿١٤﴾ كَلَّآ إِنَّهُمْ عَن رَّبِّهِمْ يَوْمَئِذٍ لَّمَحْجُوبُونَ ﴿١٥﴾ ثُمَّ إِنَّهُمْ لَصَالُوا۟ ٱلْجَحِيمِ ﴿١٦﴾﴾
المطففين.

وەك دەبینین، خودای دادگەر دوای ئەوەی باسی هەڵوێستی چەوتی بێبڕوایانی خراپەکار دەکات، لە ئاقار بەرنامەکەیدا، کە بریتییە لە بە ئەفسانە لە قەڵەمدانی ئایەتەکانی قورئان، ئەو ڕاستییە گرنگە دەخاتە ڕوو،

---

١) رَوَاهُ أَحْمَد، برقم: (١٨٩٥٥)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٤٦٧)، وَالتِّرمِذِيُّ، برقم: (٣١٠٥) عَنْ صُهَيْبٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ.

Scanned by CamScanner

کە ئەو کافرە تاوانبارانە لە سۆنگەی کردەوەی خراپ و شوومی خۆیانەوە، دڵو دەروونیان پەردەی ڕەشی تاوان دایپۆشیوەو، گوناح و خراپەکاریی ژەنگ و کەمرەی لەسەر دڵیان پەیداکردوە، ئنجا بە تووڕەیی و تێوەخوڕینەوە ڕایگەیاندوە، کە ئەو بێبڕوا چەتوون و نەگبەتانە، لە ڕۆژی دواییدا پەردەپۆش دەکرێن و لەدیدارو دیتنی خوای میهرەبان بێبەش دەکرێن، ئاخر چۆن خاوەن دڵو دەروونێك شیاوی دیتنی خوایە، کە لە ژیانی دنیایدا بە ژەنگ و کەمرەو چڵك و چەپەری تاوان و خراپەکاریی، ئەو دەروونەی خۆی ڕازاندۆتەوەو بێخێرو بێری کردوە !!

ئنجا جێی سەرنج ئەوەیە، کە خوای پەروەردگار، سزای (بێبەش کران لە دیداری خوا)ی پێش سزای (چوونە نێو ئاگری دۆزەخ) خستووە! ﴿ كَلَّآ إِنَّهُمْ عَن رَّبِّهِمْ يَوْمَئِذٍ لَّمَحْجُوبُونَ ﴿١٥﴾ ثُمَّ إِنَّهُمْ لَصَالُوا۟ ٱلْجَحِيمِ ﴿١٦﴾ ﴾ المطففين. بەڵێ مادام بەپێی فەرمایشتەکەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کە (مسلم) گێڕابوویەوەو پێش تۆزێك نووسیمان، هیچ شتێك چاکترو خۆشەویستتر نەبێ لەلایەن ئەهلی بەهەشتەوە لە (دیتن و بەدیداری خوا شاد بوون)، دیارە بێبەشبوونیش لەو نیعمەتە هەرە بەرزو مەزنە، لە هەموو ئازارو سزاو ئەشکەنجەیەك بێڕەزاترو ئەستەمترە.

جا ئێمە ئەم کتێبەمان ناونا (ڕێگای صاڵح بوون و بەرەو خوا چوون)، چونکە ئومێدمان وایە هەرکەسێك چاك تێی بگات و ڕەفتاری پێبکات، کەمو زۆر پێی صاڵح و چاك دەبێ و، لە ئەنجامی ئەو صاڵح بوونەشدا، شایستەیی ئەوە پەیدادەکات، کە بەرەو ناسینێکی قووڵ و ڕەسەنی خوا هەنگاو بنێ و، لە دنیادا بەچاوی ئەقڵ و دڵو، لە دوارۆژیشدا بەچاوی سەری، خوای بێوێنە ببینێ و، بە دیداری بەرزو پیرۆزی شاد بێت، بەڵێ، هەروەك چۆن پاکیی و چاکیی مەرجی چوونە بەهەشتە، وەك خوای کاربەجێ لەسەر زمانی

Scanned by CamScanner

فریشتەکانی بە بەهەشتییەکان دەفەرموێ: ﴿ وَسِيقَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟ رَبَّهُمْ إِلَى ٱلْجَنَّةِ زُمَرًا ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا وَفُتِحَتْ أَبْوَٰبُهَا وَقَالَ لَهُمْ خَزَنَتُهَا سَلَٰمٌ عَلَيْكُمْ طِبْتُمْ فَٱدْخُلُوهَا خَٰلِدِينَ ﴿٧٣﴾ ﴾ الزمر، واتە: وە ئەوانەی پارێزیان لە پەروەردگاریان کردوە، دەستە دەستە بەرەو بەهەشت بەرێخران، جا کاتێک هاتنەلای‌و، دەرگاکانی کرانەوە، وە فریشتە بەهەشتەوانەکان پێیان گوتن: سەلامتان لێبێ، ئێوە پاک‌و چاکن، دەجا بە هەمیشەیی تێیدا نیشتەجێ ببن، بە هەمان شێوەش، چونە نێو بەهەشتی ناسین‌و پەرستنی خواوە، پەکی لەسەر ئەو چاکیی‌و پاکیی یە کەوتوە.

Scanned by CamScanner

ڕێ خۆشکردن

خوێنەرە سەنگین و شیرینەکان !

ئەم کتێبەی بەردەستتان لەم چاپی پێنجەمەیدا باس و بابەتەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە ڕیزکراون:

بەشی یەکەم: پێناسەو گرنگیی و پلەوپایەی تەزکیەی نەفس، کە سەرەتا تیشك خراوەتە سەر هەر کام لەم وشەو زاراوانە: (التزكية)، (الإحسان)، (التصوف)، (السير والسلوك).

پاشان گەورەیی و گرنگیی تەزکیەی نەفس و، پلەوپایەی لە ئاین و بەرنامەی بێهەڵەو پەڵەی خوای کاربەجێ دا خراوەتە ڕوو.

بەشی دووەم: قۆناغەکانی ڕێگای صاڵح بوون و بەرەو خواچوون، کە ئەم شەش قۆناغەن:

١- تۆبەکردن و پاك بوونەوە:

چونکە خوا پاکەو پاکیی خۆشدەوێ و، ئینسان هەتا لە چڵك و چەپەری خراپەو تاوانان خاوێن نەبێتەوە، تەنانەت شایستەی بەرەو خواچوونیشی نیە، چ جای لێ نزیککەوتنەوەو بە دیدار شادبوونی !

٢- زانایی و چاوڕوون بوونەوە:

چونکە بێگومان خوای بەرزو نەمر تەنیا، لەسەر تیشکی زانیاری و زانستدا دەناسرێ و دەپەرسترێ، دیارە پاپای ڕێبواریش پاش خۆشۆردن و

Scanned by CamScanner

ئامادەبوون بۆ سەفەری، دەبێ هەتا تەواو لەو ڕێیە، کە پێیدا دەڕوات، شارەزاو بەرچاوڕوون نەبێ، بەڕێ نەکەوێ.

٣- ئیخلاص و یەکلابوونەوە:

لە سۆنگەی ئەوەوە، کە نیازپاکیی و تەنیا خوا پێمەبەست بوون، بۆ هەر کاروبارێك بناغەیە، کاکڵە، هەوێنە، هەناوە، کەواتە بابای ڕێبوار (سالك)ی ڕێی بەرەو خوا چوون، نابێ یەك هەنگاو هەڵێنێ، هەتا تەواو دڵنیاو مسۆگەر نەبێ، کە ڕووی دڵی بەس لە خوایەو، جگە لە ڕەزامەندیی وی، هیچ نیەت و مەبەستێکی دیکەی مەعنەویی و ماددیی لە دڵ نەگرتوەو، ڕووی لە هیچ قیبلەیەکی دیکە نەکردوە.

٤- پارێزکاریی و وردبوونەوە:

کە بەڕاستی جەرگ و هەناوو کاکڵ و جەوهەری ڕێگای ناوبراوە، وەك دواتر ڕوونی دەکەینەوە.

٥- ئیحسان و بەرزبوونەوە:

چونکە پاش هاتنەدی خەسڵەتی بەرزو کۆکەرەوەی پارێزکاریی، ئینسانی مسوڵمان دەتوانێ بەردەوام سەرگەرمی پێهەڵاچوون و بەرزبوونەوەو نزیکبوونەوە بێت.

٦- دەوام و ساردنەبوونەوە (الإستقامة):

کە قۆناغی کۆتایی ئەو سەفەرە مبارەك و پڕ خێرو بەرەکەتەیە، چونکە بێگومان دەوام و پشوودرێژیی و کۆڵنەدان، مەرجی پێویست و حەتمی بەئاکام گەیشتنی هەر کارێکە.

Scanned by CamScanner

بەشی سێیەم: توێشووی ڕێگای صاڵح بوون و بەرەو خوا چوون.

کە لە (٨) خاڵدا (٥٢) وەسیلەو هۆکاری گەورەو گرنگی صاڵح بوون و لەخوا نزیککەوتنەوەمان باسکردوون و، کەم و زۆر کورتە توێژینەوەیەکمان لەسەر کردوون.

بەشی چوارەم: بەرچ و کۆسپەکانی سەر ڕێگای بەرەو خوا چوون.

لەم بەشەشدا لە هەشت (٨) خاڵاندا، سەرجەم ئەو کۆسپ و تەگەرەو لەمپەرە سەرەکییانەی، کە دەبنە مایەی لەخوا دوورخستنەوەی ئینسان و لەڕێ لادانی، بەخێرایی تیشکیان خراوەتە سەر.

بەشی پێنجەم: ڕوونکردنەوەی چەند ڕاستییەك و، ڕاستکردنەوەی چەند هەڵەیەك لە بواری تەزکیەو تەصەووفدا.

لەم بەشەشدا لە دە (١٠) خاڵاندا چەند ڕاستییەکی گرنگ خراونە ڕووو، چەند هەڵەیەکی بێڕەزاو کوشندەش، کە بە ناحەق خزێندراونە نێو بازاڕی تەزکیەی نەفس و (تصوف)ی ڕەسەنەوە، ڕاستکراونەوەو بە تەرازووی شەرع و عەقڵ کێشراون و لە مەحەك دراون.

بەشی شەشەم: دوایین سەرنج و بۆچوونەکانم لەمەڕ تەزکیەی نەفسەوە:

کە لە چەند خاڵێکی کوشراودا تێبینی و سەرنجەکانم لەوبارەوە خستۆتەڕوو.

بەشی حەوتەم: ئەزموونی تایبەتی و کردەیی خۆم سەبارەت بە تەزکیەی نەفس، کە لەم بەشەشدا لە چەند خاڵێکی جۆراوجۆردا ئەزموونی خۆم لەوبارەوە نووسیوە، بەڵکو ببنە مایەی زیاتر بەرچاوڕوونیی خوشك و برایانی دیندارو ئیسلامییم بەگشتی لەڕووی موسڵمانەتیی و دینداریییەوەو، بە تایبەتیش لەبواری تەزکیەی نەفسەوە.

Scanned by CamScanner

بەشی هەشتەم: دوا سەرنجم لەبارەی تەزکیەی نەفسەوە پاش یازدە (١١) ساڵی ڕابردوو .

لەم بەشەشدا بە کورتیی و گوشراویی، دوا تێبینی و سەرنجەکانم لەبارەی نەفسەوە دەخەمە ڕوو، ئاماژەیەکیش بە ماوەی زیندانیی کرانم لەلایەن ئەمریکاوەو کاریگەریی ئەوە لە بواری بەرەو خوا چوون دا، دەکەم.

لە کۆتایی ئەم ڕێخۆشکردنەشدا ڕوو لە خوێنەر دەکەم و دەڵێم:

عەزیزم !

ئومێدەوارم و لە خوای بەخشەر داواکارم، کە تۆش وەك خواناسان و ڕێبوارانی ڕێی خواپەرستیی، بە گوڕو تین و عەزمی پۆڵایین و دڵی پڕ لە ئەوینەوە، بەرەو خوا بکەویتە ڕێ و سەفەری خێرت بێ و، سەرجەم قۆناغەکان ببڕی و هەڵبوێری و، لە ئاکامدا ببیە مسوڵمانێکی کامڵی بەمراد گەیشتووی بەدیداری خوا شاد بوو !

ئنجا سوور سووریش بزانە، کە پێگەیشتنی تۆو هاووێنانت خوا یاربێ سەرچاوەی لاچوونی گیروگرفتمانە، چونکە خوا گفت و بەڵێنی داوەو فەرموویەتی: ﴿ وَلَقَدْ كَتَبْنَا فِي الزَّبُورِ مِن بَعْدِ الذِّكْرِ أَنَّ الْأَرْضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ الصَّالِحُونَ ﴿١٠٥﴾ ﴾ الأنبياء، واتە: بێگومان پاش تەوڕات لە زەبووردا نووسیومانە، کە، بەندە چاکەکانم زەوی بە میرات دەگرن.

بەڵێ بە ئەندازەی صاڵح بوونمان خوا (إصلاح)ی حاڵی خەڵکیمان بۆدەکات، بە تەعبیرێکی دیکە، بە بارتەقای خۆگۆڕینمان، واقیع و خەڵکیشمان بۆ دەگۆڕێ، وەك خوای زاناو دادگەر فەرموویەتی: ﴿ ...إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا مَا بِأَنفُسِهِمْ... ﴿١١﴾ ﴾ الرعد.

Scanned by CamScanner

دەجا هاودینی شیرینم!

ئەگەر بەتەماین خوا لێمان ڕازی بێت، بەهۆی ئەنجامدانی ئەرکی سەرشانمانەوە، با هەتا زووە لە چاککردنی خۆمان وەخۆ بکەوین و دەستبەکار بین، بەڵکو بەر مژدەی خوا بکەوین و، هەم سەرزەمینی ئەم دنیاو، هەم هی بەهەشتیش بەمیرات بگرین.

Scanned by CamScanner

www.iqra.ahlamontada.com

بەشی یەکەم:

پێناسەو پلەوپایەو گرنگیی تەزکیەی نەفس

Scanned by CamScanner

١- پێناسـە:

لـە سـۆنگەی ئـەوەوە کـە هەرکـام لـە وشـەو زاراوەکـانی: (التزکیـة)، (الإحسان)، (التصوف)، (السیر والسلوك) بۆ پێناسـەو ناوونیـشانی لایـەنی ڕووحیـی مەعنـەویی بەکـارهێنراون، بەپێویـستی دەزانم چـەمكو واتـای هـەر کامێکیان بەکورتی بخەمە ڕوو:

أ- (التزکـیة): کـە وشـەیەکی قورئـانییەو بـە چـەندان صیغە لـە قورئانێـدا هـاتوە، کورتـەی واتایەکەی بریتیـە لـە (گەشـەکردنو پێـز تێـزان)و (پـاكو پوختە بوون)، بە تەعبیـرێکی سادە: تەزکیە بریتیە لە (چاکیی و پاکیی).

(راغب الأصفهاني) لەوبارەیەوە گوتوویەتی[1]:

{زکا: أصل الزکاة النمو الحاصل عن برکة الله تعالی ویُعتبر ذلك بالأمور الدنیویة والأخرویة، یقال: زکا الزرع یزکو اذا حصل منه نمو وبرکة... وبزکاة النفس وطهارتها یصیر الإنسان بحیث یستحق في الدنیا الأوصاف المحمودة وفي الآخرة الأجر والمثوبة، وهو أن یتحرّی الإنسان ما فیه تطهیره، وذلك یُنسب تارة الی العبد لکونه مکتسبا لذلك في الحقیقة، نحو ﴿ قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّىٰهَا ۝٩ ﴾ الشمس، وتارة یُنسبُ الی الله تعالی، لکونه فاعلاً لذلك في الحقیقة، نحو ﴿ ...بَلِ ٱللَّهُ يُزَكِّي مَن يَشَآءُ ... ۝٤٩ ﴾ النساء، وتارة الی النبّي لکونه واسطة في وصول ذلك الیهم، نحو ﴿ ...تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِم بِهَا ... ۝١٠٣ ﴾ التوبة }.

---

١) (مفردات ألفاظ القرآن)، ص: (٢١٨).

Scanned by CamScanner

کەواتــە:

تەزکیەبوونی نەفس، بریتیە لە بژارکران و پاککرانەوەی لە خووو خدەو خەسـڵەتە پـیس و بـەدەکان و چـاك بـوون و ڕازێنرانــەوەو گەشـەپێدان و پێگەیـەنرانی، بـەهۆی تێداخـەملێنران و چەسـپێنرانی خەسـڵەت و ئاکـارە بەرزو پەسـەندەکان، بـە تەعبیــری ئـەهلی عیــرفان (التخلیة من الرذائل والتحلیة بالفضائل).

ب- (الإحسـان): کە ئەمیش بە چەندان صیغە لە قورئانێدا هاتوە، لە ئەسڵی زماندا بەمانای چاککردن دێ‌و، لە زاراوەی شەرعیشدا پێغەمبـەری خـوا صلی الله علیه وسـلم ئـاوا پێناسـی (إحسان)ی کـردوە: {الإِحْسَانُ: أَنْ تَعْبُدَ اللَّهَ كَأَنَّكَ تَرَاهُ، فَإِنْ لَمْ تَكُنْ تَرَاهُ فَإِنَّهُ يَرَاكَ}[1]، واتە: ئیحسان ئەوەیە، کە بە جۆرێك خـوا بپەرسـتی، وەك بیبینـی، بێگومـان ئەگـەر تـۆش نـەتبینی ئـەو دەتبینێ.

ئاشـکراشـە، کە ئەم جۆرە دینداریی و خواپەرستییکردنە، کە پێغەمبـەری خوا صلی الله علیه وسلم بە (الإحسـان) ناوی دەبات، کـە ئەهلـی عیــرفان و تەصـەوف پێـی دەڵێن: (الایمـان الـشهودي)، گـەورەترین بەرهـەم و زادەی تەزکیەی نەفسـەو لووتکـەی هەرەبەرزی مسوڵمانەتیی شـەخصییە.

ج- (التصـوّف) : ئەم وشـەیە، کە لە سەرجەم وشـەو زاراوەکانی دیکە بـاوترە، لـە هـیچ کـام لـە دەقەکـانی قورئـان و سـوننەتدا نەهـاتوەو زیـاتر ئەهلـی ڕێبازەکانی تەصـەووف بۆ خۆیانیان بەکارهێنـاوە.

---

١) رَوَاهُ أَحْمَد برقم: (٣٦٧)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٥٠)، وَمُسْلِمٌ بـرقم: (١٠٢)، وَابْـنُ مَاجَـهْ بـرقم: (٦٤) وَابْنُ خُزَيْمَة برقم: (٢٢٤٤)، وَغَيْرُهُم عَنْ عُمَر بْنُ الْخَطَّاب رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ.

Scanned by CamScanner

ئنجا لەوبارەیەوە، کە ئایا وشەی (تصوف) لە چییەوە هاتووەو چۆن چۆنی پەیدا بووە؟!

زاناو توێژەرەوان بیروڕای جیاجیایان هەن، بۆ وێنە (إبن تیمیة) لەوبارەوە گوتوویەتی: {وشەی (صوفی) لە سێ وەچەکان (القرون الثلاثة)دا باو نەبووە.

لەبارەی چۆنیەتی پەیدابوونیەوە ڕاجیایی هەیە: گوتراوە پاڵ دراوەتە لای (أهل الصُّفة)، بەلام ئەوە هەڵەیە، ئەگەرنا دەبوو گوترابایە (صُفّيّ)، هەروا گوتراوە: پاڵدراوە لای ڕیزی پێشەوەی نوێژ، بەلام ئەمیش هەڵەیە، چونکە ئەگەر وابوایە، دەبوو گوترابایە (صفّي)، گوتراویشە پاڵ دراوەتە لای خەڵکی هەڵبژاردەی خوا (الصفوة من خلق الله)، بەلام ئەمیش هەڵەیە، چونکە ئەگەر وابوایە دەبوو بگوترێ: (صَفَويّ).. هەروەها گوتراوە:- کە ئەمەش باوترە - پاڵدراوەتە لای پۆشینی بەرگی خوریی (الصّوف)، چونکە سەرەتا تصوف لە (بەصرا) سەریهەڵداو یەکەمین کەسیش، کە خانولکەیەکی بۆ صۆفیان دروست کرد، هەندێ لە هاوەڵانی (عبدالواحد بن زید) بوون، کە ئەمیش لە هاوەڵانی حەسەنی بەصڕایی بوو.

خەڵکی بەصڕا لەنێوان هەموو شارەکانی دیکەدا بەوە باوبوون، کە زیادڕۆییان لە زوهدو خواپەرستییو لەخواترسانو ئەو شتانەدا دەکرد، بۆیە دەگوترا (فقه کوفي وعبادة بصرية).

(ابو الشیخ الأصفهاني) لە (محمد بن سیرین)ی گێڕاوەتەوە، کاتێك پێی گەیشتوە، کە کۆمەڵێك دەبەرکردنی پۆشاکی خوریی (صّوف) بەچاکتر دادەنێن، گوتوویەتی: (کۆمەڵێك هەن بەرگی خوریی دەپۆشنو دەڵێن وەك

مەسیحی کوڕی مەریەم دەکەن! بەڵام ڕێ و شوێنی پێغەمبەری خۆمانمان بەلاوە چاکترە، دیارە پێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم بەرگی لۆکەو غەیری ئەویشی دەبەر دەکرد)}[١].

بەڵام خاوەنی (الفتوحات الإلهية شرح المباحث الأصلية)[٢] دەربارەی چۆنیەتی پەیدابوونی وشەی (صوفی) ڕایەکی دیکەی هەیە، کە لە دوو توێی ئەم شیعرەی (ابو الفتح البَسْتي)دا خستوویەتیە ڕوو:

تخالف الناس في الصوفي واختلفوا
جهلا وظنوا أنه أشتقٌ من الصــوّف
ولست أمنحُ هذا الإسم غير فتـــى
صافى فصوفيّ حتى سُمّي صـــوفي

ئەوە لەبارەی چۆنیەتی سەرهەڵدانو داتاشران (إشتقاق)ی وشەو زاراوەی صۆفیو تەصەووفەوە، بەڵام لەبارەی کاکڵو نێوەڕۆكو ماهیەتی تەصەووفەوە، ئەوە ئەهلی عیرفانو تەصەووف دەیان جۆرە پێناسەیان ڕێز کردوون، کە لەیەکەوە نزیکنو لەڕووو لایەنی جۆراوجۆرەوە، سەرنجی بابەتەکەیان داوە، بۆ وێنە (ابن القيم الجوزية) لە (ابوبكر الكتاني)یەوە هێناویەتی، کە گوتوویەتی: {التصوف خُلُق فمن زاد عليك في الخُلُق زاد عليك في التصوف}[٣].

---

١) بڕوانە: مجموع الفتاوى، ج: (١١)، ص: (٦، ٧).
٢) بڕوانە: پەراوێزی (ايقاظ الهم في شرح الحكم)، ص: (٣٦).
٣) بڕوانە: (مدارج السالكين)، ج: (١)، ص: (٤٦٥).

Scanned by CamScanner

هەروەها لەبارەی تەصەووفەوە گوتراوە: (هو تجريد القلب عما سوى الله تعالى)، بەلام بەڕای من تێرو تەواوترین پێناسە بۆ وشەو زاراوەی ناوبراو، ئەوەیە کە خاوەنی (الفتوحات الإلهية..) نووسیویەتی[١]: {وهذه الطريقة هي طريقة الصوفية وهي مَوْضوعة لكيفية تهذيب القلوب وتصفيتها من الرذائل وتحليتها بالفضائل، لتتهيأ بذلك المعرفة الحق تعالى المعرفة الحقيقية التي هي معرفة العيان بطريق الذوق والوجدان}، واتە: ئەم ڕێبازە بریتیە لە ڕێبازی صۆفییەکان، کە بە مەبەستی ڕێكو پێككردنو بژارکردنی دڵو دەروونەکان لە خەسڵەتە بەرزەکان دانراوە، بۆئەوەی لە سۆنگەی ئەوەوە دڵەکان ئامادەو شایستەی ناسینی خوابن، ناسینێکی ڕاستەقینە، کە بریتیە لە ناسینی شهوودیی و ئاشکرا لەڕێی چێژتنو هەستپێکردنی مەعنەویی یەوە.

هەروەها لە شوێنێکی دیکەدا هەر لەوبارەوە نووسیویەتی[٢]: { مقصود التصوف تصفية البواطن حتى يكون العبد على حالةٍ يرضاها الله ورسوله ظاهراً وباطناً، وأيضاً مقام التصوف هو مقام الإحسان الّذي فسّره الرسول صلى الله عليه وسلم، بقوله: ((أن تعبد الله كأنك تراه...)) وذلك لا يصحُ بدون ما تقع به العبودية والتعبد من عقائد الإيمان وأعمال الإسلام، فهما ظاهره وهو باطنهما، فلا قيام لهما إلاّ به، ولا صحّة له بدونها، فهو كالروح وهما كالجسد، فالروح لا تقوم بغير جسد والجسد لا يقوم بغير روح، ولذلك قال الإمام مالك: من تفقّه ولم يتصوف فقد تفسّق، ومن تصوف ولم يتفقه فقد تزندق، ومن تفقه

---

١) بروانە: ص: (٣٦).

٢) بروانە: ص: (٩٠، ٩١).

وتصوف فقد تحقق..}، واته: ئامانجی تەصەووف پاككردنەوەی دەروونە، بەجۆرێك كە بەندە بچێتە حاڵێكەوە، كە خواو پێغەمبەرەكەی لێی ڕازیی بن لە ڕواڵەتو پەنهانی.. هەروەها پایەی تەصەووف پایەی ئیحسانە، كە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بە ((أن تعبد الله كأنك تراه..)) تەفسیری كردوە، جا بێگومان ئەوەش نایەتە دی، مەگەر بەوەی، كە بەندایەتییو خواپەرستیی پێ وەبەر دەكەوێو دروست دەبێ، لە پایەو بەشەكانی ئیمانو كردەوەكانی ئیسلام، كەواتە: ئیمانو ئیسلام ڕواڵەتی ئەمنو ئەمیش نێوەڕۆكیانە، ئەوان بەبێ ئەم نایەنە دیو، ئەمیش بەبێ ئەوان دروست نیەو دانامەزرێ، ئەم وەك ڕووحو ئەوانیش وەك جەستەن، دیارە هیچ كام لە ڕووحو جەستەش، بەبێ یەكدی نابن، هەربۆیەش ئیمام مالیك گوتوویەتی: هەركەسێك شارەزایی هەبێو تەزكیەی نەبێ، بەرەو لاڕێبوون دەچێ، هەركەسێك تەزكیەی بێ شارەزایی هەبێ، سەری لە زەندەقەوە دەردەچێ، بەڵام ئەو كەسەی هەركام لە شارەزایی ئاینو تەزكیەی دەروون كۆبكاتەوە، ئەوە بێگومان گەیشتۆتە حەقیقەت.

د- (السَّير والسُّلوك): ئەم دوو وشەیەش، كە لە ئەسڵدا لەیەك جیانو یەكەمیان بەمانای (بەڕێگادا ڕۆیشتن)و، دووەمیان بە مانای (هەڵسوكەوتو ڕەفتار) دێت، وە لە عورفی بەكارهێنانی ئەهلی عیرفانو تەصەووفدا، مەگەر چۆن، دەنا هەر پێكەوە بەكاردێنو، وەك یەك زاراوەیان لێ هاتوە، كە مەبەست پێیان جۆرو چۆنیەتی ڕەفتارو هەڵسوكەوتو، بەڕێی دیندا ڕۆیشتنو بەرەو خوا چوونی ڕێبوارانی ڕێی دینداریو خواناسینە.

یەكێك لە نووسەرە هاوچەرخەكان لەبارەی وشەی (السير الى الله) نووسیویەتی[١]: {السير الى الله يعني: انتقال من نفسٍ غير مزكاة الى

---

١) بڕوانە: (تربيتنا الروحية) سعيد حوى، ص: (٧٥)، ط: (١)، ١٩٧٩.

نفس مزكاة، ومن عقل غير شرعي الى عقل شرعي، ومن قلب كافرٍ او منافق أو فاسق أو مريض أو قاس، الى قلب مطمئن سليم، ومن روحٍ شاردة عن باب الله غير متذكرة لعبوديتها وغير متحققة بهذه العبودية، الى روح عارفةٍ بالله قائمة بحقوق العبودية له، ومن جَسَدٍ غَيْر منضبط بضوابط الشرع، الى جسم منضبط انضباطاً كاملاً بشريعة الله، وبالجملة من ذات أقل كمالاً الى ذاتٍ أكثر كمالاً، في صلاحها وفي اقتدائها برسول الله صلى الله عليه وسلم قولا وفعلاً وحالاً}، واته:

مەبەست لە (بەرەو خوا چوون) گواستنەوەیە لە نەفسێکی تەزکیە نەبووەوە بۆ نەفسێکی تەزکیەکراوە، لە عەقڵێکی پابەند نەبوو بە شەرعەوە بۆ عەقڵێکی پابەند بە شەرعەوە، لە دڵێکی کافرەوە، یان مونافیق، یان لارێ، یان نەخۆش، یان ڕەقەوە، بۆ دڵێکی ئارامگرتووی ساغ و تەواو، وە لە ڕووحێکی لەقاپی خوا یاخی، بەندایەتیی خوا فەرامۆشکەری، گوێ بەخواپەرستیی نەدەر، بۆ رووحێکی خواناسی مافی بەندایەتی بۆ خوا جێبەجێکەر، لە جەستەیەکی بەرهەڵداوە بۆ جەستەیەکی پەیوەست بە سنوورەکانی شەریعەتی خواوە، بەشێوەیەکی گشتی لە کامڵ نەبوونییەوە بۆ کامڵ بوونی تەواو، وە لە چاکبوونی و لە شوێن پێ هەڵگرتنی پێغەمبەری خوادا صلى الله عليه وسلم، لە هەرسێك بواری قسەو کردەوەو حاڵ و سیفەتدا.

ئێستاش، کە هەتا ڕاددەیەك چەمك و واتای هەرکام لە (تەزکیەو ئیحسان و تەصەووف و سەیرو سولووك)مان بۆ ڕوونبۆوە، با بچینە سەر خاڵی دووەمی ئەم بەشە.

Scanned by CamScanner

٢- گرنگـیی و پلەوپایەی تەزکیەی نەفس:

وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، هەرکام لە وشەکانی (التزكية) و (الإحسان)، لە دەقەکانی قورئان و سوننەتدا بە سیغەی جۆراوجۆر بەکارهێنراون، بۆیە بە سەرنجدانی چەند دەقێکی قورئان و سوننەت، کە دوو وشەی ناوبراویان تێدا هاتوون، لە گرنگیی و پلەوپایەو تەزکیەی نەفس شارەزا دەبین:

أ/ تەزکیە:

یەك: تەزکیەی نەفس، یەکێکە لە چوار ئەرکە هەرە گەورەو گرنگەکانی پێغەمبەری کۆتایی محمد صلی الله علیه وسلم، خوای کاربەجێ لە چوار شوێنی قورئانیدا، ئەرك و کاری پێغەمبەری خۆی صلی الله علیه وسلم لەنێو ئوممەتەکەیدا، لە چوار شتاندا کورت هەڵهێناوە بەمجۆرە:

﴿ رَبَّنَا وَٱبۡعَثۡ فِيهِمۡ رَسُولٗا مِّنۡهُمۡ يَتۡلُواْ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَيُزَكِّيهِمۡۚ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ﴿١٢٩﴾ ﴾ البقرة.

﴿ كَمَآ أَرۡسَلۡنَا فِيكُمۡ رَسُولٗا مِّنكُمۡ يَتۡلُواْ عَلَيۡكُمۡ ءَايَٰتِنَا وَيُزَكِّيكُمۡ وَيُعَلِّمُكُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَيُعَلِّمُكُم مَّا لَمۡ تَكُونُواْ تَعۡلَمُونَ ﴿١٥١﴾ ﴾ البقرة.

﴿ لَقَدۡ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ إِذۡ بَعَثَ فِيهِمۡ رَسُولٗا مِّنۡ أَنفُسِهِمۡ يَتۡلُواْ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمۡ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَإِن كَانُواْ مِن قَبۡلُ لَفِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٍ ﴿١٦٤﴾ ﴾ آل عمران.

Scanned by CamScanner

﴿ هُوَ ٱلَّذِی بَعَثَ فِی ٱلۡأُمِّیِّـۧنَ رَسُولࣰا مِّنۡهُمۡ یَتۡلُوا۟ عَلَیۡهِمۡ ءَایَـٰتِهِۦ وَیُزَكِّیهِمۡ وَیُعَلِّمُهُمُ ٱلۡكِتَـٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَإِن كَانُوا۟ مِن قَبۡلُ لَفِی ضَلَـٰلࣲ مُّبِینࣲ ۝٢ ﴾ الجمعة.

بەڵێ هەرکام لە:

- خوێندنەوەی ئایەتەکانی خوا..
- تەزکیەکردن (واتە: پاککردنەوەی نەفس و چاککردنی و گەشەپێدان و بەرەو پێش بردنی).
- فێرکردنی بەرنامەی خوا (کە مەبەست بنچینە و دەستوورەکانی شەریعەتە).
- فێرکردنی لێزانیی و کارامەیی بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی خوا، یان فێرکردنی خەسڵەت و ئاکارە بەرز و پەسندەکان.

ئەرکە گەورە و بنەڕەتییەکانی پێغەمبەری کۆتایین لەنێو ئوممەتدا.

دوو: بەهۆی تەزکیەوە ئینسان سەرفرازیی و بەختەوەریی ڕاستەقینەی دنیا و قیامەتی چنگ دەکەوێ، وەك خوای بەرز و مەزن فەرموویەتی: ﴿ وَنَفۡسࣲ وَمَا سَوَّىٰهَا ۝٧ فَأَلۡهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقۡوَىٰهَا ۝٨ قَدۡ أَفۡلَحَ مَن زَكَّىٰهَا ۝٩ وَقَدۡ خَابَ مَن دَسَّىٰهَا ۝١٠ ﴾ الشمس.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿ قَدۡ أَفۡلَحَ مَن تَزَكَّىٰ ۝١٤ ﴾ الأعلى.

سێ: ئینسانی خاوەن تەزکیە، لە شوێن کەوتنی شەیتان و خراپە و تاوان دوورو پارێزراو دەبێ، وەك خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ یَـٰۤأَیُّهَا ٱلَّذِینَ ءَامَنُوا۟ لَا تَتَّبِعُوا۟ خُطُوَ ٰتِ ٱلشَّیۡطَـٰنِۚ وَمَن یَتَّبِعۡ خُطُوَ ٰتِ ٱلشَّیۡطَـٰنِ فَإِنَّهُۥ یَأۡمُرُ بِٱلۡفَحۡشَاۤءِ

وَٱلْمُنكَرِۚ وَلَوْلَا فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُۥ مَا زَكَىٰ مِنكُم مِّنْ أَحَدٍ أَبَدًا وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يُزَكِّي مَن يَشَآءُۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٢١﴾ ﴾ النور، واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! بە دوای هەنگاوەکانی شەیتان مەکەون، هەرکەسێك شوێن هەنگاوەکانی شەیتان بکەوێ، ئەوە بێگومان (شەیتان) فەرمان بە شتی ناقۆڵاو خراپە دەکات، وە ئەگەر چاکەو بەزەیی خوا بەسەرتانەوە نەبووایە، هەرگیز هیچ کامێکتان تەزکیە نەدەبوون، بەڵام خوا هەرکەسێکی بوێ تەزکیەی دەکات.

چوار: هەموو ئینسانێك پێویستی بە تەزکیە هەیەو پەکی لەسەرکەوتوە، جا ئەگەر مسوڵمان بێت، بۆ زیادکردنی تاعەتو لە خوا نزیکبوونەوەو بەرزبوونەوە: ﴿ عَبَسَ وَتَوَلَّىٰٓ ﴿١﴾ أَن جَآءَهُ ٱلْأَعْمَىٰ ﴿٢﴾ وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّهُۥ يَزَّكَّىٰٓ ﴿٣﴾ ﴾ عبس، واتە: ڕوی گرژکردو وەرچەرخا، لەبەرئەوەی کوێرەکە هاتە لای، جا تۆ چوزانی ! دەبینی خۆی تەزکیە دەکرد !

دیارە مەبەست لە تەزکیە لێرەدا بۆ (ابن ام مکتوم) خوا لێی ڕازی بێت، گەشەکردنی ئیمانو زیادکردنی تەقواو تاعەتە، وە ئەگەر کافرو بێدین بێت، بۆ فڕێدانی کوفرو شیرکو نیفاقو، خۆڕازاندنەوە بە ئیمانو تەوحید، وەك دەفەرموێ: ﴿ أَمَّا مَنِ ٱسْتَغْنَىٰ ﴿٥﴾ فَأَنتَ لَهُۥ تَصَدَّىٰ ﴿٦﴾ وَمَا عَلَيْكَ أَلَّا يَزَّكَّىٰ ﴿٧﴾ ﴾ عبس، واتە: بەڵام بابایەك، کە خۆی پێ بێنیازە، تۆ پێیەوە سەرگەرم دەبی ! دەجا ئەگەر خۆشی تەزکیە نەکات، تۆ چ زیانێك دەکەی !! کە ئەوە بێگومان مەبەست پێی سەرانی کوفرو شیرکی خەڵکی مەککەیەو، تەزکیەی ئەوانیش و هەر کەسێکی دیکەی وەك وانیش، قوتاربوونیانە لە کوفرو شیرکو، ئیمان هێنانو خوا بەیەکگرتنیانە.

Scanned by CamScanner

ب/ ئیحسان:

یەک: ئیحسان لوتکەی هەرە بەرزی دینداریی و خواپەرستییە: {الإحْسَان أنْ تَعْبُدَ اللهَ كَأنَّكَ تَرَاهُ..}[1]، ﴿ وَمَنْ أَحْسَنُ دِينًا مِّمَّنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُۥ لِلَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ... ﴿١٢٥﴾ ﴾ النساء.

دوو: ئیحسان لەلایەن بەندەوە، کە لەقەدەر خۆیەتی، بە ئیحسان لەلایەن خواوە، کە شایستەی ویەیە، پاداشت دەدرێتەوە: ﴿ هَلْ جَزَآءُ ٱلْإِحْسَـٰنِ إِلَّا ٱلْإِحْسَـٰنُ ﴿٦٠﴾ ﴾ الرحمن.

سێ: خوای دادگەرو بەخشەر ئەو کەسانەی خۆشدەوێن، کە خاوەنی ئیحسانن‌و، بە لەگەڵ بوونی تایبەتییش لەگەڵیانە ﴿ ... وَإِنَّ ٱللَّهَ لَمَعَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٦٩﴾ ﴾ العنكبوت.

چوار: ئیحسان خەسڵەتێکی کۆکەرەوە (جامع)ەو، پایەیەکی هێندە بەرزو مەزنە، کە لەسەر شتێک‌و دوو شت، یان لایەنێک‌و دوان کورت هەڵنەهاتوەو، سەرجەم شتە چاک‌و پەسەندەکان‌و تێکڕای لایەن‌و بوارەکانی دینداریی‌و مسوڵمانەتیی کۆدەکاتەوە، ئەوەتا خوای پەروەردگار لە وەصفی ئەو بەندە هەڵبژاردانەی، کە بە (محسنین) ناوی بردوون، چەندان خەصڵەتی گەورەو پەسندی ڕیزکردوون: ﴿ إِنَّ ٱلْمُتَّقِينَ فِى جَنَّـٰتٍ وَعُيُونٍ ﴿١٥﴾ ءَاخِذِينَ مَآ ءَاتَىٰهُمْ رَبُّهُمْ ۚ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَبْلَ ذَٰلِكَ مُحْسِنِينَ ﴿١٦﴾ كَانُوا۟ قَلِيلًا مِّنَ ٱلَّيْلِ مَا يَهْجَعُونَ ﴿١٧﴾ وَبِٱلْأَسْحَارِ هُمْ يَسْتَغْفِرُونَ ﴿١٨﴾ وَفِىٓ أَمْوَٰلِهِمْ حَقٌّ لِّلسَّآئِلِ

---

١) رَوَاهُ أحْمَد برقم: (٣٦٧)، وَالبُخارِيُّ برقم: (٥٠)، وَمُسْلِمٌ برقم: (١٠٢)، وَابْنُ مَاجَة برقم: (٦٤) وَابْنُ خُزَيْمَة برقم: (٢٢٤٤)، وَغَيرهُم عَنْ عُمَر بْنُ الخَطَّاب رَضِيَ اللهُ عَنْهُ.

Scanned by CamScanner

وَٱلْمَحْرُومِ ﴿١٩﴾ الـذاريات، واتــە: بێگومــان پارێزگــاران لــەنێو باغــان و سەرچــاوان دان، ئــەو نیعمەتانــەی، کــە پــەروەردگاریان پێــی داون وەریــان دەگرن، بێگومان ئەوانــە لەوەپێش چاکــەکار بوو، عــادەتیان وابوو کەمێــك نەبێ لە شــەوگار نەدەخەوتن، دەمــەو بەیانیــانیش داوای لێبــوردنیـــان لە خوا – دەکــردو لە ماڵ و ســامانیاندا مــافی ســواڵکەرو بێبــەش دابــین کرابوو.

پێغەمبەری کۆتاش ﷺ لەوبارەوە فەرموویــەتی: {إِنَّ اللَّـهَ عَـزَّ وَجَـلَّ كَتَـبَ الإِحْسَانَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ، فَإِذَا قَـتَلْتُمْ فَأَحْسِنُوا الْقِتْـلَةَ، وَإِذَا ذَبَحْتُمْ فَأَحْسِنُوا الذَّبْـحَ، وَلْيُحِـدَّ أَحَـدُكُمْ شَـفْرَتَهُ، وَلْيُـرِحْ ذَبِيحَتَـهُ}[1]، واتــە: بێگومــان خــوا پێویستی کردوە هــەموو شتێك بەچاکیی ئــەنجام بــدرێ، جــا ئەگــەر یــەکێکتان نێچیــرێکی کوشــت، بــا بــە ڕێکــیی بیکــوژێت، وە ئەگــەر شتێکــتان ســەربڕی، بــە جوانی سەریببــڕن، بــا یەکێکــتان - کــە شــتێك ســەردەبڕێ – تیغەکــەی تیــژ بکات، وە با زوو سەربڕاوەکەی ئاسوودە بکات.

جا لەمەوە دەگــەینە ئەنجامێکی زۆر گرنگ، سەبارەت بە تەزکیەی نەفــس و ئیحــسان، ئــەویش ئەوەیــە، کــە تەزکــیەو ئیحــسان، دوو نــاون بــۆ یــەك حەقیقــەت و شــتێکی زیــادەش نین لە ئیمــان و ئیســلام.

چونکە وەك لــە فەرموودەکــەی پێغەمبــەردا، کــە (مــسلم) لــە (عمــر بــن الخطــاب)ەوە خــوا لــێی ڕازی بێــت، دەردەکــەوێ، کــە بــە (حــدیث جبــریل) ناسراوە، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە کۆتاییەکــەیدا فەرموویــەتی: {هَـذَا

١) رَوَاهُ أَحْمَد برقم: (١٧١٥٤)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٥١٦٧)، وَأَبو دَاوُدَ برقم: (٢٨١٤)، والتِّرمِذِيُّ برقم: (١٤٠٩)، وَقَالَ: حَسَنٌ صَحِيحٌ، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٤٤٠٥)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٣١٧٠)، وَالبَزَّار برقم: (٣٤٦٨) عَنْ شَدَّادِ بْنِ أَوْسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ.

Scanned by CamScanner

جِبْرِيلُ أَتَاكُمْ يُعَلِّمُكُمْ دِينَكُمْ} ، پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لە وەڵامی هەر کام لە پرسیارەکانی (أَخْبِرْنِي عَنِ الإِسْلاَمِ) و(أَخْبِرْنِي عَنِ الإِيْمَانِ)دا پێنج پایەکانی ئیسلام (شایەتمان، نوێژ، زەکات، ڕۆژوو، حەج)و شەش پایەکانی ئیمان (بڕوا بە خوا، فریشتەکانی، کتێبەکانی، پێغەمبەرانی، ڕۆژی دوایی، قەزاو قەدەر)ی خستوونەتە ڕوو، بەڵام لە وەڵامی پرسیاری (فَأَخْبِرنِي عَنِ الإِحْسَانِ)دا هیچ شتێکی زیادەی لە پایەو بەشەکانی ئیسلام‌و ئیمانی باس نەکردوە !

کەواتە:

تەزکیەی نەفس، ئیحسان، تەصەووف، عیرفان، سەیرو سولووك، کە سەرجەمیان پێناسەو ناوونیشانی یەك حەقیقەتن، کە بریتیە لە (لایەنی مەعنەویی‌و پەنهانی مسوڵمانەتیی‌و خواپەرستیی)، لەڕووی ژمارەو قەبارەو چەندێتی (العدد والحجم والكمية)یەوە، هیچ شتێکی زیادە ناخاتە پاڵ ئایین‌و بەرنامەی خوا، بەڵام لە ڕووی نێوەڕۆك‌و چۆنیەتی‌و دەروونیی (الماهية والكيفية والباطنية)ەوە، رووحێك بەبەر تێکڕای ئایین‌و سەرجەم پایەو بەشەکانی ئیسلام‌و ئیماندا دەکات، کە پێی دەبن بە شتێکی دیکەو، دەچنە ئاستێکی دیکەی یەکجار بەرزو باڵاوە، کە:

١/ ئیمان لە قۆناغی زانیاری‌و بەڵگەوە، دەگەیەنێتە دوندی بەرزی چێژتن‌و دیتن (الذوق والمشاهدة)! دیارە مەبەست سەرجەم پایەکانی ئیمانە، نەك تەنیا ئیمان بەخوای بێوێنەو هاوتا.

٢/ ئیسلام‌و تاعەت لە حاڵەتی هەست بە قورسیی کردن‌و (تكلف)ەوە، دەگۆڕێ بۆ حاڵەتی چێژ لێ وەرگرتن‌و (تشرّف) [١].

---

١) واتە: شانازیی پێوە کردن‌و هەست کردن بە زیادبوونی ڕێزو حورمەت.

Scanned by CamScanner

٣/ عەقڵو دڵ لە حاڵەتی پەرشو بڵاویی‌و سەرقاڵییەوە، دەگۆڕی بۆ حاڵەتی کۆبوونەوەو خۆشحاڵیی !!

٤/ سەرباری ئەوەی، کە هەرچی ڕەگو ڕیشەو خشپو خاڵی خەسڵەتە پیس‌و نزمەکان (رذائل)ە، زەوی دڵو مێشکیان لـێ گەسك دەدات‌و لایان دەبات، بەپێچەوانەشەوە، خونچەی گوڵی سەرجەم ڕەوشتە بەرزو پەسەندەکان (فضائل) دەپشکوێنێ‌و دەخەملێنێ‌و...هتد.

بەکورتی:

لە ئەنجامی تەزکیەبوونی نەفس‌و گەیشتن بە پایەی بەرزی ئیحسانەوە، هەرکام لە ئیمان‌و ئیسلام، بە هەموو پایەو بەش‌و کارو چالاکییەکانیانەوە، حەقیقەت‌و جەوهەرەکەیان لە ئینساندا دێتەدی، هەروەها حەقیقەت‌و جەوهەری هەر کام لە خوا بەیەکگرتن (توحید)و پارێزکاریی (تقوی)و بەندایەتییکردن (عبودیة)و ئیخلاص‌و پشت بەخوابەستن (توكل)و خۆڕاگرتن (صبر)و سوپاسگوزاریی (شکر) و...هتدیش بە هەمان شێوە، کە ئەمانەو گەلێ شتی دیکەش هەر لە جوغزو بازنەی فراوانی ئیمان‌و ئیسلام‌و ئایینی خوای پەروەردگاردان.

کەواتە:

هەم با ئەو کەسانەی، کە بە خەیاڵی خۆیان لایەنگری تەزکیەو تەصەووف دەکەن، بەڵام وادەزانن کە تەصەووف‌و ڕێبازەکانی لە شەریعەت جیان‌و، وێڕای شەریعەت، تەریقەتیش پێویستە بۆ چاك دینداریی کردن‌و چاك خواپەرستن، بزانن‌و، هەم ئەو کەسانەش، کە بە بیانووی دژایەتیکردنی شتی پڕوپووچ‌و ئەفسانـاویی‌و داهێنراوەکانی زۆر لە شوێنکەوتووانی سادەو نەزانی ڕێبازەکانی تەصەووف، هەستیاری (حساسیة)یان نەك تەنیا بە وشەی صۆفی‌و تەریقەت،

Scanned by CamScanner

بگرە بە وشەی تەزکیەو زیکرو فیکریش پەیدا کردوەو، بەهۆی ئەو هەڵوێستە عاتیفیی و سەرکێڵانەیانەوە خۆیان لە گەلێك گەوهەرو مرواریی دەریای دەوڵەمەندی عیرفان و تەصەووف بێبەش کردوەو، بەهۆی ئەو خۆ دوورگرتن و هەستیارییە ناماقووڵانەوەو، لە کاردانەوەی ئەهلی تەریقەتدا، تا ڕاددەیەکی زۆر ئەو لایەنە گرنگ و گەورەیەی ڕووحیی و مەعنەویی یەیان فەرامۆش کردوە، با بزانن، کە یەکەمیان گیرۆدەی دەردی تێپەڕاندن (افراط)و دووەمیشیان دووچاری نەخۆشی بەزایەدان (تفریط) بووە، هەڵوێستی ڕاست و شەرعییش هەر ئەوەیە، کە بە عەقڵ و ویژدانێکی ساغ و سەلیمەوە، تەرازووی قورئان و سوننەت، بۆ کێشان و هەڵسەنگاندنی هەر مەسەلەیەك بەدەستەوە بگرین و، زۆر وریابین بەهۆی خۆشویستن و بوغزاندنی خەڵکەوە، تووشی نادادگەریی و بێویژدانیی و بەهەڵەداچوون و لادان نەبین.

Scanned by CamScanner

www.iqra.ahlamontada.com

بەشی دووەم:

قۆناغەکانی

ڕێگای صالح بوون و بەرەو خوا چوون

Scanned by CamScanner

قۆناغی یەکەم: تۆبەکردن و پاك بوونەوە

مسـولمانی بەڕێز !

قۆنـاغی یەکـەمین و یەکـەم هـەنگاوی بـەرەو خـوا چـوونت، ئەوەیـە، کـە تۆبەیەکی ڕاست و ساغ لەگەڵ خـوادا بکـەی و پـەیمانی بەندایـەتی لەگـەڵ نـوێ بکەیـەوەو، بەڵـێنێکی ڕاسـتی پـێبـدەی، بـەڵکو لـە هـەموو هەڵـەو پەڵـەکانی رابردووت پاکت بکاتەوەو بتشوات و، بتباتە ڕیـزی ئـەو کەسانەی، کـە خوا لـە وەسـفیاندا فەرموویـەتی: ﴿...إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلتَّوَّٰبِينَ وَيُحِبُّ ٱلۡمُتَطَهِّرِينَ ٢٢٢﴾ البقـــرة، واتـــە: بێگومـــان خـــوا تۆبـــەکارانی خۆشـــدەوێت، هـــەروەها خـــۆ پاککەرەوانیشی خۆشدەوێت.

ئنجـا کـە ئەمـەت کـرد، مانـای وایـە یەکـــەمین خەسـڵەتی ئـەو کۆمەڵـە بـڕواداره هەڵبژاردەیـەت لەخۆتـدا هێناوەتـە دی، کـە خـوا هەڵیاندەبـژێرێ بـۆ نوێکردنەوەو هێنانەوەی ئـایین و بەرنامـەی خـۆی ﴿فَسَوۡفَ يَأۡتِي ٱللَّهُ بِقَوۡمٖ يُحِبُّهُمۡ وَيُحِبُّونَهُۥٓ ٥٤﴾، کە خوا خۆشی دەوێن و سەرەنجام خوا خۆشـی دەوێ.

جا ئێسـتا بەرلـەوەی بچینـە سـەر ڕوونکردنـەوەی چۆنیەتی و ماهیـەتی ئـەو گەڕانـەوە (توبـة)یـە، وای بەچـاك دەزانم نـەختێك گرنگیـی و بایـەخیی بخەینە ڕوو:

مسـولمانی خۆشـەویسـت !

هـەروەك چۆن هـەتا دەسـتنوێژت نـەبێ و، جەسـتەو جـل و بەرگـت و ئـەو شوێنەی، کە لەسەری ڕادەوەستی پاك نەبێ، بۆت نیە نوێژ بکـەی، وە هـەروەك چۆن هەتا لـە لەشپیسیی خۆت پـاك نەکەیـەوە، ڕێـی چوونە نێـو مزگـەوت و

دەست لە قورئان دانت نیە، وە هەروەك چۆن هەتا جووتیار زەوییەكەی نەكێڵێ‌و هەڵینەوێژێری، هیچی تێدا ناچێنێ، بەهەمان شێوەش، هەتا لە بێدەستنوێژیی سەرگەرم بوون بە دنیاوەو، لە لەش پیسیی خراپەو تاوانەكانو، لە گژو گیاو چرپو چاڵی سیفەتە بەدەكانو خووخدە پیسەكان، پاك نەبیەوە، مەودای بەرەو خوا چوونو لەخوا نزیكبوونەوەت نیە، چونكە بە دیداری خوا شادبوون، ئامانجو مەبەستێكی یەكجار بەرزو پیرۆزەو ﴿لَّا يَمَسُّهُۥٓ إِلَّا ٱلْمُطَهَّرُونَ ﴿٧٩﴾﴾ الواقعة، واتە: پاكبووەوان نەبێ دەستیان نایگاتێ[١].

هەر بۆیەش خوای زاناو میهرەبان تۆبەكردنی بە یەكەمین خەسڵەتی سەرەكی ئەو بڕوادارانانە داناوە، كە سەرو ماڵی خۆیان بەخوا فرۆشتوە: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ ٱشْتَرَىٰ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ أَنفُسَهُمْ وَأَمْوَٰلَهُم بِأَنَّ لَهُمُ ٱلْجَنَّةَ ۚ يُقَٰتِلُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ فَيَقْتُلُونَ وَيُقْتَلُونَ ۖ وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا فِى ٱلتَّوْرَىٰةِ وَٱلْإِنجِيلِ وَٱلْقُرْءَانِ ۚ وَمَنْ أَوْفَىٰ بِعَهْدِهِۦ مِنَ ٱللَّهِ ۚ فَٱسْتَبْشِرُوا۟ بِبَيْعِكُمُ ٱلَّذِى

---

١) یەكێك لە خواناسانی دڵ بێدار لەوبارەیەوە فەرموویەتی: ((كیف يشرق قلب صُور الاكوان منطبعة في مرآته؟ أم كيف يَرْحَل القلب الى الله وهو مكبل بشهواته؟ أم كيف يدخل الحضرة ولم يتطهر من جنابة غفلاته؟ أم كيف يفهم دقائق الأسرار وهو لم يتُب من هفواته؟!))، واتە: چۆن دڵێك ڕووناك دەبێتەوە، كە وێنەی دروستكراوەكان لە ئاوێنەكەیدا تۆماركراوە (لەبەر خورما نایەرژێتە سەر خوا)، یان چۆن دڵێك كە بە كۆتو زنجیری ئارەزووەكانی داپێچراوە دەتوانێ بەرەو خوا بچێ، یان چۆن دڵێك ڕێی دەكەوێ بچێتە خزمەت دیداری خوا، كە جارێ خۆی لە لەشپیسیی‌و كەمتەرخەمییەكانی پاك نەكردۆتەوە؟ یان چۆن بە تەمایە لە نهێنییە وردەكان حاڵی بێ، كە جارێ لە وردە هەڵەكانی نەگەڕاوەتەوە؟!

بڕوانە: (إيقاظ الهمم في شرح الحكم)، ب: (٢)، ل: (٤٦٢).

Scanned by CamScanner

بِأَيۡعۡتُم بِهِۦۚ وَذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ﴿١١١﴾ ٱلتَّٰٓئِبُونَ ٱلۡعَٰبِدُونَ ٱلۡحَٰمِدُونَ
ٱلسَّٰٓئِحُونَ ٱلرَّٰكِعُونَ ٱلسَّٰجِدُونَ ٱلۡأٓمِرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَٱلنَّاهُونَ
عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَٱلۡحَٰفِظُونَ لِحُدُودِ ٱللَّهِۗ وَبَشِّرِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿١١٢﴾ ﴾ التوبة.

دیسان هەر بۆیەش پێغەمبەری دانامان صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: {الطَّهُورُ شَطْرُ الإِيمَانِ}[1]، واتە: پاکیی نیوەی بڕوایە، هەڵبەتە لێرەدا وشەی (طهور) ئەگەر پاکیی ڕواڵەتیش بگرێتەوە، زیاتر پاکیی مەعنەویی مەبەستە، چونکە دەگونجێ مرۆڤ ڕواڵەتی لە هەموو کەس پاك و خاوێنتر بێ و، هێندەی دەنکە خەرتەلەیەکیش بڕوای لەدڵدا نەبێ، چ جای نیوە[2]!

---

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد، برقم: (٢٢٩٥٣)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٥٥٦)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٣٥١٧) وَقَالَ: صَحِيح، وَالدَّارِمِيُّ برقم: (٦٥٣) برقم: (٢١١)، وَالبَيْهَقِي فـي (شعب الإيمان) برقم: (٢٧٠٩) عَنْ أَبِي مَالِكِ الأَشْعَرِيِّ.

٢) زۆر وێدەچێ کە مەبەست لەم فەرموودەیە {الطَّهُورُ شَطْرُ الإِيمَانِ} ئەوەبێ، کە لە زاراوەی تەصەووف و تەزکیەدا پێی دەگوترێ (التخلية)، واتە: خۆ خاڵیکردن لە سیفەت و خووە بەدەکان (الرذائل)، چونکە هەروەك زانایانی دڵ بێدارو هوشیار فەرموویانە: کاکڵی مسوڵمانەتیی و خواناسیی دوو شتە:

١/ خۆ پاککردنەوەو لەخۆ دارنینی سیفەت و خووە ئاژەڵیی و دڕندەیی و شەیتانییەکان، کە پێی دەگوترێ (التخلية)، وە ئیمامی غەزالی بەو خەسڵەتانە دەڵێ: (المهلكات)، واتە: فەوتێنەرەکان.

٢/ خۆڕازاندنەوە بەو خەسڵەت و خووە پەسندە پاك و چاکانەی کە لە فریشتەکاندا هەن و، ئیمامی غەزالی بە (المنجيات) ڕزگارکەرەکان، ناویان دەبات، ئەمەیش لە زاراوەی (تزكية و تصوف)دا پێی دەگوترێ (التحلية)، وە بە هەر کام لە (تخلية وتحلية) (تزكية) پێکدێنن، (تزكية)ش وەك خوا فەرموویەتی: ﴿قَدۡ أَفۡلَحَ مَن زَكَّىٰهَا ﴿٩﴾﴾ الشمس. کەواتە (تزكية) لە یەك کاتدا مانای (تخلية وتحلية) هەردووکیان دەگەیەنێ. بڕوانە (مفردات القرآن)ی راغب الأصفهاني، ل: (٢١٣).

Scanned by CamScanner

ئێستاش لە چەند خاڵێکدا نێوەرۆك و چۆنیەتی تۆبە دەخەینە ڕوو:

١/ تۆبە یانی چی ؟!

(توبة) گەڕانەوە: بە پێچەوانەی لێحاڵیبوونی زۆربەی خەڵکییەوە بریتی نیە لە وشەیەك، کە بە زار دەگوترێ، چونکە وشەی (التوبة) لە ئەسڵی زماندا یانی گەڕانەوە، شەرعیش هەر لەسەر ئەسڵی واتا زمانییەکەی بەکاریهێناوە، بەڵام تایبەتی کردوە بە گەڕانەوە بۆ لای خوا جل جلاله.

بەڵێ.. تۆبە یانی وازهێنان لە گوناح و تاوان و خووو خدەو ڕەفتاری خراپ و بە دڵ پەشیمانبوونەوەو، بە زمان دان بە تاوانباریی خۆدا هێنان و، پاڕانەوەو داوای لێبوردن کردن و، بڕیاردان لەسەر نەگەڕانەوە سەر تاوان و خراپەو، بەردەوامبوون لەسەر خواپەرستیی و کردەوەی چاك، بە ئەندامەکانیش جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەو، سەلماندنی ڕاستیی ئەو پەشیمانبوونەوەیە.

بۆیە ئەوانەی بە زمان دەڵێن: (استغفر الله وأتوب اليه)، بەڵام بە کردەوەو حاڵ هەر بەردەوامن لەسەر حاڵ و وەزعی پێشوویان و، بەس زمانیان گۆڕانی بەسەردا هاتوە، دەنا ئەندامەکانیان هەر لەسەر بەزم و ڕەزمی پێشوویانن و لەسەر تاوان و گوناحکردن بەردەوامن ! ئەوانە لەڕاستیدا نەك هەر بە تۆبەکردوو لەقەڵەم نادرێن، بەڵکو بە گاڵتەکردوو بە تۆبە، لەقەڵەم دەدرێن !

چونکە تۆ یەکێك بانگت بکات بۆ لای خۆی و بڵێ: بگەڕێوە لام، تۆش بەزار بڵێی: ئەوە گەڕامەوە. یان ئەوە دەگەڕێمەوە !! بەڵام بە کردار هەر بەردەوام بی، دیارە ئەو جۆرە ڕەفتارەت، جگە لە گاڵتەپێکردن، هیچ تەفسیرێکی دیکەی نیە، جا ئێستا کە مەعناو نێوەرۆکی تۆبەمان بۆ دەرکەوت، با بزانین تۆبە چۆن دەکرێت ؟!

٢/ چۆنیەتی تۆبەکردن:

پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی {مَا مِنْ رَجُلٍ يُذْنِبُ ذَنْباً، ثُمَّ يَقُومُ فَيَتَطَهَّرُ، ثُمَّ يُصَلِّي، ثُمَّ يَسْتَغْفِرُ اللَّهَ إِلاَّ غَفَرَ لَهُ}[١]، واتە: هەرکەسێك تاوانێك بکات، پاشان هەستێ خۆی پاك بکاتەوە، (خۆی بشوات، یان دەستنوێژێ بگرێ)، ئنجا دوو ڕکات نوێژ بکات، دوایی داوای لێخۆشبوون لە خوا بکات، بێگومان خوا دەیبەخشێ.

کەواتە:

خوێنەری شیرین، مسوڵمانی بەڕێز:

ئەگەر دەتەوێ ڕێگای صاڵح بوون و بەرەو خوا چوون بگری ! هەنگاوی یەکەمت ئەوەیە، کە بەنیازی تۆبەکردن و گەڕانەوە لای خوا، خۆت بشۆی، یان ئەگەر بۆت ڕێ نەکەوت خۆت بشۆی، دەستنوێژێکی پوخت بگری، ئنجا دوو ڕکات نوێژی تۆبە بکە.

دوایی هەتا دەتوانی سوپاس و ستایشی خوا بکەو صەڵات و سەلام بۆ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بنێرە، ئنجا چاو بە ڕابردووی خۆتدا بگێڕەوە، هەموو ئەو تاوان و خراپانەی، کە بە دڵ و زمان و چاوو گوێ و دەست و لاق و زارو گەدەو...هتد کردووتن، وەبیر خۆتیان بێنەوەو، بە گەردنی کەچ و ڕووی زەردو چاوی فرمێسکاویی و دەنگێکی کزو بەلالانەوەو کڕووزانەوەو فرمێسك باراندنەوە، دەست بەرز بکەوەو بڵێ:

---

١) رَوَاهُ التِّرمِذِيُّ برقم: (٤٠٦)، وَقَالَ: حَدِيثٌ صَحِيحٌ، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٦٢٣)، وَحَسَّنَهُ الألبَانِي فِي (المشكاة) برقم: (١٣٢٤)، عَن أبِي بَكرٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، وفِي رِوَايَةِ أبِي دَاوُد: {فَيتطهَّرُ فَيُحسِنُ الطُّهورَ، ثُمَّ يَقُومُ فَيُصَلِّي رَكعَتَينِ فَيَستَغفِرُ الله ... الحديث}.

Scanned by CamScanner

خوایە من لە هەموو ئەو تاوان و خراپانەو زۆری دیکەش، کە من، یان لە یادم نەماون، یان هەر نەمزانیون، کردوومن و لێیان پەشێمانم و دان بە هەڵەو ناتەواویی خۆمدا دێنم، بەڵام لێم ڕوونە، کە تاوان و خراپەکانم هەرچەندە زۆربن، لێبوردنی تۆ زۆرترەو، هەرچەندە گەورە بن، بەزەیی تۆ مەزنترە، جا خوایە داوای لێبوردن و چاوپۆشییت لێ دەکەم، تۆش نائومێدم مەکەو بە لوتف و بەزەیی خۆت بمبوورە، چونکە ئەگەر منیش شیاوی بەخشران نەبم، تۆ شایستەی لێبوردن و بەخشینی !!

ئنجا پاش ئەوە جارێکی دیکە چاوێکی ورد بە لیستی گوناحەکانتدا بگێڕەوەو، بزانە چەندیان پەیوەندییان بەس بە خواوەیە، ئەوە ئومێد وایە ئەگەر تۆبەو گەڕانەوەکەت بەڕاستی بووبێ، خوا لە هەقی خۆی ببووری، بەڵام ئەو تاوان و خراپانەی، کە پەیوەندییان بە خەڵکەوە هەیەو، مافی خەڵکیان خستوویە سەر، ئەوە ئەو جۆرە گوناحانە وێڕای ئەوەی، کە گوتمان چەند شتێکی دیکەش هەن، دەبێ ڕەچاویان بکەی، ئەگەر بتەوێ ئەوانیشت بۆ بسڕێتەوەو، بەیەکجاریی ڕزگارت بێ.

٣/ چۆنیەتی تۆبەکردن لەو گوناحانەی، کە پەیوەندییان بە خەڵکەوە هەیە:

أ) چاو بە ڕابردووی خۆتدا بگێڕەوەو، زۆر بە وردی سەرنج بدەو بزانە، داخۆ هەر لەکاتی باڵغ بوونتەوە هەتا ئەو سەعاتەی ئێستات، کە تۆبەی تێدا دەکەی، چ کەسێک مافێکی بەسەرتەوە هەیەو زیانێکت پێگەیاندوە، جا چ غەیبەتت کردبێ، یان بوختانت پێوە کردبێ، یان حەسوودییت پێ بردبێ، یان ماڵت خواردبێ، یان گومانی بەدت پێ بردبێ...هتد.

Scanned by CamScanner

ئنجا کە هەموو ئەو کەسانەت وەبیـر خۆت هێنـایەوە، کە مافێك یان چەند مافێکیان لەو جۆرە مافانە لەسەرتە، بە دڵێکی غەمگینو چاوێکی بەگریانو ڕەنگی زەردو هەڵبزرکاوەوە، دەست بەرزبکەوەو بۆیان دەست بکە بە پاڕانەوەی گەرمو بە کوڵو، هەوڵ بدە چاکترین دوعای دونیاو دوارۆژیان بۆ بکەی، بە تایبەتی لەوبارەوە، کە خۆت بە قەرزداریان دەزانی، واتە:

ئەگەر بۆیە غەیبەتت کردبوو، کە لە ئابرۆو (سمعة)ی کەمبکەیەوەو، لە پلەو پایەی نێو جەماوەری داشکێنی، داوا لە خوای بەرزو مەزن بکە، کە ناوو پلەو پایەی بەرز بکاتەوەو، حورمەتو ڕێزی زیاد بکات، وە ئەگەر بۆیە حەسوودییت پێ بردوە، چونکە زانیاریو تێگەیشتنی لەتۆ زیاترەو، ڕەوشتو خووی لەهی تۆ بەرزترەو جوانترە، لەخوا بپاڕێوە، کە زانیاریو تێگەیشتنی پتر بکاتو، ڕەوشتو ئاکاری پەسندتر بکات، وە ئەگەر لەبەر دەوڵەمەندییو دارایی ڕقت لێی هەستاوەو هەوڵی زیان لێدانیت داوە، داوای بۆ لە خوا بکە، کە ڕزقو ماڵی حەلاڵی بۆ زیاد بکات... وە هەروەها.

بەڵام گرنگ ئەوەیە بە دڵێکی ساغ بۆ ئەو خاوەن مافانە بپاڕێیتەوەو، لە قووڵایی دڵتەوە حەز بکەی خوا چی خێرو چاکەیە بۆیان بکات، نەك لە دەمی پاڕانەوەشدا شەیتانی بەدو پیس فێڵت لێ بکاتو، هەروا هاکەزاییو زۆر بە سادەیی دووعایان بۆ بکەی !!

ئنجا دوای ئەوە بیر بکەوەو بزانە کێی وا هەیە، کە بتبوغزێنێ، یان گومانی بەدت پێ بەرێ، یان غەیبەتت بکات، یان ئازارت بدات، یان حەسوودییت پێ بەرێ.. یان.. هتد، دوای ئەوەی یەك یەکی ئەوانەت لە ئاوێنەی خەیاڵتدا ئامادەکردن، بە دڵو بە کوڵ بۆیان لە خوای میهرەبانو بەخشندە بپاڕێوەو بڵێ:

خودای پەروەردگار! تۆ لێبوردەی و لێبوردنت خۆشدەوێ، لەبەر ئەوە وا من لە هەموو ئەو کەسانە بوردم، کە بەهەر جۆرێك و شێوەیەك ئازارو زیانێکیان تووش کردووم، جا داوات لێ دەکەم تۆش بە لوتف و بەزەیی خۆت بیانبەخشی و چاوپۆشییان لێ بکەی[1]، دەجا خوایە! هەروەك چۆن من لە مافەکانی خۆم بوردم و گەردنی ئەوانەم ئازاد کرد، کە ئازارو زیانیان تووش کردووم، تۆش بە میهرەبانیی و بەخشندەیی خۆت من ببەخشەو، مافی خەڵکیم لەسەر لابەرەو، لە چڵك و چەپەری ئەو جۆرە خراپەو گوناحانە قوتارم بکە.

ب) دوایی هەوڵ بدە هەرکەسێك[2] کە بەهەر شێوەیەك زیانت لێداوەو دڵت ئازارداوە، داوای لێبوردن و گەردن ئازایی لێبکەی و، ئەگەر بگونجێ و بزانی پتر ناڕەحەت نابێ، دەقی ئەو ئازارو زیانەشی بۆ بگێڕەوە، ئەگەر نا پێویست ناکات.

ج) هەوڵ بدە ماڵی هەر خاوەن مافێکی زیندووت لەلایە بیدەوە، ئەگەر مردبیش بیدەیەوە میراتگرەکانی، ئەگەر نەشگونجاو مسوڵمانانیش (بیت المال)ێکی ڕاستەقینەیان هەبوو، بۆی بخە (بیت المال)ەوە، ئەگەر نەشبوو، بۆی بکە بە خێرو چاکەو بۆی ببەخشە.

---

١) هەڵبەتە ئەمە بەس بۆ ئەو کەسانەیە کە مسوڵمانن، چونکە بۆ نامسوڵمان دروست نیە، مەگەر دوعای هیدایەت.

٢) ئەگەر دەتەوێ بە تێرو تەسەلی لەم مەسەلەی (حق الناس) ڕەتکردنەوەو چۆنیەتی خۆ ڕزگارکردن لەو مافانە حاڵیبی، بە وردیی سەرنجی کتێبی (الزواجر في إقتراف الكبائر)ی (ابن حجر الهيتمي) بدە، باسی (الكبيرة)، ل: (٤٦٣)، (ترك التوبة من الكبيرة) ب: (٢)، ل: (١٨١).

Scanned by CamScanner

جا مسـوڵمانی بەڕێـز !

ئەگـەر ئـەو شـتانەی گـوتران، هـەموویان یـەك بـە یـەك‌و مـوو بـە مـوو جێبەجێی بكەی، ئەوە مـسـۆگەرو دڵـنیابە، ئەگـەر بێـت‌و بە دڵـێكی ڕاست‌و ساغ ئەو تۆبـەیەت كـردبێ‌و، بێجگە لە ڕازیـكردنی خواو لە خوا نزیـكبوونەوە، هیـچی دیكـەت لـەدڵ نـەگرتبێ، ئومێـد وایـە، كـە تـاوان‌و خراپـەكانت هـەر چۆنێكی‌و هەر چەندێكی بن، خوای میهرەبـان بە ئاوو تەرزەو بـەفری لوتـف‌و بەخششی خۆی لێت بشوات‌و، وەك قوماشێكی سپیی چاك شۆڕاو پاك ببیتەوە.

پێغەمبـەری پێشـەوامان صلى الله عليـه وسـلم فەرموویـەتی: {التَّائِـبُ مِـنَ الذَّنْبِ كَمَنْ لاَذَنْبَ لَهُ}[1]، واتە: تۆبەكـەر لە تـاوان، وەك ئـەو كەسـە وایـە، كە تـاوانی نیـن.

٤/ نیشـانەی گەڕانەوەی سـاغ (التوبة النصـوح) چیـە ؟

مسـوڵمـانی بەڕێـز!

دوای ئـەوەی بـەو شـێوەیەی بـە كـورتیی خرایـەڕوو، تۆبـەت كـرد، ڕەنگـە بتـەوێ بزانی داخـۆ تۆبەو گـەڕانەوەكەت لـێ وەرگیـراوە، یـان نـا !

دیـارە هەقیـشتەو زۆر جێـی خۆیـەتی، كـە هـەوڵی زانینـی وەرگیـران‌و وەرنەگیـرانی تۆبەكەت بدەی، بۆئەوەی ئەگـەر بزانـی تۆبەكـەت وەرنەگیـراوە، لێـی ڕانەوەستـی‌و جـارێكی دیكـە سـەرلەنوێ تۆبەكـەت دووبـارەو سێبـارەو چەند جارە بكەیەوە، هەتا دەگەیـە دڵنیایی تـەواو، كە تۆبەكـەت وەرگیـراوە، چونكە هەروەك چۆن ئـەو كەسـەی شتێك دەشوات، ئەگـەر بزانـێ بـە جارێك

---

١) أخْرَجَهُ ابْنُ مَاجَهْ برقـم: (٤٢٥٠)، وَالبَيْهَقِي في (شعب الإيمان) برقـم: (٧١٧٨) وَ رِجَالُهُ ثِـقَات عَنْ عُبيدة بن عبدالله عَن أبيـهِ، وَحَسَّنَهُ الألبـاني فـي (سُنَن ابْنُ مَاجَهْ)، برقم: (٣٤٢٧).

شۆردن پاکنەبۆتەوە، دەیکاتە دووچارو، هەروەها هەتا خاوێنی دەکاتەوە، ئێمەش پێویستە، هەتا مسۆگەر نەبین وازنەیەنین و کۆڵ نەدەین.

ئێستاش با بێینە سەر نیشانەی وەرگیرانی تۆبە:

یەکەم: پێشەکی دەڵێم: خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ تُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ تَوْبَةً نَّصُوحًا عَسَىٰ رَبُّكُمْ أَن يُكَفِّرَ عَنكُمْ سَيِّـَٔاتِكُمْ وَيُدْخِلَكُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ ...﴾ (٨) التحريم، واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە، بگەڕێنەوە بۆلای خوا بە گەڕانەوەیەکی ساغ و (بێ خلەتە) و دڵنیابن[١] کە پەروەردگارتان (بەهۆی تۆبەی ساغەوە) خراپەکانتان لێ بسڕێتەوەو، بتانخاتە چەند باغێکەوە، کە ڕووبارییان بەژێردا دەڕۆن...

لەم ئایەتەوە دەردەکەوێ، کە تۆبەی ساغ و ڕاست، حەتمەن خوای گەورە بە لوتف و بەزەیی خۆی وەریدەگرێ و، دەشیکاتە مایەی شۆران و پاکبونەوەی ئینسان لە خراپەو تاوانەکانی و شادبوونی بە بەهەشتی بەرین.

مادام وابێ هەر کاتێك تۆبە بە شێوەیەکی ڕاست و ساغ و بێخلەتە کرا، ئەوە مسۆگەر وەردەگیرێ، دەشتوانین لە چەند خاڵێکدا نیشانەکانی تۆبەی ڕاست و ساغ و وەرگیراو بخەینە ڕوو:

أ) مرۆڤ لە قووڵایی دڵیەوە بڕیارێکی قووڵ و پتەوو یەکجاری بدات:

یەکەم: لە بارەی ڕابردووەوە، هەر گوناح و تاوان و خراپەیەکی کردوویەتی، زۆری لەسەر پەشیمان بێ و نەگەڕێتەوە سەری و، مافی

---

١) چونکە زانایان فەرموویانە: (عَسَى مِنَ اللهِ وَاجِبَة)، واتە: هەرچەندە (عسى) لە زمانی عەرەبیدا بەمانای ڕەنگەو لەوانەیە، دێ، بەڵام کە خوا بەکاری هێنا، مەعناکەی دەبێتە حەتمیی و مسۆگەر، چونکە بەخشندە، ئەگەر یەکێکی بەئەما کرد، پێی دەبەخشێ.

هەموو خاوەن مافێك بداتەوە، یان گەردنی خۆیان پێ ئازاد بکات.

وە هەر چاکەو پێویستیو ئەرکێك، کە چوواندوویەتی زۆری پێ ناخۆش بێو، بڕوای وابێ، کە گەورەترین زیانی لێ کەوتوە.

دووەم: لەبارەی ئێستاوە، دەست لە هەموو تاوانێکی وردو درشت هەڵگرێو، قۆڵ لە جێبەجێ کردنی هەموو ئەرك‌و پێویستییەکانی سەرشانی هەڵبکات، هەرچیش لە ڕابڕدوودا چواندوویەتی بیگێڕێتەوە.

سێیەم: لە بارەی داهاتوویەوە، دڵی قایم بێ لەسەر نەگەڕانەوەی سەر خراپەو تاوانەکان‌و، بەردەوام بوون لەسەر چاکەو جێبەجێ کردنی پێویستییەکان (الفرائض).

ب) هەوڵ بدات هەروەك چۆن کاتی خۆی بەهۆی شتی حەرامەوە، یان بەهۆی گوناح‌و تاوانانەوە، یانی لانیکەم بەهۆی تەنبەڵییەوە، گۆشت‌و بەزی وەسەریەك ناوەو خۆی قەڵەو کردوە، لەمەولا بەهۆی خواپەرستی‌و خۆماندووکردن‌و گریان‌و خەفەت خواردن‌و ئازاردانی نەفسەوە، ئەو گۆشت‌و بەزە بتوێنێتەوەو بە مەعنای وشە خۆی قاڵ بکاتەوە.

ج) دەبێ پاش تۆبەکردن، هەست بکات، کە گوناح‌و تاوانەکان وەك ژەهنەمووت تاڵ‌و ناخۆشن‌و، ئەوپەڕی تام‌و چێژیش لە خواپەرستی‌و کردەوە چاکەکان وەربگرێ.

د) دەبێ لە خواردن‌و خواردنەوەو نووستن‌و قسەکردن‌و تێکەڵ بوونی خەڵکی، بگرێتەوە، (پاشان پتر ئەم باسە دەتوێژینەوە).

ئەمانە هەندێك بوون لە درووشم‌و نیشانە سەرەکییەکانی تۆبەو گەڕانەوەی ڕاست‌و ساغ.

ئنجا با کۆتایی باسی تۆبەو گەڕانەوە لای خوای بەخشندە، بەم فەرمایشتە موبارەکەی پێغەمبەری کۆتایی صلى الله عليه وسلم بێنین، کە هەندێك لە بەرهەمو بەرەکەتەکانی گەڕانەوە بۆ لای خوای تێدا خستوونە ڕوو:

{مَنْ لَزِمَ الإِسْتِغْفَارَ جَعَلَ اللَّهُ لَهُ مِنْ كُلِّ هَمٍّ فَرَجًا، وَمِنْ كُلِّ ضِيقٍ مَخْرَجًا، وَرَزَقَهُ مِنْ حَيْثُ لا يَحْتَسِبُ}(1)، واتە: هەرکەسێك لەسەر داوای لێبوردن لە خوا کردن بەردەوام بێ، خوا لە هەموو دڵتەنگییەك قوتاری دەکات، لە هەموو سەغڵەتییەك دەرووی لێ دەکاتەوە، بێ ئەوەی پێ بزانێ بژێوی بۆ دەڕەخسێنێ.

بەڵێ خوێنەری بەڕێز!

زۆربەی هەرە زۆری گیرو گرفتو کێشە مادديیو مەعنەوییەکانمان، لە سۆنگەی گوناحو هەڵەو لادانەکانی خۆمانەوە سەر هەڵدەدەن، وەك خوای دادگەر فەرموویەتی: ﴿وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٖ فَبِمَا كَسَبَتۡ أَيۡدِيكُمۡ ...﴿٣٠﴾﴾ الشوری، واتە: وە هەر بەڵایەکتان بەسەر دێ، ئەوە بەرهەمی کردەوەی دەستی خۆتانە.

دەجا وەك چۆن لاڕێ بوونو لە خوا یاخی بوون، ماكو کانگای بەڵاو گرفتەکانن، چاکەکارییو بۆ لای خوا گەڕانەوەش مەڵحەمی سارێژکەری زۆربەی هەرە زۆری برینو زامە مادديیو مەعنەوییەکانن.

---

١) رَوَاهُ أَحْمَد برقم: (٢٢٣٤) تعليق شعيب الارنؤوط: إسنادُهُ ضَعِيف، وَأَبو دَاوُدَ برقم: (١٥١٨)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٣٨١٩)، دیارە ئەم فەرموودەیە ئەگەر ئەگەر لەڕووی سەنەدیشەوە بێهێز بێ لەڕووی ماناو نێوەڕۆکەوە بەهێزەو ژمارەیەك نایەت هەمان مەبەستیان تێدایە .

هەر بۆیەشە، کە دەبینین پێغەمبەرانی پایە بەرزی خوا (علیهم أفضل الصلوات واتم التسلیمات) فەرمانیان بە گەلەکانیان کردوە، کە داوای لێبوردن بکەن و بگەڕێنەوە لای، وە لە بەرانبەر ئەوەشدا وێڕای لێبوردن و بەهەشت، مژدەی خێرو خۆشی دنیاشیان پێیان داوە، بۆ وێنە:

١- نووح سەلامی خوای لێبێ فەرموویەتی: ﴿ فَقُلْتُ ٱسْتَغْفِرُوا۟ رَبَّكُمْ إِنَّهُۥ كَانَ غَفَّارًا ﴿١٠﴾ يُرْسِلِ ٱلسَّمَآءَ عَلَيْكُم مِّدْرَارًا ﴿١١﴾ ﴾ نوح، واتە: جا گوتم: داوای لێبوردن لە پەروەردگارتان بکەن، بێگومان ئەو زۆر لێبوردەیە، لە ئاسمانەوە بارانێکی بەخوڕزەمتان بۆ دەنێرێ و، ماڵ و سامان و کوڕانتان پێ دەبەخشێ و، باغات و ڕووبار گەلتان بۆ دەڕەخسێنێ.

٢- هەروەها هود (علیه السلام) بە گەلی خۆی کە (عاد)ە، فەرموویەتی: ﴿ وَيَٰقَوْمِ ٱسْتَغْفِرُوا۟ رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُوٓا۟ إِلَيْهِ يُرْسِلِ ٱلسَّمَآءَ عَلَيْكُم مِّدْرَارًا وَيَزِدْكُمْ قُوَّةً إِلَىٰ قُوَّتِكُمْ وَلَا تَتَوَلَّوْا۟ مُجْرِمِينَ ﴿٥٢﴾ ﴾ هود، واتە: وە ئەی گەلەکەم ! داوای لێبوردن لە پەروەردگارتان بکەن ئینجا بگەڕێنەوە لای، لە ئاسمانیەوە ئاوی بەخوڕتان دەڕژێنێتە سەر، وە وێڕای هێزو تواناتان، هێزو پێزتان بۆ زێدە دەکات .

٣- یونوسیش سەلامی خوای لێبێ دوای ئەوەی نەهەنگ قووتی دا، بێجگە لە دان بە هەڵەی خۆ داهێنان و، خۆ بە ستەمکار لەقەڵەمدان و، داوای لێبوردن لە خوای میهرەبان کردن، هیچی دیکەی بەدەستەوە نەمابوو، وە هیچ شتێکی دیکەشی لەفریا نەهات، وەك خوای پەروەردگار لەوبارەوە فەرموویەتی: ﴿ وَذَا ٱلنُّونِ إِذ ذَّهَبَ مُغَٰضِبًا فَظَنَّ أَن لَّن نَّقْدِرَ عَلَيْهِ فَنَادَىٰ فِى ٱلظُّلُمَٰتِ أَن لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبْحَٰنَكَ إِنِّى كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٨٧﴾

Scanned by CamScanner

﴿فَٱسۡتَجَبۡنَا لَهُۥ وَنَجَّيۡنَٰهُ مِنَ ٱلۡغَمِّۚ وَكَذَٰلِكَ نُـۨجِي ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ٨٨﴾ الأنبياء،

واتە: خاوەن ماسی - یونس- کاتێك، کە بە تووڕەبوونەوە لە لای خەڵکی نەینەوا ڕۆیشت و پێیوابوو مانەوە لەنێو خەڵکی نەینەوا دای لێ وەتەنگ ناهێنین و بۆی هەیە بچێتە شوێنێکی دیکە، (جا) دوای ئەوە نەهەنگ هەڵیلووشی، لەنێو تاریکییەکاندا بانگی خوای بە بەزەیی کرد کە ئەی خوایە ! بێجگە لە تۆ هیچ پەرستراو نین، تۆ پاکی، بەڵام من لە ستەمکاران بووم، ئنجا بەدەنگییەوە هاتین و لە خەفەت و تەنگانە قوتارمان کرد، وە ئا ئەوا بڕواداران ڕزگار دەکەین .

جا مسوڵمانی خۆشەویست !

دوای ئەوەی بەم شێوەیەی گوتم تۆبەت[1] کردو، ئەو نیشانانەی خرانە ڕووش، لە تۆبەکەتدا دیتران، ئەوە دڵنیابە، ئەگەر خوا حەز بکات، تۆبەکەت گیرا بووەو، چاك چاك پاك بوویەوە.

مانای وایە ئێستا وەك بابایەکی بەدەست نوێژ، بۆت هەیە نوێژی لە خوا نزیکبوونەوە دابەستی و وەك بابایەکی لەش پاك، بۆت هەیە بچیتە خزمەت ماڵی خواو دەست بۆ کتێبی خوا بەری، وە وەك جوتیارێك، کە زەوییەکەی دەکێڵێ و بژاری دەکات و هەڵی دەوێژێرێ، تۆش بە گاسنی تۆبەیەکی ڕاست

---

١) باسی (توبة) بەم چەند لاپەڕەیە تەواو نابێ، خوا پشتیوان بێ بەتەمام لە نامیلکەیەکی تایبەت و تەرخاندا بە تێرو تەسەلی بیتوێژمەوەو، (إن شاء الله) هەوڵ دەدەم دوا بەدوای ئەم کتێبە چاپ و بلاوبکرێتەوە، بۆیە هەندێك بابەت و مەسەلە، کە بەتەمابووم لەم چاپی سێیەمدا بیاننووسم، هەڵمگرتن بۆ ئەوێ.

ئێستاش (٢٢/١/ ٢٠١٢) دەڵێم:

ستایش و شوکرانە بۆ خوای بەخشەر کتێبی (گەڕانەوە بۆ لای خوا) هەتا ئێستا پێنج جار چاپ کراوەتەوە

Scanned by CamScanner

زەویی دڵو دەروونی خۆت کێڵاوەو، لە گژو گیاو پچكو پاڵی گوناحو تاوانەکان هەڵت وێژارتوەو، ئامادەی شت تێدا چاندنت کردوە.

مادام واش بێ، ئەوجار بچۆ سەر قۆناغی دووەمو هەنگاوی دووەم هەڵێنەوە.

قۆناغی دووەم: زانیاریو چاو ڕوون بوونەوە

مسوڵمانی بەڕێزو خۆشەویست !

دوای ئەوەی قۆناغی یەکەمی بەرەو خوا چوونت بڕیو، تۆبەت کردو پاك بوویەوە، مانای وایە ئێستا وەك ڕێبوارێك وای، کە کەلوپەلو توێشووی ڕێیەی ئامادە کردوەو، ئەوجار دەیەوێ بکەوێتە ڕێ، بەڵام هیچ گومانێکی تێدا نیە، کە هیچ ڕێبوارێکی ژیرو فامیدە ناکەوێتە ڕێو، ملی ڕێیە ناگرێ، هەتا تەواو لە پێچو پەناو کونو قوژبنی ئەو ڕێیە شارەزا نەبێ، کە دەیەوێ پێیدا بڕوات.

کەواتە پێویستە تۆش، ئێستا - پاش گەڕانەوەو پاك بوونەوەت - سەرگەرمی ئەوە بی، کە بزانی: داخۆ سروشتی ڕێی لە خوا نزیك بوونەوەو بەرەو خوا چوون چۆنەو، پێویستە چی بکەیو چی نەکەی، دەنا ئەگەر خوا نەخواستە بەبێ زانیاریو شارەزاییو پێش بەرچاو ڕوونبوونەوە، بکەویە ڕێ، زۆر نزیکە ڕێگات لێ ونبێو، شەیتانەکان گیرۆدەی کەندەڵانو هەڵدێرو شوێنی عاسێت بکەنو بەمراد نەگەی.

وە زۆر چاك بزانە زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی بە نەزانییو بێ ئاگایی، بەڕێی بەرەو خواچووندا کەوتوونە ڕێ، نەك هەر نەگەیونە جێ، بگرە زۆربەیان سەریان لە زەندەقەو لاڕێ بوونو گومڕاییەوە، دەرچووە !

Scanned by CamScanner

خوای زانا لەوبارەیەوە بەئاشکرا فەرموویەتی: ﴿ وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ ...﴾ (٣٦) الإسراء، واتە: وە بەدوای شتێك مەكەوە، كە زانیاریت دەربارەی نیە.

ئیمام مالیكیش گوتوویەتی: ((من تفقه وَلَمْ يتصوّف فَقَدْ تفسق، ومن تَصوّف وَلَمْ يتفقّه فَقَد تزندق، ومن تفقه وتصوّف فقد تحقق)) كە پێشتر مانامان لێكدایەوە.

جا ئێستا ڕەنگە بڵێی: باشە ئەوە قەناعەتم هێنا، كە بەبێ زانیاریو تێگەیشتنو بەرچاوی خۆ دیتن، ناگونجێ مرۆڤ بەرەو خوا بچێ، بەڵام ئاخر ئەو زانیاریو شارەزایی یە، چۆنەو چەندەو لەكوێ دەستگیر دەبێ؟!

لە وەڵامدا دەڵێین:

لە ڕاستیدا مەبەستمان لەو زانیاریو شارەزایی یە تێگەیشتنو حاڵی بوونە لە ئیسلام، كە بەهۆی لێكۆڵینەوە لە قورئانو سوننەتو، ئەو كتێبانەی شەرحو لێكدانەوەی وانن، دەستگیر دەبێ. جا بێگومان ئەمەش بۆ كەم كەس هەڵدەسووڕێ، كەواتە: دەبێ لای كەم (حد اقل)ی ئەو زانیاریو شارەزایی یە دیاری بكەین، كە دەتوانین بڵێین بریتیە لە:

١/ شارەزایی دەربارەی بنچینەكانی تێڕوانین (تصور)ی ئیسلامیی، سەبارەت بە بوونەوەرو ژیانو ئینسان.

٢/ شارەزایی دەربارەی پایە بنەڕەتییەكانی بیروباوەڕ (عقیدة)ی ئیسلامیی.

٣/ شارەزایی دەربارەی كاكڵو نێوەڕۆكی خواپەرستی (عبادة) بەگشتیو، دەربارەی پێنج دروشمەكانیش (نوێژ، ڕۆژو، زەكات، حەج، زیكر) بەتایبەتی.

٤/ شارەزایی دەربارەی خوو ڕەوشتی بەرزو جوانو ئادابە شەرعییەكان.

Scanned by CamScanner

٥/ وە شارەزایی دەربارەی هەر مەسەلەو بابەتێکی دیکە لە هەموو بوارەکانی خێزانیی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئابووریی و...هتددا. کە ئینسانی مسوڵمان سەری تێی دەوەستێ و یەکی لەسەری دەکەوێ، بۆ وێنە: کەسێك بیەوێ ژن بهێنێ و ماڵ پێکەوە بنێ، پێویستی بە زانیاری شەرعیی هەیە لە بواری خێزان دروست کردندا، هەروا کەسێك بیەوێ جیهاد بکات، دەبێ لەوبارەیەوە بەرچاوی ڕوون بێت، هەروەها مامەڵەو بازرگانیی و...هتدیش بەهەمان شێوە.

جا مسوڵمانی بەرێز !

دوای ئەوەی ئەم قۆناغی دووەمی (زانیاریی و چاو ڕوونبوونەوە) شت بڕی، ئەوجار خۆت گورج و گۆڵ بکەو بەرەو قۆناغی سێیەم هەنگاو بنێ، کە: ئیخلاص و یەکلابوونەوەیە.

قۆناغی سێیەم: ئیخلاص و یەکلابوونەوە

مسوڵمانی عەزیزو شیرین !

دوای ئەوەی قۆناغی دووەمت بڕیو، لە ئایینی خواو ڕێی بەرەو خواچووندا زانا بووی و، بەرچاوت ڕوون بۆوەو زانیت ئەو ڕێیەی بەتەمای بیبڕی و بگەیە مەنزڵ و ببیە مسوڵمانێکی تەواوو کامڵ، چی یەو چۆنە؟! ئێستا بەس یەکت لەسەر ئەوە کەوتوە، کە ناوی خوای لێ بێنیّ و، یەکەمین شەقاو هەڵێنیّ و بکەویە ڕێ، مادام وایە سەبرێ بگرەو یەك شەقاویش هەڵمەیێنە، هەتا ئەم قۆناغەی سێیەمەش دەبڕی، کە بریتییە لە (ئیخلاص و یەکلابوونەوە)، چونکە بەدەردی شاعیرێکی فارس گووتویەتی:

عبــادت به إخــلاص نيــت نيكوســت
وه گــرنه چ آيــد زبى مغــز پوســــت
اگــر جزبــه حـــق ميــرود جـــادهات
در آتـــش فشـــانـــنـد ســجـــــادهات

واته: خواپەرستیی بە نیـازو مەبەستێکی بۆ خڵـتەوە چاکە، دەنا توێڵـکی بێ کاکـڵ چی لــێ پەیدا دەبـێ؟ ئەگـەر ڕێگـەت بـەلای غـەیری خـوادا بـڕوات، بەرماڵەکـەت لـێ دەئاگـری دۆزەخ داوێــن.

بەڵــێ چاوەکـەم !

ئەگەر کردەوەکان تۆو بن‌و تەمەن زەوی بێ، ئیخلاص‌و خوا پـێ مەبەســت بوون (ئـاو)ەو، بێگـومان هیچ ڕووەکێکیش بەبێ ئاو نـاڕوێ‌و گەشـە ناکــات، کەواتە هیچ کردەوەیەکی چاکـیش بـەبێ خـوا مەبەســت بـوون نایــەتە دی‌و وەرناگیــرێ.

بەڵــێ هــەروەك چۆن شیــر هـەتا (هـەوێن)ی تێنـەکرێ نامـەیێ‌و نابێتـە ماست، هـیچ جموجـوڵ‌و چالاکییەکـیش، بـەبێ هـەوێنی ئیخـلاص نامـەیێ‌و بەکەڵــك نــایەت. هـەر بۆیــەش پێغەمبــەری ڕابـەرمان صـلی الله علیـه وسـلم فەرموویەتی: {كُلُّ أمْـرٍ ذِي بَـالٍ لَم يُبْـدأُ فِيــهِ بِسْمِ اللهِ الـرَّحْمَنِ الـرَّحِيمِ فَهُـوَ أقْطَعُ}[1]، واته: هەر ئیشـێکی گرنگ، کە بە (بسم الله الرحمن الرحیم) دەست پێ نەکـرابێ، ئەوە دوابڕاوو بێ خێرە !

چونکــە لـە دەمــی (بســم الله) کردنــدا، پێویســتە مرۆڤ سێ شــتی بـە دڵــدا بێــن:

---

١) رَوَاهُ أبو دَاوُدَ.

یەکـەم: ئەم کـارە بەس بۆ ئەوە دەکەم، کـە خـوا لـێم ڕازی بـێ‌و بەنـاوی ویـەوە دەیکـەم.

دووەم: ئـەم کارە بەهێـزو دەسـەڵات‌و شـان‌و شـەوکەتی خـۆم نایکـەم‌و، بـە یـارمەتـی‌و توانـای خـوا ئەنجـامی دەدەم.

سێیەم: ئـەم کارە بـەپێی ئـەو شـەرع‌و بەرنامەیـە ئـەنجام دەدەم، کـە خـوا نـاردوویەتی.

ئنجا گومانیشی تێدا نیە، کە هـەر کارێکی خێـر یەکـێك لـەم مەرجانـەی تێـدا نـەبن، خاوەنەکـەی سـەپانی پووشـێیەو ماندووی بێ بەرهەمـە.

دیـسان هـەر بۆیـەش لـە سـەرەتای نوێـژەوەو پـێش خوێنـدنی فاتیحـە، پێغەمبەرمان صلى الله عليه وسلم فێری کردووین کە بڵێیـن {وَجَّهْـتُ وَجْهِـيَ لِلَّـذِي فَطَـرَ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضَ...}[1]، واتە: ڕووی - دڵی - خۆمم لـەو زاتە کرد کە ئاسمانەکان‌و زەوی بنیـادنـاون.

بێگومـان لـێرەدا مەبەسـت لـەڕووی خـۆم (وجهـي)، نابـێ ڕووی مـاددیی‌و ڕواڵـەتیی بـێ، چونکـە مرۆڤـ لەکـاتی نوێـژدا ڕووی ڕواڵـەتیی بـەرەو قیبلـەیەو، دیـارە خـوداش (جلّ جلاڵـە) نـە لـەلای کـەعبـەو، نـە لـە هیـچ شـوێنێکی دیکـەش[2] نیـە، کەواتـە مەبەسـت لـە (ڕوو) لێـرەدا، ڕووی دڵ‌و دەروون‌و نیازو مەبەستە.

---

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٧٢٩)، وَمُسْلِمٌ برقم: (١٨٤٨)، وَابْنُ خُزَيْمَةَ بـرقم: (٤٦٢)، وَالبَيْهَـقِيُّ فـي (شعب الإيمان) برقم: (٣١٣٣)، عَنْ عَلَي رَضِيَ اللهُ عَنْهُ.

٢) مەبەست (لێبوون)ی ماددیی‌و بەرهەستە، چونکـە خوا نە لـە زاتـی‌و نـە لـە سـیفەتەکانیدا لـە دروستکراوەکانی ناچێت (ليس كمثلـه شيء)، کە دەشڵێین خوا لە سەرووی ئاسمانەکانەوەیـەو لەسەر عەرشـە، دیـارە بـە شێوەیەك، کـە بۆ خـوا شـایستـەیەو لایقـەو ئێمـە چۆنیەتییەکـەی نازانیـن.

جـا مسـوڵمانی خۆشـەویست !

تۆش ئێسـتا بەرلەوەی بجـوڵـێی، ڕووی دڵو نیازو مەبەستت بکە قیبلەی هەرە بەرزت، کە خـوای بـەرزو مـەزنو بەخشـەرو داهێنـەرو خـاوەن لـوتفو بەزەیی یەو، تەواو تەواو دڵـت ساغو یەکلا بکەوەو، بێجگە لە: (لە خـوا نزیـك بوونەوەو بەرەو بەرزایی بەرزبوونەوەو، بە ڕەزامەندیی خوا شـادبوونو، کـامڵ بـوونو تێگەیـشتنو پێگەیـشتن) هـیچ نیـازو مەبەسـتو ئـاواتو ئامـانجو خولیایەکی دیکە لە دڵتـدا مەهێڵەو، پاك پاك نیازەکانی دڵو دەروونت بە بێژنگی قورئانو سوننەت دابێژەو، بێجگە لە دەغڵی کاکڵ دارو ساغی خوا پێ مەبەست بوونو بەرەو خوا چوون، ئەوی دیکە هـەمووی فڕێ بـدە.

بـەڵام چاوەکـەم ! زۆر زۆر وریـای خـۆت بـە، بـا زیـوانو بنـژیلو گەنمـی کوێـرو لـێدراوی نیـازو مەبەسـتەکانی دیکـە، هەرچییەکی بـن، فێڵـت لـێ نەکەنو خۆت لـێ بـە گـەنم نیشان نـەدەن، چونکە نەفـسو شـەیتـان فێڵو فەرەجیـان گەلـێك زۆرە !!

ئنجا با لە کۆتـایی ئەم باسەدا چەند قوڵە ئامۆژگارییەکیشت بکەم:

یەکەم: ئەگـەر هـەموو کـەس فـێڵی لێبکـرێ، فێـڵ لـە خـوا نـاکرێ، چونکە خـودا وەك پێغەمبـەری پێـشەوامان صـلی الله علیـە وسـلم فەرموویـەتی: {إِنَّ اللهَ لاَ يَنظُـرُ إِلـى أجْسَـامِكُمْ، وَلاَ إِلـى صُـوَرِكُمْ، وَلَكِـن ينظُـرُ إِلـى قُلُـوبِكُـمْ وَأعْمَـالِكُم}(١)، واتـە: بێگومـان خـوا نـە تەماشای لـەشو لارتـان دەکات، نە تەماشـای دیمەنتـان بەڵکو تەماشای دڵەکانتـان دەکات.

کـەواتە عەزیـزم ! پەلـەپەلو تـاڵووکە مەکـەو، هـەتا تـەواو دڵـنیاو مسۆگـەر نـەبی، کـە ڕووی دڵـت جگـە لە خوا، لە هیچ شتێکی دیکە نیە،

١) رَوَاهُ مُسْلِمٌ برقم: (٦٧٠٨) عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ.

Scanned by CamScanner

ئەم قۆناغە بەجێ مەهێڵەو مەکەوە ڕێ، چونکە (شیر) هەرچەندە زۆر چاك بێت، بەبێ هەوێن نامەیێ و دەترشێ، ئەگەر دنیایەش بەتۆوی دابچێنی، بەبێ (ئاو) سەوز نابێ، کەواتە هەتا ڕووی دڵت لەگەڵ خوادا ڕاست ڕاست نەکەیو تەواو خۆت بۆ خوا خاوێن و یەکلا نەکەیەوە، هیچ مەکە، چونکە دیوارێك لەسەر زبڵی دابنرێ، سەرەنجامی هەر ڕووخان و هەرەس هێنانە!

دووەم: هەموو جموجۆڵ و چالاکی و ڕەنجدانێکی بابای مسوڵمان، بە مەبەستی ئەوەیە، کە خوا لێی وەربگرێ و پاداشتی بداتەوەو بە بەهەشتی بەرینی و ڕەزامەندیی خۆی شادی بکات، دەجا خوا بە ڕاشکاویی ڕایگەیاندوە، کە کارو کردەوەی هیچ کەسێك ئیعتیباری پێ ناکرێ و وەرناگیرێ، جگە لە خواناسانی ڕاستەقینەو پارێزکار، وەك دەفەرموێ: ﴿...إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ ٱللَّهُ مِنَ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٢٧﴾﴾ المائدة، واتە: بێگومان خوا بەس لە پارێزکاران وەردەگرێ.

کەواتە با بەر لەوەی هەنگاو بنێین، تەواو لە خۆمان ورد بینەوەو بزانین داخۆ واین، کە خوا لێمان وەربگرێ، یان نا ؟.

سێیەم: خوای میهرەبان لە فەرموودەیەکی قودسییدا فەرموویەتی: {أَنَا عِنْدَ ظَنِّ عَبْدِي بِي...}[1]، واتە: من بەگوێرەی گومان و بیرکردنەوەی بەندەکەمم سەبارەت بە من.

---

١) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ: البُخَارِيُّ برقم: (٦٩٧٠)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٦٩٨١)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٣٦٠٣)، وَقَالَ: حَسَنٌ صَحِيحٌ، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٣٨٢٢)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٨١١) عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ.

Scanned by CamScanner

کەواتە مسوڵمانی بەڕێز !

زۆر چاك بزانە ! بەبێ بۆ خوا ساغ بوونەوە، هیچ شتێکت لێ هەڵناوەرێ، وە چەندە مەبەستت خوا بێو چەندە ڕەزامەندیی خوات لە دڵ دابێ خواش هێندە تۆی مەبەستەو هێندە تۆی دەوێ !

بەکورتی (خوا لەلای تۆ چۆن بێ، تۆش لەلای وی ئاوای !).

ئێستاش دوای ئەوەی تەواو دڵت بۆ خوا ساغو یەکلا بۆوەو، بێجگە لە وەدەستهێنانی ڕەزامەندیی ویو لێ نزیکبوونەوەی، هیچ ئاواتو مەبەستێکی دیکەی ماددیی‌و مەعنەوییت لە دڵدا نەماوەو جگە لە خوا هیچ شتێکی دیکە لە ئاوێنەی دڵتدا بەدی ناکەی، ناوی خوا بێنەو خۆت گورج‌و گۆڵ بکەو بەرەو گرینگترین‌و کاریگەرترین قۆناغی ئەم سەفەری بەرەو خوا چوونە برۆ، کە بریتیە لە قۆناغی چوارەم (پارێزکاریی‌و وردبوونەوە).

قۆناغی چوارەم: پارێزکاریی‌و وردبوونەوە

مسوڵمانی بەڕێزو خۆشەویست !

ئێستا، کە قۆناغی سێیەمت هەڵبواردوەو بەتەواویی ڕووت لە خودا کردوە، جگە لە ئامانجی بە دیداری خوا شادبوون‌و کامڵ بوون، هیچ نیازو مەبەستێکی دیکەی مەعنەویی، وەك مەدح‌و پێهەڵگوتران‌و پلەو پایە وەدەستهێنان‌و ڕووی خەڵکی بەلای خۆدا هێنان، یان ماددیی وەك دەسەڵات‌و پارەو سامان‌و ئافرەتی جوان، لە ئاوێنەی دڵتدا نابینی، ئەمجار خۆت گشت‌و وشت بکەو بچۆ قۆناغی (پارێزکاریی وردبوونەوە)وە.

ئنجا با بەرلەوەی بچینە سەر ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی: پارێزکاریی‌و وردبوونەوە، پێناسەیەکی کورتی پارێزکاریی (تقوی) بکەین‌و، برێك دەربارەی بەرهەمەکانی بدوێین:-

Scanned by CamScanner

سەرجەم قسەو توێژینەوەی زانایان سەبارەت بە چەمك و واتای وشەی (تقوی) دەچێتە سەر ئەوە، کە (تقوی) یانی (وریایی و ئاگا لەخۆبوون و خۆ پاراستن)، بۆ وێنە (راغب الأصفهاني) گوتوویەتی: (وصار التقوى في اصطلاح الشرع، حفظ النفس عما يُؤْثِمُ)، واتە: تەقوا لە زاراوەی شەرعدا یانی (خۆپاراستن لە هەر شتێك، کە تاوانباریی تێدایە).

بەڵێ... (تەقوا) لە کوردییدا (پارێزکاریی) بۆ داندراوە، یانی: چاودێریی خۆکردن و وریایی و بێداریی و هۆشیاریی و خۆپاراستن، لە هەر نیازو مەبەست و قسەو وتارو کردەوەو ڕەفتارێك، کە ناڕەزایی و گلەیی خوای تێدایە، ئەو نیازو وتەو کردەوانەش، کە دەبنە هۆی گلەیی و ناڕەزایی خوا، سێ جۆرن :

یەکەم: نەکردنی شتێکی پێویست، یان پەسەندو چاك.

دووەم: کردنی شتێکی حەرام، یان ناپەسندو خراپ.

سێیەم: زیادەڕۆیی کردن لە شتی حەڵاڵ و موباح دا.

هەربۆیەش یەکێك لە هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم خوا لێیان ڕازی بێ، لە وەڵامی یەکێکدا، کە لێی پرسی تەقوا چییە؟ فەرمووی: {(هل سَلكتَ طَريقاً ذا شَوك)، ئایا هیچ جاران بە ڕێیەکی درکاویدا نەڕۆیوی؟

گوتی: با.

فەرمووی: (فماذا فعلتَ؟) لەو کاتەیدا چیت کردووە؟

گوتی: (شمَّرت واجتَهدتُ) خۆم گورج و گۆڵ کردووەو ئاگاداری خۆم بووم.

فەرمووی: (فَذلكَ التقوى) دەنا ئەوە تەقوایە}!

ئنجا پاش ئەوەی، تا ڕاددەیەك زانیمان تەقوا چییە؟ با نەختێكیش دەربارەی گرنگیی و بەرهەم و دەستكەوتەكانی بدوێین:

١) تەقوا دەبێتە هۆی زانایی و چاو ڕوونبوونەوە: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تَتَّقُواْ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّكُمۡ فُرۡقَانٗا ... ﴿٢٩﴾ ﴾ الأنفال.

٢) تەقوا وا لە مرۆڤ دەكات كە خوای لەگەڵ بێت: ﴿ ... وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلۡمُتَّقِينَ ﴿٣٦﴾ ﴾ التوبة.

٣) تەقوا دەبێتە هۆی لە قورئان حاڵی بوون: ﴿ ذَٰلِكَ ٱلۡكِتَٰبُ لَا رَيۡبَۛ فِيهِۛ هُدٗى لِّلۡمُتَّقِينَ ﴿٢﴾ ﴾ البقرة.

٤) تەقوا وا لە ئینسان دەكات، كە خوا خۆشی بوێت: ﴿ ... فَإِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُتَّقِينَ ﴿٧٦﴾ ﴾ آل عمران.

٥) تەقوا هۆی چوونە بەهەشتە: ﴿ إِنَّ ٱلۡمُتَّقِينَ فِي جَنَّٰتٖ وَنَهَرٖ ﴿٥٤﴾ ﴾ القمر.

٦) تەقوا مایەی لێكرانەوەی دەرووی خێرە: ﴿ ... وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّهُۥ مَخۡرَجٗا ﴿٢﴾ ﴾ الطلاق.

٧) تەقوا مایەی كاروبار بۆ ئاسان بوونە: ﴿ ... وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّهُۥ مِنۡ أَمۡرِهِۦ يُسۡرٗا ﴿٤﴾ ﴾ الطلاق.

٨) تەقوا دەبێتە هۆی پاداشتی مەزن و سڕانەوەی خراپەكان: ﴿ ... وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يُكَفِّرۡ عَنۡهُ سَيِّـَٔاتِهِۦ وَيُعۡظِمۡ لَهُۥٓ أَجۡرًا ﴿٥﴾ ﴾ الطلاق.

Scanned by CamScanner

٩) تەقـوا قەڵغـانە لـە بەرامبـەر پیلانـی دوژمنانــدا: ﴿... وَإِن تَصْبِرُواْ وَتَتَّقُواْ لَا يَضُرُّكُمْ كَيْدُهُمْ شَيْـًٔاۗ إِنَّ ٱللَّهَ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطٌ ١٢٠﴾ آل عمـران.

١٠) هــەر ئیــش و كــارێك لەسـەر بنـچینــەی تەقــوا دابمــەزرێ، هــەرەس نایـەنێ: ﴿أَفَمَنْ أَسَّسَ بُنْيَـٰنَهُۥ عَلَىٰ تَقْوَىٰ مِنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنٍ خَيْرٌ أَم مَّنْ أَسَّسَ بُنْيَـٰنَهُۥ عَلَىٰ شَفَا جُرُفٍ هَارٍ فَٱنْهَارَ بِهِۦ فِى نَارِ جَهَنَّمَ... ١٠٩﴾ التوبة.

١١) سـەرەنجــامی خێــر لــە گــرەوی تــەقواداران دایـــە: ﴿... إِنَّ ٱلْعَـٰقِبَةَ لِلْمُتَّقِينَ ٤٩﴾ هــود.

ئنجا با بزانین پارێزكاریی و وردبوونەوە چییــە و چۆنەو، چۆن دەستـگیــر دەبێ؟!

باشتــرین رێگـای وەدەستـهێنــانی پارێزكـاریی و وردبوونــەوە، ئەوەیـە، كـە ئینسـان هەموو رۆژێك بـەبێ بواردن بـەگوێرەی ئـەو پەیمانـە پێنج بەندییـە لەگەڵ نەفسی خۆی رەفتار بكات، كە زانایـانی دڵ بێــدارو هۆشیارو پارێزكار، بۆ بەرەو خوا چوون و كامڵ بوون، دایـانـناوەو لەسەری رێك كـەوتوون.

ئەو پەیمانـە پێنج بەندییەش بەكورتی ئەمەیە:

١- مـەرج لەگـەڵ دا گرتن (الـمشارطة).

٢- چـاودێریی كردن (الـمراقبـة).

٣- سـەركۆنە كردن (الـمعاتبـة).

Scanned by CamScanner

٤- لێپرسینەوە (المحاسبة).

٥- سزادان (المعاقبة).

چۆنیەتی ڕەفتارکردنیش بە پەیمانی ناوبراو، بەم شێوەیەیە:

هەنگاوی یەکەم: مەرج لەگەڵ دا گرتن:-

هەموو ڕۆژێ بەیانی، کە لە خەوێ هەڵسای بە عەزمێکی پتەوو پۆڵاینەوە ،خۆت بدوێنەو مەرج لەگەڵ نەفسی خۆتدا بگرە، کە ئاگاداری خۆی بێ‌و وریاو بێدارو ورد بێ‌و، نەیەڵێ گیرۆدەی هیچ خراپەو بێشەرعیەك، یان ڕەفتارێکی پووچ (لغو)و ناپەسند (مکروه) بێ.

ئەو ئاگا لەخۆبوون‌و هۆشیاریی‌و وردبوونەوەش، بە پاراستنی حەوت شتان دێتەدی[1]:

أ/ وشەکان (الکلمات): هیچ وشەیەك نەڵێ‌و نەبیستێ، کە تاوان بێ، یان لانیکەم پووچ‌و بێ سوود بێ‌و، لە گوتنی هیچ وشەو قسەیەکی فەرزو سوننەتیش خۆی نەبوێرێ.

ب/ سەرنجەکان (النظرات): سەرنج نەداتە هیچ شتێك، کە حەرام بێ، یان لانی کەم پووچ‌و بێ سوود، یان ناپەسند (مکروه) بێ‌و، چاوی بەو سەرنج‌و ڕوانینانەوە خەریك بکات، کە پێویست، یان پەسندو باشن.

---

١) ئاشکراو بەڵگە نەویستە، کە خەسڵەتی پارێزکاریی (تقوی) بەس بەوەندە نایەتەدی، کە ئینسان ئاگاداری خۆی بێ دووچاری هەڵەو تاوان نەبێ، چونکە (بەرد)یش بە بەردایەتی خۆی گوناحان ناکات، بەڵام هەر بەردەو بەس بەمە نابێ بە هیچ ! کەواتە تەقوای ڕاستەقینە ئەوەیە، کە وێڕای خۆ لە خراپە پاراستن، خۆشت لە چاکەدا سەرگەرم بکەی‌و هەوڵ بدەی دەقیقەیەکیش بێ‌هوودە لەدەست نەچێ.

ج/ نیازەکان (الخطرات): هیچ بیرو نیازێك بە دڵی خۆیدا نەهێنێ، کە خراپ، یان لایەنیکەم ناپەسند بێ، لە نیازو مەبەستی پێویستو سوننەتو پەسەندیشدا درێغیی نەکات.

د/ تاوەکان (اللحظات): هیچ دەقیقەیەکی تەمەنی لە بێشەرعیی، یان پووچیی (لغو)دا بەڕێ نەکاتو، هەمیشە سەرگەرمی ئەنجامدانی ئەرکە شەرعییە فەرزو سوننەتەکان بێ.

هـ/ هەنگاوەکان (الخطوات): بەرەو هیچ کارێکی خراپ، یان نا پەسند لاق هەڵنەهێنێ‌و، بەرەو خێریش درێغیی نەکات.

و/ پاروەکان (اللقمات): هیچ پارووێك، یان لوقمێکی وا لە گەرووی ئاوا نەکات، کە نەك هەر حەرام، بەڵکو جێی شوبهەش بێو، لە موباحیشدا زیادەڕۆیی نەکات.

ز/ جموجۆڵەکان (الحرکات): هیچ جموجۆڵێك بە هیچ کام لە ئەندامەکانی نەکات، کە حەرام، یان ناپەسند (مکروه) بێ، لە هیچ جموجۆڵێکی پێویستو پەسەندو چاکیشدا، تەنبەڵیی‌و سستیی نەنوێنێ.

هەنگاوی دووەم: چاودێریی کردن.

دوای ئەوەی بەو شێوەیەی، کە لە هەنگاوی یەکەمدا باسمان کرد، مەرجت لەگەڵ خۆتدا گرتو بەڵێنێکی پتەوت لەگەڵدا مۆر کرد، ئنجا دەستبەجێ دوا بە دوای ئەوە چاودێریی‌و پشکنینێکی وردو بەردەوام بخە سەر خۆتو زۆر چاك ئاگاداری وشەو ڕستەکانی زمانتو، ڕوانینی سەرنجەکانی چاوتو، نیازو مەبەستو خولیاو خەیاڵەکانی دڵو مێشکتو، چرکەو دەقەکانی

تەمەنت و، بۆ هەڵهێنان و شەقاوەکانی لاقانت و، قمە خواردنەوەو پاروە خواردنەکانی زارو، جموجۆڵی ئەندامەکانت بەو، نەهێڵی ئەگەر لانیکەم خوداشیان بۆ لە خۆت ڕازی نەکەی، ببنە مایەی شەرمەزاریی و ڕەنج بە خەساریی و قەرزدار بوونەوەت !! هەڵبەتە ئەم چاودێریی و ئاگا لەخۆ بوون و خۆپشکنینەش، تایبەت نیە بە کات و شوێنێکی تایبەتیی و دیاریی کراوەوە، پێویستە هەر لە دەمی بێداربوونەوەوە، هەتا کاتی پێش نووستن، بەردەوام بێت و یەك تاو لەخۆی بێئاگا نەبێ، چونکە شەیتان و نەفس هەمیشە بۆ مرۆڤ لە بۆسەدان و، هەر چاوەڕێی هەل و دەرفەتێکن ! کە یان ئینسان دووچاری هەڵەو خراپەیەك، یان لەدەستدانی خێرو چاکەیەك بکەن.

هەنگاوی سێیەم: سەرکۆنە کردن:

ئنجا دوای ئەوەی هەر لە دەمی بێداربوونتەوە، هەتا کاتی سەر جێگەی خەوتن، بە وردیی و بێ پسانەوە چاودێریی خۆتت کردو، چاوو گوێ و زمان و زارو دڵ و مێشك و گەدەو دەست و لاق و باقی ئەندامەکانت، کردنە جێی سەرنج و تێوەڕامان و وردبوونەوەی خۆت، شەوێ، کە چویتە سەر جێگەی نوستنێ، مەنوو، هەتا چاوێکی وردو قووڵ بە هەڵسوکەوتەکانی ئەو ڕۆژەتدا نەگێڕیەوە، جا ئەگەر خێرو چاکەیەکت دی، سوپاسی خوای لەسەر بکەو سوور بزانە، کە بە یاریدەو پشتگیریی خوا کردووتەو، ئەگەر خوا نەکردە خراپەیەکیشت بەرچاو کەوت، ئەوە دەستبەجێ لێی ژیوان بەوەو بگەڕێوە لای خواو، داوای لێبووردنی لێ بکەو، سوور سوور بزانە، کە نەفست بە فەرمانی شەیتانی بەد، تووشی ئەو جۆرتمەی کردووی و بەو دەردەی بردووی، مادام وابێ، زۆر جێی خۆیەتی، کە دەست بکەی بە تانە لێدان و لۆمەو سەرکۆنەی نەفست.

هەنگـاوی چـوارەم: لـێپرسینەوە.

پاش ئـەوەی هـەموو پـێش خـەوتنێـك لـۆمەو سـەرکۆنەی نەفسی خۆتت کرد، لەسەر هـەڵەو تاوانەکـانی، ئەگـەر زانیـت نەفسـت بـەو سەرشکاندنەوەو خـۆ لـێتووڕەکردن‌و سـەرکۆنەکردنە، چـاك بـووەو ئـەدەب‌و شـەرمی پەیـدا کردوە، ئەوە چاکـە، دەنا لەگەڵی بگوازەوە بـۆ هـەنگاوی چوارەم‌و، بـەین بـەین هـەر حـەوتووی جارێـك، دەسـت بکـە بـە لـێپرسینەوەیەکی زۆر تونـدو وردی نەفسـت‌و، سـەرە دەرزییانیشـی لەسـەر حیسـاب بکـەو، یـەك تـۆز بەزەییـت پێیدا نەیەتەوە، چونکە ئەو بەزەیی بەتۆدا نەهـاتۆتەوەو، ویسـتوویەتی لـە ڕێـی ئەو تـاوان‌و خراپانـەوە، دووچاری تـووڕەیی خـواو ئـازارو ئەشکەنجـەی دنیـاو دوارۆژت بکـات !!

ئنجا ئەگەر لە ئـەنجامی ئـەو لـێپرسینەوەیەدا هەسـتت کـرد، کـە نەفسـی خراپەکارت شـایستەی سـزاو جـەزرەبەیە، ئـەوە یەکسـەر لەگـەڵی بگـوازەوە بۆ هەنگـاوی پێنجـەم.

هەنگـاوی پێنجـەم: سـزادان :

وەك گوتمـان دوای لێپرسـینەوەیەکی وردو قـووڵ، ئەگـەر بـۆت دەرکـەوت نەفسـت شایسـتەی سزاو جەزرەبەیەو حەوجێی تەمبـێ کـردنێیـە، بـە بـێ سڵەمینەوەو دوودڵـیی، بەرۆکی نەفسـت بگرەو زەبرێکی پـڕ بـە پێسـتی تـێ بسـرەوێنەو، لـە خـەوی سـستیی‌و تەوەزەلیـی‌و قالب گرانیی وەخەبـەری بێنـەو، ئەو کۆت‌و زنجیـرەی، کە شەیتانی بـەد خستوویەتە دەسـت‌و پـێ‌و گەردەنییەوە، بە شـمشێری شـەرع هـەلا هـەلای بکـەو بی پسـێنە.

هەڵبەتە جۆرو چۆنیەتی‌و ئەنـدازەی ئـەو سزادانەش، توێژینـەوەی دوورو درێـژ هـەڵدەگرێ، کە لـێرەدا مـەودایان نیـە، بـەڵام میانـەڕەویی (وسطية) ڕەچاو کـردن لە هـەموو شـتێکدا، نیشـانە بە ئینسـان دەبەخشـێ.

Scanned by CamScanner

کەواتە: هەر کاتێك لەسەر تاوان و خراپەو کارێکی ناپەسەند، ویستت سزای نەفست بدەی، لە لایەکەوە زەبرێکی وای تێ بسرەوێنە، کە ئێشی پێ بگەیەنی و پێی بگوترێ سزا، لە لایەکی دیکەوە، با ئازاردان و سزادانەکە بەجۆرێکی هێندە سەخت و بێ ڕەزا نەبێ، کە بنەتۆوی خۆی نەکاتەوەو، زیانی لە قازانجی پتر بێ[1].

ئەگەر بێت و ئەوەی لەو پەیمانە پێنج بەندییە پەدا خراپە ڕوو، لە گوێ و دڵ بگری و ڕەفتاری پێ بکەی، ئەوە مسوگەر بە پشتیوانی خوا، خەسڵەتی بەرز و پەسەندو مەزنی (پارێزکاریی)ت تێدا پەیدا دەبێ و، قۆناغی چوارەمیش هەڵدەبوێری، ئنجا پتر خۆت گشت و وشت بکەو سەرت هەڵبڕەو بەرەو لوتکەی هەرە بەرزو پیرۆزی خواپەرستیی و مسوڵمانەتیی، کە پلەی ئیحسانە، بڕوانەو بیکە بە جێی خولیاو ئاواتی بەرزت.

ئێستاش با کۆتایی توێژینەوەی ئەم قۆناغی چوارەمە بەم کورتە باسە بهێنین :

پەرێزی چاکەو خراپە لە ژیانی ئینسان دا :

عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ، لەبارەی پەرێزی چاکەو خراپەوە لە ژیانی ئینساندا گوتوویەتی: ((إِنَّ لِلْحَسَنَةِ ضِيَاءً فِي الْوَجْهِ، وَنُوراً فِي الْقَلْبِ، وَسَعَةً فِي الرِّزْقِ، وَقُوَّةً فِي الْبَدَنِ، وَمَحَبَّةً فِي

---

١) شایانی باسە کە مەرج نیە سزادان هەر لێدان و پێدادان بێت، بەڵکو هەر شتێك، کە ببێتە مایەی تەمبێ کردن و سەر شکاندنەوەی نەفس سزایە، وەك برسیی و تینوو کردن و حەپسکردن بە هۆی ئیعتیکافەوە و...هتد، دیارە خۆ بەستنەوەی (أبو لبابة)ش بە کۆڵەکەی مزگەوتەوە، هەتا پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لێی کردەوە، هەر لەو بابەتە بووە، وەك لە (سیرة ابن هشام)دا هاتوە.

قُلُوبِ الْخَلْقِ، وَإِنَّ لِلسَّيِّئَةِ سَوَادًا فِي الْوَجْهِ، وَظُلْمَةً فِي الْقَلْبِ، وَوَهَناً فِي الْبَدَنِ، وَنَقْصاً فِي الرِّزْقِ، وَبُغْضَةً فِي قُلُوبِ الْخَلْقِ))[١].

ئەم قسە بەپێزەی (ابن عباس)، كە بە ئاشكرا ڕووناكیی بنەماڵەی پێغەمبەرایەتیی پێوە دیارە، دە (١٠) یاسای گرنگی، دەربارەی تەئسیرو شوێنەواری چاكەكردن و خراپەكردنی لە ژیانی ئینساندا تێدان، پێنجیان پەیوەندییان بە بەرهەمی چاكی چاكەكردنەوە هەیە، كە ئەمانەن:

١- گەشیی و درەوشانەوەی ڕوو، خواش فەرموویەتی: ﴿... سِيمَاهُمْ فِي وُجُوهِهِم مِّنْ أَثَرِ السُّجُودِ... ﴿٢٩﴾﴾ الفتح.

٢- ڕووناكیی دڵ، خواش فەرموویەتی: ﴿أَفَمَن شَرَحَ اللَّهُ صَدْرَهُ لِلْإِسْلَامِ فَهُوَ عَلَىٰ نُورٍ مِّن رَّبِّهِ... ﴿٢٢﴾﴾ الزمر.

٣- بەهێزیی جەستە، خواش لەسەر زمانی (هود) علیه السلام فەرموویەتی: ﴿وَيَا قَوْمِ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُوا إِلَيْهِ يُرْسِلِ السَّمَاءَ عَلَيْكُم مِّدْرَارًا وَيَزِدْكُمْ قُوَّةً إِلَىٰ قُوَّتِكُمْ وَلَا تَتَوَلَّوْا مُجْرِمِينَ ﴿٥٢﴾﴾ هود.

٤- فراوانی بژێوو ڕۆزیی، خواش فەرموویەتی: ﴿... وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مَخْرَجًا ﴿٢﴾ وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ... ﴿٣﴾﴾ الطلاق.

٥- خۆشەویستی لە دڵی خەڵكی مسوڵماندا، خواش فەرموویەتی: ﴿إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ سَيَجْعَلُ لَهُمُ الرَّحْمَٰنُ وُدًّا ﴿٩٦﴾﴾ مريم.

---

١) ئەم قسەیە (ابن القیم الجوزیة) لە (الوابل الصیب من الكلم الطیب)دا گێڕاویەتەوەو، لە گەلێك شوێنی دیكەشدا باسكراوە.

Scanned by CamScanner

پێنجیشیان باسی بەرێزی شوومی خراپەکردن دەکەن، کە ئەمانەن:

١- ڕەشیی و تەڵخیی دەموچاو، خواش فەرموویەتی: ﴿ ... فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ٱسۡوَدَّتۡ وُجُوهُهُمۡ أَكَفَرۡتُم بَعۡدَ إِيمَٰنِكُمۡ ... ﴿١٠٦﴾ ﴾ آل عمران.

٢- تاریکیی دڵ و دەروون، خواش فەرموویەتی: ﴿ ٱللَّهُ يَسۡتَهۡزِئُ بِهِمۡ وَيَمُدُّهُمۡ فِي طُغۡيَٰنِهِمۡ يَعۡمَهُونَ ﴿١٥﴾ ﴾ البقرة.

٣- بێهێزی لەش، خواش فەرموویەتی: ﴿ ظَهَرَ ٱلۡفَسَادُ فِي ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِ بِمَا كَسَبَتۡ أَيۡدِي ٱلنَّاسِ لِيُذِيقَهُم بَعۡضَ ٱلَّذِي عَمِلُواْ ... ﴿٤١﴾ ﴾ الروم.

٤- کەموکورتیی بژێو، خواش فەرموویەتی: ﴿ وَمَنۡ أَعۡرَضَ عَن ذِكۡرِي فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةٗ ضَنكٗا ... ﴿١٢٤﴾ ﴾ طـه.

٥- بوغزێنراوی لە دڵی خەڵکی - مسوڵمان - دا، خواش فەرموویەتی:

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكۡتُمُونَ مَآ أَنزَلۡنَا مِنَ ٱلۡبَيِّنَٰتِ وَٱلۡهُدَىٰ مِنۢ بَعۡدِ مَا بَيَّنَّٰهُ لِلنَّاسِ فِي ٱلۡكِتَٰبِ أُوْلَٰٓئِكَ يَلۡعَنُهُمُ ٱللَّهُ وَيَلۡعَنُهُمُ ٱللَّٰعِنُونَ ﴿١٥٩﴾ ﴾ البقرة.

www.iqra.ahlamontada.com

Scanned by CamScanner

قۆنـاغی پێـنجـەم : ئیحـسـان و بـەرز بوونەوە:

مسـوڵمـانی سـەنگـین !

هەرکـاتێك قۆنـاغی ڕابـردووت بەتـەواوی بـڕی و، خەسـڵەتی پارێزکاری و وردبوونـەوەت تێـدا، بـوو بـە بەشـێکی دامـەزراوو بنـەڕەتیی، مانـای وایـە کەوتوویـە سـەر خـەتی ڕاسـت و بـەرەو ئامـانج بـەڕێ کـەوتووی و، نزیکـیش کـەوتووی، بـەڵام بـەس بەوەنـدە قەناعـەت مەکـەو، خـوا لوتـف و بـەزەیی و بەخششی زۆرو زەوەندەیەو بە کەمی واز مەهێنە، دیارە ئاواتی گەورەشە، کە پیـاوی گـەورە دروسـت دەکـات، بـەڵام ئـاوات و مەبەسـتی بـەرزیش، ڕەنـج و خەباتێکی لەقەدەر خۆی دەوێ، چونکە (إذا كانت الآمـال كِباراً، تَعِبتْ في مُرادِها الأَجسامُ) !!

جا دوای ئەوەی لە ئەنجامی هەڵبواردنی چوار قۆناغی پێشوودا، گەیشتیە پلـەو پایـەی پارێزکـاران (الـمتقین)، ئەگـەر لەخـۆت ڕادەبینـی بەوەنـدە مەوەستە، بەردەوام بە لەسـەر ڕێ بڕین، بەڵکو ئـەوە خوایـە، بـە لوتفی خوا بتـوانی خـۆت بگـەیەنیە پایـەی ئیحـسـان و بـچیتـە ڕیـزی چاکـەکاران (محسنین)ەوە!

ئنجا هەر هەمان ڕێگاو چۆنیەتی، کە (پارێزکاری)ت پێ وەدەست هێنا، پلـەو پایـەی ئیحسـانیشـی پێ دەستگیـر دەکرێ، ئەگەر خوا مـەیلی لـێبێ، بۆیـە بەپێویسـتی نازانـم چۆنیەتی گەیشـتن بـە پایـەی ئیحـسـان (مقـام الإِحسان) بتوێژمـەوە.

بەڵام وای بەچـاك دەزانم بڕێك چەمك و واتـای (إحسـان) ڕوون بکەمەوە:

(ئیحسـان): لە ئەسڵی زماندا یانی چاکـەکاری، بەڵام لە زاراوی شەرعـدا، بە بڵندترین پایەی خواناسییو، بەرزترین لوتکەی ڕێـی بەرەو خوا چوون دەگوترێ.

بەڵێ ئیحسـان ئەو حاڵەتە بەرزو پیـرۆزەیە، کە هەر کاتێك مرۆڤ پێـی گەیشـت، هەموو ئەرکێکی ئیسـلام بە چاکتـرینو ڕاستتـرین شێوە ئەنجام دەدات، نوێژەکـەی لـەوپەڕی چاکـییو تەواوییـدا دەبێو، هەم لەلایـەنی ڕواڵـەتیی یـەوە، وەك قورئـان خوێنـدنو ڕکـووعو کڕنـووش بـردنو تەحیاتەکـەی هـەم لـە لایـەنی دەروونیـی یـەوە، وەك گەردنکـەچییو خۆ بەکەم زانینو، خوا بە گەورەو پاك گرتنو بە دڵ لە خواوە ڕامانو دڵ پڕبوون لـە شـەرمو ڕێـزی ..

جیهـادکردنەکەش بە تـەواوترین شـێوە دەبێو، سەرو ماڵی لەسەر لـەپی دەسـتی دادەنـێ، لـەپێناوی بەرزکردنـەوەی نـاوی خـواو بوژاندنـەوەی بەرنامەکـەیدا، بێئـەوەی چـاوەڕێـی سـوپاسـکردنو چـاکەدانەوەی هـیچ کەسێك بێت، بێجگـە لە خـوا..

هـەروەها خـووو ڕەوشـتو ڕۆژو زەکـاتو حـەجو زیکـرو هـەموو شـتێکی دیکـەی، بەهەمـان شـێوە.

کـەواتە: ئیحسـانیش وەك تـەقوا، هـەموو ئـەركو فەرمانـەکانی ئیسلامو، گـشت نیـازو وتـەو کردارەکـانی ئینـسـانو، سـەرلەبەری لایەنـەکانی ژیـانی دەگرێتـەوە، ئەوەنـدە هـەیە چـەند جیـاوازیـی یـەکی ورد لەنێـوان تەقـواو ئیحسـانـدا بەدی دەکرێـن:

١/ تەقـوا خەسـڵەتێکە مرۆڤ لـە خراپـەو تاوانەکـان دەپـارێزێو، بـەرەو چاکەکـاریی هـانی دەدات، بـەڵام ئیحـسان خەسڵەتێکـە مرۆڤ لـەو شـێوە خواپەرستیی بە دەپارێزێ، کە شێوەیەکـی چاکـتر لـەوی هـەیە.

٢/ تەقوا بۆ ئەوەیە مرۆڤ لە دۆزەخێ قوتار بکاو بەرەو بەهەشتێ تەیار بکات، بەڵام ئیحسان دەبێتە هۆی ئەوەی لە زیاتر پێهەڵچوونی پلە بەرزەکانی بەهەشتێ دا، سەرگەرمی پێشبڕکە (مسابقة) بێ !

٣/ بەکورتیی: تەقوا پەرستنی خوایە، بەڵام ئیحسان چاك پەرستنی خوایە، بابای پارێزکار (متَّقي) هەوڵ دەدات هەموو دەمێ لەنێوان چاکەو خراپەدا چاکە هەڵبژێرێ، بەڵام بابای چاکەکار (مُحْسِن) هەوڵ دەدات لەنێوان چاکەو چاکتردا، چاکتر هەڵبژێرێ.

بەڵێ خوێنەری بەڕێزم !

وەك گوتمان ئیحسان لە هەموو شتێکدا هەیەو وردو درشت دەگرێتەوە، بەڵام ئێمە لێرەدا بە هێنانەوەی دوو دەقی قورئان و سوننەت، کە یەکێکیان پەیوەندیی بە نێوان خواو بەندەوەو، ئەوی دیکەشیان پەیوەندیی بە هەڵسوکەوتی مرۆڤەوە هەیە لەگەڵ خەڵکیدا، واز لە توێژینەوەی ئەم قۆناغە دێنین:

<u>یەکەم</u>: پێغەمبەری سەرومرمان صلى الله عليه وسلم سەبارەت بە چۆنیەتی ئیحسان - ئەوپەڕی چاکیی - لە بڕوا بەخوا بوون و خواناسیی دا فەرموویەتی: {الإِحْسَانُ: أَنْ تَعْبُدَ اللَّهَ كَأَنَّكَ تَرَاهُ، فَإِنْ لَمْ تَكُنْ تَرَاهُ فَإِنَّهُ يَرَاكَ}[1]، واتە: ئیحسان ئەوەیە، کە بە شێوەیەك خوا بپەرستی، کە دەیبینی، خۆ ئەگەر تۆش ئەو نەبینی، ئەو دەتبینێ !

---

١) رَوَاهُ أَحْمَد برقم: (٣٦٧)، وَالْبُخَارِيُّ برقم: (٥٠)، وَمُسْلِمٌ برقم: (١٠٢)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٦٤)، وَابْنُ خُزَيْمَةَ برقم: (٢٢٤٤)، وَغَيْرُهُم عَن عُمَر بْنُ الْخَطَّابِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ.

Scanned by CamScanner

بێگومان ئەو حاڵەتەش هەروا بە ئاسانیی، بۆ ئینسان نایەتەدیو زۆری پێ دەوێ، تاکو دەیگاتێ، بەڵام مەحاڵیش نیەو، هەرکەسێک بەڕاستی هەوڵی بۆ بدات، بە لوتفی خوا پێی دەبەخشرێ.

دووەم: خوای بەخشەرمان فەرموویەتی: ﴿ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ فِي ٱلسَّرَّآءِ وَٱلضَّرَّآءِ وَٱلْكَٰظِمِينَ ٱلْغَيْظَ وَٱلْعَافِينَ عَنِ ٱلنَّاسِ ۗ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١٣٤﴾ ﴾ آل عمران، واتە: ئەوانەی لە فەرحانیی و تەنگانەدا – ماڵیان – دەبەخشن، وە ڕقی خۆ قوتدەرەوان و لە خەڵکی بوردووان، وە خوا چاکەکارانی خۆشدەوێن.

بەڵێ، ماڵ بەخشین لەکاتی دەوڵەمەندیی و خۆشیی و هەرزانیی و فەرحانییدا، زۆر کەس لەدەستیان دێ، بەڵام هەموو کەس ناتوانێ لەکاتی تەنگەدەستیی و نەبوونیی و شپرزەییدا، پاروو لە زاری خۆی و خێزانی بگرێتەوەو لەڕێی خوادا بیبەخشێ !

کەسانێکیش هەن، کە بتوانن لە دەمی تووڕەیی و ڕق هەستاندا بەسەر خۆیاندا زاڵ بن و، ئاگری تورەیی خۆیان کپ بکەن، بەڵام بەدەگمەن هەڵدەکەوێ و زۆر کەمن ئەوانەی، کە سەرەڕای ڕقی خۆ قوتدانەوەو، خۆ مەرزەم کردن و تۆڵە نەستاندنەوە، هەستن دەست لە ملی بابای تاوانباریش بکەن و لێشی ببوورن و، داوای لێبوردنیشی بۆ لە خوا بکەن[1]!!

---

١) دەگێڕنەوە جارێکی کابرایەک جنێو و قسەی ناشیرین بە یەکێک لە خواناسانی پایە بڵند دەدات، ئەویش ڕادەوەستێ هەتا جنێوەکانی تەواو دەکات، پاشان پێی دەڵێ: کاکە گیان! ئەگەر ڕاست بکەی، خوا لەمن ببورێ، ئەگەر درۆش بکەی خوا لەتۆ ببورێ!

هەروەها جارێکی دیکە کابرایەک قسەی خراپی بە خواناسێک گوتن، ئەویش پێی گوت: برای خۆم ! ئەگەر من دۆزەخیی بم شیاوی لەوەش خراپترم، کە تۆ گوتت، ئەگەر بەهەشتیی بم، قسەکانی تۆ زیانێکم لێ نادەن، بەڵێ خوات لەگەڵ!

ئنجا لە کۆتاییدا تێبینییەکی گرنگ ماوە دەبێ بگوترێ:

کەسێك ڕۆژێك لە ڕۆژان پارونێك لە زاری خۆی و خێزانی بگرێتەوەو ببیەخشێ، یان جارێك لە جاران بەخۆی بوێرێ و تاقەتی بە نەفسی بشکێ و، ڕق و قینی خۆی قوت بداتەوەو لە بابای خراپەکاریش ببوورێ، ناگونجێ، کە گومانی ئەوەی پێ ببرێ، کە گەیوەتە پایەی ئیحسان، چونکە گەیشتنە پایەی ناوبراو، بەوە دەبێ، کە ئەو جۆرە خەسڵەت و هەڵوێستانەی تێدا دابمەزرێن و، بۆی ببنە (مَلَكَة) و عادەت.

جا هاوبڕوای خۆشەویستم!

وەك پێشتر گوتمان پلەو پایەی ئیحسان، چڵە پۆپەو لوتکەی هەرە بڵندی مسوڵمانەتیی یەو، لەدوای وی پلەیەکی دیکە نیە، کە خۆی بۆ بکوتێ، ئەوەندە هەیە هەرکام لە پارێزکاریی (تقوی) و چاکەکاریی (ئیحسان) لە زاتی خۆیاندا لە چەندان پلە پێکدێن و، ئینسان هەتا لە پایەی ئیحساندا پتر ڕۆبچێ، زیاتر بەرەو پلە بڵندەکان بەرز دەبێتەوە.

تێبینی: هەڵبەتە ئەم ڕەوشتە بەرزە لەگەڵ مسوڵمانانادا ڕەفتاری پێ دەکرێ، بەڵام لەگەڵ دوژمن و ناحەزاندا بەتایبەتی لەکاتی جەنگدا، ئەوە یاسای: ﴿... فَمَنِ اعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُوا عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ ...﴿١٩٤﴾﴾ البقرة، و ﴿... وَلْيَجِدُوا فِيكُمْ غِلْظَةً ...﴿١٢٣﴾﴾ التوبة، دێنە پێش.

قۆناغی شەشەم: دەوام و ساردنەبوونەوە (الإستقامة)

مسوڵمانی سەنگین و شیرین !

لە قۆناغی پێنجەمدا گوتمان، پایەی ئیحسان مەنزڵگای کۆتایی سەفەری بەرەو خوا چوونەو، لەدوای وی قۆناغێکی دیکە نیە، کە خواناسان لە دنیادا هەوڵی بۆ بدەن، بەڵام ئێمە بۆیە (دەوام و ساردنەبوونەوە)مان کردە قۆناغی شەشەمی سەفەری بەرەو خوا چوون (السیر الی الله)، چونکە هیچ شتێك بەبێ پشوو درێژیی و بەردەوامیی و، ساردنەبوونەوە، نایەتە دی.

بەڵێ ئینسان بە کۆڵنەدان و پاشەکشە نەکردن و ساردنەبوونەوەو پشوو درێژی و خۆ ڕاگریی و بەردەوامیی، لە هەر شتێکدا، کە هەوڵی بۆ دەدات بەمراد دەگات و، بێ ئەوە هیچی بۆ ناکرێ و، درەختی هەوڵی بەرناگرێ !

هەربۆیەش خوای زانا لە زۆر جێی قورئانێدا مەدحی ئەوانەی کردوە، کە خۆڕاگر (صابر) و خاوەنی بەردەوامیی (إستقامة)ن، بۆ وێنە فەرموویەتی:

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسۡتَقَٰمُواْ تَتَنَزَّلُ عَلَيۡهِمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ أَلَّا تَخَافُواْ وَلَا تَحۡزَنُواْ وَأَبۡشِرُواْ بِٱلۡجَنَّةِ ٱلَّتِي كُنتُمۡ تُوعَدُونَ ﴿٣٠﴾ نَحۡنُ أَوۡلِيَآؤُكُمۡ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِۖ ...﴿٣١﴾﴾ فصلت، واتە: بێگومان ئەوانەی دەڵێن: پەروەردگارمان خوایە، خۆڕاگرو بەردەوامیش دەبن، فریشتەکان دێنە سەریان - پێیان دەڵێن: - کە مەترسن و دڵتەنگ مەبن، وە موژدەتان لێبێ بەو بەهەشتەی، کە بەڵێنتان پێ درابوو، ئێمە لە ژیانی دنیاو لە دوارۆژدا دۆستتانین.

Scanned by CamScanner

خوا لە چەند شوێنێکدا فەرمانی بە پێغەمبەرمان کردوە، کە پایەدارو بەردەوام بێ، بۆ وێنە: ﴿ فَٱسۡتَقِمۡ كَمَآ أُمِرۡتَ... ﴿١١٢﴾ ﴾ هود، واتە: جا وەك فەرمانت پێ کراوە بەردەوام بە.

پێغەمبەری زانای خۆ ڕاگریشمان صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: {أَحَبُّ الأَعْمَالِ إِلَى اللَّهِ تَعَالَى أَدْوَمُهَا وَإِنْ قَلَّ}[1]، واتە: خۆشەویسترین کردەوە لەلای خوای بەرز، بەردەوام ترینیەتی هەرچەندە کەمیش بێ.

جا مسوڵمانی شیرین و سەنگین !

هەتا دەتوانی خۆڕاگرو پشوو درێژو بەردەوام بەو، پەند وەربگرە لە:

١/ ئەو دڵۆپە ئاوە نەسرەوتووەی، کە شەوو ڕۆژ چکە چکیەتی و لە ئەنجامدا بەردی ڕەق قووڵ دەکات !

٢/ ئەو دەنکە بارانە وردیلانەی، کە سەدان ڕووبارو دەریای زل زل پێکدێنن و لافاوی وا هەڵدەستێنن، شارو دێهات وەبەر خۆ دەدات !

٣/ ئەو مێروولانەی، کە بە هۆی ئیش و چالاکی بەردەوام و نەپساوە وە، عەمباری گەورە گەورەی دانەوێڵە دروست دەکەن و وە سەرێك دەنێن و، بۆ کاتی پێویست پەزمەندەی دەکەن !

٤/ ئەو مێشەنگوینە چالاك و گورج و گۆڵانەی، کە بەو زارو چەنگۆڵە گچکانەی خۆیان، چەندان شانە هەنگوین لە شیلەی سەدان گوڵ و گیای جۆراو جۆر دروست دەکەن !!

عارەبیش گوتوویانە: (مَنْ صَبَرَ ظَفَرَ)، وە (مَنْ جدَّ وَجَدَ)، وە (مَنْ لَجَّ وَلَجَ).

---

١) رَوَاهُ مُسْلِمٌ برقم: (١٨٦٦)، عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا.

Scanned by CamScanner

سێ ڕوونکردنەوەی پێویست دەربارەی
قۆناغەکانی ڕێگای صالح بوون و بەرەو خوا چوون

یەکەم: قۆناغەکانی ڕێگای صالح بوون و بەرەو خوا چوون، هەر ئەم شەشە نین، بەڵام لە سۆنگەی ئەوەوە، کە زاناو شارەزایانی پەروەردەو عیرفان و تەصەووف، لەنێو خۆیاندا دەربارەی پلەو قۆناغەکانی ڕێگای ناوبراو لەسەر ژمارەیەکی دیاریکراو ڕێك نەکەوتوون و[1]، لە چۆنیەتی ڕیزکردن و ژمارەی قۆناغ و مەنزڵەکانی چاك بوون و بەرەو خوا چووندا بیروڕای جیاجیایان هەن، کە لە نێوەڕۆکدا یەك دەگرنەوە، منیش پاش وردبوونەوەو تێوە ڕامانی زۆرو بە تەجرەبەی کردەیی خۆشم، بۆم دەرکەوت، کە هەموو پلەو قۆناغەکانی ڕێگای صالح بوون و بەرەو خوا چوون، لەم شەش قۆناغەدا کورت دەبنەوە، جا بۆ ئاسانکردنی لێ حاڵی بوونی مەبەست و زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکە، ڕێگای ناوبراوم دابەش کرد بۆ شەش قۆناغی گۆڕین، واتە (تۆبەکردن و پاکبوونەوە، زانیاری و چاو ڕوونبوونەوە، ئیخلاص و یەکلابوونەوە، پارێزکاریی و وردبوونەوە،

---

١) (ابن قيم الجوزية) ڕەحمەتی خوای لێبێ، کە چاکترین و وەفادارترین قوتابی مامۆستای زاناو خواناس و شۆڕشگێڕ (ابن تيمية)یە، لە کتێبی (مدارج السالكين شرح منازل السائرين)دا، کە بە بڕوای من پوختترین کتێبی (تصوف)ی ڕاستەقینەی پابەند بە قورئان و سوننەتە، لەوبارەیەوە گوتوویەتی: ((وقد تحدث أكثر الناس في صفة المنازل وعددها، فمنهم من جعلها ألفا، ومنهم من جعلها مائةً، ومنهم مَنْ زاد ونقص، فكل وصفها بحسب سيره وسلوكه...))، بڕوانە: (مدارج السالكين، ب: (١)، ل: (١٢٢)، واتە: خەڵکی دەربارەی چۆنیەتی و ژمارەی قۆناغەکانی ئەو سەفەرە زۆر دواون، هەیانە کردوونی بە هەزارو، هەشیانە کردوونی بە سەدو، هەشیانە زیاترو کەمتری کردوون و، هەرکەسە بەگوێرەی ئەزموونی سەیرو سولووکی خۆی سەرژمێریی کردوون.

Scanned by CamScanner

ئیحسان و بەرزبوونەوە، دەوام و ساردنەبوونەوە) کە لەڕاستیدا هەموو پلەو قۆناغەکانی دیکەی ئەو ڕێگا بەرزو پیرۆزە، لەنێو خۆیان دەگرن.

دووەم: حیکمەت و هۆی ڕیزکرانی ئەو شەش قۆناغە، کە شەش قۆناغی سەرەکیی و بنەڕەتیی ڕێگای چاکبوون و بەرەو خوا چوونن، بەم شێوەیەی، کە لەم کتێبەدا دەبینرێ، ئەوەیە، کە ئینسانی مسوڵمان و ڕێبواری ڕێی بەخۆداهاتنەوەو بەرەو خوا گەڕانەوە، دوای ئەوەی بە لوتف و بەزەیی خوا، لە خەوی شوومی لاڕێبوون و لەخەو دووربوون بێدار دەبێتەوە، دەروون و ویژدانی پاڵی پێوە دەنێ و هانی دەدات، کە بەرەو خوا بگەڕێتەوەو بەخۆیدا بێتەوە، بەڵام، کە تەماشا دەکات بە پێڵاوی پیسی تاوان و خراپەو بێ ئاگایی یەوە، ڕێگای نادرێ بچێتە نێو میحرابی خواپەرستیی و بەرەو خوا چوونەوە، بڕیار دەدات، کە بە ئاوی پەشێمانیی و گەڕانەوەیەکی ڕاست و ساغ، پاك پاك خۆی بشوات، بەم شێوەیە، یەکەمین پلەو قۆناغی ڕێگای خۆ چاککردن و بەرەو خوا سەفەرکردن، هەڵدەبوێرێ، کە (تۆبە)یە.

ئنجا دوایی، کە خۆی پاك دەکاتەوەو بۆ وەڕێ کەوتن خۆی ساز دەکات، تەماشا دەکات ڕێگای ناوبراو ڕێیەکی سەخت و دوژوارو پڕ کەندو لەندو هەورازو نشێوەو، دەیان جۆرە جەردەو ڕێگری لەسەر دانیشتوون و، خۆیان تێدا لە بۆسە ناوە، بۆیە سەرەنجام دەگاتە ئەو قەناعەتەی، کە پێویستە بەرلەوەی وەڕێ بکەوێ، قۆناغی (زانیاری و چاو ڕوونبوونەوە)ش ببڕێ، نەك کوێرانە ملی ڕێ یە بگرێ و بە پێخواسیی وەنێو بکەوێ و، بەسەر بۆسان دابکەوێ، یان لە زەندۆڵان* بکەوێ !

*) زەندۆڵان کۆی (زەندۆڵ)ە، کە بە مانای شیوو دۆڵی قووڵی نێوان دوو چیا یان دوو کەندو گرد، دێ.

ئنجا دوای ئەوەی تـاڕاددەیەك دەربـارەی ڕێگـای گـۆڕین شـارەزا دەبـێ، جـارێکی دیکـە هەڵوەسـتەیەك دەکـاتو، چـاوێك بـە دەروونـی خۆیـدا دەگێڕێتەوەو، ڕووی دڵـی لەگەڵ قیبلـەی (بەس خوا پێ مەبەست بوون)دا ڕاست دەکاتو بە قۆناغی (ئیخلاصو یەکلابوونەوە)شدا تێدەپەڕێ، ئنجا پـاش تـەواوکردنی پلـەو قۆناغـەکانی (پەشـێمانـبوونەوەو چـاو ڕوونـبوونەوەو یەکلابوونەوە)، کە هەرسێکیان وەك کۆشکی بـەرزی بـەرەو خوا چـوون وان، بێجگـە لـە دیـوار دانـان چیـدی نامێنـێ، ئیـدی ئەوجـار پـاپای ڕێبـوار لـە گەرمـەی بڕینـی قۆنـاغی درێـژو گرنگـی (پارێزکـاریی و وردبوونەوە)دا دەسـتـبەکـار دەبـێ.

ئنجا پاش پێ ڕۆچوون (رسوخ القدم)یش بە قۆناغی ناوبراودا، ڕێبـوار (سالك)ی ڕێـی صالح بـوونو بـەرەو خواچـوون، جگـە لـە بەرزبوونـەوەو پێهـەڵاچـوون، بـە پەیـژەی قۆنـاغی (ئیحسانو بەرزبوونـەوە)دا، هـیچ کـارێکی دیکـەی نـامێنـێ.

ئنجا دوای ئەوەی ئینسـان کەوتە نێو قۆنـاغی پلـەی (ئیحسـان)ەوە، کـە بەرزترین پلـەی خواناسینو دوایین قۆنـاغو مەنزڵـی صالح بـوونو بـەرەو خوا چوونە، هـەر ئەوەنـدە دەمێنـێ، کـە دەست بگەیەنێتـە پلـەو قۆنـاغی (دەوامو ساردنەبوونەوە)و لەسـەر بـڕینو تـەواوکردنی ئـەو ڕێگـا بـەرزو پیـرۆزە، پـشـوو درێـژو بـەردەوام بـێو بـەرەو دوا نەگەڕێتـەوە، هـەتا بـە گـەرمـی خـوا لەنێـو ڕەزامەنـدیی و بەهەشـتی ڕازاوەو نـەبڕاوەی خـوادا خۆی دەبینێتەوە، وەك خوای بەخشـەر بـە پێغەمبـەری خـۆی فەرمـووە:

﴿ فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَكُن مِّنَ ٱلسَّٰجِدِينَ ﴿٩٨﴾ وَٱعْبُدْ رَبَّكَ حَتَّىٰ يَأْتِيَكَ ٱلْيَقِينُ ﴿٩٩﴾ ﴾ الحجر.

Scanned by CamScanner

سێیەم: مەبەست لە بڕین و هەڵبواردنی ئەو شەش قۆناغەو، هەموو قۆناغەکانی دیکەی ڕێگای بەرەو خوا چوون (طريق السير الى الله)دا، بەجێهێشتنی ئەو قۆناغانە نیە، بۆ وێنە: کە دەڵێین: بابای ڕێبوار قۆناغی تۆبەکردن و پاکبوونەوەی تەواو کرد، مەبەست ئەوە نیە، کە قۆناغی ناوبراوی بڕیوەو بەجێی هێشتوەو لێی تێپەڕیوە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە، کە لەو قۆناغەدا، زەقترین و بەرچاوترین حاڵەتی بابای ڕێبوار تۆبەکردن و داوای لێبوردن و پەشیمانبوونەوەو خۆ پاککردنەوەیە، دەنا قۆناغی ناوبراو وەك حاڵەتێکی دەروونیی و خەسڵەتێکی بنچینەیی، لە هەموو قۆناغەکانی دیکەشدا هەر بەردەوامە، هەروەها قۆناغەکانی دیکەش بەهەمان شێوە، چونکە ئەگەر وانەبێ، دەبێ بڵێین: ئەو ئینسانەی، کە دەچێتە قۆناغی (زانیاری و چاو ڕوونبوونەوە)وە، دەبێ حاڵەتی گەڕاوەیی (تائب)ی نەمابێ و، ئەو کەسەی لە قۆناغی (ئیخلاص و یەکلابوونەوە) دایە، دەبێ خەسڵەتی زانایی چاو ڕوونیی نەمابێ و، ئەوەی، کە لە قۆناغی (پارێزکاریی) دایە دەبێ حاڵەتی ئیخلاصی فەوتابێ !!

دیارە ئەمەش شتێکی مەحاڵەو پێچەوانەی واقیعیشە، کەواتە وەك گوتمان مەبەست لە بڕینی ئەو پلەو قۆناغانە، بەجێهێشتن و واز لێهێنانیان نیەو، مەبەست ئەوەیە کە پێشتر ڕوونمان کردەوە[١].

---

١) لە کتێبی (یادی خوا)دا، کە سالی (١٩٨٧) نووسیومە، ئەو مەسەلەیە بە درێژیی توێژراوەتەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

بەشی سـێیەم:

تویشـووی ڕێگـا..

بەچی صـاڵح دەبین و چۆن بەرەو

خوای بەرزو بێ وێنـە دەچین؟!

Scanned by CamScanner

خوێنـەرە خۆشەویسـتەکانم !

دوای ئـەوەی لـە بەشـی یەکەمـدا بۆمـان ڕوون بـۆوە، کـە تەزکیـەی نـەفس چییەو چۆنە؟ لە بەشی دووەمیشدا حاڵی بووین، کە قۆناغ و مەنزڵگای صاڵح بوون و بەرەو خوا چوون چیو چین ؟

ئێسـتا کاتی ئەوە هاتوە، کە لـەم بەشـی سـێیەمەدا، تیشـك بخەینـە سەر ئـەو هۆکـارو وەسـیلانەی، کـە سـەرجەم قۆنـاغ و مەنزڵـەکانی ئـەو سـەفەرە موبارەکـەیان پـێ دەبـڕدرێن و، هـەردووك مەبەسـتی بـەرزو پیـرۆزی صاڵح و شایـستە بـوون و بـە ڕەزامـەندیو دیـداری خـوا شـادبوونیان پـێ دەستگیـر دەکـرێن.

جا ئێمە خوای بەخشنـدەو بەخشـەر پشتیوان بێ، لەم بەشی سێیەمەدا لـە چەند خاڵێکـدا تیشك دەخەینـە سەر ئـەو بابەتـەو، سـەرجەم ئـەو هۆکـارە سـەرەکی یانە بە کـورتی دەتوێژینـەوەو ڕوون دەکـەینەوە.

شـایانی باسیـشە، کـە سـەرجەم ئـەو هۆکـارانە لـە دوو توێـی پارێزکـاریی (تقـوی)دا خۆیان دەبیننـەوەو، تەقـواش خـوای زانـاو پەنهـان بیـن، هـەم بە چاکتـرین توێـشووو، هـەم بـە باشـترین بـەرگ و پۆشـاکی ناوبـردوە، وەك فەرموویەتی: ﴿ ... وَتَزَوَّدُوا۟ فَإِنَّ خَيْرَ ٱلزَّادِ ٱلتَّقْوَىٰ ... ﴿١٩٧﴾ ﴾ البَقَرَة، واتـە: پۆشـاکی تەقـوا بپۆشـن بێگومـان ئـەوە چاکتـرە! هەروەهـا دەفەرمـوێ: ﴿ ... وَلِبَاسُ ٱلتَّقْوَىٰ ذَٰلِكَ خَيْرٌ ... ﴿٢٦﴾ ﴾ الأعـرَاف.

دەجـا ئاشـکرایە، کـە بابـای ڕێبـوار لـە هـەموو شـتێك زیـاتر ئاتـاجی ئـەم دووانەیـە:

توێشـوو (زاد)، پۆشـاك (لبـاس).

Scanned by CamScanner

کە بە هۆی یەکەمیانەوە، لە مەترسییە زاتییەکانی وەك برسیەتیی و تینوێتی و بڕست لێ بڕان دەپارێزرێ و، بەهۆی دووەمیشیانەوە، لە مەترسییە دەرەکییەکانی وەك سەرماو سۆڵەو گەرماو گەزندەو دڕندەکان، چەپاڵە دەدرێ.

جا خوای کاربەجێ، پارێزکاریی (تقوی)ی بەچاکترین توێشووو، باشترین پۆشاکی سەفەری ڕێی بەرەو خوا چوون داناوە !

ئێمەش خوا یاربێ لەم بەشەدا، کە بەشێکی زۆر گرنگی ئەم کتێبەیە، پەنجاو دوو (٥٢) هۆکاری گرنگ و گەورە دەنووسین، کە توێشووی ڕێبوارانی ڕێی بەرەو خوا چوون پێکدێنن و، لە بازنەی فراوانی پارێزکارییدا خۆیان دەبیننەوە، هەرچەندە هەندێك لە هۆکارەکان جۆرێك لە دووبارەبوونەوەو وێکچوونیان لە نێوانیدا هەیەو، هەر لە بەراییشەوە ڕایدەگەیەنین، کە ئیددیعای ئەوە ناکەین سەرجەم هۆکارو وەسیلەکانی تەزکیەکردنی نەفسمان کۆکردووەتەوە، بەڵام پێم وایە ئەمانە سەرەکییەکانیانن.

یەکەم: ڕاستکردنەوەو پتەوکردنی ئیمان و عەقیدە، گەورەترین هۆکاری تەزکیەی نەفسە:

بەڵێ خوێنەری خۆشەویستم !

گەورەترین و کاریگەرترین هۆکاری تەزکیەبوونی نەفس، بگرە بناغەو سەرچاوەی تەزکیەی نەفس و صالحبوونی ئینسان و لە خوا نزیککەوتنەوەی، بریتیە لە ڕاستکردنەوە (تصحیح)ی ئیمان و عەقیدەو پتەوکردن و بەهێزو بێزکردنی، چونکە بێگومان، وەك چۆن کوفر بە هەموو جۆرو شێوەکانییەوە، کانگای خەسڵەتە پەستەکان (معدن الرذائل)ە، ئیمانیش سەرچاوەو چاوگی خەسڵەتە بەرزو پەسندەکان (مصدر الفضائل)ە.

هەربۆیەش دەبینین خوای کاربەجێ لە قورئانی مەککییدا، کە زیاتر لە (٣/٢)ی سەرجەم قورئان پێکدێنێ، بانگی ئینسان دەکات بۆ خواناسین و ئیمان هێنان، چونکە ئیمان بە هەموو پلەو بەشەکانیەوە، گەورەترین و سەرەکیترین چاکەیەو، لەپێش هەموو خەسڵەتێکی بەرزو پەسەندەوەیەو، کەسێك ئیمانی نەهێنابێ، ناگونجێ بۆ هیچ شتێکی دیکە بانگ بکرێ و، هیچ خێرێکی لێ چاوەڕوان بکرێ! ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡإِنسَٰنُ مَا غَرَّكَ بِرَبِّكَ ٱلۡكَرِيمِ ﴿٦﴾ ٱلَّذِي خَلَقَكَ فَسَوَّىٰكَ فَعَدَلَكَ ﴿٧﴾ فِيٓ أَيِّ صُورَةٖ مَّا شَآءَ رَكَّبَكَ ﴿٨﴾ ﴾ الإنفطار.

پاشان لە قورئانی مەدەنییدا، کە زیاتر باسی بنیاتنانی کۆمەڵگاو دەوڵەت و یاساو دەستوورەکانی ڕێکخستنیان دەکات، هەمیشە بەر لە خستنەڕووی هەر فەرمان و قەدەغەکردن (أمر و نهي)ێك، خوای کاربەجێ بە صیغەی ((ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە)) ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ... ﴾، مسوڵمان دەدوێنێ و، هەستی ئیمان و عەقیدەیان دەجووڵێنێ، ئەوجار حەڵاڵ و حەرام و چاکەو خراپەکانیان بۆ ڕوون دەکاتەوە:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ ... ﴿١٨٣﴾ ﴾ البقرة.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَٱجۡتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ﴿٩٠﴾ ﴾ المائدة.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفۡعَلُونَ ﴿٢﴾ ﴾ الصف.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقۡتُلُواْ ٱلصَّيۡدَ وَأَنتُمۡ حُرُمٞ ... ﴿٩٥﴾ ﴾ المائدة.

Scanned by CamScanner

بۆیە پێویستە هەر کەموکووڕیو ناتەواوییەك لە هەر کەسێکدا بەدی بکەین، بۆ ڕەگو ڕیشەو هۆی پەیدابوونی لە عەقیدەو بیروباوەڕەکەیدا، بۆی بگەڕێینو بەملاولادا نەچین، چونکە مەگەر چۆن، دەنا خواریو لاریی دیوار، لە سۆنگەی لاریی بناغەوەیەو، لێڵیی جۆگاش بەرهەمی لێڵیی سەرچاوەیە !!

کەواتە: براو خوشکە مسوڵمانەکانم !

با چاوگێڕانەوەتان بە ئیمانو عەقیدەتانو، پشکنینیو تێوەڕامانی، بۆ دۆزینەوەی هەر ناتەواویو کەموکووڕییەك تێیدا، لە خەسڵەتو نیشانە وردو درشتەکانی کوفرو شیركو نیفاق، بناغەو بنەڕەتی تەزکیەتانو یەکەمینو سەرەکییترین هۆکاری سەفەری بەرەو خوا چوونتان بێو، بۆ وەدەستهێنانی سەرجەم خەسڵەتە بەرزو پەسندەکانو، قوتاربوون لە تێکڕای خووو خدە پەستو خراپەکان، لە سەرچاوەو کانگایانەوە دەست پێبکەین، وە بەبێ ڕاستکردنەوەی بناغە بێهوودە، خۆتان بەڕاستکردنەوەی دەرو دیوارەوە ماندوو مەکەنو، هەتا سەرچاوە ڕوون نەکەنەوە، بە ڕوونکردنەوەی ئاوی جۆگاو نەهێشتنی لێڵاییەکەیەوە، خۆتان ڕەنج بەخەسار مەکەن.

دیارە چۆنیەتی ئەو ڕاستکردنەوەو پاڵاوتنو بژارکردنو پتەوو بەهێزکردنی ئیمانو عەقیدەش، هەر ئەوەیە، کە لەبەر تیشکی قورئانو سوننەتداو، بە تێگەیشتنی زاناو پێشەوایانی پێشینمان، سەرنجی سەرجەم بابەو بەشەکانی عەقیدەو بابەتو مەسەلەکانیان بدەینو، هەر هەڵەو کەموکووڕییەکمان بینی، دەستبەجێ ئیمانو عەقیدەمانی لێ پاك بکەینەوەو بژاری بکەین، وەهەر کەلێنو ناتەواوییەکمان بینی، پڕی بکەینەوەو تەواوی بکەین، ئاشکراشە، کە زانین، ئەگەر ئەگۆڕێ بۆ توانینو،

حاڵی بوون نەبێتە حاڵ و، لە عەقڵ و هۆشەوە نەگوازرێنەوە، بۆ دڵ و دەروون، هیچ بە هیچ ناکرێ.

ئێستاش با کۆتایی ئەم باسە بە سەرنجدانی ئەم چەند ئایەتەی سوورەتی (الإسراء) بێنین:

﴿ لَا تَجْعَلْ مَعَ اللَّهِ إِلَٰهًا آخَرَ فَتَقْعُدَ مَذْمُومًا مَخْذُولًا ﴿٢٢﴾ وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوا
إِلَّا إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا ۚ إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ الْكِبَرَ أَحَدُهُمَا أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا
تَقُل لَّهُمَا أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا ﴿٢٣﴾ وَاخْفِضْ لَهُمَا جَنَاحَ
الذُّلِّ مِنَ الرَّحْمَةِ وَقُل رَّبِّ ارْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيرًا ﴿٢٤﴾ رَّبُّكُمْ أَعْلَمُ بِمَا فِي
نُفُوسِكُمْ ۚ إِن تَكُونُوا صَالِحِينَ فَإِنَّهُ كَانَ لِلْأَوَّابِينَ غَفُورًا ﴿٢٥﴾ وَآتِ ذَا الْقُرْبَىٰ
حَقَّهُ وَالْمِسْكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَلَا تُبَذِّرْ تَبْذِيرًا ﴿٢٦﴾ إِنَّ الْمُبَذِّرِينَ كَانُوا إِخْوَانَ
الشَّيَاطِينِ ۖ وَكَانَ الشَّيْطَانُ لِرَبِّهِ كَفُورًا ﴿٢٧﴾ وَإِمَّا تُعْرِضَنَّ عَنْهُمُ ابْتِغَاءَ رَحْمَةٍ مِّن
رَّبِّكَ تَرْجُوهَا فَقُل لَّهُمْ قَوْلًا مَّيْسُورًا ﴿٢٨﴾ وَلَا تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَىٰ عُنُقِكَ وَلَا
تَبْسُطْهَا كُلَّ الْبَسْطِ فَتَقْعُدَ مَلُومًا مَّحْسُورًا ﴿٢٩﴾ إِنَّ رَبَّكَ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَن يَشَاءُ
وَيَقْدِرُ ۚ إِنَّهُ كَانَ بِعِبَادِهِ خَبِيرًا بَصِيرًا ﴿٣٠﴾ وَلَا تَقْتُلُوا أَوْلَادَكُمْ خَشْيَةَ إِمْلَاقٍ ۖ نَّحْنُ
نَرْزُقُهُمْ وَإِيَّاكُمْ ۚ إِنَّ قَتْلَهُمْ كَانَ خِطْئًا كَبِيرًا ﴿٣١﴾ وَلَا تَقْرَبُوا الزِّنَىٰ ۖ إِنَّهُ كَانَ
فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلًا ﴿٣٢﴾ وَلَا تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ ۗ وَمَن قُتِلَ
مَظْلُومًا فَقَدْ جَعَلْنَا لِوَلِيِّهِ سُلْطَانًا فَلَا يُسْرِف فِّي الْقَتْلِ ۖ إِنَّهُ كَانَ مَنصُورًا ﴿٣٣﴾

Scanned by CamScanner

وَلَا تَقۡرَبُواْ مَالَ ٱلۡيَتِيمِ إِلَّا بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ حَتَّىٰ يَبۡلُغَ أَشُدَّهُۥۚ وَأَوۡفُواْ بِٱلۡعَهۡدِۖ إِنَّ ٱلۡعَهۡدَ
كَانَ مَسۡـُٔولٗا ﴿٣٤﴾ وَأَوۡفُواْ ٱلۡكَيۡلَ إِذَا كِلۡتُمۡ وَزِنُواْ بِٱلۡقِسۡطَاسِ ٱلۡمُسۡتَقِيمِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ
وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلٗا ﴿٣٥﴾ وَلَا تَقۡفُ مَا لَيۡسَ لَكَ بِهِۦ عِلۡمٌۚ إِنَّ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡبَصَرَ وَٱلۡفُؤَادَ كُلُّ
أُوْلَٰٓئِكَ كَانَ عَنۡهُ مَسۡـُٔولٗا ﴿٣٦﴾ وَلَا تَمۡشِ فِي ٱلۡأَرۡضِ مَرَحًاۖ إِنَّكَ لَن تَخۡرِقَ ٱلۡأَرۡضَ
وَلَن تَبۡلُغَ ٱلۡجِبَالَ طُولٗا ﴿٣٧﴾ كُلُّ ذَٰلِكَ كَانَ سَيِّئُهُۥ عِندَ رَبِّكَ مَكۡرُوهٗا ﴿٣٨﴾ ذَٰلِكَ
مِمَّآ أَوۡحَىٰٓ إِلَيۡكَ رَبُّكَ مِنَ ٱلۡحِكۡمَةِۗ وَلَا تَجۡعَلۡ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ فَتُلۡقَىٰ فِي جَهَنَّمَ مَلُومٗا
مَّدۡحُورًا ﴿٣٩﴾ ﴾ الإسراء، واتە: لەگەڵ خوادا هیچ پەرستراوێکی دیکە دامەنێ،

ئەگەرنا بە ڕیسوایی و بێ پشت و پەنایی دادەمێنی، وە پەروەردگارت فەرمانی کردوە، کە جگە لەوی نەپەرستن، وە لەگەڵ باب و دایکاندا چاکە بکەن، جا هەر کاتێك لە لات بوون و یەکێکیان، یان هەردووکیان بە ساڵ داچوون، هیچ وشەیەکی ئازاردەریان پێ مەڵێ، وە تێیانەوە مەخوڕەو هەمیشە قسەی بەڕێزیان لەگەڵ بکە. وە لە ڕووی بەزەییەوە باڵی ملکەچییان بۆ شۆڕ بکەو، بڵێ پەروەردگارم ! وەك چۆن بەگچکەیی بەخێویان کردم، بەزەییت پێیان دابێتەوە. بێگومان پەروەردگارتان لەخۆتان زاناترە بەوەی، کە لە دەروونتاندا هەیەو، ئەگەر صالح و چاك بن (لەگەڵ باب و دایکتان)دا ئەوە - خوا - بۆ تۆبەکاران زۆر لێبوردەیە، وە - لە ماڵ و سامانت - مافی خزمان بە خزمان و نەداران و ڕێبواران ببەخشە، بەڵام دەستبڵاویی مەکە. چونکە دەستبڵاوان برای شەیطانەکانن و شەیطانیش سەبارەت بە پەروەردگاری ناسوپاس و سپڵە بوو، وە ئەگەر - ئەو کاتەی داوایان لێکردی بەدەستەوە نەبوو- بە ناچاریی ڕووت لێ وەرچەرخاندن و، بە هیوای بەزەیی و چاکەی خوا بووی - کە شتێکت بێتە دەست - ئەوە

قسەیەکی ئاسانیان لەگەڵ بکە - و گفتیان پێ بدە -. وە - وریابە لە دەستگرتنەوەو بەخشیندا – نە دەست بەتەواویی بقووچێنەو بە ملتییەوە بنووسێنەو نە زۆریش بڵاوی بکە، ئەگەر نا، بە سەرکۆنەکراویی و داماویی سەردەنێیتەوە. بێگومان پەروەردگارت بۆ هەرکەسێك، کە بیەوێ ڕۆزیی زۆرو کەم دەکات، چونکە ئەو زۆر شارەزاو بینەری بەندەکانیەتی، وە لەترسی هەژاریی، منداڵەکانتان مەکوژن، ئێمە بژێوی ئەوان و ئێوەش دەدەین، بەتەئکید کوشتنیان تاوانێکی زلە، وە توخنی زینا مەکەون، چونکە زۆر ناقۆڵایەو خراپترین ڕێیە، وە بەحەقی خۆی نەبێ، ئەو نەفسە کە خوا قەدەغەی کردوە، مەیکوژن. کەسێکیش بە ستەملێکراویی بکوژرێ، ئەوە ئێمە دەسەڵاتی (تۆڵە)مان داوە بە کەسوکاری و با زێدەڕۆیی لە کوشتنەوەدا نەکات، چونکە – لەلایەن شەرعەوە – پشتگیریی کراوە. وە مەگەر بە چاکترین شێوە، ئەگەرنا توخنی ماڵی هەتیو مەکەون هەتا باڵغ دەبێ و پێدەگات و، بەڵێن و پەیمان بەجێ بێنن، چونکە پەیمان لێپرسینەوەی لەسەرە، وە هەر کاتێك شتێکتان پێوا، بەتەواوی بیپێون، وە بە تەرازووی ڕاست شت بکێشن، ئەوە چاکترەو سەرەنجامی خێرترە. وە بەدوای شتێك مەکەوە کە زانیارییت دەربارەی نیە، چونکە بێگومان هەر کام لە بیستن و دیتن و عەقڵ، لێیان دەپرسرێتەوە. وە بە فیزو کەشخە بە زەوییدا مەڕۆ، چونکە بێگومان، نە زەوییت بۆ هەڵدەدڕێ و نە هێندەی شاخانیش بەرزی! هەرکام لەو شتانەی باسکران، خراپەکانیان لەلای خوا ناپەسەندن. ئەوەش لەو حیکمەتانەیە، کە پەروەردگارت بۆی ناردووی، وە هیچ پەرستراوێك ڕەگەڵ خوا مەخە، دەنا بەسەر زەنشتکراویی و تێکشکاویی دەخرێیە نێو دۆزەخەوە.﴾ الاسراء: ٢٢- ٣٩.

Scanned by CamScanner

جا ئێستا با سەرنج بدەین:

خودای کاربەجێ لەو کۆمەڵە ئایەتەدا نۆ (٩) فەرمان(امر)و دوازدە (١٢) نەهێشتن (نهي)ی، ئاراستەی ئینسان کردوون، کە زۆربەی هەرمزۆری بوارو لایەنەکانی ژیان و گوزەران، بە تاکیی و خێزانیی و کۆمەڵایەتیی و ماددیی و مەعنەوییەوە، دەگرنەوە، بەڵام هەم لەسەرەتای ئەو ئەمرو نەهییانەوە، هەم لە کۆتاییانەوە فەرمانی پێکردوە، بە ئیمان و خوا بەیەکگرتن (توحید)! بەڵێ فەرمانی پێکردوە، بەوە کە تەنیاو تەنیا، خوا بە پەرستراوی خۆی دابنێ و، هیچ شتێکی دیکە نەکاتە هاوبەشی لە پەرستراندا: ﴿ لَّا تَجْعَلْ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ فَتَقْعُدَ مَذْمُومًا مَّخْذُولًا ﴿٢٢﴾ ﴾ الإسراء، وە ﴿ ... وَلَا تَجْعَلْ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ فَتُلْقَىٰ فِي جَهَنَّمَ مَلُومًا مَّدْحُورًا ﴿٣٩﴾ ﴾ الإسراء. ئنجا جێی سەرنجیشە، کە لە ئایەتی یەکەمدا، ئاکام و سەرەنجامی شوومی هاوبەش پەرستیی بە: ﴿ فَتَقْعُدَ مَذْمُومًا مَّخْذُولًا ﴾ باسکردوە، بەڵام لە ئایەتی دوایدا بە: ﴿ فَتُلْقَىٰ فِي جَهَنَّمَ مَلُومًا مَّدْحُورًا ﴾، واش پێدەچێ، نهێنی و حیکمەتەکە ئەوەبێ، کە مەبەست لە ئایەتی یەکەمیان، سزاو سەرەنجامی شیرک بێت لە ژیانی دنیادا، کە خاوەنەکەی دووچاری ڕیسوایی و شەرمەزاریی و، بێ کەسیی و بێ نەوایی دەبێ و، بە ئایەتی دواییشیان ئاکام و ئەنجامی دوارۆژ لەبەرچاو گیرابێ، کە بابای هاوبەش بۆ خوا دانەرو، سەر بۆ بت و صەنەم دانەوێنەر، بە سوکی و بێ قیمەتییەوە، فڕێ دەدرێتە دۆزەخەوەو مۆری سەرزەنشتکراویی و تێکشکاویشیی بە نێوچاوانەوە دەنرێت.

Scanned by CamScanner

کەواتـە:

بەڵێ ڕاستە ئیمانو خوا بەیەکگرتنو یەکخواپەرستیی، بناغەی تەزکیەی نـەفسو چـاوگی هـەموو پـاکیو چاکـیـەکە، بـە پێـچەوانەشەوە کوفـرو هاوبەش بۆ خوا دانان، بنکی تـاوانو خراپـەو کـانگای سـەرجەم خـووو خدەو خەسڵەتە پیسو بەدەکـانە[1].

---

١) تێبینی: بـە ڕای من زنجیـرە دەرسـەکانی: (ئیمـانو عەقیدەی ئیسـلامیی)، کـە ژمارەیـان پەنـجا (٥٠) دەرسەو بە بیسـراویی بینراویی تۆمارکراونو، ئێسـتاش کار لەسەر نووسینەوەیان دەکرێ بـۆ چاپ کران، چاکتـرینو فراوانتـرین سەرچاوەی ئیمـانو عەقیـدەن، بـە زمـانی کـوردی، هیـوادارم بەرەکـەتو هێزو پێزێکی زۆریان تێدابێ، هەم بـۆ ڕاسـتـکردنەوەو، هـەم بـۆ بـەهێزو پتـەوکردنو چاکتــر دامەزرانـدنی ئیمـانو عەقیـدەی خوشـکو برایـانی مـسـوڵمانی کـورد، بـە هـەموو پایـەو بەشەکانی عەقیدەوەو لە هەموو بـوارو لایەنەکانیـدا، شـایانی باسیـشـە زنجیـرە دەرسـی نـاوبراو هەندێك لە سەرچاوەکانی ئەمـانەن:

١- (شرح اصول اعتقادأهل السنة والجماعة)ی اللالكـائي.
٢- (الأسـماء والصفات)ی البيهـقي.
٣- (السـنة)ی ابن ابـي عاصـم.
٤- (الشـريعة)ی الآجـرّي.
٥- (شـرح السـنة)ی البغـوي.
٦- (مجموعـة الفتـاوى)ی إبن تيميـة.
٧- تەفسیـرەکانی (طبـري، ابن كـثيـر، شوكاني، فـي ظـلال).
٨- (صـحيح البخاري و صحيح مسـلم) بە شـەرحی (ابن حجـر) و (النووي).

ئێسـتاش (٢٠١٢/١/٢٣ز) دەڵێم:

سوپاسو ستایش بۆ خوا ئەو زنجیرە دەرسە لە شەش بەرگدا چاپ کراون بە ناوونیشـانی: (ئیمانو عەقیدەی ئیسلامیی لەبەر ڕۆشنایی قورئانو سوننەت دا)و وەك زۆربەی بەرهەمەکانیشم لە نووسینگەی تەفسیر چاپ کراوە لە نێوان ساڵەکانی: (٢٠٠٦- ٢٠٠٨) دا.

دووەم: ناسین و لێتێگەیشتن و تەفاعول لەگەڵداکردنی ناوو سیفەتە بەرزو بێ وێنەکانی خوای بێوێنە:

بەڵێ خوێنەری بەڕێز!

باسکردن و تێومڕامانی ناوو سیفەتە بەرزو پەسندەکانی خوا، چ لە کاتی زیکرو پاڕانەوەداو، چ لە حاڵەتی ئاساییدا، گەورەترین دەوری هەیە لە سافبوونەوەی دڵ و دەروونی ئینسانداو، جوانبوونی خوو ڕەوشتیداو لە خوا نزیککەوتنەوەیدا، خوای بەرزو مەزن لەوبارەیەوە فەرموویەتی:

﴿وَلِلَّهِ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ فَٱدْعُوهُ بِهَا ...﴿١٨٠﴾﴾ الأعراف.

پێغەمبەرمان صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: {إِنَّ لِلَّهِ تِسْعَةً وَتِسْعِينَ اِسْمًا مِائَةً إِلاَّ وَاحِدًا، مَنْ أَحْصَاهَا دَخَلَ الْجَنَّةَ، إِنَّهُ وِتْرٌ يُحِبُّ الْوِتْرَ}[1]، واتە: بێگومان خوای بەرز، نەوەدو نۆ (٩٩) ناوی هەن، سەد جگە لە یەکێك، هەرکەسێك بیانژمێرێ، دەچێتە بەهەشتێ، بێگومان ئەو تاکەو تاکی خۆشدەوێ.

ئنجا پێغەمبەرمان صلى الله عليه وسلم لە فەرموودەیەکی دیکەدا، کە (ترمذي وابن حبان وابن خزيمە وحاكم و بيهقي وابن ماجە) گێڕاویانەتەوە، ئەو (٩٩) ناوەی باسکردوە، کە ئێمە لێرەدا دەیاننوسین و بە کوردیش مەعنایان لێك دەدەینەوە:

---

١) رَوَاهُ أَحْمَد برقم: (٧٤٩٣)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٢٥٨٥)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٦٩٨٦)، وَغَيْرُهُم عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ.

Scanned by CamScanner

هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِى لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ...

١- الرَّحْمَنُ	بە بەزەیی.
٢- الرَّحِيمُ	بەخشندە.
٣- الْمَلِكُ	سەرۆك، پادشا.
٤- الْقُدُّوسُ	پاك.
٥- السَّلامُ	بێ عەیب، بێ پەڵە.
٦- الْمُؤْمِنُ	دڵنیاكەر، بەڕاستدانەر.
٧- الْمُهَيْمِنُ	بەسەرڕاگەیشتوو.
٨- الْعَزِيزُ	زاڵ، دەستەڵاتدار.
٩- الْجَبَّارُ	باڵادەست، ناچاركەر.
١٠- الْمُتَكَبِّرُ	خۆ بەگەورەزان.
١١- الْخَالِقُ	دروستكەر، بنیادنەر
١٢- الْبَارِيءُ	بەدیهێنەر.
١٣- الْمُصَوِّرُ	وێنەكێش.
١٤- الْغَفَّارُ	لێبوردە.
١٥- الْقَهَّارُ	گەردنكەچكەر.
١٦- الْوَهَّابُ	بەخشەر.
١٧- الرَّزَّاقُ	ڕۆزیدەر.
١٨- الْفَتَّاحُ	دەرووكەرەوە.
١٩- الْعَلِيمُ	زانا.
٢٠- الْقَابِضُ	لێگرەوە، وێكهێنەر.
٢١- الْبَاسِطُ	لەدوودەر، فراوانكەر.
٢٢- الْخَافِضُ	دانەوێن، نەویكەر.

Scanned by CamScanner

٢٣- الرَّافِــعُ	بڵـندكـەر.
٢٤- الْمُعِــزُّ	زاڵكـەر، عیـززەت بەخـش
٢٥- الْمُــذِلُّ	زەبوونكـەر، مل پێ كەچكـەر.
٢٦- السَّمِيعُ	بیسـەر.
٢٧- الْبَصِيرُ	بینــەر.
٢٨- الْحَكَمُ	فەرمـانڕەوا، حوكمـڕان.
٢٩- الْعَــدْلُ	دادگــەر.
٣٠- اللَّطِيفُ	چاكەكـاری پەنهـان، وردبیــن.
٣١- الْخَبِيـرُ	شارەزا، هــەواڵــدەر.
٣٢- الْحَلِيمُ	هێدی، ئــارام.
٣٣- الْعَظِيمُ	مــەزن.
٣٤- الْغَفُــورُ	لـێبوردە، گـوناح پـۆش.
٣٥- الشَّكُورُ	ستایشكەر، سوپاسگوزار.
٣٦- الْعَلِــيُّ	بــەرز.
٣٧- الْكَبِيــرُ	گــەورە.
٣٨- الْحَفِيظُ	پارێــزەر.
٣٩- الْمُقِيـتُ	بژێـوگەیێـن، دەستەڵاتدار.
٤٠- الْحَسِيبُ	لـێپرسـەرەوە.
٤١- الْجَلِيـلُ	سـیفەت بەرز، پـایە بـەرز.
٤٢- الْكَرِيـمُ	بەڕێــز، ڕێزگـر.
٤٣- الرَّقِيـبُ	چـاودێـــر.
٤٤- الْمُجِيبُ	وەڵامگــۆ.
٤٥- الْـوَاسِـعُ	فــراوان.

٤٦- الْحَكِيمُ	کاربەجێ، لێزان.
٤٧- الْـوَدُودُ	بەندە دۆست، خۆشویستراو.
٤٨- الْمَجِيدُ	پایەبەرز، خاوەن شکۆ
٤٩- الْبَاعِثُ	زیندووکەرەوە، نێرەر.
٥٠- الشَّهِيدُ	ئاگادار، ئامادە.
٥١- الْحَقُّ	پایەدار، ڕاست، حەق.
٥٢- الْوَكِيلُ	کار پێسپێرراو، پشت و پەنا.
٥٣- الْقَوِيُّ	بەتوانا.
٥٤- الْمَتِينُ	بەهێز، قایم.
٥٥- الْوَلِيُّ	دۆست، یاریدەدەر.
٥٦- الْحَمِيدُ	ستایشکراو، شایستەی سوپاس.
٥٧- الْمُحْصِي	ژمێرەر.
٥٨- الْمُبْدِئُ	پەیداکەر
٥٩- الْمُعِيدُ	گێڕەرەوە، زیندووکەرەوە
٦٠- الْمُحْيِي	ژیێنەر.
٦١- الْمُمِيتُ	مرێنەر.
٦٢- الْحَيُّ	زیندوو.
٦٣- الْقَيُّومُ	مشورگێڕ، ڕاوەستاو
٦٤- الْوَاجِدُ	هەبوو.
٦٥- الْمَاجِدُ	خاوەن پایەی بەرز.
٦٦- الْوَاحِدُ	یەك.
٦٧- الأَحَد	تاك، تەنیا.
٦٨- الصَّمَدُ	بێ نیازو جێی نیاز.

Scanned by CamScanner

٦٩- القَادِر — توانادار.

٧٠- الْمُقْتَدِر — خاوەن سەرچاوەی توانا.

٧١- الْمُقَدِّمُ — پێشخەر.

٧٢- الْمُؤَخِّرُ — دواخەر.

٧٣- الأَوَّلُ — یەکەمین.

٧٤- الآخِرُ — دوامین.

٧٥- الظَّاهِرُ — دیار، ئاشکرا.

٧٦- الْبَاطِنُ — ون، پەنهان.

٧٧- الْوَالِي — سەرپەرشتیکەر.

٧٨- الْمُتَعَالِي — زۆربەرز، خۆبەرزگر.

٧٩- الْبَرُّ — چاکەکار.

٨٠- التَّوَّابُ — تۆبە وەرگر.

٨١- الْمُنْتَقِمُ — تۆڵە ستێن.

٨٢- الْعَفُوُّ — چاوپۆشیکەر.

٨٣- الرَّءُوفُ — میهرەبان.

٨٤- مَالِكُ الْمُلْك — خاوەن مڵك.

٨٥- ذُو الْجَلَالِ وَالإِكْرَامِ — خاوەن پایەی بەرزو ڕێز.

٨٦- الْمُقْسِطُ — دادپەروەر.

٨٧- الْجَامِعُ — کۆکەرەوە.

٨٨- الْغَنِيُّ — دەوڵەمەند.

٨٩- الْمُغْنِي — دەوڵەمەندکەر، بێ نیازکەر.

٩٠- الْمَانِعُ — بەرگر، پێشگیریکەر.

www.iqra.ahlamontada.com

Scanned by CamScanner

٩١- الضَّارُّ	زیانگەیێن بە دوژمن و ناحەزانی[1].
٩٢- النَّافِعُ	سوودگەیێن بە دۆست و خۆشەویستەکانی.
٩٣- النُّورُ	ڕووناکی.
٩٤- الْهَادِي	ڕێ پێشاندەر.
٩٥- الْبَدِيعُ	داهێنەر، بێ وێنە.
٩٦- الباقِيَ	هەرماو.
٩٧- الوَارِثُ	میراتگر.
٩٨- الرَّشيد	کارزان، شارەزاکەر.
٩٩- الصَّبور	ئارامگر.

چەند ئاگادارییەك دەربارەی ناوو صیفەتەکانی خوا (تبارك و تعالى)

١/ وەك لەو فەرموودانەی، کە ڕابردن دەردەکەوێ، وشەی بەرزو پیرۆزی (الله) لە ڕیزی نەوەدو نۆ (٩٩)[2] ناوەکان نەژمێرراوە، دەنا دەبوونە سەد (١٠٠)، جا بێگومان هەرواشە، چونکە فەرموودەکە ئاوایە: (إنَّ لله..)

---

١) لە کتێبی ئیمان و عەقیدەی ئیسلامیی، بەرگی (٣)، ل (٣٨٧)، دەربارەی (الضَّارُّ)، ئەم پەراوێزەمان نووسیوە:

پێشتر باسمان کرد، کە زانایانی فەرموودەناس لەبارەی سەنەدی ئەم فەرموودەیەوە بە گشتی مشتومڕیان هەیە، بەتایبەت لەبارەی وشەی (الضَّارُّ)ەوە، ئیشکالیات هەیەو مەگەر (قید)ێکی بخرێتە سەر وەك (الضَّارُّ بالكافرين) ، ئەگەر نا، شایستەی خوا (سبحانه وتعالى) نیەو، بە یەکێ لە ناوەکانی دانانرێ.

٢) لە هەر کام لە (الأذكار)ی (نووي)و (تحفة الذاكرين)ی (شوكاني)دا، ناوە بەرزەکانی خوای پەروەردگار نەقڵ کراون، بڕوانە: (الأذكار)، ص: (٩٤)، وە (تحفة الذاكرين)، ص: (٥٣)، ئەوەندە هەیە لە (الأذكار)دا، ناوی (الأحد) بەرێنراوەو جگە لە (الله) ژمارەی ناوەکان (٩٨)ە، بەڵام (تحفة الذاكرين) بەو شێوەیەی هێناون، کە من نووسیومە.

Scanned by CamScanner

کەواتە ئەو نەوەدو نۆیە، هەموویان ناوو سیفەتی خوا (الله)ن و، ئەویان پێ ناوبراوەو وەسف کراوە.

٢/ مەبەست لە ڕستەی: {فمَنْ أحْصَاهَا دَخَلَ الْجَنَّةَ}، لەسەر ڕای زۆربەی زانایان، لەبەرکردن و تێگەیشتن و بیرلێکردنەوەی هەموو ئەو ناوو سیفەتە چاک و پەسندانەو، کار پێکردن و لەخۆدا هێنانەدی، مەعناو نێوەرۆکی هەندێکیانە، کە بۆ ئینسان دەشێن و دەگونجێن.

٣/ کاریگەریی ئەو ناوو سیفەتە بەرزو چاکانە لە چاککردنی ئینسان و لە خوا نزیك خستنەوەیدا، لەو ڕووەوەیە، کە خوای بێ وێنە پێی خۆشە، بە ناوو سیفەتە هەرە چاکەکانی مەدح و ستایشی بکەین، وە هەتا زیاتر ئەو ناوو سیفەتانەی خوای بێ هاوەڵ، لە دڵ و مێشکی مرۆڤدا جێگیرببن و، پتر بیریان لێ بکاتەوە، زیاتر کار دەکەنە سەر دڵ و دەروونی و خونچەی خەسڵەت و ئاکارە بەرزو جوانەکانی زیاتر تێدا دەپشکوون.

کەواتە: کێ دەیەوێ دەست لە هۆکارێکی هەرە کاریگەر گیر بکات، بۆ صالح بوون و بەرەو خوا چوونی، با ئەم[1] ناوو سیفەتە بەرزو مەزنانەی خوا بە ڕەوانیی و بە مەعنای ڕوونەوە لەبەربکات و، سەرنجی وردو قووڵیان لێ بدات، وە لەکاتی پاڕانەوەو ڕازو نیازدا پێیان لە خوا وەپاڕێ، بەڵام گرنگ بیر لێکردنەوەو بەدڵ داهێنانی مەعناو مەبەستیان و، خۆ پێ ڕازاندنەوەو لەخۆدا هێنانەدی نێوەرۆکی ئەوانەیانە، کە بۆ ئینسان دەگونجێن، وەك: (العَلِيمُ، الْحَكِيمُ، الرؤوف، الرَّحِيم، العَزِيز، الْحَلِيم، العَفو، الغَفُور، الصَّبُور، الشكُور..).

چونکە مرۆڤ دەگونجێ زاناو کاربەجێ و دڵ نەرم و بە بەزەیی و زاڵ و هێدی و لێبوردەو...هتد بێت.

---

[1] زانایان لەسەر ئەوە یەکدەنگن، کە ناو و سیفەتە بەرزو بێ وێنەکانی خوا، جگە لەمانە، زۆری دیکەشن، بەڵام لەسەر ژمارەیەکی تایبەت ڕێك نەکەوتوون .

سێیەم: چاکبوونی: دین و دنیاو دوا ڕۆژو ژیان و مەرگ، پێنج مەرج و هۆکاری گرنگی صالح بوون و بەرەو خوا چوونی مرۆڤن.

پێغەمبەری پێشەوامان صلى الله عليه وسلم لە پاڕانەوەیەکیدا فەرموویەتی: {اَللَّهُمَّ أَصْلِحْ لِي دِينِي ٱلَّذِي هُوَ عِصْمَةُ أَمْرِي، وَأَصْلِحْ لِي دُنْيَايَ ٱلَّتِي فِيهَا مَعَاشِي، وَأَصْلِحْ لِي آخِرَتِي ٱلَّتِي إِلَيْهَا مَعَادِي، وَاجْعَلْ ٱلْحَيَاةَ زِيَادَةً لِي فِي كُلِّ خَيْرٍ، وَاجْعَلْ ٱلْمَوْتَ رَاحَةً لِي مِنْ كُلِّ شَرٍّ}[1]، واتە: ئەی خوایە ئەو دینداریی‌یەم[2] کە مایەی ڕاوەستانی کاروبارمە، بۆم چاک بکە، وە ئەو دنیایەی، کە گوزەرانمی تێدایە، بۆم باش بکە، وە ئەو دوارۆژەم، کە بۆی دەگەڕێمەوە، بۆم ڕێکبخە، وە تەمەن و ژیانم بگێڕە بە مایەی بەرەو پێشچوون لە هەر خێرو چاکەیەکدا، وە مەرگیشم بۆ بگێڕە بە مایەی ئاسوودەیی و قوتاربوون لە هەر خراپەو زیانێك.

بەڵێ مسوڵمانی سەنگین و شیرین !

پاڕانەوەکەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم و داواکارییەکانی لە خوای بەخشەر، ئاوا بوون بۆ چاکبوونی:

١) دینداریی.. ٢) دنیاداریی.. ٣) دوارۆژ.. ٤) ژیان.. ٥) مەرگ..

دیارە مەبەستیش لە چاکبوونی ئاین (دین)، چاکبوونی ئینسانە بە ئاینەوەو باش دینداریی کردنیەتی، مەبەست لە چاکبوونی دنیا، ئەوەیە کە

---

١) رَوَاهُ مُسْلِمٌ برقم: (٧٠٧٨)، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ.

٢) بۆیە وشەی (دین)م وا تەفسیر کرد، چونکە دین (ئیسلام) لە زاتی خۆیدا هەر کامڵ و چاکەو، پێویستی بە چاکبوون نیە: ﴿ ... ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ ... ﴾ المائدة.

Scanned by CamScanner

ئینسـان ژیانێکی ئازادو بە کەڕامەت و پڕ هێمنیی و بێ نیازیی و نـا ئاتـاجیی هەبێ، دوارۆژیش بەوە چاك دەبێ، کـە ئینسان لـەم ژیانە دنیایی یەدا، دیندارو چاکەکار بێت، کاتێکیش ئینسان ژیانی دنیای دەبێتە مایەی زیادبوونی خێـرو چاکە، کە هەمیشە سەرگەرمی خواپەرستی و بەرەو خوا چوون بێت و وەسـتانی نەبێ، مەرگ و مردنیش کـاتێك دەبێتـە دەروازەی ئاسوودەیی و قوتـاربوون لـە گرفتـاریی و نا هەمواریی و زیان و خراپە، کە ژیانێکی دیندارانەی بەختیارانـەی سەلامەت و بە کەڕامەتی، لەپێش دەستدا بـەڕێ کـردبێ.

بەڵـێ بنـاغەی تەزکیـەی نـەفس و مـەرجی هـەرە گـەورەی صـاڵح بـوون و بـەرەو خـوا چـوون، بریتیـە لـە پابەنـدیی پـاك و پوخـت بـە ئـایینی خـواوەو، دیندارییەکی بێ خەڵتەی ڕاست و دروست، ئنجا ئـەمیش بـەبێ ژیـانێکی دنیـایی سـەلامەت و پـڕ کەرامـەت مـسۆگەر نـاکرێ و، دینـداریی کـردن پێویـستی بـە دنیـادارییـەکی شـەرعییانە هـەیـە !

کـەواتـە:

ئەوانەی بەناوی تەزکیەو عیـرفانەوە پێیـان وایـە، کـە سـەرگەرم بـوون بـە دنیاوە، بە ئەنـدازەی پێویـست و وەك وەسـیلەو لـە سـنووری شـەرعییدا، ڕێ لـە تەزکیـەی نـەفس دەگـرێ !! خـراپ حـاڵی بـوون و بەپێـچەوانەوە دوارۆژی بـاش پەیوەستە بە دنیای باشەوەو، کەوتۆتە دوایەوە، هەم لە دنیـای واقیعـداو، هـەم لـە شەرعیـشدا، خـوای کاربـەجێ فەرمووییـەتی: ﴿ ... رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِى ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِى ٱلْءَاخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ﴿٢٠١﴾ ﴾ البقـرة.

Scanned by CamScanner

چوارەم: سێ کۆچکەی خۆڕاگری و سوپاسگوزاریی و پشت بە خوا بەستن (الصبر و الشکر و التوکل):

ئەمانەش سێی دیکەن لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی خۆ چاککردنی ئینسان و لە خوا نزیکبوونەوەی..

١- خۆڕاگریی (صبر): ﴿... إِنَّمَا يُوَفَّى ٱلصَّٰبِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴿١٠﴾﴾ الزمر.

٢- سوپاسگوزاریی (شکر): ﴿...لَئِن شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ... ﴿٧﴾﴾ إبراهيم

٣- پشت بەخوا بەستن (توکل): ﴿... وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُۥٓ...
﴿٣﴾﴾ الطـلاق.

ئێستاش با سەرو تیشك بخەینە سەر هەر کامێکیان:

* مەبەست لە خۆڕاگریی (صبر)، خۆڕاگرتن و پێچەسپاندن و دامەزراویی و نەلەخشاوییە لە بەرامبەر فەرمانبەریی (طاعة) و سەرپێچیی (معصیة) و بەڵاو (مصیبة)دا، یەکەمیان بۆ بەجێهێنانی بەتەواویی و، دووەمیان بۆ خۆ لێپاراستن و، سێیەمیان بۆ خۆ لە ئاقاردا ڕاگرتن و لەبەردەمیدا بەچۆك دانەهاتن و بێزاریی دەرنەبڕین.

* مەبەست لە سوپاسگوزاریی (شکر) بەکارهێنانی چاکەو نیعمەت و بەهرە خواییەکانە لە ڕەزامەندیی خوادا، نەك گوتنی (الحمد لله)، کە ستایش و مەدحکردنی خوایە.

* پشت بە خوا بەستنیش ئەوەیە، کە وێڕای ڕەچاوکردنی هۆیەکانی هەر کاروبارێك و هەوڵدان بۆ دابینکردنیان، ئینسان دڵی هەر بە خواوە پەیوەست بێت و، دڵنیابێ، کە بەبێ ویستی خوا، هیچ شتێك نابێ، نە

بەلای بوونو، نە بەلای نەبووندا (لاَ مَانِعَ لِمَا أَعْطَيْتَ، وَلاَ مُعْطِيَ لِمَا مَنَعْتَ).

بۆیەش ئەم سێیەم (صەبرو شوکرو تەوەککول) بە سێ کۆچکەی صالح بوونو بەرەو خوا چوون دانان، چونکە:

لە سۆنگەی صەبرەوە لە مەیدانی دینداریدا، پێ چەقیوو پشوو درێژو نەبەزیو دەبین، لە هەرسێك بواری چاکەکاریی و دووریی لە گوناح و، خۆڕاگرتن بۆ بەلاو گرفتارییەکاندا، هەر بۆیەش نەمبینیوە خوای دادگەر لە قورئانێدا، جگە لە خۆڕاگران (صابرون) بە کەسی دیکەی فەرمووبێ، کە بەبێ ژماردن پاداشتیان دەدرێتەوە: ﴿... إِنَّمَا يُوَفَّى الصَّابِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴿١٠﴾﴾ الزمر.

بەهۆی شوکرەوە، شایستەیی ئەوە پەیدا دەکەین، کە بەردەوام خوای بەخشەر لە چاکەو بەخششی خۆی بۆمان زێدە دەکات: ﴿...لَئِن شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ... ﴿٧﴾﴾ إبراهيم.

وە لەسایەی تەوەککولەوە، خوا لە خەم و پەژارەی دنیاو دواڕۆژ ڕزگارمان دەکات و، هەر بۆخۆی مشووری حاڵ و باڵ و کاروبارمان دەخوات: ﴿...وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ... ﴿٣﴾﴾ الطلاق.

وە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: {اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الثَّبَاتَ فِي الأَمْرِ، وَالْعَزِيمَةَ عَلَى الرُّشْدِ، وَأَسْأَلُكَ شُكْرَ نِعْمَتِكَ، وَحُسْنَ عِبَادَتِكَ، وَأَسْأَلُكَ قَلْبًا سَلِيمًا، وَلِسَانًا صَادِقًا، وخُلُقاً مستقيماً، وَأَسْأَلُكَ مِنْ خَيْرِ مَا تَعْلَمُ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا تَعْلَمُ، وَأَسْتَغْفِرُكَ لِمَا تَعْلَمُ}[1]، واتە: هەرکەسێك بەیانیان و ئێواران حەوت

١) رَوَاهُ النَّسَائِي برقم: (١٣٠٤)، وَأَخْرَجَهُ الحَاكِمُ برقم: (١٨٧٢) (وخُلقاً مستقيماً) من روايته، وَقَالَ: صَحِيح عَلَى شَرْطِ مُسْلِم، أنظر: (تحفة الذاكرين) للإمام الشوكاني، ص: (٢٨٥)، وَضَعَّفَهُ الألباني

جاران بڵێ: خوا بەسمە، جگە لەوی هیچ پەرستراو نین، پشتم بەس بەوی بەستوەو، هەر ئەویش پەروەردگاری مەزنە، ئەوەی مەبەستییەتی، خوا بۆی دێنێتە دی.

بەڵێ مسوڵمانی شیرین !

بەهۆی خۆڕاگرییەوە دامەزراو دەبین و، لە سایەی سوپاسگوزارییەوە بەرەو زیادی دەچین و، لە بەرەکەتی پشت بە خوا قایم بوون و دڵ بە خوا بەستنیشەوە، ئاسوودە دەبین و، لە خەمی دنیاو قیامەت دەڕەخسین !

پێنجەم: دە (١٠) وەسیلە لە پێداویستییەکانی ڕێی بەرەو خوا چوون:

خوێنەری خۆشەویست !

شتێکی ئاشکراو بێ پێچ و پەنایە، کە خوای پەروەردگار، ئەم ژیانەی ئێمەو تێکڕای بوونەوەریشی، بەپێی یاسای هۆکاری (قانون السببية) دامەزراندوەو بەڕێوەی دەبات، کەواتە بۆ هەر کارێك سازکردن و دابینکردنی ئەو هۆیانەی پێویستە، کە پەکی لەسەریان کەوتوەو بەبێ وان نایەتەدی.

ئنجا مەسەلەی صالح بوون و بەرەو خوا چوونیش، کە گرینگترین و بەرزترین کارە، وەك هەموو ئیش و کارێکی دیکە، حەوجێی چەند وەسیلەو هۆیەکی تایبەتییە، کە بەبێ وان ئەنجامدران و بەڕێوەبرانی مەحاڵە، جا پێغەمبەری پێشەواو چاوساغمان صلى الله عليه وسلم لە یەکێك لە فەرموودە بەپێزەکانیدا، دە (١٠) وەسیلەی گرنگ و بنچینەیی بۆ دەست نیشان کردوین و فێری کردووین، کە لەکاتی پارانەوەماندا، لە خوای میهرەبانیان داوا بکەین،

في (المشكاة)، برقم: (٩٥٥) وفي (ضعيف سُنن الترمذي)، ولكن صَحَّحَهُ في (السلسلة الصحيحة) برقم: (٣٢٢٨).

Scanned by CamScanner

فەرموودەکەش ئەمەیە: {اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الثَّبَاتَ فِي الأَمْرِ، وَالْعَزِيمَةَ عَلَى الرُّشْدِ، وَأَسْأَلُكَ شُكْرَ نِعْمَتِكَ، حُسْنَ عِبَادَتِكَ، وَأَسْأَلُكَ قَلْبًا سَلِيمًا، وَلِسَانًا صَادِقًا، وخُلُقاً مستقيماً، وَأَسْأَلُكَ مِنْ خَيْرِ مَا تَعْلَمُ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا تَعْلَمُ، وَأَسْتَغْفِرُكَ لِمَا تَعْلَمُ}[1]، واتە: ئەی خوایە! من داوای چەسپاویی لە کارداو، دڵ دامەزراویی لەسەر هەقت لێ دەکەم، وە داوات لێ دەکەم سوپاسی چاکەت بکەم‌و چاکت بپەرستم، وە دڵێکی ساغ‌و، زمانێکی ڕاست‌و، ڕەوشتێکی چاکت لێ داوا دەکەم، وە داوای هەر چاکەیەکت لێ دەکەم، کە بۆ خۆت دەیزانی‌و، پەنات دێنمە بەر لە هەر خراپەیەك، کە پێی زانای، وە داوای لێبوردنت لێ دەکەم، بۆ هەر هەڵەیەك، کە پێی ئاگاداری.

خوێنەری بەڕێز !

ئەم فەرموودەیە چوار بڕگە (مقطع)ی سەرەکییە، کە هەر کامێکیان بە (أسألك) دەست پێ دەکات‌و، لە هەر کامێکیاندا چەند وەسیلەیەك لە دە (١٠) هۆو وەسیلە گرنگ‌و بنچینەکانی ڕێی صاڵح بوون‌و بەرەو خوا چوون باسکراون:

لە بڕگەی یەکەمدا وەسیلەی (١، ٢) کە بریتین لە لاق چەقاندن‌و خۆڕاگریی لەکاتی بەڕێوەبردنی ئیشوکاردا، وە دڵ بەهێزیی‌و دامەزراویی لەسەر گرتن‌و هەڵبژاردنی چاکەو هەق، خراونە ڕوو، گومانیشی تێدا نییە، کە لاقی چەسپاوو دڵی دامەزراو، بناغەو بنچینەی هەر ئیش‌و کارێکن، بەتایبەتی کاری (بەخۆداهاتنەوەو بەرەو خوا گەڕانەوە).

---

١) رَوَاهُ النَّسَائِي برقم: (١٣٠٤)، وَأَخْرَجَهُ الحَاكِمُ برقم: (١٨٧٢) (وخُلقاً مستقيماً) من روايته، وَقَالَ: صَحِيحٌ عَلَى شَرْطِ مُسْلِم، أنظر: (تحفة الذاكرين) للإمام الشوكاني، ص: (٢٨٥)، وَضَعَّفَهُ الألباني في (المشكاة)، برقم: (٩٥٥) وفي (ضعيف سُنن الترمذي)، ولكن صَحَّحَهُ في (السلسلة الصحيحة)، برقم: (٣٢٢٨).

Scanned by CamScanner

لــە بڕگــەی دووەمیــشدا وەســیلەی (٣، ٤) باســکراون، کــە بــریتین لــە سوپاسـکردنی چاکـەو نیعمـەتی خـواو، چـاك پەرسـتنی، هەڵبەتـە ئـەمانیش توێشـووو سـەرچاوەی وزەی بابـای ڕێبـواری ڕێـی صالح بـوون‌و بـەرەو خوا چوونن.

لە بڕگـەی سێیەمیـشدا وەسیلەی (٥، ٦، ٧) خراونـە ڕوو، کـە دڵـی ساغ‌و، زمـانی ڕاسـت‌و پـاك‌و، ڕەوشـتی بـەرزو چاکن، دیـارە ئەمانـەش لـە گرنگتـرین هۆیـەکانی بـڕین‌و تـەواوکردنی ڕێگـای نـاوبراون‌و، بـۆ بابـای ڕێبـواری ڕێـی نـاوبراو، وەك وڵاخی سواریی‌و هەلگری توێشوو کەلوپەل‌و پێداویستییەکانی ئەو ڕێگایەیەتی.

پێویسته ئەوەش بگوترێ، کە هـەتا دڵ ساغ‌و ڕوونـاك نـەبێ، زمـان ڕاست‌و پـاك نابێـت‌و، بـەبێ دڵـی سـاغ‌و ڕوونـاك‌و زمـانی ڕاسـت‌و پاکـیش، ڕەوشـتی بەرزو چاك دەستگیـر نـابێ.

ئنجا لە کۆتایی‌و لـە بڕگـەی چوارەمـدا، وەسیلەی (٨، ٩، ١٠) باسکراون، کە بــریتین لــە ســێ مەبەســتی گــرنگ‌و، وەك چــەترو قەڵــغان‌و کەلوپەلــی خۆپاراستن لە سـەرماو گـەرماو دڕندەو جەردەو ڕێگری ڕێگان، کە ئەمانەن:

* داواکردنی هەرچی خێرو چاکـەیە لە خـوا.
* پەنــابردن لە هـەرچی شـەڕو خراپەیـە بۆ لای خـوا.
* داوای لێبووردن کردن بۆ هەرچی تـاوان‌و هـەڵەیـە لە خـوا.

ئیــدی هـیوادارم خـوای بـەرزو مـەزن‌و بەخـشەرو میهرەبـان بـە لوتفـی خۆی، هـەرکام لـەم (١٠) وەسیلەو پێداویستییە گرنگ‌و بنچینەیی یانـەمان پێ ببەخشێ.

Scanned by CamScanner

شەشەم: دە (١٠) پایەو بنچینەی گرنگی ڕێی بەرەو خوا چوون:

لە خاڵی پێشوودا لەبەر تیشکی فەرموودەیەکی پێغەمبەردا صلى الله عليه وسلم (١٠) هۆو وەسیلەی گرنگی ڕێی صالح بوون و بەرەو خوا چوون خرانە ڕوو، لێرەشدا لەبەر تیشکی فەرموودەیەکی دیکەی ئەو زاتە بەرزەدا صلى الله عليه وسلم (١٠) پایەو بنچینەی گرنگی ئەو ڕێیە پڕ پیت و فەڕە دەخەینە ڕوو:

پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لە فەرموودەیەکیدا، کە بە گەورەترین شێوەی داوای لێبوردن کردن (سيد الإستغفار)ی داناوە، فەرموویەتی {اللَّهُمَّ أَنْتَ رَبِّي، لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، خَلَقْتَنِي وَأَنَا عَبْدُكَ، وَأَنَا عَلَى عَهْدِكَ وَوَعْدِكَ مَا اسْتَطَعْتُ، أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا صَنَعْتُ، وَأَبُوءُ لَكَ بِنِعْمَتِكَ عَلَيَّ، وَأَبُوءُ بِذَنْبِي، فَاغْفِرْ لِي فَإِنَّهُ لاَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلاَّ أَنْتَ}[1]، واتە: ئەی خوایە! تۆ پەروەردگارمی، جگە لە تۆ هیچ پەرستراو نین، دروستت کردووم، من بەندەی تۆم، من بەپێی توانام هەر لەسەر پەیمان و بەڵێنی تۆم، پەنات دێنمە بەر لە چەنگ خراپەی ئەوەی کە کردوومە، دانت بۆ پێدا دێنم، کە چاکەت بەسەر منەوە هەیە، پێ لە هەڵەی خۆم دەنێم، جا لێم ببوورە، چونکە جگە لەتۆ کەس لە گوناحان خۆش نابێت.

بەرلەوەی دەست بکەم بە نووسین و دەرهێنانی ئەو (١٠) بنچینە گرنگەی، کە پێشتر باسمکردن، لە دەریای پڕ گەوهەری ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، بەپێویستی دەزانم ڕاستییەکی مەزن بخەمە بەرچاوی خوێنەری بەڕێز:

---

١) أَخْرَجَهُ اَلْبُخَارِيُّ برقم: (٥٩٤٧)، وَأَبو دَاوُدَ برقم:(٥٠٧٠)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم:(٣٨٧٢)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (١٠٣٥)، وَالحَاكِمُ، برقم: (١٨٩٦) عَنِ ابْنِ بُرَيْدَةَ عَنْ أَبِيهِ باختلاف يسير.

Scanned by CamScanner

هەروەك چۆن دەریا زلەكان هەمیشە پڕن لە نێچیری بە نرخ و، گەوهەرو مرواریی بەقیمەت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، كە زۆر كەس بەسەریاندا دێ و دەچێ، هەر ئەو ڕاوچییانە، كە كارامەو مەلەوانی ئازاو لێزانن، ئەو نێچیرو گەوهەرو مرواریانە دەستگیر دەكەن، ئایەتەكانی قورئان و فەرموودەكانی پێغەمبەریشمان صلی الله علیه وسلم بەهەمان شێوە پڕپڕن لە حیكمەت و پەندو زانیاری و نهێنی قووڵ و بەسوود، بەڵام مەرج نیە هەرچی لەبەری كردن و مەعنای دەقی وشەكانی زانین، بتوانێ پەی بە هەموو ئەو حیكمەت و زانیاری و نهێنییە گرنگ و بایەخدارانە بەرێ، چونكە جگە لە شارەزایی لە زمان و ئەدەبی عەرەبیدا، گەورەترین مەرجی بەهرەمەندبوون لە حیكمەت و نهێنییە، پەنهانەكانی قورئان و سوننەت بریتییە لە پارێزكاری (التقوی)، هەر بۆیەش خوای زانا فەرموویەتی: ﴿... إِن تَتَّقُواْ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّكُمۡ فُرۡقَانٗا ... ﴿٢٩﴾﴾ الأنفال.

كەواتە: با هەوڵ بدەین، هەرچی زیاتر خەسڵەتی پارێزكاریی (تقوی) لە خۆماندا قووڵ و دامەزراو بكەین، بۆ ئەوەی لە ئەنجامی ئەوەدا دڵ ڕوونیی و بەرچاو ڕوونییمان، زیاترو چاكتر بێت.

ئێستاش با بێینە سەر ئەسڵی مەبەست و، ئەو (١٠) پاساو بنچینە گرنگ و سەرەكییەی كە گفتمان دابوو، بیانخەینە ڕوو:

(١،٢) دانهێنان بە پەروەردگارێتی و یەكتایی خوا لە پەرستراوێتیدا: (اللّهُمَّ أَنْتَ رَبِّي لا إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ). بێگومان خوا بە مشوورخۆرو گەورەو سەروەرو پەروەردگاری خۆ زانین و، خوا بە یەكگرتنیش لە پەرستندا، گەورەترین ڕاستی (كبری الحقائق)ن و، گرنگترین پایەی ڕێی بەرەو خوا چوونیشن.

Scanned by CamScanner

(٤،٣) دانـهێنــان بـه بەدیهێنــەرایەتی خــواو بەندایـەتی خـۆدا: (خَلَقْتَـنِي وَأَنَـا عَبْدُكَ)).

ئــەمانیش دیــسان دوو ڕاســتیی هــەره بنــچینەیی‌و، دوو بنــچینەو مەرجی گرنگی سەرکەوتن‌و بەمراد گەیشتنن، بۆ ڕێبـواری ڕێـی ناوبراو.

(٥) ڕاگەیاندنی چەسپاویی لەسەر بەڵێنی خوا بەپێی توانا (وَأَنَا عَلَى عَهْدِكَ وَوَعْدِكَ مَا اسْتَطَعْتُ)، بەڵێ... نوێکردنەوەی بەڵێن‌و پەیمان لەگەڵ خوادا مەرج‌و بنچینەیەکی هەرەگرنگ‌و پێویستی باباى ڕێبوار (سالک)ه.

(٦) پەنــا بردنــه بـەرخوا لـه چـەنگ خراپـەو تـاوان (أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا صَنَعْتُ)، ئـەمیش وەك چـۆن وەسـیلەو هـۆی بـەرەو خـوا چوونە، پایـەو بنچینەیەکی گرنگی ئەو سەفەرە بەبەرەکەت‌و پڕ مەترسیی‌و خەتەرەشە.

(٨،٧) دانـهێنـان بە چاکەو نیعمـەتەکانی خواو خراپـەو هەڵـەی خۆدا (أَبُوءُ لَـكَ بِنِعْمَتِـكَ عَلَـيَّ وَأَبُـوءُ لَـكَ بِـذَنْبِي)، بەڵــێ وەك لــه شــوێنەوار (أثر)ێکدا هــاتوە، خــوای بەخـشندەو میهرەبـان بـه ئینـسانی فـەرمووە: {يا ابْنَ آدَمَ! مَا أَنْصَفْتَنِي، خَيْرِي إِلَيْكَ نَازِلٌ وَشَرُّكَ إِلَيَّ صَاعِدٌ}، ئـەی ئادەمیـزاد! لەگەڵم بە ویـژدان نـی، هـەر چاکـەی منـه بـەرەو تـۆ دێتـه خـوارو هـەر خراپـەی تۆشـه بۆ لای من سـەردەکـەوێ.

(١٠،٩) داوای لێبوردن لە خوا کردن‌و، تەما بـڕاو بـوون‌و دەست شۆردن لـه غــەیری وی: (فَـاغْفِرْ لِي فَإِنَّـهُ لَـا يَغْفِـرُ الـذُّنُوبَ إِلَّـا أَنْـتَ)، بەڵــێ داوای لێبوردن کردن له خوای لـێبوردەو بـه بـەزەیی، شـتێکی یەکجـار گـەورەو گرنگە، بەڵام لـەوە گەورەترو گرنگتـر ئەوەیە، کە دڵنیابی، جگە لـه خـوا هـیچ کــەس ناتــوانێ گــوناح‌و هەڵــەو تاوانەکــانت ببــووری‌و لەکۆڵــت بکــاتەوە، وه لەڕاستیــدا، جیـاوازیــەکی بنەڕەتیــی نێــوان ئەهلــی تەوحیدو ئەهلـی شیـرك، لـه ئێـرەدایە، کـە:

خوا بەیەککگران (مُوَحِّدين) دەزانن و دڵنیاو مسۆگەرن، کە گوناح پۆشین و عەفووکردن و لێبوردنیش، وەك دروست کردن (الخلق)و بژێودان (الرزق)، یەکێکە لە سیفەتە تایبەتییەکانی خواو هاوبەشی تێدا نیە، بەڵام ئەهلی شیرك هەر لە بت پەرستەکانەوە بگرە، هەتا نەصرانییە مەسیح پەرستەکان و، هەندێك لە مسوڵمانە ناحاڵیی و سەرلێشێواوەکان بە سوننی و شیعەوە، کە وەك خوا چاوەڕوانی لە شێخ و ئیمامەکانیش دەکەن، بیانبەخشن و لێیان ببوورن و، لە چڵك و چەپەری گوناح پاکیان بکەنەوە، بەڵێ، سەرجەم ئەوانەو هەر کەسە بە ئەندازەو ڕاددەی ڕۆچوونی لەو بۆچوون و ڕەفتارە هەڵەیەیدا، کەم و زۆر، دووچاری هاوبەش دانان (الإشراك) بووەو، هیچ گومانیشی تێدا نیە کە وەسفکردنی یەکێك لە دروستکراوەکان (مخلوقات) بە یەکێك یان زیاتر لە ناوو سیفەتەکانی خوا، شیرکەو شیرکی گەورەشە، واتە: ئەو جۆرەیە، کە خوا قەڵەمی عەفووی بەسەردا ناهێنێ: ﴿ إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ... ﴿٤٨﴾ ﴾ النساء. بەڵام دەبێ وریا بین و بزانین، کە بۆ حوکمی شیرك و کوفر بەسەر یەکێکدا دان، پێویستە دڵنیابین لە چەسپاندن و هاتنەدی مەرجەکانی کافربوون و لاچوونی بەرچ و ڕێگرەکانی، کە زانایان بە ڕستەی: (ثبوت الشروط وانتفاء الموانع) تەعبیریان لێ داوەتەوە، کەواتە مەرج نیە، هەر کەسێك کوفری تێدا بوو، کافربێ و، هەر کەسێکی شیرکی لێ بیسترا، یان لێ بینرا، بە موشریك دابنرێ، هەر بۆیەش زاناو پێشەوایادمان بۆ وێنە (ابن تيمية) - ڕەحمەتی خوایان لێبێ – گوتوویانە: (قد يكون قول الرجل؛ فعلُه كفراً أو شركاً، ولا يكون هو كافراً أو مُشْركاً) واتە: جاری وا دەبێ قسەو ڕەفتاری کابرا کوفرە، یان شیرکە، بەڵام پێی نابێتە کافر، یان هاوبەش بۆ خوا دانەر.

Scanned by CamScanner

حەوتەم: پازدە (١٥) هۆکاری گشتی و سەرەکیی پێ صاڵح بوون و بەرەو خوا چوون:

١- نوێژ: نوێژ بەرپاکردن کە گەورەترین جۆری خواپەرستی شەخصی یەو، سنوورو نێوانی ئیمان و کوفرە، کە خوای پەروەردگار لەبارەیەوە فەرموویەتی: ﴿...وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ لِذِكۡرِيٓ ١٤﴾ طه. کاریگەرترین و سەرەکیترین و گشتیترین هۆکارو وەسیلەی صاڵح بوون و بەرەو خوا چوونە، کەواتە: ئەی مسوڵمانی هاودینی شیرینم! هەتا پێت دەکرێت ئاگاداری بەو، مەرجە ڕواڵەتیی و پەنهانەکانی تێدا ڕەچاو بکەین، وە تەنیا بە نوێژە فەرزەکان واز مەهێنەو، هەوڵ بدە سەرجەم نوێژە سوننەتەکانیش بکەی، بەتایبەت ڕەواتب و، وەترو، شەونوێژو، نوێژی چێشتەنگاو، وە بەکۆمەڵ نەبێ نوێژە فەرزەکانت مەکە، چونکە زۆربەی زانایان نوێژکردنی بەکۆمەڵ، ئەگەر بە فەرزی عەین نەزانن، بە فەرزی کیفایەی دادەنێن[1].

٢- زیکر: زیکری خواکردن بە دڵ و زمان، دوای نوێژ، چاکترین و کاریگەرترین هۆی لە خوا نزیکبوونەوەو پاکبوونەوەی ئینسانەو، ئەهلی عیرفان گوتوویانە: (الذكر منشور الولاية)، خوای پەروەردگاریش لە گەلێك جێگای قورئانیدا فەرمانی کردوە، کە یادی بکەین، بۆ وێنە، ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ ذِكۡرٗا كَثِيرٗا ٤١﴾ الأحزاب،

---

١) لە کتێبی (خواپەرستیی ئیسلامیی...) بەرگی دووەمدا بە تێرو تەسەلیی باسی نوێژو سەرجەم مەسەلەو بابەتەکانیمان کردوە، بڕوانە: چاپی دووەم : نووسینگەی تەفسیر.

واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە ! بە یادکردنێکی زۆر یادی خوا بکەن.

ئاشکراشە، کە زیکری خوا، جۆری زۆرن و، هەر جۆرە بۆ حاڵەت و بارودۆخێکی تایبەتییە، بۆ وێنە:

زکری (أسْتَغْفِرُ اللّهَ) بۆ حاڵەتی تۆبەکردن و هەست بە گوناحباریی کردن و، زکری (الْحَمْدُ لِلّهِ) بۆ ستایشکردنی خواو، زکری (حَسْبُنَا اللّهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ) بۆ حاڵەتی تەنگانەو ترسان و... هتد.

هەڵبەتە چەمك و واتای ڕاستەقینەی زیکریش لەوە فراوانترە، کە تەنیا لە گوتنی ئەو جۆرە زیکرو وێردانەدا کورت هەڵبێ، لە جێگەی دیکەشدا بە تێرو تەسەلیی باسی زکرو یادی خوامان کردوە[١].

٣- قورئان خوێندن: قورئان خوێندن گەورەترین و بەرزترین جۆری زیکرەو، لە هەموو جۆرەکانی، تەنانەت لە گوتنی (لا إله إلا الله)ش، کە گەورەترین وشەیە، خێرترەو کاریگەرتریشە، بەتایبەت بۆ کەسێك، کە لێی تێ بگات، خوای بەرزو مەزن فەرموویەتی: ﴿ وَٱتْلُ مَآ أُوحِىَ إِلَيْكَ مِن كِتَابِ رَبِّكَ ۖ لَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَـٰتِهِۦ ...﴿٢٧﴾ ﴾ الكهف.

ئەوەندەش بزانە کە بە ئەندازەی خواناسین و لە خوا نزیکبوونەوەت، لە فەرمایشتەکەشی حاڵی دەبی، چونکە هەتا زیاتر بە یەکێك ئاشنابی، زووترو چاکتر لە قسەکانی تێ دەگەی.

---

١) بڕوانە: (یادی خوا) بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم: (١٩٨٧)، وە بڕوانە (خواپەرستی ئیسلامیی)، بەرگی چوارەم.

٤- ڕۆژوو گــرتن: خـوای پـەروەردگـار فـەرموویـەتی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿١٨٣﴾ ﴾ البقــرة، واتــە: ئـەی ئەوانـەی ئیمانتــان هێنـاوە! ڕۆژوو گرتنتـان لەسـەر پێویـست کـراوە، وەك چۆن لەسـەر گـەلانی پێـشووتان پێویـست کرابوو، بۆ ئەوەی پارێزکاریی بکەن.﴾.

بەڵێ، بەهۆی ڕۆژووگرتنەوە، ئینسان بەسـەر نەفـس و ئارەزووەکانیـدا زاڵ دەبـێ و، جڵـەوی هـەواو غـەریزەکانی جەسـتەی دەکەوێتـە دەسـتی عەقڵ و ڕووحـی.

دەجا ئـەی مـسوڵمانی عـەوداڵی تەزکـیەو کـامڵ بـوون و بـەرەو خـوا چـوون! ڕۆژووگــرتن بکــە بــە پەیــڕەی پێهــەڵا چـوونت و، لــە خــوا نزیکبوونت و، وەك فریـشتان چوونت و، لـە شـەیطان دووربوونـت، ڕۆژوو بگرە بە فـەرزو سوننەتیـیەوە، فـەرز کـە مـانگی ڕەمەزانـەو، سوننەتیش ئەگــەر بتــوانی، ڕۆژ نــا ڕۆژێــك، کــە پێغەمبــەر صـلی الله علیــە وسـلم فەرموویەتی: چاکتــرین جـۆری ڕۆژووگرتنـەو عـادەتی (داود) بـووە علیـە الـسلام، وەك (بخـاري) گێڕاویەتــەوە، وە ئەگــەر نــەتتوانی دووشــەممەو پێنج شـەممەی هەر هـەفتەیەك، بەلای کەمیشەوە مانگی سێ ڕۆژی هـەر لـێ بگرە، کـە چاکتــر وایـە ڕۆژانــی (١٣، ١٤، ١٥) بـن، کـە بـە ڕۆژە سـپی یەکان (أيام البيض) ناسراون.

تونێژینـــەوەی ڕۆژووگـــرتنیش، پێویـــستی بـــە جێیـــەکی دیکـــەی تەرخانـکراو هـەیـە[1].

---

[1] لە بـەرگی چـوارەمی کتێبـی (خواپەرسـتیی ئیـسلامیی..)دا بـە تێـرو تەسـەلیـی باسـی ڕۆژوو کراوە.

٥- **حەج و عومرە**: خوای بەرزو باڵا دەست فەرموویەتی: ﴿ وَأَتِمُّوا۟ ٱلْحَجَّ وَٱلْعُمْرَةَ لِلَّهِ ... ﴿١٩٦﴾ ﴾ البقرة. واتە: وە حەج و عومرە بۆ خوا بە تەواوی ئەنجام بدەن. ئەمانیش هەردووکیان کاریگەرییەکی یەکجار مەزنیان هەیە بۆ پاك و پوختەکردنی ئینسان و لە خوا نزیکخستنەوەی، وە لەڕاستیدا حەج و عومرە، هەر کامێکیان جۆرە خواپەرستییەکی هەمە لایەنەی ڕووحیی و فیکریی و ئەخلاقیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و سیاسیی و سەربازیین و، لە زۆر ڕووەوە کار دەکەنە سەر مرۆڤ بۆ قوڵبوونەوەی ئیمانی و تەزکیەبوونی و پەروەردەبوونی، ئەمانیش توێژینەوەیان شوێنی تەرخانکراوی گەرەکە[١].

٦- **ئیعتیکاف**: ئەمیش، کە خوای زاناو توانا لە چەند شوێنێکی قورئانێدا ئاماژەی پێ کردوە، بۆ وێنە: ﴿ ... وَلَا تُبَٰشِرُوهُنَّ وَأَنتُمْ عَٰكِفُونَ فِى ٱلْمَسَٰجِدِ ... ﴿١٨٧﴾ ﴾ البقرة، واتە: وە لە حاڵێکدا، کە لە مزگەوتاندا لە ئیعتیکاف دان، دەست مەگەیەننە هاوسەرەکانتان.

بەڵێ ئەمیش کە شەرعزانان ئاوا پێناسەیان کردوە، (مانەوە لە مزگەوتێ بە مەبەستی عیبادەت، بە چەند مەرجێکی تایبەتییەوە)، ڕۆڵێکی یەکجار گرنگ و کاریگەر دەگێڕێ بۆ پاکبوونەوەی دەروون و، گەشەکردنی و کامڵبوونی ئیمان و بەرەو خوا چوونی ئینسان[٢].

---

١) هەروەها لە سەرچاوەی پێشوودا حەج و عومرەش بە درێژیی توێژراونەتەوە.

٢) باسی ئیعتیکافیش هەر لەگەڵ ڕۆژوودا، لە سەرچاوەی پێشوودا باسکراوە.

Scanned by CamScanner

٧- بیرکردنـــەوە: بیـــرکردنەوەو ڕامـــان لــە بوونـــەوەرو دیـــاردە سەرسامـکەرەکانیو، لـە نـەفسو جەسـتەو حـاڵەتە سـەیرەکانیانو، لـە مێژووو کارەساتو ڕووداوە پەند بەخشەکانیو، لە مەرگو گۆڕو دیاردە ڕاچڵەکێنەرەکـانیانو، لـە نـاوو سـیفەتە بـەرزو پیـرۆزەکانی خـوای بێوێنـەو، ئایەتـە ڕاستو بـەهێزو پێزەکـانیو...هتـد. یـەکی دیکەیـە لـە توێشووە هـەرە بەنرخـەکانی سـەفەری بـەرەو خـوا چـوون، خـوای زانـاو پەنهانـبینیش لەوبـارەیەوە گەلـێك شتی فـەرمووە، بـۆ نموونـە: ﴿ قُلْ إِنَّمَآ أَعِظُكُم بِوَٰحِدَةٍ أَن تَقُومُواْ لِلَّهِ مَثْنَىٰ وَفُرَٰدَىٰ ثُمَّ تَتَفَكَّرُواْ ... ﴿٤٦﴾ ﴾ سبأ، واتە: بڵێ: مـن تەنیـا یـەك ئامۆژگـارییتـان دەکـەم: ئـەویش ئەوەیــە کــە بــۆ خــوا هەســتنە پــێ، دوو دووو یــەك یــەك، دوایــی بیـردەکـەنەوە...

٨- پاڕانـــەوە (الــدعاء): خـوای وەڵامگـۆ (مجیـب) فەرموویـەتی: ﴿ وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدْعُونِىٓ أَسْتَجِبْ لَكُمْ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِى سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ ﴿٦٠﴾ ﴾ غـافر، واتـە: وە پەروەردگـارتان فـەرمووی: لـێم بپاڕێنـەوە بەدەنگتانەوە دێم، بێگومان ئەوانەی لە ئاست پەرستنی مندا خۆیان بەزل دەگرن، لەمەو دوا بەزەبوونیی دەچنـە دۆزەخـەوە.

بەڵـــێ، پاڕانـــەوە، کــە پیـــرۆزترینو ناسکتـــرین جـــۆری زیکـــرە، بەمـەرجێك ئـەو ئـەدەبو مەرجانـەی تێـدا ڕەچـاو بکرێن، کـە قورئـانو سـوننەت خـستوویانە ڕوو، یەکێکـە لـە هۆکـارە هـەرە کاریگـەرەکانی تەزکیەی نەفس.

Scanned by CamScanner

ئەوەندەش بزانە کە گرنگ ئەوەیە خوا جۆری پاڕانەوەکەت فێر بکات، دەنا وەلامدرانەوە ئاسانە، چونکە خوا بەخشەرو میهرەبانەو، هەر کاتێك جۆرە پاڕانەوەیەکی فێرکردی، سوور بزانە، کە بەخۆڕایی نەیخستۆتە دڵتەوەو، دەیەوێ وەلامیشت بداتەوە، بشزانە، کە جۆرو چۆنیەتی پاڕانەوەکەت لەگەڵ ئاستو قۆناغی بەرەو خوا چوونتدا، گونجاوو پڕ بە پێستە.

٩- **یارمەتیدانی خەڵکی:** یاریدەدانی خەڵکیش بەدەستو زمان، یان بە ماڵو سامان، یان بە هەر شێوەیەکی دیکە، دەورێکی یەکجار بەرهەمدار دەبینێ لە بڕینی ڕێی بەرەو خوا چووندا، لەوبارەیەوە دەقی قورئانو سوننەت زۆرن، بۆ وێنە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱرۡكَعُواْ وَٱسۡجُدُواْ وَٱعۡبُدُواْ رَبَّكُمۡ وَٱفۡعَلُواْ ٱلۡخَيۡرَ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ۝٧٧﴾ الحج، واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە ! ڕکووع بەرنو سەجدە بەرنو پەروەردگارتان بپەرستنو چاکە بکەن، بۆ ئەوەی سەرفراز بن.

پێغەمبەری خواش صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: {لأَن يَمْشِي أَحَدُكُم سَاعَةً فِي حَاجَةِ أَخِيهِ خَيْر لَهُ مِنْ أَن يَعْتَكِف فِي مَسْجِدِي هَذا شَهْرَيْنِ}[١]، ئەگەر یەکێکتان ساتێك بە ئیشی برایەکییەوە بڕوات، بۆی چاکترە لەوەی، کە دوو مانگ لەم مزگەوتەی مندا بچێتە ئیعتیکافەوە، هەروەها فەرموویەتی: {وَمَنْ كَانَ فِي حَاجَةِ أَخِيهِ كَانَ اللّٰهُ فِي حَاجَتِهِ}[٢]، واتە: کەسێك ئیشی برایەکی پێکبهێنێ،

١) رَوَاهُ الحَاكِم برقم: (٧٧٠٦) .
٢) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٥٦٤٦)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٢٣١٠)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٢٥٨٠)، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٤٨٩٣)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (١٤٢٦) وَقَالَ: حَسَنٌ صَحِيحٌ غَرِيبٌ .

Scanned by CamScanner

خواش کاری دەسازێنێ، هەروا فەرموویەتی: {وَاللَّهُ فِي عَوْنِ الْعَبْدِ مَا كَانَ الْعَبْدُ فِي عَوْنِ أَخِيهِ ...}[١].

شایانی باسیشە، کە ماڵ و سامان بەخشین، کە زەکاتدان جۆرێکیەتی و چاکترین و گەورەترین جۆریشیەتی، بەرزترین شێوەی هاوکاریی و چاکەکارییە لەگەڵ خەڵکداو، دەورێکی یەکجار کاریگەریشی لە تەزکیەکردنی نەفس و، مشت و ماڵ و پاککردنەوەی دڵ و دەرووندا هەیە، خوای دادگەر فەرموویەتی: ﴿ خُذْ مِنْ أَمْوَٰلِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِم بِهَا ... ﴿١٠٣﴾ ﴾ الحج، واتە: لە سامانەکانیان زەکاتێك وەربگرە، کە بەهۆیەوە پاکیان بکەیەوەو گەشەیان پێبدەی..

١٠- خووو ڕەوشتی جوان و پەسند: خووو ڕەوشتی بەرزو پەسەندیش، یەکی دیکەیە لە هۆکارەکانی تەزکیەو، توێشوویەکی زۆر بەهێزو پێزی سەفەری بەرەو خوا چوونە، وە پێغەمبەری ڕەوشت مەزن صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: {أَكْمَلُ الْمُؤْمِنِينَ إِيمَاناً أَحْسَنُهُمْ خُلُقاً}[٢]، واتە: ئیمان تەواوترینی بڕواداران، ڕەوشت جواترینیانە، هەروەها فەرموویەتی: {إِنَّ الْمُؤْمِنَ لَيُدْرِكُ بِحُسْنِ خُلُقِهِ دَرَجَةَ الصَّائِمِ الْقَائِمِ}[٣]،

١) أخْرَجَهُ أحْمَد برقم: (٧٤٢١)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٧٠٢٨)، وَأبو دَاوُدَ برقم: (٤٩٤٦)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٢٩٤٥)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٢٢٥)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٥٣٤) عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ.

٢) رَوَاهُ أحْمَد برقم: (٧٣٩٦)، وَأبو دَاوُدَ برقم: (٤٦٨٢)، وَالدَّارِمِي برقم: (٢٧٩٢)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٤٧٩)، وَالحَاكِمُ برقم: (١)، وَقَالَ: حَدِيثٌ صَحِيحٌ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، وَقَالَ الشيخ الألباني: حَسَنٌ صَحِيحٌ.

٣) رواه أبو داود.

Scanned by CamScanner

واتـە: بێگومـان بـڕوادار بـەهۆی خـوو ڕەوشـتی جوانییـەوە دەگاتـە پلـەی کەسێك، کە بەردەوام بەڕۆژوو دەبێ و بێ پسانەوە شەو نوێژ دەکات.

پێناسـەی ڕەوشـتی جوان :

(نـووي) لـە (ریـاض الـصالحین)[1]دا هێنـاویەتی، کـە (ترمـذي) لـە (عبدالله بن الـمبارك)ەوە نەقڵی کردوە، کە لـە پێناسـەی ڕەوشتی جوان (حُسن الخلـق)دا گوتوویـەتی: (هـو طلاقـة الوجـه وبـذل المعـروف وكفُّ الأذى) واتـە: بریتیـە لـە: ڕووی خـۆش و گـەش و چاکەکردن و بەخـشین و ئـازارو نـاڕەحـەتی لە خەڵکی گرتنەوە.

١١- پاراسـتنی دەرو دەروون لـە گونـاح و هەڵـە و قـسەو ڕەفتـاری پـووچ: خـوای پەروەردگـــار فەرموویـــەتی: ﴿ وَذَرُوا۟ ظَـٰهِرَ ٱلْإِثْمِ وَبَاطِنَهُۥٓ ... ﴿١٢٠﴾ ﴾ الأنعـام، واتـە: وە گونـاحی ئاشـکراو پەنهـان واز لـێ بێنن، هـەروەها فەرموویـــــــــەتی: ﴿ وَٱلَّذِينَ لَا يَشْهَدُونَ ٱلزُّورَ وَإِذَا مَرُّوا۟ بِٱللَّغْوِ مَرُّوا۟ كِرَامًا ﴿٧٢﴾ ﴾ الفرقان، واتـە: وە (بەنـدە هەڵبـژاردەکانی خـوا) ئەوانـەن، کە لـە شـتی هەڵەو گوناحـدا ئامادە نابن و، کاتێـك بـەلای شـتی پووچـدا ڕادەبورن، بەڕێزەوە ڕادەبورن. هـەڵبەتە ئەم مەسـەلەی خـۆ پاراسـتنە لـە گونـاحی ڕواڵـەت و پەنهـان، یەکجـار کاریگـەرە لـە پرۆسـەی تەزکیـەی نەفسداو، لە بەشی چوارەمدا زیاتر تیشکی دەخەینە سەر.

---

١) بڕوانە: (ریاض الصالحين)، ص: (٢٢٩).

Scanned by CamScanner

١٢- کەم خۆریی و کەم خەویی و کەم دوێیی و کەم تێکەڵیی: هەر لە کۆنەوە زانایانی خواناسی دڵ بێدار گوتوویانە: بابای رێبواری رێی خوا، هەتا بەسەر چوار شتاندا زاڵ نەبێ و نەیانخاتە ژێر رکێفی ئیرادەی خۆیەوە، هیچی لێ چاوەڕوان ناکرێ:

١/ خواردن و خواردنەوە (الأكل و الشرب).

٢/ نووستن (النوم).

٣/ قسەکردن (تكلم).

٤/ تێکەڵ بوونی خەڵکی (الإختلاط بالناس).

چونکە ئەم چوارانە، هەروەك چۆن چەند داخوازییەکی بنەڕەتیی ژیانن، بنك و سەرچاوەی هەموو خراپەو تاوانەکانیشن، لە کاتێکدا زیادەڕۆییان تێدا دەکرێ و، لە شیرازەی شەرع دەچنە دەرێ.

بەڵێ مسوڵمانی خۆشەویست!

برسێتیی و شەونخونیی و بێدەنگیی و کەنارگیریی[1]، چوار هۆو وەسیلەی هەرە گرنگ و پێویستن بۆ هەرکەسێك کە بە مسوڵمانەتی و خواپەرستییەکی سادەو عەوامانە قایل نەبێ و خولیاو ئاواتی پێبەلاچوون و بە دیداری جوانیی و هەیبەتی (جمال و جلال)ی خودا شادبوونی لەسەر دابێ. ئنجا لە تێکڕای دەقەکانی قورئان و سوننەتیش دەفامرێنەوە، کە هەرکام لە کەم خۆریی و کەم خەویی و کەم دوێی و کەم

١) دیارە لێرەدا مەبەست حاڵەتی لەگەڵ خۆ تێکۆشان (مجاهدة النفس)ە، ئەگەرنا لە حاڵەتی ئاسایی و سروشتیدا بە شێوەیەکی ئاسایی لەگەڵ ئەم مەسەلانەدا رەفتار دەکرێ، هەروەك چۆن نەخۆش، هەتا نەخۆشە پارێز دەکات و چارەسەر بەکاردێنێ، بەڵام پاش تێپەڕبوونی قۆناغی چارەسەرو دوای چاکبوونەوە، دەچێتەوە حاڵەتی ئاسایی و واز لە پارێزو چارەسەرو دەرمان دێنێ.

Scanned by CamScanner

تێکەڵیی، شتی چاك و پەسەندن، بۆ وێنە خودا دەربارەی کەم خۆریی فەرموویەتی: ﴿يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٖ وَكُلُواْ وَٱشْرَبُواْ وَلَا تُسْرِفُوٓاْۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْرِفِينَ ٣١﴾ الأعراف.

پێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: {مَا مَلأَ آدَمِيٌّ وِعَاءً شَرّاً مِنْ بَطْنٍ، بِحَسْبِ ابنِ آدَمَ أُكُلاَتٌ يُقِمْنَ صُلْبَهُ، فَإِنْ كَانَ لا مَحالةَ فَثُلُثٌ لِطَعَامِهِ، وَثُلُثٌ لِشَرَابِهِ، وَثُلُثٌ لِنَفَسِهِ}، رَوَاهُ أَحْمَد برقم: (١٧٢٢٥)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٢٣٨٠)، وَقَالَ: حَسَنٌ صَحِيحٌ، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٣٣٤٩)، وَالحَاكِمُ برقم: (٧٩٤٥) وَقَالَ: صَحِيح الإسناد، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٥٢٣٦) وَصَحَّحَهُ الألباني في (السلسلة الصحيحة)، برقم: (٢٢٦٥).

خودا لە مەدحی کەسانێکدا، کە لە شەوێدا بێدارن و، سەرگەرمی ڕازو نیازن و کەم دەخەون، فەرموویەتی: ﴿كَانُواْ قَلِيلٗا مِّنَ ٱلَّيْلِ مَا يَهْجَعُونَ ١٧﴾ الذاريات.

پێغەمبەرمان صلى الله عليه وسلم دەربارەی کەم دوێنی فەرموویەتی: {مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَلْيَقُلْ خَيْرًا أَوْ لِيَصْمُتْ}، مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ: البُخَارِيُّ برقم: (٥٦٧٢)، وَمُسْلِمٌ برقم: (١٨٢).

لە زۆر ئایەت و فەرموودان دەفامرێتەوە، کە زۆر تێکەڵبوونی خەڵکی پەسەند نیە، بۆ وێنە خوا فەرموویەتی: ﴿قَدْ أَفْلَحَ ٱلْمُؤْمِنُونَ ١ ٱلَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَٰشِعُونَ ٢ وَٱلَّذِينَ هُمْ عَنِ ٱللَّغْوِ مُعْرِضُونَ ٣﴾ المؤمنون، دەجا گومانی تێدا نیە، ئەگەر بێت و بەس ئەم ئایەتەی: ﴿وَٱلَّذِينَ هُمْ عَنِ ٱللَّغْوِ مُعْرِضُونَ ٣﴾ جێبەجێ بکەین، خۆمان لە

تێکـەڵ بـوونی زۆربـەی خەڵـکی‌و، بەشـداربوونی زۆربـەی کـۆڕو مەجلیسەکانیـان دەپارێزێن‌و کەنـار دەگرین، چونکە مەگەر بەدەگـمەن، دەنا خەڵکی هەر سەرگەرمی قسـەو بـابەتی پـووچ‌و بێ کەڵکـن!!.

ئەوەندە هەیە ڕەچاوکردنی چەند خاڵێك مەرج‌و پێویستە، لـەوانە:

١/ نابێ کەم خۆریی‌و کەم خەوییەکەی بگاتە ڕاددەیەکی وا، کە بێ‌هێزو لاوازو نەخۆشی بکات، مەگەر لە چەند حاڵەتێکی زۆر پێویستداو بۆ تەمبێکردن‌و سەرشکاندنەوەی نەفس، هەڵبەتە ئەو دەمیش هەر دەبێ بە ئەندازەیەکی ماقووڵ بێ‌و، کارێك نەکات زیانی لە قازانجی پتر بێت.

٢/ نابێ کەم قسـەییەکەی وای لێ بکات، کە لە ئاقار ناحەقدا بێ دەنگ بێ، یان مۆن‌و مـرج‌و بێ تـام بێتـە بەرچاوی خەڵـکی، بەڵـکو کەم دوێنـی‌یەکەی لـە بـواری گێڕانـەوەی زمانـدا بـێ، لـە قسەی خـراپ‌و ناپەسـەند.

٣/ نـابێ کـەم تێکەڵـییەکـەی بەشـێوەیەك بـێ، کە سەدان جۆرە ئیش‌و کـاری خێـرو چاکـەی لەقیس بـدات، کە بـەبێ تێکەڵـبوونی خەڵـکی نـاکرێن، وەك لابردنـی زوڵـم‌و خراپـەو بێ‌شـەرعیی‌و چەسـپاندنی بەرنامـەی خـوا، یاریـدەدانی لـێقەوماوان، سـەردانی نـەخۆش، مـردوو ناشتن، بەشدارییکردنی شـین‌و شادیی دۆستان...هتد.

خوێنـەری سـەنگیـن!

لەڕاستیـدا ئەم خاڵی دوازدەیەمە، یەکجار گرنگ‌و کاریگەرە لـە بـەرەو خـوا چـوون‌و پێـهـەڵاچوونی ڕێبـواری ڕێـی خـوادا، کەواتـە، لەبـەر کـەم بایەخیی نەخراوەتە ئێرە، بەڵکو لەبەر ئەوەبوو، کە بابای ڕێبوار کاتێك دەتوانێ کەم خەویی‌و کـەم خـۆریی‌و کـەم دوێنیی‌و کەم تێکەڵـیی بەسـەر

تێرخواردن و زۆر خەوتن و زۆر دوان و زۆر تێکەڵبووندا، هەڵبژێری، کە بەهۆی نوێژکردن و ڕۆژووگرتن و زیکرو قورئان خوێندن و پاڕانەوەو بیرکردنەوەو...هتدەوە، تا ڕاددەیەك دڵی ڕووناك بووبێتەوەو ڕووحی بەهێز بووبێ و، حاڵەتێکی وای بۆ ڕەخسابێ، کە تام و چێژ وەرگرتنی مەعنەویی بەسەر تام و چێژ وەرگرتنی مادییدا زاڵ بووبێت، بە واتایەکی دی: هەرچەندە ئەم مەسەلەیەی کەم خۆریی و کەم خەویی و کەم دوێی و کەم تێکەڵییە، بە بەردی بناغەو بنچینەی دەروون پاککردنەوە (تزكية النفس)و بەرزکردنەوەی دادەنرێ، بەڵام لە سۆنگەی ئەوەوە، کە حاڵەتی ناوبراو ئەنجام و بەرهەمی ئەو شتانەی پێشەوەیە، خستمانە دوای ئەوانەوە، بەڵام ئامۆژگاریی خوێنەرە بەڕێزەکان دەکەم، کە زۆر وریابن و ئەو بیدعەت و هەڵەو ناشەرعییانەی، کە هەندێك لە ئەهلی طەریقەت بەناوی خەڵوەکێشان و چلەکێشان و چی و چییەوە دایانهێناون، لەگەڵ ئەسڵی ئەم مەسەلەیەدا، کە شتێکی شەرعییەو بەڵگەی لەسەرە، لێیان تێکەڵ نەبێ و سەریان لێ نەشێوێ، کە نە بە هۆی (حق)ەوە (باطل) قبووڵ و، نە بە هۆی (باطل)ەوە (حق) ڕەفز بکەن و، ژیرانەو وردبینانە لە یەکیان جیا بکەنەوەو، هەر کامێکیان حوکمی خۆی بەسەردا بدەن.

١٢- **دۆستایەتیی و هاوەڵایەتیی کردنی ئینسانی صالح**: یەکی دیکە لەو هۆیانەی، کە دەورێکی گەورەیان هەیە لە یاریدەدانی ڕێبواری ڕێی بەرەو خوا چووندا و، بە توێشوویەکی یەکجار گرنگی ڕێی ناوبراو دادەنرێ، بریتییە لە نزیکیکردن و برادەرایەتییکردن لەگەڵ ئینسانی خواناس و پارێزگارەدا، هەر بۆیەش پێغەمبەری پێشەوامان صلى الله

علیه وسلم فەرموویەتی: {الْمَرْءُ عَلَى دِينِ خَلِيلِهِ، فَلْيَنْظُرْ أَحَدُكُمْ مَنْ يُخَالِلُ}(١).

دوایین دوعاو پاڕانەوەی (یوسف)یش علیه السلام، ئاوایە: ﴿... أَنتَ وَلِيِّۦ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِۖ تَوَفَّنِي مُسۡلِمٗا وَأَلۡحِقۡنِي بِٱلصَّٰلِحِينَ ١٠١﴾ یوسف، زانایانی پێشینمان خوا لێیان خۆش بێ، سەبارەت بە گرنگی برادەرایەتییکردنی ئینسانی چاك زۆریان گوتوە، بۆ نموونە گوتوویانە: سەرنج بدە ! چۆن مانگ، کە خۆی لە خۆیدا خڕۆکەیەکی تاریك و بێ شەوقە، لە بەرەکەتی برادەرایەتیی خۆردا، چۆن لە فەیزو بەخششی بەهرەمەند بووەو بۆتە چراخان !!

هەروەها گوتوویانە: ئەوەندە بەسە بۆ سەلماندنی گرنگی هاوەڵایەتی چاکان، کەسەگی برادەرانی ئەشکەوت (أصحاب الکهف)، کە لە ماهیەتدا هیچ جیاوازیی لەگەڵ سەگەکانی دنیادا نیە، بەهۆی نزیکیی لەو گەنجە خواناس و مەردانەوە، خوا لە گەورەترین کتێبی خۆیدا ناوی هێناوەو باسی دەوری ئێشکەگرتنی کردوە.

بەڵێ هاوەڵایەتیی چاکان و دۆستایەتیی کردنیان، هۆیەکی یەکجار کاریگەرو یاریدە دەرە، بۆ بەرچاوڕوونیی و ورەبەرزیی و تیژبوونەوەو پشوو درێژیی ڕێبوارانی ڕێی خواناسی، هەر بۆیەش لە دێرزەمانەوە خاوەن دڵانی بێدارو هۆشیار ئایەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَكُونُواْ مَعَ ٱلصَّٰدِقِينَ ١١٩﴾ التوبة، یان کردۆتە شیعاری خۆیان !

---

١) أَخْرَجَهُ أَبو دَاوُدَ برقم: (٤٨٣٣)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٢٣٧٨)، وَقَالَ: حَسَنٌ غَرِيبٌ، وَالبَيْهَقِيُّ في (شعب الإِيْمَان)، برقم: (٩٤٣٦) وَاللَّفظُ لَهُ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، وَحَسَّنَهُ الألباني في (السلسلة الصحيحة) برقم: (٩٢٧).

Scanned by CamScanner

بەڵام ئەوەی کە گرنگ و پێویستە، ئەوەیە، کە لە تێگەیشتنی مەعنا و مەبەستی:

(پارێزکاریی) و (لەگەڵ ڕاستان بوون)دا، بەهەڵە نەچین و، لەبەر تیشکی قورئان و سوننەتدا لە ماناو چەمکی (مُتَّقي) و (صادق) حاڵی بین.

١٤- موتاڵاکردن و ئاشنابوون بە ژیان و بەسەرهاتی صاڵحان و خواناسان:

هۆیەکی دیکە لەوانەی، کە دەورێکی گەورەیان هەیە لە (لە خوا نزیک خستنەوە)ی ئینساندا، بریتییە لە موتاڵاو سەرنجدانی ژیان و گوزەرانی بە قیمەتی مەردان و شێرە پیاوو ژنانی ڕێی خواناسی.

بەڵێ... بەسەرهاتی (بۆ خوا ژیاوان) بە ئاسمانی بەرزی مێژووی خواناسییەوە بۆ بابای موسوڵمان، وەك ئەو ئەستێرە پرشنگدارانە وایە، کە لە شەوی تاریك و تەڵەمدا، بۆ بابای ڕێبوار دەبنە نیشانەو دەلیل و جێگەو ڕێگەی خۆیان پێ دەدۆزێتەوەو، ڕێی لێ تێك ناچێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە وردو وریا بێ و گوڵە ئەستێرەو[1] ئاورۆچکە خۆی لێ نەکەنە مانگ و ڕۆژو ئەستێرەو، بەدوای کڵاوی خوار نەکەوێ و، لە تەڵەو داوی ئینسانی زڕو نالەبار نەکەوێ!

ئنجا بۆ سەلماندنی گرنگی شوێن پێ هەلگرتنی صاڵحان، چەند دەقێکی قورئان بە نموونە دەهێنمەوە:

یەکەم: لە سووڕەتی (الأنعام)دا خوای بەرزو مەزن، پاش گێڕانەوەی بەشێك لە بەسەرهاتی (ابراهیم) علیه السلام، ناوی (١٧) کەسی لە پێغەمبەرانی پایە بەرز هێناوە، کە ئەمانەن:

---

١) گوڵە ئەستێرە: جۆرە باڵداری ڕووناك بەخشی لاوازو کەم تەمەنە.

(إسْحاق وَيَعقُوب وَنُوح وَدَاوُدَ وَسُلَيْمَانَ وأيّوبَ وَيُوسُفَ وَمُوسَى وَهَارُون وَزَكَرِيّا وَيَحيى وَعِيسَى وَإلياس وإسْمَاعِيل وَاليَسع وَيُونس وَلُوطَ) عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ، ئنجا پاش چەند ڕستەیەك فەرموویەتی: ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَى ٱللَّهُۖ فَبِهُدَىٰهُمُ ٱقۡتَدِهۡۗ ...﴿٩٠﴾ ﴾ الأنعام، واتە: ئەوانە کەسانێکن، کە خوا ڕێڕووونی کردوون، دەجا تۆش بەدوای ڕێبازی ڕوونی وان بکەوە..

وەك دەبینین خوای میهرەبان، ئامۆژگاریی پێغەمبەری هەڵبژاردە دەکات صلی الله علیه وسلم، کە ڕێوشوێنی بەرزی ئەو زاتە بەرزانە ڕەچاو بکات و بیانکاتە سەرمەشقی خۆی.

دووەم: لە سووڕەتی (هود)یشدا پاش گێڕانەوەی بەسەرهاتی هەرکام لە (نُوح وهُود وصَالح وإبْرَاهِيم وَلُوط وشُعَيْب ومُوسَى) عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ، دوای چەند ئایەتێك فەرموویەتی: ﴿ وَكُلّٗا نَّقُصُّ عَلَيۡكَ مِنۡ أَنۢبَآءِ ٱلرُّسُلِ مَا نُثَبِّتُ بِهِۦ فُؤَادَكَ ...﴿١٢٠﴾ ﴾ هود، واتە: وە لە هەواڵی هەرکام لە پێغەمبەران شتی وات بۆ دەگێڕینەوە، کە دڵتی پێ دەچەسپێنین.

کەواتە ئاگاداربوون و شارەزابوون بە بەسەرهاتی خواناسان، مایەی بڕوا[١] زیادبوون و باوەڕ[٢] پتەوبوون و سەرەنجام دڵ چەسپان و دامەزرانە.

---

١) بڕوا: (إیمان)ە.

٢) باوەڕ: (متمانە) (الثقة)یە.

Scanned by CamScanner

سێیەم: هەروەها لە کۆتایی سوورەتی (یوسف)داو دوای گێڕانەوەی سەرگوزشتەی ئەو زاتە بەرزە فەرموویەتی: ﴿ لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِّأُولِي الْأَلْبَابِ ...(١١١)﴾ يوسف.

کەواتە: مسوڵمانی خۆشەویست و بەڕێز !

کاتێکی چاك لە تەمەنت تەرخان بکە بۆ خوێندنەوەو موتالای ژیانی خواناسان بەم شێوەیە:

١- پێغەمبەرانی خوا بەگشتی (عليهم الصلاة والسلام).

٢- پێنج پێغەمبەرە زۆر خاوەن عەزمەکان (نُوح، إِبْرَاهِيم، مُوسى، عِيسى، مُحَمَّد) بەتایبەتی و، پێغەمبەرمان موحەممەد صلى الله عليه وسلم بەتایبەتی تر.

٣- هاوەڵ و شوێنکەوتووانی پێغەمبەران، بەگشتی، کە لە قورئان و سوننەتی ڕاست(صحيح)دا، بەسەرهاتەکانیان گێڕراونەوە، وەك بەسەرهاتی (مريم)و (أصحاب الكهف)و (طالوت)و (مؤمن آل فرعون)و (أصحاب القرية)...هتد.

٤- هاوەڵانی پێغەمبەرمان رضي الله عنهم و، بەتایبەتی چوار خەلیفە ڕاشیدەکان.

٥- زاناو خواناس و ناودارانی مێژووی ئیسلام، هەر لە چاخی (تابعين)ەوە، تا ئێستا وەك: (الْحَسَنِ الْبَصْرِيِّ ، وَابْنُ سِيرِين، وَعُمَرَ ابْنَ عَبْدُالعَزِيز، سَعِيد بْنِ الْمُسَيَّب، وسُفْيَانُ الثَّوْرِيُّ، وَزَيْنُ العَابِدِين، وَإِبْرَاهِيم بن الأَدْهَم، وَجَعْفَر الصَّادِق، وَأَبُو حَنِيفَة، وَمَالِك، وَالشافِعِي، وَأَحْمَد بْن حَنْبَل، وَالْحَارِث الْمحاسبي، وَمَعْرُوف الكَرْخِي،

وَجُنَيـد البَغـدَادِي، وَالغَزّالِـي، وَالْجَيْلاَنِـي، وَالعِـزّ بْـن عَبْدُالـسّلام، وَبِهاءالدّين نقشبندي، وَجَلال الدّين الرومـي، وَابْنُ تَيْمِيَـة، وَابْنُ قَيّم الْجَوزيـة، والإمَـام الرّبّـاني، ومحمـد بـن عبدالوهاب، وصـلاح الـدين الأيّـوبي، وَ وَلِـي الله الـدّهْلَوِي، وَمَوْلانـا خَالـد، وَحَـسَن البَنّـاء، والنُورسـي، وَأبـو الأعلـى الْمَودودي، وَسَيْد قُطب، وَمُحَمّد اقبـال، ...) خوا لە هـەموو لایەکـیان خۆشـبێ و، پلەو پایـەیان بـەرزتر بکاتـەوەو، ئێمەش هیدایەت بدات بۆ چاو لێکردنیان و بەهرە لێ وەرگرتنیـان.

١٥- پابەنـدیی تـەواو بـە ڕێـو شـوێنی پێغـەمبەرەوە صـلی الله علیـە وسـلم:

لەڕاستیدا ئەم مەسەلەیەمان لەبەر کەم ئەمیەتیەوە دوا نەخسـت، بەڵکو ویسـتمان قورئـان فەرموودەی: (خِتامُهُ مِسک) بێ.

چونکە لەڕاسـتیدا مەسـەلەی پابەنـدبوونی ئینسـان بـە سـوننەتەکانی پێغەمبـەرەوە، لــە هــەموو حاڵێکــدا گــەورەترین و گرنگتــرین و کاریگەرترین و، لە هـەمان کاتیـشدا قورسـترین شتە لە ژیانیـدا، وە ئـەم مەسەلەیە هەموو ئەو مەسـەلانەی، کە لـە (١٤) خـاڵی ڕابـردوودا خرانـە ڕوو، لەنێو خـۆی وەردەگرێ.

جا مسـوڵمانی سـەنگین !

وەك پێغەمبەری بەڕێزمان صلی الله علیە وسلم فەرموویـەتی، زۆر بـە بایـەخ و گرنگی پێدانەوە، پابەندی ڕێو شوێنی پێغەمبـەر صلی الله علیـە وسـلم بـەو، ددانـی لەسـەر ڕۆگـرە {عَضّوا عَلَيْهَا بِالنّوَاجِذِ}، چـونکە هەموو ڕێ بەرەو لای خوا بەسـتراون و، هیچ ڕێـیەك ناتگەیەنێتـە دیداری خوا، بێجگە لە شوێن پێ هەڵگرتنی پێغەمبەری نەخوێندەوار، ڕووحم بـە فیـدای بێ، ئەمـەی، کـە گوتیـشم قـسەی گیـرفانی خـۆم نیـەو، دەقـی

Scanned by CamScanner

قورئانـــــــه: ﴿ قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِى يُحْبِبْكُمُ ٱللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٣١﴾ ﴾ آل عمران، واته: ئەی موحەممەد ! بڵێ: ئەگـەر ئێـوە خواتـان خۆشــدەوێ‌و - حـەز لـە دیـداری دەکـەن - وە دوام بکەون، جا خواش خۆشی دەوێن‌و لە تاوانەکانیشتان دەبووری...

بەڵـێ، ئەو کەسەی دەیەوێ لە خوا نـزیك بکەوێ‌و بە دیداری شادبێ، با خەت‌و شوێن پێی پێغەمبەر صلی الله علیـه وسلم بگـرێ‌و بـەری نـەدات، چونکە ئـەو زاتـە، ڕووحـم فیـدای بێـت، دەلیلێکـی کـارامەو شارەزایەو، چۆتە لای خوداو گەڕاویشتەوە: ﴿ سُبْحَٰنَ ٱلَّذِىٓ أَسْرَىٰ بِعَبْدِهِۦ ...﴿١﴾ ﴾ الإسراء.

کەواتـە: زۆر چـاك دەزانـێ بـە کوێمانـدا بـەرێ‌و، زۆربـاش دەتوانـێ ڕێگامان بۆ وەسف بکات‌و، سەر ڕاست‌و شارەزامان بکات‌و، مـسۆگەر هـەر کەسێك بەڕاستی دامێنی بگرێ‌و خۆی تەسلیم بکات، ڕێـی لـێ ون نابـێ‌و بە مەنزڵی دەگەیەنێ، خواش فەرموویـەتی: ﴿ لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِى رَسُولِ ٱللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ ... ﴿٢١﴾ ﴾ الأحزاب، واتـە: بێگومـان بـۆ ئێـوە لـە پێغەمبـەری خـوادا صلی الله علیه وسلم سەرمەشقی چـاك هـەیە.

کـەوابێ مسـوڵمانی شیـرین !

هەوڵ بـدە پێغەمبـەری پێشـەواو ڕەنـدو ئاکار پەسـندت: لـە خـواردن‌و خوردنەوەو، نووستنی‌و قسەکردنی‌و هەستانی‌و دانیـشتنی‌و ڕۆیـشتنی‌و چـاك‌و چـۆنیی‌و بـەرگ‌و پۆشـاکی‌و نوێــژکردنی‌و ڕۆژووگرتنـــی‌و جیهــادکردنی‌و تــووڕەبوونی‌و لێبــووردنی...هــتددا، چـۆن بـووە، تـۆش وابـــە، چونکـە بـارتـەقـای ئـەوەی، کـە وەك وی دەچـی، بـۆ لای وی

دەچی[1]!! بەڵێ: شوێن پێ هەڵگرتنی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم چاکترین و کاریگەرترین هۆی بەرەو خواچوون و لە خوا نزیکبوونەوەیە، هەر بۆیەش خوای میهرەبان لە فەرموودەیەکی قودسی دا فەرموویەتی: {مَنْ عَادَى لِيَ وَلِيّاً، فَقَدْ آذَنْتُهُ بِالْحَرْبِ، وَمَا تَقَرَّبَ إِلَيَّ عَبْدِي بِشَيْءٍ أَحَبَّ إِلَيَّ مِمَّا افْتَرَضْتُ عَلَيْهِ، وَمَا يَزَالُ عَبْدِي يَتَقَرَّبُ إِلَيَّ بِالنَّوَافِلِ حَتَّى أُحِبَّهُ، فَإِذَا أَحْبَبْتُهُ، كُنْتُ سَمْعَهُ الَّذِي يَسْمَعُ بِهِ، وَبَصَرَهُ الَّذِي يُبْصِرُ بِهِ، وَيَدَهُ الَّتِي يَبْطِشُ بِهَا، وَرِجْلَهُ الَّتِي يَمْشِي بِهَا وَإِنْ سَأَلَنِي أَعْطَيْتُهُ، وَلَئِنِ اسْتَعَاذَنِي لأُعِيذَنَّهُ}[2]، واتە: وە بەندەی من هیچ شتێك لە من وەنزیك ناكەوێ، كە خۆشەویستتربێ لەلام، لەوەی لەسەرم پێویست كردوە، وە بەندەی من بەردەوام بەهۆی سوننەتانەوە لێم نزیك دەبێتەوە، هەتا خۆشمدەوێ، جا ئەگەر خۆشمویست، دەبمە ئەو گوێیەی، كە پێی دەبیستێ‌و، ئەو چاوەی، كە پێی دەبینێ‌و، ئەو دەستەی، كە پێی دەگرێ‌و، ئەو لاقەی، كە پێی دەڕوات، وە ئەگەر داوای شتێكم لێ بكات دەیدەمێ، وە ئەگەر پەنام پێ بێنێ، پەنای دەدەم !!

لەم فەرموودە بەرزو پیرۆزە چەند شتێك وەردەگیرێن:

١- مرۆڤ لە هەموو شتێك زیاتر بە هۆی بەجێهێنانی فەرزەكانەوە، لە خوا نزیك دەبێتەوە، كەواتە پێویستە ئەوپەڕی گرنگیی‌و بایەخ بە بەجێهێنان‌و پاراستنی فەرزەكان بدات‌و، هەتا شتێكی فەرز لەوێ بێ، خۆی بە سوننەتانەوە خەریك نەكات.

---

١) چاكترین سەرچاوە، كە من لێی بەهرەمەند بووم، بۆ شارەزابوون بە خووو ڕەوشت‌و حاڵ‌و باڵ‌و وردو درشتی پێغەمبەری مەزن صلی الله علیه وسلم، كتێبی (الشفا)یە، كە (قاضي عیاض) نووسیویەتی‌و لە چوار بەرگان دایەو (مُلاّ علی قاري)و (خفاجي) شەرحیان كردوە.

٢) رَوَاهُ البُخَارِي برقم: (٦١٣٧).

٢- هەرکەسێك فەرزەکان بەتەواویی جێبەجێ بکات، دەم بۆ دەمێ پتر بەهۆی سوننەتانەوە لە خوا نزیك دەبێتەوەو دەیناسێ‌و پێی ئاشنا دەبێ، کەواتە شوێن پێ هەڵگرتنی پێغەمبەرمان صلی الله علیە وسلم، چاکترین هۆی خواناسین‌و بڕوا پتەو بوون‌و بەرەو خواچوونە.

٣- لە سۆنگەی ئەوەوە، کە (محمد) صلی الله علیە وسلم چاکترین‌و خۆشەویستترین بەندەی خوایە، مرۆڤ بەهۆی پابەندی موو بە موو بە سوننەتەکانییەوە، دەبێتە خۆشەویستی خواو، هەتا ڕاددەی پابەندییەکەی پتربێ، ئەندازەی خۆشەویستییەکەشی پتر دەبێ.

٤- کاتێك بەندە هێندە بە سوننەتەکانی پێغەمبەرەوە صلی الله علیە وسلم پابەند بوو، کە ببێتە خۆشەویستی خوا، وای لێدێ دەبێتە دۆست (وَلِيٌّ)ی خوداو، ئەو کاتەش چاوو گوێ‌و دەست‌و پێ‌و باقی ئەندامە پەنهان‌و ڕواڵەتییەکانی، بەس بە فەرمانی خواو بەپێی ڕەزامەندیی وی دەجووڵێن‌و، هەموو دەمێ لەخزمەت خوادا دەبێ، هەر کاتێکیش پەنای بۆ بەرێ، پەنای دەدات‌و دەیپارێزێ.

هەشتەم: حەوت (٧) هۆکاری مەیدانی کاری ئیسلامی:

مسوڵمانە بەڕێزو شیرینەکان!

خوا پشتیوان بێ لەم خاڵی هەشتەم‌و کۆتاییەشدا، حەوت دانە هۆکاری دیکەی گەورەو کاریگەری مەیدانی کارو چالاکی ئیسلامیی، دەخەینە ڕوو، کە بەڕاستی تاوو تەئسیرێکی یەکجار بەرچاویان هەیە لە صاڵحکردنی ئینسان‌و بەرەو خوا بردنیدا، بەڵام بەکورتی ئاماژەیان پێ دەکەین، چونکە

هەر کامێکیان هەڵدەگرێ، کە کتێبی تایبەتی لەسەر بنووسرێ‌و، لە شوێنی تەرخانکراوودا باس‌و خواسی لەسەر بکرێ:

١/ **بانگەواز (الدّعوة):** خوای پەروەردگار لەبارەی گەورەیی‌و بەرزیی خەڵك بانگ کردن بۆلای خواو، پایە بەرزیی بانگەوازکارانەوە فەرموویەتی: ﴿ وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ وَعَمِلَ صَٰلِحًا وَقَالَ إِنَّنِى مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴿٣٣﴾ ﴾ فصلت، واتە: جا کێ قسەی چاکترە لە هی کەسێك، کە (خەڵکی) بۆ لای خوا بانگەواز دەکات‌و، کردەوەی باش ئەنجام دەدات‌و، دەڵێ من لە مسوڵمانانم.

وە لەڕاستیدا ئەم کارە بەرزو پیرۆزەی بانگەوازکردن، دەبێتە مایەی زیاتر لەخۆ وریابوون‌و وردبوونەوەی ئینسان، نەبادا شتێك بە خەڵك بڵێ لە کردنی چاکەو وازلێهێنانی خراپە، کە خۆی بەپێچەوانەوە بێت‌و، ومبەر هەڕەشەی ﴿ ...لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ ﴿٢﴾ ﴾ الصف، بکەوێ‌و، لەجیاتی خێر پێ بڕان‌و قازانجکردن بەهۆی بانگەوازەکەیەوە، لە سۆنگەی قسەو کردەوە یەکنەبوونەوە، قەرزداربارییش ببێتەوە ! وەك خوای دادگەر فەرموویەتی: ﴿ كَبُرَ مَقْتًا عِندَ ٱللَّهِ أَن تَقُولُوا۟ مَا لَا تَفْعَلُونَ ﴿٣﴾ ﴾ الصف، گوتنی شتێك، کە ڕەفتاری لەگەڵ نەبێ، لەلای خوا گەورەترین تاوانە، کە مایەی تووڕەبوونی خوایە.

دیارە هەر بۆیەش، کە خوای کاربەجێ لە ئایەتی (٣٣)ی (فصلت)دا یەکسەر دوا بەدوای ڕستەی: ﴿ وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ... ﴾دا فەرموویەتی: ﴿ ...وَعَمِلَ صَٰلِحًا ... ﴾.

٢/ فێرکردن (التعليم): دیارە مەبەستمان لە فێرکردن ئەوەیە، کە ئینسان خەڵکی فێری هەر زانیارییەکی بەکەڵك و سوودبەخش بکات، کە بۆ دینداریی و دنیاداریان ئاتاجنی، بەتایبەت زانیارییەکانی شەرع (علوم الشرع).

ئاشکراشە، کە زانیاری فێری خەڵککردن و، بەرچاو ڕوونکردنەوەو شارەزاکردنیان یەکێکە لە چوار ئەرکە بنەڕەتیەکانی پێغەمبەرمان (محمد) صلى الله عليه وسلم، کە لەنێو ئوممەتیدا ئەنجامی داون، وەك پێشتر باسمان کرد: ﴿...يَتْلُوا۟ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ ...﴾ (٢) الجمعة، پێغەمبەری پایەبەرزیشمان صلى الله عليه وسلم لەبارەی پلەی بەرزیی زانایان و زانست فێری خەڵکی کەرانەوە، فەرمایشتی زۆرن، بۆ وێنە: {مَنْ دَعَا إِلَى هُدىً كَانَ لَهُ مِنَ الأَجرِ مِثْلُ أُجُورِ مَنْ تَبِعَهُ لاَ يَنْقُصُ ذَلِكَ مِنْ أُجُورِهِمْ شَيئاً}(١)، واتە: هەرکەسێك خەڵکی بەرەو هیدایەت بانگ بکات، بەئەندازەی پاداشتی هەموو ئەوانەی، کە شوێنی کەوتوون، پاداشتی هەیەو، هیچ لەپاداشتی ئەوانیش کەم ناکاتەوە.

هەروەها فەرموویەتی: {فَضْلُ العَالِمِ عَلَى العَابِدِ كَفَضْلِي عَلَى أدْنَاكُمْ.. إنَّ اللهَ وَمَلاَئِكَتَهُ وَأهْلَ السَّمَاوَاتِ وَالأرْضِ، حَتَّى النَّمْلَةَ فِي جُحْرِهَا، وَحَتَّى الْحُوتَ لَيُصَلُّونَ عَلَى مُعَلِّمِي النَّاسِ الخَيْرَ}(٢)، واتە: پایەی

---

١) رَوَاهُ مُسْلِمٌ برقم: (٢٦٧٤)، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٤٦٠٩)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٢٦٧٤)، وَقَالَ: حَسَنٌ صَحِيحٌ، وَابْنُ مَاجَه، برقم: (٢٠٦)، وَابْنُ حِبَّانَ، برقم: (١١٢)، وَالدَّارِمِيُّ، برقم: (٥١٣) عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ.

٢) رَوَاهُ التِّرمِذِيُّ برقم: (٢٦٨٥) وَقَالَ: حَدِيثٌ حَسَنٌ، وَصَحَّحَهُ الألباني.

زانا، بەسەر خواپەرستی بێ زانیاریدا، وەك پایەی من وایە بەسەر کەم پایەترینتانـدا... بێگومـان خـواو فریـشتەکانی‌و خـەڵکی ئاسـمانەکان‌و زەویش، تەنانـەت مێرووله لـه کونەکەیداو، هەتا نەهەنگیش، صەڵەوات لەسەر ئەوانە دەدەن، کە چاکە فێری خەڵکی دەکەن.

ئنجـا زانیـاری‌و چـاکە فێـری خـەڵك کـردن‌و ڕێرووونـی کردنیـان‌و پەروەردەکردن‌و دەست گرتنیـان بـەرەو هیدایـەت، کە هۆکارێکی یەکجار کاریگـەرە بـۆ تەزکیـەبوونی ئینـسان‌و، لـە خـوا نزیکـبوونەوەی پێـچەوانەکەشی، کـە شـاردنەوەی هـەق‌و زانیارییـە لـە خـەڵك‌و، سـەر لێشێواندنیانە، بـە بـەراوەژووە، وە خراپـەو تـاوانێکی یەکجـار بێـڕەزاو فەوتێنەرەو، خاوەنەکەی لە دەریای تووڕەیی‌و خەشم‌و قینی خوادا نـوقم دەکات، خوا پەنامان بدات، وەك خـوای دادگـەرو تۆڵـەستێن فەرموویـەتی:

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَآ أَنزَلْنَا مِنَ ٱلْبَيِّنَـٰتِ وَٱلْهُدَىٰ مِنۢ بَعْدِ مَا بَيَّنَّـٰهُ لِلنَّاسِ فِى ٱلْكِتَـٰبِ ۙ أُو۟لَـٰٓئِكَ يَلْعَنُهُمُ ٱللَّهُ وَيَلْعَنُهُمُ ٱللَّـٰعِنُونَ ﴿١٥٩﴾ ﴾ البقـــرة، واتـــە: بێگومـان کەسـانێك، کـە ئـەوەی لـە بەڵـگە ئاشـکرایەکان‌و هیدایـەت ناردوومانەتـە خـوارێ، دوای ئـەوەی بـۆ خەڵـکی ڕوونمـان کردۆتـەوە، دەشـارنەوە، ئەوانـە خـوا نـەفرینیان لـێ دەکـات‌و، هەرچـی لەعنەتکـەرە لەعنـەتیـان لـێ دەکـات.

٣/ دڵـسۆزیـی (النّـصيحة): ساغیی‌و دڵـسۆزیی لەگـەڵ خەڵـکی، بەتایبـەت لەگـەڵ مسوڵمانانـداو، نەبوونی کینەو غـەرەزو حەسـەدو ناپاکیی‌و فێڵ‌و فەرەج لەگەڵیان، یەکی دیکەیە لەو شتانەی، کە توێشووی ڕێگای صالح بوون‌و بەرەو خوا چوون پێکدێنن، ساغ‌و ڕاستـبوون‌و دڵـسۆزو بەپـەرۆش بـوونیش بـۆ خەڵـکی، یەکێکـە لـە خەسـڵەتە بـەرزو بەرجەسـتەکانی پێغەمبەرانی هەڵبـژاردەی خـوا (عَلَيهم افضل الصلاة واتم التسليمات)

Scanned by CamScanner

ئەوەتــا هــەر کــام لــە: (نــوح، هــود، صــالح، شـعيب) علـيهم السـلام لـە ئایەتەکانی ژمارە (٦٢، ٦٨، ٧٩، ٩٣)ی سووڕەتی (الأعراف)دا، بە (ناصح)و خاوەن (نُصح) خۆیان بە گەل و کۆمەڵەکەیان ناسـاندوە:

پێغەمبـەری کۆتـایی پێغەمبـەرانیش صـلی الله علیـە وسـلم، سـەرتاپای ئایینی خوا لـە (نصیحة)دا کـورت دەکاتـەوە، وەك فەرموویـەتی: {الـدِّينُ النَّصِيحَةُ، قُلْـنَا: لِـمَنْ ؟ قَـالَ: لِلَّهِ، وَلِكِتَـابِهِ، وَلِرَسُـولِهِ، وَلأَئِمَّــةِ الْمُسْـلِمِينَ، وَعَامَّتِهِمْ}، واتـە: ئـایین (مەبەسـت دینداریی و بەڕێوەبردنی ئیـسلامە، کـە تـاکە ئـایینی دانـپێداهێنراوی خوایە لـەم ڕۆژگـارەدا)، ساغیی و دڵـسۆزیی یـە[1] گوتمــان: بــۆ کــێ؟! فــەرمووی: بــۆ خــواو، بــۆ کــتێبەکەی و، بــۆ پێغەمبەرەکەیی و، بۆ پێشەوایانی مسوڵمـانـان و تێکـڕایان[2].

شـایانی باسیـشە، کـە دڵـسۆزیی و پـەرۆش و چـاکیی و سـاغیی لەگـەڵ خەڵکیدا، بەرهـەمی ڕاستەوخۆی لەگـەڵ خـوادا، ڕاسـتبوونە، وەك خـوای پــەنهان بــین فەرموویــەتی: ﴿... فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَصْلِحُوا ذَاتَ بَيْنِكُمْ ...﴾ (١) الأنفال، واتـە: جـا پارێزکـاریی لەگـەڵ خـوا بکـەن و نێوانی خۆتـان چـاك بکـەن.

(عبدالقـادر)ی گـەیلانییش گوتوویـەتی: {دینداری لە دوو شتاندا کورت دەبێتـەوە: (صِدقٌ مـع الحـقِّ و خُلُـقٌ مـع الخَلْـقِ) ڕاسـتیی لەگـەڵ خـواو چاکیی لەگەڵ خەڵـك}.

---

١) وشەی (النصیحة) بە پێچەوانەی حـاڵیبوونی زۆر کەسەوە، بە مانای ئامۆژگـاریی (موعظـة) نیـە، چونکە ئامۆژگاریی خـواو کتێبەکەی و پێغەمبەرەکەی ناکرێ، بـەڵکو وەك نووسیومانە بـە مانـای (دڵـسۆزی) یان (ساغیی) دێت.

٢) رَوَاهُ مُسْلِمٌ برقم: (٢٠٥) عَنْ تَمِيمٍ الدَّارِيِّ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ.

٤/ دۆستایەتی و دوژمنایەتی لە پێناو خوادا (الموالاة والمعاداة في الله):

ئەمیش یەکی دیکەیە لەو شتانەی، کە توێشووی سەفەری بەرەو خوا چوون پێکدێنن‌و، ئینسان صالح دەکەن‌و بەرەو هەواری خوا بەیەکگرتن‌و بەندایەتیی بۆ خوا کردنی تێرو تەواوی دێنن، وە لە ڕاستیدا ئەم خەسڵەتە بە سەنگی مەحەکی دینداریی‌و مسوڵمانەتیی دادەنرێ‌و، بەبێ ئەم، مەحاڵە تەزکیەی نەفسی سەربگرێ‌و، درەختی لەگەڵ خۆدا تێکۆشان (مجاهدة النفس) بەربگرێ، چونکە قەت ناگونجێ ئینسان بەڕاستی خواو پێغەمبەرەکەی لە هەموو کەس‌و هەموو شتێك خۆشتر بوێن، کەچی دۆست‌و خۆشەویستەکانی ئەوانی لەلا بەڕێزو خۆشەویست نەبێ‌و، لەسەریان نەکاتەوەو پشتیان نەگرێ‌و، ڕقی لە دوژمن‌و ناحەزەکانیشیان نەبێ‌و بەربەرەکانێتی‌و دژایەتیی یان نەکات.

خوای زانا لەوبارەیەوە فەرموویەتی: ﴿ لُعِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنۢ
بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ عَلَىٰ لِسَانِ دَاوُۥدَ وَعِيسَى ٱبْنِ مَرْيَمَ ۚ ذَٰلِكَ بِمَا عَصَوا۟
وَّكَانُوا۟ يَعْتَدُونَ ﴿٧٨﴾ كَانُوا۟ لَا يَتَنَاهَوْنَ عَن مُّنكَرٍ فَعَلُوهُ ۚ
لَبِئْسَ مَا كَانُوا۟ يَفْعَلُونَ ﴿٧٩﴾ تَرَىٰ كَثِيرًا مِّنْهُمْ يَتَوَلَّوْنَ
ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ۚ لَبِئْسَ مَا قَدَّمَتْ لَهُمْ أَنفُسُهُمْ أَن سَخِطَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمْ وَفِى
ٱلْعَذَابِ هُمْ خَٰلِدُونَ ﴿٨٠﴾ وَلَوْ كَانُوا۟ يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلنَّبِىِّ وَمَآ
أُنزِلَ إِلَيْهِ مَا ٱتَّخَذُوهُمْ أَوْلِيَآءَ وَلَٰكِنَّ كَثِيرًا مِّنْهُمْ فَٰسِقُونَ
﴿٨١﴾ ﴾ المائدة، واتە: ئەوانەی کافر بوون لە بەنی ئیسرائیل، لەسەر زمانی داوودو عیسای کوڕی مەریەم لەعنەتیان لێکرا، ئەوەش لە

Scanned by CamScanner

سۆنگەی سەرپێچیی کردنیان و دەستدرێژیی کردنیانەوە، ئەوان دەستیان لە خراپەیەك، کە دەیانکرد هەڵنەدەگرت، ئەوەش خراپترین شت بوو، کە دەیانکرد. زۆریان دەبینی دۆستایەتیی ئەوانەی کافرن دەکەن! خراپترین شتێك کە نەفسیان بۆیان پێش دەخات ئەوەیە، کە خوا لێیان تووڕەیەو لە ئازاریشدا دەمێننەوە، خۆ ئەگەر هاتباو ئیمانیان بە خواو پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم و ئەوەی بۆی نێرراوەتە خوار ببووایە، ئەوان ئەو (کافرانە)یان بەدۆست نەدەگرتن !، بەڵام زۆرێکیان لە ڕێ دەرچوونە.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿ قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِيٓ إِبْرَٰهِيمَ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ إِذْ قَالُوا۟ لِقَوْمِهِمْ إِنَّا بُرَءَٰٓؤُا۟ مِنكُمْ وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ كَفَرْنَا بِكُمْ وَبَدَا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ ٱلْعَدَٰوَةُ وَٱلْبَغْضَآءُ أَبَدًا حَتَّىٰ تُؤْمِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَحْدَهُۥٓ ....(٤) ﴾ الممتحنة، واتە: بەڕاستی سەرمەشقییەکی چاك بۆ ئێوە لە ئیبراهیم و ئەوانەی لەگەڵی بوون، هەیە، کاتێك بە گەلەکانیان گوت: ئێمە دوور (بريء)ین لە خۆتان و لەو شتانەی، کە جگە لە خوا دەیانپەرستن، بڕوامان پێتان نیەو، دوژمنایەتیی و کینەیەکی یەکجارەکی لە نێوانماندا ئاشکرا بووە، هەتا تەنیا بڕوا بەخوا دێنن (کە تاکە پەرستراوتانە).

پێغەمبەریش صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: {أَوْثَقُ عُرَى الإِسْلامِ: الْحُبُّ فِي اللهِ وَالْبُغْضُ فِي اللهِ}[1]، واتە: قایمترین قوڵفەی ئیسلامیەتیی: لەبەر خوا (خەڵکی دیندارو چاك) خۆشویستن و لەپێناوی خوادا (خەڵکی بێ دین و خراپ) بوغزاندنە.

---

١) رَوَاهُ أَحْمَد برقم: (١٨٥٤٧)، وَالْبَيْهَقِي فـي (شعب الإيمان)، برقم: (١٣)، وغيرهم عَنِ الْبَرَاءِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، وَهُوَ حَسَنٌ بِمَجْمُوعِ طُرُقِهِ، وَحَسَّنَهُ الألباني فـي (صحيح الجامع) برقم: (٢٠٠٩).

Scanned by CamScanner

هەروەها فەرموویەتی: {الرَّجلُ عَلَى دِينِ خَلِيلِهِ، فَلْيَنْظُرْ أَحَدُكُمْ مَنْ يُخَالِلُ}[1]، واتە: ئینسان لەسەر ئایینی دۆستەکەیەتی، جا با هەر کامێکتان سەرنج بدا، داخۆ لەگەڵ کێ تێکەڵ دەبێ و دەیکاتە دۆست!

٥/ **فەرمان بە چاکە کردن و ڕێ لە خراپە گرتن**: ئەمیش، کە یەکێکە لە نیشانەو درووشمە سەرەکییەکانی و مەزنەکانی ئوممەتی پێغەمبەری کۆتایی صلى الله عليه وسلم، لە چەندان جێگای قورئانێدا باسی پلەو پایەی بەرزیی کراوە، هۆکارو فاکتەرێکی دیکەی یەکجار کاریگەری تەزکیەبوونی ئینسان و کامڵبوونی ئیمان و، تۆکمەو توندو تۆڵبوونی کۆمەڵگای مسوڵمان و بێزارکردنی چین و توێژەکانی و پێکەوە جۆشاندنی ڕیزەکانیەتی، خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ ۚ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴿١٠٤﴾﴾ آل عمران، واتە: وە با کۆمەڵێکتان هەبێ (یان کۆمەڵێك بن) بانگەواز بۆ چاکە بکەن و، فەرمان بە هەر شتێکی پەسەندو، ڕێگریی لە هەرشتێکی ناپەسند بکەن، وە هەر ئەوانیش سەرفرازن.

پێغەمبەری پێشەوامان فەرموویەتی صلى الله عليه وسلم: {كَلَّا، وَاللهِ لَتَأْمُرُنَّ بِالمَعْرُوفِ، وَلَتَنْهَوُنَّ عَنِ المُنْكَرِ، وَلَتَأْخُذُنَّ عَلَى يَدِ الظَّالِمِ، وَلَتَأْطِرُنَّهُ عَلَى الحَقِّ أَطْراً}[2]، واتە: نەخێر بەخوا دەبێ فەرمان بە

---

١) أخرجَهُ أبو دَاوُدَ برقم: (٤٨٣٣)، وَالتِّرمِذِيُّ، برقم: (٢٣٧٨)، وَقَالَ: حَسَنٌ غَرِيبٌ، وَالبَيْهَقِيُّ في (شعب الإيمَان)، برقم: (٩٤٣٦) عَنْ أبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللّهُ عَنْهُ.

٢) أخرجَهُ أبو دَاوُدَ، برقم: (٤٣٣٦)، وَابْنُ مَاجَهْ، برقم: (٤٠٠٦)، وَالتِّرمِذِيُّ، برقم: (٣٠٤٧) وَقَالَ: حَدِيثٌ حَسَنٌ غَرِيبٌ عَلَى انَّ سَند الحَدِيث مُنْقَطِعٌ، هَذَا لَفظ أبِي دَاوُد، وَضَعَّفَهُ الالباني في (السلسلة الضعيفة)، برقم: (١١٠٥).

Scanned by CamScanner

چاکـە بکـەن و قەدەغـەی خراپـە بکـەن، دەسـتی سـتەمـکار بگـرن، وە بیگێڕنـەوە سـەر هـەقێ بە گێڕانەوەیەکی چـاك.

دیارە هەویری توێژینـەوەی: (فـەرمان بـە چاکەکـردن و ڕێ لـە خراپـە گـرتن) ئـاوی زۆری دەوێ و پێویـستی بـە شوێنێـکی تەرخـان و تایبـەت هەیـە[1].

٦/ **کـۆچ کـردن (الـهجـرة):** لـە پێنـاوی خوادا بەجێهێشتنی ماڵ و حاڵ و، دوورکەوتنەوە لە نیشتمان و خـزم و ئاشنایان، کـە یەکێکـە لـە بنـەماکانی ڕێبازو ڕێوشـوێنی پێغەمبـەران (علـیهم الـصلاة والـسلام)، بەمەرجێـك هـەلومەرجـە شـەرعییەکـانی تێـدا ڕەچـاو بکـرێن، دەرسـێکی گـەورەو گرنگی دینداریی و، فاکتەرو هۆیـەکی بەرهـەمـداری نـەفس پاکـبوونەوەو لـە خـوا نزیکـبوونەوەی ئینـسـانە، خـوای پەروەردگـار فەرموویـەتی:

﴿وَمَن يُهَاجِرْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ يَجِدْ فِي ٱلْأَرْضِ مُرَٰغَمًا كَثِيرًا وَسَعَةً ۚ وَمَن يَخْرُجْ مِنۢ بَيْتِهِۦ مُهَاجِرًا إِلَى ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ثُمَّ يُدْرِكْهُ ٱلْمَوْتُ فَقَدْ وَقَعَ أَجْرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿١٠٠﴾﴾ النـساء، واتـە: وە هـەر کەسـێك لـە ڕێـی خـوادا

---

١) هـەم باسی نـاوبراوو هـەم مەسـەلەی (دۆسـتایەتیی و دوژمنایـەتیی) و (بانگـەواز) و سـەرجەم ئـەم بابەتانەی پەیوەستن بە کارو چالاکی ئیسلامییەوە، خـوا یـاربێ لـە دوو توێـی کـتێبێـکدا کـە لەبارەی {کاری ئیسلامیی و سیاسەتی شەرعیی} یەوە لەبەردەست دایە، دەخرێتـە ڕوو - إن شـاء الله تعالـى -.

ئێسـتاش (٢٣/٢٤-١-٢٠١٢) ز دەڵـێم:

ستایش بۆ خوا کە سـەرجەم ئەو بابەتـانەو هـی دیکـەش لە کـتێبی: (ڕوونکردنـەوەی: بنـەما شـەرعییەکان و هێڵـە گـشتییەکانی کۆمەڵـی ئیـسلامیی)دا، خرانـە ڕوو، هەروەهـا کتێبـی: (چەنـد بابەتێکـی سیاسـی هاوچـەرخ لەبـەر تیشکی عەقـڵ و وەحـی دا)، دیـسـان چەنـد مەسـەلەیەکی گرنگـی ئەو بـوارەی گرتوونە خۆی.

Scanned by CamScanner

کۆچ بکات، ئـەوە لـە زەویـدا هۆکارەکـانی لـووت شکـاندنی (ناحـەزان)و فراوانی (جێگـاو ڕێگـاو بـژێوی) دەسـتگـیـر دەبـێ، وە هـەر کەسـێك بـە کۆچکردوویی بەرەو لای خواو پێغەمبەرەکەی لە ماڵەکەی بچێتـە دەرێ، پاشـان مردنـی بگـاتـه سـەرێ، ئـەوە بێگـومان پاداشـتی لەسـەر خوایـەو، خواش لـێبـوردەی بە بەزەیی یە.

بـەڵام مەسـەلەیەکی یەکجـار گـرنگ هـەیە، لـەمەڕ کۆچـکردن و ئاوارەیی یەوە لەپێناوی خوادا، نـابێ فەرامۆش بکرێ، ئەویش ئەوەیە کە:

نـابێ کۆچـکردن پاسـاو (مبـرر)و پـەردەیەك بێ و ڕاکـردن و هـەڵاتنی لـەژێردا شـێرڕابێتەوە، چـونکە هـەموو لـە مـاڵ دەرچـوون و نیـشـتمان بەجێهێشتنێك، مەرج نیه بە کـۆچ (هجرة) لـەقەڵەم بـدرێ.

سـەرنج بدە چۆن خوای زانـای ئاشکراو پەنهان، مـاڵ و حـاڵ و نیشتمان بەجێهێـشتنی کۆمەڵـێکی بـە هـەڵاتن و ڕەفتـارێکی ترسـنۆکانە دانـاوەو فەرموویـەتی: ﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ خَرَجُوا مِن دِيَارِهِمْ وَهُمْ أُلُوفٌ حَذَرَ الْمَوْتِ فَقَالَ لَهُمُ اللَّهُ مُوتُوا ...﴿٢٤٣﴾ ﴾ البقـرة، وە مەگـەر چۆن، دەنـا خـوای کـاربەجێ، کۆچـکردن و جیهادکردنی هـەر پێکـەوە باسـکردوون، کەواتـە دەبێ کۆچکردن، جـەنگ و جیهـادی بـەدوادا بێت و، بـەدوای یەکـدا هاتنـی کۆچ و جـەنگ (الهجرة والجهاد)یـش چاکتـرین بەڵگەو نیـشانەیە لەسـەر ئەوە، کـە مـاڵ و حـاڵ بەجێهێـشـتنەکە، هـەڵاتـن و خۆشـاردنەوەو خـۆ قوتـارکردن نیـه.

خـوای بـەرزو مـەزن فەرموویـەتی: ﴿ إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَاجَرُوا وَجَاهَدُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أُولَٰئِكَ يَرْجُونَ رَحْمَتَ اللَّهِ ۚ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٢١٨﴾ ﴾ البقـرة، واتـە: بێگـومان کەسـانێك، کـە ئیمانیـان هێنـاوەو،

Scanned by CamScanner

ئەوانەی کە لەڕێی خوادا کۆچیان کردوەو جیهادیان کردوە، ئەوانە بە ئومێدی بەزەیی خوان‌و، خواش لێبوردەی بە بەزەیی یە.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿ ثُمَّ إِنَّ رَبَّكَ لِلَّذِينَ هَاجَرُوا۟ مِنۢ بَعْدِ مَا فُتِنُوا۟ ثُمَّ جَٰهَدُوا۟ وَصَبَرُوٓا۟ إِنَّ رَبَّكَ مِنۢ بَعْدِهَا لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١١٠﴾ ﴾ النحل، واتە: پاشان بێگومان پەروەردگارت بۆ کەسانێك، کە پاش ئازاردان‌و نارەحەتکران، کۆچیان کردوە، دوایی جەنگاون‌و خۆڕاگر بوون، مسۆگەر پەروەردگارت پاش ئەم شتانە (لەگەڵیان) لێبوردەی بە بەزەیی یە.

٧/ **جەنگ کردن (الجهاد)**: ئەمیش، کە قۆناغی کۆتایی کارو چالاکی حاڵەتی پێش دەوڵەتی کۆمەڵی مسوڵمانەو، لوتکەی هەرە بەرزی ئیسلامەتیی یە، گەورەترین‌و کاریگەرترین[1] هۆکارو فاکتەری تەزکیەی نەفس‌و پەروەردەو پاڵاوتنی کۆمەڵ‌و کۆمەڵگای مسوڵمانیشە.

بەڵێ لەڕاستیدا جەنگ‌و جیهادکردن لەپێناوی خوادا، کوورەیەکی هێندە بەتینە، هەرچی ژەنگ‌و ژارە لە دڵ‌و دەروونی ئینساندا لای دەبات‌و، بۆتەیەکە، بە شێوەیەك کۆڕو کۆمەڵی مسوڵمان قاڵ دەکاتەوەو لە مەحەك دەدات، کە هەرچی خەڵکی دڵ نەخۆش‌و ئیمان لاوازو دەغەڵ‌و بۆخەڵ لەنێو ڕیزەکانیاندا هەیە، کەشفیان دەکات‌و پەردەیان لەسەر هەڵدەماڵی‌و ئابڕوویان دەبات.

---

١) مەبەست لەو هۆکارو فاکتەرانەیە، کە بە کۆمەڵ دێنە دی، چونکە زانایان نوێژ بە گەورەترین خواپەرستی شەخصی‌و تایبەتی‌و، جیهادیش بە مەزنترین جۆرە خواپەرستیی گشتی‌و بە کۆمەڵ دادەنێن.

هەر بۆیەش یەکێك لە ناوەکانی سووڕەتی (التوبة)، کە باسی کارەسات و ڕووداوەکانی جەنگی (تبوك) دەکات، بریتیە لە (الفاضحة) ڕیسواکەر.

ئنجا ئەهلی عیرفان و تەزکیە، تێکڕا لەسەر ئەوە یەك دەنگن، کە بابای ڕێبوار (سالك)ی ڕێی بەرەو خوا چوون (طريق السَّير إلى الله)، هەتا دوارۆژ و بەهەشت بەسەر ژیانی دنیادا هەڵنەبژێرێ و، ژیانی پێنج و دووڕۆژەی دنیا بەکەم نەگرێ، لە بواری تەزکیەی نەفسدا هیچی بۆ بە هیچ ناکرێ و، داری پێ لەسەر بەرد دانانرێ، دەجا خوای پەنهان زانیش بە ڕاشکاویی ڕایگەیاندوە، کە هەموو ئەوانەی ئامادەیی جەنگ و جیهادیان نیە لەڕێی خوادا، لەبەر ئەوەیە، کە ژیان و گوزەرانی کەم و کورت و کەم بایەخی دنیایان پێ چاکترەو، بەسەر بەهەشتی ڕازاوەو نەبڕاوەدا هەڵیانبژاردوە، وەك فەرموویەتی:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَا لَكُمۡ إِذَا قِيلَ لَكُمُ ٱنفِرُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱثَّاقَلۡتُمۡ إِلَى ٱلۡأَرۡضِۚ أَرَضِيتُم بِٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا مِنَ ٱلۡأٓخِرَةِۚ فَمَا مَتَٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا فِي ٱلۡأٓخِرَةِ إِلَّا قَلِيلٌ ٣٨ ﴾ التوبة، واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە ! ئەوە بۆچی کاتێك پێتان دەگوترێ لەڕێی خوادا بجەنگن خۆتانتان بە زەوییەوە چەسپاند ! ئایا ژیانی دونیاتان پێ باشترە لە هی دوارۆژ؟ جا بێگومان ژیانی دنیا لەچاو هی دوارۆژ بەس شتێکی کەمە.

کەواتە:

با ئەوانەی بەناوی طەریقەت و عیرفانەوە، واگومان دەبەن، کە جەنگ و جیهادو چەك هەڵگرتن و خۆ بەکوشتدان و خەڵك کوشتن

Scanned by CamScanner

پێچەوانەی تەزکیەی نەفس و صاڵح بوون و بەرەو خوا چوونە !!
ئاگادار بن، کە زۆر خراپ بەهەڵەداچوون و ڕاست بە پێچەوانەوە،
هۆکارێکی یەکجار گەورەو کاریگەری تەزکیە، جەنگ و جیهادەو لە
گەرمەی جیهاددا مسوڵمانان پاڵاوتە دەبن: ﴿وَلِيُمَحِّصَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟
... ﴿١٤١﴾﴾ آل عمران، تەنیا کەسانێکیش دەتوانن لەڕێی خوادا
بجەنگن و بکوژرێن، کە بەڕاستی بۆ خوا ساغ و یەکلابووبنەوە، بەشی
دنیاو شەیطانیان پێوە نەمابێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ ٱشْتَرَىٰ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ
أَنفُسَهُمْ وَأَمْوَٰلَهُم بِأَنَّ لَهُمُ ٱلْجَنَّةَ ۚ يُقَٰتِلُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ فَيَقْتُلُونَ
وَيُقْتَلُونَ ... ﴿١١١﴾﴾ التوبة، واتە: بێگومان خوا گیان و سامانی لە
بڕواداران کڕیوە، کە بەهەشتیان هەبێ، لەڕێی خوادا دەجەنگن و
دەکوژن و دەشکوژرێن...

جا خوێنەری سەنگین و شیرین !

ئێستاکە ستایش بۆ خوای خاوەن هەموو چاکەو نیعمەتێك، لە هەشت
خاڵدا، سەرجەم پەنجاو دوو (٥٢) هۆکارو وەسیلەی پێ صاڵح بوونی
ئینسان و، بەرەو خواچوونمان نووسی، کۆتایی بەم بەشی سێیەمەی ئەم
کتێبە دێنین، کە پێم وایە وەك چۆن لە ڕووی قەبارەوە گەورەترین
بەشە، لە ڕووی نێوەڕۆکیشەوە گرنگترینیانە.

بەڵام بە پێویستی دەزانم لە کۆتایی ئەم بەشەدا، ئەم حەوت
ئاگاداریی و ڕوونکردنەوەیەش بە کورتیی و گوشراوی بخەمە ڕوو، کە
کەمەو زۆر پەیوەستن بە هۆکارەکان و چۆنیەتی نەفس تەزکیەبوون و
بەرەو خوا چوونەوە:

Scanned by CamScanner

چەند ئاگاداریی و ڕوونکردنەوەیەکی گرنگ

یەکەم: زانایانی پسپۆر لە تەزکیەی نەفس دا – بەتایبەت ئیمام موحەممەدی غەزالی، خوا لێی خۆشبێ – گوتوویانە:

چوار وشە هەن لە قورئانێ، کە ناون بۆ یەك حەقیقەت، ئەویش ئەو جەوهەرە مەعنەویی و نابەرهەست و نامادديی یەیە، کە کاکڵ و نێوەڕۆکی ئینسانی تێدا شێردراوەتەوەو، جەستە لەچاو وی وەك پۆشاك و توێکڵ و دیکۆر وایە، بەڵام هەرکام لەو چوار وشانە، وەسفی لایەنێکی ئەو حەقیقەتە دەکەن، ئەوانیش ئەمانەن:

١/ (رُوح) گیان.

٢/ (قَلْب) دڵ.

٣/ (نَفْس) دەروون.

٤/ (عَقْل، فُؤاد) عەقل.

جا هەرچی وشەی (رُوح)ە، ئەوە ناوی تایبەتی و (عَلَمْ)ی ئەو حەقیقەتە مەعنەویی یەیە، هەربۆیەش وەك نهێنییەکی نەزانراو وەسف کراوە: ﴿ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلرُّوحِۖ قُلِ ٱلرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي وَمَآ أُوتِيتُم مِّنَ ٱلْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا ﴿٨٥﴾ ﴾ الإسراء، وشەی (قَلْب)یش تەعبیر لە لایەنی (هەست و سۆز و ویستن و نەویستن)ی گیان دەکات و، ئەو دڵە مەعنەویی یەش، کەم و زۆر، پەیوەندی بە سینەو دڵی گۆشتینەوە هەیە، بەڵام نازانین چۆن؟، وشەی (نَفْس)یش وەسفی ڕووحە لەو ڕووە، کە

پەیوەندیی بەجەستەو داخوازیی و غەریزە سروشتییەکانی یەوە هەیە، وشەی (عَقْل، فُؤاد)یش تەعبیر لە حاڵەتی بیرکردنەوەو خەیاڵ و خولیاکانی ڕووح دەکات، شایانی باسیشە، کە ڕووح بەبێ جەستەش دەگونجێ هەبێ، بەڵام نەفس و دڵ و عەقل پەکیان لەسەر هەبوونی جەستە کەوتوە، واتە (گیان) بوونێکی سەربەخۆ (مستقل)ی دەگونجێ هەبێ، بەڵام سێیەکەی دیکە وانین.

دووەم: دڵی ساغ (قلب سليم) تاکە دەست مایەیە، کە لە ڕۆژی دواییدا فریای ئینسان دەکەوێ و دەبێتە هۆی لە دۆزەخ قوتاربوونی و بە بەهەشت شادبوونی، وەك خوای کاربەجێ فەرموویەتی: ﴿يَوْمَ لَا يَنفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ ﴿٨٨﴾ إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ ﴿٨٩﴾﴾ الشعراء. جا بێگومان دڵی ساغ، نیشانەی زۆرن، کەواتە بۆ ئەوەی هەرکامێکیان، تاڕادەیەك ئاگاداری ساغیی و نەساغیی دڵمان بین، با چەند دروشم و نیشانەیەکی دڵی ساغ بخەینە ڕوو، ئەگەرچی بەکورتیش بێ:

١- لە دڵدا چەسپان و دەمەزرانی خوا بەیەك گرتن (التوحيد)، کە بە تاك و پاك و بێ وێنە دانانی خوایە، بە دڵ و دەروون و بە زمان و بە کردەوە لە پەروەردگارێتی (الربوبية) و پەرستراوێتی (الألوهية) و ناوو سیفەتەکانیداو، خۆ بە دوور گرتنە، لە هەموو جۆرو شێوەکانی کوفرو شیرك و نیفاق و سەرپێچیی.

٢- تام و چێژ وەرگرتن لە نوێژو ڕۆژوو زیکرو قورئان خوێندن و پاڕانەوەو...هتد.

٣- هەستکردن بە تاڵیی و ناخۆشیی هەر گوناح و خراپەیەك، هەرچەندە کچکەش بێ.

Scanned by CamScanner

٤- نیشانەیەکی دیکەی دڵی ساغ ئەوەیە، کە ئینسان بەگشتی تەنیایی پێ خۆشتر بێت لە تێکەڵبوونی خەڵك، مەگەر لە کاتی ئەنجامدانی ئەو ئەرك و کارە خێرانەدا، کە پەکیان لەسەر تێکەڵبوونی خەڵکی کەوتوە، وەك: بانگەواز، فەرمان بە چاکەکردن و نەهی لە خراپەکردن، جیهاد.

٥- پاکی دڵ لە بوغزو غەرەزو ئێرەیی (حسد)و، بە سووك سەیرکردنی خەڵکی.

٦- بەزەیی و پەرۆش و دڵ پێ سووتان، سەبارەت بەو کەسانەی، کە ئازاری دەدەن و خراپەی لەگەڵدا دەکەن، هەروا دوعا بۆ کردنیان و، داوای شیفاو چاکبوونەوە بۆ لە خوا کردنیان.

٧- خۆشویستن و دۆستایەتییکردنی بڕواداران و بوغزاندن و دوژمنایەتیکردنی بێ بڕوایان، کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بە (أَوْثَقُ عُرَى الإِيمَان)ی لەقەڵەم داوە.

ئەمانە حەوت نیشانەو بەڵگەی بنچینەیی و بەرچاوی دڵی ساغ و سەلیمن، خوا بەقسمەتمان بکات و لە فەیزو بەخششی خۆی بۆمان زیاد بکات.

سێیەم: ئینسان ئەگەر بیەوێ بەرەو خواناسین و بە دیدار شادبوونی خوا (لقاء الله) ڕێ بگرێتە بەر، نابێ جگە لە ناسینی خواو، پەیبردن بە سیفەتە بەرزو پەسندەکانی و، لێ نزیکبوونەوەی و ئەو شتانەی، کە پاشکۆی ئەوانەن، وەك چوونە بەهەشت و، چەپاڵە دران لە دۆزەخ، هیچ نیازو مەبەستێکی دیکەی هەبێت، تەنانەت نابێ مەبەستی لەو بەرەو خوا چوونە (بووژاندنەوەی ئیسلام)یش بێت [1] چونکە نەفس و شەیتان

---

١) دیارە مەبەست ئەوە نیە کە مسوڵمان خەم لە ئاین و بەرنامەی خوا، چەسپاندنی لە ژیان و گوزەرانی کۆمەڵگادا نەخوات، بەڵکو مەبەست ئەوەیە، کە نابێ ئەو مەسەلەیە بێتە هاندەرو

لە پەنـای ئـەم جۆرە مەبەسـتو ئامانجە بـەرزو پاکانـەدا، گـەراو تـوخمی دەیـان جۆرە نەخۆشی پیسو کوشـندە دادەنێن.

چـوارەم: بـۆ قبوولـبوونو وەرگیـرانی هـەرکارێکی خێـرو چاکە، سـێ مـەرج پێویستن:

١- بەس خوا مەبەست بوونو ڕیـا تێدا نەبوون (عدم وجـود الريـاء).

٢- هەست نەکردن بە خۆپەسندیی (عدم الإحساس بالعجب).

٣- دووربـوون لـە داهێنـان (الإبتعـاد عـن البدعـة) لـە بـواری بـڕواو عیبـادەتـدا.

بـەڵێ... خـوا پـێ مەبەسـت بـوون (الإخـلاص)و بـە شـانو شـەوکەتی خۆنـەزانینو، هـەموو شـتێك لـە خـوا زانیـنو، شـوێن پـێ هەڵـگرتن (اتِّبـاع)ی شـەرع، سـێ مـەرجی بنـەڕەتین، بـۆ وەرگیـرانی هـەرکارێکی چـاكو، بە نـەبوونی هەر کامێکـیان، ئینسـان ڕەنـج بـە خەسـار دەبـێو، دەبێتـە سەپانی پوشـێ، بە واتایەکـی دیکـە: (ریـاء)و (عُجْب)و (إبتـداع) سـێ کرمو میکرۆبی پیسن، هەر کامێکیان - چ جای هەرسێکیان - بکەوێتە هـەر کارێکـی خێـرەوە، وەك شیـری هەڵگـەڕاوو گـەنمی سـنو کـوێرو لێدراوی لـێ دێتو، خاوەنەکەی ڕەنـجەڕۆ دەبێت.

پێنجـەم: هـەر کـاتێك ویـستت بزانـی داخـۆ لـەلای پەروەردگـار چـۆنی؟ ڕامێنە بزانە ئەو لەلای تۆ چۆنـە، چونکە ئـەو لـەلای تـۆ چۆن بـێ، تـۆش لەلای وی ئـاوای.

پاڵـنەری بەندایەتیی بۆ خوا کردنو پەرستنی، چونکە بەندایەتیی بۆ خوا کـردن، خـۆی لـە خۆیـدا بەرزترین مەبەستەو، ناکرێ بکرێتە وەسیلەو پەیژە بۆ غەیری خـۆی.

Scanned by CamScanner

کەوابێ:

١- تۆ چەندەت خوا لەلا بەقەدرە، ئەویش هێندە قەدرت دەگرێ.

٢- تۆ چەندەت ئەو خۆشدەوێ، ئەویش هێندە.

٣- تۆ چەندە بەتەنگ ڕەزامەندیی وی یەوە بی، ئەویش هێندە.

٤- تۆ چەندە خێرایی دەکەی لە جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی خوادا، ئەویش هێندە لوتف دەنوێنێ، لە وەڵامدانەوەی داواکانتدا.

٥- تۆ چەندت ئەو لەیادە، ئەویش هێندە ﴿ فَٱذۡكُرُونِيٓ أَذۡكُرۡكُمۡ ... ﴿١٥٢﴾ ﴾ البقرة.

٦- تۆ چەندە لەسەر وی تووڕە دەبی، ئەویش هێندە ﴿ ...إِن تَنصُرُواْ ٱللَّهَ يَنصُرۡكُمۡ ... ﴿٧﴾ ﴾ محمد.

٧- تۆ چەندە عادەتی خۆت بۆوی تێکدەدەی، ئەویش هێندە (خرق العادة)ت بۆ دەکات، سەرنج بدە چۆن عادەتی سووتاندن (إحراق)ی لە ئاگردا نەهێشت بۆ (إبراهيم الخليل).

٨- تۆ چەندە پشتی پێ ببەستی و تێیڕاببینی، ئەویش هێندە پشتت دەگرێ و بەدەنگتەوە دێ.

٩- تۆ چەندە چاکەی لێ چاوەڕوان بکەی، ئەویش هێندەت چاکە لەگەڵ دەکات.

ئەمانەش هەموو لە ڕستەی: {أَنَا عِنْدَ ظَنِّ عَبْدِي بِي..}[1]، دەفامرێتەوە، کە بوخاری گێڕاویەتییەوە.

---

١) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ: البُخَارِيُّ، برقم: (٦٩٧٠)، وَمُسْلِمٌ، برقم: (٢٦٧٥).

Scanned by CamScanner

بـەڵام دوو شت: لـەبیـر نەچـن:

أ/ چـەندە خـوا بناسـی، ئەوەنـدەش لـێی دەترسـیو، خۆشتـدەوێو، گومانـت بەرامبـەری چـاك دەبێـت، چـەندەش خۆشتـبوێو لـێی بترسیو گومـانی چاکی پێبەری، ئەوەنـدەش بەندایـەتیی بـۆ دەکەی، وەك ڕابـەرمان صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: {لَوْ أَحْسَـنُوا الـظَّن لأَحْسَـنُوا العَمَـل}[1].

ب/ (چـەندە)ی تـۆو (ئەوەنـدە)ی وی، یەکسـان نـینو پێکـەوە ناخرێنـە تەرازوویەکـەوە، بەڵـکو (چـەندە)ی تـۆ لەقـەدەر خۆتـەو (ئەوەنـدە)ی ویـش لەقـەدەر وی ! هەربۆیـەش خـوا لـە فـەرموودەی قودسـییدا فەرموویەتی: {وَإِذا أَقْبَـلَ إِلَيَّ يَمْشِـي أَقْبَلْتُ إِلَيْـهِ أَهَـرْوِلُ...}[2].

شەشەم: ڕێـی بەرەو خواچوون کۆتایی نـیە، چونکـە خـوا بـێ سنوورە، دیارە دەریـای ناسینیشی بێ سنوورە، وە (کامـڵ بوون)ی مرۆڤ شتێکی ڕێژەیی (نسبي)یە، دەنا ئینسـان قەت بەتەواویـی لـە دنیـادا (کامڵ) نابـێ، چونکە ئەگـەر وابـێ، جموجـۆڵو بـەرەو خواچـوونی کۆتـایی پـێدێو ڕادەوەستێ!!

حەوتـەم: ڕەنگە یەکێك بپرسـێ: باشـە ئەو ڕێیـە شـەش قۆنـاغییەی، کە تـۆ نـاوت لـێنـاوە (ڕێگای صالح بوونو بەرەو خوا چوون)، سـەر بـە کـام لـە ڕێبـاز (طريقـة)ەکـانی (تـصوف)ەو، ئەگـەر لـە ڕێبـازە ناسـراوەکانی سۆفیـایەتـیش جـوێـیە، نـاوی چـیـە؟ دەڵێیـن:

---

١) رَوَاهُ مُسْـلِم.

٢) مُتَّفَقٌ عَلَـيْهِ: البُخَارِيُّ، برقم: (٦٩٧٠)، وَمُسْلِمٌ، برقم: (٧١٢٨)، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ.

Scanned by CamScanner

ئێمە ڕێزو حورمەتی زۆرمان بۆ هەموو ئەو ڕێبازە ڕاستو[١] ساغانەی (تصوف) هەیە، کە خەڵکێکی زۆریان بەرەو خوا گێڕاوەتەوە، ژمارەیەکیشیان لێ بە خول گەیاندوون و، ئیسلامێکی ڕاستو ساغیان تێگەیاندوون، بەڵام ئەوەی ئێمە لێرەدا بە (ڕێگای صاڵح بوون و بەرەو خوا چوون) مان داناوە، ناوێکی تایبەتی نیەو، ڕاستەوخۆ لە قورئان و سوننەتو تەجرەبەی ڕاستو ساغی خواناسان وەرگیراوە، ئەگەر بگونجێ هیچ ناویشی لێ بنرێن دەڵێین: (ڕێبازی موحەممەدیی)یە.

١) بەڵێ.. ئێمە ڕێزمان بۆ ڕێبازە ڕاستو ساغەکانی (تصوف) هەیە، بەڵام بەداخەوە لەمێژە (تصوف)ی ڕاستەقینە، مەگەر بەدەگمەن، دەنا بێسەرو سۆراغەو، زۆر ڕێچکەی خوارو خێچو پڕ بیدعەتو ئەفسانەش بەناوی (تصوف)ەوە هاتوونە گۆڕێ، کە لەجیاتی تەقوا دینداریی و صەفای دڵ...هتد، هەر چڵکو چەپەرو قوڕاوی سەرکێشیی و دنیاداریی و ژەنگی دەروونیان لێ دەچۆڕێ.

Scanned by CamScanner

www.iqra.ahlamontada.com

بەشی چوارەم:

پەرچ و کۆسپەکانی
سەر ڕێی بەرەو خوا چوون

Scanned by CamScanner

خۆێنـەری خۆشـەویسـت !

بێگومان (ڕێگای صاڵح بوون‌و بەرەو خواچوون) هەرچەندە لەوڕووەوە کە مایەی ئارام گرتنـی دڵ‌و ئاسوودەیی دەروونـە: ﴿ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَتَطۡمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكۡرِ ٱللَّهِۗ أَلَا بِذِكۡرِ ٱللَّهِ تَطۡمَئِنُّ ٱلۡقُلُوبُ ﴿٢٨﴾ ﴾الرعد، وە تاکە کـاڵایەکە پڕ بە باڵای سروشت‌و فیطرەتـی ئینسـان: ﴿ فَأَقِمۡ وَجۡهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفٗاۚ فِطۡرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِي فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيۡهَاۚ لَا تَبۡدِيلَ لِخَلۡقِ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلۡقَيِّمُ ...﴿٣٠﴾ ﴾ الروم، واتـە: دەجـا ڕووی خـۆت بـە چاکی‌و پـاکی لەگـەڵ ئاینـدا ڕاست بکـە، چونکە (ئـا ئەوەیـە) ئـەو فیطرەتـەی، کـە خـوا خەڵـکی لەسـەر سروشـتاندوە، دروسـتکراوی خـوا گـۆڕینی بـۆ نیـە، ئـا ئـەوەیە ئـایینی ڕێـک‌و ڕاسـت (ی خـوا، کە لەگـەڵ فیطـرەتـدا پێکەڵـپێکـەو جووتـە).

بەڵـێ، جـا لـەو ڕووەوە، کە گوتمان ڕووکردنە خواو خۆ تەزکیەکردن، نـەک هەر ئاسـانە، بگرە یەکجـار بە لەززەت‌و بـەتام‌و چێژیـشـە، بـەڵام لـەو ڕووەوە، کە ئینسـان بـە مەبەسـتی تـاقی کرانـەوە لــەم سـەر زەوییــە ڕۆنـراوەو، ئـەو ژیان‌و گـوزەرانە کـاتییەی بـۆ سـاز کـراوە: ﴿ إِنَّا جَعَلۡنَا مَا عَلَى ٱلۡأَرۡضِ زِينَةٗ لَّهَا لِنَبۡلُوَهُمۡ أَيُّهُمۡ أَحۡسَنُ عَمَلٗا ﴿٧﴾ ﴾ الکهـف، واتـە: ئێمـە هەرچـی یـەک، کـە لەسـەر زەوی هـەیــە، کــردوومانەتە هــۆی ڕازانــەوەی، بۆئــەوەی تاقیــیان بکەینەوە، داخـۆ کامیـان کـردەوەی چاکتـرە.

بەڵێ، لەم ڕووەشیانەوە، کە ئینسان هەمیشە لەژێر چاودێریی‌و لە حاڵەتی تاقیکرانەوە دایەو، دەیان‌و سەدان کۆسپ‌و لەمپەری جۆراوجۆرو، چەندان ئێش‌و گرفتاریی‌و ناسۆرو، گەلێک جەردەو ڕێگری بە زەبرو زۆر، خۆیان لـەو ڕێـیەدا بۆ مەڵاسـداوەو، هـەر لـە دەرفـەتێک دەخـەفتێن، بـۆ زەفـەر پـێ بردنـی‌و لـە

بۆسەکەوتنی، لەم ڕووەشەوە، هەتا بڵێی ڕێگایەکی سەخت و دژوارەو مەترسیدارە، دیارە پێغەمبەری خواش صلى الله عليه وسلم ئەم لایەن و ڕووەی ژیانی دنیای لەبەرچاو گرتوە، کە فەرموویەتی: {الدُّنْيَا سِجْنُ الْمُؤْمِنِ وَجَنَّةُ الْكَافِرِ}[١]، ژیانی دنیا حەپسخانەی بڕوادارو بەهەشتی کافرە[٢]، هەروەها، کە فەرموویەتی: {حُفَّتِ الْجَنَّةُ بِالْمَكَارِهِ وَحُفَّتِ النَّارُ بِالشَّهَوَاتِ}[٣]، واتە: بەهەشت بە سەختییەکان ئابڵووقە دراوەو- ئاگری دۆزەخ- یش بە ئارەزووەکان دەورە دراوە.

خوا یاربێ ئێمە لەم بەشەی چوارەمەدا، لە هەشت خاڵاندا سەرژمێرێکی خێرای ئەو کۆسپ و تەگەرە سەرەکییانە دەکەین و، سەرو تیشکێکیان دەخەینە سەر، تاکو ڕێبوارانی ڕێی بەرەو خواچوون، لەلایان نامۆو نەناسراو نەبن و، لەنەکاو بەسەریاندا نەکەون و، بێ ئاگایانەو نەزانانە بەتەڵەو داویانەوە نەبن و، لە بۆسەی بەدیان نەکەون و، لە ئاکامدا لە تاقیکردنەوەی گرنگ و گەورەو مەترسیداری ئەم ژیانە دنیاییە نەکەون و، لەجیاتی بەرزبوونەوە بۆ پلە بڵندەکانی بەهەشت لە پەوڕوو لە ئاگری نێڵدراوی(*) دۆزەخ نەکەون !! خوا پەنامان بدات.

---

١) رَوَاهُ مُسْلِمٌ برقم: (٧٦٠٦)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٢٣٢٤) وَقَالَ: حَسَنٌ صَحِيحٌ، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٤١١٣)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٦٨٧) وَغَيْرهُم، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

٢) واتە وەك چۆن مرۆڤ لە زیندان دا ئازاد نیەو جموجۆڵەكانی سنووردار كراون، بە هەمان شێوەش باباى مسوڵمان لەژیانی دنیای دا ناتوانێ بە ئارەزووی خۆی جموجۆڵ بكات و، شەریعەت هەڵس وكەوتەكانی سنووردار دەكات. نامسوڵمانیش لەو ڕووەوە كە چی كەیفی لێ بێ لە دنیادا دەیكات بێ گوێدانە دین و ڕەوشت، لەو ڕوویەوە وەك ئەهلی بەهەشت وایە، كە هیچ شتێكیان لێ قەدەغە نیە.

٣) رَوَاهُ أَحْمَد برقم: (٨٩٣١)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٧٣٠٨)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٧١٩) عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ.

*) نێڵدراو: كڵپە سەندوو، بڵێسەدار

یەکەم

بەهەڵە حاڵی بوون لە ئیسلام

بەراستی بەهەڵەو ناڕاست تێگەیشتن لە ئیسلام - بەڕای بەندە - گەورەترین و بەرزترین کۆسپ و لەمپەری تەزکیەی نەفس و صاڵح بوون و بەرەو خوا چوونی ئینسانە.

چونکە ئاشکراو بەڵگەنەویستە، کە لەڕێی خواوە نەبێ مرۆڤ بەرەو خوا ناچێ و، تاکە ڕێگایەکیش، کە خوا پێشانی بەندەکانی داوە بۆ بەندایەتیکردنی و لێ نزیکبوونەوەی و بەرەولاچوونی، ئەو ئیسلامەیە، کە لە دوو سەرچاوە ڕوون و بێ چەندو چوونەکەی دایە، کە قورئان و سوننەت (الکتاب والسُّنَّة)ن.

بەڵێ، تەنهاو تەنها بەڕێی ئیسلامداو بە پابەندیی بە قورئان و سوننەتەوەو، بە فەرمانبەریی کردن بۆ خواو پێغەمبەرەکەی صلی الله علیه وسلم ﴿...أَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُوا۟ ٱلرَّسُولَ...﴿٥٩﴾﴾ النساء، ئینسان ڕێی ڕاست و دروستی تەزکیەی نەفس و صاڵح بوون و بەرەو خواچوون و بە دیدار شادبوونی، بۆ تەخت و هەموار دەبێ.

بەڵام بێگومان خودی بڕوا بە ئیسلام هێنان، چەندە گرنگەو شوێنکەوتنی ئیسلامەتی چەندە مەبەستە، چۆنیەتی ئەو بڕوا پێهێنان و شوێنکەوتنەش، هێندە گرنگە، دیارە، کە مەبەستیش لە: (أحسَنُ عملاً) هەر ئەوەیە وەك (فضیل بن عیاض) گوتوویەتی: خوا هیچ کردەوەیەك وەرناگرێ[1] تا دوو مەرجی سەرەکی تێدا نەبن:

---

١) بڕوانە: (الأساس في التفسير) سعيد حوّى، ج: (٥)، ص: (٢٥٣٦).

Scanned by CamScanner

أ- بۆ خـوابوون (خالص).

ب- ڕاسـت بوون‌و بەپێـی شـەرعی خـوا بوون (صواب).

دیارە خۆ بـۆ خـوا ساغ كردنـەوە (الإخـلاص للە)ش زادەو بەرهـەمی خوا بەیەكگرتن (توحید)و (لا الـه الا اللە) گوتنـەو، شـوێن شـەرع كـەوتن (الإتِّباع للشـرع)یش بەرهەمی شوێن پێـی پێغەمبـەر صلی اللە علیـه وسلم هـەڵگرتن‌و (محمد رسول اللە) گوتنـە، ئەم دوانـەش: (لا الـه الا اللە و محمـد رسـول اللە) كلیلی دەرگای چوونە نێـو ئیسلام‌و، دوو شـاباڵی پـێ فـڕین‌و پـێ بـەرەو خوا چوونی ئینسـانن.

ئێستاش بـا لە چەند بڕگـەیەكدا مەسـەلەی {بەهـەڵە لـە ئیسـلام حـاڵی بـوون} و چۆنیـەتی كۆسـپ‌و پەرچـبوونی لـە ڕێـی بـەرەو خـوا چوونـدا، بتوێژینـەوە:

یـەك: بە هـەڵـە تێگـەیشتن لە ئیسـلام چیـەو چۆنـە؟!

هـەر بەكـورتی دەڵێیـن:

هـەر جۆرە گۆڕین‌و دەستكاریی‌و كەم‌و زیادكردنێك، لـە ئـایین‌و بەرنامـەی ڕاسـت‌و تێـرو تـەواوی خـوای پەروەردگـارو دادگـەرو زانـاو كـاربەجێ‌و بـە بەزەییدا، هەتـا لە بواری تیۆریی (نظري)و لـە بازنـەی عـەقڵ‌و زەیـن‌و بیـرو بۆچوونـدابێ، بـە (بە هـەڵـە لـە ئیسـلام حـاڵی بوون) دادەنرێ، بۆ وێنـە:

١) ئەو كەسەی، كە پێـی وایـە ئیسلام تـەنیا پەیوەندیـیەكی ڕووحـی نێوان خـواو ئینسـانەو، ئـەو پەڕەكـەی لـە جوغـزی بـاری كەسـێتی (الأحـوال الشخصیة) ناچێتـە دەرێ‌و، بە هـیچ ڕەنگـێك بـەرەو ئاسـۆی خەمخـواردن لە كۆمەڵگاو حوكم‌و سیاسـەت هـەڵناكشێ‌و ناچێتـە سەرێ[1]!!.

---

١) وەك عەلمانییەكان‌و خەڵكێكی عەوامی بێئاگـا گومان دەبەن.

٢) ئەو کەسەی، کە پێی وایە: ئیسلام، ڕاستە بەرنامەو پەیڕەوی سەرلەبەری ژیان و گوزەرانە، بەڵام بە هیچ جۆرێك و لە هیچ حاڵێکدا پەنا بردنە بەرهێزو چەکی تێدانیەو، مسوڵمان دەبێ هەمیشە خەڵك و کۆمەڵێکی سەلامەت و بێ زەرو هێدیءو مەندبن و، بە هیچ شتێك شلوێ، نەبن، تەنانەت ئەگەر ستەم و دەست درێژیشییان لێ بکرێ[١]!!.

٣) ئەو کەسەی، کە پێی وایە ئیسلام، تەنیا لایەنی مەعنەوییەو ئەخلاقییەو، تەنیا بە زیکرو فیکرو تەزکیەی نەفس، ئینسان دەتوانێ ببێتە مسوڵمانێکی تێرو تەواوو کامڵ[٢]!.

٤) ئەو کەسەی، کە پێی وایە هەرچی زانیاری و حیکمەت و دەستوورو یاسای نێو قورئان و سوننەت هەیە، زاناو پێشەوا پێشووەکانمان هەموویان لێ هەڵهێنجاون و، ئێمە ئێستا دەبێ بە هیچ ڕەنگێك ڕێگا بەخۆمان نەدەین، کە لە بازنەو جوغزی ئیجتهادو بۆچوون و کەلەپووری ئەوان دەربچین و، پێویستە چی ئەوان گوتوویانە، بەبێ تێفکرین و بەندو مەرج (قید و شرط) وەریبگرین و پێیەوە پابەند بین[٣]!!.

٥) ئەو کەسەی کەوا دەزانێ هەرچی، کە کاتی خۆی زاناو پێشەوایانمان لەکاتی هەبوونی قەوارەو حوکمێکی نیمچە ئیسلامییدا لەبواری سیاسەتی شەرعییدا گوتوویانەو نووسیویانە، ئێمەش - بەبێ ڕەچاوکردنی هەلومەرجی سیاسی و گۆڕانکارییەکانی دنیا -، لەسەرمان پێویستە پێیەوە پابەندو بۆی گوێ لەمست بین و لێی دەرنەچین[٤]!!.

---

١) مەبەست ئەوانەیە کە وشەی جەنگ و جیهادیان لە فەرهەنگی مێشکیاندا سڕیوەتەوە.

٢) مەبەست زۆربەی هەرەزۆری ئەهلی تەصەووفی ئەم ڕۆژگارەیە.

٣) مەبەست لاساکەرەوەکانن بە هەردووك جۆری مەزهەبیی و سەلەفیی ناوەوە، کە لەم خاڵەدا یەکسانن.

٤) مەبەست لە هەر کەسێکی فیکر قاڵب بەستووی بە واقیع نائاشنایە.

٦) ئەو کەسەی، کە پێی وایە مسوڵمانان بۆیان نیە کۆمەڵو حیزبی جۆراو جۆر، بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجو مەبەستە شەرعیانە پێکبێنن، کە بە کاری بەکۆمەڵو هەرەوەزکاریی نەبێ دابین ناکرێن، وەك فەرمان بە چاکەو ڕێگرتن لە خراپەو، جێبەجێکردنی یاساکانی شەرعو چەسپاندنی سنوورو سزایەکانیو، جەنگ کردن لەگەڵ دوژمنو ناحەزانی ئیسلامو داگیرکەرانی خاكو وڵاتیان، گومانی وایە، کە هەر کارو چالاکییەکی لەو جۆرە، شتێکی ناشەرعییەو بیدعەتێکی پەیداکراوە[1]!!.

٧) ئەو کەسەی، کە پێی وایەو ڕای وایە، بۆ ئەوەی خەڵکی دونیاو هەندەران وانەزانن، کە ئێمەی مسوڵمانو ئاینەکەمان دواکەوتووەو بەجێ ماوین ! وە بۆ ئەوەی ڕێزمان لێ بگرنو توانجو پلارمان تێنەگرنو، تۆمەتی دژی دیموکڕاسیو مافی مرۆڤو شارستانیەتمان پاڵ نەدەنەلاو، مۆری توندڕەوییو ڕەشەکوژییو تۆقاندن (التطرف والإغتيال والإرهاب)مان بەنێوچەوانەوە نەنێن، گەرەکە دەستبەرداری هەندێك لە وشەو زاراوەکانی خۆمان بینو، هەندێك لە وشەو زاراوەکانی ئەوان بەکاربێنینو، خۆمانو ئاینەکەمان لەو فەیرانی تۆمەتبارییو ڕەخنە لێگیرانو توانجو پلار تێگیران، قوتار بکەین[2]!!.

---

١) مەبەست هەموو ئەوانەیە کە بڕوایان بەکاری ڕێکوپێكو یاسادار (العمل المرتب و المنظم) نیە، بێئاگا لەوەی کە بەدیلی ئەوە بەس بێ سەروبەرییو پاشاگەردانییو کەس بەکەسیی یە!! سەرەڕای ئەوەی، کە چەندان دەقی قورئانو سوونەت فەرزبوونی کاری بەکۆمەڵو هەرەوەزیان لێ دەفامرێتەوەو، چەندان دەقیش فەرمانیان بەکۆمەڵ بوونو ڕێکوپێکیی مسوڵمانان کردوەو، پرژوبڵاوییو پەرتەوازەییو بێسەروبەرەیی یان قەدەغە کردوە.

٢) مەبەست ئەو جۆرە کەسانەیە کە لەژێر فشارو تاوو تینی ڕێچکەو بیردۆزەکانو، شەپۆلی سیکۆلاریزمی ڕۆژئاوادا، بەزیونو تێشکاون.

٨) ئـەو کەسـەی، کـە پێـی وایـە هەرچـەندە توانـاو ئامـادەیی جـەنگ و ڕووبەڕووبوونەوەشمان لەگەڵ کۆمەڵگاو دەوروبەری تێکەڵ و پێکەڵ (لە مسوڵمانی چاک و گوناهبـارو بیدعەتچیی و هەڵگەڕاوەو، مرۆڤـی کافرو هاوبەش دانەرو زەندیق و...هتد)مانـدا، نەبێ، یان تواناشمان هەبێ، بەڵام لەبەر هـەر هـۆیەك بێ ئـەو جـەنگ و بەرەنگـارییە دوابخـرێ، یـان هـەر نەکرێ و بەپێویست نەزانرێ، بەڵـێ، ئەو کەسەی لەگەڵ هەبوونی هەلـو مەرجێکی ئـاواشدا، پێـی وایـە، کـە بـە هـیچ ڕەنگـێك دروسـت و ڕەوا نیـە سـلاوو مەرحـەبا لـەو خەڵـك و کۆمەڵگـایە بکـرێ و، هـیچ جـۆرە مودارایەکیان لەگەڵ بکرێ و، وا دەزانـێ بـەو مەرحەبـاو مـوداراو پێکەوە هەڵکردنـە، تەنازول لە ئیمان و ئیسلام دەکرێ و، خـاوەنەکـەی لـە بازنـەی ئـایین و وەدەردەنـرێ[1]!!.

٩) ئەو کەسـەی، کە پێـی وایە ئێمـەی مسـوڵمان، ئەگەر بمانەوێ لە ڕەوڕەوەی ژیـارو شـارستانیەت بـەجێ نەمێنیـن و، لـەم سـەدەی بیسـت و بیسـت و یەکەمدا، بەڕەی خۆمـان لـە ئـاوێ دەربێنیـن، ناچارین کە لەژێـر فشارو گوشاری زانسـت و بـەرەو پـێش چوون و گۆڕانـدا، دەستـبەرداری گەلێـك شـتی ئـایینـەکەمان بیـن و وازی لـێبهـێنین، لـە سۆنگـەی ئـەوەوە، کـە لەگەڵ زانسـت و بڕیـارەکانیدا ناگونجێن[2]!!.

---

١) مەبەست ئەو جۆرە کەسـانەیە، کە بەشـێوەیەکی ئـایدیایانەو نـاواقیعییانە بیـر دەکـەنەوە، بـێ ئەوەی بتوانن هیچ هـەنگاوێکی کردەیـی بنـێن و، هـەردەم خـەریکی ڕەخنـە گـرتنن لـەم و لـەوو حوکم دەرکردنی عـاتفییانەیان بەسەر خەڵـکیدا کردۆتە پیشـە.

٢) مەبەسـت ئـەو جـۆرە کەسـانەیە کـە ئێـستاش هـەر لەسـەر مـەزهەبی (شـێخ محمد عبـدە) و هـاوەڵانیـان و بریقـە بریقـی تەکنەلۆژیـا چـاوی ئەبڵـەق کـردوون و بـاوەڕ (ثقـة)ی لـەق کـردوون.

١٠) ئـەو کەسـەی، کـە پێـی وایـە بۆئـەوەی بتـوانین کـارو چـالاکی ئیسلامییانەمان درێـژە پـێ بـدەین و، لـەنێو سـەرجەم چـین و توێـژەکانی کۆمەڵگادا کاریگەریی خۆمانمـان هـەبێ، حەتمـەن پێویسـتە سـەرجەم ئـەو شـتانەی، کـە خـەڵـکی بـاری پێیانـەوە گرتـوەو پێیانـەوە ڕاهاتوە، ئەگـەر شـیـرک و بیدعـەت و گونـاح و داب و نەرێتـی کـافران و نەفامێتـی (جاهلیـة)یش بـن، لەبـەر دڵـگران نـەبوونی خـەڵـک و دڵڕاگرتنیـان، لێیـان بێدەنگ بیـن و دەستیان لـێ نەدەیـن[1]!!.

١١) ئەو[2] کەسـەی کە پێـی وایە – بەپێچەوانەی پێشـوو – پێویستە لەسەر بچووکتـرین مەسەلە هەرچەندە سوننەت، یـان ڕاجیـایی و (إختلاف)یـەکی فیقـهیی و جـوزئییش بێـت، ئەگـەر دنیـای لەسـەر تێکـچووە، پێویـستە وەدەنـگ بێیـن و بەشـەڕ بێیـن !! بـەبێ ڕەچـاوکردنی قـازانج و زیـان (المصلحة والمفسدة) و گرنگ و گرنگتـرو، فەڕزو سوننەت و، ڕیزبەندیی (ترتیب)ی لەپێشتـرەکان (الأولويات) !!.

بەڵێ خوێنـەری خۆشەویست !

مەبەستم لـە {بـە هەڵە لـە ئیسـلام گەیشتن} ئـەو جـۆرە بۆچـوونانەو هاوێنـەکانیانە.

ئێـستاش بـا لـە بڕگـەی دووەمـدا، تیـشـک بخـەینە سـەر هۆکارەکـانی پەیـدابوون و سەرهـەڵدانی دیـاردەی بە هـەڵە لە ئیسـلام حـاڵی بـوون.

---

١) مەبەست زۆربەی خەڵکی عەشایەرو عـەوام و ژمارەیەکیش لە مەلاکانە.

٢) مەبەست خەڵکێکی زۆرە لە گەنج و لاوی تـازە زمان بە ئیسـلام پژاو.

دوو: بەهەڵە لە ئیسلام حاڵیی بوون بۆچی و چۆن پەیدا دەبێت ؟

هۆکارەکانی سەرهەڵدانی دیاردەو نەخۆشی ناوبراو زۆرن، کە ڕەنگە ئەم حەوتە سەرەکییەکانیان بن:

١) دووریی لە قورئان و سوننەت و ئەو زانیارییانەی، کە پێیانەوە پەیوەستن:

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم بەڵێنی داوە، کە هەر کەسێك دەست بە قورئان و سوننەتەوە بگری، هەرگیز ڕێی لێ تێکناچێ و سەرگەردان نابێ: {تَرَكْتُ فِيكُمْ أَمْرَيْنِ: لَنْ تَضِلُّوا مَا تَمَسَّكْتُمْ بِهِمَا كِتَابَ اللَّهِ، وَسُنَّةَ رَسُولِهِ}[1].

٢) دووریی لە پێشەواو زانایانی ڕەسەن و، میراتگرانی ڕاستەقینەی پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام:

بەڵێ، بەڕاستی وەك فارس گوتوویانە: (نیمة حكیم جان می بَرَدْ، نیمة ملاّ دین می بَرَدْ)، ئەو کۆڵکە زاناو بەناو پێشەوایانەی، کە تەنیا بەرگ و پۆشاکیان لە خەڵکی عەوام جیایەو، هیچیان لەو خەڵکە زیاد نیەو، خۆشیان لە خەڵکی سادەو عەوام کردۆتە پێشەواو چاوساغ، ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لەسەر لێشێواندن و بەهەڵەداچوونیان لە ناسینی ئایینی خوادا.

٣) خۆ کورت هەڵهێنان لەسەر بەرهەم و کەلەپووری زانایەك، یان چەند زانایەك:

چونکە زۆرجاران وابووەو دەبێ، کە یەکێك لە زانایانی ئیسلام بۆ ڕاستکردنەوەی چەند هەڵەو ناتەواوییەك و، تیشك خستنە سەر چەند

---

١) رَوَاهُ مَالك في (الموطأ)، برقم: (١٣٩٥)، وَصَحَّح اسنادهُ الألباني فِي (السلسلة الصحيحة)، بەڵام لەجیاتی (سنة) وشەی (أهل بيتي)یە.

مەسەلەیەك، كە ئەو زانایە لەكاتی خۆیدا بەپێویستی زانیون، كتێبێكی نووسیوە بۆ وێنە (إحیاء علوم الدین)ی (غەزالیی)و (كتاب التوحید)ی (محمد بن عبد الوهاب)و (كلیات رسائل النور)ی (نۆرِسیی) خوا لێیان خۆش بێ، كە هەموویان لەو جۆرەن، جا ئەو جۆرە كتێبو بەرهەمانە بەتایبەتو كتێبو بەرهەمی زانایان بەگشتی، ناگونجێ بۆ تێگەیشتن لە ئیسلام بە هەموو لایەنەكانییەوە پشتیان پێ ببەسترێ، چونكە هەر یەك لایەنێك، یان چەند لایەنێكی ئیسلام باس دەكات، نەك تێكڕای لایەنەكانو هەموو ئیسلام، وە تەنیا كتێبو سەرچاوەیەك، كە سەرجەم ئیسلامەتییان تێدا خرابێتە ڕوو (قورئانو سوننەت)ن و بەس.

٤) (دەمارگیریی) (تعصب) بۆ مەزەبو قسەو بەرهەمی زانایەك، یان چەند زانایەكو بیر تەسكیی:

چونكە دەبێ هەموومان دڵنیاو مسۆگەر بین، كە بێجگە لە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم، هیچ كەسی دیكە لە هەڵە پارێزراو (معصوم) نیەو، وەك مالیك ڕەحمەتی خوای لێبێ، گوتوویەتی: ((مَا مِنْ أَحَدٍ إِلاَّ مَأْخُوذٌ مِنْ قَوْلِهِ وَمَرْدُودٌ عَلَيْهِ إِلاَّ صَاحِبَ هَذَا الْقَبْرِ))، واتە: هەموو كەسێك قسەی لێ وەردەگیرێو بە سەریشیدا دەدرێتەوە، تەنیا خاوەنی ئەم قەبرە نەبێ، (كە مەبەستی پێغەمبەرە صلی الله علیه وسلمو ئامازەی بۆ گۆڕەكەی كرد لە كاتی قسەكردندا).

ئاشكراشە، كە تەسلیمبوونی بە موتڵەقیی بۆ قسەو بۆچوونو بەرهەمی زاناو پێشەوایەك، بریتیە لە بە كردەوە بەبێ هەڵە (معصوم) دانانی.

٥) کەوتنــە ژێــر فــشارو تەئــسیری شەپۆلــی دنیاگــەرایی و، ڕێــچکەو بیردۆزەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئـاوا:

ئەمیش کاریگـەرییەکی گـەورەی هەیـە لـە خۆ دۆڕانـدن و کارتێکردنی خەڵکــێکی ئیمــان دانەمــەزراو چــاك تێنەگەیــشتوو (چــونکە خەڵــکی تێگەیشتووو ئیمـان دامەزراو لـەو جـۆرە حـاڵەتانە پارێزراوە).

کـەواتــە:

ئینسانی مسـوڵمان، هەرچەنده هـەر زانیاریـیەکی بەسوود بـە موڵـکی خۆی دەزانێ، {الْحِكْمَةُ ضَالَّةُ الْمُؤْمِنِ فَحَيْثُ وَجَـدَهَا فَهُـوَ أَحَـقُّ بِهَـا}[1]، بەڵام هەمیشە لـە خـۆی وریـاو ئاگادارەو، هیـچ کاتێك بەچاوی ئەبڵەق و حەپەساوییەوە، تەماشای فەرهەنگ و کلتووری هیـچ گەل و کۆمەڵگـایەك ناکات و، دووچـاری خۆ بەکـەم زانین و ڕووخانی دەروونیی نابێت.

٦) کـاریگـەریی بـاب و دایك و برادەرو دەوروبەر:

ئــەم هۆکــارەش ڕۆڵێکــی گــەورە دەگێــڕێ لەســەر لــێ تێکــدان و بەهەڵـەدابردن، لـە ناسـین و ئاشـنابوونی ڕاسـت و دروسـتی ئینـساندا بـۆ ئیـسلام، وەك ئـەو فەرمـوودەیـەی پێغەمبـەری خـوا صلی الله علیـه وسلم ئاماژەی پێ دەکـات: {مَا مِنْ مَوْلُودٍ إِلاَّ يُولَدُ عَلَى الْفِطْـرَةِ، فَأَبَـوَاهُ يُهَوِّدَانِـهِ، وَيُنَصِّرَانِهِ، وَيُمَجِّسَانِهِ، كَمَا تُنتَجُ الْبَهِيمَـةُ بَهِيمَةً جَمْعَـاءَ، هَـلْ تُحِـسُّونَ فِيهَـا مِنْ جَدْعَـاءَ}[2]، هەموو منداڵـێك لەسـەر فیطـرەتی خواپەرستیی لەدایك

---

١) أَخْرَجَهُ التِّرمِـذِيّ، برقم: (٢٦٨٧)، وَقَالَ هَذَا حَدِيثٌ غَرِيب، وَقَالَ الشيخ الألباني ضَعِيف جداً، بەڵام بێگومـان مانایەکـی ڕاسـت و دروسـتە.

٢) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ، برقم: (١٢٩٢)، وَمُـسْلِمٌ، بـرقم: (٦٩٣١)، وَأَبُـو دَاوُد، بـرقم: (٤٧١٤) عَـنْ أَبِـي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ.

Scanned by CamScanner

دەبێ، پاشان بـاب‌و دایکی دەیکەنـە جوو، یـان دیـان، یـان مەجوسیی، وەك چـۆن ئـاژەڵ بـە تێروتـەواویی پەیـدا دەبـێ، ئایـا هـیچ دانەیـەکی لـووت بڕاویـان تێدا دەبینـن؟!

٧) خـڵتە بە دڵەوە بوون‌و مەیلکردنی لادان‌و خراپـە:

هەندێك کـەس هەر لەخۆوە کەیفی بەلادان‌و لاڕێـبوون‌و شـتی ڕیزپـەرو دەگمـەن دێـت‌و، ڕاستەڕێـی ئاسـان لەوێـیە، کەچـی ئـەو، ملـی هـەورازی هەڵـەمووت‌و هەڵـدێرو عاسـێ دەگـرێ! خـوای پـەروەردگار لـەوبارەوە فەرموویەتی: ﴿ هُوَ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ مِنۡهُ ءَايَٰتٞ مُّحۡكَمَٰتٌ هُنَّ أُمُّ ٱلۡكِتَٰبِ وَأُخَرُ مُتَشَٰبِهَٰتٞۖ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمۡ زَيۡغٞ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَٰبَهَ مِنۡهُ ٱبۡتِغَآءَ ٱلۡفِتۡنَةِ وَٱبۡتِغَآءَ تَأۡوِيلِهِۦ ...﴿٧﴾ ﴾ آل عمران، واتە: (خوا) ئەو زاتەیە، کە کـتێبی ناردۆتـە سـەرتۆ، بـە شـێك لـە ئایەتـەکانی مانایـان ڕۆشـنە، کە ئەوانــە ئەســڵی کتێبەکــەن‌و، هەنــدێکی دیکــەیان مانــای لەیەکــچوو هەڵدەگرن، جا ئەوانـەی، کە لادان بـەرەو خراپـەیان لـە دڵـدا هەیـە شوێن ئەوانــەیان دەکــەون، کــە مانــای وێکــچوویان هەیــە، بــە مەبەســتی ئاژاوەنانەوەو، بە مەبەستی تەئویلکردنیان .

بەڵـێ خوێنـەری مسـوڵمان!

ئەمــانەی ڕابــردن هۆکــارە ســـەرەکییەکانی بەهەڵـــە لـــە ئیـــسلام حاڵـیبوونی ئەوانـــەن، کـە بـە شـێوەیەکی کـرچ‌و کـاڵ‌و ناتـەواو لـە ئیـسلام تێدەگـەن.

Scanned by CamScanner

سێ: ئاکامی شوومی بەهەڵە لە ئیسلام حاڵی بوون:

ئاکامی خراپو شوومی لە ئیسلام حاڵیبوونو زەرەرو زیانەکانی یەکجار زۆرن، بەڵام لە دوو شتدا خڕدەبنەوە:

١/ دینداریی بۆ نەکران بە شێوەیەکی ڕاستو ساغ، کە خوا پێی ڕازبیە.

٢/ دەسخەڕۆ بوونو ڕەنج بەفیڕۆچوون لە قیامەتداو، دەست لە بنی هەمبانەی بەتاڵەوە دەرچوون.

بۆیەش بابای بەهەڵە لە ئیسلام تێگەیشتوو، دینداریی ڕاستو ساغی بۆناکرێ، چونکە وەك چۆن هەر دەزگاو ئامێرێك، کە دروست دەکرێ (کەتەلۆك)ی ڕەگەڵ دەخرێ، چونکە ئەگەر بێتو بەو شێوەو چۆنیەتییەی، کە دروستکەرەکەی دیاری کردوە کاری پێ نەکرێ، نەك هەر کار ناکاتو بەرهەمدار نابێت، بگرە زۆریش نزیکە، کە هەر خراپیش بێو یەکجاریی تێك بچێ.

دەجا ئیسلامیش تەنیا کاتێكو لەحاڵێکدا دەگونجێ بەڕێوە ببرێو، ئامانجو مەبەستە دنیاییو قیامەتییەکانی پێ دابین بکرێن، کە خاوەنەکەی (تبارك وتعالى) دیاری کردوە!

ئنجا دەستخەڕۆبوونو ڕەنج بەزایەچوونی بابای بەهەڵە لە ئیسلام تێگەیشتووش، شتێکی ڕوونو ئاشکرایە، چونکە خوای پەروەردگارو کاربەجێ بەس فەرمانی نەکردوە، کە بپەرسترێ، بەڵکو وێڕای ئەوە فەرمانیشی کردوە تەنیا بەو جۆرە بەندایەتیی بۆ بکرێو بپەرسترێ، کە بۆخۆی لە قورئانو سوننەتدا دیاری کردووە.

ئنجا بۆ سەرژمێرکردنێکی خێرای زەرەرو زیانەکانی بەهەڵە لە ئیسلام حاڵیبوون، ئەوەندە بەسە، کە جارێکی دیکە سەرنجێکی خێرا لە زەرەرو

باجەکانی ئەو یازدە (١١) جۆرە بۆچوون و تێگەیشتنە هەڵەیە بدەین، کە لە بڕگەی یەکەمدا نووسیمانن.

هەر بۆ نموونە:

یەکەمیان، کە ئیسلام لە پەیوەندییەکی ڕووحی نێوان خواو ئینساندا کورت هەڵدێنێ‌و، دین لە ژین دادەبڕێ‌و، حوکم‌و حیکمەت‌و، بازاڕو مزگەوت‌و، ئیمان‌و سامان‌و، زانست‌و ڕەوشت‌و، قانوون‌و ویژدان‌و، دادگەریی‌و دەستەڵات‌و، دنیاو دواڕۆژو ڕووح‌و جەستەو، عەقڵ‌و وەحی‌و...هتد، لە یەک دەترازێنێ، دەزانی چەند جۆرە بەڵاو گرفتاریی‌و ئاشووب‌و خراپەکاریی دەڕەخسێنێ !!

ئاخر ئەم شتانەو گەلێك شتی دیکەی لەم بابەتەش، هەمیشە (جووت)ن‌و بەبێ یەکدی نایانکرێ‌و نایانکرێ، وە لەکاتی لەیەکتر ترازاندنیاندا، هەموویان نێوەڕۆکی خۆیان لەدەست دەدەن، بێگومان گچکەکردنەوەی ئایینیش (مەبەست ئیسلامە)و کورت هەڵێنانی لە پەیوەندی ڕووحیی نێوان خواو ئینساندا، هەموو ئەو شتە جووتانەی، کە گوتمانن هەر لە (دین)و (ژین)ەوە، هەتا (عەقڵ)و (وەحی) ، نەك هەر لەیەك دەترازێنێ، بگرە پێکەوەشیان بەشەڕ دێنێ‌و، جەنگی گەرم‌و گوڕی نێوان (زانست)و (ڕەوشت)و، (ویژدان)و (بەرژەوەندیی)یش، کە لە ئەورووپاو ئەمریکاو ڕۆژهەڵات‌و ڕۆژئاوای جیهاندا لە ئارادایە، چاکترین بەڵگەو شایەدی ئیسپاتی ڕاستیی ئەم قسەیەیەو، پیسترین‌و خراپترین بەرهەمی ئەو کارگەو فابریقەیەیە.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی مەبەستیش، با ئەم قوڵە نەزیلەیەی خۆمتان بۆ بگێڕمەوە:

ساڵی (١٩٨٦) کە ئەو کاتە تازە گوندی (سەرسیان)م بەجێ هێشتبوو لە جەنگ دائیرەی ئەمنی (ڕانیە)و (دووکان)و، کەمێك بوو لە گوندی (گەڵووی ماخۆ بزنان) بە مەلایەتیی نیشتەجێ بووبووم.

ڕۆژێکیان چەند مامۆستا (مەلا)یەك بەمەبەستی سەردان هاتنە لام، پاش دانیشتن و ئیسراحەت، قسەو باس هاتنە پێشەوەو من ڕووم لەو بەڕێزانە کردو گوتم: مامۆستایەکان ! بەڕاستی خەڵك و میللەتەکەمان خەریکە یەکجاریی سەری لێ بشێوێ[1] بفەوتێ و، ئێمەو مانانیش بەر لە هەموو کەس لە بەرامبەر خوادا لەوبارەیەوە بەرپرسیارین، بۆیە پێویستە تەکانێك بدەینە خۆمان و بجووڵێین و، لێ نەگەڕێین کۆمەڵگای کوردەوارییەمان، کە بە ڕەنج و زەحمەت و خوێنی هاوەڵانی بەڕێزو دڵسۆزی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم ئیسلامی پێگەیشتوە، گورگ و دزوجەردەی ڕژێمی طاغووتی و ڕێچکە شەیطانییەکان، وا بەئاسانی بیرفێنن و لەبن دەستمان دەربێنن !.

بەرلەوەی قسەکانم تەواو ببن !! یەکێك لەو بەڕێزانە بە دڵگەرمییەوە گوتی:

فڵانەکەس ! تۆ گەنجی و تازە پێ ڕادەگەی و تەجرەبەت نیەو خەڵکی ناناسی، بەو قورئانەی، کە لێم خوێندوە، ئەو خەڵك و میللەتە هەمووی دڵی ڕەش بووەو، مۆری بەسەر دڵەوە نراوەو، هەرچی بۆیان بڵێی هەر بێسوودە، چونکە ئێمە پارەو دەسەڵاتمان نیە، گوێمان لێ ناگرن !

---

١) ئەوکاتە خەڵکێکی زۆر ملی دابوو چەك هەڵگرتن بۆ ڕژێم و سیخوڕیی و ڕاپۆرت نووسین، بەشێکی زۆری خەڵکیش لەتاو ستەم و چەوساندنەوەو دڕندایەتی ڕژێم، پەنایان بردبووە بەر ڕێچکەو کوێرە ڕێیەکان، بەتایبەت مارکسیزم، کە ئەوکاتە بازاڕی زۆر گەرم بوو و یەکجار بە برەوو ڕەواج بوو.

Scanned by CamScanner

منیش گوتم:

مامۆستا خۆ ئەو خەڵکە تەنیا گەدەو گیرفانی نیە، تاکو ئێمە نەتوانین هیچ کاریان تیبکەین، ئەگەر ڕژێم و ڕێچکەکان لەڕێی گەدەو گیرفانیانەوە دەیانخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، خۆ دەرگای عەقڵ و دڵیشیان بۆ ئێمە ماوە، تاکو لەو دەروازەیەوە لێیان بچینە ژوور!

ئەویش لە وەڵامدا گوتی:

ئاخر کاکە مەلا، ئەمن پێم گوتی، کە ئەو خەڵك و میللەتە دڵیان ڕەش بووەو ئامۆژگاریکردنیان هیچ فایدێی نیە! با بەڵگەیەکت بۆ بهێنمەوە، کە پێم وایە بێ قسەت دەکەم !!

گوتم فەرموو:

گوتی: خۆت دەزانی من لە ئۆردوگای (......) مەلام، ڕۆژێکی بەهەڵەداوان هەواڵیان دامێ، کە مامۆستا، فریا بکەوە ئەوە لە فلان ماڵە شایی و ڕەش بەڵەکەو وەرە لێیان تێك بدە ! منیش بەپەلە چووم و پێنج شەش ڕیش سپیش، کە هەمیشە لەپشت منەوە نوێژ دەکەن و زۆربەشیان حەجیان کردوە، وەدوام کەوتن و لەگەڵم هاتن، دیارە من هەر لە دوورەوە تێمخوڕین و، پێمگوتن ئەو شایی و ڕەشبەڵەکە حەرامەو تێکی بدەن، ...هتد.

ئیدی هەر هێندەم زانی کابرای زاوا، کە دیاربوو چەکداری ڕژێم بووو بەرپرسیش بوو ! بەرەو ڕووم هات و بەتوورەیی پەوە گوتی:

ئەوە چییە مەلا ! هیچ شتێك نەماوە هاتووی شایی و زەماوەندی ئێمە بشێوێنی؟! ئیدی هات توند بەخەو بەرۆکی گرتم و ڕاپتەکاندم! ئەو ڕیش سپی و حاجییانەش، کە لەگەڵم هاتبوون، کە هەرگیز لەکاتی نوێژەکاندا پشت منیان بەرنەدەداو، هەمیشە مشت و مڕیان بوو لەسەر جێگای نوێژو

Scanned by CamScanner

نزیکتـربوون لـە ئیمـامو میحرابـەوە، بەڵــێ ئـەوانیش لـێم کشـانەوەو لەبـەر خۆیانەوە هەر پەکوو پەکوویان[١] بوو، دەیانـگوت شـەرت بـێ ئێسـتا مامۆسـتا دەکـوتێ ! منـیش، کـە زانـیم هـەر بەتـەنیامو ئـەو چەکدارەو مـن بێچـەكو بـاری نابـەم، بەناچـاری دەسـتم کـرد بـە قـسەی ئـارامو نـەرم، بـەکوردی پاڕامەوە.. هەتا کابرا وازیـهێنـاو منیش باش بوو، بە سەلامەتی قوتـارم بـووو گـەڕامەوە.

جا کاکـی خـۆم ئەو خەڵکـە، کە تۆ دیفـاعیان لـێ دەکـەی ئـائەوانەن !

منیش گوتم: جا مامۆسـتا پێت وایـە ئـەو بەسـەرهاتو ماجەڕایـە، بەڵگـەی قسەکانی جەنابتـن، یان پشتگیـری قسـەکـانی منن ؟!

گـوتی: بۆچی دەپرسی: دیـارە من بەڵگـەم هێنـایەوە بۆ قسـەکانی خـۆم.

گوتـم: دەجـا مامۆسـتا گیـان با عـەرزت بکـەم:

ئایـا ئەگەر پارچە زەوییەکت هـەبێو تـەنیا نیسـکی تێدا بـچێنی، ئەگـەر نۆکـی تێدا سـەوز نەبوو، ئەو زەوییـە هیچ سـووچی هەیـە؟!

گوتی: نەخێـر.

گوتم: جـا مامۆسـتای بەڕێز ! جەنابیشـت ئـەو ڕیش سپیو حاجییانـەت تەنیا فێری ئـەوە کـردوە، کـە پێـنج فـەرزە نوێـژت لـە پشـتەوە بکەنو، هەر کاتێك چوویە سـەر شاییو شـینێکیش یـان داوەتو میوانییـەك، لـە پشـتتەوە بڕۆنو لە خزمەتت دابن ! ئەوەش، کـە بـەڕێزت فێـرت کـردوون، خـۆت گوتـت، کە زۆرباش جێبەجـێ (تنفیـذ)یـان کـردوەو هیـچیان لــێ نـەبواردوە، بـەڵام ڕۆژێـك لـە ڕۆژان جـەنابت ئـەو دەرسـەشت پـێ نەگـوتوون، کـە هەرکاتێـك

١) وشەیەکە لەکاتی سەرسووڕمان (تعجب)دا بـەکاردێ، لـە گـەلێك ناوچـەی کوردسـتانی سـەر بـە ئێرانو عێراقـدا.

ناکەسێك دەستی دایە یەخـەت، یان هەڕەشەی لـێکردی، ئـەوانیش بـەرگریت لـێ بکەنو کابرای بڵح کوتەك کـاریی بکـەن[١]!

جا بەڕێـز ! مادام ئەو دەرسو ئامۆژگارییەی کە پێت گوتوون، زۆر چاکیان ڕەوان کـردوەو لەبـەریان کـردوە، نـەدەبوو لەسـەر ڕەوانـنـەکردنی دەرسو ئامۆژگارییەك، کە جارێ پێت نەگوتوونە، هیچ گلەییەکیان لێ بکەی ! ئەگەر نا، بەمەرەدی ئەو جووتیارە دەچی، کە گلەیی لە زەوییەکەی بکات، کـە بۆچی (نـۆك)ی سەوز نەکردوە، لە حاڵێکدا کە تەنیا تۆوی (نیسك)ی تێدا وەشاندوە!

هەڵبـەتە مامۆسـتا بێ قسـە بوو، جا نـازانم لـە قەناعەتـەوە بـوو، یان هـەر قسـەو بەڵگـەی پێ نەمـان.

جـا خوێنـەری بەڕێـز:

چۆنیەتی زیـان گەیانـدنی بەهەڵە لـە ئیـسلام حـاڵی بـوون، بـە مەسـەلەی تەزکیـەی نـەفس، ئەوەیـە، کـە ئینـسانی مـسوڵمان تەنیـاو تـەنیا بـە جێبەجێکـردنی تێکـڕای ئیـسلام (بـەگوێرەی توانـاو بـۆ لـوان) صـاڵح دەبـێو، نەفسی پاك دەبێتەوەو چاك دەبـێو گەشـە دەکات، مـادام وابـێ هەرکـاتێك لـە سۆنگەی خراپ لـە ئیـسلام تێگەیـشتنەوە، بەشێكو لایـەنێك، یـان زیـاتری لـە ئیسلام فەرامۆش کردو هەڵبوارد (وەك مەسـەلەی حـاجیو ڕیـش سـپییەکان)، ئـەوە بێگومـان بەئەنـدازەی فەرامۆشـکردنو هەڵبواردنەکـەی، لـە پرۆسـە (عملیة)ی تەزکیەکەیدا، کەلێنو ناتەواویی پەیدا دەبێت.

---

١) دیارە لابردنو نەهێشتنی هەڵەو ناشەرعی (منکر)ـە وردەکـان، هەرچـەندە بـەگوێرەی توانـا لـەنێو کۆمەڵگادا هەر فەرزە، بەڵام لەکاتی نەبوونی حوکمی خواو فەرمانڕەوایـەتی شـەریعەتەکەیدا، کـە ناشەرعیی هەرە گەورە (الـمنکر الاکبر)ـە، پێویـستە زیاتر لەبیـری لابردنو نەهێشتنی وی دابین، ئەگەرنا گەلـێك جاران کارو چالاکییەکانـمان بۆ پاکـسازییو چـاکـسازیی، دەبنە نەخـشی سـەر ئاوێ.

چوار: چارەسەری دەردو دیاردەی بەهەڵە لە ئیسلام حاڵی بوون:

ئاشکرایە، کە وەك بنچینە (قاعیدة)یەکی گشتی هەموو شتێك بە دژو پێچەوانەکەی خۆی چارەسەر دەکرێ، لەم مەسەلەیەی ئێمەشدا بنچینەی ناوبراو، هەر لەئارادایەو هەموو ئەو هۆکارانەی، کە لە برگەی دووەمدا باسمان کردن - کە ئێمە حەوتی بنەڕەتییانمان سەرژمێر کرد - دژو پێچەوانە (نقیض و عکس)کانیان، فاکتەرو هۆکاری باش لە ئیسلام تێگەیشتنو، چارەسەری دەردی کوشندەو بێزراوی بێپڕمزای، بەهەڵە لە ئیسلام حاڵی بوونن:

کەوابێ:

چارەسەری دەردو دیاردەی (بەهەڵە لە ئیسلام حاڵی بوون) لەم خاڵانەی خوارەوە دایە:

١/ نزیکی لە قورئانو سوننەتو ئەو زانیارییانەی، کە بە هۆیانەوە چاکترو ئاسانتر لە قورئانو سوننەت تێ دەگەینو شارەزا دەبین:

بەڵێ، گەورەترینو سەرکیترینو ڕاستترینو متمانە پێکراوترین ڕێگا، بۆ باش لە ئیسلام تێگەیشتنو نەهێشتنو بنبڕکردنی دەردو دیاردەی بەهەڵە لە ئیسلام حاڵی بوون، ئەوەیە، کە ئینسان هەوڵ بدات، هەرچی زیاتر بە قورئانو سوننەت ئاشناو لێیان نزیك بێ، هەربۆیەش یەکەمینو سەرەکیترین ئەرکو کاری پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لەنێو ئوممەتیدا، بریتی بووە لە خوێندنەوەی ئایەتەکانی خوا بەسەریاندا ﴿ هُوَ ٱلَّذِى بَعَثَ فِى ٱلْأُمِّيِّـۧنَ رَسُولًا مِّنْهُمْ يَتْلُوا۟ عَلَيْهِمْ ءَايَـٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ ... ﴿٢﴾ ﴾ الجمعة.

دیـاره لــە هــەر چــاخ و ڕۆژگارێکیـشدا، پێـوەری دووریـی و نزیکیـی ئوممـەتی پێغەمبــەر صـلی الله علیـە وسـلم لـە ئیـسلامەوە، بریتیـە لـە دووری و نزیکــییان لــە کتێبــی خــواو ڕێبــازو ڕێــو شــوێنی پێغەمبــەری پێشــەواوە صـلی الله علیـە وسـلم، ئـەو کـتێب و ڕێبـازەی، کـە پێغەمبـەری ڕەوشت مەزن لەبارەیـانەوە فەرموویەتی[1]: {إِنَّ أَحْسَنَ الْحَدِيثِ كِتَابُ اللَّهِ وَأَحْسَنَ الْهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثَاتُهَا}[2]، واتە: بەڕاستی چاکتـرین فەرمایشت کـتێبی خـوایە، وە چاکتــرین ڕێباز، ڕێــو شــوێنی موحەممــەدە صـلی الله علیــە وسـلم، وە خراپتــرین شـت، پەیداکـراوەکـانن لە ئایینـدا.

٢/ نزیکیی لە پێشــەواو زانـایانی ڕەسەن و مـیــراتگرانی پێغەمبـەرەوە صلی الله علـیە وسـلم:

چونکــە نــە هــەموو کــەس بــۆی دەرەخــسێ ڕاســتەوخۆ لــە قورئــان و سوننەت نزیـك بێت و، نە ئەگەر نزیکبوونەوەشی بۆ بلوێ، هـەموو کـەس توانــای چــاك لــێ تێگەیـشتنیانی هــەیە، هـەر بۆیــەش خــوای میهرەبـان فەرموویەتی: ﴿...فَسْـَٔلُوٓاْ أَهْلَ ٱلذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿٤٣﴾﴾ النحــل.

پێغەمبەریش صلی الله علیە وسـلم فەرموویـەتی[3]: {إِنَّ الْعُلَمَاءَ هُمْ وَرَثَةُ الأَنْبِيَاءِ، إِنَّ الأَنْبِيَاءَ لَمْ يُوَرِّثُوا دِينَارًا وَلا دِرْهَمًا، وَإِنَّمَا وَرَّثُوا الْعِلْمَ، فَمَنْ

---

١) لە ڕیوایەتێکی دیکەیدا کە تەنیا هی (مسلم)ە و لە (جابر بن عبدالله)وەیە خوا لێیان ڕازی بێت لەجیاتی وشەی (أَحْسَنَ)، وشەی (خَيْرَ) هاتوە لە هەردووك شوێنەکەدا، بڕوانە (شرح السنة للإمام البغوي)، ج: (١)، ص: (٢١١).

٢) مُتَّفَقٌ عَلَيْـهِ: البُخَارِيُّ برقم: (٦٨٤٩)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٢٠٤٢)، عَنْ عَبْدِاللهِ بْنِ مَسْعُودٍ.

٣) بڕوانە (شرح السنة) ج١ ص٢٦٧.

أخَذَ بِهِ، فَقَدْ أَخَذَ بِحَظٍّ وَافِرٍ}[1]، واتە: تەنیا زانایان میراتگری پێغەمبەرانن علیهم الصلاة والسلام. بێگومان پێغەمبەرانیش زێڕو زیویان بەمیرات بەجێ نەهێشتوە، بەڵکو زانیارییان کردۆتە میراتیان، جا هەرکەسێك ئەو میراتەی پێ بڕابێ، ئەوە پشك و بەشێکی زۆری وەرگرتوە.

٣/ ڕێزگرتن لە تێکڕای زاناو پێشەوایان و، بەهرەمەندبوون لە بەرهەم و کەلەپووری هەموویان:

ئەمیش فاکتەرو هۆکارێکی زۆر گرنگی ڕاست و دروست لە ئیسلام حاڵی بوونە، چونکە هیچ زانایەك نیە، کە توانیبی هەموو زانیاری و نهێنییەکانی ئیسلام لەخۆیدا کۆ بکاتەوە، هیچ کەسێکیش نیە لە هەموو ڕاو بۆچوونەکانیدا، نیشانەی پێکا بێت، کەواتە، با بەهەرەو سوود لە بەرهەم و کەلەپووری تێکڕای زاناو پێشەوایانی ڕەسەنی ئیسلام وەربگرین، وێڕای بەکارهێنان و جووڵاندنی عەقڵ و زەینی خۆمان، هەم بۆ لە بێژنگ و مەحەکدان و هەڵسەنگاندن و لێ هەڵبژاردنی بەرهەم و کەلەپووری ئەوان و، هەم بۆ خستنە سەرو هەڵهێنجانی تایبەتی خۆشمان، ئەگەر توانامان هەبووو زەمینەمان بۆ خۆش بوو، نەك تەنیا هەر پێخۆشبوون، چونکە یەکەمیان کۆششکردن (إجتهاد)ە و، ئەوی دیکەشیان ئارەزووکردن (إشتهاء) !!.

٤/ نەبوونی دەمارگیریی (تعصب) بۆ قسەو ڕاو ئیجتیهادەکانی هیچ زاناو پێشەوایەك و، خۆنەبەستنەوەی موو بە موو، بە هیچ کەس و مەزهەب و لایەن و ڕێڕەو (اتجاه)ێکەوە:

---

١) رَوَاهُ وَالتِّرمِذِيُّ، برقم: (٢٦٨٢)، وَابْنُ مَاجَة، برقم: (٢٣٩)، وَابْنُ حِبَّانَ، وَصَحَّحَهُ الألباني في (صحيح ابْنُ ماجة)، برقم: (٢٢٣).

Scanned by CamScanner

بەڕاستی ئەمیش یەکێکە لە دەستەبەرکەر (ضمان)ە هەرە کاریگەرەکان، بۆ ڕێك و ڕاست تێگەیشتن لە ئیسلام، چونکە بێگومان لاساکردنەوەو دەمارگیریی (تقليد و تعصّب) ، ناوی خۆیان بە خۆیانەوەیەو، دەبنە هۆی گەردن بادران و عەقڵ داخران و، لەکارخرانی توانا و وزەکان و، خۆ دۆڕاندن و متمانەو باوەڕ بەخۆنەمان[1].

٥/ خۆ لەدەست نەدان و خۆبەدەستەوە نەدان، لەبەردەم شارستانێتی ئەورووپاو، ڕێچکەو بیردۆزە هەڵەو وەهمییەکاندا:

بەڵێ لاساکردنەوەو باوەڕ بەخۆنەمان و خۆ بەدەستەوەدان، ئەگەر بۆ پێشینانێك، کە لەسەر ڕێبازی هەق بوون خراپ بێت، دیارە حەوجار حەوجار بۆ کافران و لاڕێیانێك، کە هەر چۆن بێ هەر بە سەرلێشێواو دادەنرێن، هەڵەو حەرامە، ئاشکراشە، کە سوودو بەهرە لێ وەرگرتنیان، لەو بوارانەدا، کە پەیوەندی بە بەرنامەی ژیان و دیاریکردنی چاکەو خراپەو حەڵاڵ و حەرامەوە نییەو، زیاتر پەیوەستن بە لایەنە ماددییەکانی ژیان و گوزەران و بەڕێوەبردن (إدارة)ی کۆمەڵگاو دەوڵەتەوە، ناکۆك نیە لەگەڵ ئەوەدا، کە گوتمان.

---

1) بەداخەوە کە ئەم دەردی لاساکردنەوەی کوێرانەو دەمارگیرییە، هەم زۆربەی مەلاو شێخەکان و، هەم گەلێك لەو گەنجانەش، کە بەحیساب بە دینداریی ئەوان ڕازی نین و ڕەخنەیان لە (تقليد)و (جمود)یان هەیە، پێیەوە گیرۆدە بوون!! بەڵام هەر کۆمەڵەیان بە شێوەیەك، مەلاو شێخەکان بۆ مەزهەب و گەریقەت و پێشرەوەکانیان و، هی ئەو جۆرە گەنج و لاوانەش بۆ هەندێك کتێب و نامیلکەو کەسایەتیی، کە بۆخۆیان پێیان سەرسامن و گەلێك جاریش، بە هەڵەو ناتەواویی لە قسەو مەبەستی ئەو کەسایەتییانە تێ دەگەن! هەڵبەتە تەقلیدو دەمارگیریش لە هەر کەسێکەوە بێ و بە هەر شێوەیەك بێ، هەر خراپ و هەڵەو ناشەرعییەو، هەڵەش قەت بە هەڵە چارەسەر ناکرێ !

٦/ لەخۆ وریابوون لە برادەرو دەوروبەری خراپو هەڵبژاردنی هی چاك:

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لەوبارەیەوە فەرموویەتی: {الرَّجلُ عَلَى دِينِ خَلِيلِهِ، فَلْيَنظُرْ أَحَدُكُمْ مَنْ يُخَالِلُ}(١)، واتە: ئینسان لەسەر بەرنامەو پەیڕەوی دۆستو خۆشەویستەکەیەتی، جا یەکێکتان، با باش سەرنج بدات وردبێتەوە، کە لەگەڵ کێدا دۆستایەتی بگرێ.

هەروەها فەرموویەتی: {إِنَّمَا مَثَلُ الجَلِيسِ الصَّالِحِ وَجَلِيسِ السُّوءِ، كَحَامِلِ المِسْكِ، وَنَافِخِ الْكِيرِ...}(٢)، واتە: وێنەی هاوەڵی چاكو هاوەڵی خراپ، وەك بابای عەتر فرۆشو بابای کورەچی وایە...

٧/ خۆ پاراستن لە ژەنگو ژارو خڵتە پەیدابوون لە دڵو دەروونـدا:

باشترین ڕێگا بۆ گەیشتن بەم ئامانجەو پاكو خاوێن ڕاگرتنی دڵو مێشكو، تەڵخو چڵكن نەبوونیان بەهۆی بیروڕای هەڵەو تێگەیشتنی هەڵەی قورئانو سوننەت، بریتییە لە دوورە پەرێزیو تێکەڵنەبوون، لەگەڵ ئەهلی کوفرو خاوەن بیدعەتەکان، مەگەر لە حاڵەتی بانگەوازو بەرپەرچدانەوەیداو، بۆ کەسێك، کە تواناو بڕستی تەواوی هەبێت، خوای کاربەجێ لەوبارەوە فەرموویەتی: ﴿فَأَعْرِضْ عَن مَّن تَوَلَّىٰ عَن ذِكْرِنَا وَلَمْ يُرِدْ إِلَّا الْحَيَاةَ الدُّنْيَا ﴿٢٩﴾﴾ النجم، واتە: دەجا واز لەو کەسە بێنە (پشتی تێبکەو خۆتی لێ دوور بگرە) کە ڕووی لە بەرنامەی ئێمە وەرچەرخاندووە، جگە لە ژیانی دنیا چی دیکەی ناوێ.

---

١) أَخْرَجَهُ أبو دَاوُدَ، برقم: (٤٨٣٣)، وَالتِّرمِذِيُّ، برقم: (٢٣٧٨)، وَقَالَ: حَسَنٌ غَرِيبٌ، وَالبَيْهَقِيُّ في (شعب الإِيْمَان) برقم: (٩٤٣٦) عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ.

٢) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ: البُخَارِيُّ، برقم: (١٩٩٥)، وَمُسْلِمٌ، برقم: (٥٢١٤)، وَابْنُ حِبَّانَ، برقم: (٥٦١)، وَالبَيْهَقِيُّ في (شعب الإِيْمَان)، برقم: (٩٤٣٥)، عَنْ أَبِي مُوسى رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ.

Scanned by CamScanner

ئەمــە لەبــارەی ئەهــلی کــوفرو شیــرکەوە، لەبــارەی ئەهلــی بیدعەتیـشەوە، (الإمام البغوي) لـە (شـرح الـسنَّة)ەکەیـدا، پـاش ئـەوەی چەند دەقێکی قـورئان‌و سـوننەتی لـەژێر سـەرباسـی: (بابُ مجانبة أهل الأَهواء)دا هێنـاونەوە، گوتوویـەتی:[١] ((قد أخبر النَّبيُّ صلى الله عليه وسلم عـن افـتراقِ هَـذهِ الأُمَّـة، وظهـور الأَهـوَاء والبـدَع فِيـهم، وَحَكَـمَ بالنَّجَـاة لـمن اتبـع سُنَّته وسـنة أصحابه رَضِـيَ اللهُ عَنْهُمْ، فعلى الـمرء الـمسلم اذا رأى رجـلاً يتعـاطى شـيئا مـن الأهـواء والبـدع معتقـداً، أو يتهـاون بشيء مـن الـسنن، أنْ يهجـرَهُ ويتـبرأ منـه، ويتركـه حيـاً وميتـاً، فـلا يُـسلِّمُ عليـه اذا لَقِيَـه، ولا يجيبُـه اذا ابتـدأ، الـى أن يَتْـرُكَ بدعتـه ويُراجع الحـق)): واتە: پێغەمبەر صلى الله عليـه وسلم ڕایگـەیاندوە، کە ئەم ئۆممەتە پەرتەوازەو تـاقم تـاقم دەبـێ، وە بیـروبۆچوونی لـە ئـارەزوو هەڵـقوڵاوو داهێنـراوی تێـدا پەیـدا دەبـن، جـا حوکـمی قوتـاربوونی بـۆ هەرکەسـێك داوە، کـە دەکەوێتــە شــوێن ڕێبــازی خــۆی‌و ڕێــو شــوێنی هـاوەڵانی خوا لێیـان ڕازی بـێ، بۆیـە لەسـەر ئینـسانی مـسوڵمان پێویـستە، کە هەرکـاتێك کـابرایەکی بینـی سـەرگەرمی یەکێـك لـەو بیـروبۆچوونـە بـە ئـارەزوو گـوتراوو داهێنراوانـە بـوو، جـا چ وەك بـڕوا پێبـوون، چ وەك بەکەمگرتنی هەندێك لە سوننەتەکان، کە دەنگی لـێ ببـڕێتەوەو حاشـای لـێ بکـاتو بەجێـی بهێڵـێ، چ زینـدووبێ، چ مـردوو، نـابێ سـەلامی لـێ بکات کەپێـی گەیـشت، وە ئەگـەر ئـەویش سڵاوی کـرد وەڵامـی نەداتـەوە،

---

١) بڕوانە: (شرح السنة) ج: (١)، ص: (٢١٩ تا ٢٣٠).

Scanned by CamScanner

هەتا واز لە بیدعەتەکەی دەهێنێ و بۆ هەق دەگەڕێتەوەو سەر دادەنەوێنێ[١].

ئێستاش، کە پێم وایە تیشکێکی باشمان خستە سەر مەسەلەی (بە هەڵە حاڵی بوون لە ئیسلام)، کە یەکەمین و گرنگترین هۆیە دەروونییەکانی تەزکیە نەبوونی ئینسان و، زیانبەخشترین و خراپترین کۆسپ و پەرچی صاڵح بوون و بەرەو خوا چوونە، دەچینە سەر باسی کۆسپ و پەرچەکانی دیکەش و بەکورتیی دەیانتوێژینەوە.

١) دیارە بۆ هەڵسوکەوت (تعامل) لەگەڵ ئەهلی بیدعەتدا وردەکاریی زۆر پێویستە، چونکە هەم بیدعەتەکان جیاجیان و، هەم لە ڕۆژگارێکەوە بۆ یەکێکی دیکە حوکمیان دەگۆڕێ، هەم لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی دیکە، هەڵوێست دەگۆڕێ، هەم بنچینەی بەرژەوەندییەکان و زیانەکانیش (المصالح والمفاسد) کاریگەریی زۆری هەیە لە حوکم و جۆرو چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی بیدعەتەکانداو...هتد، بۆیەش ئەم ڕاستییەم ڕاگەیاند، چونکە ئاگادارم هەڵەو پەڵەی زۆر بەو بیانووەوە دەکرێن و، شتی سەیرو سەمەرە هەیە!!.

Scanned by CamScanner

دووەم

گوناحە ڕواڵەتیی و دەروونییەکان

گوناح و تاوان و سەرپێچی و خراپە (الإثم والذنب والمعصية والسّيِّئة)، یەکی دیکەیە لە کۆسپ و پەرچەکانی سەر ڕێگای صاڵح بوون و بەرەو خوا چوون، وەك چۆن فەرمانبەریی و چاکەکاریی (الطاعة والإحسان) بەگشتی توێشووی ڕێبوارانی ڕێگای ناوبراون، کە بە وردی لە پەنجاو (٥٢) بڕگەدا، لە بەشی سێیەمدا خستمانە ڕوو.

شایانی باسیشە، کە گوناح و خراپەکان لەڕووی ئاشکراو پەنهانییانەوە، دوو جۆرن:

أ- گوناحە ڕواڵەتییەکان (الآثام الظاهرة).

ب- گوناحە پەنهان و دەروونییەکان (الآثام الباطنة).

خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿وَذَرُوا۟ ظَـٰهِرَ ٱلْإِثْمِ وَبَاطِنَهُۥٓ..﴿١٢٠﴾﴾ الأنعام، واتە: وە واز لە گوناح و خراپەی ئاشکراو پەنهان بێنن.

کە دیارە مەبەست لە گوناحە ڕواڵەتییەکان، ئەوانەن، کە ئاشکراو دیارن و بە ئەندامە ڕواڵەتییەکانی جەستە، وەك: دەست، لاق، زمان، گەدە، گوێ، چاو،...هتد ئەنجام دەدرێن، گوناحە پەنهان و دەروونییەکانیش، ئەوانەن، کە پەیوەندییان بە عەقڵ و دڵی ئینسانەوە هەیە و، خۆیان بەرهەست نین و بە بەرێزو شوێنەوارەکانیان دەناسرێن.

هەروەها گوناح و تاوانەکان لەڕووی گەورەیی و گچکەییشەوە دیسان، دووبەشن:

أ- گوناحە گەورەکان (الکبائر).

ب- گوناحە گچکەکان (الصغائر).

بەڵگەش زۆرن لەسەر ئەوە، کە گوناح و خراپەکان، بۆ گەورەو گچکە دابەش دەبن، بۆ وێنە: خوای دادگەر فەرموویەتی: ﴿ إِن تَجْتَنِبُوا۟ كَبَآئِرَ مَا تُنْهَوْنَ عَنْهُ نُكَفِّرْ عَنكُمْ سَيِّـَٔاتِكُمْ وَنُدْخِلْكُم مُّدْخَلًا كَرِيمًا ﴿٣١﴾ ﴾ النساء، واتە: ئەگەر خۆتان لەو گوناحە زلانە دووربگرن، کە لێتان قەدەغە کراون، ئەوە بێگومان خراپە (گوناحە گچکە)کانتان لێدەسڕینەوە...، پێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: {الصَّلَوَاتُ الْخَمْسُ، وَالْجُمُعَةُ إِلَى الْجُمُعَةِ، وَرَمَضَانُ إِلَى رَمَضَانَ، مُكَفِّرَاتٌ مَا بَيْنَهُمَا إِذَا اجْتُنِبَتِ الْكَبَائِرُ}[١]، واتە: پێنج نوێژەکان و جومعە بۆ جومعەو ڕەمەزان بۆ ڕەمەزان، گوناحەکانی نێوان خۆیان دەسڕنەوە، بەمەرجێك دووریی لە گوناحە گەورەکان کرابێ.

زانایان سەبارەت بە پێناسەی گوناحی زل و هی گچکە، مشت و مڕو ڕاجیایی زۆریان لەنێواندا هەیە، بەڵام لە هەموو ڕایەکان ڕاستترو بەڵگەدارتر ئەوەیە، کە: (الكبيرة: هيَ كل مَعْصيةٍ نصٌ على كونها كبيرة من كتاب أو سنة، أو الإجماعُ عليها أو وَرَدَ فيها حَدٌ و تهديدٌ وتَوعُدٌ عليها بالنّار. أو لَحِقَ مُرتَكِبَها الوَصْفُ باللعنِ والفِسْقِ) واتە: گوناحی گەورە هەر سەرپێچییەکە، کە دەقێکی قورئان، یان سوننەت هەبێ لەسەر زلیەتیی، یان یەکدەنگیی (إجماع)ی زانایانی لەسەر دامەزرابێت، یان سزای

١) رَوَاهُ مُسْلِمٌ، برقم: (٥٧٤)، واللَّفظُ لَهُ، وَالتِّرمِذِيُّ، برقم: (٢١٤) وَالبَيْهَقِيُّ فـي (شعب الإِيْمَان)، برقم: (٣٦١٩)، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللّهُ عَنْهُ.

Scanned by CamScanner

شەرعیی و هەڕەشەو ترساندن بە ئاگری لەبارەوە هاتبێ، یان خاوەنەکەی بەلەعنەت و لەڕێ دەرچوون (فِسق) وەسف کرابێ.[1]

شایانی باسە پێناسەی ڕابردوو (الحافظ ابن حجر العسقلاني) لە (القرطبي)یەوە هێناویەتی و بە چاکترین پێناسەی داناوە[2]، ئنجا ئەگەر گوناحە زلەکان ئەوانەبن، کە پێناسەکران، ڕوون و ئاشکرایە، کە هەر گوناحێك نەکەوێتە بەر ئەو پێناسەیەو، بە دەقێکی شەرعیش زانرابێ، کە خراپەیەو گوناحە، ئەوە بە گوناح و خراپەی گچکە دادەنرێ، بۆ وێنە: ڕوانینی حەڕام (النظر الحرام).

زۆر لە زانایانیش وشەی (اللَمَم)[3] یان بە گوناحی گچکە تەفسیر کردوە، لەو ئایەتەدا، کە خوای بەخشندە فەرموویەتی: ﴿ وَلِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ لِيَجْزِيَ ٱلَّذِينَ أَسَٰٓـُٔواْ بِمَا عَمِلُواْ وَيَجْزِيَ ٱلَّذِينَ أَحْسَنُواْ بِٱلْحُسْنَى ﴿٣١﴾ ٱلَّذِينَ يَجْتَنِبُونَ كَبَٰٓئِرَ ٱلْإِثْمِ وَٱلْفَوَٰحِشَ إِلَّا ٱللَّمَمَ إِنَّ رَبَّكَ وَٰسِعُ ٱلْمَغْفِرَةِ....﴿٣٢﴾ ﴾ النجم، واتە: وە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوییدا هەیە، هی خوایە، تاکو سزای ئەوانە بدات، کە خراپەیان کردوە بەگوێرەی کردەوەیان، وە پاداشتی ئەوانیش، کە چاکەیان کردوە بەچاکترین (پاداشت) بداتەوە، کەسانێك، کە خۆیان لە گوناحە زلەکان و ناقۆڵایەکان دوور دەگرن، جگە لە وردە گوناح، بێگومان پەروەردگارت لێبوردنی فراوانە..

---

١) بڕوانە: (التوبة في ضوء القرآن الكريم)، ص: (٩٨)، د. آمال بنت صالح نصير.

٢) بڕوانە: (فتح الباري)، ج: (١٢)، ص: (١٨٢).

٣) خاوەنی (لسان العرب) دەربارەی (لَمَمْ) گوتوویەتی: (الإلمامُ واللَّمَمَ: مقاربة الذنب، وقيل اللمم مادون الكبائر من الذنوب، وَألَمّ الرجُلَ: من اللمم وهو صغار الذنوب، ويقال هو مقاربة المعصية من غير مواقعة)، (لسان العرب)، ج: (١٢)، ص: (٥٤٩).

Scanned by CamScanner

(قرطبي) له پێناسـەی (اللَّمَمْ)دا گـوتوویەتی[١]: (اللَّمَمْ: صغائر الذنوب التـي لايَسْلَمُ مِنَ الوقـوعِ فيهـا إلاَّ مَنْ عَصَمَهُ الله و حفظـهُ)، واتـه: لەمـەم: ئەو وردە گوناحـانەن، کە هیچ کەس، له تووشبوونیان سەلامەت نابێ، مەگەر کەسێك خوا چەپـاڵـەی دابێ و پاراسـتبێ.

ئێسـتاش، با سـەرژمێرێکی خێرای هەندێك له گونـاحه گەورەکـان بکەین، به ڕواڵـەت و پەنهـانەوە:

١- گونـاحه زلـه پەنهانەکـان:

١/ کـوفر.

٢/ شـیـرك.

٣/ زەندەقـه (الإلحـاد).

٤/ دەغـەڵیی (نفـاق).

٥/ خۆبەزل گرتـن (الكبـر).

٦/ حەسـوودیی.

٧/ خۆپەسـەندیی (العجـب).

٨/ بوغـز.

٩/ کـینـه (الحقـد).

١٠/ بەدگومانیی (سوء الظـن).

١١/ خەڵك بەکەم زانیـن (احتقار النـاس).

١٢/ ڕژدیی و چرووکیی (البخل و الشح).

---

١) بڕوانه: (الجامع لأحكام القرآن)، ج: (١٧)، ص: (١٠٦).

Scanned by CamScanner

١٣/ دنیـا هـەڵبژاردن بەسـەر دوا ڕۆژدا (إیثـار الحیـاة الـدنیا علـی الآخـرة).

١٤/ نـاڕەزایی لـە قەزاو قـەدەری خـوا.

١٥/ خۆشنەویسـتنی بـڕواداران.

١٦/ ڕق لـێنەبوونـەوەی کـافران، (واتـە: کوفرو کـردەوە خراپـەکانیان، نەك خودی خۆیـان وەك مـرۆڤ).

١٧/ بێهیوابـوون لە بـەزەیی خـوا.

١٨/ گومـان خـراپ بوون بەرامبـەری خـوا.

٢- گوناحـە زلـە ئاشـکراکان:

١/ هەر قسەو ڕەفتـارێك، کە (کفر وشرك ونفاق) بگـەیەنێ.

٢/ جـادووکـردن.

٣/ کوشـتنی بەناهـەق.

٤/ سـوود خـواردن (أکـل الرِّبـا).

٥/ خواردنـی ماڵـی هەتیـو.

٦/ زینـا کـردن.

٧/ نێـربـازیی.

٨/ پشـت لە دوژمـن کـردن لەکـاتی هێـرش دا.

٩/ بوختـان کـردن

١٠/ دزیـی.

١١/ ڕێگـریی.

١٢/ درۆ کـردن.

١٣/ مەیخـۆریـی.

١٤/ سـوێند خواردنـی بە درۆ.

١٥/ شـایەدیـدانی بە نـاهـەق.

١٦/ دڵ ئێشـاندنی بـابو دایـك.

١٧/ پەیمـان شـکاندن.

١٨/ خیـانەت کردن لە ئەمـانەت.

١٩/ قومـار (المیـسر).

٢٠/ گالـتە بەخەڵـکی کـردن.

٢١/ خـۆ پێ چـاك بوون (تزکیـة النـفس).

٢٢/ خـۆ هـەڵـکـێشـان (الفـخر).

٢٣/ فیـزو کەشـخەکردن.

٢٤/ زەمو غەیبـەت کـردن.

٢٥/ نـاوو نـاتۆرە لە خەڵـکی هەڵـدان.

٢٦/ توانجو پـلارگرتنـە خەڵـك.

٢٧/ فـێڵ کـردن (الغـش).

٢٨/ خەڵك ڕووشـکـێن کـردن.

٢٩/ چـاکەو خێر بە چـاوی خەڵـکی دادانەوەو منەت کردن.

٣٠/ قسـە هێنـانو بـردن (النمیمـة).

٣١/ قسـەی سـووكو جنێـو گـووتن.

٣٢/ یـاریـدەنـەدانی لـێقـەومـاو.

Scanned by CamScanner

٣٣/ پشت بەردانی مسوڵمان (خذلان المسلم).

٣٤/ ستەم کردن (الظلم).

پێویستە ئەوەش بگوترێ، کە: گوناحە پەنهان و دەروونییەکان، بنک و ڕیشەی سەرجەم گوناحەکانی دیکەن و، مەگەر چۆن، دەنا هیچ گوناحێکی ئاشکراو ڕواڵەتیی ئەنجام نادرێ، هەتا لە دڵ و دەروون و مێشکدا نەچەسپێ و عەزمی لەسەر جەزم نەکرێ.

ئەگەر لەنێو گوناحە ڕواڵەت و ئاشکراو جەستەییەکاندا، هەم هی گەورەو هەم هی گچکەش هەن، ئەوە گوناحە پەنهان و دەروونییەکان، مەگەر بەدەگمەن، ئەگەرنا هەموویان هەر زل و گەورەن و گچکەیان تێدا نییە!

لەبارەی کاریگەریی گوناح و تاوان و خراپەش بۆ سەر ئینسان و، ڕۆڵی زۆر خراپیی لەسەر نەگرتنی پرۆسەی تەزکیەی نەفسداو، بوونە کۆسپ و پەرچی ڕێی صاڵح بوون و بەرەو خوا چوونی ئینساندا، دەقی قورئان و سوننەت یەکجار زۆرن، بەڵام ئێمە بەس دووانیان لێ بە نموونە دێنینەوە:

١) خوای بە بەزەیی و خاوەن کەرەم فەرموویەتی: ﴿ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿١٠﴾ ٱلَّذِينَ يُكَذِّبُونَ بِيَوْمِ ٱلدِّينِ ﴿١١﴾ وَمَا يُكَذِّبُ بِهِۦٓ إِلَّا كُلُّ مُعْتَدٍ أَثِيمٍ ﴿١٢﴾ إِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِ ءَايَٰتُنَا قَالَ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿١٣﴾ كَلَّا ۖ بَلْ ۜ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴿١٤﴾ كَلَّآ إِنَّهُمْ عَن رَّبِّهِمْ يَوْمَئِذٍ لَّمَحْجُوبُونَ ﴿١٥﴾ ثُمَّ إِنَّهُمْ لَصَالُوا۟ ٱلْجَحِيمِ ﴿١٦﴾ ﴾ المطففين، واتە: سزای سەخت لەو ڕۆژەدا بۆ بە درۆزانان، ئەوانەی ڕۆژی دوایی بە درۆ دەزانن، وە بێگومان جگە لە هەر یاخییەکی گوناهبار، هیچ کەس بە درۆی نازانێ، کاتێک ئایەتەکانمانی بەسەردا بخوێندرێنەوە، دەڵێ: ئەفسانەکانی پێشینانە، نەخێر، بەڵکو ئەو گوناحانەی دەیکەن، ژەنگی

لەسەر دڵەکانیان پەیداکردوە، نەخێر (وانیە کە دەڵێن) بێگومان ئەو کەسانە لەو ڕۆژەدا لە دیداری پەروەردگاریان (بێبەشن و) پەردەپۆش دەکرێن. پاشان بێگومان دەخرێنە دۆزەخەوە.

وەك دەبینین خوای دادگەر ڕایگەیاندوە، کە لە ئەنجامی گوناح و تاوان و خراپەدا، دڵ و دەروونی ئینسان ڕەش دادەگەڕێ و کەمرە دەبەستێ و، لە دنیادا چاوی عەقڵ و دڵ کوێرو کوتر دەکات و، دەرفەتی نادات خوای خۆی بناسێ و ببینێ، وە سەرەنجام لە دواڕۆژیشدا لە دیداری بەرزو پیرۆزی خوا بێبەش دەبێ و، ڕووڕەش و سەربەهەش دەبێ.

٢) پێغەمبەری ڕەوشت بەرزو ئاکار پەسندیش صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: {إِنَّ الْعَبْدَ إِذَا أَخْطَأَ خطيئَةً، نُكِتَتْ فِي قَلْبِهِ نُكْتَةٌ، فَإِذَا هُوَ نَزَعَ وَاسْتَغْفَرَ وَتَابَ، صُقِلَ قَلْبُهُ وإِنْ عَادَ، زِيدَ فِيهَا، حَتَّى تَعْلُوَ قَلْبَهُ}[1]، واتە: بێگومان بەندە هەر کات گوناحێکی کرد، خاڵێکی ڕەش لەسەر دڵیدا پەیدا دەبێ، جا ئەگەر وازیهێناو داوای لێبوردنی کردو گەڕایەوە (لای خوا)، ئەوە دڵ و دەروونی سپی و ساف دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر هات و گەڕایەوە سەر گوناحەکە (لەسەری بەردەوام بوو)، ئەوە خاڵە ڕەشەکە زیاد دەبێ، هەتا سەرتاپای دڵی دادەگرێ.

لەم فەرموودەیەی پێغەمبەری پێشەواشماندا صلى الله عليه وسلم کاریگەری بەدی گوناح و تاوان زۆر جوان ڕوون و ئاشکرا کراوە، وەك چۆن کاریگەری چاك و بەهێزو پێزی گەڕانەوە (توبة)و پەشیمانبوونەوەش، لە سپی و ساف و ساغکردنەوەی دڵ و دەروونەدا لە سەرنج ڕاکێشترین دیمەن و تابلۆدا خراوەتەڕوو.

---

١) أَخْرَجَهُ التِّرمِذِيُّ برقم: (٣٣٣٤)، وَقَالَ: حَسَنٌ صَحِيحٌ، وَالنَّسَائِيُّ فِي (الكُبرى)، برقم: (١٠٢٥١)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٤٢٤٤)، وَالحَاكِمُ، برقم: (٦)، وَقَالَ: صَحِيحٌ، وَحَسَّنَهُ الألبَانِي.

Scanned by CamScanner

بەڵێ، بێگومان گوناح و تاوان و سەرپێچیی، بە ئاشکراو پەنهان و گەورەو گچکەیەوە، یەکێکە لە کۆسپ و پەرچە هەرە مەترسیدارەکانی سەر ڕێی بەرەو خواچوون و، جاری وایە بەهۆی گوناحێکەوە ئینسان هێندەی نێوان ئاسمان و زەوی لە خوا دوور دەکەوێتەوە، وەك پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: {إِنَّ الْعَبْدَ لَيَتَكَلَّمُ بِالْكَلِمَةِ، مَا يَتَبَيَّنُ فِيهَا، يَنْزِلُ بِهَا إِلَى النَّارِ أَبْعَدَ مَا بَيْنَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ}(١).

بەڵام خوای پەروەردگار بۆ هەر دەردێك دەرمان و چارەیەکی داناوە، دەرمان و چارەسەری گوناح و هەڵەکردنیش، گەڕانەوە لای خوا (توبة) و پەشێمانبوونەوەیە، هەر بۆیەش ئەهلی تەزکیەو عیرفان گوتوویانە: جاری واهەیە شەیطان یەکێك لە بەندەکانی خوا تووشی گوناح و خراپەیەك دەکات، بەڵام دوایی بابای گوناحبار هێندە پەشێمان دەبێتەوە، کە شەیطان لەو گوناح پێکردنەی پەشێمان دەبێتەوە، چونکە دەزانێ، کە حاڵەتی دوای گوناحکردن و تۆبەکردنی، چاکترە لە حاڵەتی پێشووی و لە خوا نزیکترە !!

(عطاء الله السكندري)یش لە حیکمەتەکانی خۆیدا، لەوبارەوە شتێکی زۆر جوانی گوتووە: (وَمَعْصِيَةٌ أَوْرَثَتْ ذُلاً وَاحْتِقَاراً خَيرٌ مِنْ طَاعَةٍ أَوْرَثَتْ عِزّاً وَاسْتِكْبَاراً)، واتە: سەرپێچییەك کە حاڵەتی گەردەن کەچیی و خۆ بەکەم سەیرکردنێ لە خاوەنەکەیدا پەیدا دەکات، چاکترە لە فەرمانبەرییەك، کە حاڵەتی شانازیی و خۆبەزلگریی تێدا پەیدا دەکات !!

---

١) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ: البُخَارِيُّ، برقم: (٦١١٢)، وَمُسْلِمٌ، برقم: (٧٦٧٢)، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ.

Scanned by CamScanner

سێیەم

زیاد لە پێویست گرنگیدان بە ژیانی دنیا

بەڵێ هەرچەندە ژیانی دنیا لەخۆیدا گەورەترین و چاکترین نیعمەت و چاکەی خوایە بۆ ئینسان، بەڵام لە کاتێکدا ژیانی دنیا زیاد لە ئەندازەی پێویست گرنگیی پێ دەدری و دەکرێتە ئامانج، دەبێتە بێڕەزاترین کۆسپ و چەپەری سەر ڕێی صالح بوون و بەرەو خواچوون، هەر بۆیەش خوای زانا، خۆشەویستی و هەڵبژاردنی ژیانی دنیای کردۆتە مایەی چوونە نێو دۆزەخ: ﴿...وَوَيۡلٞ لِّلۡكَٰفِرِينَ مِنۡ عَذَابٖ شَدِيدٍ ﴿٢﴾ ٱلَّذِينَ يَسۡتَحِبُّونَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا عَلَى ٱلۡأٓخِرَةِ ...﴿٣﴾﴾ إبراهيم، بەڵگەش لەسەر سەلماندنی ئەو ڕاستییە - کە زیاد لە پێویست گرنگیدان بەژیانی دنیا کۆسپ و بەربەستێکی گەورەیە لەڕێی ناوبراودا - زۆرن، بەڵام لێرەدا دەرفەت کەمەو، تەنها ئاماژە بۆ یەکێک لەو بەڵگانە دەکەین:

لە جەنگی (ئوحود)دا، دوای ئەوەی تیرهاوێژەکانی سەرچیا، فەرمانی پێغەمبەریان شکاندو شوێنەکانیان بەجێهێشت و، بەقسەی فەرماندەکەشیانیان نەکرد، مسوڵمانان سەرکەوتنی سەرەتای جەنگەکەیان لێبوو بە تێشکان و، حەفتا (٧٠) کەسیشیان لێ شەهید کرا، جا خوای کاربەجێ بەو بۆنەوە فەرموویەتی: ﴿وَلَقَدۡ صَدَقَكُمُ ٱللَّهُ وَعۡدَهُۥٓ إِذۡ تَحُسُّونَهُم بِإِذۡنِهِۦۖ حَتَّىٰٓ إِذَا فَشِلۡتُمۡ وَتَنَٰزَعۡتُمۡ فِي ٱلۡأَمۡرِ وَعَصَيۡتُم مِّنۢ بَعۡدِ مَآ أَرَىٰكُم مَّا تُحِبُّونَۚ مِنكُم مَّن يُرِيدُ ٱلدُّنۡيَا وَمِنكُم مَّن يُرِيدُ

﴿ٱلۡأٓخِرَةَ ...﴾ ﴿١٥٢﴾ آل عمران، لەم ئایەتە بەپێزەدا، خوای زانا ئاماژە بۆ چەند هۆیەك دەكات، كە بوونە هۆی دۆڕاندنی جەنگی ئوحود، بەڵام پاشان ئەسڵ و بنكی هەموویان بە خۆشویستنی دنیا ﴿مِنكُم مَّن يُرِيدُ ٱلدُّنۡيَا﴾ دا دەنێ بەم شێوەیە:

﴿حَتَّىٰٓ إِذَا فَشِلۡتُمۡ﴾، ﴿وَتَنَٰزَعۡتُمۡ فِي ٱلۡأَمۡرِ﴾، ﴿وَعَصَيۡتُم مِّنۢ بَعۡدِ مَآ أَرَىٰكُم مَّا تُحِبُّونَۚ﴾ - ﴿مِنكُم مَّن يُرِيدُ ٱلدُّنۡيَا﴾!!

بەڵێ ... بەهۆی زیاد لەپێویست خۆشویستن و گرنگیدان بە ژیانی دنیا، تیرهاوێژەكان كۆكردنەوەی ماڵ و غەنیمەتیان لە جێبەجێكردنی فەرمانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لەلا گرنگتر بوو ! بۆیە خەرجكردنەوەی غەنیمەت دووچاری فەرمانشكاندن (عصیان)ی كردن و بەهۆی فەرمان شكاندنیشەوە، گیرۆدەی دەردی ناكۆكیی (تنازع) بوون و، سەرەنجام تێشكان (فشل) یەخەی گرتن !!.

www.iqra.ahlamontada.com

Scanned by CamScanner

چـوارەم

نەفــس و هــەواو ئارەزووەكانی

وەك پێشتر ڕوونمان كردەوە، دەروون (نفس)یش هەر نـاوە بـۆ گیـان (روح)، لـەو ڕووەوە، كـە لەگـەڵ جەسـتەدا ئاوێتـە دەبێـتو هـەوڵ دەدات داواكـاریی‌و داخوازییەكانی جێبەجێ بكـات.

دیارە خوای كـاربەجێش لە سۆنگەی ئـەوەوە، كـە ئینـسـانی بـە مەبەسـتی تاقیكردنـەوە دروسـت كـردوە، هـەردووك توانـاو هێـزو ئامـادەیی چاكەكـاریی‌و خراپەكاریی تێدا داناون، بۆئەوەی بتوانێ هـەم بـەرەو سـەرەوە بـچێ، بەهـۆی بەندایەتی بۆ خـواكردن‌و چاكەكارییەوەو، هـەم بـەرەو خـواریش شـۆڕبێتـەوە، بـەهۆی هــەواو ئارەزووپەرســتی‌و خراپەكارییــەوە، خــوای پەروەردگـــار لەوبـارەیەوە فەرموویـەتی: ﴿ وَنَفۡسٖ وَمَا سَوَّىٰهَا ﴿٧﴾ فَأَلۡهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقۡوَىٰهَا ﴿٨﴾ قَدۡ أَفۡلَحَ مَن زَكَّىٰهَا ﴿٩﴾ وَقَدۡ خَابَ مَن دَسَّىٰهَا ﴿١٠﴾ ﴾ الـشمس، واتـە: سـوێند بـە نـەفس‌و بـەو كەسـەی، كـە ڕێكـی خـستوە. جـا خراپـەكاریی‌و پارێزكـاریی فێركـردوە. بێگومـان كەسـێك پـاك‌و چـاكی كردبێـت سـەرفرازە. وە كەسـێك (لەژێر چڵك‌و چەپـەری گونـاحدا) سەرنگوومی كردبێ پەشـێمانە.

بەڵێ خوشـك‌و برا مسوڵمانە خۆشەویستەكانم !

نەفـسی ئینـسـان وەسـیلەیەكە، خاوەنەكـەی دەتوانـێ پێـی بـچێتە بـاخـە بـەرزەكانی بەهەشتەوە، ئەگـەر كۆنتـڕۆڵی بكات‌و بـەهۆی تـەقواو طاعەتـەوە تەزكـیەی بكـات، دەشـتوانێ پێـی بـەرەو دۆزەخ بـچێ‌و، بـە حاڵـی قـووڵی

دۆزەخدا خلـۆرو شۆربێتـەوە، وەك خـوای دادگـەر فەرموویـەتی: ﴿ فَأَمَّا مَن طَغَىٰ ﴿٣٧﴾ وَءَاثَرَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا ﴿٣٨﴾ فَإِنَّ ٱلْجَحِيمَ هِيَ ٱلْمَأْوَىٰ ﴿٣٩﴾ وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ وَنَهَى ٱلنَّفْسَ عَنِ ٱلْهَوَىٰ ﴿٤٠﴾ فَإِنَّ ٱلْجَنَّةَ هِيَ ٱلْمَأْوَىٰ ﴿٤١﴾ ﴾ النازعات، ئنجا کەسێك سنوور ببەزێنێ. وە ژیانی دنیا هەڵـبژێرێ. ئـەوە بێگومـان دۆزەخ جێگـایەتی، بـەڵام کەسـێك لەپایـەی پەروەردگـاری بتـرسێو نـەفس لـە ئارەزووەکانی قەدەغـە بکـات. بێگومان بەهەشـت جێگـایەتی.

بەڵـێ:

یاخی بوونو سنوور شکاندن + هەڵبژاردنی ژیانی دنیـا = چوونە دۆزەخ.

لــە خــوای پایــە بــەرز ترســان + گێڕانــەوەی نــەفس لــە ئــارەزووە (ناشـەرعییە)کانی = چوونـە بەهەشـت.

ئنجـا نەفـسی ئینـسانیش بـەڕای سـەرجەم زانـاو پـسپۆڕانی بـواری تەزکیـەو تەصـەووف سـێ حاڵـەتی هـەن:

١- (الـنَفسُ الأَمَّـارة بالـسّوء) وەك خــوای پەروەردگـــار لەســـەر زمـــانی (یوسـف) علیـه الـسلام فەرموویـەتی: ﴿ وَمَآ أُبَرِّئُ نَفْسِيٓۚ إِنَّ ٱلنَّفْسَ لَأَمَّارَةُۢ بِٱلسُّوٓءِ إِلَّا مَا رَحِمَ رَبِّيٓۚ إِنَّ رَبِّي غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿٥٣﴾ ﴾ یوسـف، واتـە: وە نەفـسی خۆم لە خراپەو هەڵە بەریی ناکـەم، چونکە بەڕاستی نـەفس زۆر فـەرمان بـە خراپـە دەکـات، مەگـەر پـەروەردگارم بـەزەیی بنوێنـێ (وئینـسان بپارێزێ)، دیارە ئەم حاڵەتو بارە خراپەی نەفس حاڵەتو باری ئاسایی‌و سـەرەتایی‌و ئەسڵـیەتی، بەرلـەوەی خاوەنەکـەی لـە بـواری تەزکیـەو جلەوکردنیدا دەستبەکاربووبێ‌و هەنگاوی نابێت.

Scanned by CamScanner

بەڵگەش لەسەر ئەوەی کە نەفس لە ئەسڵدا ئارەزوو مەیلی خراپەو تاوان دەکات، زۆرن یەکێکیان ئەو ئایەتەیە، کە قسەی پێغەمبەرێکی پاك و پایە بەرزی وەك (یوسف)ە علیه السلام، بەڵگەیەکی دیکەشی ئایەتی ﴿ فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَىٰهَا ﴿٨﴾ ﴾یە، کە دەقە لەسەر ئەوەی، کە نەفسی مرۆڤ لە ئەسڵی دروستبوونیدا، مەیل و ئارەزوو ئامادەیی گوناح و خراپەی تێدا دانراوە.

٢- (النَّفْس اللّوامـة) وەك خـوای ئاشکراو پەنهـانزان، فەرموویـەتی: ﴿ وَلَآ أُقْسِمُ بِٱلنَّفْسِ ٱللَّوَّامَةِ ﴿٢﴾ ﴾ القیامـة، واتـە: سوێندیش نـاخۆم بـە نەفسی زۆر سەرکۆنەکەر.

ئەمیش حاڵەتی دووەمی نەفسە، کە خاوەنەکەی دوای ئەوەی لە پاك و چاککردنی وەخۆ کەوتوەو، لە پرۆسەی تەزکیەیدا دەست بەکاربووەو بۆ سەفەری بەرو خوا چوون سازو تـەییار بـووە، دەیـەوێ نەفسی سەرکێش و یاخی لە یاخیی بوون (طغیـان) و سەرپێچییەکان (الـمعاصي)ەوە، بـەرەو فەرمانبـەریی (طاعـة) و کـردەوە چاکەکـان (الـصالحات) بگێڕێتـەوەو نەفسیـشی جاروبـار دێتـە ژێربـاری شـەرع و، جاروبـاریش دەگەڕێتـەوە سەرباریی ناڵەباریی پێشووی و، لۆمەو گلەییش لە خاوەنەکەی دەکات، کە بۆچـی ئـارەزووە ناشـەرعییەکانی لـێ قەدەغـە دەکـات ! یـان لۆمـەو سەرکۆنەی خۆی دەکات لەسـەر جاروبـارە لادان و خراپەکانی.

٣- (الـنَّفْسُ المُطْمَئِنّـة) وەك خـوای بەخـشەرو دادگـەر، فەرموویـەتی: ﴿ يَٰٓأَيَّتُهَا ٱلنَّفْسُ ٱلْمُطْمَئِنَّةُ ﴿٢٧﴾ ٱرْجِعِىٓ إِلَىٰ رَبِّكِ رَاضِيَةً مَّرْضِيَّةً ﴿٢٨﴾ فَٱدْخُلِى فِى عِبَٰدِى ﴿٢٩﴾ وَٱدْخُلِى جَنَّتِى ﴿٣٠﴾ ﴾ الفجـر، واتـە: ئـەی نەفسی ئارامگـرتوو ! بگەڕێوە لای پەروەردگـارت، تۆش ڕازی و ئەویـش لێـت ڕازیـیە. دەجـا بچـۆ نێـو ڕیـزی بەنـدە (هەڵـبژاردە)کـانمەوە، وە بچۆ بەهەشـتەکەمەوە.

Scanned by CamScanner

دیـارە ئـەم حاڵەتـەی نەفـسیش، حاڵـەتی سـێیەم و کۆتـایی تەزکیـەو (مجاهدة)یەو، نەفسی مرۆڤ لەم قۆناغ و حاڵەتەیدا گەیشتۆتە پلەی کامڵ بـوون، چونکـە خـوای دادگـەرو بەخـشـەر زۆر بـە لـوتف و ڕێـزو حورمەتـەوە بـانگی کـردوەو دواندوویـەتی، جگـە لـە وەسفـکردنی بـە ئۆخـژن و ئارامـگرتوویی، مـوژدەو مزگێنـی هـەم چوونە بەهەشت و، هـەم شادبوون بە دیـداری بەنـدە چـاک و پەسـەندو هەڵبـژاردەکانی و، هـەم ڕازیـبوونی و، هـەم خـوا لـێ ڕازی بـوونی، پـێ دراوە !! بێگومـانیش ئـەو هـەموو ڕێـزو لوتـف و بـەزەیی و بەخـشش و مـوژدەو مزگـێنییانـە، جگـە لـە ئینـسانی ئیمـان کامڵ و پێگەیشـتوو، شایسـتەی هیـچ کەسی دیکە نین !.

پێویستە ئەوەش بگـوترێ، کە هەرچەندە ملکەچکردنی ئینسـان بۆ هەواو ئارەزووەکانی نەفس، ڕێگرێکی زۆر بێـڕەزای سەر ڕێگای صاڵح بوون و بـەرەو خوا چوونە، بەڵام دەبێ وریاش بین، کە بە هیـچ جۆرێك ئیسـلام نـەك هەر فـەرزی ناکـات، بگـرە مۆڵـەتیش نـادات، کـە ئینـسان یـەکجاری ئـارەزووو داخوازییەکانی نەفسی کپ بکات و سەرکوتی بکات! چونکە ئەمە لەدرێژ خایەندا نەدەگونجێ و نـە تەزکیـەی نـەفس پـەکی لەسـەری کـەوتوەو، نـە ژیـانی دنیاش بەبێ ئەو داخوازیـیە سروشتیانەو وەڵامدانەوەی شەرعییـان بەڕێوە دەچێ.

هەربۆیـەش پێغەمبـەری پێـشـەواو کـارزانمان صـلی الله علیـە وسـلم لـە وەڵامی قسەو هەڵوێستی هەڵەو ناشـەرعییانەی ئەو کۆمەڵـەدا، کە هاتنە ماڵی پێغەمبـەر صـلی الله علیـە وسـلم و لـەبارەی چـۆنیەتی دینـداریی و طـاعـەتی شـەخسیی ئەو لە خێزانـەکانیان پرسیار کرد، پاشان گوتیـان: ئێمـە لەکـوێ و پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم لەکـوێ؟! کە خوا لە گوناحی ڕابردوو داهاتووی خۆشـبووە. ئنجـا یەکـیان گـوتی: مـن لەمـەودوا شـەوانە هەمیـشـە شـەونوێژ دەکەم، یەکێکیشیان گوتی: منیش بـەردەوام ڕۆژوو دەگـرم و نایـشکێنم، ئـەوەی دیکەش گوتی: منیش بەلای ژنانـدا ناچـم و هـەرگیز ژن نـاهێنم !! جـا کـاتێك

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم هاتەوە ماڵ پێی فەرموون: ئێوەن، کە ئاواو ئاواتان گوتوە؟! گوتیان: بەڵێ، جا پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لە وەڵامی ئەو قسەو هەڵوێستە هەڵەو عاتیفییەی ئەو سێ کەسەدا فەرمووی: {أَمَا واللهِ إِنِّي لأَخْشَاكُمْ للهِ، وَأَتْقَاكُمْ لَهُ، لَكِنِّي أَصُومُ وَأُفْطِرُ، وأُصَلِّي وَأَرْقُدُ، وَأَتَزَوَّجُ النِّساءَ، فَمَنْ رَغِبَ عَنْ سُنَّتِي فَلَيْسَ مِنِّي}[1]، واتە: ئاگاداربنەوە: بە خوا من لە هەموانتان لەخواترسترم‌و لە هەموانیشتان زیاتر پارێزکاریی لێ دەکەم: بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژووی (سوننەت) دەگرم‌و (جاری واش هەیە) نایگرم، شەونوێژیش دەکەم‌و دەشخەوم، ژنانیش دەهێنم، هەر کەسێکیش لە ڕێبازی من لابدات، ئەوە لەمن نیە.

کەواتە:

ئەوەی، کە شەرع فەرمانی پێکردوەو مۆڵەتی داوە، کۆنترۆڵکردنی نەفس‌و دەستەمۆو ڕامکردنی داخوازیی‌و غەریزەکانیەتی، کە لە سنووری شەرع دەرنەچن، نەك سەرکوتکردن‌و کپکردنی یەکجاریی، کە نە شتێکی گونجاوە نە دینداریی‌و طاعەتیش پێویستی بەوەیە، بەڵکو بە پێچەوانەوە تێرکردنی داخوازیی‌و غەریزەکان لەڕێی شەرعییەوەو، لە سنوورو ئەندازەی ڕێگا پێدراوی شەرعدا بە طاعەت‌و خێرو چاکەش لەقەڵەم دەدرێ، وەك پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەربارەی جیماعکردنی ئینسان لەگەڵ هاوسەریدا، فەرموویەتی: {وَفِي بُضْعِ أَحَدِكُمْ صَدَقَةٌ}[2]، واتە: وە جووتبوون‌و سەرجێیی کردنی یەکێکتان بە خێرو چاکە دادەنرێ !!

---

١) مُتَّفَقٌ عَلَيهِ: الْبُخَارِيُّ برقم: (٤٧٧٦)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٣٤٦٩)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٣١٧) عَنْ أَنَس بْنَ مَالِكٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ.

٢) رَوَاهُ أَحْمَد برقم: (٢١٥١١)، مُسْلِمٌ برقم: (١٤٠١)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٤١٦٧) عَنْ أَبِي ذرٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ.

Scanned by CamScanner

پێنجەم

شوێنکەوتن و لاساکردنەوەی کوێرانەی پێشینان و دەوروبەر

ئەوە کە لاساکردنەوەو شوێنکەوتنی کوێرانەی پێشینان و دەوروبەری خوارو هەڵە، دەورێکی گرنگی هەیە لە لادان و گێڕانەوەی ڕێبوارانی ڕێی صاڵح بوون و بەرەو خوا چووندا، ڕاستییەکی مێژوویی واقعیی و بەرچاوە، خوای بەرزو مەزنیش لە زۆر جێیان ئیشارەتی پێکردوە، پێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم لە چەند فەرموودەیەکدا باسی کردوە، بۆ نموونە: خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَكَذَٰلِكَ مَآ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ فِي قَرْيَةٍ مِّن نَّذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتْرَفُوهَآ إِنَّا وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّقْتَدُونَ ﴿٢٣﴾﴾ الزخرف.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ٱتَّبِعُوا۟ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ قَالُوا۟ بَلْ نَتَّبِعُ مَآ أَلْفَيْنَا عَلَيْهِ ءَابَآءَنَآ ۗ أَوَلَوْ كَانَ ءَابَآؤُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ شَيْـًٔا وَلَا يَهْتَدُونَ ﴿١٧٠﴾﴾ البقرة.

پێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: {مَا مِنْ مَوْلُودٍ إِلاَّ يُولَدُ عَلَى الْفِطْرَةِ، فَأَبَوَاهُ يُهَوِّدَانِهِ، وَيُنَصِّرَانِهِ، وَيُمَجِّسَانِهِ، كَمَا تُنْتَجُ الْبَهِيمَةُ بَهِيمَةً جَمْعَاءَ، هَلْ تُحِسُّونَ فِيهَا مِنْ جَدْعَاءَ}[1]، واتە: هیچ منداڵێك نیە کە لەسەر

---

١) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ، برقم: (١٢٩٢)، وَمُسْلِمٌ، برقم: (٦٩٢٦)، وَأَبو دَاوُدَ، برقم: (٤٧١٤) عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ.

Scanned by CamScanner

سروشتی ساغ ـی خواناسین - لەدایك نەبێ پاشان باب و دایکی دەیکەنە جوو، یان نەصرانیی، یان مەجووسیی، هەروەك چۆن ئاژەڵ بەچکەی ساغ و سەلیمی دەبێ، ئایا هیچ بەچکەیەکی لوت و گوێ بڕاویان تێدا دەبینن ؟!!

بەڵێ... باب و باپیران و خەڵك و دەوروبەر، دەورێکی کاریگەریان هەیە بۆ سەر ئینسان، چ بەلای چاکەدا، ئەگەر چاك بن و، چ بەلای خراپەو لادانـدا، ئەگەر خوانەکردە خراپ و لار بن، هەربۆیەش ئیسلام گرنگییەکی زۆر بە چاککردن (إصلاح)ی کۆمەڵگا دەدات، لە هەموو لایەنەکانی فیکریی و ئەخلاقیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و سیاسییەوە، چونکە هەروەك چۆن عەقڵی ساغ لە جەستەی ساغ دایە (العقل السليم في الجسم السليم)، بەهەمان شێوەش، مرۆڤی ساغ لە کۆمەڵگای ساغدایە (الإنسان السليم في المجتمع السليم).

شەشەم

بێ مامۆستایی و چاوساغیی

گرنگیی و پێویستیی ڕابەرو ڕێ پیشاندەر لە هەموو بوارێکی ژیانی ئینساندا، مەسەلەیەکی ڕوون و ئاشکرایەو مشت و مڕ هەڵناگرێ، بەلام لە بواری صاڵح بوون و بەرەو خواچووندا، ئەوە ئەو گرنگی و پێویستییە زیاتر دەبێتە مەسەلەیەکی ئاشکراو بەڵگەنەویست، چونکە مەسەلەی صاڵح بوون و بەرەو خواچوون، وەك لە پێشەوەش گوتمان، یەکجار گرنگ و ئاڵۆزو دژوارە، ئینسان زۆر وریاو بێدار نەبێ، گیرۆدەی سەدو یەك گیرو گرفت و کۆسپ و هەڵدێر دەبێت.

هەڵبەتە من لێرەدا مەبەستم ئەوە نیە بڵێم: ئینسان بەزەحمەت دەتوانێ خۆی چاك بکات و خواپەرستیی بکات، چونکە ئینسان بە سروشتی خۆی خواناس و خواپەرستە، وەك لە خاڵی پێشوودا لەو فەرموودەیەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەرکەوت، کە خستمانە ڕوو: مرۆڤ بە ئەسڵ و سروشت، چاك و پاك و خواناسە، بەڵکو ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە ئەوەیە، کە ئەگەر یەکێك بیەوێ، زۆر بە مەسەلەی خۆ چاککردن و خواناسیندا بچێتە خوارێ و، بەخواناسینێکی ئاسایی و هاکەزایی عەوامانە قایل نەبێ و، بە کەمی قەناعەت نەکات و، بەرەو چاکترو بەرزتر بڕوات، ئەوە دەبێ زۆر وریاو بێدار بێ و، مەگەر بەدەگمەن، دەنا مەبەستی ناوبراو، بەبێ مامۆستاو چاوساغێکی ڕاست و تەواو مەیسەر نابێت، ئنجا بۆیەش دەڵێم دەبێ زۆر وریا بێ، چونکە ئەو بەرەو لوتکەو دوندە بەرزەکانی

عیـرفانو خواناسـی دەچـێو، دیـارە ئینـسانیش، هـەتا بـەرزتر بێتـەوە، هـەم مەترسیی کەوتنە خوارەوەی پتـر لـێ دەکرێو، هـەم ئەگـەر بکەوێتە خواریش زیانی زیاتر دەبێت.

هـەر بۆیـەش ئەهـلی عیـرفانو تەصـەووفی ڕەسـەن، ئایـەتی: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَكُونُواْ مَعَ ٱلصَّـٰدِقِينَ ﴿١١٩﴾ ﴾ التوبـة، یـان کردۆتـە دروشمی ڕێبوارانی ڕێـی بەرەو خـوا چـوون.

بەڵێ هەر بەوەندە کارت پێك نایەت، کە پارێز لە خـوا بکـەی، بەڵـکو دەبـێ لەگەڵ (ڕاسـتان)یش دابی.

هـەروەك چـۆن قوتـابییەك، کـە دەیـەوێ فـێری زانیـاری پزیـشکی (علم الطب) بێت، هەر بەوەندە بە مراد ناگات، کـە کتێبو بەرهـەمی ئـەو زانایانـە بخوێنێـتەوە، کـە لـەوبارەوە شـارەزابوون، بـەڵکو پێویـستە لەسـەر دەسـتی شارەزاو چاوساغانی ئەو زانیـارییە، تـێ بگـاتو پـێ بگـات.

هەڵبـەتە وشـەی (شـێخ)یـش کـاتی خـۆی بـەو مەعنـاو مەبەسـتە بەکارهێنراوەو، بـە کەسـێك گوتراوە شـێخ، کـە بـە زمـانی حاڵو وتـار لەسـەر بنـچینـەی قورئـانو سـوننەتو لەبـەر تیـشکی شـەرحو تەفـسیری پێـشینان (سلـف)ی صالـحدا لە هەموو بوارو لایەنەکانی ژیاندا، خەڵـکی تێدەگـەیاندو پـێ دەگەیانـدو چاك دەکـردو بـەرەو خـوا دەبـرد، بـەڵام دوای لارێ بـوونو لـە ئیـسلام دوورکـەوتنەوەو ڕێ لێتێکـچوون، وشـەی ناوبراویـش، وەك دەیـان وشەو زاراوەی دیکەی ڕەسەنی ئیسـلام، دووچـاری گـۆڕانو شـێوێنران بوو.

Scanned by CamScanner

حەوتەم

بێ ئاگایی (الغفلة)

لەبیرچوونەوەو بێ ئاگایی، یەکێ دیکەیە لە کۆسپ و بەربەستەکانی سەر ڕێگای صاڵح بوون و بەرەو خوا چوون، چونکە هەر وەك چۆن دزو جەردە لەکاتی خەوتن و بێ ئاگایی و تاریکی نیوەشەودا، زەفەر بە بابای خاوەن ماڵ و خاوەن دووکان دەبەن و، گورگیش لەکاتی بێ ئاگایی شوانـدا، دەرفەت وەردەگرێ، شەیتانی بەدیش بەهەمان شێوە لەکاتی بێ ئاگایی ئینساندا، خەریکی کاری خۆی دەبێت، ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی دیکەشەوە، مرۆڤ بەهۆی بێ ئاگایی و خافڵانەوە، ئەگەر گریمان شەیتانیش دنەی نەدات و تووشی خراپەی نەکات، بێ ئاگایی و خافڵان، هەر خۆی لەخۆیدا تەمەن بەزایە چوون و کات لەدەست چوونەو، دیارە تاقە سەرمایەی دەستی ئینسانیش لەژیانیدا تەمەنیەتی و، ئەگەر ئەمیشی بەبێ هۆو سوود بەفیڕۆدا، مانای وایە خۆی دۆڕاندوە !!

دەربارەی مەترسیی و زیانی لەبیرچوونەوەو بێ ئاگاییش لەژیانی ئینساندا، دەقی قورئان و سوننەت زۆرن، کە بۆ نموونە هەندێکیان دەخەینە ڕوو:

- ﴿ وَلَقَدْ عَهِدْنَآ إِلَىٰٓ ءَادَمَ مِن قَبْلُ فَنَسِىَ وَلَمْ نَجِدْ لَهُۥ عَزْمًا ﴿١١٥﴾ ﴾ طه.
- ﴿ وَلَا تَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ نَسُوا۟ ٱللَّهَ فَأَنسَىٰهُمْ أَنفُسَهُمْ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَـٰسِقُونَ ﴿١٩﴾ ﴾ الحشر.

Scanned by CamScanner

* {الشَّيْطَانُ جَاثِمٌ عَلَى قَلْبِ ابْنِ آدَمَ، فَإِذَا سَهَا وَغَفَلَ وَسْوَسَ، وَإِذَا ذَكَرَ اللَّهَ خَنَسَ}[1]، واتە: شەیتان چۆکی لەسەر دڵی ئادەمیزاد داناون، جا ئەگەر یادی خوای کرد، خۆی پەنهان دەکات‌و، هەرکاتێکیش بێ ئاگا بوو، خوتخوتەی دەخاتە دڵەوە.

کەواتە: خوێنەری خۆشەویست !

هەوڵ بدە هەمیشە بەهۆی یادی خواوە ئاگادارو وریاو دڵ بێداربی‌و، وەك شوانێکی وریاو ئازاو بەمشوور، زۆر بە وردیی بەسەر ڕانەمەڕەکانی تەمەنت ڕابگەو چاودێرییان بکە، کە بێ هوودە لەدەست نەچن، بەهۆی یادی خواوە، با هەمیشە ماڵی دڵت ڕووناك‌و درەوشاوە بێ‌و، جێگەی شەمشەمە کوێرەو خوتخوتەو داڵغەی شەیتان‌و نەفسی بەدی تێدا نەبێتەوە.

---

١) رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ مُعَلَّقاً.

هەشـــتەم

شـەیتان

لەڕاســـتیدا شـەیتان لەعنـەتی خـوای لێبـێ سەختـتــرین و بێڕەزاتــرین کۆسپ و لەمپـەری سـەر ڕێگـای صالح بـوون و بـەرەو خواچوونە، خـوای بـەرزو مەزنمان جل جلاله، لە چەندەها ئـایەتـدا ئاماژەی بۆ ئەو مەسـەلەیە کـردوە، بۆ وێنە: ﴿إِنَّ ٱلشَّيۡطَٰنَ لَكُمۡ عَدُوّٞ فَٱتَّخِذُوهُ عَدُوًّاۚ ...﴾ (٦) فاطر، واتـە: بێگومـان شـەیتـان دوژمنتـانـە، دە ئێـوەش بیکـەنە دوژمنتــان.

بـەڵام ئێمـە بۆیـە خـستمانە دوای هـەموو کۆسـپ و بەربەسـتەکانی دیکـەی سـەر ڕێگـای نـاوبراو، چونکە شـەیتانی بـەد، هـەر بەهـۆی ئـەو حـەوت تەڵەو داوانـەی پێشـەوەیە، کە دەتوانێ زەفـەر بە ئینسـان بەرێ!

بەڵێ شـەیتانی نەگریس و پیس لەعنەتی خـوای لـێبێ، بەهـۆی: بە هەڵە لە ئیسلام حـاڵی بوون و، گونـاحە ڕواڵـەتیی و[1] پەنهانـەکان و، خۆشویـستنی دنیــاو، هـــەواو ئارەزووەکـــانی نەفـــس و[2]، شـــوێنکەوتن و لاســـاکردنەوەی کوێرانـەی پێشینان و دەوروبەری خوارو هەڵەو، بێ مامۆستایی و چاوساغیی و،

---

١) خودای بەرزو مەزنمان فەرموویـەتی: ﴿وَذَرُواْ ظَٰهِرَ ٱلۡإِثۡمِ وَبَاطِنَهُۥٓۚ﴾ (١٢٠) الأنعام، واتـە: وە واز لە گونـاحە ئاشـکراو پەنهانەکـان بێنـن.

٢) گوتراوە: (حب الدنيـا رأس كل خطيئة) هەڵـبەتە ئەم قسەیە زۆر جوان و ڕاست و بەجێـیە، بـەڵام سـەبارەت بە فەرموودەی پێغەمبەر لەقەڵەمـدرانی مـشـتـومڕی لەسـەرە، بڕوانـە (كشف الخفا و مزيل الإلبـاس)ی عجلوني، ب: (١)، ص: (٤١٢، ٤١٣).

بێ ئاگایی و لەبیرچوونەوەوە، دەرفەت لە ڕێبوارانی ڕێی بەرەو خواچوون دەبینێ و ئامانج و مەبەستی گڵاوی خۆیان - کە بریتیە لە خوا دوورخستنەوە، یان لانیکەم مەحتەل کردن — لێ وەدەست دێنێ.

جا مسوڵمانی بەڕێزو خۆشەویست !

ئەمانە بەکورتی هەشت کۆسپ و چەپەرو بەربەستە هەرە سەخت و بێزراکانی سەر ڕێگای صاڵح بوون و بەرەو خوا چوونن، خوا یاربێ زۆرت ئاگا لەخۆ بێ و چاکیان لێ وردببەوەو، هێندەی سەری دەرزییەش لێیان مەترسە، چونکە هیچ شتێك خۆی بۆ پیاوان (رجال) ڕاناگرێ و، هیچ کۆسپێك ڕێگا بەمەردی خوا ناگرێ، دیارە کەسێکیش گوڵی بوێ، دەبێ ئازاری دڕك و داڵیش لەخۆی بگرێ و، عارەبیش زۆر جوانیان گوتوە:

بِقَدَرِ الكدّ تكتَسَبُ المعالي

مَنْ طَلَبَ العُلى سَهَرَ اللّيالي[1]

ئیدی هیوادارم تۆی بەڕێزیش، تێکڕای ئەو گرێ و گۆڵانەی سەر ڕێت، بە بڕوای بەتین و عەزمی پۆڵایین و دڵی پڕ لە ئەوینەوە، وەك خەنجەری دەبان هەڵبڕی و تێیان نەوەستی و ڕانەوەستی، هەتا دەگەیە مەنزڵ و بە ئاکام و مراد دەگەی.

١) واتە: بەپێی هەوڵ و تێکۆشان و ماندووبوونی خۆت، پلەو مەنزڵگای بەرزت دەستدەکەوێ، ئەو کەسەش بیەوێ مەنزڵی بەرزی ببێ، شەوخوونیی زۆریش دەبینێ.

بەشی پێنجەم:

ڕوونکردنەوەی چەند ڕاستییەك و ڕاستکردنەوەی چەند هەڵەیەك لەبواری: تەزكیەی نەفسدا

www.iqra.ahlamontada.com

Scanned by CamScanner

خوشكو برا مسوڵمانە بەڕێزەكانم !

دوای ئەوەی لە بەشەكانی ڕابردوودا، تاڕادەیەك تیشكمان خستە سەر پێناسەی تەزكیەی نەفسو، قۆناغەكانی سەفەری بەرەو خوا چوونو، هۆكارەكانی صالح بوونو لە خوا نزیكبوونەوەو، كۆسپو بەرچەكانی سەر ڕێی ناوبراو، خوا پشتیوان بێ، لەم بەشی پێنجەمەشدا لە دوازدە خاڵی كورتدا چەند ڕاستییەك ڕوون دەكەینەوەو، چەند هەڵەو پەڵەیەكیش ڕاست دەكەینەوە، كە كەمو زۆر شوێنكەوتوو لایەنگرانی عیرفانو تەصەووفو، نەیارو ڕەفزكەرەكانیشی، تێیاندا دووچاری دوو نەخۆشی لەمێژینەی: تێپەڕاندنو بەزایەدان (إفراط وتفريط) بوونو دەبن.

خوا بە كەرەمی خۆی لەو كەسانەمان بگێڕێ، كە ئەم دوعایە دەكەنو لێشیان قبووڵ دەفەرمووێ: (اللّهُم أرِنا الحقَ حقّاً وارزقنا اتباعهُ وأرنا الباطل باطلاً وارزقنا اجتنابهُ) واتە: ئەی خوایە ! هەقو ڕاستییمان وەك خۆی پیشان بدەو، شوێنكەوتنیشیمان پێ ببەخشە، وە ناهەقو چەوتمان بە ناهەقو چەوت بخە بەرچاوو، یاریدەشمان بدە خۆمانی لێ دوور بگرین.

<u>یەكەم</u>: تەزكیەی نەفس خاڵی هاوبەشی نێوان سەرجەم مسوڵمانانە بەتایبەت زاناو پێشەوایانیان، بەڵام هەندێكیان تێیدا پسپۆڕ (مُتخصّص)ن:

بەڵێ خوێنەری خۆشەویست !

تەزكیەی نەفس، كە خوای پەروەردگار، سەرفرازیی موتەڵەقی كردۆتە ئەنجامو بەرهەمی، ﴿ قَدۡ أَفۡلَحَ مَن تَزَكَّىٰ ﴿١٤﴾ ﴾ الأعلى، بەپێچەوانەی بۆچوونی

زۆر کەسەوە، شتێك نیە، کە لەسەر کۆمەڵێکی دیاریکراو تاپۆ کرابێ، بەڵام وەك چۆن لەلایەنەکانی دیکەی دینداریدا وەك: بانگەوازو، جیهاد، فێرکردن و پەروەردەکردن...هتد، هەندێك کەس شارەزاو پسپۆڕترن، مەسەلەی تەزکیەی نەفسیش بەهەمان شێوەیە، ئنجا نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ، کە هەروەك چۆن مەرج نیە هەر کەسێك ناوی لە خۆی نا (سەلەفیی) بە ڕێبازو ئەدەبی پێشینەی چاك (السَّلف الصالح)ەوە پابەند بێتو، لە ڕووناکیی و بەرەکەتیان بەهرەمەند بێت، مەرجیش نیە هەر کەسێك شۆرەتی صۆفیایەتی وەرگرت، نێوەڕۆكو جەوهەری تەزکیەو عیرفانیشی تێدا هاتبێتە دی، بەڵکو هی وا هەیە لە سەلەفیی بوون، تەنیا ناوو، لە صۆفیی بوونیش بەس شۆرەتی پێ براوە. هەیشە چ ناوو لەقەبی سەلەفیی بوونی بەسەر خۆیدا نەبڕیوە، بەڵام وەك کاکڵو جەوهەر خێرێکی زۆری لە شوێنکەوتن و شوێن پێ هەڵگرتنی ئەو سێ وەچەو سەدەیە دیوە، کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم ئاماژەی پێ کردوون[1]، دوایش بە چاکترین سەدەکان (خیر القرون)یان پێشینەی چاك (السَّلف الصالح) ناوبانگیان دەرکردوە، وەك چۆن هی واهەیە بەبێ ناوی صۆفیی بەسەردا بڕان، گەورەترین پشكو بەشی لە حەقیقەتی تەزکیەو تەصەووفو عیرفاندا هەیە.

---

١) پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: {خَيْرُ أُمَّتِي قَرْنِي ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ }، رَوَاهُ الْبُخَارِيِ، برقم: (٢٥٠٨)، وە فەرموویەتی: {خَيْرُ القرون الْقَرْنُ الَّذِي بُعِثْتُ فِيهِمْ ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ}رواه مسلم، وە فەرموویەتی: {خَيْرُ النَّاسِ قَرْنِي ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ} رَوَاهُ الْبُخَارِيِ، برقم: (٦٦٣٥)، ومُسْلِمٌ، برقم: (٦٦٣٥)، انظر (السنة لإبن ابي عاصم،ج: (٢) ص: (٩٧٥- ٩٨٢)، و(السلسلة الصحيحة)،ج: (٢)، رقم: (٦٩١، ٧٠٠).

کەواتــە:

با وریاو بێدار بین و زیاتر سەرنجی نێوەڕۆك و جەوهەری خەڵکی بدەین، نەك دیکۆرو نـاوو ڕواڵەتیان، بۆئەوەی لە تێڕوانین و هەڵسەنگاندنماندا، بۆیـان دووچـاری هەڵـەو بۆچوونی سەیرو عەجایب نەبیـن.

<u>دووەم</u>: تەزکیـەی نـەفس لـە مەیـدانی کـارو خەباتـدا نـەبێ، وەك پێویـست نایەتەدی:

زۆر لـە ئـەهلی تەریقـەت و تەصـەووف، بـە بیـانووی سەرگەرمـبوون بـە تەزکیـەی نەفسیانەوە، نێـو خەڵـك و کۆمەڵگـاو مەیـدانی کـارو کاسـبیی و، گۆڕەپـانی جـەنگ و جیهـادو، مـشوورخواردن لـە کاروبـاری مـسوڵمانـان، بەجێدەهێڵن و بە خـەیاڵی خۆیـان بـەم ڕەفتارەیـان زەمینەسازیی دەکەن، بـۆ تەزکیـەبوونی نەفسـیان.

بەڵام لەڕاستیدا ئەو جۆرە بیـرکردنەوەو بۆچوونە هەڵـەیە، چونکە:

أ/ دەقەکانی قورئان و سوننەت ئـەوەمان لـێ دەفامرێتـەوە، کـە دەبـێ پرۆسـەی تەزکیـەی نـەفس لـە گەرمـەی کـارو کاسـبیی و چاڵاکیی و جموجۆڵـی نێـو کۆمەڵگادا ئەنجـام بدرێ، بۆ وێنـە:

خوای پەروەردگـار فەرموویـەتی: ﴿ فِي بُيُوتٍ أَذِنَ ٱللَّهُ أَن تُرۡفَعَ وَيُذۡكَرَ فِيهَا ٱسۡمُهُۥ يُسَبِّحُ لَهُۥ فِيهَا بِٱلۡغُدُوِّ وَٱلۡأٓصَالِ ﴿٣٦﴾ رِجَالٞ لَّا تُلۡهِيهِمۡ تِجَٰرَةٞ وَلَا بَيۡعٌ عَن ذِكۡرِ ٱللَّهِ وَإِقَامِ ٱلصَّلَوٰةِ وَإِيتَآءِ ٱلزَّكَوٰةِ يَخَافُونَ يَوۡمٗا تَتَقَلَّبُ فِيهِ ٱلۡقُلُوبُ وَٱلۡأَبۡصَٰرُ ﴿٣٧﴾ ﴾ النور، واتە: لە چەند ماڵێکدا، کە خوا فەرمانی کـردووە بەرزبکرێنـەوەو نـاوی ویـان تێـدا بهـێنرێ. پیاوانێـك بـەیانیان و ئێـواران

سەرگەرمی بەپاك گرتنینی، هیچ بازرگانییو مامەڵەیەك، لە یادی خواو نوێژ بەرپاكردنو زەكاتدان بێ ئاگایان ناكات، لەو ڕۆژە دەترسێن، كە دڵەكانو چاوەكان تێیدا هەڵدەگەڕێنەوە.

بەڵێ هونەرو ئازایەتی ئەوەیە، كە لە گەرمەی كارو كەسابەتی بازاڕو بازرگانیو مامەڵەدا، خوات لەبیر نەچێو فەرزەكان فەرامۆش نەكەی!

پێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: {إِنَّ الْمُؤْمِنَ الَّذِي يُخَالِطُ النَّاسَ وَيَصْبِرُ عَلَى أَذَاهُمْ أَعْظَمُ أَجْرًا مِنَ الْمُؤْمِنِ الَّذِي لاَ يُخَالِطُ النَّاسَ، وَلاَ يَصْبِرُ عَلَى أَذَاهُمْ}(١)، واتە: ئەو بڕوادارەی كە تێكەڵیی خەڵكی دەكاتو لەسەر ئازارو ناڕەحەتییەكانیشیان خۆڕاگرە پاداشتی گەورەترە لەو كەسەی كە تێكەڵی خەڵكی ناكاتو تەحەمولی ئازارو ناڕەحەتیشیان ناكات.

ب/ ئینسان لەمیانەی بەرەنگاربوونەوەو ڕووبەڕووبوونەوەی كێشەو گیروگرفتو دەردەسەرییو ناڕەحەتییەكانی ڕۆژگاردا، لە خۆی حاڵی دەبێ، كە ئایا ئەندازەی: خۆڕاگریی، ئازایەتیی، پشت بەخوا بەستنی، دوارۆژ هەڵبژاردنو دنیا بەكەم گرتنی، چەندەو چۆنە، وە لەڕاستیدا وەك غەزالی گوتوویەتی:

عەیبو ناتەواوییەكانی ئینسان كە بە (رذائل) ناسراون، وەك ئەو كوانو دوومەڵانە وان، كە لە جەستەیدا هاتوون، بەڵام هەتا شتێكیان پێ نەكەوێ، ئازاریان نابێو خاوەنەكەیان هەستیان پێ ناكەن!!

ج/ ئنجا ئەو خەڵكو كۆمەڵگایەی دەوری پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بە هاوڵە دڵسۆزو بەڕێزەكانیشیەوە، لە گەرمەی جەنگو بەرەنگارییو نەبەردییەكانو، لەمیانەی ئێشو ژانو گرفتارییو میحنەتە

---

١) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ في (الأدب المفرد)، برقم: (٣٨٨)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٤٠٣٢) وَصَحَّحَهُ الألباني في (السلسلة الصحيحة)، برقم: (٩٣٩).

Scanned by CamScanner

ماددیی و مەعنەوییە جۆراو جۆرەکانـدا لەمەحەکـدران و پاک و پیس و چاک و خراپەکانیـان، لـە یـەک هـەڵاوێران و جیـاکراونەوە، هـەر بۆیـەش خـوای کاربەجـێ لەکـاتی تیـشک خـستنە سـەر ڕووداوەکـانی جـەنگی ئوحـوود دا، فەرموویـەتی: ﴿ مَّا كَانَ ٱللَّهُ لِيَذَرَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ عَلَىٰ مَآ أَنتُمۡ عَلَيۡهِ حَتَّىٰ يَمِيزَ ٱلۡخَبِيثَ مِنَ ٱلطَّيِّبِۗ... ﴿١٧٩﴾ ﴾ آل عمـران، ناگـونجێ خـوا بـەو حاڵەتـەوە کـە ئێـوەی لەسـەرن، واز لـە بـڕواداران بهـێنێ و (تاقیتـان نەکاتەوە، بەڵکو حیکمەتی وا دەخـوازێ کە بتـانخاتە ژێـر تاقیکردنـەوەو ئەزموونەوە) هـەتا پیس و پـاک لـە یـەک جیـا دەکـاتەوە.

بەڵـێ وەک پێـشینان گوتوویـانە: (لـە بوارێـدا لاقـی ڕەش و سـپی دەناسرێن).

سێیەم: نەفسی تەزکیەکـراوو هـی تەزکـیە نـەکراو جیـاوازییـان لـە ڕادەی پابەنـدیی دایـە بە شـەرعەوە:

چونکە لـە باسـەکانی ڕابـردوودا گوتمـان: کـە بەرهـەمی تەزکیـەبوونی ئینسـان ئەوەیە، کـە ئیسـلام و ئیمانەکـەی چاکتـرو قووڵتـر بێت و بچێتـە پایـەی ئیحسـانەوە.

کەواتـە: با هیچ کەس بەتەما نەبێ، بەلاف لـێدانی ڕووت و نـاو لەخۆنانی بێ نێوەرۆک، دەست بکەیەنێتـە پلەو پایـەی تەزکیـە بوون.

بەڵکو کێ لەو هەقە، کە خوا بە پێغەمبەری خۆیدا صلى الله عليه وسلم ناردوویەتی، شارەزاتر بێت و پێیەوە پابەندترو بۆی گەردنکەچکەرتـر بێت، ئەوە نیشـانەی تەزکیەتر بوونیەتی، بە پێچەوانەشەوە، هەرکەسێک بەهەق نائاشناترو لـێی دوورتربێـت، ئـەوە زیـاتر شایەدیی ناتەزکـیەبوون لەسـەر خۆی دەدات، خـوای بـەرزو مـەزن فەرموویـەتی: ﴿ فَأَمَّا مَن طَغَىٰ ﴿٣٧﴾ وَءَاثَرَ ٱلۡحَيَوٰةَ

ٱلدُّنْيَا ﴿٣٨﴾ فَإِنَّ ٱلْجَحِيمَ هِيَ ٱلْمَأْوَىٰ ﴿٣٩﴾ وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ وَنَهَى ٱلنَّفْسَ عَنِ ٱلْهَوَىٰ ﴿٤٠﴾ فَإِنَّ ٱلْجَنَّةَ هِيَ ٱلْمَأْوَىٰ ﴿٤١﴾ النازعات، واتە: جا هەر کەسێك یاخیی بێت‌و ژیانی دنیا هەڵبژێری (بەسەر دواڕۆژدا)، ئەوە جێگای دۆزەخە، بەڵام هەرکەسێك لە پلەو پایەی پەروەردگاری بترسێ‌و، نەفسی لە ئارەزووەکانی قەدەغە بکات، ئەوە جێگای وی بەهەشتە.

وەك دەبینین خوای دادگەرو بەخشەر، چوونە دۆزەخی کردوە بە سزای تۆڵەی کەسێك، کە لە سۆنگەی سەرکێشیی‌و لە خوا یاخیبوونەوە، نەفسی (أمارة بالسوء)ی بەرەو زەلکاوی دنیاپەرستیی پەلکێشی کردوە، نیشتەجێبوونی بەهەشتیشی کردوە بەپاداشتی کەسێك، کە لە سۆنگەی ئیمان‌و لەخواترسانەوە، توانیویەتی نەفسی خۆی کۆنترۆڵ بکات‌و لە پاوانی ئارەزووە ناشەرعییەکان قەدەغەی بکات.

کەواتە:

باوەش بە ژیانی دنیاداکردن‌و، بەدوای هەواو ئارەزووەکانی خۆکەوتن‌و، شکاندنی قەدەغەکان‌و، بەزاندنی سنوورەکانی شەرع، درووشم‌و نیشانەی یاخی بوون‌و لەخوا نەترسانەو، بە پێچەوانەشەوە، خۆ کۆنترۆڵکردن‌و هەڵبژاردنی دواڕۆژ و دنیا بەکەمگرتنیش، نیشانەو بەڵگەی لەخواترسان‌و بۆ خوا صوڵحانە.

چوارەم: تاکە سەرچاوەی دینداریی‌و مسوڵمانەتیی کە تەزکیەی نەفسیش لایەنێکیەتی، شەریعەتی خوایەو هیچی دیکە:

بەڵێ خوێنەری بەڕێز!

وەك چۆن خوای فەرمانڕەواو بەدیهێنەر، لە پەرستراوێتی (الوهیة)یدا، هیچ هاوەڵ‌و هاوبەشی نین، شەریعەتەکەیشی لە

Scanned by CamScanner

بەرنامەیێتیدا هیچ هاوتاو هاوبەشی نین، دیارە مەبەستیش لە شەریعەت قورئان و سوننەتە.

کەواتە:

ئەوەی کە هەندێك لە ئەهلی تەصەووف بەزاریانەوە گرتوە، کە ئێمە سێ شتمان هەن: شەریعەت، طەریقەت، حەقیقەت !! مەگەر بە تەئویل و پینەکردنەوە، ئەگەرنا فڕی بەسەر ڕاستییەوە نیەو، نەك هەر قسەیەکی هەڵەو پووچە، بەڵکو جۆرێکیشە لە جۆرەکانی کوفرو شیرك.

ئاخر مادام خوای بالادەست و بەدیهێنەر فەرموویەتی: ﴿ ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَىٰ شَرِيعَةٍ مِّنَ الْأَمْرِ فَاتَّبِعْهَا وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَ الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٨﴾ ﴾ الجاثية، واتە: دوایی تۆمان (ئەی موحەممەد) خستە سەر بەرنامەیەك لە ئایینی (خۆمان)، دەجا شوێنی بکەوەو وە دوای ئارەزووی ئەوانە مەکەوە کە نازانن.

بەڵێ مادام وابێ، دیارە هەرشتێك جگە لە شەریعەت بە هەر ناوو نیشانەیەکەوە بێت، هەر دەکەوێتە جوغزی: ﴿ أَهْوَاءَ الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴾!!، ئاشکراشە، کە شوێن ئارەزووی نەزانان کەوتن بە دەقی قورئان حەرام و قەدەغەیە لە پێغەمبەری کۆتایی صلى الله عليه وسلم و ئۆممەتەکەی.

تەئویل و پینەکردنی قسەی ناوبراویش ئەوەیە، کە بگوترێ:

(**شەریعەت**) ئەو ئایین و بەرنامەیەیە، کە خوای بەخشندە بە دوایین پێغەمبەری خۆیدا ڕەوانەی کردوەو، بە غەیری ئەوەش ڕازی نابێ بکرێتە بەرنامەی ژیان: ﴿ ... وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا ...﴿٣﴾ ﴾ المائدة.

(**طەریقەت**)یش بریتیە لە ڕێبازو چۆنیەتییەکەی تایبەت، بۆ کارپێکردن و جێبەجێ کردنی ئەو بەرنامەو شەریعەتە، ئەو ڕێبازەش ڕێبازو ڕێو شوێن (طریقة وسنة)ی پێغەمبەری خوایە صلی الله علیه وسلم، شایانی باسیشە، کە هیچ کام لە پێشەواو چاوساغانی عیرفان و تەصەووف، جگە لە ڕێبازی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم شتێکی دیکەیان پێشانی شوێنکەوتووانی خۆیان نەداوە، کە ڕێبازەکەشیان دوای خۆیان بە ناوی شەخسی خۆیانەوە ناسراون، سووچی هەندێك لە شوێنکەوتووانی بیرتەسك و ناحاڵییان بووە، کە وایانزانیوە مەبەست لە (طەریقەی قادریی) و (طەریقەی نەقشبەندیی) و (طەریقەی ڕوفاعی) و (طەریقەی کوبرەویی) و (طەریقەی نەبهانیی)...هتد. چەند ئەدەب و ڕێو ڕەسمێکی دینداریـیە، کە هەرکام لە (عبدالقادر الجیلانی) و (بهاء الدین نقشبند) و (سید أحمد الرفاعي) و ... هتد دایان هێناوە !!

بەڵام بێگومان ئەو بۆچوونە وێڕای هەڵەو ناڕاستبوونی، گەورەترین تۆمەتی خراپیشە، کە پاڵ دەدرێتە لای ئەو پێشەواو خواناسانە - خوا لێیان خۆشبێ - کە هەوڵیان داوە بە موو لە شەریعەتی خواو[1] ڕێبازی پێغەمبەری پێشەوا صلی الله علیه وسلم لانەدەن[2].

(**حەقیقەت**)یش بەو شتانە دەگوترێ، کە ئینسانی مسوڵمان لە ئەنجام و بەرەکەتی جێبەجێ کردنی شەریعەتەوە، بە طەریقەیەکی تایبەت

---

١) وریابەو لێت تێکنەچێ وابزانی ڕێبازی پێغەمبەرمان صلی الله علیه وسلم بە جیاواز لە شەریعەت داناوە، چونکە (سوننەت) پێکهێنەری دووەمی شەریعەتەو ڕێبازو چۆنیەتیی پیادەکردنیشیەتی.

٢) ج جای شتێکی دیکەی تازەو جیا لە ئاییندا دابهێنن و، سەرەنجام خۆیان بە داهێنەر (مُبتدِع) دەربێنن!! وە لە جیاتی ڕێبوونی (ارشاد)کردن، سەر لە خەڵکی بشێوێنن!!.

پێیان دەگات، وەك: حەقیقەتی ئیمان و ئیسلام و ئیحسان و تەقواو یەقین و... هتد.

کەواتە:

هەرکام لە طەریقەت و حەقیقەتیش هەر لەنێو بازنەی شەریعەتدانەو دووشتی جیا نین، وە لە ڕاستیدا ئەو نەفام و نەزانانەی، کە طەریقەت و حەقیقەت بە جیا لە شەریعەت دادەنێن، حوکمی گومڕایی و لە ئایینی خوا دەرچوون بەسەرخۆیان و شێخ و طەریقەتەکانیشیاندا دەدەن، ئەگەر لە قسەکەیان وردبنەوەو بزانن چی دەڵێن !.

کورتەی قسان:

دروست نیە وێڕای وشەی شەریعەت و لە پەناو لەڕیزیدا، وشەکانی طەریقەت و حەقیقەت باس بکرێن مەگەر بەو ماناو چەمکەی کە گوتمان، کە طەریقەت دەبێتە ڕێبازو چۆنیەتی شەریعەت و، حەقیقەتیش دەبێتە بەرهەم و میوە (ثمرة)ی و هەردووکیشیان هەر لەخۆیەنی و لە خۆیەوە سەرچاوە دەگرن.

پێنجەم: با حەساسیەتمان سەبارەت بە وشەی (تصوّف) و هەڵەو پەڵەی نێو سەرچاوەکانی، وامان لێ نەکات لە خێرو بێرو چاکەکانی بێبەش بین:

پێشتر پێناسەی وشەی (تَصوّف)مان کردو پێویست بە دووبارەکردنەوە ناکات، ئەمیش وەك گەلێك وشەو زاراوەی دیکە[1] ڕاستەوخۆ لە قورئان و

---

١) بۆ وێنە هەرکام لە زاراوەکانی (العقیدة، علم التوحید، علم الکلام، الفقه الاکبر) بۆ ئیمان و مەسەلەکانیو زاراوەکانی: (فقه، أصول الفقه) بۆ باسا شەرعییەکان و چۆنیەتی هەڵهێنجانیان. وە زاراوەکانی: (تفسیر، علوم القرآن، تجوید) بۆ قورئان و لێ تێگەیشتنی، وە زاراوەکانی: (السنة، علم الحدیث، علم الجرح والتعدیل)و... هتد، لەو بابەتەن.

Scanned by CamScanner

سوننەتدا نەهاتوەو دوایی سەریهەڵداوەو، هیچ کاتێکیش زاناو پێشەوایان ئەو مەسەلەیەیان لە خۆیان نەکردۆتە گرفتو کێشەو گوتوویانە: (لا مُشاحّة في الإصطلاح) لەسەر زاراوە مشتو مڕ ڕەوانیە، ئنجا کەلەپووری (تصوف)و هەر کەلەپوورێکی دیکەش، کە بەرهەمی عەقڵو ئەزموونی ئینسانە، کەمو زۆر هەڵەو کەمو کورتی تێدا دەبێتو، هیچ جۆرێکی زانستی لەو یاسایە ڕیزپەڕ نیە، هەر لە تەفسیرەکانی قورئانەوە بیگرە، هەتا شەرحەکانی سوننەتو، سەرچاوەکانی (فقه)و، (اصول الفقه)و، (علم الکلام)و، زانیارییە عەقڵییو ئەزموونییە ڕووتەکانیش، ئەوە هەر هیچ مشتو مڕ هەڵناگرێ، کە هەڵەو کەمو کوڕیی زۆرو زەوەندیان تێدایە.

کەواتە:

با ئەو کەسانەی بەهۆی هەستیاری (حسّاسیّە)ی زیادیانەوە، بەرامبەر بەو وشەو زاراوەی (تصوُّف)و هەڵەو کەمو کووڕییەکانی بە موتڵەقیی، موتالاو سوود لێ وەرگرتنی سەرچاوەکانی ئەو زانیارییە لەخۆیان قەدەغە دەکەن، بزانن هەڵوێستەکانیان لەڕووی شەرعو عەقڵەوە هەڵەیە، لەڕووی شەرعەوە هەڵەیە، چونکە خوای کاربەجێ فەرموویەتی: ﴿ ٱلَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُۥٓ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَىٰهُمُ ٱللَّهُ ۖ وَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمْ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَـٰبِ ﴿١٨﴾ ﴾ الزمر، واتە: ئەو کەسانەی کە بۆ هەموو قسەیەك گوێ ڕادەدێرن، وە شوێن باشترینی دەکەون، ئەوانە کەسانێکن، کە خوا هیدایەتی داون، وە ئەوانەن خاوەنی عەقڵان.

لەڕووی عەقڵیشەوە هەر هەڵەیە، چونکە شتێکی زۆر بێجێو نامافووڵە، کەسێك خۆی لە مێوەو بەرهەمی باغێکی گەورە بێبەش بکات، هەر

لەبەرئەوەی کە چەند دانە میوەیەکی کرچ و کاڵ یان ڕزیوو کرمێ و خراپ، بە هەندێك لە درەختەکانییەوە هەیە !! ئاخر ماقووڵە کەسێك خۆی لەو هەموو زانیاری و قسە وردو قووڵ و نەستەقانەی نێو کتێبی (إحياء علوم الدّين)ی ئیمام غەزالی کە لەبارەی تەزکیەی نەفسدا کردوونی، بێبەش بکات، هەر لەبەرئەوەی، کە چەند بۆچوونێکی هەڵەو دزەکردوو لە فەلسەفەی یۆنانیی و هیندیی و بووذیی و، لە ڕەهبانیەتی نەصرانییەکانیەوەی تێدایە، یان لەبەرئەوەی هەندێك دەقی بەناو فەرموودە (حدیث)ی لاوازو هەڵبەستراوی[1] تێدا هەن؟! وە ئایا کەسێك وابکات، دەتوانێ بڵێ بەگوێرەی ئایەتی: ﴿ ٱلَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُۥٓ...﴿١٨﴾ ﴾ الزمر، ڕەفتارم کردوە، یان دەبێ بەپێی پەندی: (شەلم کوێرم کەس نابوێرم) هەڵسوکەوتم کردوە؟!![2].

---

١) ئاشکراشە کە هێنانەوەی بەناو فەرموودەی لاوازو هەڵبەستراو بە بەڵگە لەلایەن زاناو پێشەوایەکی وەك غەزالییەوە کەم و کوڕییە، بەڵام (عراقی) گیروگرفتەکەی بۆ حەل کردوەو (احیاء)یش کتێبی فەرموودە نیە، تاکو لەوێدا بۆ فەرموودان بگەڕێین، کەواتە با بەپێی یاسای (خُذْ ما صفا دَع ما كَدَرَ) ڕەفتاری لەگەڵ بکەین و تەنیا قورئان و سوننەتیش لە هەڵە پارێزراون.

٢) إبن تيمية لە کتێبی (الفرقان بين أولياء الرحمن وأولياء الشيطان)دا دەربارەی چۆنیەتی وشەی (صوفية) دواوە، کە پێشتر وشەی (القرّاء) بەکاردەهات بۆ کەسانێك کە دینداری و گاعەتێکی تایبەتیان هەبووە، پاشان گوتوویەتی: {وقد تنازع الناس: أيّهما أفضل مُسمّى الصوفي أو مسمّى الفقير؟! و يتنازعون أيضاً: أيّهما أفضلُ الغني الشاكر أم الفقير الصابر.؟! و الصواب في هذا كله ما قاله تبارك وتعالى: ﴿ ...إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ ٱللَّهِ أَتْقَىٰكُمْ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ ﴿١٣﴾ ﴾ الحجرات، بڕوانە: (تفسير القاسمي)، ج: (٩)، ص: (٥٦، ٥٧)، کەواتە: با ئێمەش لەو زاناو پێشەوایانەمانەوە زانیاری و حیکمەت و ئەدەب فێربین و قسەی سەرکێڵانە نەکەین.

Scanned by CamScanner

شەشەم: خاوەنی تەزکیە بوون و صۆفیی و دەروێش بوون، یان لەنێو طەریقەتدا بوون، دوو شتی پێکەوە پەیوەست (متلازم) نین:

زۆر لە ئەهلی طەریقەت گومانیان وایە، کە هەر کەسێك سەر بە یەکێك لە ڕێبازەکانی تەصەووف نەبێ، بگرە هەندێکیان دەڵێن: ئەگەر لەنێو ڕێبازەکانی ئەوان دانەبێ و هاومەسلەکیان نەبێ، مەگەر ڤیر سپی بێ و وشتر بە کونی دەرزییەوە بچێ، ئەگەرنا دەستی لە تەزکیەی نەفس گیر نابێ و چاوی بەو (حاڵ)و (مەقام)انە ناکەوێ، کە بابای ڕێبوار (سالك)ی ڕێی بەرەو خواچوون پێیاندا ڕەت دەبێ:

بەڵام لەڕاستیدا ئەم بۆچوون و گومانەش هەڵەو پووچە، چونکە:

١/ هیچ بەڵگەیەکی شەرعی لەسەر نیەو لاف لێدانێکی ڕووتە.

٢/ عەقڵ و واقیعیش بە درۆی دەخەنەوەو، هاوەڵە بەڕێزو دڵسۆزەکانی پێغەمبەری خواو صلى الله عليه وسلم ناودارانی بنەماڵەی بەڕێزی و پێشەواو زانایانی وەك: (الحسن البصري و ابن سيرين و ابن المسيِّب و عمر بن عبد العزيز وأبو حنيفة ومالك وسفيان الثوري و شافعي و أحمد و داود الظاهري و طبري و...هتد) کە هیچ مسوڵمانێك گومانی لە ئیمان کامڵی و تەزکیەبوون و صاڵح بوونیاندا نیە، چاکترین و بەهێزترین بەڵگەن لەوبارەوە، چونکە هیچ کامیان سەر بە هیچ ڕێبازێکی تەصەووف نەبوون و، جگە لە ڕێبازی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم هۆگری شتێکی دیکە نەبوون.

ئنجا لەلایەکی دیکەشەوە مەرج نیە هەر کەسێك ناوی صۆفیی و دەروێش و دێوانەو موریدی لەسەر بوو، وە سەر بەیەکێك لە ڕێبازە ناسراوەکانی تەصەووف بوو، حەتمەن خاوەنی نەفسێکی پاك وچاك (مُزكّاة) بێت، بەڵکو هەیانە جگە لەناو شتێکی چنگ نەکەوتوەو، یەکجار بۆخەڵ و بیسو یەککەوتووو دواکەوتوە!

Scanned by CamScanner

حەوتەم: (وەلی) کێیەو (کەرامەت) چییە؟!

١- وشەی وەلی (ولـيّ):

وشەیەکی عارەبییەو لە زمانی کوردیدا بە (دۆست) تەرجەمە کراوەو، وشەی (ولیّ)یش چەند واتەیەك دەبەخشێ، کە ڕەنگە وشەی (دۆست) بە کوردی کۆیان بکاتەوە، وەك: (مُحِبّ، ناصر، قریب، محبوب...)، واتە: خۆشەویست، پشتیوان، نزیك، خۆشویستراو. بۆ پێناسەی (ولیّ)یش، چونکە خوای پەروەردگار پێناسەی کردوە، پێویستمان بە قسەو پێناسەی هیچ کەس نیە، خوای پەروەردگار لە پێناسەی دۆستانی خۆیدا فەرموویەتی: ﴿أَلَآ إِنَّ أَوْلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٦٢﴾ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَكَانُوا۟ يَتَّقُونَ ﴿٦٣﴾ لَهُمُ ٱلْبُشْرَىٰ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَفِى ٱلْـَٔاخِرَةِ ۚ لَا تَبْدِيلَ لِكَلِمَـٰتِ ٱللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿٦٤﴾﴾ یونس، واتە: ئاگاداربن! بێگومان دۆستانی خوا نەترسیان لەسەرە، وە نە خەفەتبار دەبن. ئەوانەی ئیمانیان هێناوە (بە هەرچی کە ئیمان پێهێنانی پێویستە) وە پارێزکاریی دەکەن. لە ژیانی دنیاو لە دوارۆژیشدا موژدەو[1] دڵخۆشییان هەیە، گۆڕان بۆ بڕیارەکانی خوا نیە ئەوەیە سەرفرازیی مەزن.

---

١) ڕستەی ﴿... لَهُمُ ٱلْبُشْرَىٰ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَفِى ٱلْـَٔاخِرَةِ ... ﴿٦٤﴾﴾ یونس، بە دوو جۆر تەفسیر کراوە: یەکەم: لە فەرموودەیەکدا کە (ترمذي وأحمد) لە (أبو الدرداء) گێڕاویانەتەوە هاتوە، کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: {هي الرُّؤيَا الصَّالِحَةُ يَرَاهَا الْمُسْلِمُ أَوْ تُرَى لَهُ}، واتە: خەونی باشە کە ئینسان خۆی دەیبینێ، یان پێیەوە دەبینرێ، دووەم: (زهري و عطاء وقتادة) گوتوویانە: (هي البشارة التي تبشر الملائكة المؤمن في الدنيا عند الموت) واتە: ئەو مزگێنییەیە کە فریشتەکان بە بڕواداری دەدەن لە دنیادا لەسەرە مەرگدا، بڕوانە: (الجامع لاحكام القرآن) للقرطبي، ج: (٤)، ص: (٢١٥).

Scanned by CamScanner

وەك دەبینین خوای هیدایەتدەر، بەندە دۆستو خۆشەویستو نزیکەکانی خۆی بەم پێنج سیفەتە پێناسەکردوە:

١) نەترسان: (مەبەست نەترسانە لەو شتانەی، کە خەڵکی ئاسایی لێیان دەترسن).

٢) غەمگین نەبوون: (مەبەست خەفەت نەخواردنو دڵتەنگ نەبوونە بەهۆی دنیاوە).

٣) ئیمان هەبوون.

٤) پارێزکاریی کردنە پیشە.

٥) موژدە پێبەخشران لە دنیاو دوارۆژدا.

جا هەرچەندە دۆستەکانی خوا، بە هەر کام لەم پێنج سیفەتانە پێناسەکراون، بەڵام ئیمانو تەقوا (الإيمان والتقوى) دوو سیفەتی ڕاستەوخۆی ناسێنەریانن.

کەواتە:

سەنگی مەحەكو تەرازووی هەڵسەنگاندنی دۆستەکانی خوا، بریتیە لە ئەندازەی بەهرەمەندبوونیان لە بڕواو پارێزکاریی، کە ئەمانیش ئەگەر بە جیا جیا باس بکرێن، هەر کامیان سەرجەم ئایینو بەرنامەی خوا بەرواڵەتو پەنهانەوە دەگرێتەوە، بەڵام ئەگەر پێکەوە باسکران، (ئیمان) حاڵەتی ناسینو زانینو ملکەچیو قبووڵکردنی دەروونییو، (پارێزکاریی)یش پابەندیو جێبەجێ کردنو گەردن کەچیی ڕواڵەتییو ئاشکرا دەگەیەنن.

کەواتە:

هەر کەسێك ئیمانو تەقوای بەیەکەوە تێدا کۆنەبنەوە، ناگونجێ بەدۆستی خوا دابنرێ، بۆ وێنە: منداڵی کچکە، شێت، ئینسانی گوناحبار...

مادام وابێ، ئەوەی کە هەندێك كەس لە خەڵکی عەوام بە ئەهلی طەریقەتیشەوە لەنێوانیاندا باوە، کە زۆرجار ئینسانی شێتو گێلو حۆل، کە تەنانەت عەقڵی پاكو خاوێنیشیان نیە، یان کەسێك، کە هیچ شارەزاییەکی لە شەریعەتو حەلاڵو حەرامو چاكو خراپدا نیە، یان کەسێك، کە نوێژ، یان ڕۆژوو، یان هەر فەرزێکی دیکە دەچوێنێ، یان بە ئیسپات دەستی لە گوناحو خراپەدا هەیەو لەسەریشی بەردەوامە، یان کەسێك، کە وابەستەو دابەستەی کۆمەڵو لایەنێکی کافرو دژ بە خواو ئیسلامە...هتد، بە وەلیو دۆستی خوا دەزانن، ئەوە گومانو بۆچوونێکی هەڵەو ناشەرعییە، ئاخر کێ هەیە هێندەی خوا بە دۆستەکانی خۆی ئاشنا بێتو بیانناسێ ! دەجا خوای زاناو پەنهان بین، بەو جۆرە، کە گوتمان دۆستو خۆشەویستەکانی خۆی پێناسە کردوەو، هیچ کەسیش بۆی نیە مادام ڕێز لە شەرعی خواو عەقلی خۆی بگرێ، لەو پێناسەو تەرازوو پێوەری خوا لابدات.

شایانی باسیشە، کە مادام هەرکام لە ئیمانو تەقوا چەندان پلەیان هەیە، دیارە دۆستانی خواش هەروانو دۆستی خوا بوونیش گوێرەیو ڕێژەیی (نسبي)یەوە، تەنیا پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام دۆستانی موتلەقو پلەیەکی خوانو، دوای ئەوانیش پلە پلەو پێ بە پێیە.

ئێستاش بۆ زیاتر بەرچاوڕوونیی، با چەند دەقێکی سوننەتو چەند قسەیەکی زاناو پێشەواپانیشمان دەربارەی پێناسەی دۆستانی خوا بێنینەوە؛ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: {إِنَّ اللهَ تَعَالى يَقُولُ: مَنْ عَادَى لِيَ وَلِيّاً، فَقَدْ آذَنْتُهُ بِالْحَرْبِ...}[1]. واتە: خوای بەرز دەفەرموێ: هەرکەس دژایەتی دۆستێکم بکات، ئەوە جاڕی جەنگم لە دژی داوە.

---

١) رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ، برقم: (٦١٣٧)، وَابْنُ حِبَّانَ، برقم: (٣٤٧)، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ.

Scanned by CamScanner

هەروەها لە وەڵامی پیاوێکدا، کە لێی پرسی: {يَا رَسُولَ اللهِ مَنْ أَولِيَاءُ اللهِ ؟! قَالَ: (الَّذِينَ إِذَا رُؤُوا ذُكِرَ اللَّهُ)}[١]، واتە: ئەی پێغەمبەری خوا ! دۆستانی خوا کێن ؟!، فەرمووی: ئەوانەن کە کاتێك دەبینرێن، خوا دەکەوێتەوە یاد.

هەروەها فەرموویەتی: {إِنَّ مِنْ عِبَادِ اللهِ عِبَاداً يَغْبِطُهُمُ الأَنْبِيَاءُ وَالشُّهَدَاءُ قِيلَ: مَنْ هُمْ يَا رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ؟ قَالَ: قَوْمٌ تَحَابُّوا فِي اللهِ مِنْ غَيْرِ أَمْوَالٍ، وَلاَ أَنْسَابٍ، وُجُوهُهُمْ مِنْ نُورٍ، عَلَى مَنَابِرَ مِنْ نُورٍ، لاَ يَخَافُونَ إِذَا خَافَ النَّاسُ، وَلاَ يَحْزَنُونَ إِذَا حَزِنَ النَّاسُ، ثُمَّ قَرَأَ: ﴿أَلَآ إِنَّ أَوْلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ٦٢﴾}[٢]، واتە: بێگومان خوا لەنێو بەندەکانیدا هەندێك بەندەی هەن، کە پێغەمبەران و شەهیدان خۆزگەیان پێ دەخوازن ! گوترا: ئەوانە کێن ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وسلم ؟! فەرمووی: کەسانێك، کە لەبەر خوا یەکدیان خۆشدەوێ، بەبێ ماڵ و سامان و خزمایەتی (لە نێواندا هەبوون)، ڕوویان درەوشاوەیە و لەسەر چەند دوانگەیەکی درەوشاوەن، کاتێك، کە خەڵکی دەترسن، ئەوان بێباکن، لەکاتی دڵتەنگی و بەژارەشیاندا ئەوان بێ خەمن، پاشان ئەمەی خوێندەوە: ﴿أَلَآ إِنَّ أَوْلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ٦٢﴾.

(ابو عثمان النيسابوري) لەوبارەوە گوتوویەتی[٣]: {(مَنْ أَمَّرَ السنّة على نَفسِهِ قولاً فعلاً نطق بالحكمة، ومَنْ أمَّرَ الهَوى على نَفسِهِ قولاً فعلاً،

---

١) رَوَاهُ البَزَّار، برقم: (٥٠٣٤)، عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا.

٢) رَوَاهُ ابْنُ جَرِير، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٣٥٢٧)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٥٧٣)، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، وَصَحَّحَهُ الألباني.

٣) بڕوانە: (تفسیر القاسمي)، ج: (٩)، ص: (٥٩).

Scanned by CamScanner

نطقَ بالبِدْعة، لِقولِهِ تعالـى: ﴿... وَإِن تُطِيعُوهُ تَهْتَدُوا...(٥٤)﴾ النـور}،
واتـە: هەركەسـێك لـە قسـەو كرداريـدا سـوننەت بەسەرخۆيـەوە بكـاتە حوكمڕان، حيكمـەتى لـێ دەبيـسترێ، هـەر كەسـێكيش لەقسـەو كرداريـدا بەقسەى ئارەزووەكانى بكات، بيدعـەى لـێ دەبيـسترێ، چونكە خـواى بـەرز فەرموويەتى: {ئەگەر فەرمانبەرى پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بكەن، ڕێـى ڕاسـت دەگـرن}.

هەروەهـا (اِبـن تيميـة) لەوبـارەيەوە لـە ناميلكـەيەكيدا بـەناوى (الفرقـان بين أولياء الرحمن وأولياء الشيطان)دا شتى زۆر چاكى گوتوە، بۆ وێنـە:

{* وە دۆسـتانى خـوا (بەگـشتى) دوو چـينن: پێـشكەوتووان و نزيكـخراوان (سابقون و مقرّبون) وە ميانەڕەوانى لاى ڕاست (اصحاب يمين مقتصدون)، كە خـواى پەروەردگـار لـە چـەند شـوێنێكى كتێبـى خۆيـدا باسـى كـردوون، جـا هەرچـى چاكەكـارانى لاى ڕاسـتن، ئەوانـەن، كـە تـەنيا بـە ئەنجامـدانى فەرزەكـان و خۆپاراسـتن لـە قەدەغـەكراوەكان، لـە خـوا نزيـك دەكەونـەوە، بـەلام ئەنجامـدانى سـوننەتەكان و وازهێنـان لـە زيـادەى شـتە موباحـەكان و ئەوانـەيان نيـە، بـەلام پێـشكەوتوە نزيكـخراوەكان شـتە ناپەسـەندەكان (مكروهات)يـش دەسـت لـێ هەڵدەگـرن.

* وە دۆستانى خـوا بـەهيچ دروشـم و نيـشانەيەكى ئاشكرا لـە خەڵكى جيـا ناكرێنـەوە، وەك بـەرگ و پۆشاكى تايبەتى و، سـەرتاشـين يان كورتـكردنەوەى يـان هۆنينـەوەى، مـادام هەموويـان موبـاح بـن، بۆيـە گـوتراوە (كـم مـن صدّيق فـي قباء، و كـم من زنديق فـي عباء).

* وە دۆسـتانى خوا لە هەموو چين و توێژەكانى ئۆممەتى موحەممەددا صلى الله عليـه وسـلم هـەن، مـادام لـە ئەهلـى بيدعـەت و گونـاحە ئاشـكرايەكان

Scanned by CamScanner

نەبن، لەنێو ئەهلی قورئان و ئەهلی زانست و، ئەهلی جەنگ و چەك و، لەنێو بازرگان و خاوەن پیشەو جوتیاران و... هتددا دەبن... وە پێشینان (سلف) بە خەڵکی زۆر بەدین و شارەزایان دەگوت؛ قورئان خوێنەکان (القرّاء) کە زانایان و خواپەرستانیش دەگرێتەوە، پاشان ناوی صۆفییان و هەژاران (الصوفية و الفقراء) پەیدا کرا..

* وە بۆ دۆستی خوا (وليّ الله) بەمەرج نەگیراوە، کە لە هەڵە پارێزراو (معصوم) بێت و تووشی هەڵەو خراپە نەبێت، بەڵکو دەگونجێ، کە بەشێك لە زانیاری شەریعەتی لێ پەنهان بێت، وە هەندێك شتی دینی لێ تێکەڵ بێت، هەتا هەندێك شت، کە خوا فەرمانی پێی کردوە، وابزانێ خوا قەدەغەی کردوە، وە دەگونجێ هەندێك شتی نائاسایی (خارق العادة) بە کەرامەت بزانێ، بەڵام لەڕاستیدا لە شەیتانەوە بێت بۆ سەرلێتێکدانی و، لەبەر کەم و کورتیی و پلەو پایەی دۆستایەتییەکەی نەزانێ، کە ئەوە لە شەیطانەوەیە، هەرچەندە بەم شتانەش لە دۆستایەتیی خوا ناشۆرێ، چونکە خوا چاوپۆشیی کردوە لە هەڵەو، لەبیرچوونەوەو، بە تۆبزیی لێکران (الخطأ والنسيان وما استكرهوا عليه).

* کەواتە دۆستانی خوا (أولياء الله) بە سیفەت و کردەوەو ڕەفتارەکانیان، کە قورئان و سوننەت ڕوونیان کردوونەوەو، بە ڕووناکیی ئیمان و قورئان و بە حەقیقەتە پەنهانەکانی ئیمان و بەرنامەو دروشمە ئاشکراکانی ئیسلام، دەناسرێن.

* ... جا مادام وابێ، ئەگەر بابایەك حەز بە پیس و پۆخڵیی و ڕەفتاری ناقۆڵا بکات، کە شەیطانەکان حەزیان لێ دەکەن، یان کەیفی بەنێو کەرماوو ئاودەست و شوێنی پیس بێت کە شوێنی شەیطانەکانە، یان مارو دووپشك و زەردەواڵەو گوێچکەی سەگان بخوات، کە شتی پیسن، یان

میـزو شـتی پـیس، بخواتــەوە، یـان لـە غـەیری خـوا وەپـاڕێ‌و هـاواری دروستکراوەکـان بکـات‌و ڕوویـان تـێ بکـات، یـان بـەرەوڕووی شێخەکـەی سـەجدە ببـات... یـان بچێتـە گۆڕسـتانەکان‌و تێیـاندا بمێنـێتەوە... یـان حەز بـە بیـستنی قورئــان نەکـات‌و لـێی بسـڵەمێتەوەو، گوێ گـرتن لـە گۆرانی‌و ئامرازی شـەیطانیی بەسـەردا هـەڵبژێرێ.. ئا ئەوانە لـە نیشانەو دروشمەکانی دۆستانی شـەیطانن، نەك دۆسـتانی خوای بەخشندە[1]} .

٢- دەربـارەی کـەرامەت (الكرامة) یش هەر بە کـورتی دەڵـێین:

ئاشـکرایە کەسـێك کەسـێکی خۆشـبوێ، ڕێـزو حورمـەتی دەگـرێ، خـوای بێوێنەو بەخشـەریش بێگومان ڕێزی دۆستو خۆشـەویـستانی خـۆی دەگـرێ‌و، وشـەی (کـرامـة)یـش، کە بـۆ دۆسـتانی خـوا (أولیـاء الله) بەکـارهـاتوە، هـەر لەسـەر ئـەو بنــاغەیەیە، بـەڵام وەك زۆر بابــەت‌و مەسـەلەی دیکــە، مانــاو چەمکــە ئەسـڵییەکـەی گـۆڕاوەو شــتی دیکـەی ڕەگـەڵ خـراوە، هـەتا وای لێـهاتوە، ئێـستا لەبیــرو زەینــی زۆربــەی خەڵکیــدا، بـە بیـستنی وشـەی کـەرامەت، یەکسەر شتی یاسادڕ (خارق العادة)ی وەك فـڕین‌و، بەسـەر ئـاودا ڕۆیـشتن‌و، نیــازی نێـو دڵ زانـین‌و، شـتی سەرسـوڕهێنەر ئەنجامــدان، پەیـدا دەبن‌و، پێیــان وایە هەر کەسێك ئەو جۆرە شتانەی لـێ بینران، یـان بیـسران، ئــەوە ئەهــلی کەرامەتــەو لـەلای خـوا بەقـەدرو حورمەتـە، بـا دینـداریی‌و پابەندییەکـەشی بە شـەرعەوە جێـی گومـان‌و مشــتومڕ بێـت !!

---

١) بڕوانە: (تفسیر القاسمي)، ج: (٩) ص: (٥٣- ٥٩)، کە لە نامیلکـەی نـاوبراوی وەرگرتــوە، خـوا پاداشـتی نووسـەرو وەرگێڕ بداتـەوەو پلـەو پایـەیان بـەرزتر بکاتـەوە، هەروەهــا بڕوانـە (مجموعة الفتــاوی)، ج: (١١)، ص: (٩٠ - ١٦٩).

Scanned by CamScanner

جا هەرکەسێك ئەو شتانەی پالٚ نەدرانە لا، هەرچەندە یەکجار صالح و پارێزکارو دیندارو چاکەکار بێت، ئەوە هیچ نیەو جارێ هەر لە ئاستی خەڵکی عەوام و ئاسایی دایەو، شتێکی شایانی باسی پێنیە !!

بەلاّم بێگومان ئەو بیرو بۆچوونە عەوامانەیە هەڵەیەو، هیچ بەڵگەیەکی شەرعیی لەسەر نیە، وەك زاناو پێشەوایانی هۆشیارو دڵ بێدار گوتوویانە: (الإستقامة عَلَى الشريعَة أعْظم كَرَامَةَ)، واتە: ڕاوەستاویی و دامەزراویی لەسەر جادەی شەریعەت، گەورەترین کەرامەتە، واتە: باشترین جۆری ڕێزو حورمەت گرتنی خوا، لە بەندەیەکی دۆست و نزیکی خۆی ئەوەیە، کە یارمەتی بدات، هەمیشە لەسەر ڕێبازو جادەی شەریعەت بێت و لانەدات.

چونکە ئا ئەوەیە، کە بە دۆستانی خوا (أولياء الله) نەبێ ئەنجام نادرێ، ئەگەرنا، شتی سەیرو عەجایب، وەك لە بەشی شەشەمدا باسی دەکەین، خەڵکی ئاسایی و بگرە خەڵکی بێ دین و کافریش دەتوانن ئەنجامیان بدەن !

ئەوەی گوتیشمان دەقەکانی قورئان و سوننەت دەیگەیەنن و، ئەمەش بەڵگە:

أ/ خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ ... إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ ٱللَّهِ أَتْقَىٰكُمْ ... ﴿١٣﴾ ﴾ الحجرات، واتە: بێگومان بەڕێزترتان لەلای خوا پارێزکارترتانە.

کەواتە:

پارێزکاریی (تَقْوى)، کە بریتیە لە پابەندیی ڕواڵەتیی و دەروونیی بە وردو درشتی ئیسلامەوە، تەرازووو سەنگی مەحەکی لە خوا نزیکبوون و لەلای خوا بەڕێزو حورمەتبوونە، نەك شتێکی دیکە، مادام وابێ، بۆ زانینی ئەوە، کە ئایا فلاّنەکەس ڕێزو حورمەتی لای

خوا هەیە، یان نا ؟! وە بە زاراوەی خەڵکی عەوام: ئایا کەرامەتدارە، یان نا ؟! ئەوە دەبێ سەرنجی ڕاددەی پارێزکاریی و پابەندیی بدەین، نەك شتی دیکەی لێ بکەینە نیشانە، کە بە (خوارق) ناسراون، چونکە ئایەتەکە فەرموویەتی هۆکارو نیشانەی ڕێزو حورمەت و کەرامەت هەبوون، پارێزکارییە.

ب/ گومانی تێدا نیە، کە هەرکەسێك دۆست (وَلِيّ)ی خوا بێت، لەلای خوا ڕێزو پایەو حورمەتی تایبەتی خۆی هەیە، واتە: هەموو (وەلییەك خاوەن کەرامەتە)، دەجا خوای دادگەریش ڕایگەیاندوە، کە هەرکەسێك پارێزکار (متقي) بێت دۆستی خوایە، وەك فەرموویەتی: ﴿... وَمَا كَانُوٓاْ أَوْلِيَآءَهُۥٓۚ إِنْ أَوْلِيَآؤُهُۥٓ إِلَّا ٱلْمُتَّقُونَ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٤﴾﴾ الأنفال، واتە: ئەوانە (هاوبەشدانەرەکان) دۆستی خوا نین، دۆستانی وی تەنیا پارێزکارانن، بەڵام زۆربەیان نازانن.

کەوابێ، ئەگەر مەسەلەکە وەك هاوکێشەیەك دابڕێژین، ئاوا دەردەچێ:

هەموو پارێزکارێك دۆستی خوایە، هەموو دۆستێکی خواش خاوەن ڕێزو کەرامەتە، کەواتە هەموو پارێزکارێك خاوەن کەرامەتە.

ئنجا گومانیش لەوە دانیە، کە هەموو ئەوانەی پارێزکارن، شتی سەیرو عەجایب و پاسادر(خارق العادة)یان لێ نەبینراوە، کەواتە دەبێ هەر خودی ئەو پارێزکاریی و ڕاوەستاوییە لەسەر شەریعەت (التقوى والإستقامة على الشريعة)ە، بریتی بێ لەو ڕێزو حورمەت و کەرامەتەی، کە خوای بەخشەر بە دۆستانی صالح و پارێزکاری خۆی بەخشیویەتی.

Scanned by CamScanner

ج/ ئەم فەرموودەیەش هەمان شت دەگەیەنێ:

{عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنَّهُ سُئِلَ: أَيُّ النَّاسِ أَكْرَمُ ؟ قَالَ: أَتْقَاهُمْ}[1]، واتە: پرسیار لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کرا: کە ئایا کێ لە هەموو خەڵکی چاکترە؟! فەرمووی: پارێزکارترینیان.

ئاگاداری:

دیارە نابێ هیچ کەسیش بە هەڵە لەم قسانەمدا وا حاڵی بێت، کە گوایە من دەڵێم: دۆستانی خوا خاوەنی کەرامەت نین، بە چەمك و واتای عورفی و عەوامانەکەی !! نەخێر مەبەستم ئەوە نیە، چونکە ئەوە ڕاستییەکی نکووڵیی لێنەکراوو سەلمێنراوە، چەندان دەقی قورئان و سوننەت و ئەزموونی ڕوون و مشتومڕ هەڵنەگری دۆستانی خوا، بەڵگەینی، بەڵام من ویستوومە بڵێم، کە کەرامەتی دۆستانی خوا (کە مەبەست ڕێز لێگرتنی خوایە بۆیان بە ماناو چەمکە قورئانی و سوننەتییە ڕاستەکەی) بەر لە هەموو شتێك بریتیە لە پارێزکاریی و دینداریی و ڕاوەستاوییان لەسەر جادەی شەریعەت، کە بەبێ ئەوە (دۆستی خوا بوون) ئیسپات نابێ، ئەمەش بریتیە لە ڕێزو حورمەت لێگیرانی، کە سەرجەم دۆستانی خوا کەم و زۆر تێیدا بەشدارن و، هیچ کەس بەبێ ئەم جۆرە کەرامەتە - کە کەرامەتی ڕاستەقینە هەر ئەمەیە - بە دۆست (وَلِيّ)ی خوا دانانرێ، بەڵام شتی سەیرو سەرسوڕهێنەر بۆ خەڵکی عەوام، کە بە (خوارق) ناسراون، ئەوە تێکڕا بە شتێکی لاوەکیی و جوزئیی دادەنرێن، کە مەرج نیە بە هەموو دۆستانی خوا

---

١) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ: البُخَارِيُّ برقم: (٤٤١٢)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٦٣١١)، وَالدَّارَمِيُّ برقم: (٢٢٣)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٦٤٨).

Scanned by CamScanner

بدرێن و، مەرجیش نیە ئەوانەی، کە ئەو جۆرە شتانەیان لێ ببینرێ بەرزترو پایەبەرزتر بن – لەلای خوا - لەوانەی دیکە، کە لێیان نابینرێن.

کۆتایی ئەم باسەش بەچەند قسەیەکی زۆر بەنرخی یەکێک لە زاناو پێشەوایانی بواری عیرفان و تەزکیەی نەفس دێنم، کە ئەویش (أبو علي الجوزجاني)یە:

گوتوویەتی: {(كَنْ طالِباً للإستقامة لا طالِباً للكرامة، فَسبيل الصّادق مطالبة النّفس بالإستقامة فهي كل الكرامة، ثم إذا وقع في طريقهِ شيء خارقٌ كان كأنْ لَم يَقَعْ ولا يُبالي. ولا يَنقُصُ بذلك. وإنما ينقُصُ بالإِخْلالِ بواجبِ حق الاستقامَةِ)، واتە: بەدوای ڕاوەستاویی لەسەر شەریعەت (الإِستقامة)دا عەودالْ بە، نەك بەدوای کەرامەتدا، چونکە ڕێبازی خواپەرستی ڕاست ئەوەیە، کە داوا لە نەفسی بکات لەسەر جادەی شەرع دامەزراوو نەلەخشاو بێ، کەرامەت سەرتاپا لەوە دایە، پاشان ئەگەر لە ڕێگایدا شتێکی نائاسایی (خارق العادة) دی، با هەروا بزانێ، کە هیچ نەبووەو گوێی پێ نەدات، ئەگەر وابکات ئەو شتە زیانی لێ نادات، بەڵکو بەوە کەم دەکات، کە ئەو ئەرکانەی مافی ڕاوەستاویین لەسەر شەریعەت، کەمتەرخەمیی یان تێدا بکات[1]}.

لەم قسە بەهێزو پێزانەی ئەو پێشەوا خواناسەوە دەزانین، کە ئەوەی لەنێو خەڵکیدا باوەو ناوی کەرامەتی بەسەردا بڕاوە، لەلای پیاوانی خوا شتێکی شایانی باس نیەو، بگرە ئەگەر خاوەنەکەی خۆی پێوە خەریك بکات زیانیشی پێ دەگەیەنێ.

---

١) بڕوانە: (مجموعة الفتاوى)، ج: (١١)، ص: (٣٢٠، ٣٢١)، شيخ الإسلام ابن تيمية.

Scanned by CamScanner

هەشتەم: خورپەو خەون (الإلهام و الرؤيا)[1] و هەڵسەنگاندنیان:

مەسەلەیەکی دیکە، کە بۆتە جێگای کێشەو مشتومڕی زۆرو تێیدا بەهەڵەداچوونی گەلێك کەس، مەسەلەی خورپەو خەون و ئەو زانیاری و شارەزاییانەیە، کە لەڕێی وانەوە ئینسان دەستگیری دەبن.

جا ئێمە خوا پشتیوان بێ لە سێ بڕگەدا ئەو مەسەلەیە دەتوێژینەوە:

١/ پێناسە:

مەبەست لە وشەی (إلهام)، کە من بە کوردی وشەی (خورپە)م بۆ هەڵبژاردوە، بەو جۆرە زانیارییە دەگوترێ، کە ئینسان بەبێ بەڵگەهێنانەوەو بیرکردنەوە، دەخرێتە دڵییەوە، چونکە زانایان ئاوا پێناسەیان کردوە:

{الإِلهام: في اللغة: التلقين (أَلْهَمَهُ اللهُ الخيرَ أي لَقّنَهُ إيّاهُ).}[2]، لە زاراوەی ئەهلی (تصوف)دا {هو النّفث في الرُّوْعِ والإِيقاع في القلب من العلم الغير القائم على الإِستدلال والنظر}[3].

چەند وشەیەکی دیکەش هەن کە هەمان واتا، یان واتایەکی زۆر نزیك لێیەوە دەگەیەنن، وەك (الكَشف، الحَدسْ، الذَّوق، البصيرة، العلم اللّدنّي،...).

---

١) ئەم باسەم بە پوختەکراوی لە یەکێك لە دەرسەکانی (ئیمان و عەقیدەی ئیسلامیی) وەرگرت، کە (الحمد لله) ئامادە دەکرێن بۆ چاپ، ستایش بۆ خوا چاپ کراوە، بڕوانە: (ئیمان و عەقیدەی ئیسلامیی...)، بەرگی دووەم.

٢) بڕوانە: (القاموس المحيط).

٣) بڕوانە: (معجم مصطلحات الصوفية)، ص: (٢٣).

Scanned by CamScanner

مەبەست لە وشەی خەون (رؤیا) ئەوەیە، کە ئینسان لەکاتی خەوتندا دەیبینێ‌و، هەمووممان دەزانین چییەو دواتریش زیاتر تیشکی دەخەینە سەر.

٢/ بەڵگەی ڕاستبوونی زانیاری وەدەستهێنراو لەڕێی خورپەو خەونەوە:

زانایان سەرجەم لەسەر ئەوە، کە دەگونجێ لەڕێی هەرکام لە خورپەو خەونەوە، ئینسان زانیاری‌و شارەزایی دەستگیربێ، یەکدەنگن‌و، ئەم دەقانەش بە بەڵگە دێننەوە:

یەك: خورپە:

أ) ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تَتَّقُواْ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّكُمۡ فُرۡقَانٗا ... ﴿٢٩﴾ ﴾ الأنفال، واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! ئەگەر پارێزکاریی لە خوا بکەن، زانیارییەکی جیاکەرەوەی (هەق‌و ناهەق)تان پێ دەبەخشێ.

ب) {لَقَدْ كَانَ يَكُونُ فِي الأُمَمِ قَبْلَكُمْ مُحَدَّثُونَ فَإِنْ يَكُنْ فِي أُمَّتِي مِنْهُمْ أَحَدٌ فَإِنَّ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ مِنْهُمْ}[1].

ج) {اتَّقُوا فِرَاسَةَ الْمُؤْمِنِ، فَإِنَّهُ يَنْظُرُ بِنُورِ اللَّهِ ثُمَّ قَرَأَ: ﴿ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّلۡمُتَوَسِّمِينَ ﴿٧٥﴾ ﴾الحجر}[2]، واتە: لەبەر چاوڕوونیی‌و سەرناسیی بڕوادار پارێز بکەن، چونکە بە ڕووناکی خوا دەڕوانێ، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە، (بێگومان لەوەدا نیشانە گەل هەن بۆ دڵڕۆشنان).

---

١) أخْرَجَهُ مُسْلِمٌ برقم: (٦٣٥٧)، وَاللَّفْظُ لَهُ، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٣٦٩٣) عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا.

٢) أخْرَجَهُ السيوطي فِي (الدر المنثور) والبُخَارِي فى التاريخ الكبير، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٣١٢٧)، وَقَالَ: حَدِيث غريب، وَرَوَاهُ الطَّبَرَي وَغَيْرَهُم عَنْ أبِي سَعِيدِ الْخُدْرِيِّ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، وضعَّفَهُ الألباني في (السلسلة الضعيفة) برقم: (١٨٢١).

Scanned by CamScanner

د/ {عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ قَالَ: مَا سَمِعْتُ عُمَرَ لِشَيْءٍ قَطُّ، يَقُولُ: إِنِّي لأَظُنُّهُ كَذَا إِلاَّ كَانَ كَمَا يَظُنُّ}[١]، واتە: هیچ کاتێك نەمبیستوە عومەر (بابم) بە شتێك بڵێ: پێم وایە ئاواو ئاوایە، حەتمەن هەر وابووە، کە پێی وابووە.

هـ/ ئەوە کە (أبو بکر) خوا لێی ڕازی بێ، هەواڵیدا، کە ئەو کۆرپەیەی زگی خێزانی کچۆڵەیە[٢].

و/ بانگ هێشتنی عومەر خوا لێی ڕازی بێ لە مەدینەوە بۆ (سارية بن زنيم الدئلي)، کە فەرماندەی سوپای مسوڵمانان بوو لە وڵاتی فارسو، ئەویش گوێبیستی بوو، کە گوتی: (يا سارية الجَبَلَ) ئەی ساریە ! بچۆ بۆ شاخەکە، ئەویش وایکردو ڕزگاری بوو[٣].

ز/ ڕەخنەگرتنی (عثمان بن عفان) خوا لێی ڕازی بێ لە پیاوێك، کە لێی وەژوورکەوت، کە بۆ ئافرەتی نامەحرەمی ڕوانیوە: کابراش گوتی: أَوَحِيٌّ بَعْدَ رَسُولِ الله ؟! قَالَ: (لاَ وَلَكِن فراسة صَادِقَة)، واتە: ئایا پاش پێغەمبەری خوا وەحی هاتوە؟!، گوتی: نە ، بەڵام دڵڕۆشنییەکی ڕاستە[٤].

---

١) رَوَاهُ البُخَارِي، برقم: (٣٦٥٣).

٢) بڕوانە: (مجموعة الفتاوى)، ج: (١١)، ص: (٣١٨).

٣) بڕوانە: (شرح اصول اعتقاد أهل السنة والجماعة)، ج: (٩)، ص: (١٢٧- ١٢٩)، (كرامات أولياء الله).

٤) بڕوانە: (إحياء علوم الدّين)، ج: (٣)، ص: (٢٥).

Scanned by CamScanner

دوو: خـەون:

أ/ پێغـەمبەری خـوا صلى الله عليه وسلم فەرموويـەتی: {الرُّؤْيَـا الْحَسَنَةُ مِـنَ الرَّجُـلِ الصَّالِحِ، جُـزْءٌ مِـنْ سِـتَّةٍ وَأَرْبَعِـينَ جُـزْءًا مِـنَ النُّبُـوَّةِ}[1]، واتـە: خـەونی چـاك لـە پیـاوی صـاڵحەوە، بەشـێكە لـە چـلو شـەش بەشـی پێغەمبـەرایەتی: (واتـە جۆرێكـە لە وەحـی).

ب/ هەروەها فەرموويـەتی: {الرُّؤْيَا ثَـلاثٌ: فَالرُّؤْيَا الْحَسَـنَةُ بُشْـرَى مِن اللَّهِ، وَالرُّؤْيَـا تَحْزِيـنٌ مِن الشَّـيْطَانِ، وَالرُّؤْيَـا مِمَّا يُحَـدِّثُ بِهِ الإِنْـسَـانُ نَفْـسَـهُ}، واتـە: خـەون سـێ جـۆرە: خـەونی بـاش لـە خـواوەیە، خـەونێك، كـە دڵتەنگكەرە لە شـەیطانەوەیە، خەونێـك، كە بریتیـە لـەو شتانەی كـابرا لە كـاتی بێـداری بە دڵـیدا دێـنو بیـریان لـێ دەكاتەوە[2].

ج/ عەبدوڵـڵای كـوڕی عـەبباس خـوا لـە خـۆیو بـابی رازی بـێ گوتوويـەتی: {رُؤْيَـا الأَنْبِيَـاءِ وَحْـيٌ}[3]، واتـە: خـەونی پێغەمبـەران (عَلَـيهِم الـصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) وەحـیيـە.

د/ (ابـن قيـم الجوزيـة)ش گوتوويـەتی: (وَ رُؤيَـا الأَنْبيَـاء وَحـيٌ، فإِنَّهـا مَعْصومَةَ مِن الشيطان باتفـاق الأُمَّـة)[4].

---

١) أَخْرَجَهُ مَالِك، برقم: (١٧١٣)، وَأَحْمَد، برقم: (١٢٢٩٤)، وَالبُخَارِي، برقم: (٦٥٨٢)، وَابْنُ مَاجَـهْ، برقم: (٣٨٩٣)، وَابْنُ حِـبَّانَ، برقم: (٦٠٤٣).

٢) أَخْرَجَهُ الحَاكِمُ، برقم: (٨١٧٤)، وَالدَّارَمِيُّ، برقم: (٢١٤٣) وغيرهُ، واللَّفظُ لَهُ، وَصَحَّحَهُ حسين سليم أسد.

٣) أَخْرَجَهُ الحَاكِم فِي (مستدركه)، برقم: (٨١٩٧)، بڕوانە: (الجامع لأحكام القرآن) القرطبـي: ج: (٨)، ص: (١٠٢).

٤) بڕوانە: (مدارج السـالكين شرح منـازل السائرين)، ج: (١)، ص: (٥١).

Scanned by CamScanner

هـ/ هەروەها ڕاست دەرچوونی خەونی هەرکام لە (مەلیك)ی میصرو دوو هاوەڵـە زیندانییەکـە (صاحبي السِّجن)، کـە لـە سـووڕەتی (یوسف)دا گێڕراونـەوە، ئایەتەکـانی: (٣٦ تا ٤٩) وە (یوسف) سەلامی خوای لێبێ بـۆی لێکـدانەوە، بەڵـگەیەکی دیکەی زۆر پتـەوە، کە لەڕێـی خەونـەوە زانیـاری ڕاسـت وەدەسـت دێ، تەنانـەت، ئەگـەر خـەونی بابـای کـافرو بێدینیش بێـت !!

٣/ هەڵسەنگاندن (التقییم):

هەڵسەنگاندنی خۆمـان بـۆ چـۆنیەتی هەڵسوکەوت کـردن لەگـەڵ ئـەو زانیـارییانەی، لەڕێـی هەرکـام لە ئیلهـامو خەونـەوە دەستگیـر دەبن، لەم چەند خاڵەدا دەخەینە ڕوو:

أ/ هەم خورپەو، هـەم خەونیش، شتی گـشـتی نـین، وەك وەحیو عەقڵو پێنج هەستەکان، بەڵکو تایبەتن بـە هەنـدێك کەسو هەنـدێك حاڵەتـەوە، بە سەرنجدانی دەقەکانی قورئـانو سوننەتیـش، کە لـەوبارەوە هاتوون، ئـەو مەسـەلەیە بـە ڕوونیـی دەردەکـەوێ، بـۆ وێنـە: خـوای کـاربەجێ فەرموویەتی: ﴿ فَوَجَدَا عَبْدًا مِّنْ عِبَادِنَآ ءَاتَيْنَٰهُ رَحْمَةً مِّنْ عِندِنَا وَعَلَّمْنَٰهُ مِن لَّدُنَّا عِلْمًا ﴿٦٥﴾ ﴾ الكهف، وەك دەبیـنین: هـەم سـەرجەم ڕستـەکەو، هەم وشـەی (مِنْ)یش، کە بۆ (تَبعیضْ)ە، بە ئاشکرا ئەوەی گوتمان دەیگەیەنن، هـەروەهـا فەرموویــەتی: (الرُّؤْيَـا الْحَسَنَةُ مِـنَ الرَّجُـلِ الصَّالِحِ)، کـە دەبینیــن، هـەم خەونەکـە قەیـدی (حسنة)و، هـەم پیاوەکـەش قەیـدی (صـالح) یـان جـۆتە سـەرێ، کەواتـە: نـە هـەموو کەسـێك نـە هـەموو خەونێکیش، جێی متمانەو ئیعتبارن.

ب/ هیچ کەس بۆی نیە ئەو زانیارییەی، کە لە ڕێی خورپە، یان خەونەوە دەستگیری دەبێت، وەك شەرع و جیا لە شەرع سەیری بکات، بەڵکو دەبێ لەبەر ڕۆشنایی شەرعدا وەریبگرێ، (أبو سليمان الداراني) لەوبارەیەوە گوتوویەتی: (قدْ تَقَعُ في قلبي نُكْتَةٌ من نكت القومِ فلا اقبلها الاّ بشاهِدَيْ عَدْلٍ: الكتاب والسنة).

هۆی ئەمەش ئەوەیە، کە هەر کام لە خورپەو خەون، سێ جۆرن و مەگەر چۆن دەنا ئینسان دڵنیا نابێ، کە ئایا ئەو خورپەیە، یان ئەو خەونە لە کام جۆرەیە، پێشتر ئەو فەرموودەیەمان هێنایەوە، کە جۆرەکانی خەونی باسکردن، بۆ جۆرەکانی خورپەش، زانایان هەمان ڕایان هەیە: (ابن حجر العَسقلاني) گوتوویەتی: (... وبأن الخاطِرَ قد يكون من الشيطان وقد يكون من النفْسِ)[1].

ئنجا بابەت (موضوع)ی خورپەو خەونیش لە سێ حاڵان بەدەر نیە: یان پێچەوانەی شەرعە، کە دەبێ ڕەد بکرێتەوەو وەرنەگیرێ، یان گونجاو (موافق)ە، ئەوە وەردەگیرێ، یان هیچ کام لەم دوو لایەی دیار نین، ئەوە وەك موباح دادەنرێ و دروستە کاری پێ بکرێ، (ابن الحجر) لەوبارەوە گوتوویەتی: {والذي عليه الجمهور أنه لايجوز العمل به (أي بالإلهام) الاّ عند فَقْدِ الحُجَجِ كلّها في باب المباحِ}[2].

ج/ وێڕای ئەوە، کە نابێ بابەتی خورپە، یان خەونەکە ناشەرعیی بێت، ئەوجار ئیعتیباری پێ دەکرێ، خودی بابای خورپە بۆ هاتوو، یان خەون دیتوو، خۆیشی، نابێ لە ڕێیەکی ناشەرعییەوە هەوڵی

---

١) بڕوانە: (فتح الباري)، ج: (١٤)، ص: (٤١٧).

٢) هەمان سەرچاوەو بەرگو لاپەڕە.

Scanned by CamScanner

وەدەستهێنانی ئەو زانیاری و شارەزاییەی دابێ، وەك: وازهێنان لە فەرزەکان، زۆر خۆ ئەزیەتدان، دوورکەوتنەوە لە قورئان، پەنا بردنەبەر چەند جۆرە عیبادەتێکی داهێنراو (بدْعي)، گۆشەگیری یەکجاری لە کۆمەڵگا...هتد، کە بەداخەوە زۆرجاران خەڵکی مسوڵمان بەگشتی و ئەهلی طەریقەت بەتایبەت، گیرۆدەی ئەو جۆرە ڕەفتارانە بوو ون، بەهۆی بێئاگایی لە قورئان و سوننەت و ڕێو شوێنی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم و هاوەڵە بەڕێزەکانی (رضي الله عنهم) و شوێنکەوتوە ڕەسەنەکانیان، ئنجا هۆی ئەوەش، کە ئەگەر هات و بابای خاوەن خورپەو خەون، بەهۆی ئەو جۆرە ڕەفتارە ناشەرعییە داهێنراوانەوە، زانیارییەکی دەستکەوت، جێی ئیعتیبار نیەو متمانەی پێ ناکرێ، ئەوەیە، کە هەر شتێك لە ڕێی شەرعی و ڕاست و دروستەوە نەبێ، دڵنیا نابێ، کە ڕاستەو زیاتر گومانی هەڵەیی و ناتەواوی لێدەکرێ، خوای کاربەجێ لەوبارەوە فەرمووویەتی: ﴿وَٱلْبَلَدُ ٱلطَّيِّبُ يَخْرُجُ نَبَاتُهُۥ بِإِذْنِ رَبِّهِۦ ۖ وَٱلَّذِى خَبُثَ لَا يَخْرُجُ إِلَّا نَكِدًا ...﴿٥٨﴾﴾ الأعراف، واتە: زەوی پاك و چاك بە فەرمانی پەروەردگاری ڕووەکەکەی دێتە دەرێ، بەڵام هی بێ پیت و پیس، مەگەر شتی بێ خێرو کەم، ئەگەرنا هیچ سەوز ناکات...

پێغەمبەریش صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: {مَنْ أَحْدَثَ فِي أَمْرِنَا هَذا مَا لَيْسَ مِنْهُ فَهُوَ رَدٌّ}[1]، واتە: هەر کەسێك لەم ئاینەماندا شتێك پەیدا بکات، کە لەوی[2] نەبێت، ئەوە ڕەد کراوەیە.

١) أخْرَجَهُ مُسْلِمٌ، برقم: (٤٥٨٩)، وَابْنُ حِبَّانَ، برقم: (٢٦)، عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا.
٢) واتە: بنچینە گشتییەکانی شەریعەت نەیگرنەوەو لەگەڵ ڕووحی ئیسلامدا نەگونجێ.

Scanned by CamScanner

بە کورتی:

زانیاری دەستکەوتن و دڵ و چاو ڕۆشنبوونەوە، لەڕێی خورپەو خەونەوە، جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕێزگرتنی خوا لە بەندەکەی (کەرامەت)، ئەمەش مەگەر بۆ بابایەکی پابەند بە شەرعەوە، ئەگەرنا مەیسەر نابێت.

د/ لەو حاڵەتانەشدا، کە خورپەو خەون دروستە کاریان پێ بکرێ، بە پێچەوانەی حوکم و زانیاری شەرعیی، کە هەموو کەس دەگرێتەوە، جگە لە خاوەنەکەیان بۆ کەسی دیکە نابنە بەڵگە، چونکە دوو شتی تایبەتی و پەنهانن، جگە لە خاوەنەکەیان خەڵکی دیکە پێیان نازانێ، جا دیارە لە حاڵەتێکی ئاواشدا بووە، کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بە (وابصة)ی فەرمووە: {اسْتَفْتِ قَلْبَكَ وَاسْتَفْتِ نَفْسَكَ ثَلاثَ مَرَّاتٍ، الْبِرُّ مَا اطْمَأَنَّتْ إِلَيْهِ النَّفْسُ وَالإِثْمُ مَا حَاكَ فِي النَّفْسِ وَتَرَدَّدَ فِي الصَّدْرِ وَإِنْ أَفْتَاكَ النَّاسُ وَأَفْتَوْكَ}[1]، واتە: پرس بە دڵت بکەو پرس بەخۆت بکە، سێ جاران (فەرمووی)، چاکە ئەوەیە، کە دڵ ئارامی پێبگرێ و، گوناحیش ئەوەیە دڵت پێی ئاسوودە نەبێ و، لە سینەتدا فرت و فرت بکات، هەرچەندە خەڵکیش فتوات بۆ بدەن و فتواشیان بۆ داوی.

---

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد، برقم: (١٨٠٣٠)، وَاللَّفْظُ لَهُ، وَالدَّارَمِي، برقم: (٢٥٣٣). بڕوانە: (مجمع الزوائد)، ج: (١٠)، ص: (٢٩٤).

Scanned by CamScanner

نۆیەم: بەهەڵەداچوون لە چەمك و واتای ڕاستەقینەی چەند وشەیەكدا:

گەلێك كەس بەتایبەت لە لایەنگران و شوێنكەوتووانی ڕێبازەكانی عیرفان و تەصەووف، لە چەمك (مفهوم) و مەبەستی هەندێك وشەدا بەهەڵەدا چوون و، پاشان لەسەر بناغەی ئەو بۆچوونە هەڵەو ناتەواوانەیان، دیواری چەند ڕەفتارو هەڵسوكەوتێكی هەڵەو ناشەرعییان هەڵچنیوە، بۆ نموونە:

١/ وشەی (زهد) كە لە زمانی عارەبی بەمانای بەكەمگرتن دێ، وەك خوای پەروەردگار دەربارەی (یوسف) علیه السلام فەرموویەتی: ﴿ وَشَرَوْهُ بِثَمَنٍ بَخْسٍ دَرَاهِمَ مَعْدُودَةٍ وَكَانُوا فِيهِ مِنَ الزَّاهِدِينَ ﴿٢٠﴾ ﴾ یوسف، واتە: بە نرخێكی كەم چەند دانە درەمێك فرۆشتیان، بە كەمیان گرت!

جا دیارە زوهد لە ژیانی دنیادا سیفەتێكی بەرزو پەسەندی بەندە هەڵبژاردەكانی خوایە، چونكە ژیانی دنیا لەچاو هی دوارۆژو بەهەشت كەم و گچكەیە، بەڵام زۆر كەس مانا و وشەی ناوبراویان لە (بەكەمگرتن)ەوە گۆڕیوە بۆ (نەویستن) و بەوجۆرە وشەی زوهد بە (نەویستن) و فڕێدان و وازلێهێنانی ژیانی دنیا تەفسیركراوەو، پاشان كە بیستوویانە گوتراوە: پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام و زاناو پێشەوایانی پێشین زاهید بوون، وا حاڵیبوون، كە هیچ جۆرە ئەمیەت و بایەخێكیان بە ژیانی دنیا نەداوە، بگرە دژایەتییشیان كردوە!!

(علي بن أبي طالب)یش خوا لێی ڕازی بێ، پێناسەیەكی جوانی بۆ زوهد كردوە، كە گوتوویەتی: (لَيْسَ الزُّهْدُ ان لا تَمْلِكَ شيئاً، إنَّما الزهدُ

Scanned by CamScanner

ان لا يَمْلِكَكَ شيءٌ)، واتە: زوهد ئەوە نیە، کە تۆ هیچت نەبێ، بەڵکو زوهد ئەوەیە، کە هیچ شتێك تۆی نەبێ !!

٢/ وشەی (فقر)یش یەکی دیکە لەو وشانەو ئەمیش، کە لە کوردیدا هەژاریی لە بەرانبەرە، زۆر کەس پێیان وایە، چونکە خوا جل جلالە تێکڕای بەندەکانی خۆی پێ وەسف کردوە، دیارە حاڵەتو سیفەتێکی باشەو دەبێ ئینسان هەوڵ بدات لەخۆیدا بیهێنێتە دی !! خوای باڵادەستو دەوڵەمەند فەرموویەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ أَنتُمُ ٱلْفُقَرَآءُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱللَّهُ هُوَ ٱلْغَنِيُّ ٱلْحَمِيدُ ﴿١٥﴾﴾ فاطر، واتە: ئەی خەڵکینە ! ئێوەن، کە هەژارنو پێویستیتان بە خوا هەیەو، هەر خواش بێ نیازو شایستەی ستاییشە.

بەڵام لەڕاستیدا ئەم بۆچوونە هەڵەیە، چونکە بێگومان لەبەرامبەر خوای بەدیهێنەرو پەروەردگاردا سەرجەم دروستکراوەکان - نەك تەنیا خەڵك – ئاتاجو هەژارن، بۆ دروستبوونیان، بۆ ژیانو بەرێوەچوونیان... هتد، بەڵام هەژاریی بەندەکان، بۆ یەکدی مانای چاو لەدەستییو منەتبارییی یان دەگەیەنێو، ئەوەش بەهیچ جۆرێك لە بەرنامەی خوادا، نەك هەر پەسەندو چاك نیە، بگرە بە ڕەواش دانەنراوە، بگرە هەژاریی بەندەکانو نەدارییو برسیەتییو قەرزدارییی، بە نەخۆشییو دەردو مەترسیی دانراون، کە ئینسانی مسوڵمان پەنایان لێ بە خوا بگرێ، کە ئەگەر گیرۆدەیان بێ لەکۆڵییان بکاتەوە، ئەگەرنا لێیانی بەدوور بگرێ، ئەوەتا پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لە دوعایەکانیدا فەرموویەتی:

* {اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْمَأْثَمِ وَالْمَغْـرَمِ ...}[١]، واته: ئەی خوایه ! پەنات دێنمه بەرێ له گوناهباریی و قەرزداریی...

* {اللَّهُمَّ أَنْتَ الأَوَّلُ فَلا قَبْلَكَ شَيْءٌ، وَأَنْتَ الآخِـرُ فَلا شَيْءَ بَعْدَكَ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ شَـرِّ كُلِّ دَابَّـةٍ نَاصِيَتُهَا بِيَدِكَ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنَ الإِثْـمِ وَالْكَسَلِ، وَمِنْ عَـذَابِ الْقَـبْرِ، وَأَعُـوذُ بِكَ مِنَ الْمَأْثَمِ وَالْمَغْرَمِ وَمِنْ فِتْنَةِ الْغِنَى وَفِتْنَةِ الْفَقْـرِ...}[٢]، واته: ئەی خوایه ! تۆ یەکەمینی، هیچ شتێکت نەکەوتۆتە پێش، وە تۆ دوامینیو، هیچ شتێکت ناکەوێتە دوا، پەنات دێنمەبەر لە خراپەو زیانی هەر ژیاندارێك، کە پێشه سەری بەدەست تۆوەیە، وە پەنات پێ دێنم لە گوناحو تەمبەڵیی، وە لە ئازاری گۆڕو، لە بەڵای دەوڵەمەندیی و لە بەڵای هەژاریی...

* {... وَأَعُـوذُ بِـكَ مِنَ الْجُـوعِ، فَإِنَّـهُ بِئْسَ الضَّجِيعُ}[٣]، واته: وه پەنات دێنمە بەر لە برسیەتیی، چونکە خراپترین هاودەمە...

کەواتە:

لە هیچ دەقێکی قورئانو سوننەتدا مەدحی هەژاریی و نەداریی نەکراوە، بەڵکو هەژاریی و برسیەتیی و قەرزداریی، وەك بەڵاو دوژمنێك

---

١) رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ، برقم: (٢٢٦٧)، وَمُسْلِمٌ، برقم: (١٣٥٣)، وَأَبُو دَاوُدَ، برقم: (٨٨٠)، وَابْنُ حِـبَّـانَ، برقم: (قَالَ شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح)، وَابْنُ خُزَيْمَةَ برقم: (٨٥٢)، عَـنْ عَائِشَـةَ رَضِـيَ اللهُ عَنْهَا.

٢) رَوَاهُ الْحَاكِمُ فِي (مستدركه)، برقم: (٢٢١١)، وَصَحَّحَهُ وَوَافَـقَهُ الذَّهَبِـيُّ.

٣) رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ، برقم: (١٥٤٧)، وَالنَّسَـائِيُّ، بـرقم: (٥٤٦٨)، وَابْـنُ مَاجَـهْ، بـرقم: (٣٣٥٤)، وَابْـنُ حِـبَّانَ، برقم: (١٠٢٩)، وَحَسَّنَهُ الألباني.

Scanned by CamScanner

پەنای لێ بە خوا گیراوەو، دوعای لەکۆڵکرانەوەی لێکراوە[1]، ئەوە لەلایەك، لەلایەکی دیکەشەوە دەوڵەمەندیی و ماڵ و سامانی حەڵاڵ، بە چاکەو[2] نیعمەتی خوا دانراوە.

٣/ وشەی (توکُّل)یش بەهەمان شێوە، کە لە ئەسڵدا بەمانای پشت بەخوابەستن و دڵ پێوە پەیوەستبوونیەتی، وێڕای هەوڵدان بۆ دابینکردنی هۆیەکان (الأسباب)، کەچی خەڵکێکی زۆر پێیان وایە، پشت بەخوا بەستن (توکل)، بەدیلی هۆیەکان و هەوڵدانەو، هەر کە گلەییان لێکرا، بۆچی هۆکارەکانی ئەنجامدانی فڵانە ئیشە دابین ناکەن؟ دەڵێن: ئاخر ئێمە بەتەمای خوا لێی گەڕاوین و پشتمان بەوی قایمە!

---

١) سەرجەم ئەو دەقانەی لە مەدحی هەژارییدا هاتوون، یان لاواز یان هەڵبەستراون، بڕوانە: (العواصم والقواصم في الذبِّ عن سنة أبي القاسم)، ج: (٨)، ص: (١٩٤- ١٩٩)، ابن الوزير اليماني.

٢) بۆ وێنە: {اللّهُمَّ إنّي أسألُكَ الـهُدَى، وَالتُّقَى، وَالْعَفَافَ، وَالْغِـنَى}، رَوَاهُ أَحْمَد برقم: (٣٩٥٠)، وَمُسْلِمٌ، برقم: (٧٠٧٩)، وَالتِّرمِذِيُّ، برقم: (٣٤٨٩)، وَقَالَ: حَسَنٌ صَحِيح، وَابْنُ مَاجَـهْ، برقم: (٣٨٣٢)، وَابْنُ حِبَّانَ، برقم: (٩٠٠)، هەروەها: {الْيَدُ الْعُلْيَا خَيْرٌ مِنَ الْيَـدِ السُّفْلَى}، رَوَاهُ وَالْبُخَارِيُّ، برقم: (١٣٦١)، وَمُسْلِمٌ برقم: (١٠٣٣)، وَابْنُ حِبَّانَ، برقم: (٣٣٦١) وغَيرهم، دیارە مەبەست لەدەستی بەرز دەستی بەخشینەو دەستی نزمیش دەستی وەرگرتنە، هەروەها {لاَ حَسَدَ إلاّ في اثْنَتَيْنِ: رَجُلٌ آتَاهُ اللهُ مَالاً، فَسَلَّطَهُ عَلَى هَلَكَتِهِ في الحَقِّ ...}، مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ: رَوَاهُ أَحْمَد، برقم: (٣٦٥١)، وَالْبُخَارِيُّ، برقم: (١٣٤٣)، وَمُسْلِمٌ، برقم: (١٩٣٣)، وَابْنُ مَاجَهْ، برقم: (٤٢٠٨)، وَابْنُ حِبَّانَ، برقم: (٩٠) عَنْ عَبْدَ اللّهِ بْنَ مَسْعُودٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، کەواتە ماڵ و سامان یەکێکە لەو دوو نیعمەت و بەهرە خواییانەی کە جێی خۆزیەتی خەڵکی بە چاوی بایەخ پێدانەوە بۆیان بڕوانن، بگرە پێشبڕکە (منافسە)شیان لەسەر بکەن، بەڵام پێشبڕکەی ناشەریفانە نا !!

جا هەر لە ڕۆژگاری پێغەمبەریشدا صلی الله علیه وسلم ئەو جۆرە بیرکردنەوەو لێحاڵیبوونە چەوتە هەبووە، ئەوەتا عارەبێکی خێڵەکیی کاتێك دەچێتە خزمەت پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم حوشترەکەی لە دەرەوە بەرهەڵدا دەکاتو، ئایا حوشترەکەم بەرهەڵدا بکەمو پشت بە خوا ببەستم ؟ یان بیبەستمەوەو پشت بە خوا ببەستم ؟!

ئەویش پێی دەفەرموێ : {إِعْقَلْهَا وَتَوَكَّلْ}[1]، واتە: بیبەستەوەو پشتیش بە خوا ببەستە.

بەڵێ (بەستنەوە)و (پشت بەخوا بەستن) دژو پێچەوانەی یەکدی نین، بگرە تەواوکەری یەکدینو بەستنەوە (کە مەبەست گرتنی هۆیەکانە) پەیوەندی بەدەستو بەجەستەوە هەیەو، پشت بە خوا بەستن (توکل)یش پەیوەستە بە دڵو دەروونەوە.

خوای پەروەردگاریش کاتێك، کە لەڕووی مەدحکردنەوە باسی (ذو القرنین)ی کردوە، لەبارەیەوە فەرموویەتی: ﴿إِنَّا مَكَّنَّا لَهُۥ فِي ٱلْأَرْضِ وَءَاتَيْنَٰهُ مِن كُلِّ شَيْءٍ سَبَبًا ﴿٨٤﴾ فَأَتْبَعَ سَبَبًا ﴿٨٥﴾﴾ الکهف، واتە: ئێمە دەستەڵاتمان پێدابوو لە زەویدا وە بۆ هەر شتێکیش هۆکاری (ئەنجامدانی)مان بۆ ڕەخساندبوو. جا ئەو هۆکارەی گرتەبەر (بەرەو مەبەست).

٤/ وشەی (صَبْر)یش دیسان یەکێکە لەو وشانەی، کە لە ماناو چەمکی ئەسڵی خۆیان ترازێنراون، چونکە (صَبْر) یانی خۆڕاگریی و پشوو درێژیی لەسەر ئەنجامدانی کارێکی خێر، جا ئەو کارە خێرە، چ جێبەجێ کردنی فەرز، یان سوننەتێك بێت، وە چ خۆپاراستن لە

---

١) رَوَاهُ التِّرمِذِيُّ، برقم: (٢٥١٧). وَحَسَّنَهُ الألبـاني.

Scanned by CamScanner

شتێکی حەرام بێت، یان ناپەسەند، وە چ نەشلەژان و نەلەخشان بێت، لە ئاقار بەلاو گرفتاریی و پێشهاتێکی ناخۆشدا.

کەچی زۆر کەس وا لە صەبر حاڵیبوون، کە بریتیە لە موتڵەقی خۆڕاگریی و نەجووڵان و خۆ نەبزاوتن، تەنانەت کەسانی وا هەن، پێیان وایە ڕاپەڕین لە ئەهلی کوفرو ستەم و فەسادو، قبووڵنەکردنی خراپەو تاوانەکانیشیان، پێچەوانەی ئەو خۆڕاگری و پشوو درێژییەیە، کە خوا فەرمانی پێکردوە: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱصْبِرُوا۟ (٢٠٠) ﴾ آل عمران، بەڵام ڕاستییەکەی ئەو جۆرە خۆڕاگرییە ئەوە نیە کە خوا مەدحی کردوەو فەرمانی پێکردوە، بەڵکو: ﴿ ... وَٱلصَّٰبِرِينَ فِى ٱلْبَأْسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ وَحِينَ ٱلْبَأْسِ ... (١٧٧) ﴾ البقرة، واتە: وە خۆڕاگران لە دەستکورتیی و نەخۆشیی و لە گەرمەی جەنگدا، بەڵێ ئەمانە شایستەی مەدح و ستایشن، هەر بۆیەش خوای پەروەردگار لەبارەیانەوە فەرموویەتی: ﴿ ... أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ صَدَقُوا۟ ۖ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُتَّقُونَ (١٧٧) ﴾ البقرة، واتە: ئەوانە کەسانێکن ڕاستیان کردوە، وە ئەوانەن پارێزکاران.

٥/ یەکێ دیکە لەو وشانە بریتیە لە (الرِّضاء بالقَدَر)، کە مانا شەرعییەکەی ئەوەیە ئینسان هەر بەلاو گرفتارییەکی بەسەرهات، دڵنیابێ، کە بەپێی نەخشەو بڕیارو ویستی خوای پەروەردگار بووەو، لەو ڕووەوە، کە خوا بەسەری هێناوە، نابێ گلەیی و ڕەخنەی هەبێ، بەڵکو دەبێ ڕازییش بێت، بەلام خودی بەلاو گرفتارییەکە، دەبێ هەوڵی لابردن و نەهێشتنی بدات.

کەچی خەڵکێکی زۆر وا لەم مەسەلەیەش حاڵی بوون، کە ئیمان بەقەدەرو ڕازیبوون پێی، پاساو (مُبَرِّر)ی هەڵخزان و نەجووڵان و

Scanned by CamScanner

هەوڵنەدان بێتو، پاساوی لانەبردنی خراپەو ستەمو بەرەنگار نەبوونەوەی بێت، بێخەبەر لەوە، کە هەر وەك چۆن بەلاو گرفتارییەکان بەقەدەری خوا ڕوو دەدەن، ڕووبەڕووبوونەوەو بەرەنگاربوونەوەشیانو هەوڵدان بۆ چارەسەرو لابردنیشیان، هەر بەقەدەری خوایەو، قەدەری خوا وەك ئاسمان وایە، کە هەموو شتێك، چ خێر بێ، چ شەڕ، دەخاتە ژێر سایەی خۆیەوەو، هەرچی بکرێو نەکرێ، هەر بەپێی نەخشەو ئەندازەگیریی خوای بالادەستە.

کەواتە:

بۆچی دەبێ ئینسان بە نەخۆشی ڕازی بێتو هەوڵی چاکبوونەوە نەداتو، بە هەژاریی و قەرزداریی ڕازی بێو هەوڵی بێنیازیی نەداتو، بە شکستو ژێردەستەیی ڕازی بێتو، هەوڵی سەرکەوتنو سەربەرزیی نەداتو ...هتد ؟!.

لە ڕاستیدا شەرعییانەو ڕاستو دروست تێگەیشتن لە قەزاو قەدەر، چاکترین دینەمۆی جوولێنەری ئینسانە بۆ ئەنجامدانی هەر کارو چالاکییەك، کە بەختەوەری دنیاو قیامەتی تاكو کۆمەڵگای تێدا بێت.

جیاوازییەکی بنەڕەتی پێشینی چاکمان – بەتایبەت هاوەڵانی بەڕێزو دڵسۆزی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم و خوا لێیان ڕازی بێ - وەچەکانی دوایی ئوممەتی پێغەمبەری کۆتایی صلى الله عليه وسلم ئەوەیە، کە ئەوان - خوا لێیان ڕازی بێ – بە شێوەیەکی ڕاستو دروست لە وشەو زاراوەکانی ئیسلامەتی حاڵی بووبوونو، توانیشیان، کە بە شێوەیەکی ڕاستو دروست دینداریی بکەن، خەڵکی دیکەش، کە بەهەڵە حاڵی بووبێ، بێگومان هەر دیواری ڕەفتارو هەڵسوکەوتێکی خواریش، لەسەر ئەو بناغەی بەهەڵە تێگەیشتنە بنیات دەنێن، هەر بۆیەش گۆڕانکاریی (تغيير)

دەبێ لە گۆڕانو ڕاستبوونەوەو چاکبوونی عەقڵو دڵو دەروونەوە دەست پێ بکات: ﴿... إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمْ... ⑪﴾ الرعد، واتە: خوا واقیعو حاڵو باڵی هیچ گەلێك ناگۆڕێ، هەتا ئەوان گۆڕان بەسەر خۆیاندا نەهێنن...

دەیەم: چەند ڕەخنەو تێبینییەك لەسەر ئەهلی تەصەووف:

لە باسو بابەتەکانی ڕابردوودا ڕوون بۆوە، کە مەسەلەی تەزکیەی نەفس، خاڵێکی هاوبەشی نێوان سەرجەم مسوڵمانانە، مەگەر کەسێکی نەشارەزاو بێخەبەر، ئەگەرنا، هیچ کەس لەوبارەوە مشتومڕو لامو جیمی ناکات.

بەڵام بێگومان تەزکیەی نەفسو تەصەووف، وەك ڕێبازەکانیو دامو دەزگاکانی، شتێکی دیکەیەو جیایە.

جا ئێمە خوا یاربێ لە چەند بڕگەیەکی کورتدا، چەند ڕەخنەو تێبینییەك لەسەر ئەهلی تەصەووف بەگشتیو، ئەهلی تەصەووفی کوردستانو ڕێبازەکانی بەتایبەت، دەخەینە ڕوو، بە هیوای ئەوەی، کە بەگشتی بۆ مسوڵمانان، بەرچاوڕوونییو بەتایبەتیش بۆ مسوڵمانانی صۆفییو دەروێشو دێوانەو مورید و بۆ پیرو شێخەکانیشیان، بیرخستنەوەو بێدارکردنەوەو ئامۆژگاریی دڵسۆزانەو، ڕەخنەو ڕاستکردنەوەی دۆستانەو بەپەرۆشانە بێت، دیارە نە هیچ کەسیش لەوە گچکەترە، کە قسەی خێرو دڵسۆزی خۆی پێشانی براو خوشکانی مسوڵمانی بداتو، نە هیچکەسیش لەوە گەورەترە، کە ڕەخنەی لێ بگیرێو ئامۆژگاریی بکرێ.

Scanned by CamScanner

ئەمەش ڕەخنەو تێبینییەکانم بەکورتی:

یەك: زانیاریو بەرچاو ڕوونیی بناغەی مسوڵمانەتییە:

خوای پەروەردگار بە پێغەمبەری خۆی صلی الله علیه وسلم فەرمووە: ﴿ قُلْ هَٰذِهِۦ سَبِيلِىٓ أَدْعُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ ۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِى ۖ وَسُبْحَٰنَ ٱللَّهِ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٠٨﴾ ﴾ یوسف، واتە: بڵێ: ئا ئەمەیە ڕێبازی من: لەبەر ڕۆشنایدا بانگەواز بۆلای خوا دەکەم خۆمو شوێنکەوتووانم، وە پاکیی بۆ خوا، وە من لە هاوبەش بۆ خوا دانەران نیم.

بەڵێ بناغەی بەندایەتی بۆ خوا کردن ئەوەیە، کە ئینسان خوا بناسێو خۆی بناسێو، ئەرکی سەرشانی خۆیشی بەرامبەر بە خوا بزانێ، بەبێ ئەمە ناتوانێ یەك هەنگاوی دروست بنێو، هەرچی لەسەر بناغەی نەزانیی (جهل)یش بنیاتی بنێ، هەر لەسەری قەرزدار دەبێتەوە، چونکە خوا فەرموویەتی: ﴿ وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ ...﴿٣٦﴾ ﴾ الإسراء، واتە: وە بەدوای شتێك مەکەوە، کە نایزانیو نایناسی...

مادام وابێ:

ئەوە کە زۆربەی شوێنکەوتووانی ڕێبازەکانی تەصەووف، بە شێخەکانیشیانەوە، لەجیاتی ئەوەی ئەهلی عیلم بن، ئەهلی جەهلن، زۆر جێی داخو خەفەتە، چونکە خوا بە جەهل نا پەرستریو، دیواری دینداریی و پارێزکارییش، لەسەر بناغەی نەزانیی بنیات نانرێ.

بەڕاستی نازانم بۆ ومزع وای لێهاتوە! ئایا ئەگەر صۆفییو دەروێشەکانیش نەزانن، نەدەبوو شێخەکان بزانن، کە یەکەمین هەنگاوی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە پەروەردەکردنی هاوەڵانیدا، بریتی بووە لە

قورئان فێركردنیان و شارەزا كردنیان ؟! ئایا نازانن، كە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: {مَنْ يُرِدِ اللهُ بِهِ خَيْرًا يُفَقِّهْهُ فِي الدِّينِ}[1]، واتە: هەركەسێك خوا بیەوێ خێری بهێنێتە ڕێ، لە ئایینددا شارەزای دەكات؟!!

دوو: دینداریی و پارێزكاریی شتی زاتیین و بەمیرات ناگیرێن:

یەكی دیكە لە هەڵەو كەم و كوڕییەكانی شوێنكەوتووانی ڕێبازەكانی تەصەووف، ئەوەیە، كە لە زۆربەی جێیان داب و دەستوورێكی هەڵەو ناشەرعییان داهێناوە، لە بواری دیاریكردنی پیرو شێخ و ئوستادیاندا، ئەویش ئەوەیە، كە یەكسەر پاش مردنی شێخ و پیرەكە، یان كوڕی گەورەی، یان یەكێك لە كوڕەكانی لە شوێنی بابی دادەنێن، بێ ئەوەی ڕەچاوی ئەوە بكەن، كە ئایا ئەو كوڕە شێخە، هەلومەرج و شێخایەتیی و ئیرشادو ئوستادێتی تێدا ساز بووە، یان نا ؟!

دیارە ئەوەش ڕەفتارێكی هەڵەیەو، كاریگەریی زۆر سەلبیشی هەبووەو هەیە لەسەر بەدناوكردنی ڕێبازەكانی تەصەووف و، خەڵك لێ دڕدۆنگ بوونیان، چونكە ئەگەر شێخی پێشوو بەهۆی دینداریی و پارێزكاریی خۆیەوەو بە كردەوە بۆتە مامۆستاو چاوساغ، ئەوە بێگومان كوڕەكەی لەگەڵ میرات لێ گرتنیدا، ئەو سیفەتە زاتییانەشی لێ بەمیرات نەگرتوون و، مەگەر ئەویش خۆی لەخۆیدا پەیدایان بكات، ئەگەرنا بەناوی بێ نێوەڕۆك، هیچ بەهیچ ناكات[2]!!

---

١) رَوَاهُ أَحْمَد، برقم: (١٦٩٢٤)، وَالْبُخَارِيُّ، برقم: (٧١)، وَمُسْلِمٌ، برقم: (٢٤٣٦)، وَابْنُ حِبَّانَ، برقم: (٨٩) عَنْ مُعَاوِيَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ.

٢) بێگومان سەرجەم ئەو شێخە ڕەسەنانەی، كە پابەندبوون بە شەرعەوە، دژی ئەو جۆرە داب و نەریتە هەڵەو پووچە بوون و، لەسەر ئەوە یەك دەنگ بوون، كە پلەو پایەی شێخایەتیی و ئیرشاد

پێشینانیش گوتوویانە: ئەگەر خۆت کۆسەی ڕیشی بابت بەتۆچی! هەروەها گوتوویانە: هیچ کەس بەمەلەی بابی ناپەڕێتەوە.

سێ: ئینسانی نەشارەزاو نازانیار بەدین، دروست نیە ببێتە پێشەواو چاو ساغ:

دەردێکی دیکەی زۆر بێڕەزا، کە ڕێبازەکانی تەصەووف لەمێژە بەتایبەت لە کوردستاندا پێیەوە گیرۆدە بوون، ئەوەیە کە - وەك لە برگەی دووەمیشدا

حاڵەتێکە، کە دەبێ ئینسان بە هەوڵ و کۆششی خۆی بیگاتێ و کەلوپەل و پارەو سامان نیە بەمیرات بگیرێ، بۆ وێنە: جەنابی شێخ عوسمانی کوڕی شێخ علاء الدین بیارەیی خوا لێیان خۆش بێ، کە لە ساڵی (١٩٩٦) لە شاری ئەستەمبۆڵی تورکیا کۆچی دوایی کرد، لە چەند قسەیەکیدا کە (عبداللە مصطفی صالح) ناسراو بە (فەنایی) لە پێشەکی دیوانەکەی شێخداو لەسەر وەصیەتی خۆی نووسیەتی، گوتوویەتی:{... من هەرچی لە سەروەت و ماڵی دنیا خەرج و سەرفی بکەم بە خەیاڵما نایەت و خەفەت بە سامانی دونیاییەوە ناخۆم، ئەوەی، کە زۆر جێگای خەم و ئەسەفی منە، ئەوەیە، کە لە ئەولادی ئەو بنەماڵەی ئێمەدا، کەسێکی وایان تێدا نیە خەریکی سەیرو سلووك بێ و، بتوانێ بۆ پاشەڕۆژ نەهێڵێ خێرو ئیحسانی بوزورگانی ئەم خانەدانە ببڕێتەوە، بەڕاستی ئەوە زۆر جێگای ئەسەفە، کە هیچ کام لە ئەندامانی ئەم خانەدانە لەسەر ڕێبازی باوك و باپیرانی خۆیان ناڕۆن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەبیستین چەند کەسێك لەم بناماڵەیە ئیستیفادەیان لە دڵ پاکیی مریدو مەنسووبی ئەم خانەدانە کردوە، بەبێ ئەوەی تەنانەت واجباتی دینیش بەتەواویی بەجێبهێنن، یان بەچاکی ئاگایان لە ئەحکامی زاهیری شەرع بێت، بە هەموو جۆرێك خەریکی عەوام فریبین و بەتەمای تەکیەو خانەقان، بەڵام بێبەرن لەوەی هەر کەسێ لە هەر ڕێگایەکەوە بێ و بە هەر ناوێکەوە بێ، هەرچی لە خەڵکی وەربگرێ، بێگومان لێی حەرامە، مادام شەرت و مەرجەکانی ئیرشادی تێدا نەهاتبێتە جێ، کە ئەوانە بەچاکیی ئەزانن، نەك هەر هیچ پلەو پایەیەکیان لە تەریقەت نەبڕیوە، بەڵکو هەر بۆنی تەریقەتیشیان نەکردوە، جا من لەوە ئەترسم خەڵکی دڵپاك و سادە، هەر تەنیا لەبەرئەوەی، کە ئەمانە لە ئەفرادی بنەماڵەی ئێمەن دەوریان بدەن و بەناوی شێخاتییەوە خزمەتیان بکەن، کە بۆ هەردوو لایان زیانی هەیەو حەرامە...}، بڕوانە: (دیوانی حەزرەتی شێخ محمد عوثمان سراج الدین نەقشبەندیی)، ل: (٨، ٩)، بەرگی: (٢)، چاپی ئەستەمبوڵ ساڵی (١٩٩٥) زایینی.

Scanned by CamScanner

ئاماژەم پێکرد – کەسانێك، کە لە قورئان و سوننەت و زانیارییە شەرعییەکاندا زۆر نەزان و کۆڵەوارن، دەیانکەنە شێخ و ئوستادو چاوساغی خۆیان، کە بە حیساب فێری دینداریی و پارێزکارییان بکات و تەزکیەیان بکات !!

بەڵام شتێکی ڕوون و بەڵگەنەویستە، کە کەسێك شارەزای ڕێیەك نەبێ، ناتوانێ تێیدا ببێتە دەلیل و ڕێنیشاندەر، چونکە وەك گوتراوە: (فاقد الشيء لا يُعطيهِ) کەسێك شتێك شك نەبات پێی نابەخشرێ، ئێستاش باگوێ لە یەکێك لە پێشەوایانی عیرفان و تەصەووف بگرین، داخۆ لەوبارەوە چی دەڵێ: (اِبن البَنا السّرقَسْطي) لە شیعرە ناودارەکانی خۆیدا کە لەبارەی (تصوف)ەوە گوتوونی، بەناوی (المباحث الأصلية) وە (ابن عجيبة) لە کتێبی (الفتوحات الإلهية)دا شەرحی کردوون، دەربارەی شێخی تەریقەت و مەرجەکانی گوتوویەتی[1]:

وانما القوم مُسافرون لحضرَةِ الحق و ظاعِنون
فافتقروا فيه الى دَليلِ ذي بَصَرٍ بالسَّير والمقيل
قد سلك الطريق ثم عاد لِيُخْبِرَ القومَ بما استفاد

واتە:

١- بێگومان ئەو کۆمەڵە ڕێبوارن بەرەو لای خواو، دەیانەوێ لە هەواری ناسینی و بەندایەتی بۆکردنیدا، بارگەو بنە بخەن.

٢- بۆیە پێویستی یان بە ڕێڕوونیکەرێك هەیە، کە شارەزاو بەرچاوڕوون بێت کە چۆن چۆنی بڕۆن و ڕێ بکەن و لەکوێ بخەن و ئیسراحەت بکەن.

---

١) بڕوانە: پەراوێزی (ايقاظ الهمم في شرح الحكم)، ص: (١٤٢).

Scanned by CamScanner

٣- کەسێك بێت ڕێگایەکی بڕیبێ و گەڕابێتەوەش، تاوەکو هەواڵ بەو خەڵکە بدات بەوەی، کە لەو سەفەرەیدا دەستی کەوتووەو لێی سوودمەند بووە.

لە شوێنێکی دیکەی شیعرەکانیدا باسی مەرجەکانی شێخی طەریقەت و ئەو زانیارییانەی، کە پێویستە بیانزانێ و تێیاندا کارامە بێ دەکات و دەڵێ[1]:

عارٌ لِمَنْ لَمْ يرض العلوما ... ويعلم الموجود والمعدوما

ولم يكن في بدْءِ فقيهاً ... وسائر الأحكام مايدريها

والحّد والاصول واللّسانا ... والذكرَ والحَديثَ و البرهانا

ولم يكن أحكم علم الحال ... ولادرى مقاصدَ الرِّجالِ

ولم يُنزِّه صفة المعبود ... ولادرى مراتبَ الوجود

والنفس والعقل والروحا ... ويدْري مِنْه صدرَه المشروحا

وعلم سر النّسخِ والمنسوخِ ... أن يتعاطى رُتْبةَ الشيوخِ

واتە:

١/ شوورەییە بۆ کەسێك، کە لە زانیارییەکان کارامە نەبێ، وە دەربارەی بەدیهێنەر، کە بوونی پێویستەو دروستکراوەکان، کە لە ئەسڵدا نەبوو بوون، زانیاری نەبێ.

٢/ وە لە سەرەتایەوە شەرعزان نەبووبێ و، لە یاساکانی دیکەی ئیسلامەتیشدا شارەزا نەبێ.

---

١) بڕوانە: (ایقاظ الهمم في شرح الحكم) پەراوێزەکەی، ص: (٤٤٦).

Scanned by CamScanner

٣/ هەروەها شارەزایی زانیاری (منطق)[1] و (اصول الفقه)و زمانی عارەبیو تەفسیری قورئانو سوننەتو زانیاری عەقیدە (علم الکلام) نەبێ.

٤/ دیسان ئەگەر بێتو تەواو شارەزای چۆنیەتی تەزکیەبوونی نەفس نەبێ، نەزانێ مەبەستەکانی پیاوانی تەصەوف چیو چین.

٥/ وە هێندە لە عەقیدەدا سەرڕاست نەبێ، کە صیفەتەکانی خوای پەرستراو بەپاك نەگرێ لەوێچواندن، وە شارەزایی پلەکانی بوون (وجود) نەبێ.

٦/ وە کەسێك نەزانێ نەفسو عەقڵو رووح چینو چۆنن، وە نەزانێ گوشادبوونی سینەی چۆن چۆنییە !.

٧/ هەروەها لەبارەی نهێنی (ناسخ)و (مَنْسوخ)ەوە زانیاری نەبێ، بابایەکی وا نابێو نەنگو شوورەییە، کە بە ناهەق پلەو پایەی ئیرشادو شێخایەتی وەربگرێ.

چوار: دروست نیە تەکیەو خانەقایەکان بکرێنە بەدیلی مزگەوت:

هەڵەیەکی دیکەی شوێنکەوتووانی ڕێبازەکانی تەصەووف ئەوەیە، کە تەکیەو خانەقایەکانیان، کە لە ئەصڵدا بۆ تێدا پەروەردەکردنی موریدانو دەرسو دەورو زیکرو فیکرو حەوانەوەو خەوتنو ئیسراحەت تێداکردنیان بنیاتنراون، کردوویانن، بە بەدیلی مزگەوتو ماڵی خوا !!

جا بێگومان ئەو ڕەفتارە شتێکی هەڵەو پووچەو، شەرعییبوونی دروستکرانی ئەو تەکیەو خانەقایانە دەخاتە ژێرپرسیارەوە.

---

١) لە ڕاستیدا (منطق) نە زانیارییەکی ئیسلامییەو نە پەیوەندیشی بە تەزکیەوە هەیە.

Scanned by CamScanner

بەڵێ لەڕاستیدا تەکیەو خانەقایەکان، هەر هێندە شەرعیەتیبوونیان دەپارێزن، کە وەك حوجرەی فەقێیان و قوتابخانەو پەیمانگەو زانکۆی قوتابییان تەماشا بکرێن، واتە وەك چۆن حوجرەو قوتابخانەو پەیمانگەو زانکۆ، بەدیلی مزگەوت نین و، شوێنی دەرس خوێندن و زانست فێربوونن، دەبێ خانەقاو تەکیەکانیش شوێنی تێدا تەزکیەبوون و پەروەردە وەرگرتن بن.

بەڵێ، تاقە شوێنێك، کە بتوانێ تێکڕای مسوڵمانان پێکەوە کۆبکاتەوەو، جێگای وردو درشت و سەرجەم چین و توێژەکانیان بکاتەوەو، هەمووشیان بەهی خۆیانی بزانن و، هیچ کەسی مسوڵمان هەستیاری (حسَّاسية)ی پێی نەبێ، ماڵی خوای پەروەردگارە.

دیارە خانەقاو تەکیەکانیش، کە دەبێ مەڵبەندی تەزکیەو پەروەردە بن، دەبێ ئەهلی طەریقەت وریا بن، نەبنە تەنبەڵخانە، یان خەڵکی سیخوڕو خراپ تێیان بخزێ، یان...یان...هتد.

پێنج: حەیفە ئەهلی دڵ ببنە داردەست و وابەستەو دابەستەی ئەهلی گڵ:

ئەهلی تەصەووف خۆیان بە (ئەهلی دڵ) ناودەبەن، جا بەڕاستی شتێکی زۆر ناقۆڵاو بێجێیە، کە ئەهلی تەصەووف ئاگایانە، یان بێئاگایانە، خەڵکی فێڵبازو ئەهلی دنیا (إسْتِغلال)یان بکەن و بیانکەنە داردەستی خۆیان و، بەهۆی چاو تێبڕینیان لەدنیاو تەماعی دەستی ئەو فێڵبازو دنیاپەرستانە، سیفەتی وابەستەیی و دابەستەییان لێ ببێتە مۆرو بە نێوچاوانیانەوە بنرێ.

پێویستە سەرجەم ئەهلی تەصەووف، ئەم شیعرەی، کە یەکێك[1] لە خاوەن دڵانی بێدارو هۆشیار، گوتوویەتی: لەبەر چاویان بێت و لە گوێیاندا بزرینگێتەوە:

فَلَيْتَكَ تَحْلُو والحياةُ مَرِيْرَةٌ وَلَيْتَكَ تَرْضى والانامُ غِضابُ
ولَيْتَ الذي بيني وبَيْنَكَ عامرٌ وبيني وبَيْنَ العالمين خَرابُ
إذا صَحَّ مِنْكَ الوُدُّ فالكُلُّ هَيِّنٌ وكل ما فوق التُرابِ تُرابُ

واتە:

١/ خۆزگە (ئەی خوایە) تۆم لە دڵ شیرین دەبوو، سەرجەم ژیان و گوزەرانم با تاڵ بێت، وەبریا تۆم لێ ڕازیبای جا با تێکڕای خەڵکی قەڵس بن.

٢/ وە خۆزگە نێوانم لەگەڵ تۆدا خۆشبووایە، جا با نێوانم لەگەڵ هەموو خەڵکی دنیادا تێکبچێ.

٣/ ئەگەر خۆشەویستی تۆم بۆ ساغ ببێتەوە، هەموو شتێکی دیکەم پێ ئاساییە، بێگومان هەرچی لەسەر گڵیشە هەر گڵە.

---

١) (سيد قطب) خوا لێی خۆشبێ گوتوویەتی: ئەم شیعرە هی (رابعة العدوية)یە، بڕوانە: (في ظلال القرآن)، ج: (٢)، ص: (٩١٨).

Scanned by CamScanner

شەش: بەرگریی لێکردن و تەئویل و پینەکردنی قسەی هەللەق و مەللەق (شطحات)و ناشەرعییانەی هەندێك لە ناودارانی تەصەووف، سەرجەم تەصەووف تۆمەتبار دەکات:

بەڵێ بەڕاستی ئەم مەسەلەیەش دەورێکی زۆری بینیوەو دەبینێ لە بەدناوکردن و تۆمەتبارکردنی تەصەووفدا.

بۆ وێنە: ئەو قسانەی، کە لە (أبو يزيد البَسْطامي)و (حلاّج)ەوە گێڕراونەوە، وەك: (سُبْحاني ما أعظم شأني) یان (مافي الجبَّةِ إلا الله)، یان (أنا مَنْ أهوى ومَن أهوى أنا، نحن رُوحانِ حَلَلْنا بَدَنا) وە سەرجەم ئەو قسانەی، کە (ابن عربي) لە کتێبی (فصوص الحِكَم)داو زۆر قسەی بێسەرو بێو پڕ لە کوفرو شیرك و زەندەقە، کە لە کتێبی: (الفتوحات المكية)دا کردوونی، هەروەها هەندێك لە شیعرەکانی (ابن الفارض)و گەلێك قسەی (ابن سبعين)و غەیری ئەمانیش، کە هیچ کەس، کە بە ئەلیف و بێی ئیسلام شارەزا بێ، گومان و دوو دڵیی نیە، لەوەدا، کە کوفرو شیرك و زەندەقەیان لێ دەچۆڕێ، هیچ پێویست ناکات ئەهلی تەصەووف بە پینەو پەڕۆو تەئویلاتی ساردو سڕ هەوڵ بدەن، پەردەی شەرعیبوونیان بەسەردا بدەن! هەرچەندە من لەگەڵ ئەو ڕایە نیم، کە بێ سێو دوو ئەو جۆرە کەسانەی کە ئەو قسانەیان پاڵ دەدرێنەلا بە کافر دابنێین، چونکە شتێکی روونە، کە بۆ بە کافردانان (تكفير) هاتنە دی، مەرجەکان و لاچوونی بەرجەکان (ثبوت الشروط وانتفاء الموانع) پێویستە، ڕێشی تێدەچێ، کە ئەو جۆرە قسانە بۆ ئەو جۆرە کەسانە، یان بەلای کەمەوە بۆ هەندێکیان هەڵبەسترابن.

Scanned by CamScanner

بەڵام دیسان ڕەواش نیە لە حوکمی شەرعیی قسەکان بێ دەنگ بین، بۆیە پێم وایە هەڵوێستی ڕاستو دادگەرانە ئەوەیە، کە بڵێین: فڵانە قسەیە کوفرە، یان شیرکە، بەڵام ئایا خاوەنەکەیشی کافرو (مُشْرِك)ە، یان نا ! ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیەو، پێویستی بە لێکۆڵینەوەو هەڵوێستەکردنو دڵنیا بوونو بەرچاوڕوونی دەکات.

حەوت: ئیمانو عەقیدە بۆ دینداریی و مسوڵمانەتیی وەك بژێوو ئاوو هەوا وان بۆ جەستە، بەڵام تەزکیەو تەصەووف وەك میوەو شیرینی وان:

ئەمەش یەکی دیکەیە لە ڕەخنەو تێبینییەکانم لەسەر زۆربەی ئەهلی تەصەووف، کە بەداخەوە ئەو گرنگییو بایەخەی بەلایەنی تەزکیەی نەفسو مەسەلەو بابەتەکانی دەدەن، نیوەی ئەوەش گرنگییو ئەمیەت بە ئیمانو عەقیدەو مەسەلەکانی نادەن، بەڵام بێگومان بەهەڵەداچوون، چونکە:

ئینسان بەبێ ئیمان ڕێی چوونە بەهەشتی نیە، بەڵام بۆچوونە بەهەشت لەسەر تەزکیەو تەصەووف پەك ناخرێ، کەواتە: ئیمان بەدیلی تەزکیەیە، بەڵام تەزکیە بەدیلی ئیمان نیە، بەڕاستی وەك مامۆستا مەلا سەعیدی کوردی ناسراو بە (بديع الزمان)و بە (نۆڕسی) خوا لێی خۆشبێ گوتوویەتی: ئەم ڕۆژگارە ڕۆژگاری بەرگریی لێکردنو ڕزگارکردنی ئیمانو عەقیدەیە، بەر لە هەر لایەنێکی دیکەی ئیسلام[1].

هەرچەندە من پێموایە دەبووایە مامۆستا مەلا سەعید، بەند (قەید)ێکی خستبایە سەر قسەکەیو گوتبای: (بۆ خەڵکی بەگشتی)،

---

١) بڕوانە: كليات رسائل النور، (المكتوبات)، ص: (٧٩).

چـونكە بەڕاسـتی مەسـەلەی تەزكیـەی نـەفس بـۆ خـەڵكی تایبـەتی، وەك: بانگەوازكەران و بەرپرسان، حوكمێكـی دیكـەی جیای هەیـە، لـە هـی خەڵكی گشـتیو عـەوام، چونكـە خەڵكە تـایبەتییەكە، ئەركیـان قورسەو بـەبێ ساغو چـاكو پاكـبوونەوەیەكی بـاش، بۆیـان جێبـەجێ نـاكرێ و، ئەگـەر دەسـتیشی بـدەنێ، پێمـوایە زۆرجاران لەجیـاتی بەرهـەمو پاداشـت لەدنیـاو قیامـەتیش، لەسـەری قـەرزدار دەبنـەوە.

لێرەشـدا كۆتـایی بەڕەخنـەو تێـبینیو پێـشنیارەكانی خـۆم لەبـارەی ئەهلـی تەصـەووفەوە دێنـمو، هیـوام وایـە لانیكـەم بەگومـانی چـاكـەوە لێم وەربگرنو بەبێ غـەرەز تێیـان بفكـرنو، هەرچی قەناعـەتیان پێـی هات وەربـگـرن.

Scanned by CamScanner

بەشی شەشەم:

دوایین بۆچوون و سەرنجەکانم لەمەڕ تەزکیەی نەفس

www.iqra.ahlamontada.com

Scanned by CamScanner

خوێنەرە بەڕێزو خۆشەویستەکانم !

خوا پشتیوان بێ هەوڵ دەدەم لەم بەشی شەشەمەدا بە کورتیو پوختی، دوایین سەرنجو بۆچوونەکانی خۆم لەبارەی تەزکیەی نەفسەوە بخەمە ڕوو، هیوادارم ببنە مایەی چاکترو زیاتر بەرچاوڕوونکردنەوەتانو، پاشان تەزکیەبوونتانو بەرەو خواچوونتان، ئەوەندەش بزانن، کە زانیاریو زانست بەبێ جووڵانو کارکردن، هیچی لێ هەڵناوەرێو پێشینان گوتەنی: (بە حەڵوا حەڵوا دەم شیرین نابێ)، بۆیە داوای برایانەو دڵسۆزانەم ئەوەیە، کە هەمیشە لە هەوڵی ئەوە دابن، کە زانینتان بۆ توانینو حاڵیبوونتان بۆ لەخۆدا کردنە حاڵ بێ، وە ئەمان سەد ئەمان وریا بن، خۆتان نەکەنە (هەمبانەی مەعلومات)[1]، چونکە گرنگیو بایەخی زانیاریو شارەزایی لە کارپێکردنو لێ بەهرەمەندبوونی دایەو، زانیاری بێ کردارو ڕەفتار، وەك درەختی زڕو بێ بەر وایە، ئەمیش مەگەر بۆ جوانیی، یان بۆ سێبەر بهێڵدرێتەوە، ئەگەرنا دەکرێتە سووتەمەنی !!

ئەوەش بزانن، کە زاناو پێشەوایانی پێشین، کە کەمتر وابووە باسو مەسەلەکانی ئیمانو تەقواو تەزکیەی نەفس بنووسن، لەبەرئەوە بووە، کە گوتوویانە: ئەو مەسەلانە، خەڵکی بەقسەو نووسین فێریان نابن، چونکە لە زاتی خۆیاندا شتی کردەوەییو ڕەفتاری (سلوکی)ینو، بە کردەوەو ڕەفتاریش نەبێ، ئینسان چاك لێیان حاڵیو فێریان نابێ.

ئیدی خوا بە کەرەمی خۆی ڕەفتارو کردەوەی شەرعییانەمان بەو زانستە بەکەڵکەی، کە وەریدەگرین، تێدا بێنێتە دیو، بەر لە خەڵکی خۆمان لە زانیاریو شارەزاییەکەمان بەهرەمەند بین.

---

١) یەکێك لە قسە بەنرخەکانی زانای پایە بەرز (کاك ئەحمەدی موفتی زادە)یە، کە خەڵکی کوردستانی ئێران بوو، خوا لێی خۆش بێت.

Scanned by CamScanner

یەکەم: تەزکیەی نەفس بۆ بانگەواز کەران و مشوورخۆران و بەرپرسانی نێو جموجۆڵ و کارو چالاکی ئیسلامیی، پێویستییەکی حەتمییە:

بەڵێ خوێنەرە سەنگین و شیرینەکانم!

بەڕاستی ڕۆژ بۆ ڕۆژێ، هەتا زیاتر بە ئەزموونگەل (تجارب)ی کارو چالاکی ئیسلامیدا ڕەت دەبم و، لەو مەیدانە موبارەك و پڕ ئێش و ژان و کەندو لەندو بەمەترسییەدا ئەسپ تاو دەدەم، زیاترو چاکتر لەو قەناعەتەمدا دڵنیا دەبم، کە ئەو لایەنە گرنگە مەعنەوییەی لە قورئانیدا تەزکیەو، لە سوننەتدا ئیحسان و لە کەلەپووری ئیسلامیماندا، تەصەووفی پێ دەگوترێ، مەرجێکی بنەڕەتی و مەرجێکی حەتمیی و (حیاتي) دینداریی و مسوڵمانەتییە بۆ تێکڕای مسوڵمانان، ئەگەر بیانەوێ خواپەرستی و ئیسلامەتییەکەیان ڕەسەن و قووڵ و دامەزراوو نەلەخشاو بێت، وە بەتایبەت بۆ ئەوانەی دەوری مشوورخۆرو چاوساغ و بەرپرس دەبینن.

دیارە هەر بۆیەشە، کە خوای کاربەجێ و زانا لە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی کۆمەڵی ئیسلامیی یەکەمدا، لەسەر دەستی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، هێندە جەخت و داکۆکیی لەسەر بەهێزو پتەوکردنی ئەو لایەنە مەعنەوییە کردوەو، بەشی زۆری ڕووبەری سووڕەتە مەککییەکانی بەشێوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بۆ تەرخان کردوە، هەڵبەتە ئەوەش جێی خۆی بووە، چونکە ئەو وەچە (جیل)ەی، کە بۆ وەچەو پشتەکانی دیکە دەبنە بەردی بناغەو پێشەنگی کاروان و مامۆستاو چاوساغ، ئەگەر زۆر پتەوو ساغ و قاڵبووەوەو لە کڵ دەرهاتوو نەبن، ئەستەمە بتوانن تەحەمولی ئەو هەموو فشارو قورساییە بکەن، کە دوایی دەکەوێتە سەر شانیان، با سەرنجی ئەم ئایەتانە بدەین، تاکو لەوبارەوە بەرچاومان

ڕۆشنتــر بێــت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمُزَّمِّلُ ﴿١﴾ قُمِ ٱلَّيۡلَ إِلَّا قَلِيلٗا ﴿٢﴾ نِّصۡفَهُۥٓ أَوِ ٱنقُصۡ مِنۡهُ
قَلِيلًا ﴿٣﴾ أَوۡ زِدۡ عَلَيۡهِ وَرَتِّلِ ٱلۡقُرۡءَانَ تَرۡتِيلًا ﴿٤﴾ إِنَّا سَنُلۡقِي عَلَيۡكَ قَوۡلٗا ثَقِيلًا ﴿٥﴾ إِنَّ
نَاشِئَةَ ٱلَّيۡلِ هِيَ أَشَدُّ وَطۡـٔٗا وَأَقۡوَمُ قِيلًا ﴿٦﴾ إِنَّ لَكَ فِي ٱلنَّهَارِ سَبۡحٗا طَوِيلٗا ﴿٧﴾ وَٱذۡكُرِ ٱسۡمَ
رَبِّكَ وَتَبَتَّلۡ إِلَيۡهِ تَبۡتِيلٗا ﴿٨﴾ رَّبُّ ٱلۡمَشۡرِقِ وَٱلۡمَغۡرِبِ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ فَٱتَّخِذۡهُ وَكِيلٗا ﴿٩﴾
وَٱصۡبِرۡ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَٱهۡجُرۡهُمۡ هَجۡرٗا جَمِيلٗا ﴿١٠﴾ ﴾ المزمل، واتە: ئەی خۆ لە

نوێنەوە پێچەر ! کەمێك لە شەوێ نەبێ هەڵســەوە (بۆ خواپەرستی)، نیوەی (هەڵــمەستەوە)، یــان هەندێکیـشی لــێ کەمبکــەوە، یــان لێـشی (واتــە لــەو نیوەیــەی کــە تێیــدا هــەڵناســتیەوەو ئیــسڕاحەت دەکــەی) زیــاد بکــە، وە بەکاوەخۆو هێدی هێـدی قورئان بخوێنــە. چونکە ئێمە لەمەودوا فــەرمانێکی قورست بەسەردا دەدەین. جا خــواپەرســتییەك، کــە بــە شــەوێ ئەنجــام دەدرێ، کاریگــەریی لەســەر دڵو دەروون زیــاترەو زمــانیش باشتــری بــۆ دەگــوترێ. وە بێگــومان تــۆ بــە ڕۆژێ دەرفــەتی هــاتنو چــوونێکی زۆرت هەیــە. وە نــاوی پەروەردگــارت بهێنــەو، بەتــەواویی خــۆت بــۆ پەرســتنی تەرخــان بکــە. پەروەردگاری ڕۆژهــەڵاتو ڕۆژئــاوایــەو، جگە لەوی، چ پەرستــراوی (بــە هــەق) نــین، دەجــا کــاری خــۆت هــەر بــەو بــسپێرە. وە لــە ئاقــار ئــەوەدا، کــە (هاوبەشدانەرەکانو ناحەزەکانت) دەیڵێن خۆڕاگــربەو، بــە شێوەیەکی جوان خۆتیــان لــێ دوور بگــرە.

ئنجــا بێگومــان هەرچــەندە دوێنــراو (مُخاطَب)ی یەکــەمی ئــەم ئایەتــە بەهێزو پێزو بەرزو پیرۆزانە، پێغەمبەری کۆتایی صلی الله علیه وسلم بووە، بەڵام ئەو یارو هاوەڵە بەرێزانەشی گرتوونــەوە، کە لــە دەوری بوون، چونکە ئایەتەکان بۆیە نێرراونە خوار، کە پێغەمبــەر صلی الله علیه وسلم پاش خۆی

بۆ خەڵك و دەوروپشتی بیانخوێنێتەوەو پێشیانیان پەروەردەیان بکات:
﴿ هُوَ ٱلَّذِى بَعَثَ فِى ٱلْأُمِّيِّـۧنَ رَسُولًا مِّنْهُمْ يَتْلُوا۟ عَلَيْهِمْ ءَايَـٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمْ ... ﴿٢﴾ ﴾ الجمعة، هەر بۆیەش لە ئایەتی کۆتایی سووڕەتی (المزَّمِّل)دا کە باسی چۆنیەتی شەو هەڵسانەوەو شەونوێژی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەکات، کە بە صیغەی کۆ (صیغة الجمع) دەدوێ و، بە ڕاشکاوییش وێڕای پێغەمبەری خوا هاوەڵە بەڕێزەکانیشی دەدوێنێ: ﴿ إِنَّ رَبَّكَ يَعْلَمُ أَنَّكَ تَقُومُ أَدْنَىٰ مِن ثُلُثَىِ ٱلَّيْلِ وَنِصْفَهُۥ وَثُلُثَهُۥ وَطَآئِفَةٌ مِّنَ ٱلَّذِينَ مَعَكَ ۚ وَٱللَّهُ يُقَدِّرُ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ ۚ عَلِمَ أَن لَّن تُحْصُوهُ فَتَابَ عَلَيْكُمْ ۖ فَٱقْرَءُوا۟ مَا تَيَسَّرَ مِنَ ٱلْقُرْءَانِ ۚ عَلِمَ أَن سَيَكُونُ مِنكُم مَّرْضَىٰ ۙ وَءَاخَرُونَ يَضْرِبُونَ فِى ٱلْأَرْضِ يَبْتَغُونَ مِن فَضْلِ ٱللَّهِ ۙ وَءَاخَرُونَ يُقَـٰتِلُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ۖ فَٱقْرَءُوا۟ مَا تَيَسَّرَ مِنْهُ ۚ وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُوا۟ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَقْرِضُوا۟ ٱللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا ۚ وَمَا تُقَدِّمُوا۟ لِأَنفُسِكُم مِّنْ خَيْرٍ تَجِدُوهُ عِندَ ٱللَّهِ هُوَ خَيْرًا وَأَعْظَمَ أَجْرًا ۚ وَٱسْتَغْفِرُوا۟ ٱللَّهَ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌۢ ﴿٢٠﴾ ﴾ المزمل، واتە: بێگومان پەروەردگارت دەزانێ، کە تۆو کۆمەڵێك لەوانەی، کە لەگەڵتن کەمتر لە دوو سێیەکی شەو نیوەی و سێیەکی هەڵدەستنەوە (بۆ خواپەرستییو شەو بێداریی). جا خوا ئەندازەگیری شەوو ڕۆژان دەکات، زانی کە کاتی هەڵسانەوەکەتان بۆ کۆنتڕۆڵ (ضَبْط) ناکرێ، بۆیە لێتان خۆش بوو (لەوەی کە پێشتر لەسەری پێویست کردبوون)، لەمەودواش ئەوەندەی بۆتان ئاسانە لە قورئانێ (لە شەونوێژێدا) بیخوێنن، (خوا) زانی، کە لەمەودوا نە خۆشتان دەبن، کەسانێکی دیکە بەزەویدا دەگەڕێن (بۆ بازرگانیی)و بەخششی خوا (کە ماڵ و سامانی حەڵاڵە) پەیدا دەکەن، کەسانێکی دیکەش لەپێناوی خوادا دەجەنگن، (بۆیە فەڕزی شەونوێژی

Scanned by CamScanner

لەسەر لابردن)[1] جا مادام وایە ئەوەندەی بۆتان هەڵدەسووڕێ (شەونوێژ بکەن)[2] قورئانێ بخوێنن. وە نوێژێ بەرپا بکەن و زەکاتێ بدەن و قەرزی باش لەگەڵ خوادا بکەن[3]، وە هەر شتێکیش لە خێرو چاکە بۆ خۆتانی پێش بخەن، ئەوە بێگومان لەلای خوا بەچاکتر لە خۆی و پاداشتی گەورەتر دەیبیننەوە، وە داوای لێبوردن لە خوا بکەن، بەتەئکید خوا لێبوردەو بەخشندەیە.

بەڵێ مسوڵمانە بەڕێزو خۆشەویستەکان !

هیچ کارێکی گەورەو گرنگ بەبێ خۆ ئامادەکردن و زەمینەسازیی بۆکردن ئەنجام نادرێ و، ئەگەر گریمان بەڕواڵەتیش بکرێ، ئەوە حەتمەن سەرو بەر ناگرێ و ناڕێک و نیوەچڵ دەردەچێ.

دیارە گرنگترین لایەنی ئامادەکاریی و، زەمینەسازییش لە ڕوانگەی ئیسلامەوە، لایەنی مەعنەوییە، چونکە بێگومان ڕووح ئەسڵی ئینسانەو، جەستە زیاتر دەوری توێکڵ و دیکۆرو سێبەر دەبینێ.

دووبارەی دەکەمەوە، کە تەزکیەی نەفس و بەهێزو پێزبوونی لایەنی مەعنەویی بۆ سەرجەم مسوڵمانان، شتێکی گرنگ و پێویستەو، خاڵێکی هاوبەشیانەو بە مانای فراوانی - کە لە چەمك و واتا عورفی و زاراوەییەکەی زۆر فراوانترە – تاقە هۆی ڕزگاریی و بەختەوەریی و سەرفرازیی یانە: ﴿وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّىٰهَا ﴿٧﴾ فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَىٰهَا ﴿٨﴾ قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّىٰهَا ﴿٩﴾ وَقَدْ

---

١) ئەمە ڕای زۆربەی هەرەزۆری زانایانە، نزیك بەیەك دەنگی، بڕوانە: (مختصر تفسير إبن كثير)، ج: (٣)، ص: (٥٩٣).

٢) واتە: شەونوێژی سوننەت.

٣) مەبەست خێرو چاکەو ماڵ بەخشینە بە خەڵك، بەڵام چونکە لەبەر خوایە، وەك بە خوا سبحانە وتعالى بەخشرابێ وایە !!.

Scanned by CamScanner

خَابَ مَن دَسَّىٰهَا ﴿١٠﴾ ﴾ الشمس، واتە: سوێند بەنەفس و بەو كەسەی، كە ڕێكیخستوەو، گوناحكردن و پارێزكردنی فێركردوە. بێگومان كەسێك پاك و چاكی كردوە سەرفرازە،و كەسێك كە (لەژێر چڵكی گوناح و تاواندا) پەنهانی كردوە، پەشێمان و ماڵ وێرانە.

بەڵام بەتەئكید تەزكیەی نەفس و هێزی لایەنی مەعنەویی بۆ كەسانێك، كە ئەركیان قورسترو سەرگەرمی مشوورخواردن و كاروبار هەڵسوڕاندنن، پێویستترو چارەنووس سازترە، چونكە كەسانی وا، هەمیشەو دایم دەكەونە ژێر فشارو تەئسیری جۆراوجۆری كۆمەڵگاو دەوروبەرو، ئەگەر لە زات و دەروونی خۆیانداو، لە پەیوەندییان لەگەڵ خوادا زۆر قایم و توندو پتەوو دامەزراو نەبن، لەخشتە دەچن و دەخلیسكێن، جا بۆیە كەسانی وا هەم بۆ:

أ/ پارێزران لە هەڵەو لادان و خلیسكان[1].

ب/ هەم بۆ كار بۆ ئاسان[2] بوون و بەرچاوڕوونیی زیاتر[3]، زیاتر ئاتاجی ئەوەن، كە نەفس و دەروونیان پاك و چاكتر بێت و، پەیوەندییان لەگەڵ خوای بەخشندەو بە بەزەییدا بەهێزترو پتەوتر بێت. سەرنج بدە، خوای كاربەجێ چۆن لە سوڕەتی (العلق)دا، كە یەكەمین ئایەتەكانی خوای بۆ پێغەمەر صلی الله علیه وسلم تێدا هاتوونە خوار، ڕێڕوونیی و ئامۆژگاریی پێغەمبەرەكەی صلی الله علیه وسلم دەكات، كە لە ئاقار هەڕەشەو گوڕەشەو فشارو ناڕەحەتیی و گرفتارییەك، كە دوژمن و ناحەزە

---

١) ﴿ ...وَإِن تَصْبِرُوا وَتَتَّقُوا لَا يَضُرُّكُمْ كَيْدُهُمْ شَيْئًا إِنَّ اللَّهَ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطٌ ﴿١٢٠﴾ ﴾ آل عمران.

٢) ﴿ ...وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُۥ مِنْ أَمْرِهِۦ يُسْرًا ﴿٤﴾ ﴾ الطلاق.

٣) ﴿ يَٰٓأَيُّهَا الَّذِينَ ءَامَنُوٓا إِن تَتَّقُوا اللَّهَ يَجْعَل لَّكُمْ فُرْقَانًا ...﴿٢٩﴾ ﴾ الأنفال.

Scanned by CamScanner

سەرســەخت‌و بەدبەختەکــانی وەك (أبـو جهـل) بۆیــان ســاز دەکــردو ناڕاســتەیان دەکـرد، بـەهۆی نوێـژو طـاعـەت‌و سـەجدە بردنـی زیـاترەوە، چاکتــر لـەخوا نزیــك بێتــەوە، بۆئـەوەی بتوانـێ بەرهەڵسـتی (مقاومـة)
بکـات‌و چـۆك بـه دوژمـن دابـدات !! ﴿ أَرَءَيْتَ ٱلَّذِى يَنْهَىٰ ﴿٩﴾ عَبْدًا إِذَا صَلَّىٰٓ
﴿١٠﴾ أَرَءَيْتَ إِن كَانَ عَلَى ٱلْهُدَىٰٓ ﴿١١﴾ أَوْ أَمَرَ بِٱلتَّقْوَىٰٓ ﴿١٢﴾ أَرَءَيْتَ إِن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰٓ ﴿١٣﴾ أَلَمْ
يَعْلَم بِأَنَّ ٱللَّهَ يَرَىٰ ﴿١٤﴾ كَلَّا لَئِن لَّمْ يَنتَهِ لَنَسْفَعًۢا بِٱلنَّاصِيَةِ ﴿١٥﴾ نَاصِيَةٍ كَـٰذِبَةٍ خَاطِئَةٍ ﴿١٦﴾
فَلْيَدْعُ نَادِيَهُۥ ﴿١٧﴾ سَنَدْعُ ٱلزَّبَانِيَةَ ﴿١٨﴾ كَلَّا لَا تُطِعْهُ وَٱسْجُدْ وَٱقْتَرِب ﴿١٩﴾ ﴾ العلق،

واتـە: ئایا ئەوکەسە نابینی، کە بەندەیـەك قەدەغە دەکات لە نوێـژکردن! پێـم بڵێ، ئەگـەر ئەو بەندەیە (کـە موحەمەد صلى الله عليه وسلم)، ئەگەر لەسـەر ڕێـی ڕاسـت بێـت، یـان فـەرمان بـە پارێزکـاریی بکـات: (ئایـا ئـەی ئەبووجەهــل ڕەوایـە ڕێگریـی لـێ بکـەی؟!). ئایـا ئەگـەر ئـەو (وێـڕای ڕێگرتنـی) خۆیشی بێ‌بڕواو پشت هەڵـکردوو بێت. ئایا نازانـێ، کە خوا دەبینێــ؟! نـەخێر ئەگــەر دەســت هەڵــنەگرێ، بێگومــان بەتونــدی بــە پێـشەسەری ڕای دەکێـشین (بـەرەو دۆزەخ)، (خـاوەنی) پێـشە سـەرێکی درۆزنـی گونـاحکـار. جـا بـا ئـەو، کۆڕو مەجلیسـی خـۆی بـانگ بکات (کە لەسـەری بکـەنەوە)، ئێمـەش دۆزخەوانـەکان بانگدەکـەین. نـەخێر (گـوێ مەدە فشارو هەڕەشەو بەربەست دروستـکردنی‌و) بەقسـەی مەکەو سـەجدە (بۆ خـوا) ببـەو لێی نزیـك بکـەوەوە.

Scanned by CamScanner

دووەم: تەزکـیەی نەفـس بەشـێکی ئیـسلام و لایـەنێکی مـسوڵمانەتییەو، ئیـسلامیش جگـە لـە قورئـان و سـوننەت و مـسوڵمانەتیش بێجگـە لـە پابەندیـی پـێیانـەوە، شتێکی دیکـە نیـن.

بەڵێ خوێنەرە خۆشەویستەکانم !

کە دێینـە سەرباسی تەزکیەو تەصەووف، زۆر پێویستە ئەم سێ ڕاستییە گەورەو گرنگـە لەبەرچاو بگـرین :-

١/ تەزکیەی نەفس بەشێکە لە ئیسلام و لایەنێکە لە دینداریی و مسوڵمانەتیدا.

٢/ ئیسلام تەنیـا قورئـان و سـوننەتە.

٣/ مسوڵمـانەتیی بەبێ پابـەندیی بە قورئـان و سـوننەتەوە نایـەتە دی.

١) لەڕاستیی یەکەمەوە ئـەوەمان دەستگیـر دەبێ، کە هـەم بۆچوونی زۆر لـە نـەیارانی تەصـەووف و، هـەم بۆچوونی زۆرێکـیش لـە لایـەنگرە دەمارگیـر (متعصب)ەکانی تەصەووفیش هەڵەو ناتـەواون، کە یەکـەمیان تەصـەووف بە لادان و ناشـەرعیی و، دوەمیشیان بەسـەرتاپای ئیسـلامی دادەنێن !!

هـەقیش ئەوەیـە، کـە تەصـەووف، نـە لـە ئیـسلام جیـایەو، نـە هـەموو ئیسلامەتیـشی تێدایــە، مـسوڵمایتی و دینـداریی ڕاسـت و سـاغیش، بـەبێ تەزکیـە نایـەتە دی، بەڵام لە تەزکیەشدا کـورت هەڵنەهاتوە.

٢) لەڕاسـتیی دووەمیـشەوە، کـە جگـە لـە ڕسـتەی زۆرجـار لـە قورئانێـدا دووبـارەبـووەوەی: ﴿أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ ﴿٥٩﴾﴾النساء، چەندان بەڵگەی بێ پێچ و پەنـای دیکـەش پشـتگیـرنی، ئەوە وەردەگیـرێ، کە هەر کەسـێك بیەوێ، نەك هەر بە مسوڵمانی پاك و چاك و خاوەن تەزکیـە دابنـرێ، بگـرە هەر لەبازنەو جوغزی ئیسلامیش وەدەرنەنرێ، بە هیچ بیـانووو پاساوێکەوە

هیچ سەرچاوەیەکی دیکە (وەك قسەو کەرامەتی شێخو خەونو کەشفو ئیلهام) نەخاتە پاڵ قورئانو سوننەتو، بەکورتی هیچ شتێك لە شەرعی[1] خواو پێغەمبەرەکەی صلی الله علیه وسلم زیاد نەکات.

٣) لەڕاستیی سێیەمیشەوە، ئەو ئەنجامگیرییە وەدەستدێ، کە مسوڵمانەتیی‌و دینداریکردن، تەنیا یەك ڕێگاو چۆنیەتی هەیە، ئەویش بریتیە لە پابەندیی بە قورئانو سوننەتەوەو جێبەجێکردنی فەرمانی: ﴿أَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُوا۟ ٱلرَّسُولَ ﴿٥٩﴾﴾ النساء، پابەندیی بە هەر کتێبو ڕێبازو (طریقـة)و مەزەبو بیرو ڕاو قسەیەکەوە، هی هەر کەسێك بێت، مادام لە چوارچێوەی قورئانو سوننەتدا (بەپاساو بنچینە لێ هەڵهێنجراوەکانیشەوە) نەبێ، نەك هەر قەرەبوو (تعویض)ی شوێنکەوتنی قورئانو سوننەت ناکاتەوە ! بگرە هەر دروستیش نیەو هەر کەسێکیش غەیری قورئانو سوننەتو پاساو دەستوورەکانیان، بە ئایین بزانێ، ئەوە بەو بیروڕایەی شایەدیی کوفرو لە ئایین دەرچوون لەسەر خۆی دەدات، مەگەر لەبەر نەهاتنەدی مەرجەکانو لانەچوونی پەرچەکانی (عدم ثبوت الشروط وعدم انتفاء الموانع) بە شێوەیەکی کاتیی (مؤقت) دەرباز ببێ.

بەرچاوڕوونی مسوڵمانیش، بەگشتیو تایبەت، شوێنکەوتووانی ڕێبازەکانی تەصەووف، سەبارەت بەم سێ ڕاستییە گەورەو گرنگەو، هەڵسوکەوت کردنیان بەگوێرەی وان، لە چەندان هەڵەی کوشندەو بێڕەزا دەیانپارێزێ.

---

١) وشەی شەرع لێرەدا مەبەستمان پێی ئایینو بەرنامەی خوایە، نەك مانا زاراوەییەکەی کە (فقه)ە، واتە مەبەستمان لە شەرع شەریعەتی خوایە.

سێیەم: خوا بەیەکگرتن (توحید الله)و شوێن پێی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم هەڵگرتن (اتباع رسول الله)، کاکڵ و جەوهەری مسوڵمانەتیی و تەزکیەی نەفسن:

بەڵێ دیندارە سەنگین و شیرنەکان!

خوا بەیەکگرتن (توحید) کە بریتیە[1] لە بەیەکگرتنی خوا لە پەروەردگارێتی و لەناوو سیفەتەکانی و لە پەرستراوێتیدا (توحید الله في ربوبيّته وأسمائه وصفاته وألوهيته)، وە شوێنکەوتن (إتباع)ی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم، کە مەبەست پێی شوێن پێ هەڵگرتنی موو بە مووی پێغەمبەرە صلی الله علیه وسلم، لە چۆنیەتی مسوڵمانەتیی و دینداریکردنی و بەندایەتی بۆ خواکردنیدا، لە وردو درشتی ڕەوشت و ئەدەب و هەڵسوکەوتەکانی ژیان و گوزەرانیدا، ئەم دووانە: (التوحيد والإتباع) ئەسڵ و بناغەو جەوهەری بەندایەتیی بۆ خوا کردن و تەزکیەی نەفس و دەروونن، چونکە مسوڵمانەتیی و بەندایەتیی بۆ خواکردن، بە دوو شتان پێکدێ:

أ- تەنیا خوا بپەرسترێ و بەندایەتی بۆ بکرێ.

ب- بەس بەو شێوەو چۆنیەتییە بپەرسترێ، کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دیاریکردوە.

جا شایانی باسە، کە سەرجەم پێشەوایانی ئیسلام بە پێشین و پاشین (سلف وخلف)ەوە، زۆر جەختیان لەسەر هەرکام لەو دوو مەسەلەیە کردوە، کە دەقەکانی قورئان و سوننەت گرنگی و بایەخێکی بەرچاویان بە ڕوونکردنەوەو داکۆکیی لەسەرکردنیان داوە، بەڵام بەداخەوە لەمێژەو، ئێستاش لەپێشوو

---

[1]) سوپاس بۆ خوا دوازدە (١٢) دەرس لە زنجیرەی: (دەرسەکانی ئیمان و عەقیدەی ئیسلامیی)مان بۆ ڕوونکردنەوەو خوا بە یەکگرتن (توحید) تەرخان کردوە.

خراپتر، کە هەرکام لەو دوو مەسەلە گەورەو گرنگە، لەنێو زۆر لە شوێنکەوتووو لایەنگرانی سادەو ئاست نزمی ڕێبـازەکانی تەصەووفـدا، زۆر کاڵـبوونەتەوەو بگرە خراپـتـر لەوەش، بەهۆی زێدەڕۆیی (مبالغـة) کردن و ڕۆچوون (غُـلُوّ) لـه ڕێزلێگرتنی پیرو شـێخەکان و قسەو ئاڕاستەکانیاندا، کە زۆرجاریش گۆڕراون و کەم و زیادکراون، یـان هـەر ئەسڵەن پیـرو شـێخەکان شەرعیەتی شێخایەتییـان نەبووەو ناوی بێ نێوەڕۆك بوون، لەجێـی خـوا بەیەکـگرتن (توحید الله) بـه گەورەو پیرۆزگرتن (تعظیم وتقدیس)ی شێخ و پیرەکان و، لەجێی شوێنکەوتنی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم (اتباع رسـول الله)، شوێنکەوتـنی کوێرانه (التقلید الأَعمی)ی قسـەو ئاڕاستە هەڵەو ناشـەرعییەکانی پیـرو شـێخەکـان، بوونەتـە ڕێبـازو ڕێـوشـوێنی دینداریی و تەصـەووف !!

جا لە هەمووی سەیرتـر ئەوەیـە، کـە دوو ڕێبـازی بـاوو پـەیڕەوی لـێکـراوی تەصـەووف لە کوردستانـدا - بە هەموو پارچـەو بەشـەکانییەوە - بریتـین له:

١- ڕێبـازی (عبدالقـادری) گـەیلانی (الطریقـة القـادریة)[1].

٢- ڕێبازی (بهـاء الدین) نەقشبەند (الطریقـة النقشـبندیة)[2].

وە شوێنکەوتووو لایەنگرانی هەرکام لە دوو ڕێبازەکە، کـەم و زۆر، گیرۆدەی چـەندان جـۆرە هاوبـەش بـۆ خـوا دانـان (شـرك)ی گـەورەو گـچکەو داهێنـان (بدعـة) بـوون ! هەرچـەندە ئەوەنـدەی (عبـدالقادر الجیلانـي)و (الإمـام الربّـاني) - کـە دوو پێـشەوای هـەرە بەرجەسـتەو نـاوداری ڕێبـازی قـادریی و نەقشبەندیین - جەختیان لەسەر هەردووك مەسەلەی خوا بەیەکگرتن و شوێن پێغەمبەر کەوتن کـردوە، کـەم کـەس هێنـدە پێـی لەسـەر ئـەو دوو مەسـەلەیە داگرتوە، هەروەها هەردووکیـان زۆر بە تۆخی تەئکیدیان لەسەر دژایەتیکردن و

١) لە کوردستانـدا شوێنـکەوتووانی ڕێبـازی قـادریی (دەرویـش)یان پێدەگوترێ.

٢) شوێنـکەوتووانی ڕێبـازی نەقشـبەندییش (صـۆفی)یان پێدەگوترێ.

بنبڕکردنی پێچەوانەکانیان، کە هاوبەشی بۆ خوادانان (الإشراك باللّه)و شت لـە ئاینـــدا داهێنـــان (الإبتـداع فـي الـدين)ن، کردۆتــەوە، ئەمــەش چــەند نموونەیەك لە قسەو ڕێڕوونی ئەو دوو کەڵە پێشەواو مامۆستایە لەوبارەوە:

(شێخ عبدالقادری گەیلانیی)، کە بەزۆری داکۆکی لەسەر خوا بەیەکگرتن‌و بۆ خوا ساغ‌و یەکلابوونەوە کردوە، لە یەکێك لە کۆڕەکانیدا گوتوویەتی[1]:

(خەڵـك دەستەوستانن‌و زیـان‌و قازانجت پـێ ناگەیـەنن، بەڵـکو ئـەوە تـەنیا خوایە، کە ئەو شتانەیان لەسەر دەست دەرِەخسێنێ، کردەوەی خوایە کە کار لە تۆو لەوانیشدا دەکات، قەڵەمی زانیاری خوای بەرزو مەزن، هەموو شتێکی خێرو شەڕی لەبارەی تۆوە تۆمار کردوە.

خـوا بەیـەکگرە صاڵحەکان بەڵگەی خـوان بەسـەر خەڵـکییەوە، هەیانـە بەڕواڵەت‌و دەروون خۆی لەدنیـا داماڵـیوە، هەشیانە تـەنیا لە دڵ‌و دەروونی خۆی داماڵیوە، بەجۆرێك، کە خوای بەرزو مەزن لەوبارەیەوە هیچیان لەدڵدا نابینـێ، ئـا ئـەوانە دڵـی بێگەردو سافن، هـەر کەسێك ئەمـە بتوانـێ، ئـەوە لەلایـەن خـواوە بـاڵادەستیی پـێ بەخـشراوە، ئـەو کەسـە ئـازاو پاڵـەوانە، ئـازا کەسێکە، کە دڵی خۆی لە غـەیری خوای بـەرزو پایـەدار پاك کردبێتـەوەو، بە شمـشێری خـوا بەیەکـگرتن (سـیف التوحیـد)و شیـری شـەرعەوە، لەسـەر دەروازەی دڵی وەستاوەو، ڕێ نـادات هـیچ دروستـکراوێك بچێتـە ژووریّ‌و، دڵی لەسـەر هـەڵگێڕەرەوەی دڵان (مقلّـب القلـوب) کۆکردۆتـەوە، شـەرع ڕواڵـەت‌و پاك‌و پوخت دەکات، بەڵام خوا بەیەکگرتن‌و عیـرفان، نێوەوە پاك دەکاتەوە).

لـە کـۆڕێکی دیکەیـدا لـەو کـۆڕو مەجلیـسانەی، کـە بـۆ خەڵـکی بەغـدای سازداون هـەر لەبـارەی خـوا بەیەکگرتنەوە گوتوویەتی[2]:

---

١) بڕوانە: (الفتح الرّباني) للشيخ عبد القادر الجيلاني، المجلس الثالث عشر، ص: (٥٤، ٥٥).

٢) سەرچاوەی پێشوو، ص: (٦٢، ٦٣).

Scanned by CamScanner

(تۆ پشتت بەخۆت بەستوەو بە خەڵك‌و بە زێڕو زیوەكەت، وە بە كڕین‌و فرۆشتنەكەت، وە بەدەسەڵاتداری ولاتەكەت، جا هەر شتێك، كە پشتت پێی قایمە ئەوە پەرستراوتە، وە هەر كەسێك لێی بترسێی‌و هیوات پێی هەبێ، ئەوە پەرستراو (إلـه)تە. هەر كەسێك زیان‌و قازانجێكی لێ بزانی، بێ ئەوەی ئاگات لێبێ كە خوای باڵادەست‌و بەرز ئەو شتەی لەسەر دەست ئەنجام دەدات، ئەوە پەرستراوتە).

(سیّد أحمد السرهندي)یش، كە بە (الإمام الربّاني) ناسراوە، لە نامەو نووسراوەكانیدا زۆر داكۆكی لەسەر پەیڕەوكردن لە سوننەت‌و شوێن پێ هەڵگرتنی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم‌و دووری لە بیدعەت كردوەو، لەوبارەوە زۆر شتی گرنگی گوتوەو ئەوەندەی بەسە، كە زۆر بە ڕاشكاویی‌و بوێرانە ڕایگەیاندوە، كە وێڕای دەقەكانی سوننەت لەڕێی ئیلهام‌و كەشفیشەوە بۆی دەركەوتوەو دڵنیابووە، كە دابەشكردنی بیدعەت بۆ پێنج یان دوو جۆر (البدعة الحسنة والبدعة السّیئة) هەڵەیەو، بیدعەت چاكی تێدا نیەو، هەمووی هەر خراپە (كلُّ بدعةٍ ضلالة)[1]!!

بەڵێ ئەمەیە ڕاو هەڵوێستی ئەو كەڵە پێشەوا ئوستادانە، كە حەیفێ ئێستا لە كوردستان‌و غەیری كوردستانیش دا، گەلێك بەناو شێخ‌و خەلیفەو صۆفی‌و دەروێشی گیرۆدە بە شیرك‌و بیدعەت‌و ئەفسانەوە، لافی شوێن كەوتن‌و پەیڕەوی لێ كردنی ڕێبازەكانیان لێ دەدەن!!.

١) بڕوانە: (مكتوبات الإمام الربّاني) للإمام الشیخ أحمد بن الشیخ عبدالأحَد السرهندي، ج: (١)، ص: (١٥٩)، الطبعة الثانیة، كە گوتوویەتی: (قال بعض الناس إنَّ البدعة على نوعین: حسنة و سیئة... وهذا الفقیرُ لا یُشاهِدُ في شيءٍ من البدعة شیئاً من الحُسْنِ والنورانیة، ولا یَحُسُّ فیها شیئاً سوى الظُّلمَةِ والكُدورةِ...).

چوارەم: هەرچەندە قورئان و سوننەت بەسن بۆ هەر جۆرە هیدایەت و ڕێڕوونییەك، بەڵام مەگەر بە دەگمەن دەنا بەبێ مامۆستاو چاوساغ، كاری تەزكیە وەك پێویست سەرو بەر ناگرێ:

ئەوەی سەرەوە سەرجەم زاناو پێشەواو پسپۆڕانی بواری تەزكیەو تەصەووف لەسەری یەكدەنگن و، بەندەش، كە لەوبارەوە شتێكی لێ حاڵی بووبم، هەروای تێ دەگەم.

جا لێرەدا ڕەنگە یەكێك بپرسێ:

باشە مادام قورئان و سوننەت بەسن بۆ هیدایەتی كامڵ و تەواو، ئەدی بۆچی، مەگەر بەدەگمەن، ئەگەرنا بەبێ مامۆستاو ڕابەرو ڕێ نیشاندەر، پرۆسەی تەزكیەی نەفس سەرو بەر ناگرێ.؟!

وەڵامەكەشی هەر ئەوەیە، كە ئاخر هەموو كەسێك ناتوانێ بۆخۆی سەربەخۆ وەك پێویست لە قورئان و سوننەت تێبگات، بەتایبەت لەولایەنە مەعنەوییەوە، كە قووڵترین و فراوانترین لایەنی قورئان و سوننەتە.

ئنجا دەڵێین:

ئایا شارەزایی لە كتێبەكانی پزیشكی گەریی (علم الطب) و موتاڵای كتێب و سەرچاوەكانی ئەندازیاریی، بەتەنیاو بەبێ مامۆستاو فێركەر، بەسن بۆ ئەوەی ئینسان ببێتە پزیشك و ئەندازیار؟! بێگومان نەخێر.

بۆیە نابێ ئەوەی، كە لەزۆر لە ئەهلی تەصەووفەوە گێڕراوەتەوە، كە (مَنْ لم يكُنْ لَهُ شيخٌ فَشَيْخُهُ الشيطان) بە شتێكی سەیرو نامەقووڵ دابنێین، بەمەرجێك بەڕاست و دروستی حەمك و واتای (شێخ) بزانین، كە لە بەشی پێنجەمدا تۆزێك تیشكمان خستۆتە سەری.

Scanned by CamScanner

ئنجا کە گوتووشمانە: (مەگەر بەدەگمەن) لەبەرئەوەیە، کە هەموو یاسایەك ڕیزپەڕی هەن (لكلٌ قاعدة شواذ) و هەندێك کەس، خوای بەخشەر بە شێوەیەکی تایبەتی هیدایەتی دەداتو، پەکی لەسەر کەس ناخاتو بۆخۆی مشور دەخواتو کاری ئاسان دەکات، وەك خوای زاناو پەنهان بین دەربارەی ئەو بەندە صالحەی، کە مووسا علیه السلام دەنێرێتە لای، کە زانیاری لێوە فێر بێت فەرموویەتی: ﴿ فَوَجَدَا عَبْدًا مِّنْ عِبَادِنَآ ءَاتَيْنَٰهُ رَحْمَةً مِّنْ عِندِنَا وَعَلَّمْنَٰهُ مِن لَّدُنَّا عِلْمًا ﴿٦٥﴾ ﴾ الكهف، واتە: جا (مووساو غوڵامەکەی) بەندەیەکیان لە بەندەکانمان بینی، کە لەلایەن خۆمانەوە بەزەییمان پێ بەخشیبوو، لەلای خۆمانەوە زانیارییەکمان فێرکردبوو..

<u>پێنجەم</u>: تەزکیەی نەفس خەسڵەتێکی بنەڕەتیی پێشینەی چاکمان بووەو، هیچ زاناو پێشەوایەکی ڕۆچووی پاشینیش نکووڵیی و لام و جیمی لێی نەبووە:

بەڵێ، بەڕاستی بە سەرنجدان و تێوەڕامانی ژیان و بەسەرهات و ئاکارو ڕەفتاری پێشینی چاکمان، زۆر بەڕوونیی دەبینین، کە هەر کامێکیان لە ڕووی مەعنەویی و ئەخلاقییەوە، لە لووتکەدا بوون و، سەرجەم سیفەتە بەرزو پەسەندەکانی وەك: (ایمان، یقین، صبر، شکر، توکل، عبادة، تقوی، زهد، تواضع، شجاعة، سخاء، إخلاص، تجرد، طهارة،....الخ) بە ئاسمانی ژیان و گوزەرانیانەوە، وەك ئەستێرەی پرشنگدار دەدرەوشێنەوە.

ئنجا شوێنکەوتووانیشیان لە زانایانی پاشین، بەهەمان شێوە بەش و بەشێکی چاکیان لەو تەزکیەی نەفس و سیفەت و ئاکارە بەرزو

Scanned by CamScanner

پەسندانەدا هەبووە، کە دەقەکانی قورئانو سوننەت کردوویانن بە درووشمو، نیشانەی بڕوادارانی پارێزکارو چاکەکار.

جا لێرەدا پێویست ناکات ئاماژە بە کەسانێکی وەك:

(جُنید البغدادي و معروف الكرخي و سَهْل التسْتري وأبو حامد الغزالي و نووي و العزّ بن عبد السلام وسيوطي وابن حجر العسقلاني وابن حجر الهيتمي و....هتد) بکەم، کە یان صۆفیی (بە مانای ڕاستەقینەو ڕەسەنی) بوون، یان مەشرەب صۆفیی، بەڵکو لە ڕابردووەکان، باسی سێیان دەکەم، لە هاوچەرخەکانیش باسی سێیان، کە هیچ کامیان بە ئەهلی تەصەووف نەناسراون، بەڵام هەڵوێستی زۆر ئیجابییان لەبارەی تەزکیەو تەصەووفەوە هەبووە:

جا سێیە پێشووەکان: (ابن تيمية)و (شاه ولي الله الدهلوي)و (ابن قيم الجوزية)ن، هەرچی (ابن تيمية)یە خوا لێی خۆشبێ، کە گەلێك کەس بە نەزانییو بێئاگایی هەم، لە لایەنگرانی تەصەووفو هەم لە نەیارەکانی، بە دوژمنی سەرسەختی تەصەووفی دەزانن !! بەڵێ (ابن تيمية) نزیکەی (٨٠٠) لاپەرەی دەربارەی تەصەووف نووسیوە، کە لە بەرگی (١١)و (١٢)ی (مجموعة الفتاوى)کەیدا کۆکراونەتەوە، بەرگی (١١) بەناوونیشانی (علم السلوك)و بەرگی (١٢) بەناوونیشانی (كتاب التصوف).

وە (ابن تيمية)یە، هەمیشە وەك هەر زانایەکی قووڵو ڕۆچووو دامەزراو، جیاوازیی خستۆتە نێوان تەصەووفی ڕەسەنو پابەند بە قورئانو سوننەتو، تەصەووفی هەڵەو ناشەرعیو پووچو زیانبەخش.

(شاه ولي الله الدهلوي)یش خوا لێی خۆشبێ، کە یەکێ دیکەیە لە زاناو پێشەوا بەرجەستەکان، بەتایبەت لە بواری تەفسیرو حەدیسو

Scanned by CamScanner

شەرع (فقە)دا، لە كتێبە نایابەكەی خۆیدا (حجة الله البالغة) لەژێر ناوونیشانی: (مِنْ أبواب الإحسان)دا ئەندازەی (٦٥) لاپەرەی بۆ ڕوونكردنەوەی مەسەلەی تەزكیەو ئیحسان تەرخان كردوەو، شتی یەكجار وردو قووڵی لەوبارەوە هێناوە، كە ڕەنگە لە شوێنی دیكەدا چنگ نەكەوێ[1].

(إبن قيم الجوزية)ش خوا لێی خۆشبێ، هەرچەندە نزیكترین و لەپێشترین قوتابی (ابن تيمية)یە، بەڵام لە بواری تەزكیەو عیرفاندا شارەزایی و پسپۆرییەكی تایبەتی هەیەو، جگە لە (أبو حامد الغزالي) ڕەحمەتی خوای لێبێ، هیچ زاناو شەرعزانێكم نەدیوە هێندەی (إبن القيم) بە مەسەلەی تەزكیەو ئەخلاقدا قووڵ بووبێتەوە، وە كتێبەكانی (إبن قيِّم) زۆربەیان كەم و زۆر، باس و خواسی تەزكیەو عیرفان و ئەخلاقیان تێدایەو، هەندێكیشیان تەنیا بۆ ئەو مەبەستە تەرخان كراون، وەك (مدارج السّالكين)، كە شەرحی كتێبی (مَنازل السائرين)ی (شيخ اسماعيل الهروي)یەو سێ بەرگی گەورەیە، وە (إغاثة اللّهفان مِن مصايد الشيطان)، كە كتێبێكی قەبارە زلی (٧٠٠) لاپەڕەییەو زیاتر دەربارەی فێڵ و پیلانەكانی ئیبلیسی نەگریسە، لە هەموو بوارەكانی ئیمان و عەقیدەو عیبادەتەكان و ڕەوشت و خوو مامەڵەو بازرگانی و سەرجەم هەڵسوكەوتەكان (معاملات)و ..هتددا، وە كتێبی: (طريق الهجرتين وباب السّعادتين)، كە نزیكەی (٥٠٠) لاپەرەیەو كتێبی: (حادي الأرواح الى بلاد الأفراح) وە (الجواب الكافي لمن سأل عن الدواء الشافي) وە (مفتاح دار السّعادة) وە: (كتاب الروح)...هتد.

---

١) بڕوانە: (حجه الله البالغة)، ج: (٢)، لە لاپەڕە: (١١٧- ١٨٢).

Scanned by CamScanner

سێ زاناو پێشەوا هاوچەرخەکانیش - کە بێگومان ج ڕابردووەکان، ج هاوچەرخەکانیشمان، تەنیا وەك نموونە هێناونەتەوە - بریتین لە :

(حسن البنّا) ڕەحمەتی خوای لێبێ و، (بديع الزمان: مەلا سەعیدی نۆرسی) خوا لێی خۆشبێ و، (سيد قطب ابراهيم) خوا لێی خۆشبێ.

هەرچی یەکەمیانە، کە دامەزرێنەری یەکەمین و گەورەترین کۆمەڵی ئیسلامییە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا: (الاخوان المسلمون)، دەربارەی پەیام و بانگەوازی کۆمەڵەکەی و بەرنامەو پەیڕەوی بەڕێوەچوونی و دروشم و شیعارەکانی چەند شتێکی گوتوە، لە یەکێك لە بڕگەکانیدا: (وحقيقة صوفية) هاتوە، واتە: لایەنێك لە بەرنامەو بانگەوازەکەمان تەزکیەو تەصەووفێکی ڕاستەقینەیە[١].

دووەمیشیان، کە زاناو پێشەوایەکی هەڵکەوتووی کوردستانی تورکیا بووەو سەرجەم نووسراوو بەرهەمەکانی، کە بەزۆری لەحاڵەتی دوورخراوەیی و چەپسکراوییدا (منفيّاً ومسجوناً) نووسیونی، سەدو سی (١٣٠) نامیلکەن، ئێستا لە دە (١٠) بەرگی گەورەدا چاپکراون، بە ناوونیشانی (كلّيات رسائل النور)، هەم سەرتاپای ژیانی و هەم تێکڕای بەرهەمەکانی - بەتایبەت هی دوای قۆناغی دووەمی ژیانی کە خۆی ناوی ناوە: سەعیدی تازە (السّعيد الجديد) – تەرخانکردوە بۆ ڕوونکردنەوەی ئیمان و عەقیدەو لایەنی تەزکیەو ئەخلاق، هەرچەندە زۆر بەڕاشکاوییش ڕایگەیاندوە، کە مەسلەکی صۆفیایەتی نەگرتوەو شێخی طەریقەتیش نیە، لەگەڵ پێشاندانی ڕێزو

---

١) ئەم مەسەلەیە لە گەلێك کتێب و سەرچاوەی کۆمەڵی ناوبراودا هاتوە، بۆ وێنە بڕوانە: (التربيتنا الروحية) سعيد حوّى.

حورمەتی زۆری بۆ ڕێبازەکانی تەصەووف و پێشەوا بەرجەستەکانی بەتایبەت (عبدالقادر)ی گەیلانیی و (سید أحمد)ی سەرهەندیی[1].

سێیەمیشیان (سید قطب) ، کە ئەدیب و نووسەرێکی زەبر دەست و ناوازەو، توێژەرەوەیەکی لێهاتووی قورئان و تێکۆشەر و پاڵەوانێکی کەم وێنەو فیداکاری[2] ئیسلام بووەو، گەلێك کەسی ناحاڵی و فەقیرحاڵ بە دژی تەصەووفی دەزانن !! لە گەلێك شوێنی (في ظلال)ەکەیدا شتی زۆر قووڵ و وردی لە بواری ئیحسان و تەقواو تەزکیەوە گوتوە، کە لە ئەنجامی لەگەڵ خۆدا خەریك بوون (مجاهدة النفس)و بەرەو خواچوون و پێهەڵاچوونی زۆرەوە نەبێ، مەحاڵە ئینسان تامیان بکات و فامیان بکات !

بۆ وێنە سەرنجی بدە چۆنی تەفسیری ئەو ڕستە بە بڕستەی قورئان دەکات: ﴿....فَسَوْفَ يَأْتِي اللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُ...﴾ (٥٤) المائدة، نووسیویەتی:

{﴿....فَسَوْفَ يَأْتِي اللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُ...﴾ (٥٤) المائدة، یەکتر خۆشویستن و لە یەکتر ڕازیبوون بناغەی پەیوەندی نێوان ئەوان و

---

١) بڕوانە: (كليات رسائل النور)، ج: (٢) (مكتوبات)، ص: (٧٩)، شایانی باسیشە، کە سەعیدی نوڕسی زیاتر لە سی (٣٠) ساڵی تەمەنی خۆی بە دوورخراوەیی و سجنکراویی بەڕێ کردوە، لەلایەن ڕژێمە ڕەگەزپەرست و سیکۆلارستە یەك لەدوای یەکەکانی تورکیاوە، تەنانەت لە سەرەمەرگیشدا پۆلیس چاوەڕێی کردوەو بەدەوریەوە بوون و، دوای مردن و نێژرانیشی گۆڕەکەی شوێنە ونکراوە !! بڕوانە: (كليات رسائل النور)، ج: (٩) (سيرة ذاتية)، خوا بە لوتفی خۆی پلەوپایەی مامۆستا مەلا سەعید بەرز بکاتەوەو بەچاکترین شێوە پاداشتی بداتەوە.

٢) هەرکام لە (حسن البنّا) و (سيد قطب) بە دەسیسەو دەست لەپشتدانی زلهێزان و بەدەستی ڕژێمە کافرو دەغەڵە خۆماڵییەکانی میسر، یەکەمیان بە فیشەك لە (١٩٤٩)و دووەمیشیان بە سێدارە (١٩٦٦) کوژران، خوا بە شەهیدی وەرگرتبن و پلەو پایەیان بەرزو بەرزتر بکاتەوەو، بە چاکترین شێوە پاداشتیان بداتەوە.

Scanned by CamScanner

پەروەردگاریانە. خۆشەویستیی... ئەو ڕووحە نەرمو هێمنو گەشو جوانو درەوشاوەیە... ئەوەیە، كە ئەو كۆمەڵە بە پەروەردگاری دۆستیانەوە گرێ دەدات} .

ئنجا بێگومان خۆشەویستی خوا بۆ یەكێك لە بەندەكانی، شتێكە، كە هیچ كەس ناتوانێ نرخو پایەی بناسێ، مەگەر كەسێك كە خوا - پاكیی بۆوی - بەو جۆرە دەناسێو بەو سیفەتانەوە كە خۆی پێیان وەسف كردوە، وە مەگەر كەسێك، كە بە هەموو كەسایەتییو دەروونو هەستو نەستییەوە تەفاعولی لەگەڵ ئەو سیفەتانەدا كردبێت... بەڵێ هیچ كەس حەقیقەتی ئەو بەخششە نازانێ، مەگەر كەسێك، كە حەقیقەتی ئەو بەخشەرە بناسێ... كەسێك، كە دەزانێ خوا كێیە... كێ بنیاتنەری ئەو بوونەوەرە زەبەلاحەیە، وە بەدیهێنەری ئەو ئینسانەیە، كە بەو گچكەییەی بوونەوەری لەخۆیدا كورتو پوخت كردۆتەوە... كێیە بەو هەموو مەزنیو دەستەڵاتو تاكییو خاوەندارێتیە؟ ئەو زاتە كێیەو ئەو بەندەیە كێیە، كە خوا لە خۆشویستنی خۆی بەشی دەدات... لە حاڵێكدا، كە بەندەكەش هەر دەستكردی خۆیەتی – پاكیی بۆوی - وە ئەویش پایە بەرزی مەزنو زیندووی هەمیشەو هەربووی هەرماوو یەكەمینو دواپینو ئاشكراو پەنهانە.

هەروەها خۆشویستنی بەندەش بۆ پەروەردگاری، نیعمەتێكی ئەو تۆیە بۆ بەندەكەی، كە مەگەر ئەوەی چێژتبی ئەگەرنا تێی ناگات ! ئنجا هەر وەك چۆن خۆشویستنی خوا بۆ بەندەیەك لە بەندەكانی، شتێكی بەرزو مەزنەو بەخششێكی داپۆشەرو بێ هاوتایە، چاكە لەگەڵ كردنی خوا بۆ بەندەكەی، كە هیدایەتی داوە، خۆشی بوێو ئەو لەززەتە جوانو بێوێنەیەی پێ ناساندوە، كە هیچ جۆرێك لە جۆرەكانی، تاموچێژی خۆشەویستی پێی ناچێو هاوتای نیە، ئەمیش دیسان چاكە لەگەڵ كردنو بەخششێكی بەرزو بالایە.

ئنجا ئەگەر خۆشویستنی خوا بۆ بەندەیەك لە بەندەکانی شتێکە لە سەرووی ئەوەوەیە، کە بتوانێ وەسفی بکات، ئەوە خۆشویستنی بەندە بۆ پەروەردگاری جاروبارێك، وەك بۆ هەڵکەوتنێکی کەم لە هەندێك وتەی خوا خۆشەویستاندا وێنەی کێشراوە، ئەمەش ئەو بوارەیە، کە پیاوانی پێگەیشتووو ڕاستو ساغی تەصەووف تێیدا پێشکەوتوون، هەرچەندە ئەوانە کەمێکن لەنێو ئەو هەموو ئاپۆرایـیە زۆرەدا، کە خۆیان بە تەصەووفەوە هەڵواسیوە...

ئێستاش لەگەڵ بێ ئەو چەند دێرە شیعرەی (رابعة العدوية) تامو چێژی ئەو خۆشەویستییە ڕاستەقینەیەم تێ دەگەیەنن، کە گوتوویەتی:

فليتك تَحلو والحياة مريرةٌ ... وليتك ترضى والانام غِضابُ

وليت الّذي بيني وبينك عامِرٌ ... وبيني وبَيْن العالمين خرابُ

إذا صحّ منك الوُدُّ فالكل هَيِّنٌ ... و كل ما فوق التراب تُرابُ

ئنجا ئەو خۆشەویستییەش لە خوای پایە بەرزەوە بۆ بەندەیەك لە بەندەکانی، وە خۆشویستنی خوا لە بەندەوە بۆ خوای چاکەکاری بەخشەر، لە سەرتاپای بوونو تێکڕای بوونەوەری پانو پۆڕدا هەیەو، لە هەموو زیندووێكو هەموو شتێکدا چەسپاوە، وە وەك هەواو سێبەرێك تێکڕای ئەو بوونەی وەبەرخۆ داوەو، هەموو مرۆڤایەتی داپۆشیوە، کە لەو بەندە خۆشەویستو خۆشویستراوەدا خۆی دەنوێنێ [1].

بەڵێ، ئەمەیە هەڵوێستی پێشەواو زانایانی پێشینو پاشینو هاوچەرخ، دەربارەی تەزکیەو تەصەووف !.

---

١) بڕوانە: (في ظلال القرآن)، ج: (٢)، ص: (٩١٨).

Scanned by CamScanner

شەشەم: پێشەوایانی تەزکیەو تەصەووف جگە لە ڕێبازی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم ڕێچکەیەکی دیکەیان دانەهێناوە:

بەداخەوە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی مسوڵمان بەگشتیو بەتایبەت، شوێنکەوتووو لایەنگرانی ڕێبازەکانی تەصەووف بە شێخو ڕیش سپییەکانیشیانەوە، پێیان وایە، کە هەرکام لە شێخو پێشەواو سەرقافڵەکانی ڕێبازەکانی تەصەووف، ئەو ڕێو شوێنو جۆرە دینداریکردنەی، کە لەسەری ڕۆیشتوونو خەڵکو شوێنکەوتووانی خۆیانیان لەسەری پێگەیاندووەو کۆکردۆتەوە، شتێك بووە خۆیان دایانهێناوەو ڕچەیەك بووە خۆیان شکاندوویانە!

بەڵام لەڕاستیدا وانیەو ئەو جۆرە بۆچوونە، جگە لەوەی فرِی بەسەر هەقو ڕاستییەوە نیە، تۆمەتو بوختانێکی زلیشە، کە ئاڕاستەی ئەو پێشەواو مامۆستاو صالحو پایە بەرزانە دەکرێ!

چونکە بێگومان هەموو هەوڵو کۆششی پێشەوایانی وەك: (شێخ جُنید البغدادي وأبو سلیمان الداراني وأبراهیم بن أدهم و... پاشان أبو حامد الغزالي و عبدالقادر الگیلاني وبهاءالدین نقشبند و...هتد) بۆ ئەوە بووە، کە خۆیان بە وردییو موو بە موو بە ڕێبازی پێغەمبەری خوادا صلى الله عليه وسلم بڕۆنو، هیچ کام لەو پێشەواو سەرقافڵەو پایەبەرزانە، بە هیچ کەسێکیان نەگوتوە شوێن (جنید) یان (أبو سلیمان) یان (ابراهیم بن أدهم) یان (غزالي) یان (گەیلانیی) یان (بهاء الدین) بکەون، بەڵکو گوتوویانە: شوێن ڕێبازی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بکەون.

ئنجا هۆی ئەوەش، کە لەپاش خۆیانو ڕچەو ڕێوڕەسمەکانیان وەك ڕێباز (طرقة) بەناوی خۆیانەوە ناونراونو گوتراوە: ڕێبازی گەیلانیی، ڕێبازی

Scanned by CamScanner

سوهرەوەردیی، ڕێبازی نەقشبەندیی...هتد ئەوە بووە، کە شوێنکەوتووەکانیان نەیانتوانیـوە ئـەو ڕێبـازەی ئـەوان - کـە خـودی سـوننەت و ڕێـو شـوێنی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم بـووە - ببەنـەوە بنەوان و لەبەرتیشکی دەقــەکانی قورئـــان و ســونەتدا پێیــەوە پابەنـــدبن و، وەك شـوێنکەوتووی لاسـاکەرەوە (مُقلِّـد)ی مەزهەبـە فیقهـییەکان، هـەروا لـە ڕەش ڕاگەوتوونـە دوایان و دواییش، کە بە تێپەڕبوونی کات و ڕۆژگار، کەم و زیادییان تێدا کـراوەو گۆڕراون و شێوێنراون، خەڵکەکەش لەبەر بێئاگایی و نەشارەزایی، وردە وردە ئەسـڵ و بنــەڕەت و حەقیقــەتی ڕێڕەوونیــی و ڕێــو ڕەسمــی ئــەو شــێخ و پێـشەوایانەیان فـەرامۆش کـردووە، دەقیـان بـە بـارە ناشـەرعیی و هەڵـەو ناڕاستەکەیانەوە گرتـووەو پێشیان وابـووە، کـە هەرچـی بـەناوی (عبدالقادر الجیلانـی) و (بهـاء الـدین نقشبند)ەوە ئەنجـام دەدرێ و مومارەسـە دەکـرێ، ئەوە خودی (عبدالقادر) و (بهاء الدین) قَدَّسَ الله روحَیْهما دایـانهێنـاوە !!

بـەڵام لەڕاسـتیدا وەك چـۆن پێـشەوا سـەر مەزهەبەکـانی وەك (الحسن البصري و سفیان الثوري و ابن المسیِّب و أبو حنیفة و جعفر الصادق و مالك و شافعي و طبري و أحمد و داود) ڕەحمـەتی خوایـان لێـبێ، ئـەوەی کە بەناوی ئەوانەوەیە، تەفسیـرو شـەرحی ئایـەت و فـەرموودەو، ئەوپەڕەکەی تێگەیشتن و بۆچوونی ئەوانـە لـەو مەسـەلانەدا، کـە زیـاتر لـە ڕاوبۆچوون و تێگەیشتنێك هەڵـدەگرن، ڕێبازەکانی تەصـەووفیش بەهـەمان شێوەن و بگـرە زیـاتریش، چونکە ئەگەر بیـروڕاو ئیجـتیهادە فیقهییەکـان زۆر جۆراوجۆرن، ڕێـو شوێن و چۆنیـەتی خواپەرستیی و تەزکیەی نەفس و لە خوا نزیکبوونـەوە، ئەو هـەموو بوارو فراوانییەی تێدا نیـە.

گرنگ ئەوەیە، کە ئێمە دڵنیـابین، هیچ کام لە پێشەواو چاوساغانی صاڵح و ڕێ پیشانـدەرو خەڵك بەرەو خوا بەر، هیچ کاتێك بـەخۆیانیان ڕەوا نـەبینیوە،

Scanned by CamScanner

كە شتێك لە ئیسلامدا زیاد بكەن‌و دابێنن، چ جای ڕێباز (طریقة)ێك !! كە دوایی بكرێتە بەدیلی ڕێبازو (سنة)ی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم.

پێویستە ئەوەش بگوترێ، كە ئێمە كاتێك بەرگری لە ڕێبازەكانی تەصەووف دەكەین‌و، دەڵێین لە بنەڕەتدا خاوەنەكانیان وەك ڕێبازو ڕێو ڕەسمێكی جیاو تایبەت دایانەهێناون، مەبەستمان لەو ڕێبازانەیە، كە خاوەنەكانیان زاناو پێشەوای ناودارو ناسراون وەك: (أبو حامد الغزالي، عبدالقادر الجيلاني، وسيّد أحمد السرهندي و مولانا خالد الكردي)، نەك هەر كۆڵكە شێخێك چوار صۆفیی‌و دەروێشی لەخۆی كۆكردبێتەوە، بتوانین ئەو ئۆباڵەی بۆ بكێشین، یان هەر كەسێك لەژێر پەردەی تەصەووفدا، هەر شتێكی گوتبێ‌و كردبێ هەرچۆن بێ، هەر هەوڵ بدەین بۆی پینە بكەین‌و بۆی ڕەشەرع بخەین !! كە دیارە كەسانی وەك: ابن عربي وابن سبعين وحلاّج‌و...هتد، بەناوی تەصەووف‌و عیرفان‌و زوهدو تەقواوە، چەند شتی بێتام‌و هەڵەو پەڵەیان گوتوە (یان بەناوەوە گوتراوە)و چەند ڕەفتارو هەڵوێستی خراپ‌و ناشەرعییان لێ پشكوتۆتەوە (یان پاڵ دراوەتەلا)، كە بێگومان هیچ خاوەن دین‌و عەقڵێك ڕێگا بەخۆی نادات تەئویل‌و پینەیان بكات.

پێشم وایە چاكترین شت بۆ لەبێژنگدان‌و لەمەحەكدانی ڕێبازەكانی تەصەووف‌و كەلەپوورەكانیان، پاش هەڵسەنگاندنیان بە تەرازووی قورئان‌و سوننەت، ئەوەیە كە قسەو ڕەفتاری – لەڕێی متمانە پێكراوەوە گەیشتووی - ئەو پێشەواو چاوساغانە بكرێنە پێوەر، بۆ وێنە:

با كتێبەكانی (فتوح الغيب)و (الفتح الرباني والفيض الرحماني)و (الغُنْية لطالبي طريقة الحق)ی (عبدالقادر الگيلاني) بۆ ڕێبازی قادری، بكرێنە پێوەرو تەرازوو، وە كتێبی (مكتوبات الامام الربّاني)و نامەكانی

Scanned by CamScanner

(مولانا خالد الشهرزوري الكردي) بكرێنە تەرازووو پێوەری ڕێبازی نەقشبەندیی، جا ئەوكاتە تێ دەگەین، كە قسەو بیروڕای ئەو پێشەوایانە دەربارەی تەزكیەو تەصەووفو ڕێبازەكانی، چیو چۆن بوون، ئێستاش چییان لێ بەسەرهاتووە، خەڵكی بەگشتیو لایەنگرو شوێنكەوتووانیان بەتایبەت، چەندە پێیانەوە پابەندو، چەندەش لێیان وەدوور كەوتوە !!

حەوتەم: كێشەو مشتو مڕی نێوان سەلەفییەكانو صۆفییەكان لەسەر ئەسڵی سەلەفیەتو تەصەووف، بەرهەمو زادەی حاڵی نەبوونو كرچوكاڵ بوونە:

بەرلەوەی بچینە نێو توێژینەوەی ئەم مەسەلەیەوە، سەرنجی خوێنەرە خۆشەویستەكان بۆ ئەوە ڕادەكێشم، كە بە بەلاش نەمگوتوە: (... لەسەر ئەسڵی سەلەفییەتو تەصەووف) بەڵكو دەمەوێ هەر لە بەراییەوە ڕێ لەو قسەیە بگرم، كە دەڵێ: چۆن تێكگیرانی سەلەفییەكانو صۆفییەكان بەرهەمو زادەی حاڵی نەبوونو كرچوكاڵ بوونە؟! ئایا لە كاتێكدا بابای صۆفیی، گیرۆدەی شیرك (وەك هاواركردنە شێخ)، یان بیدعەت (وەك داهێنانی ناشەرعیی) بووەو، بابایەكی سەلەفیی لەگەڵی تێكدەگیرێ، لەسەر حاڵی نەبوونو كرچو كاڵ بوونە، یان بە پێچەوانەوەوە ؟!

بەڵێ، من دەڵێم، تێكگیرانو شەڕە دەنووكەی ئەو دوو كۆمەڵە، ئەگەر لەسەر ئەصڵی (سەلەفییەت)و (تەصەووف) بێ، ئەوە شتێكی هەڵەیەو زادەو بەرهەمی حاڵی نەبوون، یان كرچو كاڵ بوونی لایەكیان، یان هەردوو لایانە، بەلام تێكگیرانو مشتومڕی سەلەفییو صۆفیی، یان هەردوو مسوڵمانێكی دیكە، لەسەر شیركو بیدعەتو... هتد، ئەوە شتێكی، نەك هەر ئاساییو ڕەوا، بگرە پەسەندو پێویستیشە.

Scanned by CamScanner

جا ئێستا با بگەڕێینەوە سەر ئیسپاتکردن و ڕوونکردنەوەی ناوونیشانی باسەکەمان:

ئایە (کێشەو تێکگیرای سەلەفیی و صۆفییەکان لەسەر ئەسڵی سەلەفییەت و تەصەووف)، زادەو بەرهەمی ناحاڵیبوون و کرچ وکاڵ بوون نیە؟!

ئایا مادام (سەلەفییەت) بریتی بێ لە تێگەیشتن و حاڵیبوون لە قورئان و سوننەت، بەپێی تێگەیشتنی پێشینەی چاکمان (سَلَفُنا الصَّالح)و بەڕێوەبردنی ئیسلام و، پیادەکردنی شەریعەتی خوا لەبەر ڕۆشنایی چۆنیەتی بەڕێوەبردن و پیادەکردنی پێشینەی چاکماندا، وە مادام تەزکیەی نەفس و تەصەووف بریتی بێ لە پاکبوونەوەو بژارکردنی نەفس لە سیفەتە نزم و پەستەکان و چاککردن و ڕازاندنەوەو گەشەپێدانی بەهۆی زیادکردن و بەهێزکردنی سیفەتە بەرزو پەسندەکان (الفضائِل)، ئاشکراشە، کە پیسترین و خراپترین سیفەت و (رذیلة) هاوبەش بۆ خوادانان (الإِشراك بالله)و، چاکترین و بەرزترین سیفەت و (فضیلة)ش خوا بەیەکگرتن (توحید الله)ە، بەڵێ مادام سەلەفییەت ئەوە بێ، کە گوتراو، تەزکیەو تەصەووفیش ئەوە پێناسەی بێت، ئەوە بێگومان، نەك هەر هیچ جۆرە دژایەتیی و ناکۆکییەکیان لەنێواندا نیەو پێکەوە تەباو ڕێکن، بگرە زۆریش پێکەوە پەیوەستن و گەلێکیش بۆ یەکتر پێویستن، وە لە ڕاستیدا - وەك پێشتریش گوتمان - تەزکیەی نەفس، یەکێکە لە خەسڵەت و درووشمەکانی پێشینەی چاکمان، کەواتە:

لە لایەکەوە تەزکیەی نەفس بەشێکە لە سەلەفییەت و، لەلایەکی دیکەشەوە پەیڕەوییکردن و شوێنکەوتنی سەلەفی صالحمان، بەبێ نەفس تەزکیەبوون مسۆگەر نابێ.

بە واتایەکی دیکە:

ئەگەر بتەوێ شوێنکەوتووی سەلەفی صالح بی، دەبێ خاوەنی تەزکیەبی، ئەگەر بشتەوێ تەزکیەی نەفست دەست بکەوێ، پێویستە ڕێبازی سەلەفی صالح بگری و بە موو لێی لانەدەی، هەتا بە مرادو مەنزڵ دەگەی.

بەڵام پێویستە ئەوەش بگوترێ، کە بەکارهێنانی هەرکام لە ناوونیشانەکانی صۆفیی و سەلەفیی[١] وەك یەك و بە ئەندازەی یەك (بیدعەت)[٢]ن!

چونکە خوا بە دەقی قورئان ناوی لێناوین بڕواداران (مؤمنین)و مسوڵمانان (مسلمین) وەك فەرموویەتی: ﴿ ... فَلَا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٧٥﴾ ﴾ آل عمران، هەروەها فەرموویەتی: ﴿ .. هُوَ سَمَّىٰكُمُ ٱلْمُسْلِمِينَ مِن قَبْلُ وَفِي هَـٰذَا .. ﴿٧٨﴾ ﴾ الحج.

کەواتە:

ناوونیشانی ئەندامانی ئۆممەتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لەکاتی ئاساییدا بریتیە لە:

بڕوادار (مؤمن)، مسوڵمان (مسلم).

بەڵام لە حاڵەتی نائاسایی و لە بەرامبەر ئەهلی بیدعەتدا، لە سۆنگەی ئەوەوە، کە هەرکام لە وشەی (سنة)و (جماعة) لە فەرموودەکانی

---

١) وشەی (سەلەفیی) ماناو چەمکێکی دیکەی هەڵەی هاوچەرخیشی هەیە، کە کەسانێك لە شێوەی چەند تاکێکی پرش و بڵاو، یان کۆڕو کۆمەڵ و ڕێکخراوێکدا بۆ خۆیانیان کردۆتە ناوونیشان و، لەبەرئەوەی جۆرو شێوەی زۆریان هەن ناگونجێ پێناسەیەکی تایبەتیان بۆ دیاری بکەین.

٢) مەبەست لە وشەی بیدعەت لێرەدا، بیدعەتی زمانەوانیی و عورفییە نەك شەرعیی.

Scanned by CamScanner

پێغەمبەری خوادا صلی الله علیه وسلم هـاتوون، پێشینەی چاكـمان نازنـاوی (اهل السنة والجماعة)یان بۆ پێناسـەی شوێنكـەوتووە ڕەسـەنو ڕاستەكانی ڕێبازی پێغەمبەرو صلی الله علیه وسلم خەلـیفە ڕاشیدەكانی هەڵبـژاردوە، لـە بەرانبەریـشدا دەسـتەو تاقمـە جیاجـیاو پەرتـەوازەو سـەرگەردانەكانی، وەك (خوارج، مرجئة، رافضـة، ناصبة، معتزلـة، جبريـة، قدريـة)شیان بە شۆڕەتی: (اهل الفرقـة والبدعـة) نـاوزەد كردوون[1].

كـەواتـە:

دیاریـــیكردنو هـــەڵبژاردنی هـــەر شـــۆرەتو ناوونیـــشانێكی دیكـــە، بـــۆ دیاریكردنی مسـوڵمانانی ڕێكو ڕاست، بەجـۆرێـك لـە بیدعـەت دادەنـرێو، كـە ناوێـــك پەیـــدا كـرا، زیـــاتریش دەبـێ، مـەرجیش نیـە هـەر كەسـێك نـاوێكی لەخـۆی نـا، نێـوەڕۆكەكـەشی هـەبێ: بەڵـكـو زۆرجـار بەپێـچەوانەوەیە، مـادام وابێ، كـێ دەیـەوێ مـسـوڵمانی چاكتـر بێـتو باشتـر بـەدوای سـەلەفی صالح بكەوێو، زیاتر تەزكیەی نەفسی دەست بكەوێ، با هەوڵ بدات بە پەیـداكردنی نێوەڕۆكی ئەو شتانە بە ئامـانج بگـات، نـەك بـە نـاوی بـاش لـەخۆنانو، پاشان شـەڕو هـەرای لابـەلاكردن لەسـەر ئـەو نـاوەشو، دەمارگیـــریی (تعـصب) بـۆ پەیـداكردنیو، دۆســتایەتییو دوژمنایــەتیی لەسـەركردنیو تۆمــەتباركردنی هەركەسـێك كـە ئـەو نــاوە تـازەو پەیـداكراوو داهێنـراوەی لەخـۆی نەنــابێ، هەرچەندە زۆریش لە نێوەڕۆكی ئـەو شـتانە بەهرەمەنـد بێ، كە ئـەو بـەناوو دروشمی ڕووتیـان قەناعەتی كردوە، وازبێنێو قەناعـەت بكات !!

---

[1] لە (ابن عباس)ەوە گێڕراوەتەوە كە لە تەفسیری ئایـەتی: ﴿ يَوْمَ تَبْيَضُّ وُجُوهٌ وَتَسْوَدُّ وُجُوهٌ ... ﴿١٠٦﴾ ﴾ كە ڕستەیەكە لە ئایەتی ژمارە (١٠٦)ی (آل عمران) گوتوویەتی (تبيضُ وجوه أهل السنة والجماعة وتسودّ وجوهٌ أهـل البدعـة والفرقـة...) بڕوانـە: تفـسير القرطبـي، ج: (٢)، ص: (١٢٩، ١٣٠).

هیواداریشم هیچ کەس بە ناهەق لەو قسەیەم، کە دەڵێم: ناوی سەلەفی و صۆفی لەخۆنان هەردووکیان هەڵەن و داهێنراون - بەو چەمکەی، کە پێشتر ڕوونم کردەوە - ئەوە نەفامێتەوەو هەڵنەهێنجێ، کە من دەڵێم: با هیچ کەس ڕێڕەو (اتجاە)ی سەلەفییەت نەگرێ و تەزکیەو تەصەووفی تێدا نەبێ !!

چونکە ڕێبازی سەلەفی صالح گرتن شتێکەو، ناوی سەلەفی لەخۆنان شتێکی دیکەیە، وەك چۆن نوێژکردن شتێکەو، شۆرەت (لقب)ی نوێژکەر فلان بۆخۆ هەڵبژاردن، شتێکی دیکەیە !

من دەڵێم سەلەفییەت بە ماناو چەمکی ڕاستو دروستو پێشینی - نەك بە واتاو چەمکی باوو عورفی هاوچەرخ - کە بریتییە لە گرتنی ڕێبازی پێشینەی صالحمان لە هەموو بوارو لایەنەکانی دینداریی کردنداو، بە لەبەرچاوگرتنی هەلو مەرجەکانی کۆمەڵگاو دەوروبەرمان و گۆڕانی دنیاو ڕۆژگار، خاڵێکی هاوبەشی نێوان سەرجەم مسوڵمانانەو، کالایەك نیە تەنیا بەبالای هەندێك کەس بڕا بێت، شتێکیش نیە، کە ئینسان بتوانێ بە ناو لەخۆنانی ڕووت وەدەستی بهێنێ، هەر کەسێکیش ئەو ناوە لەخۆی نەنێ، بەشی ببڕێ و پشکی نەمێنێ !!

بەڵێ سەلەفییەت ڕێڕەوێکە، کە دەبێ ئینسان بە کردەوە بیگرێتەبەر، نەك تەنیا ناوو شۆرەتێك بێت و لە بازاڕی وشەکاندا موزایەدەی بەسەر خەڵکییەوە پێوە بکات[1] !!

---

١) جارێکیان لە وتارێکی ڕۆژی جومعەداو لە باسی ئیمان و عەقیدەو پێکهێنەرەکانی ئیمان و هەڵوەشێنەرەکانیدا، باسی ئەوەم کرد، کە باباى نوێژنەکەری تەنبەڵ، زانایانی ئیسلام لەوەدا، کە ئایا بەهۆی نوێژ نەکردنەکەیەوە لە بازنەی ئیمان و ئیسلام دەردەچێ، یان نا ؟! ڕا جیاییان هەیەو پاشان من ئەو ڕایەم لە ڕووی بەڵگەوە بە بەهێزتر دانا، کە دەڵێ بابای نوێژنەکەر پاش هاتنە دی

دیسان بەناوی صۆفی فلان لەخۆ نەناسیش، ئەگەر ئینسان بە کردەوە پشك و بەشی لە تەزکیەو تەصەووفدا هەبێ، لەبەر بێ نازناویی، تەزکیەو تەصەووفەکەی لەدەست ناچێ ! وەك چۆن ئەگەر نێوەڕۆکی تەزکیەو تەصەووفی نەبێت، بە نازناوو شۆرەتی، نەك صۆفی و دەروێش و دێوانە، بگرە خەلیفەو شێخیش، هیچی بۆ بەهیچ ناکرێ و، بەناوی ڕووت فەرەبووی بێ نێوەڕۆکیی بۆ ناکرێتەوە.

کەواتە:

با چی دیکە مسوڵمانانی (سەلەفیی ناو) و (صۆفیی ناو) لەسەر شتێك، کە ناهێنێ، کێشەو مشتومڕ نەکەن و پێشیان وانەبێ، کە سەلەفییەت و تەصەووف - بە مانای ئەسڵی و ڕاست و دروستیان - دوو شتی پێکەوە دژو پێچەوانەن، مەگەر کەسانی وەك: (إبن تيمية) و (عبدالقادر الجيلاني) هەر کام لە سەلەفییەت و تەزکیەو تەصەووفیان زۆر بە درەوشاوەیی تێدا نەبووە؟!!.

مەرجەکان و لاچوونی پەرچەکان (بعد ثبوت الشروط وانتفاء الموانع) حوکمی کوفری بەسەردا دەدرێ، پاشان بیستمەوە، کە هەندێك مسوڵمانی (سەلەفی ناو) گوتبوویان ڕایەکەی فلانکەس پێچەوانەی ڕای سەلەفی صالحەو هەڵەیە !! منیش زۆرم پێ سەیر بوو، چونکە ئەو ڕایەی هەڵمبژاردوە هی زۆربەی هەرەزۆری زانایانی پێشین (سلف)ە، وەکو لە بەرگی دووەمی (خواپەرستیی ئیسلامی)دا، ڕوونم کردۆتەوە، بەڵام وادیارە ئەو جۆرە کەسانە پێیانوایە، خۆیان چونکە ناوی (سەلەفیی)یان لەسەرە، ئەگەر نەك هەر لەسەر ڕاو ڕێبازی سەلەف نەبن، بگرە مەزهەبییەکی ئیشلەو (شەخسی)یش بن !! ئەوە ڕایەکەیان هەر بە پێی ڕێبازی سەلەفی صالحەو، ئێمەومانانیش هەر لەبەرئەوەی لەبەر ڕێزگرتنمان لە بیرو ڕای سەلەف !! ئامادە نەبووین نازناوێك هەڵگرین، کە ئەوان هەڵیاننەگرتوە، ئەوە هەرچەندە قسەو ڕایەکانمان بەڵگەدار بن و بەپێی بەرنامەو (منهج) و ڕێبازی سەلەفی صالح بن، چونکە ناومان (سەلەفیی) نیە، هەر نابینە سەلەفیی ! هەڵبەتە ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەش زۆر چەوت و هەڵەیەو، لەگەڵ ڕێبەری سەلەفییەت دژو پێچەوانەیە.

بەشی حەوتەم:

ئەزموونی تایبەتی خۆم

لە بواری تەزکیەی نەفسدا

www.iqra.ahlamontada.com

Scanned by CamScanner

خوێنــەری بەڕێــزو شیــرین !

ئــەوەی لــەو چــەند لاپەڕەیــەدا دەیخوێنینــەوە، شیلەو گوشراوو بەرهەمو زادەی ئــەزموون (تجربــة)ی کردەیــی تایبــەتی بەندەیــە، لــە مــاوەی چارەگە سەدەیەکدا، هەر لە ساڵی (١٩٧٦)ەوە هەتا ئەمساڵ (٢٠٠٠)، واتە لەو ساڵــەوە کە لە پۆلــی دووەمــی نێوەنــدی پــەیمانگای ئیسلامیی بــووم لــە سلێمانی، کە تەمــەنم (١٥ - ١٩) ســاڵ بــوو هــەتا ئێستا، کــە گەیشتوومە دەوری چل (٤٠)، شایانی باسیشە، کە من لەم چەند لاپەڕەیەدا بەسەرهاتو سەرگوزشتەی ئەو سەفەرو گەشتە بیستو پێنج ساڵــییەی بەرەوخواچوونم نانووســم، چونکــە نووسینێکی ئــەوتۆ کــاتو شوێنیکی تــەرخانکراوی پێویستەو، لەقــەرەی ئــەم چــەند لاپەڕەیــەدا نیــە، بــەڵکو ئــەوەی لــێرەدا لــە چــەند خاڵــێکی کورتــدا دەینووســم، تــەنیا بریتیــە لــەو ئەنجامگیــریی (إستنتاج)و پەنــدو دەرسو بەرهەمانــەی، کــە لــەو مــاوەو میانــەی ئــەو ســەفەرو گەشتانەمــدا، پێیــان گەیشتوومو وەدەستــم خستوون، لە بواری ژیانی مەعنەویی و لایەنی تەزکیــەی نەفسدا. دیارە تەنیا ئەو شتانەشم نووسیون، کە لێیان دڵنیابوومو، دەشگونجێ بگوترێن، هەندێك شتیش، کە جارێ لەلام پێنەگەیشتوون، یاخــود هــەر ناشێ بگــوترێنو بنووســرێن، ئــەوە یــان هەرلــێیان دەگــەڕێم، یــان هەڵیانــدەگرم بۆ هــەلو دەرفەتێکی دیکــەی گونجاوو ڕەخساو، ئەگەر تەمەن بەبەریەوە مابێ.

بــەو هیوایــەی ئــەم بەشــە - ئــەزموونی تــایبەتی خــۆم لــە بــواری تەزکیــەی نەفــسدا - مایــەی ســوودو کەڵــك بــێ، لــەو بــوارەدا بــۆ بــراو خوشــکانی مســوڵمانم.

بــەناش بــەخوا دەگــرینو، هانــای وەبــەر دەبــەین لــە چــەنگ شــەڕو زیــانی نەفسمانو کــارو کــردەوەی بــەدو خراپــمان.

<u>یەکەم</u>: هاوەڵی چاك و ژینگە (بیئە)ی پاك، گەورەترین کاریگەریی یان هەیە لە تەزکیەبوونی نەفسدا:-

بەڵێ ساڵی (١٩٧٦) کە یەکەم ساڵی خوێندنم بوو لە پەیمانگەی ئیسلامی لە شاری سلێمانی لەسۆنگەی ئەوەوە، کە هەم جەوی[١] پەیمانگاو، هەم بارودۆخی[٢] فەرهەنگیی و ئەخلاقیی و مەعنەویی شارەکە بەگشتی، گوشاری زۆری لەسەر ڕووح و دەروونم هەبوو، منیش کەم تەمەن بووم و سادەو بێ ئەزموون و نەشارەزاش بووم، بۆیە کەوتبوومە قەیران (أزمة)ێکی ئیمانیی و ڕووحیی بێڕەزاوەو، زۆر گرفتارو بەئازاربووم، بەڵام دەستگیربوونم لە چەند هاوەڵ (رفیق)ێکی مسوڵمان و دڵسۆز لەلایەکەوەو، ئاشنایەتیی پەیداکردنم لەگەڵ خەڵکێکی صۆفیی و بەشداریکردنم لە کۆڕەکانی زیکرو فیکریاندا، هێزو وزەیەکی زۆری بۆ ڕەخساندبووم و هاوکارێکی چاکم بوو، بۆ خۆڕاگریی و بەرهەڵستی (مقاومة) چاکترو زیاتر، لەبەردەم گێژەڵووکەو ڕەشەبای ئەو وەزعە نالەبارەی ئەوسادا.

هەربۆیەش ئەهلی تەصەووف ئایەتی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَكُونُواْ مَعَ ٱلصَّٰدِقِينَ ١١٩ ﴾ التوبة، واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە!

---

١) ئەوکاتە پەیمانگای ئیسلامیی، کە بە حساب کانگای پێگەیاندنی کادیرانی ئیسلامیی بوو! کۆمەڵێك کادیری شیوعیی و مارکسی تێخزێنرابوون، زۆرچالاکانە کاریان دەکردو، خەڵکێکی سادەی زۆریان خستبۆ ژێر ڕکێفی کاریگەریی خۆیانەوە، منیش بە سەختی لەگەڵیان تێکگیرابووم.

٢) چونکە بەدەگمەن نەبێ گەنج و خوێندەواری لە ئیسلام تێگەیشتووی تێدانەبوو... هتد!

پارێزکاریی لە خوا بکەن و لەگەڵ ڕاستان دابن، کردۆتە دروشم و شیعاری خۆیان.

هەروەها هەربۆیەش خواناسانی خەڵك پەروەردەکەرو بەرەو خواهێنەر، هەمیشە ڕێروونیی و ئامۆژگاریی خەڵکیان کردوە، کە شوێن و ژینگەی خراپ و پیس بەجێ بهێڵن و، هەوڵی گەیشتن و کۆچ کردن بەرەو شوێن و دەوروبەری چاك و پاك بدەن، وەك لەو فەرموودەیەدا دەردەکەوێ، کە (بخاري و مسلم) لە (أبي سعيد الخدري) خوای لێی ڕازی بێ گێڕاویەیەوە، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم باسی ئەو کابرایەی تێدا دەکات، کە نەوەدو نۆ (٩٩) کەسی بەناهەق کوشتوەو، ویستوویەتی تۆبە بکات و چۆتە لای گۆشەگیرێك (راهب)ێكو، ئەویش پێی گوتوە، کە ڕێی تۆبەی نیە ! کابراش بابای گۆشەگیری کوشتوەو کوژراوەکانی بوونەتە سەد (١٠٠)، ئینجا چۆتە لای زانایەكو، ئەویش پێی ڕاگەیاندوە، کە بەڵێ ڕێی تۆبەی هەیەو، دوایش پێی گوتوە: {انْطَلِقْ إِلَى أَرْضِ كَذَا وَكَذَا فَإِنَّ بِهَا أُنَاسًا يَعْبُدُونَ اللَّهَ فَاعْبُدِ اللَّهَ مَعَهُمْ وَلاَ تَرْجِعْ إِلَى أَرْضِكَ فَإِنَّهَا أَرْضُ سَوْءٍ...} مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ: رَوَاهُ أَحْمَد برقم: (١١١٧٠)، البُخَارِيُّ برقم: (٣٢٨٣)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٧١٨٤)، واتە: بچۆ بۆ فلانە ناوچەیەی ئاواو ئاوا، خەڵکێکی لێیە خوای بەرز دەپەرستن، تۆش لەگەڵ ئەواندا خوا بپەرستە، مەگەڕێرەوە شوێنی خۆت، چونکە ناوچەیەکی خراپە.

دووەم: تەمەن بەزایەنەدان و کۆنتـرۆلکردنی ئەندامەکان بۆ بەکارهێنانیان لە چاکـەو پاراسـتنیان لـە خـراپە، بەهێـزترین دەستەبەرکەر (ضـامِن)ی نەفس تەزکیە بوون و بەرەو خـواچـوونە:

بەڵـێ هەرکەسـێك نـەتوانێ خولـیاو خەیاڵـەکانی دڵ و مێـشکی و، نیگـاو سـەرنجەکانی چـاوی و، وشـەو دەربڕینـەکانی زمـانی و، بیـستەنییەکانی (مسموعات)ی و، پاروەکـانی و، هەنگـاوەکانی خـۆی، کۆنتـڕۆڵ (ضبط) بکـات و بـەکورتی: نەفـسی خـۆی بەپـەتی شـەرع جڵـەو بکـات، قـەت ناتوانـێ لـەبواری تەزکیەی نەفسیدا هـیچ بە هـیچ بکـات!

هەر بۆ پەندو عبـرەت لێوەرگیـران دەڵێم: ماوەی پێنج ساڵە {٧٥ - ٧٦ تا ٧٩ - ٨٠} کە لە سلێمانی خوێندوومە، واتە لە دووی نێوەنـدی، هـەتا کۆتـایی شەشـەمی ئامـادەیی، کـە لـە تـافی لاوێتیـیدا بـووم، لـە خـوا بـەزیاد بێـت زۆر سـەرگەرمی طاعـەت و عیبـادەت بـووم، دەمویـست هـەموو ساتەکانی ژیـانم بـە خواپەرستیی بەسەربەرم و زۆر خۆم لە گـوناهان دەپاراست و، سوپاس بـۆ خـوا لـەوبارەوە سـەرکـەوتووش بووم!

ئەوکات، کە زۆر موتاڵای کـتێبی: (إحیاء علوم الدین)ی ئیمامی غەزالـیم دەکـرد. ڕەزاو ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت، زۆرسـەرگەرمی خـۆ مـەرزەم کـردن و کۆنتـرۆڵی ئەندامەکـانم بـووم و، لەسـەر گچکـەترین وشـەو تەعبیـری نارێـك، یـان ڕەفتـارو هەڵـسوکەوتێکی خـراپ، بـە وردی و توونـدیی خـۆمم سـەرکۆنە دەکـردو، چـاودێریی و لـێپرسینەوەیەکی سـەختم خـستبوە سـەر خـۆم، ڕەنگـە زۆرجـاریش زیـادەڕۆیـی و ڕۆچـوون (غـلوّ)م هەبووبـێ، چونکـە کـتێبی: (إحیاء علوم الدین)یش لەوبارەوە هـەڵەو زیادەڕۆیی تێدایـە و، منـیش عـادەتم وابوو هـەرچی فێربووبـام هـەوڵی جێبەجێکردن (تطبیق)یـم دەدا!

مەگەر چۆن، دەنا نەمدەهێشت کەلێن و بۆشایی (فراغ) لە کاتەکانمدا هەبێ و، هەمیشەو بەردەوام سەرگەرمی زیکرو موتالاو پاڕانەوەو بیرکردنەوەو، سەردانی دۆست و ئاشنا تایبەتیەکانم بووم .

بۆیە جگە لە سالی یەکەم نەمتوانی لە بەشی نێوخۆیی (قسم داخلي) بم و، چوار ساڵەکەی دیکە لە حوجرەی مزگەوتەکاندا شوێنم پەیدا دەکردو، بەتەنیا، یان لەگەڵ یەك دوو ڕەفیق دەمگوزەراندو، بۆ کات بەفیرۆ نەدان چاییشم نەدەخواردەوە، هەروا بە نانێکی سادەش قەنەعاتم دەکرد، ئنجا لەبەرئەوەش، کە ئامادە نەبووم دینارێك لە هیچ کەس وەربگرم و، ماڵەوەشمان نەدارو دەستکورت بوون، بۆ کڕینی کتێب و کەل و پەلیش ئاتاجی پارە دەبووم، بەین بەین ڕۆژانی پێنج شەممەو جومعە یان بەس ڕۆژانی جومعە، کرێکارییم دەکردو، بەوجۆرە پارەی مەسرەف و کتێب کڕین و... هتد.م دابین دەکردو، ئێستاش هەندێك لە کتێبەکانی ئەو ڕۆژگارە سەختەم هەر ماون.

دیارە زۆرجاریش لەگەڵ ڕەخنەو گلەیی و توانج و پلاری هەندێك لە ڕەفیقەکانمدا ڕووبەڕوو دەبوومەوە ! بەڵام من کەمتر حەزم بە قسەو باس و مشتومڕ دەکردو، زیاتر حەزم لە تەنیایی و کەم تێکەڵیی دەکردو، زۆریش لەززەتم لەو جۆرە ژیانەم دەکرد !

سێیەم: بیرکردنەوەو ڕامان و چوونە ئیعتیکافەوە، چەند مەرجێکی بنەڕەتیی سەرگرتن و بەرگرتنی پرۆسەی تەزکیەی نەفسن:

پێم وانیە هیچ کەس بتوانێت بەبێ جاروبار خۆ تەنیاکردنەوەو، ڕامان و وردبوونەوەو بیرکردنەوە، لە بواری کار لەخۆکردن و خۆگۆڕین و خۆچاککردندا، هیچ بە هیچ بکات.

هەر بۆیەش خوای کاربەجێ لەگەڵ (ذکر)دا باسی (فکر)و، وێڕای طەواف کردن و سەجدەو ڕکووع بردن، باسی (إعتکاف)ی کردوە؛ فەرموویەتی: ﴿ ٱلَّذِينَ يَذْكُرُونَ ٱللَّهَ قِيَـٰمًا وَقُعُودًا وَعَلَىٰ جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ ... ﴿١٩١﴾ ﴾آل عمران، وە فەرموویەتی: ﴿ ...وَعَهِدْنَآ إِلَىٰٓ إِبْرَٰهِـۧمَ وَإِسْمَـٰعِيلَ أَن طَهِّرَا بَيْتِىَ لِلطَّآئِفِينَ وَٱلْعَـٰكِفِينَ وَٱلرُّكَّعِ ٱلسُّجُودِ ﴿١٢٥﴾ ﴾البقرة.

من بۆم دەرکەوتوە، کە هەرچەندە تێکەڵیی لەگەڵ خەڵك و دەوروبەرداو، هەڵسوکەوت و ڕەفتاری شەرعییانە لەگەڵیاندا، هونەرێکەو پێویستی بە وریایی و شارەزایی و چەندان ئەدەب و ڕەوشتی بەرزو پەسند دەکات، هەموو کەس تێیدا سەرکەوتوو نابێت و، بگرە زۆربەی خەڵکی لەسەری قەرزدار دەبنەوە، بەڵام بەڕاستی بەڕاستی، خۆ تەنیا کردنەوەو چوونە خەڵوەو ئیعتیکافیشەوە، زۆر قورسەو، کەم کەس دەتوانێ تەحەمولی بکات!

چونکە ئینسان، هەتا هێندە ئیمانەکەی بەهێزو پێز نەبووبێ، کە هەست بە نزیکی و هاودەمی خوای بێوێنە (سبحانە وتعالی)و فریشتە بەڕێزو بێگەردەکانی بکات، ناتوانێ نەك چەند ڕۆژێك، بگرە چەند سەعاتێکیش بە تەنیاو لە شوێنی چۆڵ وخاڵی مەدار بکات!

بەڵگەی گرنگی و بایەخ و پێویستبوونی بیرکردنەوەی تەنیاو خاڵی و چوونە خەڵوەو ئیعتکافیشەوە زۆرن و، سەرجەم ئەهلی عیرفان و پسپۆڕانی بواری تەزکیەی نەفس و شارەزایانی ئەخلاق و سولووك لەسەری یەکدەنگن، پێغەمبەری خواش صلی الله علیه وسلم، مەگەر چۆن، دەنا هەموو ساڵێك بەلای کەمەوە (١٠) ڕۆژ چۆتە ئیعتیکافەوەو، بەزۆریش دە (١٠) شەوو ڕۆژی کۆتایی مانگی موبارەکی ڕەمەزانی هەڵبژاردوون، وەك لە عائیشە خوا لێی ڕازی بێ، گێڕدراوەتەوە: {كَانَ صلى الله عليه وسلم يَعْتَكِفُ العَشْرَ الأَوَاخِرَ

مِنْ رَمَضَانَ، حَتَّى تَوَفَّاهُ اللهُ تَعَالَى}[1]، بەڵام ئەوەی کە زۆر گرنگەو مەرجی بنەڕەتی کاریگەربوونی ئیعتیکافو ئامانج پێکانیەتی دوو شتە:

١/ نەبوونی هیچ پاڵنەرو هاندەرێك بۆ چوونە ئیعتیکافەوە، جگە لە خواپەرستییو ڕازیکردنیی.

٢/ ڕەچاوکردنی سەرجەم مەرجو ئەدەبە شەرعییە ڕواڵەتییو پەنهانەکانیی[2].

کەواتە:

ئەو کەسانەی، کە بەمەبەستی غەیری بەندایەتی ئەنجامدان بۆ خواو، ڕازیکردنی، دەچنە خەڵوەو ئیعتیکافەوە، بۆ وێنە: بەمەبەستی وەدەستهێنانی حاڵەتێکی یاسادڕ (خارق العادة)، کە لەنێو خەڵکیدا بە کەرامەت ناودەبرێ ! یان بە شێوەو چۆنیەتییەکی هەڵەو ناشەرعیی چۆتە خەڵوەو ئیعتیکافەکەیەوە، وەك ئەوەی، کە هەندێك لە شوێنکەوتووانی ڕێبازەکانی تەصەووف دەیکەن، بەناوی چلەکێشان (الأربعينيَّة)ەوە، بەڵێ کەسانێك، کە بەو جۆرە هەڵەو ناشەرعییانەو بەو مەبەستە ناتەواوانەوە دەچنە خەڵوەو ئیعتیکافەوە، دوایی نەك هەر ئەنجامێکی ڕووحی ئەوتۆیان دەستگیر نابێ، بگرە زۆر نزیکە تووشی زیانی زۆریش ببن[3]، دەبێ دڵنیابن کە لە کەلێنی هەڵەو ناشەرعیی خۆیانەوە، پێیانەوە دراوەو گەزراون.

---

١) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ، رَوَاهُ أَحْمَد، برقم: (٢٤٦٥٧)، البُخَارِيُّ، برقم: (١٩٢٢)، وَمُسْلِمٌ، برقم: (٢٨٤١).

٢) لە بەرگی چوارەمی (خواپەرستی ئیسلامیی)دا بەوردی باسی (إعتكاف)مان کردوە.

٣) خەڵکی وام پێ شك دێ، کە لە ئەنجامی ئەوجۆرە شتانەدا، حاڵەتی عەقڵیو دەروونی تێکچووە، یان یەکجاریی شێت بووە، شایانی باسیشە، کە لەکاتی ئەو هەوڵو تێکۆشانە مەعنەوییانە (السمجاهدات الحية)دا، شەیگانەکان زیاتر هەوڵی زیانگەیاندن دەدەن، جا ئەگەر حاڵەتەکە

ئنجا لە کۆتایی ئەم باسەدا دوو تێبینیم ماون:

١- ئینسان ئەگەر لە هەموو هەلومەرجێکدا چوونە ئیعتیکافیشی بۆ هەڵنەسووڕێ، بەڵام بیرکردنەوەو ڕامان (التفکر والتأمل)ی لە هەموو بارودۆخێکدا، هەر بۆ مەیسەر دەبێت.

٢- ئیعتیکاف کە خەڵوەشی[1] پێدەگوترێ، بە یەکدەنگیی زانایان لە مزگەوتاندا نەبێ دروست نیە، کەواتە ئەوانەی کە لە ئەشکەوت و چیاو چۆڵدا دەچنە خەڵوەوە، دەبێ دڵنیابن، کە بە (إعتکاف)ی شەرعیی بۆیان لەقەڵەم نادرێ و، بەرهەم و سوودە شەرعییەکانی ئیعتیکافیشیان دەستگیر نابن[2] و ڕەفتارەکەشیان زیاتر لە هی ڕەبەنە نەصرانییەکان (الرهبان النصرانیون)ەوە نێزیکە[3]!

چۆنیەتی و مەرجە شەرعییەکانی تێدا ڕەچاو نەکرابن و، فریشتەش بەرگریی لە بابای خواپەرست (عابد) ناکەن و شەیگانەکان زەفەری پێدەبەن!

١) (ابن التیمیة) گوتوویەتی: (ماذا یفعل بی أعدائي: نفْیی سیاحةٌ وسجني خَلْوةٌ وقَتْلي شهادة)!!

٢) بەڵام هەموو جۆرە خزمەتکردنێکی ڕووح، دەبێتە هۆی بەهێزکردنی و صافکردنەوەی و پەیدابوونی هەندێك حاڵەتی نائاسایی لە خاوەنەکەیدا !

٣) هەندێك و بگرە زۆر لە ئەهلی تەصەووف گۆشەگیریی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لە ئەشکەوتی (حیراء)دا دەکەنە بەڵگەی خەڵوەو چلە کێشان! بەڵام ئەوە بە بەڵگە ناشێ، چونکە بەر لە وەحیی و پەیام بۆ هاتنی بووە، ئەو زاتە بەرزەش وەك پێغەمبەری خوا (رسول الله) صلی الله علیه وسلم سەرمەشقی ئێمەی مسوڵمان و پێشەواو چاوساغمانە ﴿ لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ ...(٢١) ﴾ الأحزاب، نەك وەك (محمد بن عبدالله بن عبدالمطلب)، بۆیە خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ وَوَجَدَكَ ضَآلًّا فَهَدَىٰ (٧) ﴾ الضحی، ئنجا دواییش پێغەمبەری خوا لە مزگەوت و ماڵی خوادا چۆتە (اعتکاف)ەوەو نەچۆتەوە ئەشکەوت و چیاو چۆڵ!

چوارەم: هەر خوا پەرستیی و طاعەتێك هەردووك مەرجی بەس بۆ خوابوون و بە پێی شەرعی خوابوونی تێدا نەبن نابێتە مایەی تەزكیەو خاوەنەكەی لەسەریشی قەرزدار دەبێتەوە:

بەڵێ، بەبێ هەبوونی هەردووك مەرجی بەس بۆ خوابوون (الإخلاص لله)و بەگوێرەی شەرعی خوابوون (الإتِّباع لشرع الله) وەك لە باسەكانی پێشوودا ڕونمان كردەوە. خۆ ماندووكردنی ئینسان بێسوودەو، بگرە زیانیشی هەیەو بە نەبوونی هەركام لەو دوو مەرجە، بابای خواپەرست (عابد) لەجیاتی پاداشتو بەرهەم، دووچاری سزاو تۆڵەش دەبێتو، بابای ڕێبوار (سالك) لەجیاتی بەرەو پێشچوونو لەخوا نزیككەوتنەوەو بەرزبوونەوە، بەپێچەوانەوە هەر بەرەو پاش دەگەڕێتەوەو لە خوا دوور دەكەوێتەوە.

شاعیریش لەوبارەوە گوتوویەتی:

ترجو النجاة ولم تسلُك مسالِكَها

إنَّ السَفينة لا تجري على اليَبَسِ

واتە: بەئومێدی ڕزگاربوونی، بەڵام ڕێگاكەیت نەگرتوە، بێگومان كەشتی لەسەر وشكانی ناڕوات !!

ئنجا ئەو ڕاستییەش، كە كردوومانەتە سەرباسو ناوونیشانی ئەم خاڵی چوارەمە، سەرەڕای دەلالەتی چەندان دەقی قورئانو سوننەت، كە تەنیا دەقێكیان بەسە بۆ ئیسپاتی هەر مەسەلەیەك، تێكڕای زاناو پێشەوایانی ئیسلام بەگشتیو پسپۆڕانی بواری تەزكیە بەتایبەت، لەسەری یەك دەنگنو كۆكنو دەڵێن: بەبێ پابەندیی موتڵەق بە قورئانو سوننەتەوە، ئینسان

Scanned by CamScanner

ناتوانێ ساڵح بێ و بەرەو خوا بچێ ! ئینجا بەڕاستی سەیریشە، کە ئینسان پێی وابێ دەتوانێ و دەلوێ کە بەغەیری ڕاستە شەقامی (شریعة)ی خواو ڕێباز (سنة)ی پێغەمبەرەکەیدا لە خوا نزیك بێتەوە !! مەگەر خواو پێغەمبەرەکەی صلى الله عليه وسلم لە هەموو کەس چاکتر نازانن، چۆن چۆنی و بەکوێندا بەرەو خوا بچین ؟!!

ئەمەش چەند قسەیەکە ئەهلی تەصەووف و عیرفان لەوبارەوە:

- (ابن البنّا السرقسطي) لە کتێبی (المباحث الأصلية)دا دەبارەی پابەندی ئەهلی تەصەووف بە قورئان و سوننەتەوە گوتوویەتی[1]:

فاسْلُكْ طريق القوم تَلْقَ يُمْنَهُ

إذ الكتاب قيده والسُّنّة..

واتە: ڕێگای ئەو کۆمەڵە بگرە لە بەرەکەتی بەهرەمەند دەبی، چونکە پابەندە بە قورئان و سوننەتەوە .

- (شێخ جنيد البغدادي)یش گوتوویەتی[2]: (علمنا هذا مُقَيّد بالكتاب والسنّة، فمن لم يَسمع الحديث ويجالس الفقهاء ويأخذ أدبَهُ عن المتأدبين، افسَدَ مِنْ اتبعَه)، واتە: ئەم زانستەی ئێمە پەیوەستە بە قورئان و سوننەتەوە، جا هەر کەسێك گوێ لە فەرموودەکانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ڕانەگرێ و، لەگەڵ شەرعزانان دانیشێ و، ئەدەب لە خاوەن ئەدەبانەوە فێر نەبێ، ئەوە شوێنکەوتووەکانی خۆی (لە جیاتی چاککردن) تێکدەدات.

---

١) بڕوانە: (المباحث الأصلية) کە لە پەراوێزی: (إيقاظ الهمم في شرح الحكم)، ج: (١)، ص: (٩٢)، دا چاپ کراوە.

٢) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ج: (١)، ص: (٩٣).

Scanned by CamScanner

* (سهل بن عبدالله التستري)یش گوتوویەتی[١]: (بُنيتْ أُصولُنا على ستةِ أشياءَ: كتاب الله، وسنة رسول الله صلى الله عليه وسلم، وأكل الحلال، وكفّ الأذى، واجتناب الآثام والتوبة، وأداء الحقوق). واتە: بنچینەکانی ئێمە لەسەر شەش شتان بنیات نراون:

١) کتێبی خوا.
٢) ڕێبازی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم .
٣) خواردنی بژێوی حەڵاڵ (و دووریی لە حەرام).
٤) ئازارنەدانی خەڵکی.
٥) خۆپاراستن لە گوناحەکان و تۆبەکردن.
٦) جێبەجێ کردنی مافی خاوەن مافەکان.

ئاشکراشە، کە سێیەم و چوارەم و پێنجەم و شەشەمیش، هەر دەچنەوە نێو قورئان و سوننەتەوە، کەواتە ئەسڵ هەر ئەو دووانەن.

* (أبو القاسم النصر اباذي)یش، هەر لەوەوە گوتوویەتی[٢]: (أصل التصوف ملازمة الكتاب والسنة وترك الأهواء والبدَع)، واتە: بنچینەی تەصەووف پابەندییە بە کتێبی خواو سوننەتی پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وسلم و، وازلێهێنانی بیروبۆچوونی هەڵقوڵاو لە هەواو ئارەزووەکانی و داهێنراوەکانە.

مەبەستیشم لە هێنانەوەی ئەم قسانە ئەوەیە، کە هیچ کەس وانەزانێ لەڕێی غەیری دیاریکراوی خواو پێغەمبەرەکەیەوە صلى الله عليه وسلم

١) بڕوانە: (إيقاظ الهمم في شرح الحكم) پەراوێزەکەی، ج: (١)، ص: (٩٣).
٢) سەرچاوەی پێشوو، هەمان بەرگ و لاپەڕە.

Scanned by CamScanner

دەکاتە هیچ، شوێنکەوتووانی ڕێبازەکانی عیرفانو تەصەووفیش، بابزانن پێشەواو پێشینەکانیان چۆن بوونو، چی دیکە بە ڕەفتارو ئاکاری ناشەرعییانەو بیدعەتییانەیان، بە زمانی حاڵو کرداری بوختانو تۆمەتی خراپ پاڵ نەدەنە لایانو خۆیانو ڕێبازو ڕێو شوێنە پاكو شەرعییەکانیشیان سووكو ناشیرینو تۆمەتبار نەکەن[1]!

---

١) سەرنج بدە چۆن زاناو عاریفێکی بۆ تەصەووفی ڕاستەقینە بە پەرۆشی وەك: (ابن البنا السرقسطي) لە ئەهلی تەصەووفی ڕۆژگاری خۆی بێزارو تووڕە بووە، لە چەند دێڕە شیعرێکیدا، پاش خستنە ڕووی ئەسڵو بنچینەکانی تەصەووف، گوتوویەتی:

١/ إذا عـلمـتَ كيـف كـان الحـال والشـيخ والتلـميـذ ثـم حالـوا
٢/ فـاعلـم بـأن اهـل هـذا العصـر قـد شغـلـوا بمحـدثـات الأمـر
٣/ اذ أحـدثـوا بينـهـم أصطـلاحـا لم أر لـلـديـن بـه صـلاحاً
٤/ وصـنـفـوا بيـنـهـم أحكـامـا أكثـرهـا كـانـت لـهـم حـرامـاً
٥/ وانتهـجـوا منـاهـج منكـوسـةً وارتـكـبـوا طـريقـة معكـوسـة
٦/ كـانـت إذن مـوارد شـريفـة فاسـتبدلـت مذاهـب سخيـفـة
٧/ قد اسـست علـى صـحيح العـقـل وأسُـهـا الآن بمـحـض الجـهـل
٨/ يُـدْعى الـذي يـمشـي عليها سـالك وسـالكوهـا اليـوم حزب هـالـك
٩/ بـهـا عـاش الـقـوم بخيـر عيشـة فصـيـرت بعـدهـم معـيشـة
١٠/ كـانت تضـاهي الكوكـب المنيـرا والآن أضـحـت حـائطاً قصـيـرا
١١/ إذ صـار لا يعـلم منـهـا إلاَّ أكـلا و رقصـا وغـنـىً و سُـؤْلاً
١٢/ كانت على الانصـاف والنصيحة فهـى علـى الاسـرافِ والفضـيحة
١٣/ تـعـرف بـالخُـلُقِ والايثـار والآن بـالـحقـاألـدِ وبـالإقتـارِ
١٤/ كانت أجَـلَّ غِـبطـةٍ وخطـةٍ والآن فـهي بِدعـة وخـلطـةُ

واتـە:

١/ جا ئێستا، کە زانیت حاڵو وەزعی تەصەووفو شوێنکەوتووانی چۆن چۆنی بوو، هەم شێخو هەم قوتابی (مورید)، پاشان گۆڕانیان بەسەرداهات.

٢/ جا ئێستا بۆئەوەی لە حاڵو باڵی ئەهلی تەصەووفی ئەم ڕۆژگارە ئاگاداربی، بزانە، کە لە ڕاستەڕێ لایانداوەو بە شتی داهێنراوو پەیداکراو لە ئایندا سەرگەرم کراونو خافڵێنراون !

٣/ چونکە چەند شتێکیان لەنێوان خۆیاندا (و لەبن پەردەی تەصەووفدا) داهێناوە، کە من هیچ جۆرە بەرژەوەندییو خێرێکی ئایینی تێدا نابینم !

٤/ وە کۆمەڵێك ڕێوڕەسمیان لە بەینی خۆیاندا داهێناوەو ڕێکخستوە، کە لەوەوپێش ئەو شتانەیان لێ قەدەغە کرابوو.

٥/ وە بەدوای چەند بەرنامەیەکی سەرەوبنو بەراوەژووکەوتوونو، ملی ڕێبازێکی پێچەوانەیان لەگەڵ تەصەووفا گرتوە !

٦/ کەواتە ئەگەر کاتی خۆی تەصەووف وەك چەند سەرچاوەیەکی ڕوونو سازگاری پاكو شەریف بوو، ئێستا بۆ چەند ڕێچکەیەکی پروپووچ گۆڕاوە !

٧/ کاتی خۆی لەسەر بناغەی عەقڵی ساغ بنیات نرابوو، بەڵام ئێستا بنچینەکەی نەفامیی ڕووتو بێ خەڵتەیە !

٨/ کاتی خۆی بەوکەسەی، کە لە سەری دەڕوات دەگوترا (ڕێبوار)، بەڵام ئێستا ڕێبوارو پەیڕەوانی بە کۆمەڵێکی فەوتاو دادەنرێن !

٩/ کاتی خۆی ئەهلی تەصەووف ژیانێکی بەختەوەرانەیان پێوە گوزەراند، بەڵام ئێستاو دوای ئەوان (پێشەوا ڕەسەنانە) کراوەتە هۆکاری ژیانو گوزەران !

١٠/ کاتی خۆی لەگەڵ ئەستێرەی پرشنگدار دەچووە تەرازووەوە، بەڵام ئێستا وەك دیوارێکی نزمی لێ هاتۆتەوە !

١١/ چونکە وای لێهاتوە هیچی لەبارەوە نازانرێو هیچی تێدابەدی ناکرێ، جگە لە خواردنو خواردنەوەو هەڵپەڕینو سەماکردنو دەوڵەمەندییو سواڵ کردن !!

١٢/ کاتی خۆی لەسەر ویژدانو ئاگا لە یەکتربوونو بۆ یەکتر دڵسۆزبوون بوو، بەڵام ئێستا لەسەر زیادەڕۆیی کردنو عەیبدارییە ! (بەهۆی تەماعو پارەو پوول پەزمەندەکردنەوە).

١٣/ بە ڕەوشتی بەرزو خەڵك بەسەرخۆدا هەڵبژاردن ناسرابوو، کەچی ئێستا مۆرکی بوغزو کینەو ڕژدییو چرووکیی پێوەنراوە.

١٤/ کاتی خۆی مایەی خۆزگە پێخوازرانو باشترین نەخشەو ڕێبازبوو، کەچی ئێستا بۆتە شتێکی داهێنراوو تێکەڵو پێکەڵ !!

Scanned by CamScanner

پێنجەم: هەرچەند هەبوونی ڕێپیشاندەرو چاوساغ زۆر گرنگەو ڕێگا ئاسان و کورت دەکاتەوە، بەڵام بەخشش و هیدایەتی خوا زۆرو فراوانەو، قورئان و سوننەتیش بۆ ئەهلی خۆیان، هەموو ئامانجەکان دێننەدی و پەکی ناخەن؛[1]

---

١) لێرەدا بەپەسندی دەزانم هەندێك قسەی زۆر نەستەق و بەجێ لە (ابن الجوزي) بخوازمەوە کە (محمد بن مفلح المقدسي) لە کتێبی: (الآداب الشرعية والحقوق المرعية)دا لێیەوە نەقڵی کردوون؛

گوتوویەتی:

(زۆر کەس لەکاتی بیستنی ئامۆژگاریی و گوێ بیستبوونی باس وخواسی دنیا بەکەمگران و صالحاندا، حاڵەتێکی بێدارییان بۆ پەیدا دەبێ و، یەکسەر ڕاست دەبنەوەو بە عەزیمەتەوە ڕێگای دنیا بەکەمگرتن و چاوەڕێکردنی مردنێ دەگرنەبەرێ... جا هەیانە بەدوای گۆشەگیرێکی نەزان دەکەوێ، یان دەکەوێتە شوێنی ڕێڕوونییەکانی کتێبی هەندێك لەدنیا بەکەمگرەکان و، کە دەبینێ باسی کەمکردنەوەی خواردنەوەو خواردن و وازلێهێنانی ئارەزووەکان و چەند شتێکی دیکەی تێدایە، کە کابرا بە هۆی نەشارەزایی یەوە لە شەریعەت و سوننەتدا داینـاون، ئەویش دەست دەکا بە خۆ برسیکردن و ڕۆژووگرتن و شەوخوونی و، لەسەر خۆراکی خراپ دەوام دەکات، هەتا گەدەو ڕیخۆڵەکانی وشك دەبنەوەو جەرگ و هەناوو میزاج و، بگرە هەندێك جار مێشکیشی تێکدەچێ و، لەسۆنگەی ئەوەشەوە جۆرێك لە خەڵك بێزاربوون و نامۆیی بۆ دروست دەبێ، کەوا دەزانێ ئەوە بریتیە لە حاڵەتێکی ئونس و دڵ بە خوا خۆش بوون و، ئینجا چونکە واگومان دەبات، کە گەیشتۆتە ئامانج و مەنزڵ، پشت لە زانایان دەکات! جا لە ئاکامی ئەو جۆرە شتانەداو بەهۆی بێهێزبوونیەوە، عیبادەتیشی بۆ ناکرێ و لەبەر چارەسەری دەردو نەخۆشییەکانی، ناپەرژێتە سەر هیچ!

جا لەڕاستیدا گەلێك کەس لە خەڵکی دڵپاك و نیاز پاك، لە ئەنجامی نەشارەزایی لە شەرع لەوبوارەدا، گیرۆدەی سەرگەردانیبوون و، هەیانبووە هەر زوو بە دەردو نەخۆشییەکانییەوە مردووە و سەری ناوەتەوە، هەشیان بووە بەرەو دوا گەڕاوەتەوە، هەشیان بووە هەروا لە سەرگەردانییدا ماوەتەوە، بەڵام زانایانی تێگەیشتوو ئەوە بێگومان بەپێی زانست و حیکمەت بەڕێوەچوون و ڕەفتاریان کردوە.

جا زۆر وریابە لە ڕێبازی ڕاستو سەلامەت لانەدەیو، بکەویتە شوێن صۆفیو گۆشەگیرە نەفامەکان، کە بە حیسابی خۆیان ژیانی دنیایان فەرامۆش کردوە، کە هەیانە، هەر بەڕاستی دنیای فەرامۆش کردوەو، هەشیانە هێندە نەزانن، کاتێك زانایەك ببینن، کە تۆزێك ئاگای لە هەقو مافی نەفسو جەستەی خۆی بێت، بۆ وێنە بەرگی لە لۆکە (کتان) چنراو لەبەر بکات !! ڕەخنەی لێدەگرنو دەڵێن: ئەمە بە زانیارییەکەی ئیش ناکات: ئەگەر ببینن سواری ئەسپ بووە، دەڵێن ئەوە زۆردارە! جا زۆر وریابە نەچی دڵگەرم بوونو بێداریەکی کاتیی بازێکت پێبدات بەرەو ئامانجو سەرەنجام بخلیسکێی، یان ئەگەر دەستیشت لە شتێك گیربێ، بێتە مایەی لە بەینچوونو بێزاربوونت، یان بە پێچەوانە هیچت بۆ بەهیچ نەکرێو بەرەو پاشیش بگەڕێیتەوە! بەڵکو بەدوای چرای زانست بکەوە، ئەگەر هێندەش شارەزا نەبووی بەدوای زانایەکی دامەزراو بکەوە، ئاگاداری جەستەت بە، وەك چۆن ئاگاداری وڵاخی سوارییت دەکەی، با مەبەستو هیوات هەر ڕاستکردنەوەو چاککردنی ڕەوشتو ئاکارت بێو، گرنگ ئەوەیە مەبەستو نیازت ڕاستو ساغ بێت، ئەگەرنا ئەزیەتدانی جەستە، هیچ نیەو خۆی لە خۆیدا ئامانج نیە...، دڵنیاو مسۆگەریش بە، کە ڕێباز تەنیا ڕێبازی پێغەمبەری خوایە صلى الله عليه وسلم.

... سەرنج نادەیە زاهیدەکانی ڕۆژگاری ئێمە - مەگەر کەسانێك، کە خوا بە هۆی پابەندییان بە سوننەتەوە پاراستوونی - چۆن زۆرداران‌و ئەهلی دنیا لەگەڵیان تێکەڵنو، مەگەر جارجارێكو بە سەری زمان، ئەگەرنا هیچ گلەییەکیان لێ ناکەن، سەبارەت بە هەڵەو ستەمو ناشەرعییەکانیان! ئەمانە لەکوێو (سفيان الثوري) لەکوێ، کە هەر کەسێك قسەی لەگەڵ زۆردارێکیش دا کردبایە نەیدەدواند؟! ئەگەر بە صۆفیی (١) زاهیدەکانی ڕۆژگاری ئێمە بگوترێ: بچن لە بازاڕ شتێك بکڕن، بۆ پاراستنی پلە (٢)و پایەی خۆیان زۆریان لەسەر دڵ قورسەو وەك نەزانن کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بۆخۆی کەلوپەلی لە بازار کڕیوەو هەڵیشی گرتوە!! ئەگەر بە صۆفییو زاهیدەکانی ئەم ڕۆژگارەمان بگوترێ: پارویێکمان لەگەڵ بخۆن، ئەوە لە سۆنگەی ئەوەوە، کە خەڵکی پێیان وایە هەمیشە بەڕۆژوونو بۆ ئەوەی لەبەرچاویان نەکەون — ناخۆنو — مەترسییان هەیە ! جا ئەمانە لە کوێو (معروف الكرخي) لەکوێ، کە ڕۆژێکیان بەڕۆژوو بوو، بەڵام گوێی لە ئاوگێڕ (ساقی)یێك بوو دەیگوت: ڕەحمەتی خوا لەو کەسە بێت، کە دەخواتەوە، ئەویش ئاوی خواردەوە، جا کە پێی گوترا: ئەرێ بەڕۆژوو نەبووی؟! گوتی با: بەڵام بە ئومێدی دووعایەکە بووم - بۆم گیرابێ - !!

بە خوا لە قیامەتێ جگە لە ئیخلاص، هیچ شتێك نامێنێتەوە، پێش قیامەتیش جگە لە ناوی بۆ خوا ساغبووەوان (مخلصين) ناوی کەس نامێنێ ... بۆ خاتری خوا برایان ئامۆژگاریی‌و

ئەمیش یەکێکە لەو ڕاستییە هەرە گەورەو بەرزانەی کە لەمیانەی سەفەرو گەشتی تەنیایانەی پڕ هەورازو نشێوی بەرەو خوا چووندا، وەك خۆری درەوشاوە لەلام ڕوون و ئاشکرا بووە.

جا دیارە هیچ کەس نکوولّیی لەو ڕاستییە ناکات، کە بێگومان هەبوونی ڕێ نیشاندەری تەواو (المرشد الکامل) بۆ هەموو کەسێك دەبێتە مایەی ڕێ ئاسانکردن و کورتکردنەوە، بەلاّم وێڕای ئەم ڕاستییە، دەبێ ئەوەش بزانرێ، کە وەك چۆن خوای کاربەجێ ئەوشتە مادديیانەی پێداویستی گشتی خەڵکن و هیچ کەس لێیان بێنیاز نیە، وەك: هەواو ئاوو ڕووناکی و خواردن و پۆشاك، زۆر ئاسانی کردوون و ئەوەندە بە فراوانیی خوڵقاندوونی، کە هەموو کەس دەستی بیانگاتێ ! هیدایەت و ڕێڕوونیی خۆیشی، کە لە ئاوو هەواو ڕووناکی و تیشکی خۆر بۆ ڕووح و دەروونی ئینسان پێویستترە، والێکردوە، کە هەموو ئینسانێك کە بیەوێ بتوانێ دەستی بگەیەنێتێ و لێی بەهرەمەندبێ ! بۆیەش ئەم ڕاستییە ئاوا بە داکۆکیی و جەخت لەسەرکردنەوە دەخەمە ڕوو، چونکە

دڵسۆزیی بەندە وەربگرن و لە ناخ و دەروونتانەوە بەندایەتی بۆ خوا بکەن، بە جۆرێك، کە هەستتان پێ نەکرێ ئەهلی ئەو بازاڕەن ...

پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم نە وەك زاهیدەکان بەتەنیا سەرگەرمی گۆشەگیریی و نائومێدی لە دنیا بوو، نە بە تەنیاش سەرگەرمی گرنگی و بایەخدان بە ژیانی دنیا بوو، بەلاّم حاڵەتێکی تێرو تەواوو کۆکەرەوەی هەبوو بۆ سەرجەم خووڕەوشتە بەرزو چاکەکان.

جا - کورتەی قسان - زانیاری شەرعیی بناغەی هەموو خێرو چاکەیەکەو کانگاو سەرچاوەکەیشی ڕەوشت و ئاکاری پێغەمبەری خوایە صلی الله علیە وسلم.(٣)

١- وشەی (صۆفیی) من زیادم کرد، چونکە ئەو کاتە وشەی (صۆفیی و زاهید) هاوتاو (مترادف) بوون.

٢- مەبەست پلەو پایەو (جاە)ی مەعنەویی لای خەلکی عەوامە، کە صۆفییەکان بە حاڵیکردنیان بەوەی ئەهلی دنیاو بازاڕ نین، لە دڵیاندا پەیدایان کردوە.

٣- بڕوانە: (الآداب الشرعیة)،ج: (٢)، ص: (٣٧١ تا ٣٧٤).

Scanned by CamScanner

زۆرێـك لـە شوێنكـەوتوانی ڕێبازەكـانی تەصـەووف، گومانیـان وایـە، كـە لـە ڕێچكەو دەروازەی نـەك تەصـەووفیش بەگـشتی، بەڵـكو ڕێبـازو شـێخەكـەی ئەوانەوە نەبێ، هیچ كەس دەستی لە هیدایەتی تەواو گیر نابێ‌و، بۆی نالـوێ تەزكیـەی نـەفس وەدەست بێنـێ‌و بـەرەی خـۆی لـە ئـاوێ دەربهێنـێ ! بـەڵام لەڕاسـتیدا وەك پێغەمبـەری صلى الله عليـه وسـلم بەوهاوەڵـەی، كـە گـوتی: {اللَّهُمَّ ارْحَمْنِي وَمُحَمَّدًا وَلاَ تَرْحَمْ مَعَنَا أَحَدًا}، فەرمووی: {لَقَدْ تَحَجَّرْتَ وَاسِعًا}، واتـە: بەڕاسـتی شتێكـی زۆر فراوانـت (كـە ڕەحـمی خـوایە) تەسـك كـردەوە))[1]، بەڵـێ ئـەو مـسوڵمانانەش، ڕەحمـەت‌و هیـدایەت‌و بەخششی خوایان - كە بەشی هەموو شتێك دەكـات - زۆر گچكـەو تەسك كردۆتـەوە !

ئـاخر مـادام خـوای زانـای ئاشكراو پـەنهان، بۆخـۆی بفـەرموێ: كـە قورئـان هیدایـەتی تـەواوی بـۆ هـەموو كەسـێك‌و هـەموو حـاڵەتێك تێدایـە - كـە بێگومان سوننەتیش هەر شـەرح‌و لێكـدانەوەی ویـە: ﴿ إِنَّ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ يَهْدِي لِلَّتِي هِيَ أَقْوَمُ وَيُبَشِّرُ ٱلْمُؤْمِنِينَ ... ۝٩ ﴾ الإسراء، وە ﴿ ... وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ ... ۝٤٤ ﴾ النحل، وە مـادام خـوا گـفت‌و بەڵێنی داوە، كە هەركەسێك بەڕاست‌و ساغیی بـەرەو ڕووی بچێ، بەدەمیـەوە دێـت‌و دەسـتی دەگـرێ‌و ڕێـی ڕاسـتی پێـشان دەدات‌و پـشتی بەرنـادات: ﴿ وَٱلَّذِينَ جَٰهَدُوا۟ فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا ۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَمَعَ ٱلْمُحْسِنِينَ ۝٦٩ ﴾ العنكبوت، بەڵێ مـادام وابـێ، هیـچ كـەس بـۆی نیـە هـەر لەخـۆوەو، بـەبێ بەڵگەیەكـی شەرعیی لافی ئەوە لێبدات، كە هیچ كەس بەبێ شێخ‌و (مرشد) پێناگات !

---

١) رَوَاهُ أَحْمَد برقم: (٧٢٥٤)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٥٦٦٤)، وَأَبو دَاوُدَ برقم: (٣٨٠)، وابْنُ خُزَيْمَةَ برقم: (٨٦٤)، وَغيرهُم.

Scanned by CamScanner

بەڵكو قسەی ڕاست ئەوەیە، كە شێخو چاوساغ، ئەگەر هەر ناو نەبێ‌و نێوەڕۆكیشی هەبێ، دەتوانێ كارئاسانیی زۆر بۆ ئینسان بكات‌و گرێی وای بۆ بكاتەوەو گرفتی وای بۆ چارەسەر بكات، كە ئەگەر خۆی بەتەنیا خەریكی بوایە هەربۆی نەدەكرا، یان تەمەنێكی زۆری پێوە بەڕێ دەكرد! بەڵام ڕاستیش نیە، كە ئینسان بەبێ ڕابەرو شێخ، هیچی بۆ نەكرێ‌و داری بۆ لەسەر بەرد دانەنرێ، بەڵكو هەركەسە بەپێی ساغبوونەوە ((إخلاص)ی‌و خۆماندووكردنی لەسەر بناغەی شەرع، بەرهەمی دەست دەكەوێ‌و پەكی ناكەوێ، بەڵام بەتەئكید، ئەگەر بیەوێ بەرەو پلەو پایەكانی دینداریی‌و خواپەرستیی‌و ئیحسان سەربكەوێ، مەگەر وەك ڕیزپەڕێك خوا لوتفێكی تایبەتی لەگەڵ بكات، ئەگەرنا زۆر زەحمەت‌و دەگمەنە، بەبێ چاوساغ‌و مامۆستا ئەو مرادەی حاسڵ بكات، بەڵام نەك لەبەر ئەوەی قورئان‌و سوننەت بەس (كافي) نین بۆ هیدایەت !! ئاخر لەدوای وان كوا هیدایەت ؟!! بەڵكو لە سۆنگەی ئەوەوە، كە ناتوانێ وەك پێویست بەهرەیان لێ وەربگرێ‌و بەتەواویی لێیان تێ بگات !

لێرەدا بەپەسندی دەزانم، كە وەك ڕاستییەك‌و بەرهەمی ئەزموونگەلی تاڵ‌و تفت‌و جۆراو جۆرو درێژی خۆم لەوبارەیەوە ئەم قسەیە تۆمار بكەم:

هەر لەوكاتەوە، كە بە لوتفی خوا بێدارو وشیار بوومەوە، كەوتمە گەڕان‌و پشكنین بەدوای شێخ‌و ڕێپیشاندەرێكی تینوێتی شكێن‌و گڕی دەرون دامركێن‌و ئۆخژن‌و فەرامۆشی هێندا، بەڵام ڕاستییەكەی نەك هەر لە كوردستاندا - بە هەموو پارچەكانیەوە – بەڵكو لە هیچ كوێی دیكەش لێم هەڵنەكەوت‌و دەستگیرم نەبوو، دیارە هەرگیز ناڵێم نەبوو، بەڵكو دەڵێم دەستگیرم نەبوو، چونكە هیچ كاتێك سەر زەوی لەوجۆرە كەسانە خاڵی نابێ.

هەڵبەتە بڕە سوودو کەڵکێکم وەرگرت لە دیدارو سەردانو هاموشۆی هەندێ کەسدا، کە بەحیساب لەوبوارەدا پسپۆڕ[1] بوون، بەڵام بەتەئکید زۆر لەوە کەمتر بوو، کە ئامانجی بەندە بهێنێتە دی !

دیارە لە گەرمەی ئەو هەوڵو گەڕانو پشکنینانەشدا، بەردەوام لە خزمەتی کەلامی خواو سوننەتی پێغەمبەری پێشەوادا صلی الله علیه وسلم هەر خەریك بوومو، بێ پسانەوەش سەرگەرمی موتالاو تێفکرینی بەرهەمو کەلەپووری پێشەوایان بووم، بەتایبەتی هی ئەهلی تەفسیرو ئەهلی حەدیسو پسپۆڕانی بواری تەزکیە، هەتا سەرەنجام چەند ساڵێك لەمەوبەر، ساڵ بۆ ساڵیش زیاترو چاکتر دڵنیاو مسۆگەر بووم، کە ڕێگا تەنیا یەك ڕێگایە، تەنیا ئەویش :

خوێندنو تێگەیشتنو تەفاعول لەگەڵکردنی کتێبی خوایەو، موو بە موو گرتنو جێبەجێکردنی ڕێبازی پێغەمبەری خوایە صلی الله علیه وسلم.

خواش پاداشتی هەموو ئەو کەسانە بداتەوە، کە ئەگەر بە وشەیەکیش بووە سوودێکیان پێ گەیاندووم.

---

١) یەکێك لەوانە کە لە ساڵی (١٩٧٩) بەدیداری شادبوومو سوودو کەڵکی ئەخلاقییو ڕووحییم لێ وەرگرت (شیخ ناظم العاصي) بوو، کە سەر بە (الطریقة النبهانیة) بوو لە دێی (السبعة)ی سەر بە قەزای (دووز)، سێ شەو لە خزمەتیدا مامەوەو، نموونەی عیبادەتو ڕەوشت بەرزییو ئازایەتییو جورئەتو جوامێریی بوو، بە دەسیسەی ڕژێمی بەعسی عەفلەقیی دەرمانداوکراو بە ژەهر کوژرا، خوا بە شەهیدی وەرگرتبێ، پلەو پایەی بەرزبکاتەوە.

شایانی باسە هەندێ لەو شێخانەش، کە لەو سەرو حەددەدا دەچوومە لایان بۆ بینینو هەڵسەنگاندنیان، بەوە لەبەرچاوم دەبێزران، کە تەماعو دنیاویستییو بێئاگایی لە قورئانو سوننەت لە خۆیانداو، لاساکردنەوەی کوێرانەو شیركو بیدعەتی، وەك هاوارکردنە شێخو پیرو طریقەتو بەپێوەو دەست لەسەر سنگ وەستانو...هتدم، لە صۆفییو دەروێشەکانیاندا دەبینی!!

Scanned by CamScanner

شەشەم: هەرچەندە جۆرەکانی خواپەرستی و ئەرکە شەرعییەکان هەموویان لە تەزکیەکردنی نەفسدا کاریگەریی خۆیان هەیە، بەڵام هەرکەسەش لە شتێك، یان چەند شتێکدا بەهرەمەندتر دەبێ:

خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ قُلْ كُلٌّ يَعْمَلُ عَلَىٰ شَاكِلَتِهِۦ فَرَبُّكُمْ أَعْلَمُ بِمَنْ هُوَ أَهْدَىٰ سَبِيلًا ﴿٨٤﴾ ﴾ الإسراء، واتە: بڵێ: هەرکەسە بەپێی ڕێبازی خۆی (یان بەگوێرەی سروشتی خۆی) کاردەکات، جاهەرپەروەردگارت بەو کەسە زاناترە کە ڕێی ڕاستتری گرتوە.

پێغەمبەریش صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: {اعْمَلُوا، فَكُلٌّ مُيَسرٌ لِمَا خُلِقَ لَهُ...}[1]، واتە: کار بکەن، هەر کەسە بۆ ئەوە ئاسان دەکرێ، کە بۆی دروست کراوە.

بەڵێ، هەرچەندە هەرکام لە نوێژ بەرپاکردن و زەکاتدان و ڕۆژووگرتن و حەج وعومرەکردن و، فەرمان بە چاکەو نەهی لە خراپەکردن و جەنگ و جیهادو بانگەواز... هتد، ئەرکی سەرشانی سەرجەم مسوڵمانانن، بەڵام خوای کاربەجێ توانا و وزەو ئامادەیی یەکانی (إستعدادات)ی ئینسانەکانی جیا جیاو جۆراوجۆر بەسەریاندا دابەشکردوە، بۆ ئەوەی بە هەموانیان بتوانن کاروبارەکانی کۆمەڵگا ئەنجام بدەن.

جا لە بوارەکانی تەزکیەی نەفسیشدا، هەیە خوا زیاتر بەهۆی زیکرو ویردو پاڕانەوەوە پێی دەبەخشێ و، هەشە زیاتر بەهۆی بانگەوازکردن و بڵاوکردنەوەی زانست و، هەشە لە ڕێی کاسبی حەڵاڵ و ماڵو سامان بەخشین و خێرو چاکە

---

١) مُتَّفَقٌ عَلَيْـهِ: رَوَاهُ أَحْمَد، برقم: (٦٢١)، وَالبُخَارِيُّ، برقم: (٤٦٦٦)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٦٩٠٣) عَنْ عَلِيٍّ رَضِيَ اللَّهُ عَنْـهُ.

Scanned by CamScanner

کردنەوەو، هەشە زیاتر بەهۆی بەرگریی لە ئیسلام و مسوڵمانان و جەنگ و جیهادکردنەوەو، هەیە زیاتر بەهۆی شەونوێژەوەو، هەیە پتر لەڕێی ڕۆژووگرتنی سوننەتەوەو ...هتد.

من خۆم لە کەرەم و بەخششی خوای بۆمان زیاتر بکات، پاش لە خزمەت قورئان و سوننەتدابوونم، بەفێربوون و فێرکردن (تعلُّماً و تعْليماً)ەوە، بەهرەیەکی زۆرم لە نوێژ بەرپاکردن وەرگرتوە، بەتایبەت لە خوێندن و تێوە ڕامانی سوورەتی (الفاتحة)، هەروەها گەڕانەوە (توبة)شم زۆر لە فریا هاتوەو، ستایش بۆ خوا زۆرم بەهرە لێ وەرگرتوە. چێژتنی ئازارو ناڕەحەتی لە بواری بانگەوازو کۆچ و جیهاددا، بەتایبەت لەلایەن مسوڵمانانی لاروخوارو نالەبارەوە پێم وایە - بەپێچەوانەی حەزو ویستی ناحەزانەوە - کەڵکی زۆری پێگەیاندووم و، زۆر نهێنی دین و ژینی بۆ دەرخستووم و، گەلێك ڕاستیی گەورەگەورەی تێگەیاندووم !!

گەواتە:

هەرکەس دەبێ خۆی بناسێ و، سەرنج بدات داخۆ لە چی و لە چیدا خوا تواناو بەهرەی زیاترو چاکتری پێداوە، خەریکی ئەوەیان بێت و وزەو توانای خۆی لەوبوارەدا بەکاربێنێ، چونکە وەك (علي ابن ابي طالب) خوا لێی ڕازی بێ، گوتوویەتی: (قيمةُ المَرْءِ مايُحْسِنُهُ) نرخی ئینسان لەو شتەدایە کە تێیدا کارامەو پسپۆڕە.

دیارە ئینسانی واش هەیە، کە خوا کۆمەڵێك تواناو بەهرەی زۆری پێ بەخشیون، (ذلك فضل الله يؤتيه مَنْ يشاء).

Scanned by CamScanner

حەوتەم: وەك بەهۆی سەختی و دژوارییەکانی مەیدانی کاری ئیسلامییەوە، بەتایبەت کۆچکردن و جەنگ و جیهاد، ئینسان لەبێژینگ دەدرێ و تەزکیە دەبێ، بە هیچ شتێکی دی هێندە تەزکیە نابێ:

چونکە بێگومان، ئینسان هەتا زیاتر بەندایەتی (عبودیة) لەخۆیدا بهێنێتەدی بۆ خوای بەرزو مەزن و بێوێنە، دیارە زیاترو چاکتر لێی نزیك دەبێتەوەو، هەتا زیاتریش لێی نزیك بێتەوە، بەتەئکید باشتر نەفسی تەزکیە دەبێت، جا ئەوەندەی ئینسان لە گەرمەو جەنگەی ئێش و ژان و میحنەت و گرفتاریی و دەردەسەرییەکانی کۆچ و کۆچبارو دەربەدەریی و جەنگ و جیهادو بەرنگارییدا، ملکەچیی و پابەندیی و لێبڕان (تجرّد) و یەکلابوونەوەی بۆ خوا (الإخلاص لله)ی تێدا دێتەدی، مەگەر چۆن، دەنا لە هیچ جۆرە خواپەرستییەکی دیکەدا ئاوا نایەتە دی.

ئاخر پێم نالێی لەو کەسە بەندە (عَبْد) ترو یەکلابووەوە تر بۆ خوا، کێیە، کە لەپێناوی خواو چەسپاندنی بەرنامەکەیدا چاوپۆشیی لە خۆی و لە هەرچی هەیەتی کردووەو، سەرو ماڵی خستۆتە سەربەری دەست و بە کردەوە ئیسپاتی کردوە، کە خواو پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم و بەرنامەی خوای لە خۆی و نیشتمانی و ماڵ و حاڵی و خاوو خێزانی و خزم و دۆست و ئاشناو دەرو دراوسێی خۆشتر دەوێ ؟!!

سەرنج بدە چۆن خوای دادگەر، زۆر ڕاشکاوانە داوەریی (قضاء)ی لەو مەسەلەیەدا کردووەو، طاعەتی جەنگ و جیهادو فیداکاریی، لە هەموو طاعەتێکی دیکە بە چاکتر داناوەو، پلەو پایەی موجاهیدو جەنگاوەرانیشی، لە هی خەڵکی دیکە بە بەرزتر لەقەڵەم داوە، ﴿أَجَعَلْتُمْ سِقَايَةَ ٱلْحَآجِّ وَعِمَارَةَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ كَمَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْآخِرِ وَجَٰهَدَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ لَا يَسْتَوُۥنَ عِندَ

Scanned by CamScanner

ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٩﴾ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَهَاجَرُوا۟ وَجَٰهَدُوا۟ فِى سَبِيلِ
ٱللَّهِ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ أَعْظَمُ دَرَجَةً عِندَ ٱللَّهِ ۚ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَآئِزُونَ ﴿٢٠﴾ يُبَشِّرُهُمْ
رَبُّهُم بِرَحْمَةٍ مِّنْهُ وَرِضْوَٰنٍ وَجَنَّٰتٍ لَّهُمْ فِيهَا نَعِيمٌ مُّقِيمٌ ﴿٢١﴾ خَٰلِدِينَ
فِيهَآ أَبَدًا ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عِندَهُۥٓ أَجْرٌ عَظِيمٌ ﴿٢٢﴾ ﴾ التوبة، واتە: ئایە ئاودان بە حاجییان و ئاوەدانکردنەوەو خزمەتی مزگەوتی حەرامتان، وەك (کردەوەی) کەسێك داناوە، کە ئیمانی بە خواو بە ڕۆژی دوایی هێناوەو لەڕێی خوا جیهادی کردوە؟! لەلای خوا یەکسان نین و خواش ڕێڕوونی کۆمەڵی ستەمکار ناکات. ئەوانەی ئیمانیان هێناوەو کۆچیان کردوەو، لەڕێی خوادا بە سامان و گیانیان جیهادیان کردوە، پلەیان لەلای خوا مەزنترە، هەر ئەوانەن سەرفراز، پەروەردگاریان مژدەی بەزەییەك لەخۆیەوە ڕەزامەندیی و باغاتێکیان پێ دەدات، کە نازو نیعمەتی بەردەوام و نەبڕاوەیان تێدایە. بە هەمیشە تێیان دادەمێننەوە، بێگومان خوا پاداشتی گەورەی لەلایە.

ئنجا ئەگەر سەرنجی ژیان و بەسەرهاتی هاوەڵانی بەڕێزو دڵسۆزی پێغەمبەری خوا بدەین لێیان ڕازیبێ، لەبەر تیشکی ئایەتەکانی قورئاندا، دەبینین ئەوەندەی لە گەرمەی جەنگەکانی بەدرو ئوحودو ئەحزاب و حونەین و تەبووك و ڕووداوو کارەساتەکانیاندا، پاك و پوختەو باڵاوتە بوون و لە تەتەڵەو بێژینگ دراون، بە هیچ شتێکی دیکەو لە هیچ مەیدانێکی دیکەدا، ئاوا وەك گۆشتی سەرچەپەرێ نەکەوتوونە گۆڕێ و، پەیان بە نەخۆشیی و دەردەکانیان و خاڵە لاوازەکانی خۆیان نەبردوە!

بەڵێ، بەڕاستی هیجرەت و جیهاد لەڕێی خوادا، کاریگەرترین و چاکترین گۆڕەپانی ئینسان تێدا پەروەردە بوون و نەفس تێدا تەزکیە بوونن، هەربۆیەش پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم جەنگ و جیهادی بە لوتکەی

هەرەبەرزی ئیسلام داناوە: {وذِرْوَةُ سنامِهِ الجهاد في سبيل الله} رواه الترمذي.

خوای پەروەردگاریش بە پاڵێوەرو لەبێژینگدەری ناوناوە: ﴿إِن يَمْسَسْكُمْ قَرْحٌ فَقَدْ مَسَّ الْقَوْمَ قَرْحٌ مِّثْلُهُ وَتِلْكَ الْأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَيَتَّخِذَ مِنكُمْ شُهَدَاءَ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ ﴿١٤٠﴾ وَلِيُمَحِّصَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَيَمْحَقَ الْكَافِرِينَ ﴿١٤١﴾﴾ آل عمران.

بەڵێ، کۆچکردن و جیهاد، هۆی دەرکەوتنی ئیمان و هەڵبژاردنی شەهیدان و پاکبوونەوەو، لە تەتەڵەو بێژینگدرانی موجاهیدان و خەفەبوونی کوفرو بێهێزو پێزبوونی کافرانن .

بەڵام: بەمەرجی بەس بۆ خوا بوون و لەڕێی خوادا بوون و بەپێی شەرعی خوا بوون و، بەگوێرەی قورئان و سوننەت پەروەردەبوونی موجاهیدان و جەنگاوەران، لەپێشەوە قیادەو پاشان قاعیدەشیان.

ئەگەرنا، ناوی بێ نێوەڕۆك و شیعاری بێ کردار، هیچ نیەو هیچیشی لێ پەیدا نابێ.

هەشتەم: یادی مەرگ و گۆڕو بەرزەخ و قیامەت هۆکارێکی گەورەی تەزکیە بوونە:

ئەمیش ڕاستییەکە، سەرجەم ئەهلی دڵ لەسەری ڕێککەوتوونە، چونکە مادام خۆشویستنی ژیانی دنیاو دڵ پێ بەستنی و گوریس لەبن ڕاخستنی، عادەت و نیشانەی خەڵکی کافرو لاڕێ و دنیا پەرست بێ، وەك خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿إِنَّ الَّذِينَ لَا يَرْجُونَ لِقَاءَنَا وَرَضُوا بِالْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَاطْمَأَنُّوا بِهَا وَالَّذِينَ هُمْ عَنْ آيَاتِنَا غَافِلُونَ ﴿٧﴾ أُولَٰئِكَ مَأْوَاهُمُ النَّارُ

Scanned by CamScanner

بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ ﴿٨﴾ يونس، واتە: بێگومان ئەوکەسانەی، کە بەئومێدی دیداری ئێمەنین‌و، ژیانی دنیایان پەسند کردوەو دڵیان پێیەوە هۆگر بووە، ئەوانەش، کە لە ئایەتەکانمان بێ ئاگان. ئەوانە جێگایان ئاگرە بەهۆی ئەو کردەوانەوە، کە وە دەستیان هێناون.

دیارە ژیان‌و گوزەرانی دنیا بەکەمگرتن (لەڕووی ماددیی یەوە)و، هەمیشە لەیادو بیری دوارۆژدا بوون‌و، خۆ بۆ سازو ئامادەکردنی‌و دڵ بە بەهەشت‌و پاداشتی خواو بە دیدار شادبوونیشی، دەبێ نیشانەی ئەهلی ئیمان‌و خواپەرستان بێت .

ئاشکراشە، کە لەنێوان دنیا لەباوەش گرتن‌و پەرستنی‌و، بە موتڵەقیی پشتگوێ خستن‌و بەهیچ دانانیشیدا - کە هەردووکیان هەڵەن- دنیا بەکەمگرتن‌و وەك وەسیلەو شوێنی کارو هۆڵی تاقیکردنەوە (قاعة الإمتحان) تەماشاکردنی هەیە، کە هەڵوێستێکی ڕاست‌و واقیعییەو ئایینی خوا هەڵیبژاردوە.

جا بۆ ئەوەی ئینسان بە جوانیی‌و ڕازاوەیی‌و زریق‌و بریقی ژیانی دنیا فریو نەخوات‌و، خۆی سەرگەردانی دنیاو ماڵ وێرانیی‌و پەشێمانیی ئەولا نەکات، ئیسلام هەمیشە هانیداوە، کە یادی مەرگ‌و مردن فەرامۆش نەکات‌و، هەردەم لەبەرچاوی بێت کە کاتێك دێ ئەم ژیانە کورتەی بەجێبهێڵێ‌و بەرەو مەنزڵگای هەمیشەیی کۆچ بکات !! پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم ڕۆژێك دەستی خستۆتە سەرشانی (ابن عمر) خوا لێیان ڕازی بێ‌و پێی فەرمووە: {كُنْ فِي الدُّنْيَا كَأَنَّكَ غَرِيبٌ، أَوْ عَابِرُ سَبِيلٍ}[1]، واتە: لە دنیادا بەجۆرێك بژی، کە وەك ئاوارەیەکی غەریب، یان ڕێبوارێ.

١) رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ، برقم: (٦٠٥٣)، رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ، برقم: (٢٣٣٣)، وَابْنُ مَاجَهْ، برقم: (٤١١٤)، وَابْنُ حِبَّانَ، برقم: (٦٩٨)، وَالبَيْهَقِيُّ في (شعب الإيمان).

Scanned by CamScanner

هەروەها پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: {أَكْثِرُوا ذِكْرَ هَاذِمِ اللَّذَّاتِ: يَعْنِي: الْمَوْتَ}[١]، واتە: زۆر یادی تێکدەری خۆشییەکان بکەن، واتە: مردن.

دیسان هەربۆیەش پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم، کە لە سەرەتاوە لەبەر هەر هۆیەك بووبێ، سەردانی گۆڕستانی لە مسوڵمانان قەدەغە کردبوو[٢]، دوایی ڕێگای داون و فەرموویەتی: {كُنْتُ نَهَيْتُكُمْ عَنْ زِيَارَةِ الْقُبُورِ فَزُورُوهَا، فَمَنْ أَرَادَ أَنْ يَزُورَ الْقُبُورَ فَلْيَزُرْ، فَإِنَّهَا تُذَكِّرُنَا الآخِرَةَ}، واتە: پێشتر سەردانی گۆڕستانم لێ قەدەغە کردبوون، جا ئێستا کێ دەیەوێ سەردانی گۆڕستان بکات بابچێ، چونکە دواڕۆژ دەخاتەوە بیر[٣].

بگرە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم سەردانی گۆڕستانی کردوە بە سوننەتیش، وەك لەم فەرموودەیەدا دەبینرێ: {كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَخْرُجُ مِنْ آخِرِ اللَّيْلِ إِلَى الْبَقِيعِ فَيَقُولُ: (السَّلاَمُ عَلَيْكُمْ دَارَ قَوْمٍ مُؤْمِنِينَ، وَأَتَاكُمْ مَا تُوعَدُونَ غَدًا مُؤَجَّلُونَ، وَإِنَّا إِنْ شَاءَ اللَّهُ بِكُمْ لاَحِقُونَ، اللَّهُمَّ اغْفِرْ لأَهْلِ بَقِيعِ الْغَرْقَدِ)}[٤].

بەتایبەت مردن و کۆچکردنی ئەو کەسانەی، کە لە ئینسانەوە نزیکترن، بێگومان زیاتر دەبێتە هۆی ڕاچڵەکانی و هۆشیارکردنەوەی، زیاترو زووترو چاکتر خۆکۆکردنەوەی و خۆ سازو ئامادەکردنی بۆ سەفەری بەرزەخ و قیامەت[٥].

---

١) رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ، برقم: (٢٣٠٧)، وَالنَّسَائِيُّ، برقم: (١٨٢٤)، وَابْنُ مَاجَهْ، برقم: (٤٢٥٨)، وَابْنُ حِبَّانَ، برقم: (٢٩٩٢)، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، قَالَ الشيخ الألباني: حَسَنٌ صَحِيحٌ.

٢) زۆر لەزانایان ڕایان وایە حیکمەتەکەی ئەوە بووە کە خەڵکەکە لە سەردەمی نەفامیی و شیرکەوە نیزیك بووەو نەبادا دووچاری شیرك بن، وەك لێپاڕانەوەو شت لێ داواکردنی مردووەکان.

٣) رَوَاهُ مُسْلِمٌ برقم: (٥٢٢٩)، عَنْ بُرَيْدَةَ عَنْ أَبِيهِ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ.

٤) رَوَاهُ مُسْلِمٌ برقم: (٢٢٩٩)، عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا.

٥) شایانی باسە، کە من چەند جارێك شەهیدبوون و مردنی دۆست و خزم و خۆشەویستانی نزیکم زۆر توند ڕایتەکاندووم و کاری زۆری تێکردووم، بەتایبەت هی هەندێکیان، خوا لە هەموویان خۆش بێ و بە

Scanned by CamScanner

نۆیەم: ڕووحیش وەك جەستە بەخزمەتکردن و وەرزش و ڕاهێنان بەهێزو پێز دەبێ و بەفەرامۆشکردن و خەم لێ نەخواردنی بێهێز دەبێ و دەپووکێتەوە:

ئەمەش یەکی دیکەیە لەڕاستییە مشتومڕ هەڵنەگرەکان و، بۆ کەسانێك کە لەوبارەوە شارەزایی (خبرة) و ئەزموون (تجربة)یێکیان هەبێ، زۆر ڕوون و بەرهەستەو، سەرەڕای دەقەکانی قورئان و سوننەت سەرجەم شارەزاو پسپۆڕانی بواری تەزکیەو تەصەووفیش لەسەری کۆك و تەبان.

ئنجا لەو ڕاستییە بنەڕەتییەشەوە ئەم چەند ڕاستییەمان دەستگیر دەبن:

١/ هەرکام لە ئەرکە شەرعییەکان و جۆرەکانی خواپەرستیی[1]، کاریگەرییەکی تایبەتی هەیە لەسەر ڕووح و دەروونی ئینسان:

بەڵێ خوێنەری بەڕێز:

هەرکام لە: نوێژ، زەکات، ڕۆژوو، حەج و عومرە، جیهاد، فەرمان بە چاکەو نەهی لە خراپە، بانگەواز، فێرکردن، چاکە لەگەڵ دایك و باب، گەیاندنی پەیوەندیی خزمایەتی (صلة الرحم)، یاریدەدانی لێقەوماو، خواردن دان بە برسی و هەژارو پۆشتەکردنیان، ڕێزگرتنی ڕێبوارو میوان، کەسابەتی حەڵاڵ و

چاکترین شێوە پاداشتیان بداتەوەو پلەو پایەیان بەرز بکاتەوە، کە یەکێك لەو نزیك و خۆشەویستانەشم هاوسەری وەفادارو دڵسۆزو لێهاتووم (خاتوون مەلاژن)ە، خوا لێی خۆش بێ و بەکەرەم و لوتفی خۆی لەگەڵ ئەوو تێکڕای خۆشەویستانم، کە لە هەموویان خۆشەویستترو بەڕێزترو شیرینتر پێغەمبەری خوایە صلی الله علیه وسلم، لە بەهەشتی ڕازاوەو نەبڕاوەیدا پێکەوە کۆمان بکاتەوەو، غەم و پەژارەو ناسۆرەکانی دنیامان لەبیر بباتەوە، ئامین.

١) بڕوانە: (خواپەرستیی ئیسلامیی) بەرگی یەکەم کە بە درێژیی باسی چەمك و واتای وشەی (عبادة)مان تۆژیوەتەوە.

Scanned by CamScanner

پەیداكردنی بژێو، چارەسەركردنی كێشەو گیروگرفتی خەڵكی، صولحو پێكهێنانەوەی خەڵكی ناكۆك، چاكەكردنو لێبوردنو سینگ فراوانیی لەگەڵ خێزان، مشوور لێخواردنو پەروەردەكردنی منداڵ، بەرپەرچدانەوەی پروپاگەندەی ناحەزانی ئیسلام، ڕەوشت بەرزیی‌و چاكە گوتن‌و چاكەكردن‌و خۆش ڕەفتاریی لەگەڵ تێكڕای خەڵكی، لێبوردن‌و چاوپۆشیی‌و ڕق‌و تووڕەیی خۆ قووتدانەوە، خۆپاراستن لە گوناح‌و خراپە ڕواڵەتی‌و پەنهانە گەورەو گچكەكان، ... هتد، هەركام لەمانە جۆرە كاریگەرییەكی تایبەتی هەیە لەسەر پەروەردەكردن‌و گەشە پێدان‌و كامڵكردنی ڕووح، بەهۆی زیاترو چاكتر بوونە بەندەی خواو بوونە دۆستی‌و لێ نزیكبوونەوەی.

كەواتە:

ئینسانی مسوڵمان، هەتا بازنەو ڕووبەری پەرستن‌و بەندایەتی بۆ خوا كردنەكەی فراوان تربێ‌و، ئەندازەی قووڵی‌و ڕۆچوونەكەی زیاتر بێت، ئیسلام‌و ئیمان‌و تەقوایەكەی زیاترو چاكترو، سەرەنجامیش ئیحسان‌و تەزكیەبوونەكەی باشتر دەبێت.

بەڵێ، خواپەرستی تێرو تەواو ئەو كەسەیە، كە بتوانێ لە هەموو مەیدانانەدا ئەسپی خۆی تاو بداتو لە هەموو خەرمانانەدا خاوەن پشك‌و بەش بێت‌و، لە هەموو كاتەكان‌و حاڵەتەكاندا ئیسپاتی عەبدایەتی خۆی بۆ خوا بكات‌و، بە هەموو شێوەو جۆرەكانی پەرستن خوای خۆی بپەرستێ !!

٢/ ڕووحیش وەك جەستە وردە وردەو پلە پلە (تَدرّجاً) دەگونجێ ڕابهێندرێ‌و پەروەردە بكرێ، نەك یەك تەكان‌و بەپەلەو یەكبینە:

بەڵێ پلەپلەیی (تَدَرُّج)، سوننەت‌و یاسایەكی گشتی‌و هەمە لایەنەی خوایە لە كائیناتداو، پەروەردە بوون‌و گەشەكردنی ڕووحیش لەو یاسایە

Scanned by CamScanner

بەدەر نیە، کەواتە وەك چۆن بابایەکی وەرزشکار، بۆ وێنە: هەڵگرتنی شتی قورس (رفع الأثقال) ناتوانێ لە سەرەتاوە کێشێکی قورس بەرز بکاتەوە ! بەلاّم پاش چەند ساڵ ڕاهێنان و مەشق (التمرین والتدریب) - ئەگەر جەستەی لیاقەتی هەبێ – بەئاسانی دەتوانێ بەرزی بکاتەوە، لە بواری مەعنەوییشدا بە هەمان شێوە، ئەو خواپەرستی و بەندایەتییەی بابایەکی خاوەن پێشینە (سابقة) و ئەزموون و ڕاهاتوو بە ئاسانی بۆی دەکرێ، بابایەکی تازەکار و ڕانەهاتوو ئەستەمە یەکسەر بۆی بکرێ، ئەگەر گریمان یەکسەریش مل بەجۆرە خواپەرستییەکی ئەوتۆوە بنێ، حەتمەن دەرنابات و لەژێریدا دەوەستێ و زوو وازی لێدێنێ و کۆڵ دەدات.[1]

٣/ تایبەتمەندییەکی ڕووحەکە لە ئەنجامی مەشق پێکردن و ڕاهێنانیدا، بەهێز دەبێ و هەندێك حاڵەت و دیاردەی نائاسایی تێدا پەیدا دەبن:

بەڵێ، هەروەك چۆن جەستەی ئینسان بەبێ جیاوازیی لەنێوان مسوڵمان و کافر و پارێزکار و گوناحباردا، لە ئەنجامی وەرزش و مەشق و ڕاهێناندا بەهێز دەبێت و، دەچێتە حاڵەت و وەزعێکی نائاساییەوە، بۆ وێنە: ئەوانەی یاری (جمناستیک) یان (کاراتە) و (کۆنفۆ) دەکەن، توانای ئەنجامدانی جووڵە (حرکة) و کرداری زۆر سەیر و سەرنج ڕاکێشیان هەیە، کە بۆ خەڵکی دیکەی ئاسایی بە نائاسایی و پاسادڕ (خارق العادة) دادەنرێن !

دەجا ڕووحیش بەهەمان شێوەیە و بەبێ جیاوازیی لەنێوان چاك و خراپدا، هەرکەسێك خزمەتی ڕووحی بکات و، بە چەند مەشق (تدریب) و

---

١) من خۆم لەو جۆرە کەسانەم بینیوە، کە لە سەرەتاوە زۆر بەگوڕ بووە، بەلاّم لەدواییدا نەك هەر ساردو سڕبۆتەوە، بگرە وازی لە هەموو شتێك هێناوەو وەزعی تەواو شڕبووە!!

ڕاهێنـان (تمـرین)ێك بـەهێزی بکات، ئـەو ئامـادەیی یانـە (إستعدادات)ی، کـە تێیـدان لەکاتی زەمینـە بۆ خۆشـکراندا، گەشـە دەکـەن و دەپشـکوون.

ئـەم ڕاسـتییەش پێویـسـتە بزانـرێ، بـۆ ئـەوەی هەرکەسـێك حاڵـەت و دیـاردەیەکـی مەعنـەویی نائاسـایی لـێ بینـرا، یەکـسەر بـۆی بەکەڕامـەت و نیشـانەو بەڵگەی چاکـیی و پاکـیی و دینـداریی دانـەنرێ ! چونکە ئەگـەر بـەو قیاسـەبێ، دەبـێ ئـەو هێندۆسـە گاپەرسـتانەی هینـد، کـە لـە ئـەنجامی بـەهێزکردنی ڕووحیانـدا، بەهـۆی چـەندان جـۆرە وەرزش و مەشـقی ڕووحـییەوە، شـتی زۆر سـەیرو عەجـایب، دەکـەن، وەك: ئـاگر خـواردن و تیـغ لەخـۆدان و ...هتـد !! بەڵـێ، دەبـێ ئەوانـە هـەموویان بـە خـاوەن کەشـف و کەڕامەت دابنرێـن !!

بەڵام لەڕاستیدا وانیەو نهێنی مەسـەلەکە (سِرُ المسألة) هـەر ئەوەیـە، کـە گوتمان: ڕووح لەزاتی خۆیـدا قابیلـیـەتی تێـدا سەرهەڵـدان و، پەیـدابوونی ئـەو جۆرە دیاردەو حاڵـەتـانەی هەیە، وەجاری واش هەیـە جنـدو شـەیتـانەکـانیش یاریدەی ئەو کەسانە دەدەن، کە یان هـەر مـسـوڵمان نـین، یـان مـسـوڵمانی لارو خـوارن، هـەم بـۆ زیـاتر سەرلێـشواندنی خۆیـان و، هـەم بـۆ چەواشـەکردن و هەڵخەڵـەتـاندنی خـەڵکـیش، مـن بۆخـۆم لەوبـارەوە پرسـیارم لـێکردوون و ئـاواش کە نووسـیومە وەڵامیـان داوەتەوە(١).

دیارە ناشڵێین، هەرکەسێك حاڵەت و دیاردەیەکی نائاسایی و سەیری ڕووحیی لـێبینـرا، ئەوە حەتمەن هەر لەو جۆرە بابەتانەیە، چونکە ئەو جۆرە شتانە،

---

١) (ابن تیمیة) لە چەند شوێنێکی (مجموعة الفتاوی)کەیدا ئاماژەی بـەو مەسـەلەیە کـردوە، بڕوانـە: (مجموعـة الفتـاوی)، ج: (١١)، ص: (١٥٧ – ١٦٢)، هەروەهـا گەلێـك لـە زانـاو پێـشەوایانی دیکـەش، بـەڵام (ابـن تیمیـة) وەك عـادەتی خـۆی زۆر چـاکی ڕوون کردۆتـەوەو (کـا) و (دان)ی مەسـەلەکەی لە یەك جیـاکردوونەتەوە.

Scanned by CamScanner

جاری وا هەیە لە ئینسانی دیندارو پارێزکاریشدا دێنە دی، بەلام دەبێ چاو ورد بکەینەوەو سەرنج بدەین، ئایا ئەو کەسە چ جۆرە کەسێکەو حالەتەکەیشی بەچی دەگونجێ تەفسیر بکرێ ! نەك هەر یەکسەر حوکمی کەرامەتی بۆ بدەین، یان بەپێچەوانەوە بە جادوو (سِحر) بۆی حیساب بکەین !

کەواتە:

هەرکەسێك حالەتێکی مەعنەویی نائاسایی و شتێکی یاسادرِ (خارق العادة)مان لێببینی، بەرلەوەی بە چاك، یان بە خراپ حوکمی بەسەردا بدەین، پێویستە هەم سەرنجی خودی ئینسانەکەو، هەم حالەت و کردەوەکەشی بدەین، جا ئەگەر هەم خودی شەخسەکەو، هەم حالەت و کردارەکەی لە مەحەکی شەرع دەرچوون و، بەپێی قورئان و سوننەت بوون، ئەوە خۆی بە دۆستی خوا (ولي الله)و، حالەتەکەیشی بە کەرامەت دادەنرێ، ئەگینا بەپێچەوانەوە حوکم دەدرێ، ئنجا لە کۆتایی ئەم باسەشدا بە پەسندی دەزانم، ئاماژە بکەم بە ژمارەیەك لەو حالەت و دیاردە نائاساییانەی، کە لە کەسانی پابەند بە قورئان و سوننەتەوە بینراون و بۆیان بە کەرامەت دادەنرێن، ئاماژەش بە ژمارەیەك لەو حالەت و دیاردە سەیرو نائاسایی یانە بکەم، کە لە کەسانی کافرو بێ دین، یان سادەو گوناحبار بینراون و، بۆیان بە حالەتی شەیطانیی حیساب دەکرێن، بەلام بەرلەوەی بێینە سەر ریزکردنی هەرکام لەو دووجۆرە حالەت و دیاردانە، بە پێویستی دەزانم، تەرازووو پێوەرێك بخەمە بەردەست، بۆ لەیەك جیاکردنەوەی ئەو دوو جۆرە حالەتانە:

یەك: بابای خاوەن کەرامەت لە زاتی خۆیدا، ئیماندارو پارێزکارەو پابەندە بە شەرعەوە، ئەو حالەتەش کە لێی دەبینرێ، خێرو قازانجی ئیسلام و موسولمانانی تێدایەو، لە سنووری شەرعیش نەچۆتە دەرێ و،

خاوەنەکەیشی بەدەستی خۆی نیەو، نازانێ، کە بە حەتمی دەبێ، یان نابێ، یان چۆن و کەی دەبێ.

دوو: بەڵام بابای خاوەن حاڵەتی شەیطانی، هەم لە خودی خۆیدا کافرو بێ دین و گوناحبارو لارەو، هەم حاڵەتەکەیشی، مەگەر بە ڕواڵەت، ئەگەرنا هیچ خێرو بەرژەوەندیی تێدا نیەو، ئنجا هەمیشەش لەژێر ڕکێفی ئیرادەو ویستی خۆی دایە، کەی و چۆن ئەنجامی بدات.

أ/ چەند نموونەیەك لە کەرامەتی دۆستانی[1] خوا:

١- (أُسَيْدَ بْنَ حُضَيْرٍ) لە کاتێکدا، کە سووڕەتی (الكهف)ی دەخوێند، شتێکی وەك هەور لە ئاسمانەوە دادەبەزییە سەری و، شتی وەك چرایانی تێدا بوو، کە فریشتە بوون و بۆ گوێگرتن لێی هاتبوونە خوار[2].

٢- فریشتە سەلامیان لە (عِمْرَان بْنِ حُصَيْن) دەکرد، هەتا بە هۆی نەخۆشییەکەوە خۆی داغ کرد، لەوە بە دواوە نەمان[3].

٣- لە کاتێکدا هەرکام لە (عبَّادَ بْنَ بِشْرٍ)و (أُسَيْدَ بْنَ حُضَيْرٍ) لە خزمەتی پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وسلم بەرەو ماڵەوەیان چوونەوە لە شەوێکی تاریکدا، ڕووناکییەك بە ئەندازەی سەری قەمچی بۆیان داگیرساو، کاتێك لە یەکیش جیابوونەوە، ڕووناکییەکەش لێیان دابەش بوو[4].

---

١) دیارە کەرامەتی دۆستانی خوا لقێکەو بەرهەم و بەرەکەتێکە کە لە شوێنکەوتنی پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وسلم بۆیان پەیدا بووەو، وەك زانایان گوتوویانە: (كرامات الأولياء فرع من معجزات الأنبياء).

٢) رَوَاهُ البُخَارِيُّ وَمُسْلِمٌ.

٣) رَوَاهُ الحاكم، برقم: (٥٩٩٤).

٤) رَوَاهُ البُخَارِي، برقم: (٣٥٩٤)، وأحمد، برقم: (١٣٨٩٧)، تعليق شعيب الارنؤوط: إسناده صحيح على شرط مُسْلِم، عَنْ أنس.

Scanned by CamScanner

٤- (أبوبكر الصديق) خوا لێی ڕازی بێ سێ میوانی لەگەڵ خۆی بردنەوە ماڵ، هەر کە پاروویەکی دەخوارد، زیاتر دەهاتەوە شوێنی، سەرەنجام هەموویان تێریان خوارد ئەبوبەکرو هاوسەرەکەشی، کە دوایی سەرنجیاندا خواردنەکەیان لە پێش لێخواردنی زیاتر بووە، ئنجا ئەبوبەکر خواردنەکەی بردە لای پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم خەڵکێکی زۆر لێیان خواردو تێربون[1]!!

٥- لە کاتێکدا (سَلمان الفارسي)و (أبو الدرداء) نانیان دەخوارد لە قاپێکدا، قاپەکەیان خواردنەکەی، کە تێیدا بوو (سبحان الله)ی دەکرد![2].

٦- کاتێك کە (خبیب بن عدي) لە شاری مەککەی شەریف، لەلای کافرەکان دیل بوو، ترێی بۆ دەهێنرا کە مەککەش ترێی لێنەبووە[3]!

٧- (أمّ أيمَن) بەبێ ئاوو نان بەرەو مەدینە کۆچی کردو بەڕۆژووش بوو، نزیك بوو لە تینوان بخنکێ، کاتی بەربانگ گوێی لە دەنگێك بوو لەسەر سەریەوە، کە سەری بەرزکردەوە بینی دۆڵچەیەك ئاوە بۆی شۆڕکراوەتەوە لێی خواردەوە، تا تێراو بوو، ئنجا لە ژیانیدا تینووی نەبۆوە[4] !

٨- (سَفينة) کۆیلەی ئازادکراوی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لە ڕێگا تووشی شێرێك دەبێ‌و، ئەویش بە شێرەکە دەڵێ کە نێرراوی

---

١) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ.

٢) رواه أبونعيم في الدلائل.

٣) رَوَاهُ الْبُخَارِيِ، برقم: (٣٨٥٨)، وَأَحْمَد،برقم: (٨٠٨٢)، وابْنُ حِبَّانَ،برقم: (٧٠٣٩)، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ.

٤) بڕوانە: (طبقات ابن سعد)، ج: (٨)، ص: (٢٢٤)، وە: (الإصابة في تمييز الصحابة)، ج: (٤)، ص: (٤٣٢).

Scanned by CamScanner

پێغەمبەری خوایە، شێرەکەش هەتاکو دەیگەیەنێتە جێی مەبەستی لەگەڵی دەڕوات[١] !.

٩- (البراء بن مالک) ئەگەر سوێندی لە خوا خواردبایە، سوێندەکەی لێ نەدەخست، جا کاتێك هاوەڵان (أصحاب) لە جەنگدا تینیان بۆ هاتبایە، پێیان دەگوت ئەی (براء) سوێند لە پەروەردگارت بخۆ ! لە جەنگی قادسیەدا پێیان گوت، ئەویش گوتی: پەروەردگارم سوێندم لێ خواردووی، کە بۆ مانیان بشکێنیو، منیش یەکەمین شەهیدبم، ئیدی شکاندنیان و بەڕائیش شەهید بوو[٢]!

١٠- (خالد بن الولید)یش ئابڵووقەی قەڵایەکی مەحکەمی دا، ئەوانیش گوتیان، هەتا ئەم قاپە ژەهرە نەخۆیەوە خۆمان بەدەستەوە نادەین ! ئەویش خواردیەوەو گوتی: (بِسْمِ اللّهِ الّذِي لاَ يَضُرُّ مَعَ اسْمِهِ شَيْءٌ فِي الأَرْضِ وَلاَ فِي السَّمَاءِ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ)، وە هیچ زیانی پێ نەگەیاند[٣]!.

١١- کاتێك (زَنِيرةَ) لەسەر ئیسلام بە دەستی کافرەکانی مەککە ئەشکەنجە دراو کوێر بوو، کافرەکان گوتیان: لات و عوززا چاویان کوێر کردوە ! ئەویش گوتی: نەخێر بە خوا وا نیە، ئیدی خوا چاوەکانی بۆ چاك کردەوە[٤].

---

١) رواه الحاكم، وقال: صحيح على شرط مسلم، ووافقه الذهبي، ورواه أبو نعيم في الدلائل و، رواه البزار والطبراني بنحوه.

٢) رَوَاهُ الحاكم برقم: (٥٢٧٤)، تعليق الذهبي في التلخيص: صحيح.

٣) رواه أبو نعيم في الدلائل و قال الهيثمي في مجمع الزوائد: رواه أبو يعلى والطبراني بنحوه واحد إسنادى الطبراني صحيح.

٤) بڕوانە: (الإصابة)، ج: (٤)، ص: (٣١٢).

Scanned by CamScanner

١٢- (سعيد بن زَيْد) دوای ئـەوەی (أَرْوى بنت الحَكَمْ) بوختـانی پێکـردو، دووعای لێکرد، کە ئەگەر درۆ دەکات خوا کوێری بکاتو، لە ولآتی خۆی بیکوژێ، ئیـدی کوێر بوو و کـەوتە چاڵێکەوەو مرد[1]!.

ئەوەی رابـرد چەند نـموونـەیەك بوون لە کەرامەتەکانی هاوەڵان، جا دیارە لە وەچەکانی دیکەی ئۆممەتیشدا ئەو جۆرە شتانە لە دۆستانی خوا هەر بینراون بەتایبەتی لە پشتو (جیل)ی شـوێنکەوتووان بۆ وێنە[2].

١٣- (أبو مسلم الخـولاني): خۆیو سوپایەکەی لەکاتی هەڵسانی رووبـاری دیجلــەدا لـێی پەڕینــەوەو بەپێیــان بەســەریدا رۆیـشتن، بێئـەوەی تەنـانـەت دۆلکـەیەکیان لـێ زایـە بێـت !

کــاتێك (الأسـود العنـسي) گرتــی - کـە یـەکێك بـوو لەوانــەی لافــی پێغەمبەرایەتییـان لــێدەدا - بـۆ ئەشکەنجـەدانی خـستیە نێـو ئـاگرەوە، بەڵام دوایـی تەماشـایان کرد لەنێـو ئاگـردا خەریکی نوێژکـردنە !

جا کاتێـك هـاتە شـاری مەدینــە (عمـر بن الخطـاب) لـەنێوان خـۆیو (أبـو بکـر الـصديق)دا داینــا خــوا لــێیــان ڕازی بــێ، گـوتی: (الحمـد الله الـذي لَـمْ يُمِتْنــی حتــی أری مِـنْ أُمــة محمـدٍ مَـنْ فُعِـلَ بــه کمـا فُعِـلَ بإبراهيم خلـيـل الله).

١٤- (عـامر بـن عبـد قـيس) دوو هـەزار درهـەم مووچـەی سـاڵانەی، کـە وەردەگرت لە رێگـادا گەیشتبایە هەر نەدارێـك بـەبێ ژمـاردن پێـی دەدا، پاشان، کە دەگەڕایەوە ماڵ نەژمارەو نەکێشیان کەمی نەدەکرد ! جارێـك شێرێکی بینی ڕێی بە کاروانێـك گرتبـوو، ئـەویش چـووە نزیکـیو پێـی

---

١) رَوَاهُ مُسْلِمٌ برقم: (٤٢١٨).

٢) بۆ نووسینی سەرجەم ئەو حاڵەتانەی هاوەڵانو شوێنکەوتووانیان، کە بیست(٢٠) حاڵـەتن، سـوودم لە (مجموع الفتاوی)ی (ابن التيمية)، ج: (١١)، ص: (١٥٣ تا ١٥٦) وەرگرتوە.

Scanned by CamScanner

خستە سەر ملیو، گوتی: (إِنَّمَا أَنْتَ كَلْبٌ مِنْ كِلابِ الرَّحْمَنِ وَإِنِّي أَسْتَحِي أَنْ أَخَافَ شَيْئًا غَيْرَهُ)، واتە: تۆ تەنیا سەگێکی لە سەگەکانی خواو منیش شەرم دەکەم، جگە لەوی لە هیچ دیکە بترسم .

١٥- (الحسن البصري) کاتێك، کە خۆی لە (حجاج) شاردبۆوە، شەش جاران چوونە ژوورەکەیەوە، بەڵام لە خوا پاڕابۆوە، کە نەیبینن و نەیانبینی !

١٦- (صلة بن أشيم) جارێکیان لە جەنگو غەزایەکدا ئەسپەکەی مرد، ئەویش پاڕایەوە، کە خوا منەتباری خەڵکی نەکاتو ئەسپەکەی زیندوو بۆوە، کە گەڕایەوە بە کوڕەکەی گوت: کوڕم ئەو زینو جلە لەسەر پشتی ئەو ئەسپە بێنە خوارێ، چونکە ئەسپەکە سپاردە (عاریة)یەو دەستبەجێ ئەسپەکە مردەوە !

١٧- (سعيد بن المسَيب) لە ڕۆژانی شوومی کارەساتی (الحَرَّة)[1]دا، کە مزگەوتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هیچ کەسی تێدا نەمابوو، جگە لە خۆیو بانگی تێدا نەدەبێژرا، کاتی نوێژەکان لە گۆڕی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەنگی بانگی دەبیست !!

١٨- (أويس القرْني) کاتێك کۆچی دوایی کرد، چەند کفنێکیان لە نێو جلو بەرگەکەیدا بینی، کە پێشتر پێی نەبوون، کاتێك ویستیان بینێژن، گۆڕێکی ئامادەیان بینی، کە لاگۆڕ (لَحْد)ێکی لە بەرد داتاشراوی تێدا بوو، لەوێدا ناشتیان !

---

١) ئەو کارەساتە شوومو پڕ شەرمەزارییە لە سەردەمی حوکمڕانێتی یەزیدی کوڕی موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیاندا ڕوویدا، کە ناخۆشترین کارەسات بووە، بەسەر خەڵکی مەدینەی پێغەمبەری خوادا صلى الله عليه وسلم هاتوە !

١٩- (الأحنف بن قيس) كاتێك گۆڕیان بۆ هەڵقەند، پیاوێك كڵاوەكەی لـێ كەوتە نێو گۆڕەكەیەوەو خۆی داهێنایەوە هەڵیگرتەوە، بینی چەشمەندازێك (مدُّ البَصَر) فراوان بووە !

٢٠- (عبدالواحد بن زيد) تووشی ئیفلیجی بوو، داوای لە پەروەردگاری كرد، كە بۆ كاتی دەستنوێژەكانی ئەندامەكانی كاربكەن ! كاتی دەستنوێژەكان چاك دەبۆوەو دوایی دەگەڕایەوە حاڵەتی خۆی !.

ب/ چەند نموونەیەك لە حاڵەتە شەیطانی یەكانی كافران و گوناحباران[1]:

١- ئەو حاڵەتە شەیطانییانەی، كە لە ڕۆژگاری پێغەمبەردا صلى الله عليه وسلم لە (عبدالله بن صياد)ەوە دەردەكەوتن، هەندێك لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا خوا لێیان ڕازی بێ، گومانیان وابوو، كە دەجاڵ (دَجَال)ە !! پێغەمبەریش (سەرەتا لێی كەوتە گومانەوە، بەڵام دوایی دڵنیابوو كە دەجاڵ نیەو پاش تاقیكردنەوەی، بۆی دەركەوت، كە (كاهِن)ە، وەك (بخاري ومسلم) لە (عبدالله بن عُمر)ەوە گێڕاویانەتەوە.

٢- حاڵەتە شەیطانییەكانی (الأسود العَنْسي) ، كە لافی پێغەمبەرایەتی لێدەداو كۆمەڵێك شەیطان هاوكاریان دەكردو، هەندێك هەواڵی پەنهانیان پێ ڕادەگەیاندن.

---

١) بروانە: (مجموعة الفتاوى)، ج: (١١)، ص: (١٥٧ تا ١٥٩)

Scanned by CamScanner

٣- هەروەها (مُسیْلمة الکذّاب)، کە شەیطانەکان هاوکارییان دەکرد لە زانینی هەندێك هەواڵ و شتی پەنهان و، جێبەجێکردنی چەند ئیشێکدا.

٤- هەروەها (الحارث الدمشقي)، کە لە ڕۆژگاری دەسەڵاتدارێتی (عبدالملک بن مروان)دا لە شام یاخی بووو داوای پێغەمبەرایەتی کردو، چەند جندێکی شەیطان هاوکارییان دەکردو کۆت و زنجیریان لە دەست و پێی دەکردەوەو، نەیاندەهێشت تیغ بیبڕێ... جا کاتێك مسوڵمانان گرتیان و ویستیان بیکوژن، ڕمێکیان لێدا نەیبڕی ! (عبدالملک)یش پێی گوت: ئەوە ناوی خوات نەهێناوە بۆیە نەیبڕی، پاشان کابرای ڕم وەشێن (بسم الله)ی کردو لێیدا بڕی.

٥- لەو جۆرە کەسانە هی وا هەیە، کە شەیطان خواردەمەنی و میوەو شیرینی و شتی دیکەشی بۆ دێنێ، کە لەو شوێنەی لێیەتی چنگ ناکەون.

هەیانە کە جند (جنّي) دەیفڕێنێ بۆ شاری مەککە یان قودس یان جێی دیکە، هەیانە، کە جند ئێوارەی عەرەفات دەیگەیەننە عەرەفات و هەمان شەویش دەیگێڕنەوە، بەڵام بێگومان جگە لە ماندوبوون و گاڵتە پێکردنی شەیطانەکان هیچی دیکەی پێ نابڕێ !

٦- هی وا هەیە، کە شەیطان بۆی دەچێتە سەر دیمەنێکی جوان و شێوەی پیاوێکی صالح و پێی دەڵێ: من (خضر)م هەندێك هەواڵ و زانیاریشی دەداتێ و، هەندێك کاروباریشی بۆجێبەجێ دەکات !

٧- هەیانە کە شەیطان لە سەروویەوە بارەگا (عَرْش)یەکی پێشان دەدات، کە ڕۆشناییەکی گەورەی لەسەرەو بانگی دەکات و دەڵێ: (أنا رَبُّك) من پەروەردگارتم! - وەك لە(عبدالقادر الجیلاني) ڕوویداوە- جا ئەگەر زاناو

هۆشیار بێ وەك ئەو، پەنا بە خوا دەگرێ و تێی دەخوڕێ و لەبەرچاوی نامێنێ، ئەگەر سادەو نەزانیش بێ، هەڵدەخەڵەتێ و سەرگەردان دەبێ.

بەڵام سەرجەم ئەو حاڵەتە شەیطانییانە، کە بۆ کەسانی کافرو خراپ و پیس و لە ئەنجامی گوناح و خراپەداو، بە هاوکاریی شەیطانەکان پەیدا دەبن، هەرکەسێك مادام مسوڵمانی چاك بێت و، لەکاتی حاڵەتەکەدا بە دڵ قورئان بخوێنێ، بەتایبەت (آية الكرسي)، ئەوە حاڵەتە شەیطانییەکە لەبەین دەچێ و نامێنێ[1].

کەواتە پوختەی مەبەست ئەوەیە کە ڕووح هەم لە زاتی خۆیدا تواناو لیاقەتی تێدا پەیدابوونی چەند حاڵەت و دیاردەیەکی نائاسایی و (خارق العادة)ی، کە بەهۆی مەشق و وەرزشی وەك هی هیندۆسییەکان و بووزییەکانەوە، کە یاری (یۆگا) دەکەن، دەردەکەون، هەم توانای هەیە، کە بەهۆی ئیمان و تەقواو طاعەتەوە لە خوای پەروەردگارو فریشتەکانی نزیك بکەوێتەوەو، کەرامەتی جۆراو جۆری لێ پەیدا بن، یان بەهۆی کوفرو شیرك و گوناح و خراپەوە، لە شەیطانەکان نێزیك بکەوێتەوەو، حاڵەتی جۆراو جۆری شەیطانی سەیرو نائاسایی لێ بپشکوێتەوە، دیارە لە یەك جیاکردنەوەی هەرکام لەو سێ جۆرە حاڵەتە نائاسایی و پاسادڕ (خارق العادة)انە، پێویستی بە شارەزایی و وردەکاریی زۆر هەیە، چونکە لە ڕواڵەت وەك یەك و تێکەڵ و، لە بنەماو ئەسڵ و جەوهەریشدا، زۆر جیاوازن.

---

١) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ج: (١١)، ص: (١٥٨)

دەیەم: سەنگی مەحەك و تەرازووی تەزکیە بوونی نەفس:

خوێنەری خۆشەویست!

خوا پشتیوان بێ لەم خاڵی دەیەم و کۆتاییەی زادەو بەرهەمی ئەزموونی تایبەتییم لەبواری تەزکیەی نەفسدا، لە حەوت (٧) بڕگەدا سەنگی مەحەك و تەرازوویەکی چاکت دەخەمە بەردەست، تاکو وەك ئاوێنەیەك حاڵەتی ئیمانیی و مەعنەویی خۆتی تێدا ببینیی و، بۆت دەربکەوێ، کە ئایا، تا چ ڕاددەیەك نەفست تەزکیە بووە!

١- ئیمانێکی شهوودیی:

واتە ئیمانێك، کە بە چاوی عەقڵ و دڵ ڕاستییەکانی خوا بەیەکگرتن و پێغەمبەرایەتی و دواڕۆژ (حقائق التوحيد والنبوة والمعاد) ببینیی و بەتەعبیری بەرزی پێغەمبەری بەڕێز صلى الله عليه وسلم {أَنْ تَعْبُدَ اللهَ كَأَنَّكَ تَرَاهُ}[1].

ئیمانێك، کە وەك لە یەکێك[2] لە پێشەوایانمانەوە گێڕراوەتەوە گوتوویەتی: (لو كُشِفَ الغطاءُ ما ازدَدْتُ يقيناً)، واتە: ئەگەر پەردەش لابدرێ دڵنیایم زیاد نابێت!!

---

١) رَوَاهُ مُسْلِم، برقم: (١٠٢).

٢) لام وایە (علي بن أبي طالب)ە خوا لێی ڕازی بێ، مەبەستیش لە پەردە لاچوون دەرکەوتنی حەقیقەتەکانی ئیمان و ئیسلامە لە دنیای عەیاندا بۆ چاوی سەر.

Scanned by CamScanner

٢- تام وچێژ وەرگرتن لە عیبادەت:

نیشانەیەکی دیکەی تەزکیە بوونی نەفس بریتیە لە تام و چێژ وەرگرتن لە خواپەرستییەکان و ئۆخژن و ئارامیی هاتنە دڵ بەهۆیانەوە، وەك پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم (کاتێك نوێژ دەبوو ئەمری بە (بلال) دەکرد، کە بانگ بڵێ و دەیفەرموو: {أَرِحْنَا بِهَا يَا بِلَالُ}[١].

٣- خۆشحاڵ بوون بە تەقواو چاکەو، دڵتەنگ بوون بە گوناح و خراپە:

بەڵێ ئەمیش یەکێکی دیکەیە لە تەرازووو پێوەرەکانی پەیدابوون، یان نەبوونی تەقواو تەزکیە، چونکە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: {اسْتَفْتِ قَلْبَكَ، البِرُّ: مَا اطْمَأَنَّت إِلَيْهِ النَّفسُ، وَاطْمَأَنَّ إِلَيْهِ القَلْبُ، وَالإِثْمُ : مَا حَاكَ فِي النَّفْسِ، وَتَرَدَّدَ فِي الصَّدْرِ، وَإِنْ أَفْتَاكَ النَّاسُ وَأَفْتَوكَ}[٢]، واتە: پرس بە دڵت بکە، چاکە ئەوەیە، کە دەروونت پێی مورتاح بێت و دڵت پێی ئاسوودە بێ، گوناحیش ئەوەیە، کە دەروون پێیەوە سەغڵەت بێ و، لە سینەدا بێت و بچێ و ئارام نەگرێ، هەرچەندە خەڵك فەتوات بۆ بدەن و فتواشیان بۆ داوی.

٤- ئامادەبوون بۆ بەخشینی سەرو ماڵ لە پێناوی خوادا:

بەڵێ ئەمیش نیشانەو بەڵگەو پێوەرێکی دیکەی تەزکیەیە، چونکە ئینسان ئیمانی کامڵ نابێ، بە ڕای هەندێکیان هەر دانامەزرێ، هەتا خواو پێغەمبەرەکەی صلى الله عليه وسلم لە خۆی و لە هەموو کەس و شتێك

١) رَوَاهُ الطبراني في (الكبير) برقم: (٦٢١٥).
٢) رَوَاهُ أَحْمَد برقم: (١٨٠٣٥)، والدَّارمي برقم: (٢٥٣٣)، وقال النووي: حسن، وَحَسَّنَهُ الألباني.

Scanned by CamScanner

خۆشتر نه‌وێن، {ثَلاثٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ وَجَدَ حَلاوَةَ الإِيمَانِ: مَنْ كَانَ اللهُ وَرَسُولُهُ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِمَّا سِوَاهُمَا، وَمَنْ أَحَبَّ عَبْدًا لا يُحِبُّهُ إِلا لِلَّهِ...}[1]، جا دیاره‌ که‌سێکیش خواو پێغه‌مبه‌ری خوای له‌ خۆی‌و له‌ هه‌موو که‌سێك خۆشتر بوێن، بێگومان زۆر به‌ سێنایی ده‌توانێ، که‌ سه‌رو ماڵی له‌ پێناوی خوادا ببه‌خشێ، چونکه‌ هه‌میشه‌ ئینسان شتێك، که‌ که‌متری خۆشده‌وێ له‌پێناو شتێکدا، که‌ زیاتری خۆشده‌وێ به‌ختی ده‌کات. خوای په‌روه‌ردگاریش له‌وباره‌یه‌وه‌ فه‌رموویه‌تی: ﴿ قُلْ إِن كَانَ ءَابَآؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ وَإِخْوَٰنُكُمْ وَأَزْوَٰجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَٰلٌ ٱقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَٰرَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَٰكِنُ تَرْضَوْنَهَآ أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَجِهَادٍ فِى سَبِيلِهِۦ فَتَرَبَّصُوا۟ حَتَّىٰ يَأْتِىَ ٱللَّهُ بِأَمْرِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَٰسِقِينَ ﴿٢٤﴾ ﴾ التوبة.

٥- جڵه‌وکردنی نه‌فس به‌ جڵه‌وی شه‌رع‌و کۆنترۆڵکردنی غه‌ریزه‌ ده‌روونییه‌کان‌و ئه‌ندامه‌ ڕواڵه‌تییه‌کان:

ئه‌میش یه‌کێکه‌ له‌ نیشانه‌و به‌ڵگه‌کانی گه‌یشتن به‌ حاڵه‌تی ته‌زکیه‌بوونی نه‌فس، وه‌ك له‌ باسه‌کانی پێشووتردا کراوه‌ته‌وه‌، له‌ڕاستیدا هه‌ر که‌سێك خۆی له‌ دیلێتیی‌و خزمه‌تکارێتیی نه‌فس‌و ئاره‌زووه‌کانی‌و جه‌سته‌و غه‌ریزه‌و داخوازییه‌کانی ئازادو ڕزگار نه‌کردبێ، زۆر له‌وه‌ که‌متره‌، که‌ جارێ شایسته‌ی به‌رزبوونه‌وه‌ بۆ پایه‌و مه‌قامی ئیحسان بێت! ئایا ڕێگا به‌ بابای کۆیله‌و خزمه‌تکار ده‌درێ بچێته‌ ژوورو دیوه‌خانی ئه‌شراف‌و پیاو ماقوولان؟!

---

[1] مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ: الْبُخَارِيُّ، برقم: (٦٥٤٢)، وَمُسْلِمٌ، برقم: (١٧٤)، عَنْ أَنَسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ.

Scanned by CamScanner

بەڵێ، جا قوتاربوون و ئازادبوون لە خزمەتکاریی نەفس و جەستەو غەریزەو داخوازییەکانیان - مەگەر بە ئیزنی شەرع و لە سنووری شەرعدا - بەڵگەو نیشانەی تەزکیەبوونی نەفسەو، پێچەوانەکەشی مانایەکی پێچەوانە دەگەیەنێ.

ڕەحمەتیش لەوکەسەی، کە گوتوویەتی: {ومَنْ اباحَ النَّفْسَ ما تَهْواه فانَّما إلهـهُ هَواه}، واتە: وە هەرکەسێك بێدڵی نەفسی نەکات و حەز بە چی بکات بیداتێ. ئەوە بێگومان ئارەزووی خۆی کردۆتە پەرستراوی.

٦- نەلەخشان لە کاتی هات و نەهات و خۆشیی و ناخۆشییدا:

خوای کاربەجێ ئاوا وەسفی بەندە چاك و صالح و دۆستەکانی خۆی دەکات:

﴿أَلَآ إِنَّ أَوْلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٦٢﴾﴾ يونس،

﴿إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ خُلِقَ هَلُوعًا ﴿١٩﴾ إِذَا مَسَّهُ ٱلشَّرُّ جَزُوعًا ﴿٢٠﴾ وَإِذَا مَسَّهُ ٱلْخَيْرُ مَنُوعًا ﴿٢١﴾﴾ المعارج، واتە: بێگومان ئینسان خۆڕانەگر دروست کراوە. کە ناخۆشیی تووش بوو، سەغڵەت دەبێ، وە کە خێرو خۆشیی هاتەڕێ، لە غەیری خۆی دەیگرێتەوە، بێجگە لە نوێژکەران (هەموو ئینسانەکان هەروان).

لەڕاستیدا هەر جۆرە لەقین و جووڵان و هەڵپەهەڵپکردنێکی ئینسان، لە ئاقاری بەڵاو گرفتاریی و خۆشیی و ناخۆشییەکانی ژیان و ڕۆژگاردا، هۆیەکەی یەکێك لەم دوو شتانەیە:

١- لەدەستدانی بەرژەوەندییەکی ماددیی، یان مەعنەویی.

٢- هاتنەدەستی خێرو چاکەو بەرژەوەندییەك.

Scanned by CamScanner

جا لە سۆنگەی ئەوەوە کە بەندە چاك‌و ساغ‌و کامڵەکانی خوا، تەنیا ڕەزامەندیی خوایان مەبەستەو، هەمیشەش دڵیان پێیەوە پەیوەستەو، دنیاو ئەوەش، کە لە دنیادایە هەمووی بە شتێکی کەم‌و گچکە دەزانن، بۆیە لەبەردەم هات‌و نەهاتەکاندا، دامەزراوو نەلەخشاون، خوای پەروەردگاریش فەرموویەتی: ﴿مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا فِيٓ أَنفُسِكُمۡ إِلَّا فِي كِتَٰبٖ مِّن قَبۡلِ أَن نَّبۡرَأَهَآۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٞ ٢٢ لِّكَيۡلَا تَأۡسَوۡاْ عَلَىٰ مَا فَاتَكُمۡ وَلَا تَفۡرَحُواْ بِمَآ ءَاتَىٰكُمۡۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخۡتَالٖ فَخُورٍ ٢٣﴾ الحديد، واتە: هیچ بەڵایەکتان لە زەوی‌و لە نەفسی خۆتاندا بەسەر نایەت، مەگەر پێش ئەوەی بیخوڵقێنین لە نووسراوێك دایە، ئەوەش بۆ خوا ئاسانە. (ئەو ڕاستییەمان ڕوونکردەوە) تاکو بەهۆی لەدەستدان‌و فەوتانی شتێکەوە نیگەران نەبن، وە بە شتێکیش کە دێتە دەستتان دڵخۆش مەکەن، بێگومان خواش هەر فیزکەرێکی شانازییکەری خۆشناوێ.

٧- ڕەوشتی بەرزو جوان:

ئەمیش سەنگی مەحەك‌و پێوەرو تەرازوویەکی یەکجار ڕاست‌و تەواوە، بۆ هەڵسەنگاندنی ڕاددەو ڕێژەی تەزکیە بوون‌و نەبوونی ئینسان!

چونکە ئەگەر ئیسلام‌و مسوڵمانەتیی درەختێك بێ، ئەوە (ئیمان‌و عەقیدە) ڕەگ‌و ڕیشەو، (عیبادەت‌و تەقوا) قەدو لق‌و پۆپ‌و گەڵاو، (ڕەوشت‌و ئاکاری بەرزو پەسەند)یش میوەو بەر (ثمرة)ەکەیەتی.

ئەمانەش چەند نموونەیەکی گرنگی ئەو خەسڵەت‌و ڕەوشتە پەسندانەن، کە پێوەرو سەنگی مەحەکی تەقواو تەزکیەی نەفسن:

Scanned by CamScanner

١) ڕقی خۆ کپکردنەوەو تووڕەیی قوتدانەوە: ﴿...وَٱلْكَـٰظِمِينَ ٱلْغَيْظَ ...﴿١٣٤﴾﴾ آل عمران.

٢) لێبووردن و چاوپۆشی کردن: ﴿...وَٱلْعَافِينَ عَنِ ٱلنَّاسِ...﴿١٣٤﴾﴾ آل عمران.

٣) بەخشین و چاکەکاریی: ﴿...وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١٣٤﴾﴾ آل عمران.

٤) خەڵك بەسەر خۆدا هەڵبژاردن (الإيثار): ﴿... وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ ۚ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِۦ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٩﴾﴾ الحشر.

٥) لە بەرانبەر خراپەدا چاکەکردن: ﴿...وَيَدْرَءُونَ بِٱلْحَسَنَةِ ٱلسَّيِّئَةَ أُو۟لَـٰٓئِكَ لَهُمْ عُقْبَى ٱلدَّارِ ﴿٢٢﴾﴾ الرعد.

٦) خاکیی و بێ فیزیی و خۆ بەکەمگرتن: {وَمَا تَوَاضَعَ أَحَدٌ لِلهِ إلاّ رَفَعَهُ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ}(١).

٧) قازانج و زیانی مسوڵمانانی وەك هی خۆدانان: {لا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى يُحِبَّ لأَخِيهِ مَا يُحِبُّ لِنَفْسِهِ}(٢).

---

١) رَوَاهُ أَحْمَد، برقم: (٨٩٩٦)، وَمُسْلِمٌ، برقم: (٦٧٥٧)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٢٠٢٩)، وَقَالَ: حَسَنٌ صَحِيحٌ، وَابْنُ حِبَّانَ، برقم: (٣٢٤٨)، وَالدَّارِمِيُّ، برقم: (١٦٧٦) عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اَللّٰهُ عَنْهُ.

٢) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ: رَوَاهُ أَحْمَد، برقم: (١٣٩٩٥)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (١٣)، وَمُسْلِم، برقم: (١٧٩)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٢٥١٥) وَقَالَ: صَحِيح، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٦٦)، وَالدَّارِمِيُّ برقم: (٢٧٤٠)، وغيرهُم، عَنْ أَنَسٍ رَضِيَ اَللّٰهُ عَنْهُ.

Scanned by CamScanner

بەڵێ، وەك چەند جاری دیکەش گوتوومانە:

هەر دڵ و دەروونێك بەڕاستیی ئیمانی تێدا نیشتەجێ و جێگیر بووبێ، بەتەئکید دەبێتە کانگاو سەرچاوەی هەموو خەسڵەت و ئاکارێکی پەسەندو بەرزو جوان، چونکە ئیمان (فضیلة)ێکی هێندە گەورەو بەرزو کاریگەرە، کە لەقەدەر خۆی هەرچی (فضائل)ی دیکەیە پەلکێشیان دەکات و پەیدا دەبن، (تەزکیە)ش، زەمینە سازکەرو ڕێخۆشکەری چاکترو زیاتر کامڵبوونی ئیمانە.

کۆتایی ئەم باسەش بەم دێڕە شیعرە فارسییە پڕمانایە دێنم، کە دەڵێ:

گوهر پاك ببايد كـه شـود قـابـلِ فيـض

ورنـه هر سنگ و گـل لـؤلـؤ و مرجـان نشـود

واتە: گەوهەری دەروونێکی پاك و بێگەرد پەیدا بکە، کە بگونجێ و شایستەبێ بۆ بەسەر دارژان و وەرگرتنی بەرەکەت و بەخششەکان (فیوضات)ی خوا، ئەگەرنا هەموو بەردو قوڕێك نابنە گەوهەرو مرواری.

لێرەشدا کۆتایی بە بەرهەم و ئەنجامگیرییەکانی ئەزموونی خۆم دێنم لەبواری تەزکیەی نەفس و گشت سەفەری بەرەو خوا چوونمدا، بەئومێدی ئەوەی، کە خوێنەرە بەڕێزو خۆشەویستەکانم لێی بەهرەمەند بن و، دەرس و پەندی جۆراوجۆری لێ وەربگرن و، دووعایەکی خێریش بۆ بەندەی خاوەن هەڵەو پەڵە بکەن.

Scanned by CamScanner

بەشی هەشتەم:

دوا سەرنجم لەبارەی نەفسەوە
پاش یازدە ساڵی ڕابردوو

www.iqra.ahlamontada.com

Scanned by CamScanner

خوێنەری سەنگین و شیرین !

خوای میهرەبان و بەخشەر پشتیوان بێ، هەوڵدەدەم لەم بەشەدا بە کورتیی و گوشراویی، دوا سەرنج و بۆچوونەکانی خۆم لەبارەی تەزکیەی نەفسەوە، لە ماوەی یازدە ساڵی ڕابردوودا بخەمە ڕوو:

سەرەتا دەڵێم :

دوای ئەوەی بۆ ئەم چاپی پێنجەمەو بۆ چاپی یەکەمی تەرجەمە عەرەبییەکەی بەوردیی چاوم بەم کتێبەدا گێڕایەوە، شتێکی ئەوتۆم نەکەوتە بەرچاو، کە پێویستی بە گۆڕین و دەستکاریی کردن بێ، بۆیە دەتوانم بڵێم: هەڵوێست و بیروبۆچوونم لەبارەی تەزکیەی نەفس و چۆنیەتی صاڵح بوون و بەرەو خواچوونەوە، بەگشتی هەر ئەوەیە، کە لە دوو توێی ئەم کتێبەدا خستوومەتەڕوو، بەڵام بە پێویستی دەزانم، ئەگەر تەنیا بۆ جەخت لەسەرکردنەوەش بێ، ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەم:

یەکەم:- نەفسی مرۆڤ لە بۆتەی سەختیی و دژوارییەکاندا تەزکیە دەبێ:

لە ساڵی (٢٠٠١) بەملاوە چ لە چوارچێوەی کارو پرۆژەی ئیسلامییداو، چ لە خودی خۆمدا، تووشی کۆمەڵێك گرفتاریی و ئێش و ژان و ناڕەحەتیی بووم، کە هەتا ڕاددەیەکی زۆر بوونە مایەی ڕاتەکێنران و تۆزو خۆڵ لێ داتەکێنرانی نەفسم و، زیاتر بەرەو خوا چوونم و لێ نیزیك بوونەوەیم، چونکە بێگومان مرۆڤ لەکاتی گرفتاریی و دژوارییەکاندا، زیاتر هەست بە ئاتاجیی خۆی دەکات بەرەو خواو بەرەو لای ڕادەکات، وەك فەرموویەتی: ﴿ أَمَّن يُجِيبُ ٱلْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ ٱلسُّوٓءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَآءَ ٱلْأَرْضِ ۗ أَءِلَـٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ

Scanned by CamScanner

﴿...﴾ (٦٢) النمـــل، واتــە: یـــان ئایــا کـێ وەڵامــی بابــای نــاچــارو تێگیــراو دەداتــەوەو خراپــەو نــاڕەحــەتــیی لا دەبــاتو، دەتــانکــاتە جێنـشیـنـانی زەوی، ئایا هیـچ پەرسـتـراو لـەگـەڵ خوادا هـەن ؟! بە کـەمیی پەنـد وەرگـرن.

هەروەهــا فەرموویــەتی: ﴿ فَفِرُّوٓاْ إِلَى ٱللَّهِۖ ... ﴾ (٥٠) الـذاریات، واتــە: دەجــا بەرەو لای خــوا ڕابکـەن...

کە کـۆچی دوایـی دایـکم – خــوا لێـی خۆشبـێ-و، بـە ناهــەق کــوژرانی مامۆسـتـا (عبـدالله)ی قەصـریێو، مووشـەك بارانکـردنی بارەگاکانمـان لە لایەن ئەمریکــاوەو، کــوژران و بریـنـــداربوونی نێـزیکــەی ســـەد (١٠٠) کــەس لــە برایانمــانو، پاشـان گواسـتنــەوەی بنـکەو بـارەگـاکـانمـان بـۆ پـشـدەرو، دواتــر گیــرانی خــۆمو ژمـارەیــەك لـە بـرایــان لــە لایــەن ئەمریـکـاوە، بــە فیـتــی هـەندێـك کــوردی نەفــس نــزمو ســیخــوڕ....، گـرنگتــرینی ئـەو ســەختــیو دژواریـیانە بوون، کە بەسـەرم هاتن.

دووەم: زینـــــدان (ســـــجن) دەرفـەتێــــکی زێـڕینــــە بـــۆ ئیعتیکـــافو بەخـۆداچـوونەوەو لە خــوا نێـزیك بوونەوە:

بەڵــێ زینـدانیـی کران و گیــرانی مـرۆڤ - بە تــایبـەت ئەگــەر بـە نــاهــەقو ستەم بێ - هەلو دەرفەتێکی یەکجار گرنگو بایەخـدارە – بە مەرجێك باش بەهرە لە کات وەربگیـرێ - بۆ کارکردنـی مـرۆڤ لەسـەرخـۆ تەزکیـەکردنی، وەك من لە ئەزمـوونی بیسـتو دوو (٢٢) مانگی گیـرانم لە لایەن ئەمریـکاوە بۆم دەرکـەوت، چونکـە وەك لە کـتێبی: (ئەشـکەنجەو زینـدان)دا باسکراوە[1]،

---

١) ئەو کـتێبە کۆی ئەو چاوپێکەوتنە چەند ئـاڵـقـەییەیە، کە پاش گەڕانەوەم لە زیندان بـە مـاوەیـەکی کـەم کــاك هــاوژین عومــەر لـەبارەی زیـنـدانییـکرانـــمەوە لەگـەڵی ئەنــجام داوەو، بــۆ زمانــەکانی عەرەبیـیو فارسـییو ئینـگلیـزییـش وەرگێڕاوەو چاپکراوە .

لە ماوەی ئەو بیست و دوو مانگەدا، کە نیوەی زیاتری بەڕۆژوو بووم، وێڕای ئازارو ناڕەحەتیی زۆری جەستەیی و دەروونیی، هەتا کەناری نێزیکی مەرگ، خوای بەخشەرو بە بەزەیی، زۆر جۆرە کەرەم و بەخششی تایبەتی پێدام، وەك:

١- دابەزینی سەکینەت (نزول السكينة)، کە وەسفکردنی زەحمەتەو لەوێش نەبێ ئەو حاڵەتەم نەبینیوە.

٢- هەستکردن بە ئۆخژن و ئارامیی.

٣- زیکرو قورئان خوێندنی بەردەوام، کە زیاتر لە سەدو چل (١٤٠) جار قورئانم خەتم کرد.

٤- نووسینی کتێبی: (الإسلام كما يتجلى في كتاب الله) کە چوار هەزار (٤٠٠٠) لاپەڕە زیاترەو، تاکە سەرچاوەیشم قورئان بوو.

٥- وتوویێژو موناقەشەی زۆر لەگەڵ هەر کام لە لێکۆڵەر (محقق)ە ئەمریکایی و بەریتانییەکان و، بەرپرس و سەرانی ڕژێمی بەعسیدا.

٦- دەرس گوتن بە ژمارەیەك لە هاوەڵە زیندانییەکانم ... هتد.

سێیەم: خۆڕاگریی و نەلەخشان لە بەرانبەر قسەو قسەلۆك و بوختان و درۆو دەلەسەو پڕوپاگەندەی کەسانی ناحەزو کینە لەدڵ و خاوەن حەسەددا:

ئەمیش - بەپێی ئەزموونی بەندە - هۆکارێکی دیکەی گەورەو کاریگەری صالح بوون و بەرەو خواچوون و نەفس تەزکیە بوونە، چونکە هەم پێش زیندانی کرانم و، هەم پاش گەڕانەوەشم لە زیندان، چ لەلایەن کەسانێکی ناحەز بەئیسلام و تەوژمی ئیسلامیی و، چ کەسانێکی زڕە مسوڵمان و فەریکە

مسوڵمانی دڵ پڕ گرێ و گۆڵ و بوغزاویی بەوەو، هەتا ئێستاش (٢٠١٢/٢/١٧)، بەردەوام لە ژمارەیەك كەناڵی ڕاگەیاندنی جۆراو جۆری وابەستەو دابەستەو دەست لە پشت دراوو زار چەوركراو، یان ئیخفاڵكراوو بە سەهوو براوەوە، چەندان جۆرە تۆمەت و بوختان و ناو ناتۆرەو قسەو تەعبیری ناشیرین و بێ‌نەزاكەتم پێگوتراوەو ئاڕاستە كراوە، بەڵام لە خوا بەزیاد بێ، مەگەر بەدەگمەن و زۆریش بە كورتیی، ئەگەرنا وەڵامی هیچیانم نەداوەتەوەو، ئەوەی دەعواشمان لەسەر تۆمار كردبێ لێمان بردۆتەوە، چونكە قسەكانیان زیاتر درۆو دەلەسەو بوختان و شتی هەڵبەستراو بوون ! ئاشكراشە، كە قسە پێگوتران و بوختان بۆ هەڵبەستران و ئازاری ڕووحیی دران، بەهۆی قسەی ناشیرین و بێ‌نەزاكەت پێگوترانەوە، لەلایەن ناحەزانی داخ لەدڵ و دڵ پڕ گرێ و گۆڵەوە، سوننەت و عادەتی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم و شوێنكەوتووە ڕەسەنەكانیان بووە، خوا بە كەرەمی بێ‌سنووری خۆی لە ڕیزی ئەواندا حیسابمان بۆ بكات، وەك خوا فەرموویەتی:

* ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ فِي شِيَعِ الْأَوَّلِينَ ﴿١٠﴾ وَمَا يَأْتِيهِم مِّن رَّسُولٍ إِلَّا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ ﴿١١﴾﴾ الحجر، واتە: وە بێگومان لە پێش تۆشدا پێغەمبەرانێكمان بۆ گەلە پێشووەكان ناردوون، وە هیچ پێغەمبەرێكیان بۆ نەهاتوە، كە گاڵتەیان پێ نەكردبێ.

* ﴿إِنَّا كَفَيْنَاكَ الْمُسْتَهْزِئِينَ ﴿٩٥﴾ الَّذِينَ يَجْعَلُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَٰهًا آخَرَ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ ﴿٩٦﴾ وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّكَ يَضِيقُ صَدْرُكَ بِمَا يَقُولُونَ ﴿٩٧﴾ فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَكُن مِّنَ السَّاجِدِينَ ﴿٩٨﴾ وَاعْبُدْ رَبَّكَ حَتَّىٰ يَأْتِيَكَ الْيَقِينُ ﴿٩٩﴾﴾ الحجر، واتە: بێگومان ئێمە گاڵتە پێكەرانت لەكۆڵ دەكەینەوە، ئەوانە، كە لەگەڵ خوادا پەرستراوی دیكە دەپەرستن، لەمەودوا دەزانن، وە ئێمە

دەزانین، کە بەوەی دەیڵێن سینەت تەنگ دەبێ، دەجا بە ستایش کردنەوە، پەروەردگارت بە پاك بگرەو لە کڕنووشبەران بە، وە هەتا مەرگت بۆ دێ هەر پەروەردگارت بپەرستە.

* ﴿ فَٱصْبِرْ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ قَبْلَ طُلُوعِ ٱلشَّمْسِ وَقَبْلَ غُرُوبِهَا ۖ وَمِنْ ءَانَآئِ ٱلَّيْلِ فَسَبِّحْ وَأَطْرَافَ ٱلنَّهَارِ لَعَلَّكَ تَرْضَىٰ ﴿١٣٠﴾ ﴾ طـه، واتە: دەجا خۆڕاگر بە لەسەر ئەوەی دەیڵێن‌و بە ستایش کردنەوە پەروەردگارت بە پاك بگرە، پێش خۆرهەڵاتن‌و پاش ئاوابوونیشی، وە لە کاتەکانی شەوگارو ئەملاولای ڕۆژگاردا، بەڵکو - بەهۆی پاداشت درانەوەتەوە ڕازی ببی -.

* ﴿ بَلْ قَالُوٓا۟ أَضْغَٰثُ أَحْلَٰمٍۭ بَلِ ٱفْتَرَىٰهُ بَلْ هُوَ شَاعِرٌ فَلْيَأْتِنَا بِـَٔايَةٍ كَمَآ أُرْسِلَ ٱلْأَوَّلُونَ ﴿٥﴾ ﴾ الأنبیاء، واتە: بەڵکو گوتیان: خەونی تێکەڵ‌و پێکەڵن، بەڵکو هەڵیبەستوە، بەڵکو ئەو شاعیرە..

* ﴿ كَذَٰلِكَ مَآ أَتَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِم مِّن رَّسُولٍ إِلَّا قَالُوا۟ سَاحِرٌ أَوْ مَجْنُونٌ ﴿٥٢﴾ أَتَوَاصَوْا۟ بِهِۦ ۚ بَلْ هُمْ قَوْمٌ طَاغُونَ ﴿٥٣﴾ ﴾ الذاریات واتە: ئاوا بەو شێوەیە ئەوانی پێشووش هیچ ڕەوانەکراوێکیان بۆ نەهاتوە، مەگەر گوتوویانە: جادووگەرە، یان شێتە، جا ئایا یەکدییان بەو قسەیە ڕاسپاردوە؟ بەڵکو کۆمەڵێکی یاخیین.

شایانی باسیشە بەبێ خۆ بۆ خوا ساغ‌و یەکلاکردنەوەو، پشت بە خوا بەستن (توکل)و، زیکرو طاعەتی بەردەوام‌و هەڵبژاردنی دوارۆژ بەسەر دنیاداو، ژیانی دنیا بەکەمگرتن (زهد)، مرۆڤ ناتوانێ لە

بەرانبەر درۆو دەلەسەو بوختان و پرۆپاگەندەی ناحەزاندا نەلەخشاو شلوێ نەبوو بێ، هەر بۆیەش خوای کاربەجێ بەردەوام بە پێغەمبەری خاتەم موحەممەد صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ، کە لە یادی خوا، طاعەت و چاکەکاریی و دنیا بەکەمگرتن و دوارۆژ هەڵبژاردن، زیاد بکات، بۆ وێنە فەرموویەتی: ﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْقُرْآنَ تَنزِيلًا ﴿٢٣﴾ فَاصْبِرْ لِحُكْمِ رَبِّكَ وَلَا تُطِعْ مِنْهُمْ آثِمًا أَوْ كَفُورًا ﴿٢٤﴾ وَاذْكُرِ اسْمَ رَبِّكَ بُكْرَةً وَأَصِيلًا ﴿٢٥﴾ وَمِنَ اللَّيْلِ فَاسْجُدْ لَهُ وَسَبِّحْهُ لَيْلًا طَوِيلًا ﴿٢٦﴾﴾ الإنسان ، واتە: ئێمە بە دابەزاندن قورئانمان دابەزاندۆتە سەر تۆ، دەجا بۆ حوکمی پەروەردگارت خۆڕاگربەو، فەرمانبەریی هیچ گوناهبارێکی سپڵەیان مەکە، وە بەیانیان و ئێواران ناوی پەروەردگارت باس بکە، وە لە شەوگاردا سەجدە بۆ خوا بەرەو، لە ماوەیەکی درێژی شەوگاردا بەپاکی بگرە.

ئاشکراشە، کە زیادکردن لە ئیخلاص و پشت بەخوا بەستن و زیکری خوا، طاعەت و چاکەو دنیا بەکەمگرتن و ڕۆژی دوایی هەڵبژاردن، دەبێتە مایەی تەزکیەبوونی نەفس و زێدەبوونی تەقوا.

چوارەم: دڵسۆز بوون بۆ خەڵک و بەتەنگەوەبوونیان و بەزەیی و پەرۆش بۆ نواندنیان:

ئەمیش یەکێکە لە هۆکارە کاریگەرو گەورەکانی تەزکیەبوونی نەفس و، سەرەنجام و صالح بوون و بەرەو خواچوون، دیارە هەر بۆیەش، کە پێغەمبەرانی پایە بەرزی خوا صلى الله عليه وسلم، دڵسۆزیی و ڕاست و ساغیی خۆیانیان بۆ گەلەکانیان خستۆتەڕوو؛ بۆ نموونە:

Scanned by CamScanner

(نوح) سەلامی خوای لێبێ بە گەلەکەی دەفەرموێ: ﴿ أُبَلِّغُكُمْ رِسَٰلَٰتِ رَبِّي وَأَنصَحُ لَكُمْ وَأَعْلَمُ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٦٢﴾ ﴾ الأعراف، هەروەها (هود) بە گەلی خۆی (عاد) دەفەرموێ: ﴿ أُبَلِّغُكُمْ رِسَٰلَٰتِ رَبِّي وَأَنَا۠ لَكُمْ نَاصِحٌ أَمِينٌ ﴿٦٨﴾ ﴾ الأعراف.

هەروەها هەر بۆیەش پێغەمبەری کۆتایی صلی الله علیه وسلم هەموو دینداریی (تدیُّن)ی لە دڵسۆزیی و ڕاست و ساغیی دا کورت هەڵهێناوە، وەك فەرموویەتی: {الدین النصیحة، قلنا لِمَن ؟ قال: لله ولكتابه ولرسوله ولأئمة المسلمين وعامتهم} متفق علیه عن تمیم الداري[1]، واتە: دینداریی دڵسۆزییە، گوتمان بۆ کێ ؟ فەرمووی: بۆ خواو کتێبەکەی و پێغەمبەرەکەی و پێشەواو بەرپرسانی مسوڵمانان و تێکڕای مسوڵمانان.

شایانی باسیشە، کە دڵسۆزیی و بەزەیی و پەرۆش نواندن بۆ خەڵك و کۆمەڵگاش، لە زۆر شتاندا بەرجەستە دەبێ، وەك:

خۆشویستنیان، خەم و مشوور لێخواردنیان، دڵخۆش بوون بە خێرو خۆشییان و دڵتەنگ بوون بە ناڕەحەتیی و زیانیان، بانگەوازکردنیان بۆ چاکەو لەگەڵدا ئەنجامدانی ئەرکی فەرمان بە شتە پەسندەکان و ڕێگریی لە شتە ناپەسندەکان، بەرگریی لێکردنیان و پشتگرتنیان لەسەر هەق، دەست گرتن و ڕێلێگرتنیان لە ستەم و ناشەرعیی،...هتد.

---

١) صحيح البخاري: ٧٢٠٤، بلفظ: (... والنصح لكل مسلم)، وە: صحيح مسلم: (٩٥).

Scanned by CamScanner

پێنجەم: نێزیکی و تێکەڵیی کردن لەگەڵ خەڵکی سادەو هەژارو نەدارو هەستکردن بە ئێش و ژانەکانیان و خۆ دوورگرتن لە ستەمکارو خۆبەزلگران، مەگەر بۆ ئەنجامدانی ئەرکێکی شەرعیی و بەگوێرەی پێویست بە وریاییەوە:

ئەمیش کاریگەریی یەکی گەورەی هەیە لە تەزکیەبوونی نەفسدا، هەر بۆیەش خوای بەرزو مەزن لە چەند شوێنێکی قورئاندا، فەرمان بە پێغەمبەری خاتەم موحەممەد صلى الله عليه وسلم دەکات، کە لەگەڵ خواپەرستانی سادەو کەمدەستو نەداردا هاودەم بێتو، خۆی لە زلەزلانی ئارەزوو پەرستو لە خوا بێخەبەر دووربگرێ، بۆ وێنە:

﴿وَٱصۡبِرۡ نَفۡسَكَ مَعَ ٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ رَبَّهُم بِٱلۡغَدَوٰةِ وَٱلۡعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجۡهَهُۥۖ وَلَا تَعۡدُ عَيۡنَاكَ عَنۡهُمۡ تُرِيدُ زِينَةَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَا تُطِعۡ مَنۡ أَغۡفَلۡنَا قَلۡبَهُۥ عَن ذِكۡرِنَا وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ وَكَانَ أَمۡرُهُۥ فُرُطٗا ﴿٢٨﴾﴾ الكهف، واتە: وە خۆت مەرزەم بکەو بمێنەوە لەگەڵ ئەوانەدا، کە بەیانیان و ئێواران لە پەروەردگاریان دەپاڕێنەوەو (دیداری) ڕووی (یان ڕەزامەندیی)ویان دەوێ، وە چاوتیان لەسەر هەڵمەنگێوە (چاویان لێ لامەدە) بە مەبەستی ویستنی جوانیی ژیانی دنیا. وە بە قسەی کەسێک مەکە، کە دڵیمان لەیادی خۆمان بێئاگا کردووە، کەوتۆتە شوێن ئارەزووی خۆیو، کاری لەکار ترازاوەو بۆی دەرچووە!

هیچ گومانیشی تێدانیە، کە هاودەمو هاوڕازو نێزیکانی مرۆڤ، کاریگەریی ئەرێنی، یان نەرێنی لەسەر دادەنێنو کەمو زۆر پێیان کارتێکراو (متأثر) دەبێ، هەر بۆیەش گوتراوە:

Scanned by CamScanner

لا تَسَلْ عن المرءِ وسَل عَن قرينه

فكلُّ قرينٍ بالمقارن يقتدي

هەڵبەتە بابای مسوڵمانیش هەمیشە هەڵوێستی بەگوێرەی هەست و نەستی دەبێ و، دوای ئەوەی هەست بە ئێش و ژان و ناڕەحەتیی و گرفتارییەکانی توێژی سادەو هەژارو گرفتار دەکات، ئەو هەستە لە هەڵوێستی بەرگریکارانەو لەسەرکەرەوانەدا بەرجەستە دەکات و، هەوڵدەدات ئەو سەرچاوەیەی ستەم و بێدادیی و نەهامەتیی بەرەو چەوساوان لێوەدێ، وشک و چۆرەبڕ بکات، جا هەر مەسرەفێکی تێچووبێ و بە هەر نرخێك بۆی تەواو بووبێ!

کە دیارە ئەمەش خوازیاری بەگژداچوونەوەی ستەمی ستەمکاران و خراپەی خراپەکارانە، هەر بۆیەش خوا نەفرینی لە ستەمکاران کردوە: ﴿... أَلَا لَعۡنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ ۝١٨﴾ هود، هەروا ڕایگەیاندوە لە خراپەکارانی خۆشناوێن و دەیانبوغزێنێ: ﴿... وَلَا تَبۡغِ ٱلۡفَسَادَ فِي ٱلۡأَرۡضِۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُفۡسِدِينَ ۝٧٧﴾ القصص، هەروەها خوای دادگەرو کاربەجێ ڕایگەیاندوە، کە هەمیشە خراپەکاریی - بە مانای فراوانی، کە گەندەڵیی یەکێکە لە موفرەدەکانی - لە ئەنجامی ستەم و یاخیبوونی حوکمڕانانی ستەمکارەوە پەیدا دەبێ، وەك فەرموویەتی: ﴿أَلَمۡ تَرَ كَيۡفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِعَادٍ ۝٦ إِرَمَ ذَاتِ ٱلۡعِمَادِ ۝٧ ٱلَّتِي لَمۡ يُخۡلَقۡ مِثۡلُهَا فِي ٱلۡبِلَٰدِ ۝٨ وَثَمُودَ ٱلَّذِينَ جَابُواْ ٱلصَّخۡرَ بِٱلۡوَادِ ۝٩ وَفِرۡعَوۡنَ ذِي ٱلۡأَوۡتَادِ ۝١٠ ٱلَّذِينَ طَغَوۡاْ فِي ٱلۡبِلَٰدِ ۝١١

﴿فَأَكۡثَرُواْ فِيهَا ٱلۡفَسَادَ ۝١٢﴾ الفجر، واتە: ئایا نەتدی پەروەردگارت چۆنی بە (گەلی) عاد کرد ! ئیرەمی خاوەنی پایەو کۆڵەکەکان. کە وێنەی وان لە وڵاتاندا دروست نەکرابوو، وە (چی بە گەلی) ثەموود (کرد)، ئەوانەی چیاو بەردیان لە دۆڵو شیوەکاندا کۆڵیو داتاشی (بە مەبەستی خانوو بەرە دروستکردن)، وە چی بە فیرعەونی خاوەنی سینگو مێخەکان کرد. ئەوانەی، کە لە وڵاتاندا لە خوا یاخی بوون. ئنجا خراپەیان تێدا زۆر کرد.

کەواتە:

وەك پێشتریش گوتوومانە، نابێ هیچکەس پێی وابێ، کە پرۆسەی خۆ تەزکیەکردن، پێچەوانەی کارو پرۆژەی ئیسلامیو پاکسازیو چاکسازیی تێداکردنی کۆمەڵگایە، بەڵکو خۆ پاكو چاککردن، لەمیانەی پاکسازیو چاکسازیی کۆمەڵگاو، تێدا نەهێشتنی ستەمو جەورو خراپەدا، ئەنجام دەدرێ.

<u>شەشەم</u>: خۆ ڕازاندنەوە بە خەسڵەتی بەرزی لێبوردەییو سینگ فراوانیی (سماحة) و خۆ دوورگرتن لە کینەو جوغزو غەرەز، تەنانەت بەرانبەر بە دوژمنو ناحەزانیش :

سەماحەتو دڵگەورەییو چاوپۆشییو لێبوردن کردنە پیشەش، هۆکارو فاکتەرێکی دیکەی کاریگەری بواری تەزکیەبوونو صاڵح بوونو بەرەو خوا چوونە.

هەر بۆیەش خوای میهرەبان لە چەندان شوێنی قورئاندا، فەرمان بە پێغەمبەری کۆتایی خۆی موحەممەد صلى الله عليه وسلم دەکات، کە سەماحەتو چاوپۆشییو دڵگەورەیی بکاتە پیشە، بەرانبەر بە نەزانییو نەفامیی دوژمنو ناحەزانی، بۆ نموونە:

* ﴿وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَآ إِلَّا بِٱلْحَقِّ ۗ وَإِنَّ ٱلسَّاعَةَ لَءَاتِيَةٌ ۖ فَٱصْفَحِ ٱلصَّفْحَ ٱلْجَمِيلَ ﴿٨٥﴾﴾ الحجر، واتە: وە ئاسمانەکان و زەوی ئەوەی نێوانیانمان بەس بە هەق دروستکردوون، وە بێگومان کات (ی تێدا کۆتایی هاتنی دنیا) هەر دێ، دەجا بە شێوەیەکی جوان چاوپۆشییان لێبکە.

* ﴿وَٱصْبِرْ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَٱهْجُرْهُمْ هَجْرًا جَمِيلًا ﴿١٠﴾﴾ المزمل ، واتە: وە لە بەرانبەر ئەوەدا، کە دەیڵێن، خۆڕاگربەو بە شێوەیەکی جوان وازیان لێبێنە (واتە: جوابیان مەدەوە).

* ﴿... وَلَا تَزَالُ تَطَّلِعُ عَلَىٰ خَآئِنَةٍ مِّنْهُمْ إِلَّا قَلِيلًا مِّنْهُمْ ۖ فَٱعْفُ عَنْهُمْ وَٱصْفَحْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١٣﴾﴾ المائدة، واتە: وە تۆ بەردەوام ئاگاداری ناپاکیی یان دەبی، مەگەر کەمێکیان، دەجا لێیان ببوورەو چاوپۆشییان لێبکە، بێگومان خوا چاکەکارانی خۆشدوێن.

هەڵبەتە خۆڕازاندنەوەش بەم خەسڵەتە بەرزو پەسندەی سەماحەت و لێبوردەیی و دڵگەورەیی بە شتێکی ئاسان نیەو بە سەبرێك و دوو فووان نایەتەدی و، زەحمەت و ماندووبوون و پشوو درێژیی و کار لەسەرخۆکردنی دەوێ، بەڵام بەڕاستی بەرهەم و بەرەکەتێکی گەورەو فراوانیشی هەیە، لە پاك و چاکبوون و گەشەکردنی نەفسدا، بەڵگەشمان لەوبارەوە ئەوەیە، کە خوای میهرەبانی بەخشندەی لێبوردە تبارك وتعالى لە سوورەتی (النور) لە سیاقی ئەو ئایەتانەدا، کە باسی ڕووداوی دڵتەزێنی بوختان (إفك) دەکەن، لە ئایەتەکانی ژمارە (٢١، ٢٢)دا مەسەلەی تەزکیەبوون و لێبوردەیی پێکەوە

باس دەكات و پەیوەستیان دەكات: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَتَّبِعُوا۟ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيْطَٰنِ ۚ وَمَن يَتَّبِعْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيْطَٰنِ فَإِنَّهُۥ يَأْمُرُ بِٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِ ۚ وَلَوْلَا فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُۥ مَا زَكَىٰ مِنكُم مِّنْ أَحَدٍ أَبَدًا وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يُزَكِّى مَن يَشَآءُ ۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٢١﴾ وَلَا يَأْتَلِ أُو۟لُوا۟ ٱلْفَضْلِ مِنكُمْ وَٱلسَّعَةِ أَن يُؤْتُوٓا۟ أُو۟لِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينَ وَٱلْمُهَٰجِرِينَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ۖ وَلْيَعْفُوا۟ وَلْيَصْفَحُوٓا۟ ۗ أَلَا تُحِبُّونَ أَن يَغْفِرَ ٱللَّهُ لَكُمْ ۗ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٢٢﴾ ﴾ النور، واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! شوێن هەنگاوەكانی شەیتان مەكەون، وە هەر كەسێك شوێنی هەنگاوەكانی شەیتان بكەوێ، ئەوە بێگومان ئەو تەنیا فەرمان بە قسەی دزێوو كرداری خراپ دەكات، وە ئەگەر بەخشش و بەزەیی خوا نەبووایە لەسەرتان، هەرگیز هیچ كامێكتان پاك و چاك (تزكیة) نەدەبوون. بەڵام خوا هەركەسێكی بوێ چاك و پاكی دەكات، وە خوا بیسەری زانایە.

با خاوەن بەخشش و دەوڵەمەندانتان سوێند نەخۆن كە هاوكاریی خزمان و نەداران و كۆچكەرانی ڕێی خوا بكەن، وە با ببوورن و چاوپۆشیی نەكەن (لە هەڵەو كەموكووڕیی هاوكاریی كراوەكان) ئایا حەز ناكەن، كە خواش لێتان ببووریٚ (لە ئەنجامی لێبوردەیی و چاوپۆشییتاندا)؟!

وەك دەبینن خوای بەرزو بێهاوتا، دوای ئەوەی شوێنكەوتنی هەنگاوەكانی شەیتان لە ئیمانداران قەدەغە دەكات... ئنجا ڕایدەگەیەنیٚ، كە بەبیٚ بەخشش و بەزەیی خوا، هیچكەس تەزكیە نابیٚ، بەڵام خوا هەر كەسێكی بویٚ تەزكیەی دەكات، ئنجا دوای ئەوە بە شێوەیەكی ناڕاستەوخۆ بە ئەبوبەكری صیددیق خوا لێی ڕازی بیٚ ڕادەگەیەنیٚ، كە

Scanned by CamScanner

مادام خوا پێداوو هەبوویە، با سوێند نەخوات، کە هاوکاریی خزمانی نەدارو کۆچکەری نەکات، کە مەبەست پێی - وەك تێکڕای توێژەرەوانی قورئان گوتوویانە – (مسطح بن أثاثة)یە، کە خزمی ئەبوبەکر بووەو، یەکێك بووە لە بەشداربوانی بوختانکردن بە دایکمان عائیشە خوا لە خۆیو بابیو دایکی ڕازی بێ، کە ئەبوبەکر خوا لێی ڕازی بێ، پاش بەشداریکردنی لە بوختانەکەی عائیشەدا، هاوکارییەکی ماددیی، کە دەیکرد، لێبڕی، بەڵام دوای هاتنی ئەم ئایەتە لە قسەکەی خۆی - کە هاوکاریی نەکات - ژیوان بۆوەو گەڕایەوە سەر هاوکاریکردنەکەی[1] !.

لەم ئایەتانەش بەڕوونیی دەفامرێتەوە کە:

شوێنی شەیتان کەوتن، پێچەوانەی ئیمانو تەزکیەی نەفسە، وە سەماحەتو لێبوردەییو دڵگەورەییو چاکەکاریی، مایەی تەزکیەی نەفسە، چونکە خوای کاربەجێ لێبوردنو چاوپۆشیی خۆی کردۆتە بەرهەمی چاکەکارییو چاوپۆشییو لێبوردەیی، ئەبوبەکر خوا لێی ڕازی بێ، بەرانبەر بە (مسطح) خوا لێی خۆشبێ، دیارە خواش لە کەسێك دەبوورێ کە خاوەنی نەفسێکی پاكو چاك بێ !

دیارە، کە دەشڵێین: (... تەنانەت بەرانبەر بە دوژمنو ناحەزانیش) نابێ هیچکەس ئەوەی لێ بفامرێتەوە، کە لەگەڵ دۆستایەتیی گرتنو دوژمنایەتیی کردن بۆ خوا (الموالاة والمعاداة في الله) تێك دەگیرێ !

چونکە پێویستە ڕق و بوغزمان بەرانبەر بە کوفرو کردارو هەڵوێستی خراپو زیانبەخشی کافران بێ، نەك بەرانبەر بە خودی

١) بڕوانە: المصباح المنير في تهذيب تفسير ابن كثير، ص: (٩٣)، وە صحيح البُخَارِيُّ، برقم: (٣٨٥٣).

Scanned by CamScanner

خۆیـان، وەك مـرۆڤ، نـەك بەرانبـەر بـە خەسـڵەتو کـردەوەی چـاكو پەسـندیان، چونکە:

یـەك: (لـوط) پێغـەمبـەر علیـه الصلاة والسلام بە گەلـە خراپەکـەی دەفـەرموێ: ﴿قَالَ إِنِّي لِعَمَلِكُم مِّنَ ٱلْقَالِينَ ١٦٨﴾ الـشعراء. واتـە: مـن رقـم لـە کـردەوەکەتانـە، یـانی: خـودی خۆتـان وەك مـرۆڤ ناتانبوغـزێنم، بەڵکو تەنیا کـردەوە خراپەکەتـان – کـە نێربـازیی بوو- دەبوغـزێنم.

دوو: کاتێك پیاوێکی ناوداری کافر بەناوی (أشجّ بن عبدالقیس) هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم، کە جارێ مسوڵمان نەبوو بوو، پێی فەرموو: {إنَّ فيك خصلتين يُحبُّهما الله: الحلم والأناة}، رواه مسلم[1]، واتـە: بێگومان تـۆ دوو ئاکارت تێدان، کـە خـوا خۆشیدەوێـن: هێدیـیومـەندییو لەسەرخۆیـی، دیـارە (حِلْم) پێچەوانەی زوو تـوورەبوونو (سرعة الغضب)و، (أنـاة)یش پێچەوانەی پەلەکـردن (عجلة)ە.

بەڵێ، خوێنەری بەڕێزو خۆشەویست!

ئـەوەی لـە شـەش خاڵـی ڕابـردوودا گـوترا، کـۆی ئـەو تێبینـیو سەرنجانەم بوون، کـە لـە یـازدە ساڵـی ڕابـردوودا لەبـارەی تـەزکیـەی نەفسەوە – وێڕای ئەوەی لە بەشەکانی دیکەی کتێبەکەدا باسکراوە- بۆم دروست بوونو، بە پێویستم زانی بە کورتییو گوشراویی بیانخەمە ڕوو، دیارە بابەتی تـەزکیەی نەفسیش دەریایەکی بێ بنەو کۆتایی نایەتو،

---

١) صحيح مسلم: (٢٥).

بێجگە لە خاوەن و بەدیهێنەری نەفسیش تبارك وتعالى، هیچکەس دەرکی ڕازو نهێنیە زۆرو زەوەندەکانی نەفس ناکات و، پەی بە هەموو حاڵ و بارەکانی نابات.

ئەڵمانیا – بەرلین

ئێوارەی ڕۆژی جومعە

٢٥ی ربیع الأول ١٤٣٣ هـ

١٧ی شوباطی ٢٠١٢ ز

www.iqra.ahlamontada.com

Scanned by CamScanner

دوا قسەم

١/ وشەی (تزكية) لە بەكارهێنانی قورئان و سوننەتدا، چەمك و واتایەكەی زۆر فراوانترە، لە چەمك و واتای بەكارهێنانی عورفیی و باوو زاراوەیی (اصطلاحي)، چونكە لە بەكارهێنانی قورئان و سوننەت دا، پاكبوونەوەی ئینسان لە هەموو خراپەیەك و ڕازاندنەوەی بە هەموو چاكەیەك دەگرێتەوە، بەبێ سنووردارکردن (تحديد) بە لایەن و بواری ڕووحیی و مەعنەوییەوە، بەڵێ: ﴿قَدۡ أَفۡلَحَ مَن تَزَكَّىٰ ١٤﴾ الأعلى، وە ﴿قَدۡ أَفۡلَحَ مَن زَكَّىٰهَا ٩﴾ الشمس، وە ﴿...وَمَن تَزَكَّىٰ فَإِنَّمَا يَتَزَكَّىٰ لِنَفۡسِهِۦۚ ..١٨﴾ فاطر، بەر لە هەر شتێك، پاكبوونەوە لە كوفرو شیرك و، ڕازاندنەوە بە ئیمان و خوا بەیەكگرتن دەگرێتەوە، هەر بۆیەش خوای كاربەجێ سەرفرازیی موتەڵەق (الفلاح المطلق)ی كردۆتە بەرهەم و ئەنجامیی، كە بێگومان سەرفرازیی و بەختەوەریی موتڵەق، بەس شایستەی پاكیی و چاكیی موتڵەقە، كە مانای بەرفراوانی وشەی (تزكية)یەیە، نەك پاكیی و چاكیی مەعنەویی و ئەخلاقیی، كە ماناو چەمكی سنووردار (محدود) و زاراوەییەتی !

٢/ بابەت (موضوع)ی تەزكیەی نەفس، بە هەردووك چەمك و واتا قورئانیی و زاراوەییەكەی، بەسەرهاتێكە سەرەتا (بداية)ی هەیە، بەڵام كۆتایی (نهاية) نا ! كەواتە وامەزانە بەم كتێبە لە چاپی پێنجەمیدا، كە زۆری لێ زیادكراوەو گۆڕانكارییەكی ڕیشەیی تێدا كراوە، قسەو باسمان لەمەڕ تەزكیەوە تەواو بووە، نەخێر، تەواو نەبووەو، تەواویش نابێ، بەڵام ئەوەندەش بزانە ئەم كتێبە شیلەو پوختەی موتالاو لێكۆڵینەوەكانم و

داوییـــن تێبینیـــی‌و ســەرەنجامەکـــانم‌و دەرس‌و پەنـــدو بەرهەمـــەکانی ئەزموونی تایبەتی خۆیشمە !

٣/ تێکـڕای پـسپۆڕو شارەزایـانی بـواری تەزکیـەو عیـرفان‌و تەصـەووف، لەسەر ئەوە یەکدەنگن، کە ئەم زانیاریی‌و شارەزایی‌و تەزکیەو تەصەووفە، هەرچەندە دەگونجێ لـە کتێبانـدا بخوێنرێتـەوەو، لـە کۆڕو مەجلیساندا گـوێ لـەباس‌و خواسـەکانی بگیـرێ، بـەڵام مەحاڵـە بـە کـردەوەو ڕەفتـارو جێبەجێ کردن (تطبیق) نەبێ، وەك پێویـست فـام بکرێ‌و وەربگیـرێ!! هـەر بۆیـەش ڕستەی: (مَنْ ذاقَ عَـرَفَ)، ئەوەی چێـژتی دەزانـێ، بەسـەرزاری هەر پسـپۆڕو چاوسـاغێکی ئەو مەیدانەوەیـە.

کـەواتـە:

تـۆش وامەزانـە، کـە بـە خوێندنـەوەی ئـەم کتێبـە، کـە دەربـارەی تەزکیـە نوسـراوە، تەزکیـــە دەبـــی !! نـــەخێر نـــەخێر، بەڵکـــو دەبـــێ هـــەوڵ بـــدەی زانینـەکەت بگـۆڕی بۆ تـوانین‌و، حـاڵی بوونەکـەت لەخـۆتـدا بکـەیە حـاڵ، ئـەوجار شتێك بە شتێك دەکـەی‌و، خـوا پشـتیوان بێ بە ئامانج دەگـەی.

سُبْحَانَ رَبِّكَ رَبِّ الْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ، وَسَلامٌ عَلَى الْمُرْسَلِينَ، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ.

مێژووی دواپێداچوونەوەی بۆ چاپی پێنجەم:

٣ی جمادی الثانیة ١٤٣٣ك

٢٠١٢/٤/٢٤

هەولێر

مصادر تخريج الأحاديث

١) الموطأ، تأليف: مالك بن أنس، الناشر: مؤسسة زايد بن سلطان آل نهيان الطبعة: الأولى (١٤٢٥هـ - ٢٠٠٤م)، تحقيق: محمد مصطفى الأعظمي.

٢) (المُسند) للإمام أحمد بن حنبل، تأليف: أحمد بن حنبل ابو عبدالله الشيباني، الناشر: مؤسسة قرطبة، القاهرة، الأحاديث مذيلة بأحكام شعيب الأرنؤوط عليها.

٣) صحيح البخاري (الجامع الصحيح المختصر)، تأليف: محمد بن إسماعيل ابو عبدالله البخاري الجعفي، دار ابن كثير، اليمامة، بيروت، الطبعة الثالثة، (١٤٠٧ -١٩٨٧) تحقيق: د. مصطفى ديب البغا أستاذ الحديث وعلومه في كلية الشريعة، جامعة دمشق.

٤) صحيح مسلم (الجامع الصحيح)، تأليف: ابو الحسين مسلم بن الحجاج بن مسلم القشيري النيسابوري، دار الجيل بيروت + دار الأفاق الجديدة، بيروت، ثمانية أجزاء في أربع مجلدات.

٥) صَحيح ابْنُ حِبَّان، للإمام أبي حَاتِم محمد بن حبَّان الخُراساني، تحقيق: حقوق أصولَهُ وخَرَّجَ أحاديثه: الدكتور الشيخ خليل مأمون شيحا، دار المعرفة، الطبعة الأولى (١٤٢٥هـ - ٢٠٠٤ م).

٦) صحيح ابن خزيمة، تأليف: محمد بن إسحاق بن خزيمة أبو بكر السلمي النيسابوري الناشر: المكتب الإسلامي – بيروت، (١٣٩٠- ١٩٧٠)، تحقيق: د. محمد مصطفى الأعظمي.

٧) سُنَن أبي داود، للإمام أبي داود سُليمان بن الأشعث السجستاني، تحقيق: محمد ناصر الدين الألباني، مكتبة المعارف، الطبعة الثانية (١٤٢٨هـ - ٢٠٠٧ م).

Scanned by CamScanner

٨) سُنَن التِّرمِذي، للإمام الحافظ محمد بن عيسى بن سورة التِّرمِذي، تحقيق: محمد ناصر الدين الألباني، مكتبة المعارف، الطبعة الثانية (١٤٢٨هـ - ٢٠٠٧ م).

٩) سُنَن النَّسَائي، للإمام أبي عبدالرحمن أحمد بن شعيب بن علي الشهير بـ(النَّسَائي)، تحقيق: محمد ناصر الدين الألباني، مكتبة المعارف، الطبعة الثانية (١٤٢٩هـ - ٢٠٠٨م).

١٠) سُنَن ابنُ مَاجَهْ، للإمام أبي عبدالله محمد بن يزيد القزويني الشهير بـ(ابنُ مَاجَهْ)، تحقيق: محمد ناصر الدين الألباني، مكتبة المعارف، الطبعة الثانية (١٤٢٩هـ - ٢٠٠٨م).

١١) المُستَدرَك على الصحيحين، للإمام الحافظ أبي عبدالله الحاكم النَّيسابوري، تحقيق: صالح اللحَّام، دار ابن حزم، الطبعة الأولى (١٤٢٨هـ - ٢٠٠٧ م).

١٢) المعجم الكبير، للحافظ أبي القاسم سُليمان بن أحمد الطَّبَراني، حَقَّقَهُ وَخَرَّجَ أَحاديثَهُ حمدي عبدالمجيد السلفي، مكتبة الأصالة والتُّراث، الطبعة الأولى (١٤٣١هـ - ٢٠١٠م).

١٣) سُنَن الدَّارمي للإمام ابو محمد بن عبدالرحمن بن الفضل بن بهرام الدَّارمي، حَقَّقَهُ وَشَرَحَ الفَاظَهُ وَجُمَلَهُ وَعَلَّقَ عَلَيهِ وَوَضَعَ فَهارسَهُ: الأستاذ الدكتور مصطفي ديب البغا، دار المصطفى، الطبعة الأولى (١٤٢٨هـ - ٢٠٠٧ م).

١٤) مشكاة المصابيح، تاليف: محمد بن عبدالله الخطيب التبريزي، تحقيق: محمد ناصر الدين الألباني، المكتب الإسلامي، الطبعة الثانية (١٤٠٥هـ - ١٩٨٥م).

Scanned by CamScanner

١٥) السنن الكبرى، تأليف: الإمام أبي عبد الرحمن أحمد بن شعيب النسائي، تحقيق: دكتور عبد الغفار سليمان البنداري وسيد كسروي حسن الجزء الأول دار الكتب العلمية بيروت – لبنان الطبعة الاولى (١٤١١ هـ - ١٩٩١م).

١٦) شعب الإيمان، تأليف: أبو بكر أحمد بن الحسين البيهقي، دار الكتب العلمية، بيروت الطبعة الأولى، (١٤١٠) تحقيق: محمد السعيد بسيوني زغلول.

١٧) المعجم الصغير (الروض الداني)، تأليف: أبو القاسم سليمان بن أحمد الطَّبَرَاني، المكتب الإسلامي، دار عمار، بيروت، عمان، الطبعة الأولى، (١٤٠٥ هـ - ١٩٨٥م) تحقيق: محمد شكور محمود الحاج أمرير.

١٨) الأدب المفرد، المؤلف: محمد بن إسماعيل أبو عبدالله البخاري الجعفي دار البشائر الإسلامية – بيروت الطبعة الثالثة، (١٤٠٩هـ - ١٩٨٩م)، تحقيق: محمد فؤاد، الأحاديث مذيلة بأحكام الألباني عليها.

١٩) صحيح الترغيب والترهيب، تأليف: الشيخ محمد ناصر الدين الألباني، مكتبة المعارف، الرياض، الطبعة: الخامسة.

٢٠) سلسلة الأحاديث الصحيحة، المؤلف: محمد ناصر الدين الألباني الطبعة الثانية.

Scanned by CamScanner

بەرهەمەکانی دانەر

١- پوختەیەك دەربارەی ئیسلام. چاپی ٢/ ٢٠٠٦.

٢- دەبەرێك ڕاچوونی ئیسلام و ڕێچکان. چاپی ٣/ ٢٠٠٦

٣- یادی خوا، گرنگی یادی خوا لە ژیانی مرۆڤ دا. چاپی ١ /١٩٨٧

٤- کۆمەڵی خـوا. چاپی ١ / ١٩٨٨

٥- پێشمەرگەی ئیسلام، یان مسوڵمانی موجاهید کێیەوچۆنە؟ چاپی٣ /٢٠٠١

٦- دەردو دەرمانی بزووتنەوەی ئیسلامی. چاپی ١ /١٩٨٩

٧- ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ کامەیە؟! چاپی ١/ ١٩٨٩

تێبینی: دواتر خرایە نێو کتێبی (مسوڵمانی کامڵ: بەشی یەکەم: بیروبڕوای مسوڵمان) وە دواتر ئەمیش خرایە نێو کتێبی (ئیمان و عەقیدەی ئیسلامیی)یەوە .

٨- ڕێگای صالح بوون و بەرەو خوا چوون. چاپی ٣ /٢٠٠٥

تێبینی: وەرگێڕدراوە بۆ عەرەبیو لەژێر چاپە .

٩- کوردستان بۆ وێران بووو چۆن ئاوەدان دەبێتەوە؟! چاپی ١ / ١٩٨٩

١٠- حوکمی گەڕانەوە ژێر نیـری طاغووت. چاپی ٢ /٢٠٠٥

١١- سۆزی نەتەوایەتی و بیری ناسیۆنالیزم لە تەرازووی ئیسـلامدا. چاپی ٣ /٢٠٠٥

١٢- مسـوڵمانی کامڵ/بەشی یەکەم: بیروبڕوای مسوڵمان. چاپی ١٩٩٧/١

تێبینی: ((دواتر خرایە نێو کتێبی (ئیمان و عەقیدەی ئیسلامیی)یەوە)).

١٣- چارەسـەری کێشـەی کورد لە نێوان ئیمان و پەرلەمان دا. چاپی ١ /١٩٩٢

١٤- بزووتنەوەی ئیسلامیی لە دووڕیانی مان و نەمان دا. چاپی ١ /١٩٩٣

١٥- بزووتنەوەی ئیسلامیی و ئایندەیەکی گەش و ڕوون. چاپی ١ / ١٩٩٥

١٦- پرۆژەی بەرنامەی فیکریی کاری ئیسلامیی. چاپی ١ / ١٩٩٦

Scanned by CamScanner

١٧- چەند ڕێبیرۆنییەك بۆ ئیسلامییەكانی كوردستان. چاپی ١ /١٩٩٦

١٨- ئیسلام‌و كێشە هەنووكەییەكان. چاپی ١ /١٩٩٥

١٩- با وریا بین! داڕووخانی ڕەوشت كۆمەڵگاكەمان بەرەو هەڵدێر دەبات.
چاپی ٢ /٢٠٠٦.

٢٠- خواپەرستی ئیسلامی: بەشی یەكەم/ خواپەرستی بەگشتی، پاك‌وخاوێنی .

٢١- خواپەرستی ئیسلامی: بەشی دووەم/ نوێژ بەرپاكردن .

٢٢- خواپەرستی ئیسلامی: بەشی سێیەم/ ماڵ بەخشین‌و زەكات.

٢٣- خواپەرستی ئیسلامی: بەشی چوارەم/ ڕۆژوو گرتن، حەج‌و عومرە، زیكری خوا.

٢٤- گەڕانەوە بۆ لای خوا ﷻ . چاپی ٥ /٢٠١٠

٢٥- زانایانی ئیسلام كێن‌و چۆنن ؟! چاپی ٣ / ٢٠١١

تێبینی : بۆ زمانی عەرەبیش وەرگێڕراوە.

٢٦- بنچینە گرنگەكانی هەڵس‌وكەوتی شەرعییانەو ژیرانە لەگەڵ وردە بابەتە خیلافییەكاندا، چاپی ١ / ١٩٩٩ .

تێبینی: ئەم نامیلكەیە باسێكی بەرگی یەكەمی كتێبی: (خواپەرستی ئیسلامی)یە، بۆ زمانی عەرەبیش وەرگێڕراوەو چاپیش كراوە.

٢٧- مزگەوتەكانی كوردستان لەنێوان ئاوەدانكردنەوەو وێران كردن‌دا.
چاپی ١ /٢٠٠٠

٢٨- ئاقیكردنەوەی خوا بۆ بەندەكانی چی‌یەو چۆنە؟ چاپی ١ /٢٠٠٠

٢٩- بنەما شەرعییەكان‌و هێڵە گشتیەكانی كۆمەڵێكی ئیسلامیی ڕەسەن .

تێبینی: (ئەم نامیلكەیە وەرگێڕراوەتە سەر زمانی عەرەبی).

٣٠- كۆمەڵی ئیسلامیی: ئامانج‌و هەڵوێستەكانی. چاپی ١ /٢٠٠١

٣١- پاساوو بەڵگە شەرعییەكانی بنیاتنانی كۆمەڵی ئیسلامیی، ئاڵقەكانی: ١و ٢ و ٣ و ٤ . چاپی ١ / ٢٠٠١

Scanned by CamScanner

٣٢- ئافرەتی مسوڵمانی کورد مافە شەرعییەکانی و ئەرکە گرنگەکانی. چاپی ١ /٢٠٠٠.

٣٣- ئافرەت و خێزان لە سایەی شەریعەت دا . چاپی ٢ / ٢٠٠٥

٣٤- چەند مەسەلەیەکی باوی سەردەم . چاپی ٥ / ٢٠٠٥

تێبینی: وەرگێڕراوەتە سەر زمانی عەرەبی.

٣٥- چەند ڕێنرووونییەك بۆ خوشك و برایانمان لە هەندەران. چاپی ١ /٢٠٠٢

٣٦- سنوورە قەدەغەکان مەشکێنن! (چاوپێکەوتنی دکتۆر حسین محمد عزیز).
چاپی ٢ / ٢٠٠٣

٣٧- چۆن هەڵس وکەوت لەگەڵ خەڵکی دا بکەین؟! چاپی ١ / ٢٠٠٢

تێبینی: وەرگێڕراوەتە سەر زمانی عەرەبی.

٣٨- شەهید کێیەو چ پلەوپایەیەکی هەیە؟! چاپی ١ / ٢٠٠٢

٣٩- جیهاد لە ڕێی خواداو چەند سەرنج و ئاگادارییەك. چاپی ١/ ٢٠٠٢

٤٠- بۆئەوەی لەسەر جیهادکردنمان قەرزدار نەبینەوە! چاپی ١ / ٢٠٠٢

٤١- جیهاد لەڕێی خوادا چی یەو بۆچی دەکرێ و چۆن دەکرێ؟ چاپی١/ ٢٠٠٢.

٤٢- ئەشکەنجەو زیندان (چاوپێکەوتنی هاوژین عومەر) چاپی ٣/ ٢٠٠٩ .

تێبینی: وەرگێڕراوەتە سەر زمانی عەرەبی، هەروەها دوو تەرجەمەی فارسیشی کراوەو چاپ و بڵاوکراوەتەوە، هەروەها بۆ زمانی ئینگلیزیش وەرگێڕراوەو چاوەڕێی چاپە.

٤٣- کارو پرۆژەی ئیسلامیمان (وتاری کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵی ئیسلامیی) چاپی ٢ / ٢٠٠٦ .

٤٤- ئیسلام و مسوڵمانەتی وکاری ئیسلامیی لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتدا.
چاپی ١ / ٢٠٠٦ .

٤٥- ئیمان و عەقیدەی ئیسلامیی. بەرگی/١، ئیمان و عەقیدەی ئیسلامی چی یەو چۆنە؟! ١ تا ١٢ . چاپی ١ / ٢٠٠٦

Scanned by CamScanner

٤٦- ئیمان و عەقیدەی ئیسلامیی. بەرگی/ ٢، خوا بە یەکگرتن (التوحید) لە بەدیهێنەرایەتیی و پەروەردگاریتی دا. ١٣ تا ٢٦ . چاپی ١ / ٢٠٠٦

٤٧- ئیمان و عەقیدەی ئیسلامیی. بەرگی/ ٣، خوا بەیەکگرتن لە ناوو سیفەت و لە پەرستراویتی دا، ٢٧ تا ٣٦ . چاپی ١ / ٢٠٠٧

٤٨- ئیمان و عەقیدەی ئیسلامیی. بەرگی/ ٤، ئیمان بە فریشتەکانی خوا (عزّو جل)، کتێبەکانی خوا (عزّوجل)، پێغەمبەرانی خوا (علیهم الصلاة والسلام). ٣٧ تا ٤٠ . چاپی ١ / ٢٠٠٧

٤٩- ئیمان و عەقیدەی ئیسلامیی. بەرگی/ ٥، ئیمان بە ڕۆژی دوایی قەزاو قەدەر ٤١ تا ٤٥ . چاپی ١ / ٢٠٠٨

٥٠- ئیمان و عەقیدەی ئیسلامیی. بەرگی/٦، تایبەتمەندیی و دیدو بۆچوونەکانی پەیڕەوانی ڕێبازی ڕاست. ٤٦ تا ٥٠ . چاپی ١ / ٢٠٠٨

٥١- تەوژمی ئیسلامیی و عەلمانیی و خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانیان. چاپی ١/ ٢٠٠٧، چاپی ٢/ ٢٠١١.

<u>تێبینی</u>: زۆربەی بە (٢٤) ئاڵقە لە هەفتەنامەی (هاووڵاتی)و ئەوەی دیکەش بە (٩) ئاڵقە لە هەفتەنامەی (ئاوێنە)دا بڵاوکراوەتەوە.

٥٢- گەنجەکانمان لە نێوان ڕەسەنایەتیی و لاسایی کردنەوەدا.

٥٣- بە دوورخستنەوەی ئافرەت لە ئیسلام چ زیانێك دەکەین؟

٥٤- سیاسەتی ئیسلامیی و چەند ڕوونکردنەوەیەك.

٥٥- چۆنیەتی بوونە پێشەنگ و بنیاتنانی بنکەی جەماوەریی.

٥٦- چەند بنەمایەکی گرنگی وتاربێژیی.

٥٧- قوتابیانی زانیاری شەرعیی چەند سەرنج و ڕێنمایی یەك.

٥٨- خوو ڕەوشتی بەرزو پەسند سەنگی مەحەکی مسوڵمانەتی یە.

٥٩- بانگەواز بۆ لای خوا .

٦٠- قوتابیان لەم هەل و مەرجەدا پێویستە چۆن بن و چی بکەن؟!

Scanned by CamScanner

٦١- ضيف و قضية (مقابلة مع قناة العربية). كە دوایی لە شێوەی نامیلکەدا چاپ کراوە

٦٢- حوار خاص (مقابلة مع قناة العالم). كە دوایی لە شێوەی نامیلکەدا چاپ کراوە.

٦٣- خواناسیی، ئایین ، ئیمان. چاپی ٢ / ٢٠٠٩ .

٦٤- واقیعی هەرێمی کوردستان ...دیدێکی ئیسلامییانە. چاپی ١/ ٢٠٠٨ .

٦٥- چەند بابەتێکی هونەریی لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەت دا. چاپی ١ /٢٠٠٨

٦٦- چۆن باشتر لە کتێبی بەڕێزی خوا بەهرەمەند دەبین؟! چاپی١/ ٢٠٠٨، چاپی ٣ /٢٠١٠

٦٧- سروشت و پایەکانی خێزان و مەسەلەی چەندژنیی لە تەرازووی شەرع و عەقڵ دا.

تێبینی: ئەم نامیلکەیە بە(١٤) ئاڵقە لە ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە)دا بڵاوکراوەتەوە.

٦٨- پوختەی ژیاننامەی پێغەمبەری خوا ﷺ، چاپی ١/٢٠١٠، چاپی ٢/ ٢٠١١.

٦٩- چەند بابەتێکی سیاسی هاوچەرخ لەبەر ڕۆشنایی عەقڵ و وەحی دا .

٧٠- کاری ئیسلامیی و ڕەواندنەوەی چەند تەم و مژێك.

٧١- حوکمی لە ئیسلام هەڵگەڕانەوەو هەڵسەنگاندنێك.

٧٢- مەلای گەورە کۆیەو تەفسیرەکەی و چەند سەرنجێك.

٧٣- ئەرکی سەرشانمان بەرانبەر بە قورئان .

٧٤- هەڵسەنگاندنێك لەبارەی: هەبوون و نەبوونی نەسخ لە قورئان دا.

٧٥- الإسلام كما يتجلى في كتاب الله تبارك وتعالى، المجلد الأول.

٧٦- ناقیکردنەوەی خوا بۆ بەندەکانی چییەو چۆنە؟!

٧٧- بەرگی یەکەمی (تەفسیری قورئانی بەرز و بەپێز)، کە سووڕەتی (الفاتحة و البقرة)ی گرتۆتە خۆی.

٧٨- بنەما شەرعییەکان و هێڵە گشتییەکانی کۆمەڵی ئیسلامیی. چاپی/ ٣

Scanned by CamScanner

ئەو بەرهەمانەی لەژێر چاپن

١- خاتوو عائیشە دایکی بڕواداران.

٢- تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز / بەرگی دووەم، سورەتی (آل عمران).

ئەو بەرهەمانەی چاوەڕێی چاپن.

١- الإسلام كما يتجلى في كتاب الله تبارك وتعالى، المجلد (١ - ٩).

٢- خووو ڕەوشتی ئیسلامیی.

٣- ئافرەت و خێزان لە سایەی شەریعەتدا. بەرگی دووەم.

٤- گرنگی و پێویستی پابەندیی بە قورئان و سوننەتەوە.

٥- ئیسلام و دەوڵەتداریی و حوکمڕانیی.

٦- تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز / بەرگی سێیەم، سورەتی (النساء).

Scanned by CamScanner

نێـوەڕۆك

لاپەڕە	بابـەت
٨	پێشـكەشـە
٩	پێشەكی چاپی پێنجەم
١٢	پێشەكی چاپی چوارەم
٢٠	پێشەكی چاپی سـێیەم
٢٣	پێشەكی چاپی دووەم
٢٤	بۆچی ئەم كتێبەم ناوناوە ڕێگای صالح بوون و بەرەو خوا چوون؟
٢٨	ڕێ خۆشـكردن
٣٣	بەشـی یەكـەم: پێناسـەو پلـەوپایـەو گرنگیی تـەزكـیەی نـەفـس
٣٤	١- پێنـاسـە
٤١	٢- گرنگیی و پلەو پایەی تەزكیەی نەفس.
٤٩	بەشـی دووەم: قۆناغەكانی ڕێگای صالح بوون و بەرەو خوا چوون.
٥٠	قۆناغی یەكەم: تۆبەكردن و پاك بوونەوە.
٦٤	قۆناغی دووەم: زانیـاری و چاو ڕوون بوونەوە.
٦٦	قۆناغی سـێیەم: ئیخلاص و یەكلابوونەوە.
٧١	قۆناغی چوارەم: پارێزكاریی و وردبوونـەوە.
٧٩	بەرێـزی چاكەو خراپە لە ژیانی ئینسان دا.
٨٢	قۆناغی پێنجـەم: ئیحسـان و بـەرز بوونەوە.
٨٧	قۆناغی شـەشـەم: دەوام و ساردنەبوونەوە (الإسـتقامة).
٨٩	سـێ ڕوونكردنـەوەی پێویـست دەربـارەی قۆناغـەكانی ڕێگـای صـالح بـوون و بەرەو خوا چوون.

لاپەڕە	بابــەت
٩٣	**بەشی سێیەم: توێشووی ڕێگـا... بەچی صـاڵح دەبین و چۆن بـەرەو خـوای بەرزو بێ وێنـە دەچین؟!**
٩٥	یەکەم: ڕاستکردنەوەو پتـەوکردنی ئیمان و عەقیدە، گـەورەترین هۆکاری تەزکـیەی نەفسە:
١٠٣	دووەم: ناسـین و لێتێگەیشتن و تـەفاعول لەگەڵداکردنی نـاوو سـیفەتە بەرزو بێ وێنەکانی خوای بێوێنـە:
١٠٨	چەند ئاگادارییەك دەربارەی ناوو صیفەتەکانی خوا (تبارك و تعالی)
١١٠	سـێیەم: چـاکبوونی: دیـن و دنیـاو دواڕۆژو ژیـان و مـەرگ، پێـنج مـەرج و هۆکاری گرنگی صاڵح بوون و بەرەو خـوا چوونی مرۆڤن.
١١٢	چوارەم: سێ کوچکەی خـۆڕاگری و سوپاسگوزاریی و پشت بـە خـوا بەسـتن (الصبر والشكر والتوكل).
١١٤	پێنجەم: دە (١٠) وەسیلە لە پێداویستییەکانی ڕێی بەرەو خوا چوون.
١١٧	شەشەم: دە (١٠) پایەو بنچینەی گرنگی ڕێی بەرەو خوا چوون.
١٢١	حەوتەم: پازدە (١٥) هۆکـاری گشـتی و سەرەکیی بێ صاڵح بوون و بەرەو خوا چوون.
١٤٠	هەشتەم: حەوت (٧) هۆکاری مەیدانی کاری ئیسلامی.
١٥٣	چـەند ئاگاداریی و ڕوونکردنەوەیەکی گرنگ
١٦٠	**بەشی چـوارەم: پـەرچ و کۆسپەکانی سـەر ڕێی بەرەو خـوا چـوون.**
١٦٣	یەکەم: بەهەڵە حاڵی بوون لە ئیسلام.
١٨٦	دووەم: گوناحـە ڕواڵـەتیی و دەروونـییەکان.
١٩٥	سـێیەم: زیاد لە پێویـست گرنگیدان بە ژیـانی دنـیا
١٩٧	چـوارەم: نەفـس و هەواو ئارەزووەکانی
٢٠٢	پێنجـەم: شوێنکەوتن و لاساکردنەوەی کوێرانەی پێشینان و دەوروبەر.

Scanned by CamScanner

لاپەڕە	بابــەت
٢٠٤	شەشـەم: بێ مامۆسـتایی و چاوساغیی.
٢٠٦	حەوتەم: بێ ئاگایی (الـغـفـلـة) .
٢٠٨	هەشـتـەم: شـەیتان.
٢١٠	**بەشی پێنجەم: ڕوونکـردنـەوەی چـەند ڕاستییەك و ڕاستکردنەوەی چـەند هـەڵـەیەك لەبـواری: تەزکـیـەی نەفـسدا**
٢١١	یەکـەم: تەزکیـەی نەفــس خـاڵی هاوبەشـی نێـوان ســەرجەم مـسـوڵمانانە بەتایبــەت زانــاو پێــشەوایانیان، بــەڵام هەنــدێکیان تێیــدا پــسپۆڕ (مُتَخَصِّص)ن.
٢١٣	دووەم: تەزکیەی نەفس لـە مەیـدانی کارو خەباتـدا نـەبێ، وەك پێویـست نایەتەدی.
٢١٥	سێیەم: نەفسی تەزکیەکراوو هی تەزکیـە نـەکراو جیـاوازیـیان لـە ڕاددەی پابەنـدی دایــە بە شـەرعەوە.
٢١٦	چوارەم: تاکە سـەرچاوەی دینداریی و مسوڵمانەتیی کە تەزکیەی نەفـسیش لایەنێکـیەتی، شـەریعەتی خوایـەو هیچی دیکـە.
٢١٩	پێنجەم: با حەساسیەتمان سەبارەت بە وشەی (تَصوّف) و هەڵەو پەڵەی نێو سەرچاوەکانی، وامان لـێ نەکات لە خێرو بێرو چاکەکانی بێبەش بین.
٢٢٢	شەشـەم: خـاوەنی تەزکیـە بـوون و صۆفیی و دەروێـش بـوون، یـان لـەنێو طەریقەتدا بوون، دوو شـتی پێکـەوە پەیوەست (متـلازم) نیـن.
٢٢٣	حەوتەم: (وەلی) کێیـەو (کەرامەت) چییـە ؟!
٢٣٤	هەشتەم: خوربەو خەون (الإلهام والرؤیا) و هەڵسەنگاندنیان.
٢٤٢	نۆیـەم: بەهەڵەداچوون لە چەمك و واتای ڕاستەقینەی چەند وشـەیەکدا.
٢٤٨	دەیەم: چـەند ڕەخنەو تێبینیـەك لەسەر ئەهلی تەصـەووف.
٢٦١	**بەشی شەشـەم: دوایین بۆچـوون و سەرنجەکانم لـەمەڕ تەزکـیەی نەفـس.**

Scanned by CamScanner

لاپەڕە	بابــەت
٢٦٣	یەکەم: تەزکیـەی نەفـس بـۆ بانگـەوازکەران و مـشوورخۆران و بەرپرسـانی نێو جموجۆڵ و کارو چالاکی ئیسلامیی، پێویستییەکی حەتمـیـیە.
٢٦٩	دووەم: تەزکیــەی نــەفس بەشـێکی ئیـسلام و لایــەنێکی مــسوڵمانەتییەو، ئیـسلامیش جگـە لـە قورئـان و سـوننەت و مـسوڵمانەتیش بێجگـە لـە پابەندیی پێیانـەوە، شتێکی دیکـە نین.
٢٧١	سێیەم: خـوا بەیـەکگرتن (توحید الله) و شوێن پێـی پێغـەمبەر صلی الله علیـه وسـلم هەڵـگرتن (اتبـاع رسـول الله)، کاکـڵ و جەوهـەری مسوڵمانەتیی و تەزکیـەی نەفـسن.
٢٧٥	چوارەم: هەرچەندە قورئـان و سوننەت بەسـن بـۆ هـەر جـۆرە هیدایـەت و ڕێـڕوونییەك، بەڵام مەگەر بە دەگمەن دەنا بەبێ مامۆستاو چاوساغ، کاری تەزکیە وەك پێویست سەرو بەر ناگرێ.
٢٧٦	پێنجەم: تەزکیەی نەفس خەسڵەتێکی بنەڕەتیی پێشینەی چاکمان بووەو، هیچ زانـاو پێشـەوایەکی ڕۆچووی پاشـینیش نکووڵیی و لام و جیمی لێی نەبووە.
٢٨٣	شـەشەم: پێشـەوایانی تەزکیەو تەصەووف جگە لە ڕێبازی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم ڕێچکەیەکی دیکەیان دانەهێناوە.
٢٨٦	حـەوتـەم: کێشەو مـشت و مـڕی نێوان سـەلەفییەکان و صۆفییەکان لەسـەر ئەسـڵی سـەلەفییەت و تەصـەووف، بەرهـەم و زادەی حـاڵی نـەبوون و کـرچ وکـاڵ بوونە.
٢٩٢	**بەشی حەوتەم: ئەزموونی تایبـەتی خـۆم لە بواری تەزکیەی نەفـسدا.**
٢٩٤	یەکـەم: هاوەڵی چاك و ژینگە (بیئة)ی پاك گەورەترین کاریگەری یان هەیە لە تەزکیەبوونی نەفسـدا.

Scanned by CamScanner

لاپەڕە	بابەت
٢٩٦	دووەم: تەمەن بەزایەنەدان و کۆنترۆڵکردنی ئەندامەکان بۆ بەکارهێنانیان لە چاکەو پاراستنیان لەخراپە بەهێزترین دەستەبەرکەر (ضامِنْ)ی نەفس تەزکیە بوون و بەرەو خواچوونە.
٢٩٧	سێیەم: بیرکردنەوەو رامان و چوونە ئیعتیکافەوە چەند مەرجێکی بنەڕەتی سەرگرتن و بەرگرتنی پرۆسەی تەزکیەی نەفسن.
٣٠١	چوارەم: هەر خواپەرستی و طاعەتێك هەردووك مەرجی بەس بۆ خوا بوون و بەپێی شەرعی خوابوونی تێدا نەبن نابێتە مایەی تەزکیەو خاوەنەکەی لەسەریشی قەرزداردەبێتەوە.
٣٠٦	پێنجەم: هەرچەند هەبوونی ڕێ پێشاندەرو چاوساغ زۆر گرنگەو ڕێگا ئاسان و کورت دەکاتەوە، بەڵام بەخشش و هیدایەتی خوا زۆرو فراوانەو قورئان و سوننەتیش بۆ ئەهلی خۆیان هەموو ئامانجەکان دێننەدی و یەکی ناخەن.
٣١٢	شەشەم: هەرچەندە جۆرەکانی خواپەرستی و ئەرکە شەرعییەکان هەموویان لە تەزکیەکردنی نەفسدا کاریگەریی خۆیان هەیە بەڵام هەرکەسەش لەشتێك یان چەند شتێکدا بەهرەمەندتر دەبێ.
٣١٤	حەوتەم: وەك بەهۆی سەختی و دژوارییەکانی مەیدانی کاری ئیسلامییەوە بەتایبەت کۆچکردن و جەنگ و جیهاد ئینسان لەبێژینگ دەدرێ و تەزکیە دەبێ بەهیچ شتێکی دی هێندە تەزکیە نابێ.:
٣١٦	هەشتەم: یادی مەرگ و گۆڕو بەرزەخ و قیامەت هۆکارێکی گەورەی تەزکیە بوونە.
٣١٩	نۆیەم: ڕووحیش وەك جەستە بەخزمەتکردن و وەرزش و ڕاهێنان بەهێزو پێز دەبێ و بەفەرامۆشکردن و خەم لێ نەخواردنی بێ هێز دەبێ و دەپووکێتەوە.
٣٢٤	٨/ چەند نموونەیەك لە کەرامەتی دۆستانی خوا.

Scanned by CamScanner

لاپەڕە	بابـەت
٣٢٩	ب/ چەند نموونەیەك لەحاڵەتە شەیطانییەکانی کافران و گوناحباران.
٣٣٢	دەیـەم: سەنگی مەحەك و تەرازووی تەزکیە بوونی نەفس
٣٣٢	١- ئیمانێکی شـهوودی.
٣٣٣	٢- تـام و چێـژ وەرگرتن لە عیبادەت.
٣٣٣	٣- خۆشـحاڵ بوون بە تەقوا و چاکەو، دڵتەنـگ بوون بە گوناح و خـراپـە؛
٣٣٣	٤- ئامادەبوون بۆ بەخشینی سەروماڵ لەپێناوی خوادا.
٣٣٤	٥- جڵـەو کردنـــی نـــەفس بەجڵـــەوی شـــەرع و کۆنتـــرۆڵکردنی غـــەریزە دەروونییەکان و ئەندامە ڕواڵەتییەکان.
٣٣٥	٦- نەلەخشان لەکاتی هات و نەهـات و خۆشـیی و ناخۆشییدا.
٣٣٥	٧- ڕەوشتی بەرز و جوان.
٣٣٩	بەشی هەشـتەم: دوا سـەرنجم لەبارەی نەفسەوە پاش یـازدە ساڵـی ڕابـردوو
٣٤٠	یەکەم:- نەفسی مرۆڤ لە بۆتەی سـەختیی و دژوارییەکاندا تەزکیـە دەبێ.
٣٤١	دووەم: زیندان (سجن) دەرفەتێکی زێڕینە بۆ ئیعتیکاف و بەخۆداچوونەوەو لە خـوا نیزیك بوونەوە.
٣٤٢	سـێیەم: خۆڕاگریی و نەلەخشان لە بەرانبەر قسەو قسـەڵۆك و بوختـان و درۆ و دەلەسـەو پرۆپاگـەندەی کەسـانی نـاحـەز و کینـە لـەدڵ و خـاوەن حەسـەددا.
٣٤٥	چـوارەم: دڵسۆز بوون بۆ خـەڵك و بەتەنگەوەبوونیـان و بەزەیی و بەرۆش بۆ نواندنیـان.
٣٤٧	پێنـجەم: نیـزیکی و تێکەڵیی کردن لەگەڵ خەڵکی سادەو هـەژار و نـەدار و هەسـتکردن بە ئـێش و ژانـەکانیـان و خـۆ دوورگـرتن لە سـتەمکار و خۆبەزلگـران، مەگەر بـۆ ئەنـجامدانی ئەرکێکی شەرعیی و بەگوێرەی پـێویست بە وریـایـیـەوە.

Scanned by CamScanner

لاپەڕە	بابەت
٣٤٩	شەشەم: خۆ ڕازاندنەوە بە خەسڵەتی بەرزی لێبوردەیی و سینگ فراوانیی (سماحة) و خۆ دوورگرتن لە کینەو جوغزو غەرەز، تەنانەت بەرانبەر بە دوژمن و ناحەزانیش.
٣٥٥	دوا قسەم
٣٥٧	مصادر تخريج الأحاديث
٣٦٠	بەرهەمەکانی دانەر
٣٦٦	نێوەڕۆک.

Scanned by CamScanner

www.iqra.ahlamontada.com

Scanned by CamScanner

کەسێك كـەم و زۆر خـۆی تەزکیـە نـەکردبێ، سەختیی و دژوارییەکانی ڕێی خەڵك بۆ لای خـوا بانگـکردن و فـەرمان بـە چـاکە و ڕێگـرتن لـە خراپـەو...هـتـدی پـێ تەحـەممول نـەکرابێ، بەرگــەی فشــارو کۆســپ و لەمپـــەر و سەرئێشـەکان نـاگرێ و دووچاری پەككـەوتن و وازهێنـان، یـان سـەرگەردانیی و لادان دەبـێ، کارەکـەی نـەك هـەر بنـەتۆو ناکاتـەوە، بگـرە زۆریشـی لەسـەر قـەرزدار دەبێتـەوە ! نموونـەی ئەو جۆرە کەسانەش، چ لە مێـژووی مسـوڵمانان و چ لە واقیعی ئەمڕۆشـماندا زۆرن.

عەلی باپیر

ڕێگای صالح بوون بەرەو خواچوون

نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر تونێلی شیرین پالام
Mob:00964 750 460 51 22
Tel: 0964 750 25 18 138
www.tafseer-pub.com
tafseeroffice@yahoo.com